# ڕابەری ئەفسانەیی نەتەوەی کورد  و شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا – سۆڤیەت (١٩٥٨- ١٩٧٩)

**کۆکردنەوەی**

کەرەمی ئەنقووسی

**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە**

د. ئیسماعیل حەساف

**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب**

ڕابەری ئەفسانەیی نەتەوەی کورد  و شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا – سۆڤیەت

(١٩٥٨- ١٩٧٩)

| | |
|---|---|
| **کۆکردنەوەی:** | کەرەمی ئەنقووسی |
| **وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی:** | د. ئیسماعیل حەساف |
| **وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی:** | نەبەز ڕۆستەم |
| **دیزاینی بەرگ:** | دیار سەعید شێخۆ |
| **دیزاینی ناوەڕۆک:** | هێما ئەحمەد شێخۆ |
| **سەرپەرشتی چاپ:** | مستەفا نەجم فەیلی |
| **ساڵ و شوێنی چاپ:** | هەولێر - ٢٠٢٤ |
| **چاپخانە:** | ڕۆکسانا |
| **تیراژ:** | ١٠٠٠ |

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ( ٧٧٢) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

ئـەم بەرهەمـە بەبۆنـەی سـەدەمین سـاڵیادی لەدایکبوونـی جەنـەڕاڵ مـەلا مسـتەفا (١٩٠٣/٣/١٤- ١٩٧٩/٣/١) ڕۆڵـەی گـەورەی گەلـی کـورد، پاڵەوانـی نەتەوەیـی، ڕێبـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد، تێکۆشـەری بوێـری ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان، داکۆکیـکار و پاراسـتنی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد، دامەزرێنـەر و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، فەرماندەی ئەفسـانەیی لەشـکری نیشـتمانیی کورد، لەلایـەن کـەرەم ئەنقووسـی، زانـای ڕۆژهەڵاتناسـی کـورد، بڵاوکـەرەوە و سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی کـوردی "گلاڤێجـە" لـە وڵاتـی جۆرجیـا، بـە زمانـی ڕووسـی ئامادەکـراوە و لەلایـەن وەشـانخانەی پەیمانـگای کوردسـتان و ڕۆژئـاوای ئاسـیا و بـە پاڵشـتی دارایـی نیشـتمانپەروەر، ئەبوبەکـر عەبدوڵـلا شـامحەمەد چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە یادی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی سەرکردەی نەمری کورد مستەفا بارزانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە باس لە ژیان و تێکۆشانەکانی مستەفا بارزانی دەکات کە زۆربەی تەمەنی خۆی لەپێناو لابردنی نادادپەروەری و کۆیلایەتی لە سەر شانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و گەیشتن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی تەرخان کردووە. ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە قۆناغێکی زۆر گرنگی مێژووی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات کە ناوی مستەفا بارزانی بووە بە هێمایەک بۆ ناسنامەی نەتەوەی کورد لە جیهاندا کە پێشتر ناوی "کورد" بۆ زۆربەی گەلانی سەر زەوی نەناسرابوو.

ئەم کتێبە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و سیاسەتمەداری کورد کەرەم ئەنقووسی ئامادە و کۆکراوەتەوە. ئەنقووسی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ لە شاری تفلیسی (بەکوردی: تەلبیس) لەدایکبووە، بنەماڵەکەی لە خێڵی ئەنقووسییە، لە گوندی سیدی بێجا لە شاری وان ژیاون. باوانی وەک هەموو کوردەکانی جۆرجیا ئێزیدین. لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئامادەیی جۆرجیا بە میدالیای زێڕ دەرچووە و لە هەمان ساڵدا چووەتە بەشی فیزیای زانکۆی ویلایەتی تفلیس. دوای ساڵێک بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون و ئاشنابوون بە زمان و مێژوو و کولتووری گەلەکەی، چووەتە فاکەڵتی ڕۆژهەڵاتناسی و ساڵی ١٩٦١دا بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووە، ساڵی ١٩٦٣ لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە... ئەکادیمیای زانستی جۆرجیا، سەرەتا وەک یاریدەدەری تاقیگە و دواتر وەک توێژەر دەستی بەکار کردووە. ساڵی ١٩٧٩ بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی جۆرجیا دەکرێت و لەوێ خوێندنی باڵای بۆ خوێندنی حزبی شیوعی لە باکۆ تەواو کردووە و بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی جۆرجیا و تا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ لەو پۆستەدا ماوەتەوە.

کەرەم ئەنقۆسی کە هێشتا خوێندکار بوو، ئەنجوومەنی چالاکی لاوانی کورد دادەمەزرێنێ تا ساڵی ١٩٧٥ سەرۆکایەتیی کرد. لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا گروپە فۆلکلۆرییە کوردییەکان دروستبوون کە بەشێکیان ناویان لێنراوە: "تیپی گۆرانی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کورد"، "گۆرانی کوردی"، "ئەی ناری"، گرووپی گۆرانی و هەڵپەڕکێی منداڵان "دیلان"، ئەنجومەنی پەروەردەی کوردی و یەکێتی ئەندامانی ئەنجومەنی گەلی کورد لە جۆرجیا، یەکێتی مامۆستایانی کورد، کۆمەڵەی فۆتۆگرافەرانی کورد، زانکۆی گەلی دامەزراوە کوردییەکان، جگە لە زانستی دۆستایەتی. چەندین ئاهەنگ و ئێوارانی سەرنجڕاکێش، سیمینار لەسەر مێژوو، فەرهەنگ، زمان، ئەدەب و ئایینی کورد، دیدار لەگەڵ زانا و هونەرمەندی ناسراو، کوردی تاراوگە و ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنی مەعنەوی کوردی بەڕێوەچوو، سەرکردایەتی گروپەکانی هەڵپەڕکێ و گۆرانی کرد بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرت لە شار و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت و دەرەوەی وڵات کە بەشدارییان لە پەرەپێدانی شانۆی کوردی لە تفلیسی (جۆرجیا) کرد.

لە ساڵی ١٩٧٨ بەشی کوردیی ڕادیۆی دەوڵەتی جۆرجیای دامەزراندووە و تا داخستنی لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ بەڕێوەبەری سەرەکی بوو، بناغەیەکی زۆر دەوڵەمەندی دامەزراند و چەندین شیعری کوردی لە جۆرجیا تۆمار کرد. هەروەها چەندین بابەت و کتێبی زانستی بە زمانە جیاجیاکان سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەدەب، مێژوو، ئێتنۆگرافی، فۆلکلۆر، ئایین، یەکەم ئەلفوبێی دوو زمانەی کوردی-جۆرجیی دروست کردووە و چەندین کتێبی لەسەر دوعا و سروودی ئێزیدیەکان بڵاوکردووەتەوە. کچ و کوڕانی کوردی فێری زمانی کوردی کردووە. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبە بە زمانی کوردی. شیعر و ئەزموونەکانی بە زمانی کوردی و جۆرجیا بڵاوکرانەوە. لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری تفلیسی (جۆرجیا) دەستی بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "گلاوێژ" کرد کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە کۆماردا و خۆی لێی بەرپرسیار بوو.

هەروەها لە بارەی پرسەکانی ڕۆژهەڵات و کوردناسی و ئایینی ئێزیدی بەشداری چەندین کۆنفرانس و سیمیناری زانستی نێودەوڵەتی کردووە. ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوێکی بە ناوی "کۆمەڵەی هاووڵاتیانی کوردی جۆرجیا" دامەزراندووە کە دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ پێنج ڕێکخراوی گشتی کورد پەیوەندییان بەم ڕێکخراوەوە کرد. دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ بە دەستپێشخەری خۆی ناوی ئەو ڕێکخراوە گۆڕدرا بۆ "یەکێتی ئێزیدی جۆرجیا". ماوەیەک سەرۆکایەتی ئەو ڕێکخراوەی کردووە، بەڵام دواتر بووە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی

دامـەزراوەی نێودەوڵەتـی بۆ داکۆکیکردن لە مافە ئایینیـەکان و میراتی ئایینی کورد، ناوەندی ئایینـی ئێزیـدی و یەکێتی ڕۆشـنبیرانی کورد لـە جۆرجیا. هەروەها بەشـی بناغەی پەیمانگای کـوردی لـە یونسـکۆ و جۆرجیـا دامەزراندووە.

کەرەم ئەنقووسی چەندین جار بۆ کۆمیتە و ئۆرگانە جیاوازەکانی جۆرجیا هەڵبژێردرا، نوێنەری گەل بوو لە دادگای باڵای جۆرجیا، ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی گەلانی قەفقاز، ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی جۆرجیا، ئەندامی سەرۆکایەتی کۆمەڵگەی تفلیسی و هتد. خەڵات و مەدالیای ویلایەتی وەرگرت، لەنێویاندا مەدالیای شەرەف لە جۆرجیا. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جۆرجیایە، بەڵام گەورەترین پاداشتی ئەوەبوو کە خەڵکی کوردی جۆرجیا زۆر نرخیان بۆ کارەکەی دادەنا و بە"ڕێبەڕی کورد" ناویان دەبرد. لە نێو جۆرجیی و ئەرمەنی و ئازەربایجان و گەلانی دیکەدا پێگەی دیاری هەبوو، هەروەها چەندین دیکۆراتی وەرگرتووە، یەکێک لەوانە "مەدالیای شەرەف"ی جۆرجیا بووە.

## بەرهەمەکانی:

ئەلفوبێـی زمانـی کـوردی (کوردی-جۆرجیی، کوردی-ڕووسـی)، خێڵە کـوردە ئێزیدیەکان، لـە خەزێنـەی مەعریفـەوە، فۆلکلـۆری کـوردی، پرسـەکانی زانسـتە کوردییـەکان، لاتـۆ، گێڕانـەوەی ڕاستی و هتـد زۆرێـک لـە بەرهەمەکانـی بـۆ زمانەکانـی جۆرجیـی و ئەرمەنـی و ڕووسـی وەرگێـڕدراون، هەروەهـا چەندیـن بەرهەمـی لـە زمانـی ئەرمەنـی و جۆرجیـی و ڕووسـی بـۆ زمانـی کـوردی وەرگێـڕاوە کـە یەکێـک لـەوان: شـیعری " شۆڕشـگێڕەکە لـە پێسـتی پڵنگەکـەدا " بـۆ زمانـی کـوردی وەرگێـڕاوە کـە شـیعرێکی داسـتانییە و بـە زمانـی جۆرجیـی لەلایـەن شـۆتا ڕوسـتاڤێلیەوە لـە سـەدەی دوازدەهەمـدا نـووسراوە، بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە لـە نێـوان سـاڵانی ١١٨٩ بـۆ ١٢١٢.

کـەرەم ئەنقووسـی بابـەت و هەواڵەکانـی چاپەمەنـی سـۆڤیەت – ڕووسـی (١٩٥٨-١٩٧٩)ی کۆکـردەوە و ئامـادەی کـرد، و وەک کتێبێـک بەناونیشـانی: سـەدەمین سـاڵیادی مسـتەفا بارزانـی (١٩٠٣/٣/١٤-١٩٧٩/٣/١)، کـە لایـەن پەیمانـگای ئاسـیا کوردسـتان و ڕۆژئـاوا، مۆسـکۆ-تفلیس، ٢٠٠٣ چاپکـراوە. بەداخـەوە کـەرەم ئەنقووسـی لـە ١ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٩ لـە شـاری تفلیـس کۆچـی دوایـی کـرد.

## گرنگی ئەم کتێبە:

گرنگی ئەم کتێبە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە چاودێری ڕۆڵی چاپەمەنی سۆڤیەت دەکات، کاتێک مستەفا بارزانی (١٩٤٧-١٩٥٨) وەک پەنابەر لە سۆڤیەت بوو، هەروەها سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥)، تا کۆچی دوایی مستەفا بارزانی سەرکردەی کورد لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩.

کتێبەکە تا ڕادەیەکی زۆر بە سەرچاوەیەکی دۆکیۆمێنتاری مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت، بەو پێیەی خەباتی کورد بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە ڕووماڵ دەکات. ڕۆژنامەنووسانی دێرینی سۆڤیەت بەهۆی ئامادەبوونیان لە کوردستان لە کاتی شەڕ و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرکردە کورد و عێراقییەکان توانیانە بە ئەوپەڕی وردییەوە ڕووداوەکان بەڵگە بکەن. وەک یێڤگێنی ماکسیمۆڤیج پریماکۆڤ، ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو و ئەکادیمیستی دیار و سیاسەتمەداری ناسراو کە لە ڕێگەی سەردانەکانی بۆ ناوچەکانی شۆڕش و دیدارەکانی لەگەڵ ڕێبەرەکەیدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە ڕووداوە کوردییەکان لە باشووری کوردستان هەبووە. هەروەها ڕۆژنامەنووسی بوێری سۆڤیەت پاڤێل ئێپیڤانۆڤیچ دێمچێنکە، لە ڕێگەی دەیان وتار و ڕاپۆرتی خۆیەوە، دەنگی کوردی بە دەرەوەی وڵات دەگەیاند کە دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی "کوردستانی عێراق دەسوتێت، ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە.

لە نێو ئەم ڕۆژنامەنووسە سۆڤیەتانەدا باس لە: برێژنیکۆڤسکی، ڤیشنێڤێتسکی، سیبیریاک، لۆزینۆڤ، گریگۆریڤ، دۆلۆیانی کنیاز، عەقید ئەلێکساندەرڤ، لیوا پۆلیانسکی، ڤیکتۆر مایڤسکی، ئۆسڤاتوڤ، لیوا کۆلۆنێل لیۆنتیڤ، جۆرجی ئۆسیپۆڤ، ئادەمژنکێ، بێلیایڤ، ماکسیمۆڤ، سەیف مۆلیوکۆڤ، بۆتۆمۆڤ، پۆگۆدینا، و ئاگارچێڤ.، بۆگکارێڤ، نیکۆلایێڤا، کوردیاڤتسێڤ، لیۆنید کۆریاڤین، پاڤڤلتسێڤ، ڤاسیلیڤ، ئۆرێخۆڤ، شمارۆڤ، لوکۆڤێتس...هتد دەکەین.

هەموو ئەمانە و ئەوانی دیکە خزمەتێکی گەورەیان بە کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کرد. ئەوان بابەتەکانیان لە ڕۆژنامەکانی: پراڤد، ئیزڤێستیا، کەشوهەوای ڤاستۆژنی، زاریا ڤۆستۆکا، سۆڤرێمنی ڤۆستۆک، زاروبزوم، پرسەکانی ئاشتی و

سۆسـیالیزم، ڤێگرنـی تفلیسـی، باکینسـکی ڕابۆچـی، ڤیشـکا، نێدێلیـا، کۆمسۆمۆڵسـکایا پراڤـدا، کراسـنایا زڤێـزدا، نۆڤۆیـە ڤرێمیـا، تـرود، ویسـیا.ئەفریقا ئەمـڕۆ، ئەدەبیـات گازێتـا، و ئۆگۆنیـۆک، جگـە لـە پاکسـتان تایمـز، چاودێـر و ئەوانـی تـر. زۆرێـک لـە دەزگاکانـی هەواڵـی وەک تـاس پشـتیان پێدەبەسـت و ئاژانسـی فرانـس پرێـس و ئەسۆشـێتد پرێـس و ئەوانـی تـر بڵاویـان دەکـردەوە.

لـە کتێبەکـەدا بـاس لـە زۆرێک لە کۆنفرانـس و بڕیارەکانـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی عێـراق و حزبـی بەعسـی عەرەبـی کـراوە. ئـەم کتێبـە گەنجینەیەکـی بەنـرخ و وردی بەڵگـەداره لەبـارەی ململانێـی نێودەوڵەتـی لەسـەر باشـووری کوردسـتان و کـردەوە سـەربازییەکانی دژی گەلـی کـورد، قوربانیدانـی "پێشـمەرگە" و خۆڕاگریـی گەلـی کـورد و ڕۆڵـی ڕێبـەری شـۆڕش مسـتەفا بارزانـی و پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لـە ڕووداوە شۆڕشـگێڕییەکان بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە.

جێـی باسـە، بـۆ یەکەمجـارە ئـەم بەڵگەنامانـە وەردەگێڕنێتـە سـەر زمانـی کـوردی کـە لـە سـەر دەسـتی ئـەو کەڵـە پیاوانـە کـراوە کـە کۆچـی دواییـان کـردووە، بـەڵام جێپەنجـەی خۆیـان لەسـەر مێـژووی کوردسـتان و ڕۆژئـاوای ئاسـیا جێهێشـتووە.

**د.ئیسماعیل حەساف**

**هەولێر ٢٣ی شوباتی ٢٠٢٤**

# پێشەکییەکی چاپی ڕووسی

وێڕای ئەوەی جیهان پێی ناوەتە ناو سەدەی بیست و یەکەم، بەڵام تا ئێستا پرسی ٤٠ ملیۆن  کورد بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. سەرەڕای گۆڕانکارییە نوێیەکانی جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیژی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و ئاستبەرزی بێوێنەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد کە خۆی لە خەباتی قارەمانانە بۆ ئازادی و مافە دیموکراسیەکان دەنوێنێ، بازنەی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەشکرد و پارێزەرانی تائێستا بەبنبڕی ڕەتیدەکەنەوە دان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی جیهان بنێن. مێژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد، بە تایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کارەساتبار بوو، کاتێک بە پێچەوانەی ویستی گەلی ئازادیخوازی کورد، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی جینۆسایدکراو و لە خاکی باپیرانی دەرکران و قڕکران، هەرچەندە لەو مەینەتیانەدا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە تەنیا مایەوە، بەڵام قارەمانانە بەرگەی گرت و ملکەچی ئەو سیاسەتە نەبوو.

نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی ملکەچنەبوون و شانازیکردن بە گەلەکەیەوە، سەرکردە ئەفسانەیی و سەرکردەی خەباتی چەکداری کورد، دامەزرێنەر و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی بوو کە ئەمساڵ یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی دەکەینەوە.

مستەفا بارزانی مەزن هەر لە سەرەتای منداڵییەوە، کاتێک بۆ یەکەمجار خۆی و دایکی لە تورکیای عوسمانیدا زیندانی بوون، تا دوا هەناسەی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی پەیوەندییەکی نزیکی بە خەباتی گەلی کوردەوە هەیە.

بە ڕەچەڵەک  مەلا مستەفا بارزانی لە بنەماڵەی بەرزی کورد بارزانییەوە هاتووە. وەک نیشانەی ڕێزگرتن، هەموو نوێنەرانی ئەم ماڵباتە پێیان دەگوترا شێخ. پەیامنێرێکی ئاژانسی فرانس پرێس نووسیویەتی: “وشەی مەلا بە کوردی بە واتای سەرکردەی گەورە دێت، نەک قەشەی موسڵمان.“

بـۆ یەکەمینجـار لـە مێژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، سـەرکردەیەک بـەو قەبـارە گەورەیـە لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا دەرکـەوت و لـە مـاوەی ژیانیـدا بـوو بـە سـەرکردەی ئەفسـانەیی گەلـی کـورد. بنەماڵـەی مسـتەفا بارزانـی لەپێنـاو ئـازادی قوربانیـی گەورەیانـداوە و هەرگیـز ملکەچـی دوژمنـان نەبـوون. بـەم هۆیـەوە کـوڕ و کچـە بارزانییـە دەرەوشـاوەکانیش لـە هەمـوو شـوێنێک تووشـی سـتەم و دەربـەدەری و دەرکـردن لـە زێـدی خۆیـان بوونەتـەوە. هـەر لەبـەر ئەمەیـە نـاوی بارزانـی و کـورد بوونەتـە یەکەیەکـی لـە یـەک دانەبـڕاو، خەڵـک شـیعری لەسـەر نووسـیون و گۆرانـی بـۆ گوتـوون. مـەلا مسـتەفا بارزانـی خاوەنـی جەماوەرێکـی زۆر بـوو، زۆرێـک لـە کـوردەکان بـە ئەوانـەی لـە یەکێتـی سـۆڤیەتیش دەژیـن، نـاو منداڵەکانیـان بـە نـاوی بارزانیـەوە کـرد.

لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا، مـەلا مسـتەفا بارزانـی جیهانـی ناچـار کـرد گرنگـی و لا لـە پرسـی کـورد بکاتـەوە. لـە نێـو کـورددا یەکـەم کـەس بـوو کـە ڕەشـەبای ئـەو میدیایـەی شـکاند کـە لـە جیهانـدا بـە شـێوەیەکی دەسـتکرد لـە دەوروبـەری پرسـی کـورددا دروسـت کرابـوو. بەشـێک لـە میدیاکانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و لـە هەندێـک شـوێنی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە شـێوەیەکی لایەنگرانـە خەباتـی کوردیـان بـۆ ئـازادی و مافـە دیموکراسـییە نەتەوەییـەکان ڕوومـاڵ دەکـرد، تـا ڕادەی شـێواندنی ڕاسـتی و ڕووداوەکان.

"قەدەغەکردنـی" ڕووماڵکردنـی بابەتییانـەی پرسـی کـورد، ئازادییەکـی ڕەهـای مەمەڵەکردنـی بـە دوژمنانـی کـورد بەخشـیبوو کـە سیاسـەتی جیهانـی پرسـی کـورد، تەنیـا وەک کێشـەیەکی ناوخۆیـی ئـەو وڵاتانـە ببینێـت کـە خاکـی کوردسـتانیان لـە نێـوان خۆیانـدا دابـەش کردبـوو. لـەم ڕووەوە ڕۆژنامەگـەری سـۆڤیەتیش بێبـەری نەبـوو. بۆیـە سروشـتییە زۆرینـەی هاووڵاتیانـی سـۆڤیەت تێگەیشـتنێکی دروسـتیان لەبـارەی پرسـی کـورد نەبووبێـت. دیمیـتری زاگرسـکی ڕۆژنامەنووسـی ڕووسـی کـە چەندینجـار وەک پەیامنێـری تـاس سـەردانی عێراقـی کـردووە، چەندیـن بەرهەمـی لەسـەر کـورد نووسـیوە، لەوانـە بابەتێـک لەبـارەی دڕندەیـی ڕژێمـی عێـراق بەرامبـەر گەلـی کـورد، بـە تایبەتـی ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە "پارتـی شـیوعی سـۆڤیەت ڕێگـەی بـە بڵاوکردنـەوەی زانیارییـە ڕاسـتەقینەکان نـەدەدا"، چونکـە ترسـی ئـەوەی هەبـوو پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ڕژێمـە دەسـەڵاتدارەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا تێکبچێـت.

سـەرەڕای دوو ڕوانگـەی پرسـی کـورد، بـەڵام ئـەو بابەتانەی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانی سـۆڤیەتدا بڵاودەکرێنـەوە، لەبـارەی سـەرچاوە و پەرەسـەندنی پرسـی کـورد، بەتایبەتـی لەبـارەی مسـتەفا بارزانـی و بزووتنـەوەی دیموکراسـی نیشـتمانی کوردسـتان کـە خـۆی سـەرکردایەتی دەکـرد، زانیـاری سـەرنجڕاکێش دەخەنـەڕوو کـە کۆمەڵێـک بابـەت لەسـەر مـەلا مسـتەفا بارزانـی، خەباتـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـوردی باشـووری کوردسـتان و چالاکییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەخۆدەگرێـت کـە لـە ساڵی ١٩٥٨ -١٩٧٩لـە چاپەمەنـی ڕووسـیای سـۆڤیەتدا بڵاوکراونەتـەوە.

ئـەم بڵاوکراوانـە پێکـەوە وەک گرنگتریـن سـەرچاوەی سـەرەتایی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە مێـژووی مۆدێـرن و گەلـی کـورد، بەهایەکـی زانسـتی گـەورە بەدەسـت دەهێنـن. ئـەم بڵاوکراوانـە ڕەنگدانـەوەی بەرخۆدانـی قارەمانانەی کورد و کارەسـاتی تەواوەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردە. لە کۆمەڵەکەدا کەرەسـتەی چاپەمەنی بە ڕێکوپێکـی دانرابوو، ئەمەش ڕێگـە بـە خوێنـەری ئارەزومەنـد دەدا بەدواداچـوون بـۆ هەمـوو قۆناغەکانـی گەشـەکردنی خەباتـی کـورد بـە سـەرکردایەتی ڕێبەرەکەیـان، مسـتەفا بارزانـی بـکات.

کارەساتی کورد بەردەوامە. چاپەمەنی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕووسیا و ئەمریکا هەوڵ دەدەن هۆکاری ڕاستەقینەی خەباتی کورد لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە خوێنەرانی خۆیان بشارنەوە. لەپێناو ڕەچاوکردنی سیاسی هەڵپەرستانە، پەردەی بێدەنگی بەسەر کێشەی کوردستان هێنراوە، بەڵام کورد بوونی هەیە و لەژێر فشاری تیرۆری بەردەوامدا، لە تێکۆشان بۆ ئازادی و مافە دیموکراسییەکانی بەردەوامە، بەڵگەی ئەمەش ئەو کۆمەڵە بڵاوکراوەیە کە لە چاپەمەنی ڕووسی سۆڤیەتدا لەبارەی کەسایەتی ئەفسانەیی مستەفا بارزانی و خەباتە ڕەواکەی بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی ڕەسەنی کورد خراوەتەڕوو. بە سوپاسەوە هەموو سەرنج و پێشنیارێک قبوڵ دەکەین.

**کەرەم ئەنقوسی**

# ساڵانێک خەباتی قارەمانانە و گەورە

**(فاستوجنی ئەلمناخ)**

**مۆسکۆ ١٩٥٨**

**قەدری جان**

لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٤٢- ١٩٥٨دا کـوردی باشـوور – بزووتنـەوەی بارزانـی- لـە دژی فەرمانڕەوایـی بەریتانیـا و حکومەتـی نـووری سـەعیدی کۆنەپەرسـت یاخیبـوون و داوای ئازادیـی سیاسـی و ئۆتۆنۆمییـان لـە چوارچێـوەی سـنووری عێراقـدا کـرد. چەندیـن هـۆز و عەشـیرەتی دیکـەی کـورد هاتنـە ڕیـزی ئـەم بزووتنەوەیـە. دوای سـەرکوتکردنی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە عێـراق، بەشـێک لـە یاخیبووانـی کـورد بـە ڕابەرایەتـی مـەلا مسـتەفا لـە سـنووری عێـراق پەڕینـەوە و چوونـە ئێران(کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات)، لـەوێ پێوەندییـان بـە بزووتنـەوەی دیموکراتیـی کـوردی ڕۆژهـەڵات کـرد لـە مهابـاد. هـاوکات قـەدری جـان قەسـیدەی (بـارزان)ی دانـا و پێشکێشـی خەباتـی ڕزگاریخوازانـی کـوردی کـرد. دواتـر هـەر ئـەو قەسـیدەیە کرایـە گۆرانـی و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت بووەتـە وێـردی سـەر زمانـی کـورد و لـە بۆنەکانـدا دەگوترێتـەوە. قەسـیدەی (بارزانـی) لـە فیسـتیڤاڵی وارسـۆ و فیسـتیڤاڵی نێودەوڵەتیـی لاوان لـە مۆسـکۆ خوێنرایـەوە.

**ی. ئەلیبیتۆزا**

**«ئیزڤستیا» ١٩٥٨/٩/٢٧**

**لە کۆماری عێراق**

« .... جەمـاوەر لـە ئامادەباشـیدان بـۆ پێشـوازیکردنی فەرمـی لـە سـەرکردەی ڕاپەڕینـی کـورد ١٩٤٥- ١٩٤٧ مسـتەفای بارزانـی کـە لـە ئێسـتادا لـە پراگـە».

**بەغدا. سێبتەمبەر. (لە ڕێگەی تەلەگرافەوە). ئێس کۆندراشۆڤ**

**«پراڤدا» ١٩٥٨/١٠/١٢**

**برایەتیی عەرەب و کورد**

گوتاری بارزانی ڕابەری کوردی عێراق، بەغدا، ١٠ی تشرینی یەکەم. (تاس).

ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی بەغـدا بانگەوازێکـی مسـتەفا بارزانـی، سـەرکردەی کـوردی عێراقی بـۆ بیسـەران و بینـەران بڵاوکـردەوە و تێیـدا گوتـی: هاووڵاتیـان، ڕێگـەم پێبـدەم سـڵاوی برایانـی پێشـمەرگەی کوردسـتانتان پێڕابگەیەنـم کـە سـاڵانێکی دوور و درێـژە لـە تاراوگـەی بلۆکـی سۆشیالیسـتیدا ژیانیـان بەسـەربردووە. پیرۆزبایـی ئـەو سـەرکەوتنە مەزنەتـان لێدەکـەم کـە بـە سـەرکردایەتیی سـەرۆکتان عەبدولکەریـم قاسـم بەرپاتـان کـرد و هێـزی سـتەمکارتان لـە وڵاتـدا تێکشـکاند.

لـە ئێسـتاوە قۆناخێکـی هەسـتیار لـە مێـژووی خەباتـی گەلەکەمـان دەسـتیپێکرد کـە لـە پێنـاو ئـازادی و ئاشـتیدا بەرپابـووە. براینـە، هـەروەک خۆشـتان دەزانـن، ئێمـە بەهـۆی خەباتمـان لـە ڕیزەکانـی گەلانـی عێراقـدا دژی ئیمپریالیـزم ناچارکرایـن وڵات بەجێبێڵیـن. ئێمـە چاوەڕێـی ڕۆژی سـەرکەوتنی گەلمـان دەکـرد تاکـو لـە سـایەی سـەروەری و دیموکراسـی و ئاشـتیدا مومارەسـەی مافـە ڕەواکانمـان بکەیـن. دوای ڕاگەیاندنـی سیسـتەمی کۆمـاری وا گەڕاینـەوە بۆئـەوەی هاوشـان لەگـەڵ برایانمـان بەرگـری لـە وڵاتمـان بکەیـن. عـەرەب و کـورد یەکدەسـت و یەکهەڵوێسـتین بـۆ بەرگریکـردن لـە کۆمـارە سـاواکەمان. «بـژی برایەتیـی عـەرەب و کـورد».

**«زاریا فاستۆکا» (فجر الشرق) ١٩٥٩/٤/١٢**

**بەیاننامەی تاس**

لـەم ڕۆژانـەدا، ئاژانسـی ئەسۆشـێتدپرێس و یونایتدپرێـس و ئاژانسـی فرانـس پرێسـی فەرەنسـایی چەنـد ڕاپۆرتێکیـان بڵاوکردووەتـەوە، ڕاپۆرتـەکان لـەو زانیارییانـەوە وەرگیـراون کـە لـە پۆرسـەعیدەوە هاتـوون و دەڵێـن: ٨٥٥ «لاوی کـوردی چەکـداری سـۆڤیەتی» لـە یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە بـەرەو عێـراق بەڕێـوەن، مەشـق و ڕاهێنانێکـی باشـیان لەسـەر شـەڕی پارتیزانیـدا کـردووە.

ئــەم جــۆرە ڕاپۆرتانــە بەشــێوەیەکی بەرفــراوان و بەتایبەتیــش لــە ڕۆژنامەکانــی کۆمــاری عەرەبیــی یەکگرتــوو بڵاودەکرێنــەوە، لەمبارەیەشــەوە چەندیــن پێشــبینی جیــاواز لەمــەڕ یەکێتیــی ســۆڤیەتەوە لــە ئارادایــە.

ئاژانسی تاس بە مافی خۆی دەزانێت، سەرلەبەری ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بەدرۆبخاتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، لە سەرەتاکانی مانگی نیساندا ٤٥٩ هاووڵاتیی عێراقی بەڕەگەز کورد بە کەشتیی (گرۆزیا)ی سۆڤیەتی بەندەری ئۆدیسایان بەجێهێشتووە و بەرەو بەندەری بەسرەی عێراقی بەڕێکەوتوون کە لە ساڵی ١٩٤٧دا بەهۆی ستەمی ڕژێمی نووری سەعید-فەیسەڵی کۆلۆنیالیزمی کۆنەپەرست، هەڵاتوون و عێراقیان بەجێهێشتووە، بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی عێراق، یەکێتیی سۆڤیەتیان بە پەناگەیەکی ئارام دانابوو و هانایان بۆ هێناوە. لە گەڕانەوەیاندا خێزان و منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتەوە کە ژمارەیان ٣٩٤ کەس بووە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق ئەم هاووڵاتییە کوردەی لە ناوچە جیاجیاکانی سۆڤیەتدا دەژیان ئارەزوومەندانە و بە هەماهەنگی لەگەڵ خاچی سوور و مانگی سووری سۆڤیەتی گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان و حکومەتی عێراق پێشوازیی لێکردن. لەو ژمارەیەشدا نزیکەی ١٠٠ پیاوی بەساڵاچوو و پەککەوتەیان تێدا بوو. ئەمانە ڕاستییەکانن و ئەوانەی بانگەشە بۆ درۆ و ڕاپۆرتی هەڵبەستراو دەکەن، باش ئەم ڕاستییانە دەزانن. هەروەک تێبینی دەکرێت و دەبینین پرسەکان بەرەو خراپی دەچن، بەتایبەتیش بۆئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی عەرەب دەکەن و سەبارەت بەم پرسە مرۆییە پەنا بۆ ئەمجۆرە درۆ و دەلەسە و شێوازە چەپەڵانە دەبەن.

**«پراڤدا»**

**نەیارانی عێراق ناتوانن ترس بخەنە نێو دڵی گەلانی عێراق**

**بەغدا، ١٣ی نیسانی ١٩٥٩. (تاس).**

جەمـاوەری عێـراق بە گەرمی پێشـوازیی لە کۆمەڵە کوردێک دەکەن کـە بە خاوخێزانەوە لـە یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە گەڕاونەتـەوە و لـەوێ بەشـدارییان لـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی گەلانـی عێراقـدا کردبـوو. گەلانـی عێـراق لەوپـەڕی ئامادەباشـیدان بـۆ پێشـوازیکردن لـەو خەباتکارانـەی لـە سـاڵی ١٩٤٧دا بەناچـاری و بەهـۆی ململانێیەکـی ناهاوسـەنگی دژ بـە

هێزەکانی کۆنەپەرستانی نێوخۆ وڵاتیان بەجێهێشت و هانایان بۆ پەناگەیەکی ئارام بردبوو لە ئێران و دواتر بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووبوون.

ڕۆژنامەی «اتحاد الشعب» گوتارێکی بەخێرهێنانەوەی بڵاوکردووەتەوە و لە گوتارەکەدا ئاماژە بۆ پێزانینی خۆیان دەکەن بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن کە بە درێژایی ١٢ ساڵی ڕەبەق پەناگەیەکی ئارام بوو بۆ ئەوان و هاوکارییەکی برایانەیان پێشکەش بە نیشتمانپەروەرانی کورد و خێزانەکانیان کردووە. هاوکات گوتاری ڕۆژنامەکە ئابڕووی هێرشەکانی کینەلەدڵانی بردبوو کە لەلایەن ڕۆژنامەکانی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا و کۆماری عەرەبیی یەکگرتووەوە دەکرێتە سەر عێراق بەهۆی ئەو کوردەی بە خاوخێزانەوە بە کەشتیی «گرۆزیا»ی سۆڤیەتییەوە گەڕابوونەوە عێراق. هەروەها ڕۆژنامەکە زۆر بە توندی ئەو هەواڵە چەواشەکارییانە ڕەتدەکاتەوە کە دەیانگوت: چەند یەکەیەکی چەکداری کوردی کۆمۆنیست بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین و کاولکاری دەگەڕێندرێنەوە عێراق.

(اتحاد الشعب) بە گاڵتەجارییەوە ئەوەشی نووسیوە، ئەم هێرشە نارەوایانە هیچ بنەمایەکیان نییە و زیاتر لە ٣٥٠ منداڵ و ئافرەت لەنێو ئەو گەڕاوانەدان. لە کۆتاییشدا ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە دڵنیاییەوە هێرشەکانی ئیمپریالیزمەکان و هاوئاوازانیان سەرناگرێ و نەیارانی عێراق ناتوانن ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو ڕیزەکانی گەلانی عێراقدا بڵاوبکەنەوە و ڕیزەکانیان تێکبدەن.

**«پراڤدا» ١٩٥٩/٤/١٨**

**ڕۆڵەکانی گەلی عێراق گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان**

بەسرە: ١٧ی نیسان (پەیامنێری پراڤدا). ئەمڕۆ کەشتیی «گرۆزیا» گەیشتە بەندەری بەسرەی عێراق و ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کورد و خێزانەکانیان لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە گەڕاندەوە عێراق.

دانیشتوانی باشووری عێراق پێشوازییەکی گەرمی کەشتییە سۆڤیەتییەکەیان کرد و لە دووریی ٨٠ کیلۆمەتر لە بەسرەوە بە ١٥٠ بەلەم کە نوێنەرانی دامەزراوە گشتییەکان و کرێکارانی بەنداوەکەیان تێدا بوو لە پێشوازیی کەشتییەکەدا بوون. دەیان هەزار

هاووڵاتیـش لـە کەناراوەکانـدا لـە پێشـوازیی نیشـتمانپەروەراندا بـوون کـە لە سـاڵانی ١٩٤٣ تاکـو ١٩٤٦بەشـدارییان لـە ڕاپەڕینـی دژی ئیمپریالیزمدا کردبوو. ڕاپەڕینی ئەوکات سـەرجەم هاووڵاتیانـی کوردسـتانی تێـدا بەشـداربوو و سـێ سـاڵ زیاتـر نیشـتمانپەروەرانی ڕاپەڕیـو لە دژی نـووری سـەعیدی دیکتاتـۆر بـە ڕابەرایەتیـی مـەلا مسـتەفای بارزانی خەباتیـان گێڕا، جا دوای ئـەوەی داگیـرکارە بەریتانییـەکان کـە دەسـتیان بەسـەر تـەواوی وڵاتـدا گرتبـوو، تانـک و تـۆپ و هێـزی ئاسـمانییان خسـتبووە ژێـر دەسـەڵاتی مەفرەزەکانـی تۆڵەسـەندنەوە لـە شۆڕشـگێڕان، مەفرەزەکانـی شۆڕشـگێڕان پاشەکشـەیان کـرد و ڕوویان لە باکـووری ئێران کرد، دواتریـش مافـی پەنابەریـی سیاسـییان لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت وەرگرت.

کۆنیایـن (Konyain) نوێنـەری خاچـی سـوور و مانگـی سـووری یەکێتـی سـۆڤیەت کـە سەرپەرشـتیی پرۆسـەی گەڕاندنەوەیانـی دەکـرد بـۆ خاکـی نیشـتمان، لەسـەر پشـتی کەشـتیی گرۆزیـا بـە پەیامنێـری ڕۆژنامەکـەی ڕاگەیانـدووە، ٤٥٩ کـورد لەگـەڵ ٣٩٤ ئەندامانـی خێزانیـان گەڕانـەوە عێـراق کـە (٢٥٥)یـان منـداڵ بـوون و ١٨٠ کەسیشـیان لەسـەرووی پەنجـا سـاڵیدابوون. پاشـان هاتـە سـەر پرسـی ڕاپۆرتـە هەڵبەسـتراوەکانی ئاژانسـەکانی هەواڵـی ڕۆژئـاوا کـە دەربـارەی گواسـتنەوەی «خۆبەخشـان» و  «چـەک» بـۆ عێـراق بڵاودەکرانـەوە، بـە گاڵتەجاڕییـەوە گوتـی: دەزگا ئیمپریالیزمـەکان بێوچـان هەوڵـی نانـەوەی کێشـە و گرفـت بـۆ کەشـتییە سـۆڤیەتییەکە دەدەن.

کـوردی گـەڕاوە ئامـاژە بـۆ ئاسـتی ئـەو زانسـت و تێگەیشـتنە دەکـەن کـە لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت لەکاتـی مانـەوەی چەنـد سـاڵەیاندا لـەوێ بەدەسـتیان هێنـاوە کـە ئەوکاتـەی لـە عێراقـدا کەمینەیەکـی چەوسـاوە بـوون و زۆربەیـان نەخوێنـدەوار بـوون، کەچـی ئێسـتا ٦٠٪ی ئـەم گەڕاوانـە قۆناخـی خوێندنـی دواناوەنـدی و باڵایـان تەواوکـردووە و دووانیـان بـۆ زانسـتەکان پاڵێـوراون. نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـە سـۆڤیەت تەنیـا مافـی پەنابەرێتییـان پێنەبەخـشراوە، بەڵکـو هێندێکیـان بوونـە ئەندازیـاری شارسـتانی و ئەندازیـاری کشـتوکاڵ و هێندێکـی دیکەیـان بوونـە مامۆسـتا.

گەلانـی سـۆڤیەت زۆر بـە گەرمـی و هەسـتێکی برایانـە پێشـوازییان لـە کۆچبەرانـی کـورد کـرد و هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکـی ماددیـی ئـەو خەڵکەیـان کـرد، چاودێریـی پێویستیشـیان بـۆ فەراهـەم کردبـوون. شۆڕشـی ١٩٥٨ ڕژێمـی گەندەڵـی نـووری سـەعیدی

ڕووخاند و مافەکانی کورد هاوتای مافی پێکهاتەکانی دیکەی کۆمارە نوێیەکەی عێراق کرا کە ئەمەیان هۆکارێک بوو بۆ گەڕانەوەی کوردی ئاوارەی سۆڤیەت.

سلێمان حەکیم یاسین بۆ پەیامنێری پراڤدا ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن پەیمانگەی ئابووریی لە تەشقەند تەواوکردووە و بووەتە ئەندازیارێکی کشتوکاڵ، یاسین دەڵێ: پیشەکەی من پیشەیەکی ئاشتیخوازانەیە و هەموو تواناکانی خۆم دەخەمەگەڕ و دەمەوێ ئەو زانستەی لە سۆڤیەت فێربوومە لە بەرژەوەندیی کۆماری عێراقدا بەکاریبێنم. من لە ژیاندا ئامانجی سەرەکیم خەباتکردنە لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان.

هەڤاڵ یاسین عەبدولڕەحمان حەبیب، بووەتە پسپۆڕ لە بواری مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و دەڵێ: بە پەرۆشەوە پێشوازیی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشمان کرد کە تێیدا کورد بووە هاووڵاتییەکی هاوتای هاووڵاتیانی دیکەی عێراق. دەمانەوێت بەهرەکانمان لە پێشخستنی سیستمی کۆماری لە عێراقدا بەکاربهێنین و ئامادەین بەشداریی لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی گەلانی عێراقدا بکەین، چونکە ئیمپریالیزم دەخوازن کۆماری عێراق لەکەدار بکەن لەبەرئەوەی گەلانی عێراق خۆی لە کۆت و بەندی داگیرکاران ڕزگارکرد و ئێستا لە سایەی ئازادی و دیموکراسیدا دەژین. بە هیچ شێوەیەکیش ئەو ناوزڕاندن و ئیستفزازکردنەی دوژمنان نامانترسێنێ و لەسەر ڕێبازی سەربەخۆیی و پێشکەوتندا بەردەوام دەبین.

قاسم سەعدی، کوردێکی دیکەی گەڕاوەیە بە پەیامنێری «تاس»ی ڕاگەیاند: بە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت و بیانییەکان ڕابگەیەنە کە ئیمپریالیست و نۆکەرانی هەوڵی شێواندنمان دەدەن، لەگەڵ منداڵ و خێزانمان لە سۆڤیەت گەڕاوینەتەوە، پێویستە هەموو لایەک ئەوە بزانن کە تاکە چەکی دەستی ئێمە، دۆستایەتی، برایەتی و ئاشتەواییە لەگەڵ سەرجەم گەلانی دنیادا. گەلانی سۆڤیەتی دۆست هاوکارمان بوون لە بەدەستهێنانی چەندین جۆرە پیشەی ئاشتیخوازانەی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی، وا گەڕاوینەتەوە بۆ نیشتمانی خۆمان تاوەکو لەگەڵ برایانی عەرەب و کوردمان لە بەرژەوەندیی کۆماری عێراقدا کاربکەین کە نیشتمانی هەموومانە.

لە ئێوارەی ڕۆژی گەیشتنەوەی ئاوارەکان، هەزاران کەس بەسرەیان ڕازاندبووەوە

و ڕێپێوانێکیــان بــە بۆنــەی گەڕانــەوەی بەشــداربووان لــە بزاڤــی نیشــتمانیی گەلــی عێــراق ڕێکخســتبوو و ئاهەنگیــان ســازدابوو، ئەوانــەی قســەیان بــۆ پەیامنێــری ڕۆژنامەکــە کردبــوو لــە لێدوانەکانیانــدا ســوپاس و ستایشــی هەڵوێســتی یەکێتیــی ســۆڤیەتیان دەکــرد کــە کــوردی ئاوارەیــان حەواندووەتــەوە و هەمــوو هاوکارییــە مرۆییەکانیــان پێشکەشــکردوون تاوەکــو بــە ســەلامەتی بگەڕێنــەوە خاکــی نیشــتمان. گردبوونەوەکــە خۆپیشــاندانێکی گــەورەی لێبــووەوە کــە بــە دروشــمی «بــژی ئاشــتی!»، «بــۆ هەتاهەتایــە بــژی دۆســتایەتیی ســۆڤیەتی - عەرەبــی!».

بــۆ بەرەبەیانــی ڕۆژی دوایــی شــەمەندەفەرێک ئامادەکــرا بــۆ گواســتنەوەی کــوردی گــەڕاوە و خێــزان و منداڵەکانیــان و بــەرەو مووســڵ بەڕێکــەوت.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«ئیزڤستی» ١٩٥٩/٤/١٨**

**گەلی عێراق پێشوازی لە ڕۆڵەکانی دەکات**

بــەسرە، ١٧ی نیســان (پەیامنێــری تــاس) دوێنــێ کەشــتیی ســۆڤیەتی گرۆزیــا گەیشــتە بەنــدەری بــەسرەی عێراقــی، ژمارەیەکــی زۆری لــە نیشــتمانپەروەرانی کــوردی هەڵگرتبــوو لەگــەڵ خێــزان و منداڵەکانیــان کــە یانــزە ســاڵ زیاتــرە لــە ســۆڤیەت دەژیــن.

ئاشــکرایە لــە مــاوەی فەرمانڕەوایــی کۆنەپەرســتانەی عێراقــدا، لــە ســاڵی ١٩٤٣ کــوردی مافخــوراو و هــەژار لــە فەرمانڕەوایانــی ئــەو ســەردەمە بێئومێــد بــوون و ڕاپەڕینێکــی سەرتاســەرییان لــە کوردســتان بەرپاکــرد کــە مــەلا مســتەفا ســەرۆک عەشــیرەتی بــارزان ڕابەرایەتیــی ڕاپەڕینەکــەی دەکــرد.

هێــزە ڕاپەڕیوەکــەی بــارزان بــۆ مــاوەی زیاتــر لــە ســێ ســاڵ دلێرانــە ڕووبــەڕووی هێزەکانــی نــووری ســەعید ببوونــەوە، بــەڵام دواتــر هێزەکانــی داگیرکاریــی بەریتانیــا بــە تــۆپ و تانــک و هێــزە ئاســمانییەکان بەربــووە وێــزەی شۆڕشــگێڕان و ناچارکــران دوای شــەڕێکی زۆر قــوڕس پاشەکشــە بکــەن و بــەرەو باکــووری ئێــران بچــن، لەوێشــەوە بــەرەو یەکێتیــی ســۆڤیەت کــە دواتــر مافــی پەنابــەری سیاســییان پێبەخــشرا.

گەلانی سۆڤیەت پێشوازییان لەم پەنابەرە نیشتمانپەروەرانە کرد و هەموو جۆرە هاوکارییەکی دارایی کران و هەلی کارکردنیان لە دامودەزگاکانی ئەوێ بۆ ڕەخسێنرا. ڕێگە بە منداڵەکانیشیان درا لە قوتابخانەکانی ئەوێدا درێژە بە خوێندنیان بدەن. لە ماوەی ئەو یانزە ساڵەدا پەنابەرانی کورد لەگەڵ خێزانەکانی سۆڤیەتدا وەکو برا دەژیان. شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەلانی عێراقی لە کۆت و بەندی داگیرکاران ڕزگارکرد و دەروازەی پەرەپێدانی نیشتمانی و ژێرخانی ئاشتیانەی دەوڵەتی دیموکراسیی واڵاکرد. لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە نوێیەی لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم داڕێژرا، مافی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی بە یەکسانی تێدا پارێزرا. ڕێگە بە شۆڕشگێڕانی کوردیش درا لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیاندا بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان. ئەو کۆمەڵەیەی بە کەشتیی گرۆزیا لە سۆڤیەت گەڕانەوە ٨٥٣ کەس دەبوون کە ژن و پیاو و منداڵیشیان تێدابوو. لە ماوەی ساڵانی ئاوارەییدا چەندین کەس لەوێ شارەزاییان لە پیشەی جۆراوجۆردا پەیدا کرد و هەر هەموویان دووپاتیان دەکردەوە کە ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن بۆ کوردستان تاکو بەشدار بن لە کاری داهێنەرانەی ئاشتیانە بۆ گەلانی عێراق. دانیشتوانی بەسرەش پێشوازییەکی گەرمیان لە میوانە خۆشەویستەکەیان کرد و شەقام و ڕووی دەرەوەی خانووەکانیان و دەروازەی وێستگەی شەمەندەفەریان بە گوڵی سروشتی ڕازاندبووەوە، کەسایەتییەکانیش لە سەرتاسەری عێراقەوە هاتبوون و خەڵکانێکی زۆری کوردستان بە جلوبەرگی ئاڵ و واڵای نەتەوایەتی هاتبوونە پێشوازیی هاووڵاتیانیان. هەزاران کەسیش بە درێژایی کەنارەکانی شەتولعەرەب بە ئاڵا و بەرزکردنەوەی دروشمی نیشتمانی ڕیزببوون و بە دەیان کیلۆمەتر کەناراوەکانیان قەرەباڵغ کردبوو، نزیکەی ١٥٠ کەشتیی بچووکیش ببوونە یاوەری کەشتیی گرۆزیا، خەڵکانی ئامادەبوو و ئەوانەی نێو کەشتییەکەش لە خۆشییەکی بێوێنەدا دەژیان. ئاپۆرای ڕێپێوانە فراوانەکەی شاری بەسرە هەزاران کەسی لەخۆگرتبوو.

لە لێدوانە فەرمییەکاندا گوێبیستی دۆستایەتیی کورد- عەرەب و یەکێتیی سۆڤیەت دەبووین کە سۆڤیەتیان بە بەرگریکارێکی دەستپاک هەژمار دەکرد بۆ عەرەب، ئاشتی و دیموکراسییەتیش ببووە وێردی سەرزمانی سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی عێراق.

تۆمەتە بێبنەماکانی ڕۆژنامەگەریی بۆرژواکانی ڕۆژئاوا، بەوەی کە چەکدارانی کورد

لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ تۆقاندنی هاووڵاتیانی عێراق گەڕاونەتەوە، هەڵبەت ئەمە درۆیەکی شاخدارە و بە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت و بیانییەکانیش ڕابگەیەنن کە ئیمپریالیست و نۆکەرانیان هەوڵی لەکەدارکردنمان دەدەن، ئەمانە لێدوانی قاسم سەعدی بوو بۆ پەیامنێری تاس کە یەکێک بوو لە گەڕاوەکان و لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت: لەگەڵ خێزان و منداڵەکانمان لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕاوینەتەوە و با هەموو کەس ئەو ڕاستییە بزانێت کە تاکە چەکی ئێمە ئەو دۆستایەتی، برایەتی و ئاشتییەیە کە دەمانەوێت لەگەڵ سەرجەم گەلاندا بیچەسپێنین. دۆستانی سۆڤیەتمان هاوکارمان بوون لە بەدەستهێنان و فێربوونی پیشەی ئاشتیانە لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵدا، ئێستاش کە گەڕاوینەتەوە دەمانەوێ لەگەڵ برایانی عەرەب و کوردماندا لەبەرژەوەندیی کۆماری عێراقدا کاری پێکەوەیی ئەنجام بدەین. ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی گەڕانەوەی کوردی شۆڕشگێر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ خاکی نیشتمان تاکو شەوانێکی درەنگ بەردەوام بوو و جۆرەها گۆرانی و مۆسیقای نیشتمانیت بەرگوێ دەکەوت.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر بە شەمەندەفەرێک کوردی گەڕاوە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان بەرەو مووسڵ بەڕێکەوتن.

**ی. پیرێزنیکۆفسکی**

**«پراڤدا» ١٩٥٩/٤/١٩**

**پەیامێک لە کوردی گەڕاوەی نیشتمانەوە بۆ گەلانی سۆڤیەت**

بەسرە، ١٨ی نیسان (پەیامنێری تاس). گەلانی عێراق بە ڕوحێکی برایانە چاویان بە بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەی دژی ئیمپریالیزمی ساڵی ١٩٤٣ی کوردستان کەوت کە پەناهەندەی یەکێتیی سۆڤیەت بوون. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە: «بە درێژایی ئەو ساڵانەی لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا بووین، بە خۆشەویستی و لوتفی گەلانی سۆڤیەت دەوردرابووین، ئێستاش ئێمە تەنیا بە گەڕانەوەمان بۆ زێدی باوباپیرانمان خۆشحاڵ نین، بەڵکو شانازیش بە سەرکەوتنمان دەکەین بەسەر ستەمکارانی داگیرکاران و دەست و پێوەندەکانیان و بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی

ساڵی پار تەواوی ئازادیی خۆمان بەدەستهێنا کە بە ڕابەرایەتیی عەبدولکەریم قاسم هەڵگیرسا. هەرگیز هەڵوێستی دۆستانەی گەلانی سۆڤیەتمان لەبیرناچێت لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین و لەپێناو بەرجەستەکردنی دۆستایەتی لەنێوان گەلاندا».

**«پراڤدا» ١٩٥٩/٥/٦**

**بەغدا، ٥ی مایس. (تاس).**

**لەسەر ڕێڕەوی گەشە و پێشکەوتندا**

**لێدوانی بارزانی**

سیاسەتمەداری ناودار و ڕابەری ڕاپەڕینەکەی کوردی ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٦ مستەفا بارزانی، بەیاننامەیەکی لە ڕۆژنامەی ئەلزەماندا سەبارەت بە گەڕانەوەی کوردی ئاوارەی سۆڤیەت بۆ عێراق بڵاوکردووەتەوە کە بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردبوو. بەیاننامەکە باس لەوە دەکات کە چۆن بزووتنەوەی بارزان بەهۆی ئەو هەموو جەور و ستەم و بێبەشکردنانەی ساڵانی حوکمڕانیی ڕژێمی کۆنەپەرست، بێئومێد ببوون و لەپێناو ئازادیدا خەباتیان کرد و چۆن پاش ئەم هەموو شەڕە قورسانە لە هەموو لایەکەوە لەلایەن هێزەکانی عێراق، تورکیا و ئێران گەمارۆ درابوون و ناچارکران بەرەو باکووری ئێران پاشەکشە بکەن، ئینجا بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت بچن و لەوێ مافی پەنابەرییان پێبەخشرێت. هەر لەو بەیاننامەیەدا ئاماژەی بەوە داوە کە سەرانی ڕژێمی پێشوو جۆرەها شێوازی تۆقاندن و چەوساندنەوەی دڕندانەیان دژی ئەندامانی ئەم عەشیرەتە کردووە کە لەسەر خاکی عێراقدا مابوونەوە و فریای خۆدەربازکردن نەکەوتبوون و ژمارەیەکی زۆری ژنان و منداڵان و هاووڵاتیانی بەساڵاچوویان تێدا بووە. «ئەو بارزانییانەشی توانییان خۆیان بگەیەننە یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە، لەلایەن گەلانی سۆڤیەتەوە بەوپەڕی سۆز و میهرەبانییەوە پێشوازییان لێکراوە». « ... حکومەت و گەلانی سۆڤیەت، بەڕێز و بەوپەڕی هەستی میواندۆستی و چاودێرییەوە پێشوازییان لێکردین و بەپێی دەستووری یەکێتیی سۆڤیەت، هەمان

ئـەو مافانەمـان بـۆ دەسـتەبەر کرابـوو کـە هاووڵاتیانـی سـۆڤیەت هەیانبـوو و هیـچ جیاوازییەکـمان لەگـەڵ هاووڵاتیانـی سـۆڤیەتدا نەبـوو. بەنیسـبەت ئەوانەشـی کـە ئـارەزووی خوێندنیـان هەبـوو، هەلـی خوێندنیـان بـۆ ڕەخسـا لەنێـو دەزگاکانـی پـەروەردە و خوێندنـی بـاڵای ئـەوێ ...».

هەروەهـا بەیاننامەکـە ئامـاژە بـەوەش دەدات کـە شۆڕشـەکەی عێـراق، هەمـوو گەلانـی عێراقـی بـە کوردیشـەوە لـە کۆیلایەتـی و لـە چنگـی داگیرکـەرە کۆنەپەرستەکاندا ڕزگار کـرد، هـەر ئـەو شۆڕشـەش ڕێگـەی بـۆ پەنابەرانـی کـورد خۆشـکرد بگەڕێنـەوە خاکـی نیشـتمان. بەیاننامەکـە ئەوەشـی دووپاتکردووەتـەوە کـە «دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت هەمـوو کارئاسـانییەکیان بـۆ گەڕانـەوەی ئـاوارەکان کـردووە و کەشـتییەکی تایبەتیشـیان بـۆ تەرخانکـردوون و تـەواوی پێداویسـتییە پزیشکییەکانیشـیان خسـتووەتە بەردەسـتیان». سـەرباری ئەمانـە، بەیاننامەکـە لێدوانـە هەڵبەسـتراوەکانی نێـو ڕۆژنامـە بۆرژوازییەکانـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژنامەکانـی ئیسرائیـل و دامودەزگاکانـی کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبیـی بەدرۆخسـتووەتەوە و ئامـاژەی بەوەکـردووە کـە لەنێـو گەڕاوەکانـدا ژمارەیـەک ڕەوەنـدی کوردیشـیان لەگەڵـدا بـووە کـە بەشـێوەیەکی هەمیشـەیی جێنشـینی یەکێتیـی سـۆڤیەت بوونـە. هەروەهـا کەشـتییەکە بارێکـی گـەورەی چـەک و تەقەمەنیـی بـۆ عێـراق گواسـتووەتەوە.

لــە درێــژەی بەیاننامەکــەدا هاتــووە: ئــەو دژە هەڵمەتــە ئاراســتەی کۆمــاری عێــراق و یەکێتیــی ســۆڤیەت کــراوە کــە دۆســتێکی بەهێــز و دڵســۆزی ســەرجەم ئــەو گەلانەیــە کــە لەپێنــاو ئــازادی و ســەربەخۆییدا خەبــات دەکــەن، بــە گەلانــی عێراقیشــەوە. بـۆ بەرپەچدانـەوەی ئـەو ڕاپۆرتـە بێبنەمایانـەش، دەمـەوێ بەنـاوی خـۆم و هەمــوو کــوردی عێــراق سوپاســێکی زۆری گــەلان و حکومەتــی ســۆڤیەت بکــەم کـە دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـاندین بـە ئاسـانی بگەڕێینـەوە وڵاتـی خۆمـان تاکـو لـەوێ بەیەکـەوە بەڕابەرایەتیـی عەبدولکەریـم قاسـم کار بـۆ پاراسـتنی کۆمـار و پێشـکەوتن و پەرەسـەندنی بکەیـن.

بــژی کۆمــاری عێراقــمان، لەســەر ڕێــڕەوی خۆشــگوزەرانی و پێشــکەوتندا. بــژی دۆســتایەتیی عێراقــی- ســۆڤیەتی لەپێنــاو ئاشــتی و ئازادیــدا.

**سفر منی فاستۆک «الشرق الحدیث»، ١٩٦٠/١/١**

**لە چیاکانی کوردستان**

کورد چەندین لاپەڕەی درەوشاوەی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراقدا تۆمارکردووە، لە ساڵی ١٩٤٣دا بە دەستی یەکێک لە سەرکردەکانی بارزان، مەلا مستەفای بارزانی ئاڵای خەباتی نیشتمانی هەڵکرا کە پشتیوانییەکی زۆری لەلایەن هاووڵاتیانی کورد و کۆمۆنیستە عێراقییەکان و سەندیکا نهێنییەکانی کرێکاران هەبوو، ئاگری شۆڕشی بارزان بەخێرایی تەشەنەی کرد و ئامانجی بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردی عێراق. بارزانی داوای لە کورد دەکرد لەگەڵ عەرەبدا برا بن و خەباتی هاوبەشیان دژی ڕژێمی ڕەشبگیر لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا چڕبکەنەوە، جا دوای ئازادکردنی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق تورکیا و عێراق ئێران (ڕەواندز، زاخۆ، ئاکرێ) بارزانی لە هەولێر نزیککەوتەوە. سوپای عێراقیش بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵی ئینگلیزی برۆمیلۆ کە نازناوی (برەڕترین) و جەنەڕاڵ ریبتۆن کە بە (ڕووتەنیی بیابان) ناسرابوون تووشی شکستی یەک لەدوای یەک هاتن. ئینجا حکومەتی پاشایەتی بە ئامۆژگاریی بەریتانییەکان زنجیرەیەک سازشیان پێشکەش کرد و لە ئاکامی ئەم سازشانەدا گەیشتنە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەکی ئاگربەست و ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کورد پێکهێنرا.

بەڵام بەریتانییەکان ئەم ڕێککەوتننامەیەیان بە ماوەیەکی کاتیی پشوودان دانابوو و لەوەش دەترسان بیرە نەوتەکانی کەرکووک بکەونە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە. بۆیە هەر زوو فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی گوندە کوردنشینەکانیان بە دڕندەترین شێوە بۆردومان کرد و ٥٠ گوندیان وێران کرد. پاشان تانک و زرێپۆشەکانیان ڕەوانەی سەر پێگەکانی پێشمەرگە کرد. مەلا مستەفا بارزانی بەرەو چیاکان پاشەکشەی کرد و لەگەڵ مەفرەزەیەکی چەکدارە ئازاکانی ڕوویان لە ئێران کرد کە ئەوکات هێشتا کۆماری کوردستان مابوو. پاش کەوتنی کۆمار و هێرشە بەردەوامەکانی یەکە جەنگییەکانی ئێران و تورکیا کە بە ژمارە زۆر لە ژمارەی پێشمەرگەکان زیاتر بوون، ژمارەیەک لە بارزانییەکان لە ئێرانەوە خۆیان گەیاندە یەکێتیی سۆڤیەت، دواتر لەوێ مافی پەنابەرییان پێبەخشرا و میواندارییەکی برایانەیان کرا.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«پڕاڤدا» ١٩٦٠/٤/١٨**

**یەکێتیی سۆڤیەت سیاسەتی ئاشتی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلاندا پێڕەو دەکات**

**وەڵامەکانی ئای. ی میتۆیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بەغدادا**

دوێنێ ڕۆژنامەی پڕاڤدا بەیاننامەیەکی جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت «ئەنستاس. ئیڤانۆڤیتش میکویان»ی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بڵاوکردەوە کە لە بەغدا، ١٥ی نیسان بەستبووی و بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەست ئێمە گەیشتوون، هەڤاڵ میکویان وەڵامی پرسیاری پەیامنێرانی داوەتەوە و ئەمەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی بەشداربووانە: پرسیارێکی دیاریکراوم نییە ئاراستەی میوانە بەڕێزەکەی بکەم، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ساڵێک بەسەر گەڕانەوەی بارزانی و یاوەرانیدا تێدەپەڕێت بۆ عێراق کە هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیای کۆنەپەرست دەستیان بە ڕاوەدونانی شۆڕشگێڕان کردبوو و هەتاکو سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بەدوایانەوە بوون. حکومەتی سۆڤیەت پێشوازیی لێکردن و سەلامەتییانی بۆ دابین کرد، ئینجا هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ تەرخان کردبوون، تەنانەت لە کەرتی فێربوون و ڕۆشنبیریدا، ئەمەش پێش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بوو بە سەرکردایەتیی پێشەوا عەبدولکەریم قاسم. ڕژێمی پادشایەتیی کۆنەپەرست هەرەسیهێنا و بار و گوزەرانی هەموو لایەک گۆڕا، بە یاوەرانی بارزانیشەوە کە بڕیاری گەڕانەوەیان دابوو بۆ نیشتمان.

هەرچەندە دڵنیاشم ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئاست ئەم خەڵکانەدا کەلێنێکی بچووک لەنێو چوارچێوەی ئەو هاوکارییە مەزنانەدا پڕدەکەنەوە کە یەکێتیی سۆڤیەت پێشکەشی سەرجەم گەلانی دونیای دەکات، بەڵام تاکو ئێستا ئەم هاوکارییانە لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورددا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن، بەناوی لایەنگرانی بارزانی و بە ناوی هەموو کورد و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕێگەی میوانە ئازیزەکەمانەوە ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسگوزاری و دۆستایەتیمان بگەیەنینە گەلانی سۆڤیەت و حکومەتەکەی کە هاوکارییەکی زۆریان کردووین. لەوباوەڕەشداین ئەمە هەڵسەنگاندنێکی بەرز و بڵندە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلی کورد، هەروەها دەمەوێ لەپای ئەو هاوکارییە دارایی و ئەخلاقییە سوپاسگوزاریی خۆمان بە گەلانی سۆڤیەت

بگەیەنین کە بە درێژایی ١٣ ساڵی ڕەبەقی مانەوەمان لە وڵاتەکەتاندا بەرجەستە کراون.

لـە کۆتاییشـدا حـەز دەکـەم بڵێـم: بـژی دۆسـتایەتیی سـۆڤیەتی - عێراقـی، دۆسـتایەتیی نێـوان هـەردوو گەلـی سـۆڤیەت و عێـراق! (چەپڵـە).

میکویـان: سـوپاس بـۆ ئـەو وشـە ناسـکانەی ئاراسـتەی یەکێتیـی سـۆڤیەتت کـرد و هیـوای ژیانێکـی باشـتر بـۆ گەلـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەخوازیـن کـە لێـرەدا بوونەتـە گوتەبێـژی حزبەکـە.

**«ئۆجۆنویک»، ژمارە ٥٠، دیسەمبەری ١٩٦٠**

کەسـایەتییەکی سیاسـیی نـاودار لـە کۆمـاری عێراقـەوە سـەردانیی یەکێتیـی سـۆڤیەتی کـرد کـە مسـتەفا محەمـەد بارزانیـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، میوانەکـەی عێـراق لەلایـەن ن. ئـا. محێدینـۆف ئەندامـی دەسـتەی سـەرۆکایەتیی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعییەوە پێشـوازیی لێکـراوە. مسـتەفا بارزانـی سـەردانی سـەنتەری زانسـتیی نێودەوڵەتـی کـرد - پەیمانگـەی هاوبـەش بـۆ توێژینـەوە ناوکییـەکان لـە دۆبنـا- کـە بـە نـاوی لینیـن و کتێبخانـەی دەوڵـەت نـاسراوە.

**«پراڤدا» ١٩٦١/٥/١٩**

**بۆ بەڕێز نیکیتا خرۆشۆف سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت:**

**مۆسکۆ**

بە ئاماژەکردن بۆ ئەو هەست دەربڕینە خۆشییەی جیهانی گرتووەتەوە، بە کوردستانیشەوە، بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی زانستی سۆڤیەتی لەپای ناردنی یەکەمین مرۆڤ بۆ بۆشایی ئاسمان و گەڕانەوەی بە سەلامەتی بۆ سەر ڕووی زەوی، پارتی دیموکرتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی گەلانی سۆڤیەتی دۆست و پارتی کۆمۆنیستی مەزن و لێژنەی مەرکەزیی حزب و خودی جەنابتان دەکات، هەروەها پیرۆزباییش لە زانای سۆڤیەتیی پێشەنگ گاگارین دەکەین کە بە دەستکەوتە پاڵەوانانەکەی تەکانێکی گەورەی بە کاروانی مرۆڤایەتی بەخشی و لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا کردەوە.

متمانەمـان پێتانـە و لەو باوەڕەداین ئەم سـەرکەوتنە مەزنە و ئەم دەسـتکەوتە زانسـتییە گەورەیە و هەروەها سـەرکەوتنەکانی دیکە کە وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیسـتی بەدەسـتیهێناون کاریگەرییەکی گەورەی لە چارەسـەرکردنی کێشـە ڕەواکانـی گەلاندا دەبێت:

کێشـــەکانی ئاشـــتی و دیموکراســـییەت و ڕزگاربـــوون لـــە کۆیلایەتـــی و پاوانخـــوازی، ڕێچکـەی خـۆی گرتـووە لـە خەباتکـردن لەپێنـاو جیهانێکـی دوور لـە شـەڕ کـە ئـازادی، برایەتـی، خۆشەویسـتی و ئاسـوودەیی باڵـی بەسـەردا کێشـابێت.

گەلـی کـوردی بەئەمـەک و وەفـادار بـۆ ئـەو دۆسـتایەتییە هەمیشـەییەی بـە گەلانـی سـۆڤیەتەوەی دەبەسـتێتەوە و ئـەو سـەرکەوتنانەی لەلایـەن بلۆکـی گەلانـدا هاتووەتـە دی بـە ڕابەرایەتیـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، بـە سـەرکەوتنی خەباتـی ڕەوای دەبینێـت کـە لەپێنـاو مافـە نەتەوەیـی و مرۆیـی و دیموکراسـییەکاندا دراون. ئاواتەخـوازە سـەرکەوتنی دیکـــەی نـــوێ و پێشـــکەوتن و گەشەســـەندن بـــۆ زانایانـــی بلیمـــەت و زانســـت و تەکنەلۆجیـای سـۆڤیەتی لـە تـەواوی بوارەکانـدا بێتـەدی.

**لێژنەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٣٤ ١٩٦٢/٨/٢٥**

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**خورما، نەوت و سیاسەت**

ڕۆژنامەوانانـی بیانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی عەرەبیـدا لـە هۆزێکـی کۆچـەری دەچـن، ئـەوان بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە ناوچەیەکـدا نامێننـەوە. هەمـوو ڕۆژنامـە ناودارەکانـی ئەوروپـا و ئەمەریـکا ئەوپەڕەکـەی پەیامنێرێکیـان هەیـە کـە ڕێپێدانـی نشـینەگەی لـە بەیـروت یـان قاهیـرەدا هەبێـت، بۆیـە ئـەم پەیامنێرانـە بـە دوای ڕووماڵکردنـی هەواڵـەکان ئـەو وڵات و ئـەم وڵات دەکـەن، ناوچەکەشـیان نائـارام و لـە هەڵچوونێکـی بەردەوامدایـە و پـڕ لـە سـوپرایزی بێسـنوورە. بـۆ ئامادەکردنـی نووسـینێک یاخـود دەقێـک پێویسـتت بـە گەشـتێکی ئاسـمانی دەبێـت و دەبـێ گەشـت بـۆ بەغـدا یـان کوێـت و یانیـش دیمەشـق بکەیـت.

## شارێک لەسەر ڕووباری دیجلە:

لەنێـو فڕۆکـەدا هـەر شـارە و جوانییەکـی خـۆی هەیـە، لـە ئاسـمانەوە بەغـداش جوانـە. پـاش کاتژمێـر و نیوێـک لـە فڕیـن بەسـەر بیابانێکـی کاکـی بەکاکـی کـە تیشـکی هەتـاو سـووتاندوویەتی، بەغـدات وەکـو بەهەشـتێک دێتـە بەرچـاو کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە بـە بێسـتانەکانی دارخورمـا دەوردراوە و دارخورمـای بێسـتانەکان بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک ڕیزیـان بەسـتووە، ئـاوی ڕووبـاری دیجلـە لـە پێـچ و پەناکانـدا بـە تیشـکی خـۆر دەبریسـکێنەوە، لەنێـو ئـەو ڕووبـەرە کەسکانەشـدا گومـەزە زێڕینییەکانـی مزگەوتەکانیـش خۆیـان بـە زەرد نیشـان دەدەن.

بەغـدا، وەکـو هـەر شـارێکی تازەپێگەیشـتوو، ڕووخسـاری لـە گۆڕانێکی خێرادایە، ئێسـتا ئـەو شـەقامەی کـە بە نـاو هـاڕوون ئەلڕەشـید پاڵەوانی (هـەزار و یـەک شـەوە)وە ناونراوە، لـەوەدا نەمـاوە خـۆی بـە جوانیـی شـەقامەکە بابـدات، ئێسـتا تـەلاری بـەرز بـەرزی ۱۰-۱۲ نهۆمـی و هەوربڕەکانـی تێـدا قـووت کراوەتـەوە کـە بـە شـێوازی نـوێ بنیاتـنراون و بـە بەرد و چیمەنتـۆ و شووشـە دروسـتکراون، فرۆشـگا گـەورەکان شـوێنی فرۆشـگا بچووکەکانیـان گرتووەتـەوە و پەنجـەرەی نمایشـی گـەورە و کاڵای هاوردەیـان تێـدا نمایشـکراوە.

لـە دوو سـێ سـاڵی ڕابـردوودا چەنـد گەڕەکێکـی نـوێ پەیدابـوون کـە خانووەکانیـان لـە خشـت دروسـتکراون و کەوتوونەتـە قـەراخ شـارەوە، هەریـەک لـەم خانووانـەش دراونەتـە خێزانێـک کـە لەلایـەن وەزارەت و حکومەتـە خۆجێییەکانـەوە بـۆ ئەفسـەران، بەرپرسـانی حکوومـی، مامۆسـتایان، فەرمانبـەران و کرێکارانـی هێڵـی ئاسـنین دروسـتکراون. سـاڵانە هـەزاران خانـووی لەمجـۆرە لـە چۆڵەوانییەکانـی قـەراخ شـاردا دروسـت دەکرێـن.

لێـرە، لـە بەغـدا و دەوروبـەری دەتوانیـت دامـەزراوە پیشەسـازییەکان بەسـەر بکەیتەوە کـە بـەم دواییـە بنیاتـنراون. داگیرکارانـی بەریتانـی کـە لـە پاش جەنگـی جیهانیـی یەکەمەوە هاتوونەتـە عێـراق، ئابوورییەکی داتەپیویان وەک میراتێکی قورس بۆ عێراقییەکان جێهێشـت. هەمـوو سـەروەتی وڵاتیان تاڵانکرد، پێش هەموو شـتێک دەسـتیان بـە هەناردەکردنی خورما و جـۆ کـرد، ئینجـا ڕوویانکـردە هەناردەکردنـی نـەوت، بـەڵام هیچیـان نەکرد بۆ پێشخسـتنی پیشەسـازیی نـەوت. دوای شۆڕشـەکەی سـاڵی ۱۹٥۸ حکومەتـی عێـراق چەنـد هەنگاوێکـی گرنگـی نـا بـۆ نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری و کەمکردنـەوەی ڕێـژەی بێـکاری و هـەژاری. بـە

هاوکاریـی پسـپۆڕانی سـۆڤیەت کارگـەی بەرهەمهێنانی چیمەنتـۆ و قوتووبەندکردنی خۆراک بنیاتـنرا، هەروەهـا بگـۆڕی تەلەفـۆن و سـەنتەرێکی ڕادیـۆ و چەندین وێسـتگەی بەکرێدانی ئامێـر و چەندیـن کارگەیان دروسـتکرد.

هاوینانـی بەغـدا زۆر گەرمـە و نیـوەڕوان شـەقامەکانی چـۆڵ و هـۆڵ دەبـن، کەسـی تێـدا نابینـی و گەرمتریـن پارچـەی سـەر گـۆی زەمینـە. پلەکانـی گەرمـا لەنێـوان ٤٥ و ٤٨ پلـەی سـەدیدایە لەبـەر سـێبەر و ڕەنگـە پتریـش بێـت، جـا هـەر کـە ئێـوارەی لێداهـات، شۆسـتە و شـەقامەکان جمەیـان دێـت و خەڵـک هەمـووی ڕوو لـە دەرەوە دەکـەن.

پێدەچێـت ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە ئۆتۆمبێلـە گرانبەهـاکان لـەم شـارەدا هەبـن کـە زۆربەیـان ئەمەریکـی و ئەڵمانیـای ڕۆژئاواییـن، بـەڵام هێشـتا حەمباڵـە پێخواسـەکان، ئامـراز و هێـزی سـەرەکیی گواسـتنەوەی بـارە قورسـەکانن. پۆلیسـی هاتوچـۆ بـە کراسـێکی سـپییەوە، بـە بـەردەوام ئۆتۆمبێلـەکان ڕادەگـرن تاکـو پیـادە بپەڕنـەوە کـە زۆربەیـان لـەو حەمباڵـە جـل شـڕ و پینەدارانـەن کـە لـە ژێـر بەفرگرەیـەک یاخـود چەنـد سـندووقێک لـە شووشـەوات، یانیـش چەنـد سـەبەتە خۆرمایـەک پشـتی خۆیـان چەماندووەتـەوە.

## تیشکی ڕووناکی لە بیابان:

عێـراق وڵاتێکـی نەوتییـە و ڕوو لـە هـەر شـوێنێک بکەیـت بەڵگـەی هەبوونـی نەوتـت بـۆ دەردەکەوێـت. جارێکیـان لـە بیابانێکـی قـەراخ ڕووبـاری فـورات تابلۆیەکـی زۆر نامـۆم بینـی کـە لەسـەری نووسرابـوو:

پاریس- ٣٧٦٠ میل

تەرابلوس- ٣٦٢ میل

لەندەن- ٣٩٩٠ میل

بەغدا- ١٥٣ میل

کەرکووک- ١٥٠ میل

تابلۆکـە هێنـدە بـە پوختەیـی دروسـتکرابوو هـی گاڵتـە پێکـردن نەبـوو. بـە بۆڕییەکـی کانزایـی لـە زەوی چەقێنرابـوو و چـواردەوری بۆڕییەکە چەمەنتۆڕێژ کرابـوو، چوارچێوەیەکی ئاسـنینیش بـۆ تابلۆکـە دروسـتکرابوو کـە چـواردەوری بـە بۆیاخێکـی فسـفۆری ڕووکـەش کرابـوو، ئاخـۆ ئـەم تابلۆیـە بۆچـی لێـرە لـەم زەوییـە فشـەڵە لمینـەی بیابـان دانرابێـت؟

زۆری پێنەچـوو، وەڵامـی پرسـیارەکەم وەرگـرت، لـە دووریـی یـەک دوو کیلۆمەتـر تەنکـەری گـەورە گـەورەی گواسـتنەوەی نـەوت بەدیارکەوتـن، ئێـرە وێسـتگەی (K-٣) ی قەیسـەرییە کـە سـەر بـە هێڵـی گواسـتنەوەی نەوتـی خـاوە لەنێـوان کەرکـووک و دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت، هـەر لێرەشـەوە نەوتـی کەرکـووک دەگوازرێتـەوە بـۆ بەنـدەری تەرابلوسـی لوبنانـی. لەوێـش دەخرێنـە کەشـتییە گەورەکانـی گواسـتنەوەی نـەوت و هەنـاردەی ئەوروپـا دەکرێـت و داهاتـە قەبەکەشـی دەخرێتـە بانقەکانـی لەنـدەن و پاریـس و نیویـۆرک.

ئەمـە ئـەو خاڵانـە بـوو کـە لـە تابلۆکـەی نزیـک شـارۆچکەی حەدیسـە ئامـاژەی پێکرابـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا نیویۆرکیـان لەبیرکـرد، ئەمـەش لێکدانـەوەی خـۆی هەیـە. ئەمەریکییـەکان لـە قەیسـەریدا نیـن. ئـەم شـێوازە تایبەتـەی ژیانیـش هێنـدە سـەرنجی ڕانەکێشـاون، چونکـە پێگـەی تریـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن هەیـە کـە دەسـتکەوتی زیاتـری بۆیـان هەیـە، بـۆ نموونـە شانشـینی عەرەبیـی سـعوودییە.

پاشـان ناچـار بـووم چەنـد جارێکیـش سـەردانی کەرکـووک بکـەم و بچمـە لای کانەکانـی باوەگوڕگـوڕ کـە کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق نەوتـی لێبەرهەمدێنـێ. لـە دوورەوە پێـش ئـەوەی بـە چەنـد کیلۆمەترێـک بگەیتـە شـارەکە، لـە قەدپاڵـی تەپۆڵکـە سـوورەکاندا بڵێسـەی ئاگـری کانـەکان دەبینرێـن کـە هێندێـک جـار ڕاسـتەوخۆ ئاگـر لـە ژێـر لمەکـەوە گڵپـە دەکات، هێنـدێ جاریـش گازەکـە بـە بۆڕییەکانـدا دەگوازرێتـە سـەرەوە. نوێنـەری کۆمپانیـای بڵێسـەکان گێڕایـەوە کـە بەپێـی ئەفسـانەکان یەکێـک لـەو بڵێسـانە لەلایـەن قوسـتەنتینی بیزەنتییـەوە داگیرسـاوە و ئەویدیکەیـان کۆنـترە و لـە کاتـی هەڵمەتەکانـی ئەسـکەندەری گـەورەوە داگیرسـاوە.

ئاگـرەکان لـە شـەودا جوانـترن، بـەڵام ئـەم ناوچەیـە بـۆ عێراقییـەکان نەبووەتـە ناوچەیەکـی گەشـتیاری، ئەمـە پارەیـە و دەسـووتێنرێ، پەینـی کیمیایـی، سـووتەمەنی،

کەرەستە سەرەتاییەکان و پیشەسازیی کیمیاویی لەگەڵدا دەسووتێنرێ. کۆمپانیاکەش گوێی پێنادات، ئەوان تەنیا نەوتەکەیان لەلا مەبەستە، واتە داهاتی نەوتەکە، ساڵانەش ملیۆنان مەتری سێجای ئەم گازە بەفیڕۆ دەچێت و سوودی لێوەرناگیرێ.

سێ کۆمپانیای نەوت، کۆمپانیای نەوتی عێراق و دوو کۆمپانیای تری نەوتی بەسڕە و کۆمپانیای نەوتی مووسڵ نەوت بەرهەمدێنن، ئەم کۆمپانیانەش تەنیا بە ناو عێراقین و داهاتی نەوتەکانیان بەم شێوەیە دابەش بووە: ٤٧،٥٪ بۆ بەریتانیا و ٢٣،٧٥٪ بۆ ئەمەریکا و فەڕەنسا و ٥٪ بۆ بنەماڵەی گۆلبیکیانی ئەرمەنی کە تازە مردووە. ساڵانە ٤٦ تا ٤٨ ملیۆن تۆن لە نەوتی عێراق بەرهەم دەهێنرێت کە کەمتر لە ١٠٪ لەنێوخۆدا بەکاردەبردرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە هاوردەی دەرەوە دەکرێت.

هەتا ئەم دواییەش قەبارەی ئەو ئیمتیازاتانەی ئەم کۆمپانیانە زۆر کەمتر بوو لە ڕووبەری وڵات، سەبارەت بەو نەوتەشی دەردەهێنرێت تەنیا ٥٠٪ی داهاتەکە بۆ عێراق بوو و هیچ بەرپرسیارێتییەکیشیان لە هەمبەر عێراقدا لە ئەستۆ نەگرتبوو و هیچ کام لەم کۆمپانیانە هەرگیز وابەستەی بەڵێنەکانیان نەبوونە و بەشێک لە قازانجەکانیان بۆ خۆیان گلداوەتەوە.

جا بۆئەوەی لە بایەخی سامانی نەوتی عێراق حاڵی بین، ئەوەندە بەسە ئاماژە بەم ژمارەیە بکەین: لە ساڵانی ئەم دواییەدا داهاتی نەوت ٤٠٪ تا ٥٠٪ی کۆی داهاتی نیشتمانیی عێراق بوو، ئەم داهاتەش بەشی پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی دەکرد کە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەسەندنی ئابووریدا دەهاتە ڕێیان.

بۆیە ئاساییە حکومەتی عێراق چاو بە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەم کۆمپانیانەدا بخشێنێتەوە، لەمەشدا سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان پشتگیریی دەکەن. هێشتا عێراق پرسی خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوتی ڕانەگەیاندووە، تەنیا داوای وەرگرتنەوەی ئەو ڕووبەرە فراوانەی زەوییەکانی کردووە کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەکارنەدەهێنران و هیچ سوودێکیان لێنەدەبینی، هەروەها داوای ٢٠٪ی پشکەکانی کرد و بەشێکی زۆری کرێکارە بیانییەکانی بە کرێکاری عێراقی گۆڕی.

ســەبارەت بــەم بابەتــە، دانوســتانەکانی نێــوان حکومەتــی عێــراق و کۆمپانیاکانــی دەرهێنانــی نــەوت لــە ئابــی ١٩٥٨ دەســتیپێکرد و بــە شــێوەیەکی پچڕپچڕ ســێ ســاڵ زیاتری خایانـد و نەگەیشـتنە هیـچ دەرئەنجامێـک و ئیمپراتۆرەکانـی نـەوت هیـچ سازشـێکیان بـۆ حکومەتـی عێـراق نەکـرد، پاشـان لـە ئەیلوولـی ڕابـردوو حکومەتـی عێـراق یاسـایەکی دەرکـرد و بەپێـی یاسـاکە ٩٩،٥٪ی ناوچـەی ئیمتیازەکانـی خسـتەوە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، بەمـەش کۆمپانیاکانـی دەرهێنانـی نـەوت تەنیـا ٧٥٠میلـی چوارگۆشـەیان بەدەسـت مایـەوە کـە بتوانـن ڕاسـتەوخۆ نەوتـی تێـدا دەربهێنـن.

لەبەرئـەوەی کۆمپانیـاکان بـەم ڕێکارانـەی حکومەتـی عێـراق زیانێکـی ماددیـی زۆریـان بەرکـەوت، بۆیـە ناڕەزایـی خۆیـان لەمـەڕ ئـەم بڕیارە نوێیـە دەربـڕی و هەڕەشـەی ئەوەیان دەکـرد کـە لـە دادگای نێودەوڵەتیـدا سـکاڵا تۆماربکـەن، هـاوکات پشـتگیریی دەرەبەگـە کۆنەپەرستەکانیان دەکـرد کـە خۆیـان خسـتبووە بـەرەی ئۆپۆزیسـیۆنی حکومەتـی عێـراق.

دوای جێبەجێکردنــی ئــەم بڕیــارەی حکومەتــی عێــراق، بەریتانییــەکان لــە کەنــداوی فارسـیدا دەسـتیان بـە مانۆڕێـک کـرد و چەندیـن کەشـتیی جەنگییـان لـە کەناراوەکانـی عێــراق نزیکخســتەوە. لــەم سەروبەندەشــدا عەبدولکەریــم قاســم ســەرۆک وەزیرانــی عێـراق ڕایگەیانـد: «ئیمپریالیسـتەکان دەسـتیان داوەتـە پیلانگێـڕی. ئایـا دەزانـن بۆچـی؟ چونکــە ئێمــە ڕێگرییــان لێدەکەیــن کــە دەســتیان بــە ســامانی سرووشــتیی وڵاتمــان نــەگات. ئیمپریالیســتەکان درکیــان بــەوە کــردووە کــە بــە دروســتکردنی کارگــەکان، پێداویسـتییەکانی ناوخۆمـان بەرهەمدێنیـن و زیادەکەشـی هەنـاردەی دەرەوە دەکەیـن. ئەوکاتیــش ئــەوان زەرەریــان بــە ملیۆنــان دەبێــت».

لێدوانەکانــی ئــەم دواییــەی قاســم، مکوڕیــی عێراقییــەکان دووپــات دەکاتــەوە لــە بەرگریکـردن لـە بەرژەوەندییەکانـی وڵات و ڕایگەیانـد: «ئەگـەر کۆمپانیاکانـی دەرهێنانـی نـەوت ئامـادە نەبـن دان بـە مافەکانـی گەلانـی عێراقـدا بنێـن، ئـەوا ناچـار دەبین بـژاردەی دیکـە هەڵبژێریـن و داکۆکـی لـە مافەکانمـان بکەیـن».

ئیمپراتۆرەکانــی کەرتــی نــەوت، چەندیــن دەیــە ناوچــەی کەنــداوی فارســییان خســتبووە ژێــر ڕکیفــی خۆیــان و ئێســتا وا خەریکــە ئــەو هەژموونــەی جارانیــان نەمێنێــت. حکومەتــی عێــراق لــەو ناوچانەشــی کــە بــەم دواییــە کەوتنــەوە ژێــر

دەسـەڵاتی خـۆی، ئێسـتا دەتوانێـت هـەر خـۆی ڕاسـتەوخۆ بەبـێ پشـت بەسـتن بـە کۆمپانیـا بیانییـەکان نـەوت دەربهێنـن. ڕۆژنامـەی زەمانیـش ئـەوەی بڵاوکردبـووەوە کـە شـەش کۆمپانیـای بیانـی ئامادەیـی خۆیـان دەربڕیبـوو و لـە بەغـدای پایتەخـت ئامادەیـی خۆیـان ڕاگەیانـد کـە دەتوانـن کۆمپانیـای نەوتـی نیشـتمانی دابمەزرێنـن.

لـە کەرکووکیـش ژمـارەی مەشـخەڵەکان ڕوو لـە کەمبوونـەوە دەکـەن و بـە هاوکاریـی پسـپۆڕانی یەکێتیـی سـۆڤیەت کۆمپانیایەکـی بەرهەمهێنانـی کیمیایـی لـەوێ دابمەزرێنـن و گازی سرووشـتیی ناوچەکـەش دەبێتـە کەرەسـتەی خـاوی ئـەم بەرهەمانـە کـە لـە ئێسـتادا گازەکـە بەفیـڕۆ دەچـێ و دەسـووتێ و دوکەڵەکـەی بـە ئاسـماندا دەچێـت.

## خاک ... خاک:

ئـەو شـنەبایەی پـاش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بەسـەر عێراقـدا هەڵیکـرد، سـەرەتا کێشـەی سـەرەکیی کشـتوکاڵی لـە وڵاتـدا چارەسـەر کـرد.

ڕەوشـی لادێ و گوندەکانـی عێـراق لـە کاتـی فەرمانڕەوایـی پاشـایەتیدا زۆر کارەسـاتبار بـوو، ٩٠٪ی جوتیـاران کـە ژمارەیـان نزیکـەی ٧٠٠ هـەزار کـەس بـوو خـاوەن زەویـی خۆیان نەبـوون، بەڵکـو سـەپان بـوون و وەک کرێکارێـک لـەلای دەرەبەگەکانـدا کاریـان دەکـرد و لـە ژیانێکـی بێئومێـدی و نیمچـە هەژاریـدا دەژیـان، سـاڵانەش نزیکـەی ٥٠ هـەزار جوتیـار بـە ناچـاری لـە برسـان و لـە ژێـر سـتەمی دەربەگـەکان خۆیـان ڕزگار دەکـرد، گوندەکانیـان جێدەهێشـت و ڕوویـان لـە شـارەکان دەکـرد، وڵاتـی میزۆپۆتامیـا کـە لـە سـەدەکانی کۆنـدا بـە خاکـە بەپیتەکـەی بەناوبانـگ بـوو و خۆراکـی بیسـت تـا سـی ملیـۆن کەسـی فەراهـەم دەکـرد، لــە ســەردەمی فەرمانڕەواکانــی پێشــوودا نەیدەتوانــی ڕۆژانــە نانێـک و قاپــە برنجێـک بـۆ شـەش ملیـۆن کەسـی دانیشـتوانی دەوڵەتـی عێـراق دابیـن بـکات. سـاڵانەش کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجێبوون لـە دەوروبـەری بەغـدای وشـک و بریشـک سـەریهەڵدەدا کـە زۆربەیـان لـە کەپرێـک دەچـوون نـەک یەکـەی نیشـتەجێبوون و ئـەو کەسـانەیان تێـدا نیشـتەجێ دەبـوون کـە گوندەکانیـان بەجێهێشـتبوو، بەمـەش سـوپایەکی دەرۆزەکـەر لـە شـەقامەکانی بەغـدا پەیـدا بـوو.

یەکەمیـن ڕێوڕەسـمی کۆمـاری عێـراق، دانانـی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵ بـوو و خەملاندنەکانـی ئابووریناسـان دووپاتیـان کردووەتـەوە کـە بەهـۆی ئـەم یاسـایەوە نزیکـەی سـێیەکی کەمدەرامەتـان بوونـە خـاوەن زەویـی خۆیـان، دەرەبەگەکانیـش هێشـتا ٢٥٠ تـا ٥٠٠ هیکتـار زەوییـان بەدەسـتەوە مـاوە کـە بەپیتتریـن زەویـوزاری ناوچەکـە هەژمـار دەکرێـت. جێبەجێکردنـی سیسـتەمێکی ئاودێریـی هاوچەرخیـش لەسـەر هـەردوو ڕووبـاری دیجلـە و فوراتـدا بـووە هـۆی کەمکردنـەوەی برسـێتی، بەتایبەتیـش لـە بەشـی باشـووری عێـراق. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم سیسـتەمە ئاودێرییـە کاتێکـی زۆری پێویسـتە و دەگاتـە چەنـد سـاڵێک.

لـە ساڵیادی چوارەمـی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزدا ڕۆژنامەکانـی بەغـدا ڕایانگەیانـد، تاکـو ئێسـتا ٤٥٠ هـەزار هیکتـار زەوی بەسـەر ٣٠ هـەزار خێزانـدا دابەشـکراوە، دەیـان هـەزار خێزانیـش پارچـە زەویـی حکومەتیـان بەکـرێ دەگـرت.

سـەرەتا پرۆسـەی گەشەسـەندنی کشـتوکاڵ لـە گوندەکانـدا بەخێرایـی بەڕێوەچـوو، یەکێتییەکانـی جوتیارانیـش ڕۆڵیـان لـەم پێشـکەوتنانەدا هەبـوو کـە لـە هەمـوو شـوێنێکدا ئـەم جـۆرە یەکێتییانـە بوونیـان هەبـوو. هـاوکات دەرەبەگەکانـی دەرەوەی وڵات و ئەوانـەی لـە شـارە گەورەکانـدا دەژیـان ئاسـەواری ئـەو گـورزە گەورەیـەی حکومـەت لەوانـی وەشـاندبوو پێوەیـان دیارنەمـا، ئەوانـەی پـاش دەرچوونـی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵ، گوندەکانیـان جێهێشـتبوو گەڕانـەوە گوندەکانیـان و چوونـەوە سـەر زەویوزارەکانیـان، هەمووشـیان یەکیانگرتبـوو و کاریـان دەکـرد فەشـەل بـە یاسـاکە بێنـن و یەکێتییەکانـی جوتیـاران و ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکانیان هەمـوو هەڵوەشـاندەوە. باڵادەسـتیی دەرەبەگـەکان و بەکرێگیراوانـی کۆمپانیاکانـی نـەوت بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی کێشـەیەکی گـەورەی نەتەوەیـی و لـە چوارچێـوەی هەڵگیرسـانی دووبەرەکیـی نەتەوەیـی، هێزەکانـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتانی ناوخـۆ هەوڵـی لاوازکردنـی ڕۆڵـی حکومەتیـان دەدا و خەباتیـان لەپێنـاو سەرنجڕاکێشـانی ڕای گشـتی دەکـرد تاکـو دووریـان بخەنـەوە لـە خەباتـی دژ بـە نەهێشـتنی پاشـماوەکانی دەسـەڵاتدارانی بیانـی لەسـەر زەویـوزارەکان. لـەم دوایـەدا ڕەوشـەکە لـە کوردسـتان بـەرەو قەیرانێکـی گەورەتـر دەچـوو.

لـە کۆتایـی هاوینـی ڕابـردوودا لـە سەرتاسـەری بەغـدا دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـووەوە کـە مـەلا مسـتەفا سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی حکومەتـەوە هەڵوەشـێنراوەتەوە لەگـەڵ لایەنگرانـی لـە دەسـت چەوسـاندنەوەی دەسـەڵاتداران خـۆی ڕزگار کـردووە و بـەرەو چیاکانـی کوردسـتان چـووە، ڕۆژانـەش بـە بەردەوامـی شـەڕی سـوپای عێـراق دەکـەن و سـەرکردەکانی بزووتنەوەکـە سـوورن لەسـەر داواکردنـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا.

کوردسـتان چەمکێکـی حکوومـی یاخـود کارگێـڕی نییـە، ئەمـە نـاوی ئـەو ناوچانەیـە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن و زمانێکـی نزیـک لـە زمانـی فارسـییان هەیـە، نزیکـەی چـوار ملیۆنیـان لـە تورکیـا و سـێ ملیـۆن لـە ئێـران و نزیکـەی ملیـۆن و نیوێکیـش لـە عێراقـدا دەژیـن کـە دەکاتـە پێنجیەکـی کـۆی گشـتیی دانیشـتوانی عێـراق.

هـۆز و تیرەکانـی کـورد لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا دەژیـن کـە دەتوانیـن بڵێیـن پیشەسـازیی هـەر تێـدا نییـە و ژمارەیەکـی کەمـی قوتابخانـە و کتێبخانەیـان تێدایـە، جووتیارەکانیـان برسـین و بەپیتتریـن زەویوزارەکانیان بە دەسـت دەرەبەگـە ناوخۆییەکانیانە. کـورد میللەتێکـن شـانازی بەخۆیـان دەکـەن و عاشـقی ئازادیـن، جوتیـار و مـەڕداری بـاش و لێهاتـوون، لـە ڕاووشکاریشـدا شـارەزان و تیرهاوێـژی دەسترِاسـتن. لـە دەسـتووری کاتیـی کۆمـاری عێراقیشـدا هاتـووە: کـورد هاووڵاتیـی عێراقـن و هیـچ جیاوازییـەک لەنێـوان ئـەوان و نەتەوەکانـی دیکـەدا نییـە، ئـەم بڕگەیـەی دەسـتوور بـە گـوڕ و تینێکـی زۆر و حەماسـەتەوە پێشـوازیی لێکـرا.

هـەر زوو بـە شـێوەیەکی فەرمـی ئـەو دەنگۆیانـەی لـە بەغـدا بڵاوببوونـەوە لەلایـەن حکومەتـەوە دووپاتکرایـەوە کـە ژمارەیـەک لـە هۆزەکانـی کوردسـتان چەکیـان هەڵگرتووە، لـە کۆتایـی ئەیلوولیشـدا قاسـمی سـەرۆک وەزیـران لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا ڕایگەیانـد: بـە هاوکاریـی هێـزە ئاسـمانییەکان ڕاپەڕینەکـەی کوردمـان کپکـردەوە. هەروەها ئەوەشـی گـوت کـە نزیکـەی ٥٠ گوندیـان سـووتاندووە و دواتـر بـە بـەردەوام هەواڵـی شکسـتهێنانی چەکدارانـی کوردیـان بڵاودەکـردەوە، چەنـد ڕۆژنامەیەکیـش دەیانگـوت: شـەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوەکان هێشـتا بەردەوامـن، ئاشکراشـە شۆڕشـەکەی کـورد جێگیـر و هاوتـا نەبـوو. دەرەبەگـە کۆنەپەرسـتەکانی کـورد، ئەوانـەی وابەسـتەی کۆمپانیاکانـی نـەوت

بوون، چەند تاقمێکی چەکداریان پێکهێنابوو و دەستیان بە دزیکردن کرد، ئەویش بۆ ئەوە بوو کە دۆخی وڵات ئاڵۆزتر بکەن و دۆخی عێراق بشێوێنن.

هەواڵی بەردەوامبوونی شەڕی خۆبەخۆی عێراقییەکان، بووە مایەی نیگەرانیی تەواوی هاووڵاتیانی عێراق، بۆیە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران بەتایبەتیش ئەوانەی بیروباوەڕێکی پتەوی دیموکراتخوازانەیان لەناخدا چەسپابوو، چەندین نامەیان ئاراستەی حکومەت کرد و تیایاندا داوای چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کوردیان دەکرد. لە کۆتایی نیسانی هەمان ساڵدا خۆپیشاندانێک لە بەغدا ڕێکخرا کە کرێکاران و لاوانی تێدا بەشدا بوو، بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە داوای ئاگربەستی یەکجارەکییان لە کوردستان دەکرد، هەروەها داوای ئەوەشیان دەکرد کە بە پێی ماددەکانی دەستووری کاتیی کۆماری عێراق کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

لە یەکێک لەو نامانەی ئاراستەی حکومەتی بەغدا کرابوو کە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرابووە، هاتبوو: سەرکردەکانی کوتلەی سەربازیی سینتۆ و قۆرخکارانی نەوت، ئەوانەی هەوڵی درێژەدان دەدەن بەو ئیمتیازاتانەی لە عێراق هەیانە، تاکە سوودمەندی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانن لە کوردستان، ئەوان دەیانەوێ سەرنجی ڕای گشتی لەسەر کێشە نیشتمانییە مەزنەکانی دووربخەنەوە و کێشەی نەوت لەبیر خەڵک ببەنەوە و هەموو سەرنجەکان ئاراستەی شەڕەکانی کوردستان بکەن.

ڕۆژانی پشووە فەرمییەکان و پشووەکانی کۆتایی هەفتە دەرفەتی ئەوەم بۆ دەڕەخسا بچمە نێو هاووڵاتیانی عێراق و جوتیارێکم بینی بە گاجووت زەوییەکەی دەکێڵا، لەخۆمم پرسی: ئاخۆ دەبێ بە تراکتۆرێک چەند دڵخۆش بێت کە بۆ یەکەمینجار دێتە گوندەکەی. لە بەغدا لە سەربانی ئوتێلی «سندباد»ەوە وێنەی ئەو ڕێپێوانەم دەگرت کە بەهۆی پاشەکشەی وڵات لە پەیمانی بەغداوە سازدرابوو. لە ڕێپێوانەکەدا دروشمی «مردن بۆ ئیمپریالیزم»، «بژی ئاشتی»!، «نەمری بۆ کۆماری عێراق»! بەرزکرابووەوە و تابلۆکان لە بەیانییەوە تاکو درەنگانێکی شەو بە ستوونی کارەباکانەوە مابوون. پاشان ڕێپێوانێکی دوورودرێژم بینی کە ئەوسەری دیارنەبوو و تەرمی سەرۆکی یەکێتیی جوتیارانیان هەڵگرتبوو و بۆ ناشتن بەرەو گۆڕستانیان دەبرد کە بەدەستی بەکرێگیراوانی دەرەبەگەکان کوژرابوو، هاووڵاتیان بە ڕوویەکی گرژەوە بەدوای تەرمەکە کەوتبوون.

دۆخـی ئێسـتای عێـراق زۆر سـەخت و نالەبـارە، کۆنەپەرسـتانی ناوخـۆ چـالاک بوونەتـەوە و ئیمپریالیسـتانی بەریتانیـا و ئەمەریـکا فشـار دەخەنـە سـەر حکومـەت بـۆ بەردەوامبوونـی سیاسـەتی خۆیـان کـە لـە بەرژەوەندیـی ئەوانـدا بێـت و ئیمتیازاتـی کۆمپانیاکانـی نـەوت بپارێـزن، بـەڵام دەبـێ بڕوامـان بـە هێـزی گـەل لـەق نەبێـت کـە توانییـان ڕژێمـی پاشـایەتی بڕووخێنـن و لـە پەیمانـی بەغـدادا پاشەکشـە بکـەن، عێـراق توانـای سـەرکەوتنی هەیـە بەسـەر کۆسـپ و تەگـەرەکان و لەتوانایدایـە بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی وڵات بـکات.

**«پراڤدا» ١٩٦٢/١١/١٥**

**ئەو تۆمەتانەی لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوادا دراوەتە پاڵ کوردی عێراق**

بەیـرووت، ١٤ی تشرینـی دووەم. (تـاس). ڕۆژنامـەی «الهـدف»ی لوبنانـی بابەتێکـی لەسـەر کێشـەی کـورد بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا هاتـووە: لـەم دواییـەدا کێشـەی کـوردی عێـراق سـەرنجی میدیـا و ئاژانسـەکانی هەواڵـی نێودەوڵەتیـی ڕاکێشـاوە و ژمارەیەکـی زۆری ڕاپۆرتیــان لــە بــارەی ئــەم کێشــەیەوە نووســیوە، بەتایبەتیــش ڕۆژنامەکانــی ئەمەریــکا، بەریتانیــا، ئەڵمانیــای ڕۆژئــاوا و تورکیــا، لەنێویشــیاندا ڕۆژنامــەی نیویــۆرک تایمــز کــە چەندیــن نووســینی پەیامنێــر دان ئادەمــز شــمیدتی بڵاوکردووەتــەوە، پەیامنێرەکـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە سـەردانی ناوچـە گەرمەکانـی شـەڕی کـردووە لــە عێــراق و وەکــو شــاهێدحاڵێک ڕوداوەکانــی تۆمارکــردووە.

ڕۆژنامـەی «الهـدف» بڵاویکردووەتـەوە: یەکێـک لـە سـەرکردە ناودارەکانـی کـورد کـە یەکێکـە لـە لایەنگرانـی بارزانـی، لـە ئێسـتادا لـە دیمەشـقە. پەیامنێرمـان بـە ڕێککـەوت چـاوی بـەو سـەرکردە کـوردە کەوتـووە و داوای لێکـردووە دۆخـی کـوردی عێراقـی بـۆ ڕوون بکاتـەوە. ئەویـش لـە وەڵامـدا بـە تونـدی ئـەو تۆمەتانـەی پەیامنێرەکـەی نیویـۆرک تایمـزی ڕەتکردووەتـەوە بـەوەی کـە مسـتەفا بارزانـی هەوڵیـداوە کوردسـتانێکی یەکگرتـوو و سـەربەخۆ دابمەزرێنێـت و تێکـڕای کـوردی عێـراق، تورکیـا، ئێـران و سـووریا لـە سـایەی ئـەم دەوڵەتـەدا کۆبکاتـەوە. هەرگیـز ئەمـە ئامانجـی بارزانـی نەبـووە. سـەرکردە کوردەکـە لـە درێـژەی لێدوانەکەیـدا ڕایگەیانـدووە: ئاشـکرایە کـە بارزانـی سیاسـەتوانێکی حەکیـم و

جەنگاوەرێکی بە ئەزموونە و تەنیا دەیەوێ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق دەستەبەر بکات کە دەستووری کاتیی کۆماری عێراقیش زامنی کردووە و پێشتر عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی عێراقیش ئیمزای کردووە.

هەروەها دەشڵێت: کوردی عێراق لەگەڵ ئاشتی و دۆستایەتیدان لەگەڵ برایانی عەرەبیان و ئامانجیان پاراستنی دابونەریت و کلتووری باپیرانیانن و ئامانجیان ڕەخساندنی هەلی خوێندنی ڕۆڵەکانیانە بە زمانی کوردی لە قوتابخانە کوردییەکاندا.

کاتێک پەیامنێرمان پرسیاری ئەو ڕاپۆرتانەی لێکرد کە لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا بڵاوکراونەتەوە سەبارەت بە ئامانج و نیەتی بارزانی، سەرکردە کوردەکە لە وەڵامدا دەڵێ: «ڕۆژنامەکان نیازێکیان هەیە، ئەویش شێواندنی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردە  لە عێراق و دروستکردنی دۆخێکی ناسەقامگیرە لە ناوچەکە»، بەتایبەتیش لە تورکیا و ئێران، دواتریش لە سووریا، ئەویش بەوەی کە ڕق و کینە بۆ بارزانی بێننە کایەوە و ترسێک لە بارزانی بخوڵقێنن کە هەرگیز ڕێگە نادات ئیمپریالیستانی ڕۆژئاوایی بگەڕێنەوە ناوچەکە. دووریش نییە پەیامنێر شمیدتیان بۆ هەمان مەبەست ناردبێت، هەرچەندە ئێمە بانگهێشتمان نەکردووە. لەلایەکی دیکەوە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەتیش بەریتانییەکان فشار دەخەنە سەر جەنەڕاڵ قاسم بۆئەوەی لە ئاست کۆمپانیاکانی نەوت نەرمی بنوێنێ، ڕەنگە ئامانجی دیکەشیان هەبێت، تا واز لە داواکارییەکانی لە کوێت بێنێت. جا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، قسەڵۆکی بێ بنەما دەخەنە پاڵ بارزانی کە گوایە دەیەوێت دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ کورد دامەزرێنێت، خۆ داواکارییەکەی بارزانی سنووری ناوخۆی عێراقی نەبەزاندووە و ئەو داوای مافەکانی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا کردووە، ئا بەم شێوەیە ئیمپریالیستەکان سیاسەتی «پەرتکە و زاڵبە» پێڕەو دەکات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ بارزانی داوای هاوکاریی لە ئەمەریکا کردووە؟ سەرکردەکە لە وەڵامدا دەڵێت: «ئێمە چەکی پێویستمان لەبەردەستدایە بۆ درێژەدان بە خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان» دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە گوایە بارزانی شەرم ناکات لەگەڵ ئیمپریالیستەکاندا هاوکاربێت بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی. جەنەڕاڵ قاسمیش هەمان هەڵەی دووبارە کردەوە کاتێک لە وەسفی

بارزانیـدا کـە هاوڕێـی دڵسـۆز و هـاوکاری بـووە لـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز و گوتـی: نۆکـەری ئینگلیزەکانـە، بـەڵام دواتـر  لـەو قسـەیەی پاشـگەز بـووەوە و قسـەکەی بـە تۆمەتێکـی دیکـە گـۆڕی کـە پێوەنـددار بـوو بـە چالاکییـە تێکدەرانەکانـی».

سـەرکردە کوردەکـە لـە کۆتایـی قسـەکانیدا ڕایگەیانـد: «وێـڕای هەمـوو ئـەو کێشـانە، ئێمـە لـە کۆتاییـدا لەگـەڵ جەنـەڕاڵ قاسـمدا هـەر ڕێکدەکەویـن و سـەرجەم کێشـەکانی نێوانمـان چارەسـەر دەکەیـن و ئاشـتدەبینەوە، هاوکاریـی یەکـدی دەکەیـن و هەوڵەکانـی هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد یەکدەخەیـن بـۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی وڵاتمـان».

**«کێشەکانی ئاشتی و سۆشیالیستی»، ژمارە ٧، ١٩٦٢، ٧، لاپەڕە ٣٥.**

**چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد!**

حکومەتـی قاسـم هەوڵـی چەواشـەکردنی ڕای گشـتی دەدات و دۆخـی ڕاسـتەقینەی کوردسـتان دەشـێوێنێ، جارێکـی دیکـە هەروەکـو لـە پایـزی ڕابـردوو دەسـتی کـردووە بـە خوێـن ڕشـتنی ڕۆڵەکانـی کـورد کـە بـۆ بەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانیـان ڕاپەڕیـون.

ڕووداوە خوێناوییەکانـی کوردسـتان بووەتـە مایـەی نیگەرانیـی جەمـاوەر و سـەرجەم هێـزە دیموکراتخوازەکانـی وڵات کـە زۆر بـە باشـی درکیـان بـەو ڕاسـتییە کـردووە کـە سـەرهەڵدانی ململانـێ نەتەوەییـەکان بـە هاندانـی ئیمپریالیسـتەکانە و لـە بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیـان بەکاریدێنـن.

سـەدان کەسایەتیی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیران یاداشـتنامەیان بـۆ حکومـەت نـاردووە و داوای چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد دەکـەن لـە کوردسـتان کـە سـەرۆکی حزبـی نیشـتمانیی دیموکراتخـواز کامـل چادرچـی یەکێـک بـووە لـەو کەسـایەتییانە.

حزبـی شـیوعیش لـە لای خۆیـەوە نیگەرانیـی خـۆی بـۆ ڕووداوە خوێناوییەکانـی ئـەم دواییـەی کوردسـتان دەربـڕی و داوای لـە ڕای گشـتیی نێودەوڵەتـی و حکومەتـی عێـراق کـردووە هەتـا زووە دۆخەکـە ئاسـایی بکەنـەوە و هەوڵـی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی کـوردی عێـراق بـدەن.

«لە بەیاننامەکەی حزبی شیوعیدا هاتووە: لە ئێستادا بەرخودانێکی میللی دژی ئەو ڕێکارانە لە پەرەسەندندایە کە حکومەتی عێراق بۆ لەباربردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد گرتوویەتییە بەر و تاکو ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە حکومەتی عێراق دەستبەرداری ئەو سیاسەتەی ئێستای بێت، هەرچەند خوێنی ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دەڕژێ و دووبەرەکییەکان، ڕیزەکانی هێزە نیشتیمانییەکانی لەبەریەک هەڵوەشاندووەتەوە و توانای بەرگریکردنی لە سەربەخۆیی وڵات لاوازکردووە کە لەلایەن سینتۆ و کۆمپانیاکانی نەوتەوە پشگیری دەکرێت». بەڵگەنامەکەی حزبی شیوعی ئاماژە بەوەش دەدات کە «هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان هاوکارییەکی زۆری گەلانی عێراقیان کردووە لەپێناو مافە دیموکراسییەکانیان، پشتیوانیی دۆستانەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لەسێدارەدانی ژمارەیەک لە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی مووسڵدا هەبووە». حکومەتی قاسمیش ناچار کرا بڕیاری لەسێدارەدانەکە هەڵبوەشێنێتەوە و گیانی ٤٥ کەسایەتیی نیشتمانپەروەر ڕزگار بکات. ئێستاش لەم ڕۆژگارە دژوار و خوێناوییەدا، گەلانی عێراق، بەتایبەتیش ڕۆڵەکانی کوردی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، ئومێدێکی زۆریان لەسەر پشتیوانی و پشگیریی نێودەوڵەتی هەڵچنیوە.

**«ئیزڤیستیا»، ١٩٦٣/٢/١٧**

**بارودۆخی عێراق**

نیویـۆرک، ١٦ی شـوبات. (تـاس). پەیامنێـری یونایتدپرێـس ئینتەرناشـناڵ ڕایدەگەیەنێـت کـە: «هێزەکانـی عێـراق بـە تانـک و زرێپـۆش چوونەتـە ناوچـەی کیفـا کـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی کـوردن و گەمـارۆی ناوچەکەیـان داوە». پەیامنێرەکـە ئەوەشـی ڕوونکردووەتـەوە کـە کـوردی سـڤیلی ناوچەکـە لـەو هێزانـە تۆقیـون کاتێـک ئـەم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەیان بەچـاوی خۆیـان بینیـوە کـە بـە مەبەسـتی تۆڵەکردنـەوە هاتـوون. بـە درێژایـی ئـەو ڕۆژە چەکدارانـی سـوپا، کۆمـەڵ کۆمـەڵ خەڵکیـان دەگـرت و ڕادەسـتی بنکـەی پۆلیسـیان کـردوون. دیپلۆماسـیانی ڕۆژئـاواش لێـرە دەڵێـن: ژمـارەی دەسـتگیرکراوەکان زۆرە و بنکەکـەی پۆلیـس نایانگـرێ، بەڕادەیـەک کـە سـەربازگەی تایبەتیـان بـۆ بەندکردنـی ئـەو گیراوانـە کردووەتـەوە.

**«بەیاننامەی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی سۆڤیەت»**

لــە مــاوەی حوکمڕانیــی دیکتاتۆریانــەی قاســمدا، ویـّـڕای چەوســاندنەوە و ڕاوەدوونانیــان، شــیوعییەکانی عێــراق درێژەیــان بــە خەباتــی پاڵەوانانــەی خۆیــان داوە بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی شــۆڕش. دژی ئیمپریالیســتەکان بەرگرییــان لــە یەکگرتوویــی هێــزە ناسیۆنالیســتی و نیشــتمانییەکان کــردووە و لەپێنــاو دەســتەبەرکردنی خواســتە نەتەوەییــە ڕەواکانــی گەلــی کــورد و چەســپاندنی دیموکراســییەت، و مــاف و بەرژەوەندییــە ژیارییەکانــی گەلانــی عێراقــدا خەباتیــان کــردووە.

شــیوعییەکانی یەکێتیــی ســۆڤیەت و ســەرجەم گەلانــی ســۆڤیەت، ئەوانــەی بــە بایەخــەوە دەڕواننــە چارەنووســی گەلانــی عێراقــی دۆســت، هەســت بــە نیگەرانییەکــی زۆر دەکــەن ســەبارەت بــەو ڕەوشــە نالەبــارەی لــە عێــراق لــە ئارادایــە. ئــەوان پشــتیوانی لــە کۆمەڵگــەی پێشــکەوتنخوازی تــەواوی جیهانــدا دەکــەن و ناڕەزایــی تونــدی خۆیــان دەردەبــڕن لــە ئاســت ئــەو کۆمەڵکوژییــە ناڕەوایــەی لــە عێراقــدا پێــڕەو دەکرێــت.

**لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت**

**«پراڤدا»، ۱۹٦۳/۲/۱۸**

**جیهان تووڕەیە لە سەرکوتکردنە خوێناوییەکەی عێراق**

ڕۆژنامــەی «هیومانیتــی دیمانــش» دووپاتــی دەکاتــەوە کــە کۆنەپەرســتانی عێــراق، شــیوعییەکان و کــورد و تــەواوی دیموکراتخــوازەکان بــە دڕەندەترین شــێوە دەچەوســێننەوە. ئــەو بۆرژوایانــەی ســەر بــە ڕەوتێکــی پێشــکەوتنخوازانەن، لــە بەندیخانەکانــدا قایمیــان دەکــەن، ئــەوان ئێســتا هەســت بــە هەڵەکانــی خۆیــان دەکــەن، هەڵەکەشــیان ئەوەیــە کــە ئارەزوویــان نەدەکــرد پشــت بــە چینــی کارگــەران ببەســتن کــە تاکــە هێــزە بتوانێــت دژی پیلانەکانــی دەرەبــەگ و ئیمپریالیســتەکان، درێــژە بــە خەباتــی نەپســاوەیان بــدەن و بــە پێشــنیازەکەی حزبــی شــیوعی قایــل نەبــوون بەرەیەکــی نیشــتمانی دابمەزرێنــن.

**«ئیزڤیستیا»، ١٩٦٣/٢/١٩**

**گەل تۆقاندنە خوێناوییەکەی عێراق پرۆتستۆ دەکات**

پاریـس، ١٨ی شـوبات. (تـاس). پەیامنێـری ئاژانسـی فرانـس پرێـس لـە تارانـەوە ڕایدەگەیەنێـت، دانوسـتانە نوێیەکـەی نێـوان حکومەتی عێـراق و هۆزەکانی کـورد ڕاگیراون. نوێنەرانـی کـورد گوتوویانـە: «چـۆن دژی قاسـم جەنگایـن، بـە هەمـان شـێوە دژی عارفیـش دەجەنگیـن، هەتاکـو تەواوی مافەکانمان بەدەسـتدێنین» ئەمە ئـەو زانیارییەیە کە پەیامنێری ڕۆژنامـەی «کەیهـان ئینتەرناشـنال» لـە تـاران ڕایگەیاندبـوو کـە بارەگاکـەی لـە کرماشـانە.

**«فیگرنی تبلیسی» (ئێوارەی تبلیسی) ، ١٩٦٣/٢/١٩**

**کودەتاکەی عێراق لە بەرژەوەندیی کێدایە؟**

چاودێرانـی سیاسـی کۆکـن لەسـەر ئـەوەی بارودۆخـی عێـراق بەنـدە بـە سیاسـەتی فەرمانڕەوایانـی نوێـی عێـراق لـە ئاسـت بزووتنـەوی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی عێـراق. ئاراسـتەیەکی قووڵـی دیموکراتیخوازانـە باڵـی بەسـەر ئـەو بزووتنەوەیـەی کـورددا کێشـاوە، لەکاتێکـدا بەشـێک لـە سـەرکردەکانیان بەنـدن بـە سـەرمایەی بیانـی و گـەورە بـۆرژوا و دەرەبەگـەکان و پشـگیری لـە مەیلـی گۆشـەگیری دەکـەن. هەرچەنـدە قاسـم بەڵێنـی بــە کــورد دابــوو، بــەڵام دانــی بــە ئۆتۆنۆمــی نەنــا کــە کــورد لەپێناویــدا خەباتیــان دەکـرد. لـە ئایـاری ١٩٦١ ڕاپەڕیـن سەرتاسـەری کوردسـتانی گرتـەوە و ئـەوکات سـوپای عێـراق تەنیـا بەرگریـی لـە ناوچـە نەوتییەکانـی کەرکـووک و مووسـڵ دەکـرد و هەوڵـی دەدا نەکەوێتــە ژێــر دەســەڵاتی خەڵکــی ڕاپەڕیــو. شــەڕی نێــوان حکومەتــی عێــراق و پێشــمەرگە تاکــو کودەتاکــەی ٨ی شــوبات بــەردەوام بــوو. ســوپاش لــە قاســم ڕازی نەبــوو: لــە کوردســتان شکســتی هێنــا، هەروەهــا لــە کوێتیــش، لــە دەســتپێکردنەوەی دانوســتانیش هــەر شکســتی هێنــا کــە نەیتوانــی دانوســتان لەســەر ڕێکەوتننامەکانــی پێشــوو بــکات لەگــەڵ خــاوەن ئیمتیازەکانــی نــەوت.

**لە گۆڤاری هەفتانەی (France Nouvelle) وەرگێڕدراوە (پاریس)**

**«زاریا فاستۆکا» (فجر الشرق) ١٩٦٣/٢/٢١**

**لە عێراق چ باسە؟**

جارێکی دیکە، بەپێی پلانە داگیرکارییەکە کە ئامانجەکانی خۆیان پێکابوو، هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی درایەوە لەنێوان کەمە نەتەوایەتییەکانی عێراق و دژ بەیەک هاندەدران، لە حوزەیرانی ١٩٦١ هەموو جۆرە ڕۆژنامەیەکی کوردیی قەدەغە کرد و تەواوی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی داخست، ئەوکات بۆرژوازییەتی کورد هانایان بۆ شای ئێران و ئەمەریکا برد و داوای یارمەتییان لێکردن. فڕۆکەکانی سوپای عێراقیش دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی کوردستان کردەوە، لە کاتێکدا دەستوورەکەی ساڵی ١٩٥٨ دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نابوو.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٢/٢٧**

**ئەو وانانەی نابێت لەبیربکرێن!**

کورد، تەنانەت لەکاتی فەرمانڕەوایی تورکی و ئینگلیزیدا، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی عەرەبەوە گرێدا و هاوبەشی هەموو شکست و سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمان بوون.

لە سیاسەتی شەڕخوازانەیدا، قاسم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە دژی گەلی کوردی دلێر لە کوردستان دەستپێکرد و یەکێتیی هێزە نیشتمانییەکانی خستە ژێرپێوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئێستای کورد، لەبنەڕەتدا مۆرکێکی دیموکراتخوازانەی گرتووە و ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلی کورد ژیانێکی ئازاد و یەکسانی هەڵبژاردووە و ئامانجی دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافانەیە کە دەستووری کاتیی عێراق بۆی زامنکردووە. قاسم زۆر بە ناڕەوا خواستی کوردی لە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بە هەوڵێکی جوداخوزانەی کورد لێکدایەوە، بانگەشەی دەکرد کە کورد بەنیازن کوردستان لە عێراق جودابکەنەوە و سەرکردە ئازاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم لەقەڵەمدا. دەبوایە ئەم لێدوانە هەڵبەستراوەش بدات بۆئەوەی دواتر پاکانە بۆ هێرشە ناڕەواکانی سوپاکەی بکات کە دژی ئازادیخوازانی کورد ئەنجامی دەدات.

هەڵبەت ئەو براکوژییەی قاسم بەسەر کوردی سەپاندبوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بێهێز کرد و بارودۆخێکی ئەوتۆی هێنایە ئاراوە کە هێزە ناوخۆییەکانی کۆنەپەرستان  و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمی چالاک کرد، تاوەکو دژی سەربەخۆیی نیشتمانیی عێراق بووەستنەوە.

لەبەر ئەم هۆکارانەی لەپێشەوە باسکران، سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتی کۆکردەوە و خەباتێکی یەکگرتووانەیان بۆ گۆڕینی سیاسەتە کارەساتبارەکانی قاسم دەستپێکرد. هاودەنگ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعیی عێراقیش داوای چارەسەرێکی ئاشتیخوزانەی کێشەی کوردی کرد و لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی حزبەکەیان لە ئاست چارەنووسی پێشکەوتنی دیموکراتیخوازانەی سەربەخۆی کۆماری عێراق، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشە مەترسیدارەکەی کورد لەسەر بنەما دیموکراسییەکاندا داوای چارەسەرێکی ئاشتی و دادپەروەرانەی کوردی کرد. لەم دواییەشدا هەڵمەتێکی فرەوانیان دەستپێکرد بۆ پشتیوانیکردنی خواستەکانی کورد، بەڵام قاسم لەجیاتیی ئەوەی گوێ بۆ دەنگی حەکیمانەی گەلانی عێراق بگرێت کە داوای چارەسەرێکی ئاشتییانە دەکات بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان، بژاردەی سەرکوتکردن و پاکتاوی ئاشتیانەی کێشەی کوردی هەڵبژارد و پەنای بۆ تۆڵەسەندنەوە و کاری پۆلیسی برد و هەوڵی دەستگیر کردنی هەموو ئەو کەسانەی دا کە بەشدارییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا کردبوو.

**«ئیزفیستیا» ١٩٦٣/٢/٢٢**

**بارودۆخی عێراق**

پاریس، ٢١ی شوبات. (تاس) ڕۆژنامەی کۆمبای پاریسی بڵاویکردووەتەوە کە کوردی باشوور دەستیان بە خەباتی چەکدارانەی خۆیان کردووەتەوە دژی حکومەتی نوێی عێراق. «ئەو کوردەی دەستیان بە دانوستان کردووەتەوە لەگەڵ حکومەتە نوێیەکەی عارف» و ڕۆژنامەکە دەنوسێ: دووبارە کورد دەستیان بە بەرهەڵستیکردن کردووەتەوە و دژی هێزەکانی سوپای عێراق دەجەنگن. ( هەروەک دەزانن، نوێنەرانی کورد لە دانوستانەکانیاندا لەگەڵ حکومەتە نوێیەکە سێ مەرجیان خستبووە بەردەم حکومەت – ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، تەرخانکردنی پشکێک لە داهاتی نەوت و کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ناوچەکانی کوردنشین- نووسەر). بەڵام ئەنجوومەنی سەربازی

لە بەغدا، مەرجەکانی کوردیان ڕەتکردووەتەوە، بۆیە کوردیش درێژەیان بە خەباتی چەکدارانەی خۆیان دا لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان».

**«فیگرنی تبلیسی» (ئێوارەی تبلیسی)، ١٩٦٣/٢/٢٦**

**شەوانی پارسۆلۆمیۆ لە عێراق**

بەپێی هەواڵەکانی «ڕۆژنامەی کایان»، سەرکردەکانی کورد هەموو جۆرە دانوستانێکیان لەگەڵ حکومەتە نوێیەکەی عێراق ڕاگرتووە و چەند سەرکردەیەکی کورد کە چەک و تەقەمەنییان دەستکەوتبوو، گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان و بەو چەکانە شەڕیان دژی شوعییەکان و لایەنگرانی قاسم دەستپێکردووەتەوە. دەشڵێن ئەوان ڕایانگەیاندووە: «چۆن ڕووبەڕووی قاسم بووینەوە، بەهەمان شێوە، شەڕی دژی عارفیش دەکەین هەتا ئەو ڕۆژەی دان بە تەواوی مافەکانمان دەنێن». بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی دیکە، سەرکردەکانی کورد ئامادەنەبوون پێشوازی لە نوێنەرانی عارف بکەن، بەتایبەتیش جەنەڕاڵ فوئاد عارف. ئاشکراشە کە هەوڵی کودەتاچییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ کورددا، لەپێناو بەکارهێنانی ئەو یەکانە بووە بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کورد لە دژی دیموکراتخوازەکان کە دواجار شکستی هێنا.

**«فیگرنی تبلیسی» (ئێوارەی تەنلیسی)، ١٩٦٣/٤/٢٩**

**حزبی بەعسی ڕەگەزپەرست**

ئێستاش حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی هەڵمەتە بەردەوامەکانیدا دژی هێزە دیموکراتخوازەکان خۆی ئامادە دەکات بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. چاودێران وایدەبینن کە لۆژیک و سازانێکی دیاریکراو لەم پرسەدا هەیە، سەرباری بڕوای تەواوی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئەو پرەنسیپەی بۆ خۆیان دارشتووە، بە کردار پێڕەویان کرد، پرەنسیپەکەش ئەوەیە کە دەڵێت: «شتێک بڵێ و شتێکی دیکە بکە». لە لێدوانە فەرمییەکانیاندا، وەزیرە بەعسییەکان لە عێراق بەتایبەتی، لەگەڵ چەسپاندنی برایەتیی عەرەب و کورددان و هەوڵی چارەسەرکردنێکی

ئاشـتیانەی کێشـەی کوردیـش دەدەن، کەچـی لـە واقیعـدا وا نییـە و یەکێتیـی هێـزە نیشـتمانییەکان فەرامـۆش دەکـەن و هەوڵـی خۆشـکردنی ئاگـری شـەڕ دەدەن لەنێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا. بەپێـی ڕاپۆرتەکانیـش بێـت، نوێنەرانـی هەریـەک لـە عێـراق، تورکیـا و ئێـران دانووسـتان دەکـەن بـۆ گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی گونجـاو و هاوبـەش دژی هـەر شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـی کـورد.

لـە ئێستاشـدا هـەردوو حکومەتـی بەغـدا و تـاران گەیشـتوونەتە ڕێککەوتنێـک بۆئەوەی ڕێوشـوێنی پێویسـت بگرنەبـەر بـۆ گۆشـەگیرکردنی کـورد و جیاکردنەوەیـان لـە سـەرجەم هێـزە دیموکراتخوازەکانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٥/٦**

**کوردی عێراق لەپێناو مافەکانیان دەجەنگن**

**جارێکـی دیکـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە ڕووداوەکانـی کوردسـتانی عێـراق و کێشـە کـورد.**

کێشـەی کـورد، پرسـێکی نـوێ نییـە بـۆ عێـراق، دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم، هاوکات لەگـەڵ هەرەسـهێنانی ئیمپراتۆرییەتـی تورکـی، ئینگلیـزەکان دەسـتیان بەسـەر مووسـڵدا گـرت کـە پارێزگایەکـی دەوڵەمەنـدە بـە نـەوت و کـوردی تێـدا دەژێـت، پاشـان بـەرەو بەشـەکانی دیکـەی عێـراق کشـان کـە ئـەوکات لەژێـر ئینتدابـی بەریتانیـدا بـوون.

کـورد، هەرگیـز سـەری بـۆ سـتەم و زۆرداریـی ئیمپریالیسـتەکان دانەنوانـدووە و چەندیـن جـار بەڕوویانـدا ڕاپەڕیـون و چەندیـن جاریـش لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا باسـکراون. ڕاپەڕیـن و یاخیبوونەکانـی کـورد بـۆ خۆڕزگارکـردن بـووە لەژێـر دەسـەڵاتی دەسـەڵاتدارانی بیانـی و نەهێشـتنی سـەرکوتکردنی نەتەوەیـی و سـەپاندنی مافـی چـارەی خۆنووسـین. بۆیـە کـورد بـە حەماسـەتەوە پێشـوازیی لـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـرد و ڕۆڵێکـی کاریگەریـان لەگـەڵ برایانـی عەرەبـدا گێـڕا بـۆ هەڵگیرسـاندن و سـەرکەوتنی شـۆڕش. ڕووخاندنـی ڕژێمـی گەندەڵـی پاشـایەتی و دامەزراندنـی کۆمـاری عێـراق سـەرکەوتنێکی مـەزن بـوو بـۆ سـەرجەم هێـزە ئازادیخوازەکانـی وڵات.

کوردی عێراق هیوایەکی زۆریان لەسەر سەرکەوتنی شۆڕش هەڵچنیبوو و بە ئاواتەوە بوون کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، لە دەستووری کاتیی عێراقیشدا جێگیرکردنی تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورد ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و حکومەتی ئەوسای عێراق دانی بە یەکسانیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد نا.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لەدەور خۆی کۆکردبووەوە، هەژموونێکی گەورەی لەنێو کورددا هەبوو. پارتی، لەپاڵ حزبە نیشتمانییەکانی دیکەدا بەشێک بوو لە بەرەی نیشتمانیی عێراق و پشتیوانییەکی زۆری کۆمارە ساواکەی عێراقی کرد لە خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆدا.

گەلی کورد لەوە دڵنیابوو کە شۆڕشەکەی عێراق لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە لە پێوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان گەلانی عێراق. لەوەش دڵنیابوون کە ئەوەی بەر عەرەبی عێراق دەکەوێت ئەوانی لێ بێبەش ناکرێت و ئازادی و دیموکراسییەت و هەلێکی گەورەیە بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییە ڕەواکانیان لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا و بەپێی دەستوور سەرجەم مافەکانیان زامن دەبێت. لەسەر هەمان بنەما پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانیی سەرکردە هەر لە سەرەتاوە دروشمی پتەوکردنی برایەتیی عەرەب و کوردی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا بەرزکردبووەوە و بە ئومێدەوە دەیڕوانییە نەهێشتنی دووبەرەکیی جوداخوازی.

هەروەها کورد وایدەبینی کە دانان بە مافە نەتەوەییەکان لە دەستووری کۆماری عێراق و چەسپاندنی بنەماکانی یەکسانی، ئەو دروشمانە دەخاتە واری جێبەجێکردنەوە، کەچی مافەکان نەک هەر جێبەجێنەکران، بەڵکو حکومەتی قاسم ڕێگەی کپکردنەوەی ئازادییە دیموکراسییەکانی لە عێراقدا پێڕەو کرد و دەستی بە هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردنی لەنێو هاووڵاتیانی پێشکەوتنخوازی عێراق کرد لەنێویشیاندا پێشکەوتنخوازانی کورد، لە هەمان کاتیشدا قاسم و داروودەستەکەی هەوڵی ئیفلیج کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان دەدا، ئەویش بە پێدانی بەرتیل و پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ شێخە کۆنەپەرستەکان و هاندانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراتخوازانی کورد.

ماددەکانــی تایبــەت بــە مافەکانــی کوردیــش لــە دەســتووری کاتیــی کۆمــاری عێــراق لەبیرکــران و پێداویســتییەکانی پەرەپێدانــی پیشەســازی و کۆمەڵایەتــی لــە کوردســتان فەرامـۆش کـران، لـە سـایەی فەرمانڕەوایـی قاسمیشـدا لـە مافی خوێنـدن بە زمانـی دایکیان بێبــەش کــران و زمانــی کــوردی لــە دامــودەزگا حکوومییەکانیشــدا قەدەغــە کــرا کــە لــە سـایەی حوکمـی پاشـایەتیدا ئـەم مافانـە دەسـتەبەرکرابوون. قاسـم، فەرمانبەرانـی کـوردی لــە فەرمانگەکانــی کوردســتاندا دوورخســتەوە و هێندێکیانــی گواســتەوە بــۆ ناوچەکانــی باشــووری عێــراق و لەجێــی فەرمانبــەرە کــوردە دەرکراوەکانــدا، ئــەو فەرمانبەرانــەی لــە جێگەیــان دادەمەزرانــد کــە بیروباوەڕێکــی کۆنەپەرســتانەیان هەبــوو و نۆکــەر و ئەڵقەلەگوێــی ئیمپریالیســتەکان بــوون.

حکومەتەکـەی قاسـم بەوەشـەوە نەوەسـتا، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦١دا گـرژی و ناڕەزایـی لــە کوردســتان ســەریهەڵدا و بــە بیانــووی کپکردنــەوەی ئــەم گــرژی و ناڕەزاییانــەی دژی حکومـەت بەرپابـوو، سـوپای عێـراق ڕەوانـەی کوردسـتان کـرا و دڕندانـە کەوتنـە وێـزەی ئازادیخـوازان و سـووتاندنی گوندەکانیـان.

لــە ســایەی ئــەم بارودۆخــە ناسەقامگیرەشــدا کــورد هیچــی بــۆ نەمایــەوە، تەنیــا چەکهەڵگرتـن نەبێـت، لـەم سەروبەندەشـدا هـۆزە جیاوازەکانـی کوردسـتان یەکیـان گـرت و شۆڕشــی چەکدارانەیــان ڕاگەیانــد.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و مســتەفا بارزانــی هەمــوو ڕێوشــوێنێکی پێویســتیان گرتەبــەر بــۆ ڕێگەگرتــن لــە خوێنڕشــتن و چارەســەرکردنی ئاشــتیانەی هەمــوو ئــەو کێشـانەی پەیوەسـت بـوون بـە خومەتگوزارییەکانـی هاوواڵتیانـی کـورد، بارزانیـش خـۆی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆی سـوپای عێـراق دەپاراسـت و هێزەکانـی پێشـمەرگە ناچـار نەبوونایـە دەسـتیان لـە سـوپا نەدەکـردەوە.

جـا کـە قاسـم لـە شـەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشـمەرگەدا شکسـتی هێنا، کەوتـە وێزەی خەڵکـی سـڤیل و بۆردومانکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان و سـووتاندنیان بـە مووشـەک و بۆمبـای سـووتێنەر، ئـەم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە بوونـە هـۆی کوشـتنی هـەزاران کەسـی سـڤیل و وێرانکردنـی سـەدان گونـد و سـووتاندنی کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانیان.

هەوڵە نەزۆکەکانی قاسم لە وێناکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە چیاکانی کوردستان کە گوایە بە فیتی ئیمپریالیزمە، کەس بڕوای پێنەدەکرد، چونکە ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لەگەڵ چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەی کورددا نین. شەڕ و گێچەڵکردن بە کورد لەلایەن حکومەتی قاسمەوە بارودۆخێکی ناسەقامگیری لە وڵاتدا هێنایە ئارا و دوژمنانی کۆماری عێراق نەبێت کەسی دیکە تێیدا سوودمەند نین.

سیاسەتی دیکتاتۆریانەی قاسم و لەباربردنی هەموو کەشوهەوایەکی ئازادی دیموکراسییانە و هەڵگیرساندنی شەڕی دژە کورد، لە ڕووی جەماوەرییەوە پشگیری نەدەکرا و بووە مایەی نیگەرانیی هاووڵاتیان و قاسمی گەیاندە کۆتاییەکی کارەساتبار.

کورد بە ڕووخانی حوکمی قاسم خۆشحاڵ بوون و دانیان بە حکومەتە نوێیەکەنا کە لە ٨ی شوباتدا حوکمیان گرتەدەست. هەموو جۆرە دیاردەیەکی چەکدارانەیان لە دژی حکومەتە نوێیەکەی عێراق ڕاگرت و بە ئومێدەوە دەیانڕوانییە هەنگاوەکانی ئەم حکومەتە نوێیە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد و چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

نەیارانی برایەتیی عەرەب و کورد، هەوڵەکانی کوردیان لە بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بە هەوڵێکی جوداخوازی وێنادەکرد، بەڵام ئەم بۆچوونە بە هیچ جۆرێک ڕاست نییە و تاکو ئێستا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بارزانیی ڕابەر پرسی جوداکردنەوەی کوردیان لە کۆماری عێراق نەخستووەتەڕوو.

خواستە نەتەوەییە بنەڕەتییەکانی کورد پێش هەموو شتێک چارەسەرکردنی گشت کێشە هەڵپەسێردراوەکانی کوردە بە شێوازێکی دیموکراسیانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و پابەندبوون بە دەستووری کاتیی عێراق و سەقامگیرکردنی یەکسانی لەنێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیکی یەکگرتوودا.

بەپێی هەواڵەکانی ڕۆژنامەگەریی بیانی، کورد خەبات لەپێناو چەسپاندنی مافی دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانێکی سەربەخۆ دەکات کە گوزارشت لە ویستی کوردی باشوور بکات و لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا سەربەخۆبن. هەروەها کورد دەخوازێت نوێنەریان لە وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقدا هەبێت و داوای بە فەرمی ناساندنی زمانی

کـوردی لەپـاڵ زمانـی عەرەبیـدا دەکەن و زمانیـان ببێتە زمانی فەرمیی خوێنـدن لە قوتابخانە کوردییـەکان و بەکارهێنانـی زمانـی کوردی لـە نـووسراوە فەرمییەکاندا.

لـە ئێسـتادا کوردسـتانی عێـراق یەکێکـە لـە ناوچـە هـەرە دواکەوتووەکانـی عێـراق لــە ڕووی ئابوورییــەوە، بۆیــە کــورد پێشــکەوتنی پیشەســازی و کشــتوکاڵ و کەرتــی گواســتنەوەی لــە کوردســتان کردووەتــە خواســتی هــەرە لەپێشــینەیان، هەروەهــا داوای پشـکێکی دادپەروەرانـە دەکـەن لـە داهاتـی نەوتـی عێـراق کـە کوردسـتان سـەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدی ئــەم ســامانە سروشــتییەن.

ئـا بـەم شـێوەیە، ئێمـە لێـرەدا بـاس لـە ئۆتۆنۆمییـەک بۆ کـوردی عێـراق لـە چوارچێوەی کۆمـاری عێـراق دەکەیـن بەجۆرێـک کـە لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عێـراق و بەرژەوەندییەکانـی یەکگرتوویـی دژی هێـزە ئێمپریالیسـتە کۆنەپەرسـتەکاندا بگونجێـت.

کاردانـەوەی دامـودەزگا حکوومییەکانـی عێـراق چـۆن بـوو بـۆ خواسـتەکانی کـورد؟ بـە ڕوونــی و ڕاشــکاوانە ڕایانگەیاندبــوو کــە کودەتاکــەی ٨ی شــوبات بەنــاوی ئامانجەکانــی شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨ بەرپاکــراوە کــە قاســم پشــتی تێکردبــوو، بــەڵام بــە گەڕانــەوە بــۆ پرەنســیپەکانی شۆڕشــی تەمــووز، بەهیــچ جۆرێــک مانــای پێڕەوکردنــی سیاسـەتی تۆقانـدن و پاکتاوکردنـی ئـەو کـەس و لایەنانـە ناگەیەنێـت کـە بەشـدارییان لـە سـەرکەوتنەکانی کۆمـارە سـاواکەی عێراقـدا کـردووە.

تاکـو ئێسـتاش کێشـەی کـورد چارەسـەرنەکراوە و نوێنەرانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد ڕایدەگەیەنـن، دواخسـتنی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد بۆئەوەیـە کـە بەرەبـەرە هێزەکانیـان یەکبخەنـەوە بـۆ لەباربردنـی ئـەم بزاڤـەی کـورد.

ئەزموونەکانی پێشووش ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە پێڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد، هێزە نیشتمانییەکان یەکناخات، بەڵکو پەرتەوازەیان دەکات و خەباتی گەلانی عێراق لاواز دەکات لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم.

وروژاندنــی ململانێــی نێــوان عــەرەب و کــورد، تەنیــا خزمەتــی بەرژەوەندییەکانــی ئیمپریالیــزم نــاکات، بەڵکــو لــە خزمەتــی بەرژەوەندییەکانــی چەنــد دامودەزگایەکــی کۆنەپەرستانیشـدا دەبێـت کـە چارەنووسـی خۆیـان بـە هێزەکانـی ئیمپریالیزمـەوە گرێـداوە

و دژایەتیـی کۆمـاری عێـراق دەکـەن. ئیمپریالیـزم هەوڵـی پەکخسـتنی هەمـوو هەوڵێکـی یەکێتیـی عـەرەب و کـورد و خوڵقاندنـی ململانێـی ناوخـۆن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا.

ئیمپریالیــزم و هێــزە کۆنەپەرســتە ناوخۆییــەکان و قۆرخکارانــی نــەوت کــە تەنیــا بەرژەوەندییەکانــی خۆیانیــان لــەلا گرنگــە، بەیەکــەوە کاردەکــەن و دوژمنــی گــەورەی برایەتیــی عــەرەب و کــوردن. هەیکــەل، سەرنووســەری ڕۆژنامــەی ئەهرامــی قاهیــرە، دەنووســێت: «پێویســتە شــەڕێکی زۆر مەترســیدار بکەیــن کــە ڕەنگــە لــە هەمــوو ئــەو شــەڕانەی پێشــوومان مەترســیدارتر بێــت». هەروەهــا باســی ئــەو ئالینگارییانــەی کــردووە کــە پێنــج مانــگ پێــش ڕاگەیاندنــی یەکگرتنــی ئــەو ســێ دەوڵەتــە، ڕووبەڕوویــان دەبنــەوە و جەخــت دەکاتــەوە کــە پێویســتە لەســەر عێـراق هەمـوو ئـەو کێشـانە چارەسـەر بـکات کـە «خۆیـان لـە نەهێشـتنی لێکەوتەکانـی ڕووبەڕووبوونـەوە خوێناوییەکانـدا دەبینێتـەوە، ئەوانـەی لەکاتـی پرۆسـەی ڕووخاندنـی حوکمـی قاسـمدا هاتوونەتــە ئــاراوە» و پارێزگاریــی لــە یەکێتیــی نیشــتمانیی عێــراق و بــرەودان بــە پێوەندییەکانــی کــورد و عــەرەب بکەیــن و ئارامــی بــۆ وڵات بگەڕێندرێتــەوە و ئــەو بەشــانەی کوردســتان بگەڕێندرێنــەوە ژێــر ڕکێفــی حکومــەت کــە لــە کاتــی شــەڕ و ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکاندا زەرەرمەنــد بوونــە.

ئومێدەواریــن کێشــەی کــورد چارەســەرێکی دادپەروەرانــەی بــۆ بدۆزرێتــەوە لــە چوارچێــوەی دەوڵەتێکــی نوێــی فیدراڵیــدا.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ١٣، ١٩٦٣/٥/١١**

لـە شـاری هەکاریشـدا (تورکیـا) چـوار کـەس دەسـتگیر کـراون و تۆمەتـی پێوەنـدی بـە سـەرکردەکانی کوردسـتانی باشـووریان دراوەتـە پـاڵ. بـەم دواییـەش سەرنووسـەری گۆڤـاری «Deng» و فەرمانبەرێـک لـە ئەسـتەمبوڵ دەسـتگیرکراوە کـە بـە بانگەشـەکردن بــۆ کــورد تۆمەتبارکــراوە. پۆلیســی نهێنیــی تورکیــاش بەتەنیــا نییــە لــە مامەڵکــردن لەتــەک «کێشــەی کــورد». ئیرکیــن، وەزیــری دەرەوەی تورکیــا کــە بــەم دوایــە لــە کەراچـی گەڕاوەتـەوە، دەڵـێ: بـە بایەخێکـی زۆرەوە دەڕوانرێتـە کێشـەی کـورد کـە لـە کۆبوونــەوەی سینتۆشــدا(**CENTO**) باســکراوە.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/٥/١٦**

**بارودۆخی باشووری کوردستان**

نیۆیـۆرک، ١٥ی مایـس. (تـاس). پەیامنێـری یونایتدپرێـس ئینتەرناشـناڵ لـە بەیـرووت ڕایدەگەیەنێـت: شـەڕی نێـوان کـوردی باشـوور و هێزەکانـی عێـراق دەسـتیپێکردووەتەوە، ئـەو کەسانەشـی لـە بەغـداوە هاتوونەتـە لوبنـان دووپاتیـان کردووەتـەوە کـە سـێ ڕۆژە شـەڕ لـە کوردسـتان بەردەوامیـی هەیـە و فڕۆکەکانـی هێـزە ئاسـمانییەکانی سـوپای عێـراق گوندەکانـی ئـەوێ بۆردومـان دەکـەن کـە کەوتوونەتـە سـنووری پارێـزگای کەرکـووک.

دەسـەڵاتدارانی عێـراق بەدرێژایـی دوو سـاڵ هەوڵـی سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد دەدەن کـە لەچوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا داوای مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان دەکـەن. پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی قاسـم، ڕێککەوتننامەیـەک لەنێـوان کـورد و حکومەتـی نوێـی عێـراق سـەبارەت بـە ئاگربەسـت و ڕاگرتنـی هەمـوو جـۆرە جموجۆڵێکـی چەکـداری ئیمـزا کـرا  و دەسـت بـە دانووسـتان کـرا بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پێوەندییەکانـی هـەردوولا. دانوسـتانەکان سـێ مانگیان خایاند کە لـە بەغدا بەڕێوەدەچوون، و ئاژانسـەکانی بیانـی ڕایانگەیانـدووە، ئـەم دانوسـتانانە هیـچ ئەنجامێکـی ئەوتـۆی لێنەکەتووەتـەوە.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٠، ١٩٦٣/٥/١٨**

**ئایا هیچ ئومێدێک هەیە؟**

حکومەتـی نوێـی عێـراق بەڵێنـی دا ئۆتۆنۆمـی ببەخشـێتە کـورد کـە پێنجیەکـی کـۆی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن. بـەڵام ئەنجامـی دانوسـتانەکان شـتێکی دیکـە دەڵێـن و هێشـتا هیـچ ئەنجامێکـی ئەرێنییـان لێنەبووەتـەوە.

**ئاسیۆشێتدپرێس نیویۆرک**

نێوەندە دیارەکانی کورد لە ١٣ی ئایار، ڕایدەگەیەنن، هەبوونی دوو کورد لە ڕیزی حکومەتە نوێیەکەی عێراق، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە هێشتا ئومێدی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باشووری کوردستان لەئارادایە کە نزیکەی ١٨ مانگە شەڕوشۆڕی تێدا بەرپابووە.

ئـەو ڕاپۆرتـە هەواڵانـەی کـە هێشـتا پشتڕاسـت نەکراونەتـەوە، ئامـاژە بـەوە دەدەن، نوێنەرانـی دانوسـتانکارانی کـورد لـە دانوسـتانەکاندا بەغـدای پایتەختیـان جێهێشـتووە و بـەرەو کوردسـتان گەڕاونەتـەوە، هیـچ جـۆرە دانوستانێکیشـیان لەنێوانـدا نەمـاوە و دوور نییـە دووبـارە تەقوتـۆق دەسـت پێبکاتـەوە.

لایەنگرانـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی کـە داوای ئۆتۆنۆمـی دەکـەن بـۆ کوردسـتان، دەڵێـن: پێشـمەرگەکانمان بـە هەمـوو توانایەکیانـەوە هەوڵـی ئـەوە دەدەن خۆیـان لـە ڕووبـەڕووی چەکداریـی نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێراقـدا بپارێـزن.

لایەنـی کـورد ڕاشـیانگەیاندووە، ئەگـەر بێتـو هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق پەلامـاری بارەگاکانیشـمان بـدەن، ئـەوا پێشـمەرگەکانی بارزانـی پێـش ئـەوەی دەسـت بـە شـەڕکردن بکەنـەوە، بـە فەرمـی بەیاننامەیەکـی نارەزایـی بڵاودەکەینـەوە ئینجـا درێـژە بـە شـەڕ دەدەینـەوە کـە لـە شـوباتی ئەمسـاڵدا ئاگربەسـتی نێوانیـان ڕاگەیەنـراوە، کـورد لـە ڕاگەیاندنـی ئـەم نیازپاکییـەدا مەبەسـتیەتی مافـی ئۆتۆنۆمییەکـە بچەسـپێنێت.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢١، ١٩٦٣/٥/٢٥**

**لە کوردستانی عێراقدا**

هیـچ وڵات و هیـچ ناوچەیـەک بـە نـاوی کوردسـتانەوە لەسـەر نەخشـەی جوگرافیاییـدا نییـە. هـاوکات ئەمـە چەمکێکـی ڕووت نییـە. کوردسـتانی عێـراق ئاماژەیەکـە بـۆ ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی کوردیـان تێـدا نیشـتەجێن و دەکەوێتـە باکووری عێراقـەوە. لـە شـار و شـارۆچکە شـاخاوییەکاندا یـەک ملیـۆن و پێنجسـەد هـەزار کـورد دەژیـن کـە بـە درێژایـی سـەدەکانی ڕابـردوو کلتـوور و نەریتـی ڕەسـەن و شـکۆی جەنـگاوەرە ئازاکانیـان پاراسـتووە و تینـووی ئازادیـن.

کوردسـتان، ماوەیەکـی زۆر گۆشـەگیر کرابـوو و دەسـەڵاتدارانی عێـراق چ لـە سـەردەمی نـووری سـەعید و چ لـە سـەردەمی قاسـمدا هەرگیـز ڕێگـەی بـە بیانییـەکان نـەدەدا سـەردانی ئـەو ناوچانـە بکـەن، دەسـەڵاتدارانی تورکیـا و ئێرانیـش هەمـان ڕێوشـوێنیان لـە ئاسـت ئـەو ناوچانـەی کوردیـان تێـدا نیشـتەجێن، گرتووەتەبـەر.

لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٥٨- ١٩٦٠ میدیـاکاران ڕێگەپێدانیـان بـۆ دەکـرا سـەردانی ئـەم ناوچانـە بکـەن، بـەڵام تـا ئەوکاتیـش ڕێـڕەوی گەشـتی میدیـاکاران بـە وردی دیارینەدەکـرا و کاتەکانیشـیان دیاریکـراو بـوو، منیـش یەکێـک بـووم لـەو ڕۆژنامەنووسـانەی هەلـی سـەردانیکردنی ئـەم ناوچانـەم بـۆ ڕێککـەوت و ڕێگەپێدانیـان بۆکـردم.

## لە ڕێگە شاخاوییەکانەوە:

لــە بەغــداوە سێســەت کیلۆمەتــری یەکــەم ڕێگەیەکــی بیابانییــە. بەهــەر ئاراسـتەیەکدا بڕوانـی دەریایەکـی پـان و بەرینـی بێسـنووری لمـت بەرچـاو دەکەوێـت. لـە مـاوەی ٥٠-٧٠ کیلۆمەتـردا ناوبەنـاو چـاوت بـە گوندێـک دەکەوێـت کـە بـە هـۆی گەردەلوولەکانــەوە لمــی بیابــان داپۆشــیون.

دواجـار لـە نزیـک کەرکـووک، گـرد و تەپۆڵکـەکان دەسـتپێدەکەن کـە هیـچ جـۆرە ڕووەکێکیـان تێـدا نـەڕواوە. ئینجـا چیـای حەمریـن دێـت. لـە سـی سـاڵی پێـش ئێسـتاوە لـەم ناوچەیـەدا نـەوت لـە لاپاڵـی یەکێـک لـەو گردانـە هەڵقـوڵاوە، لەوسـاوە بەرهەمهێنانی نـەوت بـەم ڕێـژە زۆرەی ئێسـتا دەسـتیپێکردووە و سـاڵانە ٣٥ ملیـۆن تۆنـی تێپەڕانـدووە. نەوتەکـەش لەلایـەن کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق دەردەهێنرێـت کـە سـەرمایەدارانی بەریتانی و ئەمەریکـی و فڕەنسـایی خاوەندارێتیـی دەکـەن. لەپـاڵ نەوتـدا، گازی شـلیش بەسـەر زەویـدا دەڕژێــت، کۆمپانیاکــە بەکاریناهێنــی و دەیســووتێنێ. لــە دوورەوە ناوچەکــەی بەهەمهێنانـی نەوتەکـە دەڵێـی گڕیگرتـووە.

لێــرەوە ناوچــە کوردنشــینەکان دەســتپێدەکات و ڕووخســاری ناوچەکــە دەگۆڕێــت. لـەلای ڕاسـت و چەپـی ڕێگەکـە کێڵگـەی کشـتوکاڵ و ڕانـە مـەڕ دەبینرێـن. ڕێگەکـە بـەرەو هـەورازی دەچێـت و بـە دارسـتانێکی چـڕ داپـۆشراوە کـە دارچنـار و سـنۆبەر و یۆکالیبتۆزن و بـە درێژایـی ڕێگـە پێچاوپێچەکـە لـە لێـواری شـاخ و بەردەڵانەکانـدا ڕوواون.

لــە ناوچــە شــاخاوییەکانی کوردســتان هیــچ دەزگایەکــی پیشەســازیت بەرچــاو ناکەوێـت و ژمارەیەکـی کەمـی قوتابخانەکانـی تێدایـە و ڕێگەوبانـەکان هێنـدە تەسـکن بـە ئاسـتەم ئۆتۆمبێلیـان پێـدا دەڕوات، زۆربـەی دانیشـتوانەکەش لەسـەر پارچـە زەویـی

بچـووک بچووکـدا خەریکـی کشـتوکاڵن کـە لـە بـەرد بژارکـراون. دانەوێڵـە و تووتـن و پۆلکەیـان تێـدا دەچێنرێـت، زۆرجاریـش چـاوت بـە کێڵگـەی پەمـۆ دەکەوێـت، لـە دۆڵەکانیشـدا بێسـتانی پـان و بەریـن لـە نزیـک گوندەکانـدا بەرچـاو دەکـەون.

بە دەگمەن خەڵکانێک دەبینی پانتۆڵ و کراسیان لەبەردا بێت، زۆربەی هەرە زۆریان جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیان دەپۆشن کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ جلوبەرگی ئەوروپاییدا هەیە. هەموویان کورتەک و شەرواڵ لەبەردەکەن و بە پشتێن ناوقەدی خۆیان پێچاوەتەوە. جامانەش لەسەر دەنێن و ناوچەکەیان هێندە بەردەلانی تیژی تێدایە بە پێخواسی ناتوانرێت جووڵەی تێدا بکەی، ئەوان کڵاش لەپێ دەکەن. هەرچەندە موسڵمانیشن، بەڵام ژنانی ئەم ناوچانە جیا لە ژنانی دەوڵەتەکانی دیکەی ئیسلامی بە ڕووپۆش ڕووخساری خۆیان داناپۆشن.

نەریتێکـی دیکـەی پیاوانـی ئـەم ناوچانـە، گرنگیدانـە بـە چـەک و زۆربەیـان چەکـدارن. ئەوەی چەکیشـی نەبێت، خەنجەرێکی بەسـتووە، درەوی دانەوێڵەکانیان بە داسـە. خەڵکانی ئێـرە تـا بڵێـی خۆشمەحشـەر و میواندۆسـتن، بەڵام کـە دەیانبینیـت وا هەسـت دەکەی هەر دەقەیەک چەکت لێراکێشـن، ڕایدەکێشـن، چەکڕاکێشـان دەسـتەواژەیەکی پڕبە پێسـت نییە بـۆ ڕوونکردنـەوەی دۆخەکـە، ژیـان وا فێـری کـردوون هەرگیـز چەکەکانیـان لەخۆیـان دوور نەکەوێننـەوە و هەمیشـە لەسـەر پێـن، بـۆ ئەوان مێـژوو وەکـو زڕدایکێکی دڵـڕەق وابووە.

## جەنگ لەپێناو ئازادیدا:

پێـش جەنگـی جیهانیـی یەکـەم، نیشـتمانی کـورد بەشـێک بـووە لـە ئیمپراتۆرییەتـی تورکـی، پاشـان لکێـنراوە بـە عێـراق کـە لەژێـر ئینتدابـی بەریتانیـدا بـوو. ئـەم هەنگاوەشـیان بۆئـەوە بـوو کـە ئـەم ناوچـە گرنـگ و سـتراتیجییە دەوڵەمەنـدەی بـە سامانی نـەوت، هـەر لەژێـر حوکمـی ئیمپریالیزمـدا بمێنێتـەوە و کـورد وەکـو کەمینەیەکـی چەوسـێنراو لـە شانشـینی عێراقـدا بهێڵنـەوە کـە لەژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـدا بـوو.

لـە مـاوەی چـل سـاڵدا کـوردی باشـوور چـوار ڕاپەڕینـی گەورەیـان بەرپـا کـردووە و لەپێنـاو بەرگریکـردن لـە مافـە نەتەوەییەکانیـان تاکـو یەکسـانی لەنێـوان گەلانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بێننـەدی.

لــە ســاڵی ١٩٤٣دا عەشــیرەتی بــارزان بــە ســەرکردایەتیی هــەردوو بــرا شــێخ ئەحمــەد و مســتەفا بارزانــی ڕاپەڕینیــان دژی دەســەڵاتدارانی ســەرکوتکار بەرپاکــرد و داوای ئۆتۆنۆمییــان بــۆ ناوچــە کوردنشــینەکان کــرد و بەرەبــەرە دەســەڵاتیان بەســەر ڕووبەرێکــی گــەورەی نیشــتماندا ســەپاند کــە ئــەوکات لەلایــەن هــۆز و عەشـیرەتەکانی دیکـەی کـورد و ڕێکخـراوە دیموکراتخـوازە نهێنییـەکانی شارەکانیشـەوە پشــگیری دەکــران. بۆیــە دەســەڵاتدارانی حکومــەت جەنــەڕاڵ برۆمیلــۆ و ڕینتۆنیــان هێنایــەوە کەرکــووک کــە ئــەوەی دووەمیــان بــە «مشــکی بیابــان» دەنــاسرا. بــەڵام ئەمجارەیــان شۆڕشــگێرانی کــورد هێنــدە بەرگــەی ئــەو هێزانەیــان نەگــرت و ســوپای عێــراق دوای ئــەوەی خۆیــان ڕێکخســتەوە و بــە پشــتیوانی هێــزە ئاســمانییەکانی بەریتانیــا پێگەکانــی کوردیــان بۆردومــان کــرد. مســتەفا بارزانیــش بەخــۆی و هــەزار پێشـمەرگەوە بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران چـوون، لەوێشـەوە بـۆ یەکێتیـی سـۆڤیەت کــە مافــی پەنابەریــی سیاســییان پێبەخــشرا.

ســەرکەوتنی شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨ لــە عێــراق ئومێــدی کــوردی لــە بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـدا زیندووکـردەوە. مـەلا مسـتەفا گەڕایـەوە نیشـتمان و ئــەوکات گۆڕانکارییــە دیموکراتخوازییــەکان تــەواوی عێراقــی گرتبــووەوە بــە کوردستانیشــەوە. هاوتاکردنــی هــەردوو نەتــەوەی عــەرەب و کــورد لــە دەســتووری کاتیـی عێراقـدا جێگـەی کرایـەوە کـە چەندیـن سـەدەیە ئـەم نەتـەوە چەوسـاوەیە لەپێناویــدا خەبــات دەکات.

ســاڵی ١٩٥٩ لــە کوردســتان بــووم و گوێــم لــە خەڵــک بــوو بــە گەشــبینییەوە باســی دواڕۆژی کوردیــان دەکــرد. بــۆ نموونــە لــە ســلێمانی، یەکەمیــن ڕۆژنامــە و یەکەمیــن گۆڤــار بــە زمانــی کــوردی بڵاوکرایــەوە و لێژنەیــەک بــۆ لایەنگرانــی ئاشــتی دامــەزرا، هەروەهــا ســەندیکاکانی جوتیــاران و ڕێکخــراوە گشــتییەکان بــە شـێوەیەکی یاسـایی دەسـتبەکار بـوون، جوتیارانیـش چاوەڕێـی یاسـای چاکسـازیی کشــتوکاڵ بــوون.

لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٦٠ەوە جارێکــی دیکــە بزووتنــەوەی کۆنەپەرســتی لــە عێــراق ســەریهەڵدایەوە و هەڵوێســتی قاســم و حکومەتەکــەی لــە ئاســت کــورددا

گۆڕانکاریی بەسەردا هات و دۆخی کورد هەر بەرەو خراپی دەچوو. ڕۆژنامەی «خەبات» داخرا کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و لە بەغدا دەردەکرا، ژمارەیەکیش لە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزیی پارتیش دەستگیر کران، بۆیە مەلا مستەفای بارزانیش جارێکی دیکە هانای بۆ چیاکانی کوردستان بردەوە، لە قوتابخانە کوردییەکانیشدا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغەکرا و زۆربەی بەرپرسانی کورد لە کارەکانیان دوورخرانەوە و کەسانی عەرەبیان خستە شوێنیان. دامەزراندنی هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازی لە کوردستان لەنێو پلانی پەرەپێدانی ئابووریی عێراقدا نەبوو.

لە ئەیلوولی ١٩٦١ دەنگۆیەک لە کوردستانەوە گەیشتە بەغدا کە گوایە چالاکییە چەکدارییەکانی پێشمەرگە لە دژی سوپای عێراق دەستپێکردووەتەوە و کورد سوورە لەسەر چەسپاندن و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانیان و دانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. شەڕەکانی ئەمجارە ١٨ مانگیان خایاند، حکومەتی عێراق هێزی ئاسمانی و تۆپخانەکانی لە دژی پێشمەرگەدا جوولاند و لەوماوەیەدا ١٥٠ گوند و دوو شارۆچکە بە ئاگری سوپای عێراق سووتێنران، بەڵام بارزانی بەسەلامەتی دەرچوو، پشتیوانیی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان و توانای بەرزی پێشمەرگە لە شەڕی ناوچە شاخاوییەکان و شارەزاییان لە جوگرافیای ناوچەکە وایکرد چەندین هێرشی یەکە سەربازییە نیزامییەکان تێبشکێنرێت.

چەند جارێک قاسم لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانیدا ڕایدەگەیاند کە بارزانی کوژراوە و هەموو هێزەکەشی خۆیان ڕادەستی سوپا کردووەتەوە و ئێستا کوردستان ئارامە. هەموو جارێکیش کە قاسم لێدوانی وەهای بدایە، ڕۆژنامەنووسان داوای ڕێگەپێدانیان دەکرد بۆ سەردانیکردنی ئەو ناوچانەی قاسم باسیان دەکات، بەڵام هەمیشە داواکارییەکانی ڕۆژنامەنووسان ڕەتدەکرایەوە.

## دووباره شەڕ!

پـاش ڕووخانـی قاسـم، بەڕاسـتی شـەڕ لـە کوردسـتان ڕاگیـرا. هێنـدەی پێنەچـوو شـاندێک بـە سـەرۆکایەتیی عەقیـد تاڵەبانـی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ دانوسـتان گەیشـتە بەغـدا. بـە ڕۆژنامەنووسانیشـی ڕایانگەیاندبـوو کـە مسـتەفا بارزانـی مـاوە و بـەڵای لـێ نییـە. هەرچەنـدە هاوکاریـی دەرەکـی بـە پێشـمەرگە نەدەگەیشـت، بـەڵام هێزەکانـی پێشـمەرگە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ توندوتـۆڵ و بەهێزتـر دەبـوون و چەندیـن ئەفسـەر و سـەربازی کوردیـش پێوەندییـان بەڕێزەکانـی پێشـمەرگەوە کـرد کـە ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان جێهێشـتبوو. دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـە پشـگیرییەکی تـەواوی بارزانییـان دەکـرد و بارزانـی مکـوڕ بـوو لەسـەر بەدیهێنانـی خواسـتەکانی گەلـی کـورد کـە لەمانـەدا کورتدەکرێنـەوە:

پێکهێنانـی حکومـەت و پەرلەمانـی کوردسـتان کـە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا کارەکانـی خۆیـان بەڕێوەببـەن ... پەلەکـردن لـە پەرەپێدانـی کەرتی پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و گواسـتنەوە لـە کوردسـتان ... دیاریکردنـی پشـکێکی دادپەروەرانـە لـە داهاتـی نـەوت کـە سـەرچاوەکانی کەوتوونەتـە کوردسـتانەوە لـە نزیـک کەرکـووک و مووسـڵ ... زمانـی کـوردی بکرێتـە زمانـی فەرمیـی دووەم لـە عێـراق و لـە قوتابخانـە کوردییەکانـدا خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بێـت و لـە نـووسراوە فەرمییەکانـدا بەکاربهێنرێـت، ئێمـە باسـی مافـی ئۆتۆنۆمـی دەکەیـن بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا، ئەمانـەی پێشـەوە بەشـێکن لـە خواسـتەکانی سـەرکردایەتیی کـورد.

حکومەتـی عێـراق دەسـتی بـە پاشـگەزبوونەوە کـرد و خـۆی لـە خواسـتەکانی کـورد بوورانـد و بیرۆکـەی لامەرکەزییەتـی لـە ئیدارەدانـی پارێزگاکانـی عێراقـدا خسـتەڕوو، بـە پارێزگاکانـی کوردستانیشـەوە. کەسـیش ناتوانێـت بـە پراکتیـک لـە هەقیقەتـی ئـەم پێشـنیازەی حکومـەت بـگات، تەنانـەت لـە بەغداشـدا، سـەرکردەکانی کـورد ئـەم دەستپێشخەرییەی حکومەتـی عێراقیـان بـە مانۆڕێـک هەژمـار کـرد کـە هەوڵێـک بێـت بـۆ دواخسـتن و پەکخسـتنی کێشـەی کـورد.

هـاوکات، ڕۆژنامەکانـی بیانـی ڕایانگەیاندبـوو کـە کێشـەی کـورد لـە دوا دانیشـتنی ئەنجوومەنـی کوتلـەی سـینتۆی دوژمنکارانـە لـە کەراچـی، باسـکراوە و بەشـداربووانی

دانیشـــتنەکە باســـیان لـــە چۆنیەتیـــی هاوکاریکردنـــی حکومەتـــی عێـــراق کـــردووە بـــۆ دامرکاندنـــەوەی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی گەلـــی کـــورد. ئیمپریالیســـتەکانیش بەپەلـــە ئـــەم بارودۆخـــە هەنووکەییـــەی وڵاتیـــان قۆســـتەوە و هەوڵـــی جێگیرکردنـــی پێگەکانـــی خۆیـــان لـــە عێراقـــدا دەدا، لـــەوەش گرنگـــتر پاراســـتنی نەوتـــی عێـــراق بـــوو.

پێـــش چەنـــد ڕۆژێـــک، لـــە نامەیەکـــدا هاتبـــوو کـــە هێـــزە ئاســـمانییەکان دەســـتیان بـــە بۆردومانکردنـــەوەی گوندەکانـــی کوردســـتان کردووەتـــەوە و ڕۆژنامـــەی «دەیلـــی تەلگـــراف»ی لەندەنـــی نووســـیبووی: نزیکـــەی دوو لەســـەر ســـێی ســـوپای عێـــراق لـــە کوردســـتان کۆبوونەتـــەوە. یوســـفی کـــە ســـەرکردەیەکی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتانە، بـــە پەیامنێـــری ئـــەو ڕۆژنامەیـــەی ڕاگەیاندبـــوو: «ئێمـــە چارەســـەرێکی ئاشـــتیانەمان بـــۆ کێشـــەکەمان دەوێ، ئەگـــەر شـــەڕ دەســـت پێبکاتـــەوە، تەقاندنـــی فیشـــەکی یەکـــەم لـــە ئەســـتۆی کـــورددا نییـــە».

ڕاپۆرتەکانـــی ئـــەم دواییـــەش ســـەبارەت بـــە هەڵســـوکەوتی دەســـەڵاتدارانی عێـــراق لـــە کوردســـتان نیگەرانییەکـــی زۆر دەورووژێنـــن و پێدەچێـــت ئـــەوان بیانـــەوێ بـــە زەبـــری هێـــز بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی کـــورد لەناوببـــەن و گیانـــی خۆشەویســـتی و ئـــازادی لەناخیانـــدا نەهێڵـــن، بێئومێدیشـــیان بکـــەن لـــە گەیشـــتن بـــە چارەســـەرێکی دادپەروەرانـــە بـــۆ کێشـــەی کـــورد. پێشـــتریش ســـوڵتانەکانی تـــورک ئـــەم هەوڵەیـــان دابـــوو، هەروەهـــا چەرچڵیـــش، نووری ســـەعید و قاســـمیش، بـــەڵام هـــەر هەموویـــان شکســـتیان خواردبـــوو و ســـەرنەکەوتبوون.

**ب. دیمچینکۆ**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٢، ١٩٦٣/٦/١**

ئێســـتا شـــەڕی پارتیزانانـــەی کـــورد دەســـتپێکردووە کـــە بەشـــێوەیەکی کاتـــی دژی هێزەکانـــی عێـــراق وەســـتێنرابوو لـــە کوردســـتان، ئەوانیـــش خەریکـــی دووبـــارە ڕێکخســـتنەوەی هێزەکانـــن لـــە دەوروبـــەری چاڵگەکانـــی بەرهەمهێنانـــی نـــەوت لـــە کەرکـــووک. بەپێـــی ئاژانســـی ئاسۆشـــێتدپریس، هێزەکانـــی خۆیـــان کۆدەکەنـــەوە، نەبـــادا هێزەکانـــی ســـوپای عێـــراق هێرشـــیان بکاتـــە ســـەر.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/٦/١٢**

**بەیاننامەی «لێژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد»**

پاریـــس، ١١ی حوزەیـــران. (تـــاس). پەیامنێـــری فرانـــس پرێـــس لـــە لەندەنـــەوە ڕایدەگەیەنێـــت: بـــە تەئکیـــد کـــورد ئاگادارکردنەوەکـــەی حکومەتـــی عێـــراق ڕەتدەکاتـــەوە کـــە داوای خۆڕادەســـتکردنەوەیانی کـــردووە لـــە مـــاوەی ٢٤ کاتژمێـــردا و مکوڕتـــر دەبـــن لەســـەر چەســـپاندنی مافـــی ئۆتۆنۆمـــی بـــۆ کوردســـتان لـــە چوارچێـــوەی کۆمـــاری عێراقـــدا و بەپێـــی ئـــەو بەیاننامەیـــەی ئەمـــڕۆ لـــە لەنـــدەن لێژنـــەی داکۆکیکـــردن لـــە مافەکانـــی کـــورد ڕایگەیاندبـــوو، ڕێگـــەی پێـــدراوە ببێتـــە گوتەبێـــژی مســـتەفا بارزانـــی. نوێنەرانـــی بارزانـــی لـــە ئەوروپـــا بەرپرســـیارێتیی تـــەواوی هەڵگیرســـاندنەوەی شـــەڕیان داوەتەپـــاڵ حکومەتـــی بەعـــس لـــە بەغـــدا.

پاریـــس: ١١ی حوزەیـــران. (تـــاس). ڕادیـــۆی بەغـــدا ئاگاداربیەکـــی بـــۆ ســـەربازانی ســـوپای عێـــراق بڵاوکردووەتـــەوە و دەڵـــێ: بەهـــۆی ئـــەو پێشـــهاتە نوێیانـــە داواتـــان لێدەکەیـــن مۆڵەتەکانتـــان بپچڕێنـــن و دەســـتبەجێ بگەڕێنـــەوە یەکەکانـــی خۆتـــان.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/١١**

**بارودۆخی کوردستان**

**بەغـدا. ١٠حوزەیـران. (تـاس).** ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بەیاننامەیەکـی سـەبارەت بـە بارودۆخـی کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە و داوای لـە هۆزەکانـی کـورد کـردووە بـە سـەرکردایەتیی بارزانـی، لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا چەکەکانیـان ڕادەسـتبکەن، ئەگـەر ئـەوە نەکـەن و یاخـی بـن، ئـەوا هێزەکانی حکومەت ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دەسـت پێدەکاتـەوە بـۆ «کێومالکردنـی کوردسـتان و پاککردنـەوەی لـە یاخیبـووان». ئـەوەش لـە بەیاننامەکـەدا هاتـووە کـە ئیـدی کوردسـتان بـە ناوچەیەکـی جەنـگ هەژمـار دەکرێـت و دانیشـتوانی سـلێمانی و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتانی ئاگادارکردووەتـەوە کـە چیـدی هاوکاریـی پێشـمەرگە نەکـەن، ئەگەرنا بۆردومـان دەکرێن و ماڵ و حاڵیـان خاپوور دەکرێت.

**لەنـدەن، ١٠ی حوزەیـران. (تـاس).** پەیامنێـری ڕۆیتـەرز لـە بەغـدا لـە بەیاننامەکـەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـەوە بڵاویکردووەتـەوە کـە ئـەم بەیاننامەیـە ڕاگەیاندنی شـەڕێکی نوێیـە دژی کـوردی باشـوور.

**«ئیزڤستیا» ١٩٦٣/٦/١٢**

**ڕەوشی دروستی کورد**

قاهیـرە، ١١ی حوزەیـران. (پەیامنێـری تایبەتمـان لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـەوە). «پەرەسـەندنێکی چاوەڕواننەکـرا و مەترسـیدار بـۆ کێشـەی کـورد هاتووەتـە پێـش و هەمـوو ئەگەرەکانـی هەڵگیرسـاندنی شـەڕێکی ناوخـۆ لـە عێـراق لەئارادایـە» – لەژێـر ئـەم مانشـێتانەدا ڕۆژنامەکانـی ئەمـڕۆی قاهیـرە، بـاس لـە سـەرەتایەکی نوێـی بەرپابوونـی توندوتیـژی لـە کوردسـتان دەکـەن. ڕۆژنامـەکان دەقـی بەیاننامەکـەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـیان (عێـراق) بڵاوکردووەتـەوە کـە داوای چەکدانـان و خۆڕادەسـتکردنەوەی پێشـمەرگە دەدات لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا: یەکـەم: چەکداماڵیـن، دووەم: پێویسـتە مسـتەفای بارزانـی خـۆی ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی بەغـدا بـکات، سـێیەم: گەڕانـەوەی سـەرجەم ئـەو ئەفسـەر و سـەربازانەی لـە پێـش و دوای کودەتاکـەی ٨ی شـوبات ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان بەجێهێشـتبوو، دەبـێ لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا پێوەندیـی بـە یەکـە سـەربازییەکانی پێشـوویان بکەنـەوە.

بـە فەرمانـی سـەرکردایەتیی سـەربازیی حکومەتـی عێراقیـش سـەرجەم ئـەو دەروازانـە داخـران کـە بـۆ چاڵگەکانـی نەوتـی باکـوور دەچـن و ڕاگەیەنرا، هـەر گوندێک پێشـمەرگەی تێـدا بەدیبکرێـت، لەلایـەن فڕۆکەکانی هێـزی ئاسـمانییەوە بۆردومان دەکرێـت. جەماوەری عێـراق و ڕای گشـتیی جیهـان بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕواننە ئەم پێشـهاتە نوێیەی عێراق.

سـەبارەت بـە تێکچوونـی بارودۆخـی کوردسـتان و ئـەو سـتەمانەی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا لـە هـۆزە کوردەکانـی دەکـرد، چاوپێکەوتنـی جـەلال تاڵەبانـی ئەندامـی لیژنـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڵاودەکەینـەوە کـە پێـش ماوەیـەک لەگـەڵ ک. فیشنفیتسـکی، پەیامنێـری ئیزڤیسـتیا ئەنجامـی دابـوو.

پرسـیار: لـەم ڕۆژانـەدا زۆر شـت لەبـارەی کێشـەی کـوردەوە دەگوترێـت و دەنووسرێت، کێشـەکە چییـە، ئایـا تـۆ لـەو باوەڕەدایـت ئـەم کێشـەیە بایەخێکـی زۆری پێدەدرێت؟

وەڵام: کێشـەی کـورد، کێشـەی نەتەوەیەکـە. دوو ڕووی هەیـە، یەکێکیـان خەباتـی گەلی کوردمانـە لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانمـان. ئەویدیکەیـان، خەباتکردنـە لەپێنـاو ئازادکردنـی خاکـی کوردسـتان لـە چنـگ داگیرکارانـی بیانـی. کـورد، سـاڵانێکی زۆر لـەم خەباتکردنـەدا گیانـی زۆرێـک لـە خەباتکارانـی کردووەتە قوربانیـی ئازادکردنی نیشـتمانیان.

«کێشـەی کـورد» لـە دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم بووەتـە پرسـێکی نێودەوڵەتـی و لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا بـاس دەکرێـت و شـاندی کـورد بەشـداریی لـە ئیمزاکردنـی ئـەو پەیماننامـە ئاشـتیانەدا کـردووە کـە ماددەکانـی ژمـارە ٦٢، ٦٣، ٦٤ پرسـی سـەربەخۆیی گەلـی کوردیـان لەخۆگرتبـوو و مافـی ئەوەیـان پێدرابـوو کوردسـتانی گـەورە یەکبخـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـورد درکـی بـەوە کردبـوو، ناتوانێـت سـەرجەم مافەکانـی تەنیـا لـەو پەیماننامانـەدا دەسـتەبەر بـکات و دەسـتیان بـە خەباتێکـی چـالاک کـرد بـۆ جێبەجێکردنـی بنەمـا ڕاگەیەنراوەکانیـان. لەنێـوان هـەردوو جەنگـی جیهانیـی یەکـەم و دووەمـدا، کـورد چەندیـن ڕاپەڕیـن و شۆڕشـیان بەرپاکـرد و سـەرکەوتنێکی مەزنیـان بەدەسـتهێنا. بـۆ نموونـە لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٢دا حکومەتێکـی کـوردی لـە سـلێمانی دامـەزرا و حکومەتـی عێـراق و بەریتانیـاش ناچاربـوون دان بـە دەوڵەتەکـەدا بنێـن و شـێخ مەحمـوودی حەفیـد بانگهێشـتی بەغـدا کـرا بـۆ ئەنجامدانـی زنجیرەیـەک دانوسـتان، بـەڵام شـێخ مەحمـوود ئاشـنای تاکتیکـی ئیمپریالیسـتەکان ببـوو کـە چەنـد جارێـک پێی سـەرکردەی شۆڕشـەکانیان ڕاکێشـاوە و لـەوێ دەسـتگیر کـراون و لەسـێدارەدراون. شـێخ مەحمـوود ڕایگەیاندبـوو کـە کـورد پێویسـتی بـە دانوسـتان نییـە، بەڵکـو تینـووی ئـازادی و دەسـتەبەرکردنی تـەواوی مافـە ڕەواکانیانـن، لەهەمـان کاتـدا شـێخ مەحمـوود نامەیەکـی بـۆ فلادیمێـر لینیـن ناردبوو و تێیـدا نووسـیبووی: «ڕووسـیا دۆسـتی کـوردە».

لـە دوای جەنگـی جیهانیـی دووەمـەوە، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد کـە داوای جێبەجێکردنـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـوردی دەکـرد، زۆر بەهێزتـر بـوو و هەمـوو کـورد ئامێـزی بۆگرتبـووەوە. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دامـەزرا کـە «بـە دروشـمی خەباتـی هاوبـەش لەگـەڵ گەلانـی دراوسـێ و هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی جیهانـی

دەستی بە خەباتکردن کرد». ڕاشیانگەیاندبوو، لە عێراق شانبەشانی برایانی عەرەب درێژەمان بە خەباتکردن کرد دژی داگیرکار و ڕژێمی پاشایەتی دا، ئەم خەباتە هاوبەشەش لە عێراقدا شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لێهاتە بەرهەم. ماددە ٣ی دەستووری نوێی عێراقیش مافی کوردی لە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ کورد زامن کردبوو. لەو ماوەیەشدا زیندانیانی سیاسیی کورد ئازادکران و پێشمەرگە ئازاکانی کوردیش لە ئاوارەبوون لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕانەوە نیشتمان کە خودی بارزانی یەکێک بوو لە گەڕاوەکان. ئەو بارودۆخە لە مانگەکانی بەرایی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز هاتبووە ئارا، گڕوتینێکی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەخشی و بەهێز و پتەوتریان کرد.

ئازادیخوازانی کورد ڕاستگۆیانە شانبەشانی گەلانی دیکەی عێراق لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسییەت لە وڵاتدا خەباتیان کرد، بەڵام ئەمە بەشێک نەبوو لە پلانەکانی قاسمی دیکتاتۆر، سەرەتا دەستی بە چەوساندنەوەی هێزە دیموکراتخوازەکانی کورد کرد کە یەکێک بوو لە هێزە هەرە تۆکمەکانی وڵات. لە هەنگاوی یەکەمدا سەرجەم ڕۆژنامە کوردییەکانی داخست و ژمارەیەک لە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەستگیر کرد و تەواوی بارەگاکانی حزبەکەشیان داخست. هەر زۆر زووش خۆی بۆ سەرکوتکردنی دیاردە چەکدارییەکانی کورد ئامادەکرد و دەرەبەگ و لایەنگرانی ئیمپریالیست و بەکرێگیراوانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕۆژئاواشی چەکدار کرد، ئینجا کەشێکی ترس و تۆقاندنی خوڵقاند. لە ئەیلوولی ١٩٥٩ لە یەکێک لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتە وێزەی جوتیارانی کوردستان و ڕاپەڕینەکانیانی دامرکاندەوە. وێڕای هەموو ئەمانەش پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی چەندین جار داوایان لە قاسم کرد بیر لە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد بکاتەوە، بەڵام هەموو ئەمجۆرە دەستپێشخەرییانە بێسوود بوون. بۆیە کورد جارێکی دیکە پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردەوە و ئەمجۆرە خەباتەیان تاکە ئامرازێک بوو بۆ شەڕی مان و نەمان و داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد، یەکە چەکدارەکانی پێشمەرگە دامەزرانەوە و شەڕ دەستپێکردەوە.

پرسیار: دەکرێ وەڵامی بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشمان بدەیتەوە و ڕوونیبکەیتەوە کە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم بایەخە زۆرە دەداتە خەباتی کورد لەپێناو ئازادی و چەسپاندنی مافی چارەی خۆنووسین؟

وەڵام: بەڵێ، هەڵبەت هاتنی من بۆ ئێرە تەنیا موجامەلە نەبوو، ویستمان چاومان بە بەرپرسانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و جەزائیر بکەوێت و بزانین ئەوان چ هەڵوێستێکیان هەیە لە ئاست کێشەی کورد و داوای پشتگیریی ئەوان دەکەین. پێخۆشحاڵم پێتانڕابگەیەنم کە تێگەیشتن و پشتیوانییەکی باش هەیە لەلایەن جەمال عەبدولناسڕ و بن بللەی سەرۆک وەزیران.

پرسیار: دانوستانەکانتان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەچی گەیشت؟

وەڵام: حکومەتی عێراق بە زارەکی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی پێداوین و ئامادەیە خواستەکانی کورد بەجێبهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تەنیا قسەمان لە حکومەت ناوێت، بەڵکو پێویستمان بە کرداریشە.

پرسیار: ئەگەر دانوستانەکانی نێوانتان هەرەس بهێنێ، چی ڕوودەدات؟

وەڵام: ئێمە بەردەوام دەبین لە شۆڕش.

لەم ڕووداوانەدا دەردەکەوێت کە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی بەغدا، هیچ کام لە بەڵێنەکانی ناهێنێتە دی و خواستەکانی گەلی کورد بەرچاوناگرێت.

**«باکینسکی رابۆچی» (کرێکارانی باکۆ)، ١٩٦٣/٦/١٣**

**سوپای عێراق، دژی کورد دەستی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان کردووە**

**لەندەن، ١٢ی حوزەیران.(تاس).** بەپێی ڕاگەیەنراوی ڕادیۆی بەغدا، دژی کوردی باشوور دوێنی هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق دەستیان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان کردووە، ئاژانسی ڕۆیتەریش دووپاتیدەکاتەوە، ئۆپەراسیۆنەکان هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیی گرتووەتەوە، ئۆپەراسیۆنەکانیش دوای تەواوبوونی ئەو مۆڵەتە دێت کە حکومەتی عێراق بە چەکدارانی کوردی دابوو تا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا چەک دابنێن و خۆیان ڕادەست بکەنەوە.

بەپێی هەواڵەکانی ڕادیۆی بەغدا بێت، خودی عارف سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرپەرشتیی ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەکات و دوێنێ بە یاوەریی فەریق عەمماش و ژمارەیەک لە ئەفسەرە پلە باڵاکانی سوپای عێراق، ئەو هێزانەی بەسەرکردووەتەوە کە لە کەرکووک و هەولێردا گردبوونەتەوە.

**«ئیزڤێستا» ١٩٦٣/٦/١٣**

**قاهیـرە. ١٣ی حوزەیـران.** (بـە تەلەفـۆن لـە پەیامنێرێکـی سـۆڤیەتییەوە). هێشـتا ئـەو ڕاپۆرتانــەی لــە عێراقــەوە دەگــەن، لاپەڕەکانــی یەکەمــی ڕۆژنامــە میسرییــەکان داگیــر دەکـەن کـە بـە نیگەرانییـەوە دەڕواننـە تـەواو بوونـی ئـەو مۆڵەتـەی حکومەتـی عێـراق بـە هێـزە چەکدارەکانـی کوردیـان دابـوو، ئـەم بەیانییـە ٢٤ کاتژمێرەکـە تـەواو بـووە.

بەڵـێ، کـورد هەمـوو مەرجەکانـی حکومەتـی عێراقیـان ڕەتکردووەتـەوە: کـە داوای چەکدانـان و ڕادەسـتکردنی بارزانیـی کردبـوو لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا. ڕادیـۆی بەغـدا ئەوەشـی بڵاوکردووەتـەوە کـە حکومەتـی عێراق پاداشـتی ١٠٠ هـەزار دیناری بۆ ئەو کەسـە تەرخـان کـردووە کـە «چ بـە زیندوویـی و چ بـە مردوویـی» بارزانیـی ڕادەسـت بـکات.

دوێنێــش هێــزە چەکدارەکانــی عێــراق ئۆپەراســیۆنێکی بەربڵاویــان لــە کوردســتان دەســتپێکردووە و خــودی ســەرۆکی عێــراق سەرپەرشــتیی ئــەو ئۆپەراســیۆنانە دەکات.

**ک. فیشنفیتسکی**

**«باکنسکی رابۆچی» (کرێکارانی باکۆ)، ١٩٦٣/٦/١٤**

**بارودۆخی کوردستان**

لەندەن، ١٣ی حوزەیران. (تاس). دوێنێ ڕادیۆی بەغدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە، بەپێـی ئاژانسـی ڕۆیتـەرز، بەیاننامەکە لەلایەن فەرماندەی هێـزە چەکدارەکانی عێراقەوە دەرچـووە و داوا لـە هەمـوو ئـەو سـەرباز و ئەفسـەرانەی سـوپای عێـراق دەکات کـە پێوەندییـان بـە لایەنگرانـی بارزانییـەوە کـردووە، تاکـو ٢٥ی حوزەیـران خۆیان ڕادەسـتی یەکـە سـەربازییەکانی پێشـوویان بکەنـەوە، هـەر لـە بەیاننامەکـەدا هاتـووە کـە ئـەم کەسـانە فەرمانـی لەسـێدارەدانیان بـۆ دەردەچێت.

**«ئیزفیستیا» ١٩٦٣/٦/١٤**

**هێرشەکانی سوپای عێراق**

(بە تلیفۆن لە پەیامنێرێکی سۆڤیەتەوە). ڕووداو و پێشهاتەکانی عێراق بوونەتە جێ بایەخی جەماوەری عەرەبی و گشت ڕۆژنامەکانی قاهیرە لاپەڕەکانی یەکەمیان بۆ ئەو ڕاپۆرتانە تەرخان کردووە کە لە بەغداوە پێیاندەگات. ئەمڕۆش ڕادیۆی بەغدا بڵاویکردووەتەوە کە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق بە درێژایی بەرەکان، هێرشیان کردووەتە سەر کوردستان و دەگوترێت «چەند کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون لە یاخیبووان پاک کراونەتەوە».

بەڵام پەیامنێری بی بی سی لەسەر زاری ئەفسەرانی سوپای عێراق دەیگوازێتەوە، ئەوان گومانیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئێستادا هەیە. یەکێک لە سەرکردەکانی کورد کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ناوی جەلال تاڵەبانییە، بە قسەی خۆی چووەتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و بە نیازە لەوێ ئەو کۆمەڵکوژییەی عێراق دەستیداوەتێ بورووژێنێ.

**بارزانی: بەرگری لە خۆمان دەکەین**

**پاریس. ١٣ی حوزەیران. (تاس).** «هیچ بژاردەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، بێجگە لە شەڕکردن و بە چەکەکانی خۆمان بەرگری لە خۆمان بکەین»، ئەمە دەقی ئەو ڕاگەیاندنە بوو کە لەلایەن مستەفا بارزانیی سەرکردەی کوردەکانەوە دراوە و لەپێناو بەدیهێنانی ماف و سەربەخۆیی کورد تێدەکۆشێت لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ڕاگەیاندنەکەی بارزانی گەیشتە لەندەنیش.

لە ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بە ڕاگەیەنراوەکەی بارزانی، پەیامنێری ئاژانسی فرانسپرێسی لەندەنی لە کوردستان، چەند بڕگەیەکی ڕاگەیەنراوەکەی بڵاوکردووەتەوە کە دەڵێت: «ئێمە دەستدرێژیمان نەکردووتەوە سەر هیچ لایەنێک، خەباتی ئێمە بەرگریکردنە لە خۆمان. دەجەنگین تا ئەوکاتەی حکومەتی عێراق ئەو گەمارۆ

ئابـووری و سـەربازییە لەسـەر کوردسـتان هەڵدەگـرێ و دان بـە سـەرجەم مافەکانمـان دەنـێ کە چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـوردە».

هەروەهــا ڕاگەیەنراوەکــە ئــەوە لەخــۆ دەگرێــت کــە هێشــتا کــورد بڕوایــان بەوەیــە «گەلــی کــورد دەتوانێــت بــە ئاشــتییانە لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێــراق یاخــود لــە ئیتحــادی فیدراڵیــی عەرەبیــدا بژێــت». بــۆ بەدرۆخســتنەوەی ئــەو نامەیــەی حکومەتــی عێراقیــش بڵاویکردبــووەوە کــە گوایــە ســەرکەوتنێکی مەزنیــان لــە کوردســتان بەدەســتهێناوە، مســتەفا بارزانــی دووپاتیدەکاتــەوە کــە هێزەکانــی پێشــمەرگە پێشــڕەوی دەکــەن بــۆ ئازادکردنــی «تــەواوی ناوچــە کوردییــەکان». هەروەهــا لــە ڕاگەیەنراوەکــەدا هاتــووە: پێشــمەرگە تــەواوی پارێــزگای کەرکووکیــان کۆنتــڕۆڵ کــردووە، تەنیــا ناوشــاری کەرکــووک نەبێــت، بــە ســەرکەوتووانەش بــەرەو مووســڵ پێشــڕەوی دەکــەن و زۆربــەی ناوچەکانــی پارێــزگای دیالەشــیان خســتووەتە ژێــر کۆنترۆڵــی هێزەکانــی خۆیــان.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٤، ١٩٦٣/٦/١٥**

**هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان**

**پەیامنێـری ڕۆژنامەیەکـی فەرەنسـایی: حکومەتـی عێـراق کارێکـی زۆر مەترسـیداری بەدەسـتەوەیە. «فیـگارۆ»، پاریـس.**

دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان، پاش چوار مانگ لە دواخستن و هێنان و بردندا، حکومەتی بەغدا، لەناکاو ئەو تاکتیکە تێکدەرانەی مەلا مستەفای بارزانی پێڕەوی دەکرد، شەرمەزار کرد و فەرمانی خۆڕادەستکردنەوەی بۆ دەرکرد و ئەگەر وا نەکات حکومەت هێرشێکی بەرفراوانی بێبەزەییانەی تۆڵەسەندنەوە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەست پێدەکات.

حکومەتـی عێـراق ڕوونیشـیکردبووەوە ئـەم ڕێوشـوێنانەی حکومـەت دژی گەلـی کـورد نییـە کـە پێوەنـدی و هـاوکاری و هاوپەیمانیـمان بەیەکەوە هەیـە، بەڵکو ئەم هێرشـانە دژی تاقمەکـەی بارزانیـی جوداخـواز و دەرەبەگـە. بـەم شـێوازەش حکومەتـی عێـراق دەیـەوێ دۆسـتایەتیی ڕاسـتەقینەی نێـوان عـەرەب و کـورد پتەوتـر بـکات.

لە بەیاننامەیەکی دوورودرێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەم هەڵوێستە بە درێژی ڕووندەکاتەوە: بەغدا بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە کەرامەت و خۆشگوزەرانی بۆ ناوچەی کوردستان بگەڕێنێتەوە کە لەلایەن قاسمەوە سەرکوتکرابوون، بەڵام (بەپێی قسەکانی بەغدا) هەموو ئەم هەوڵانە بەهۆی «خواستە هەڵپەرستانەکەی» مستەفا بارزانییەوە پەکخران کە بە ئاشکرا بە ڕای گشتیی عێراق ڕاگەیاندبوو کە سەرکردەی تاقمێکی مەترسیدارە.

ئەم گۆڕانە چاوەڕواننەکراوە چۆن لێکبدەینەوە؟ زەحمەتە نکۆڵی لەو ڕاستییە بکەین کە بارزانی و هێزەکانی، خەباتیان بۆ ڕووخاندنی قاسم کردووە، لە ڕۆژی پاش کودەتاکە، شۆڕشگێڕانی بەغدا بایەخێکی زۆریان بە هەڵوێستی بارزانی دا. کەمترین شت ئەوەیە کە بڵێین: ئەو بارزانییەی ئەمڕۆ بە یاخیبوو دادەنرێت، لە ڕابردوودا بە یەکێک لە سەرکردە هەرە ناودارەکان دادەنرا کە نوێنەری فەرمیی، ئەگەر نەڵێین تاکە نوێنەری دیار بووبێت لە نوێکردنەوەی پێوەندییەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد. ئەو شاندەشی نێردرابووە بەغدا بۆ ئیمزاکردنی ئەو هاوپەیمانێتییە ئاگاداری هەموو جووڵە و دانوستانە فەرمییەکان بوو. خودی حکومەتی عێراقیش چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە کە لە گەیشتن بە جێبەجێکردنی خواستەکانی ئەو سەرکردە کوردە نزیککەوتوونەتەوە کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی یاخود لامەرکەزییەتدا دەبینییەوە. بەڵام لە ١٧ی نیساندا و دوای دەرکەوتنی یەکێتیی عەرەب لە قاهیرە، بووە هۆی تێکەڵکردنی کارتەکان و سەرکردەکانی کورد کە پێشتر بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان سەبارەت «بەم نەتەوە گەورەیەی ئەوان دەکاتە کەمینە»، لە ڕێککەوتن نزیک کەوتبوونەوە کە زۆر زەحمەت بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکبکەون، بەڵام ئێستا لەنێو یەکێتیی عەرەبدا هەر ڕێی تێناچێ. لەوساوە بارزانی گوشارەکانی دەخستە سەر بەغدا بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بگەنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ بەغدا بۆ دانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش گوێی بەم خواستەی بارزانی نەدا، ئەم ئەنجوومەنە لەگەڵ یەکێتییەکەشدا تووشی چەندین کۆسپ هات.

ئا لەم کاتەدا کورد بژاردەیەکی دیکەی خستەڕوو کە بواری مانۆڕکردنی تێدا هێشتبووەوە، ئەویش ئەوەبوو: سەرۆک عەبدولناسر چەند گەرەنتییەک بداتە کورد و سەنگی خۆی لە

پێوەندییەکاندا لەگەڵ بەغدا هاوتەریب لەگەڵ حکومەتی بەعس بەکاربهێنێ.

ئەگەر بڕوا بە سەرکردەکانی کورد بکەیت، ئەوا عەبدولناسر تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ دۆزی کورد هەیە و هەڵوێستی قاهیرە لە ئاست نوێنەرەکەی بارزانی زۆر ئەرێنی بوو کە لە بەغدا پێی سەخڵەت بوون و بە کارێکی ئیستفزازییان لەقەڵەم دا، ئا لێرەوە ڕێوشوێنەکانی تۆڵەسەندنەوە گیرانەبەر.

لە ڕاستیشدا حکومەتی نوێی عێراق دەستی داوەتە شتێکی زۆر مەترسیدار کە زۆربەی حکومەتەکانی پێشووی بەغدا تووشی ئەم کێشەیە بوونە، ئێستاش شتەکان زۆر نەگۆڕاون، جا ئەگەر بارزانی بەڕاستی نوێنەرایەتیی بەشێک لە نەتەوەی کورد بکات، ئەوا پێگەی بەهێزی ئەو سەرکردەیە بەسە بۆئەوەی جارێکی دیکە لە کوردستان هێز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و ڕووبەڕووی هەر هێرشێک ببنەوە کە دەکرێتە سەر کوردستان.

ئەو چوار مانگە بەس بوو بۆ بارزانی تا جارێکی دیکە خۆی ڕێکبخاتەوە و لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان باڵادەست بێت، دواجار بارزانی دەتوانێت پەنا بۆ وڵاتانی دەرەوە ببات بۆئەوەی داوای هاوکاری بکات لە شەڕی دژی ڕژێمی بەغدا.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/١٦**

**ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستانی عێراق**

**نیویۆرک، ١٥ی حوزەیران. (تاس).** پەیامنێری ئاسۆشێتدپرێس لە بەیرووت ڕایدەگەیەنێت: ڕاپۆرتەکان دووپاتیدەکەنەوە کە هێزەکانی ئاسمانیی حکومەتی عێراق مۆڵگەکانی کوردیان لە چیاکانی کوردستاندا بۆردومان کردووە و دەگوترێت، فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکان لە بەغدا ڕایگەیاندووە: سوپای عێراق ئامادەیە لە ماوەی تەنیا ١٠ ڕۆژدا گوندەکانی کوردستان بۆردومان بکات و تەواوی خەڵکەکەشی لەناوببات. هەروەها چەند لایەنێکی ئاگادار ئاماژە بەوە دەدەن، هێزەکانی سوپای عێراق دەستی بەسەر سەرجەم ئۆتۆمبێل و ئامێرە کشتوکاڵییەکانی کورددا گرتووە و سەربازەکان دەستیان داوەتە دزی و تاڵانکردنی ماڵ و خشڵی ئافرەتان و کڵێساکانیشیان تاڵان کردووە و دارکاریی گوندنشینەکانیان کردووە.

**«ئیزفێستیا» ١٩٦٣/٦/١٦**

**تاوانەکانی دژ بە کورد ڕاگرن!**

**بەیاننامەی تاس**

لـە ١٠ی حوزەیرانـدا، سـوپای حکومەتـی عێـراق هێرشـی کـردە سـەر کوردسـتان و ئاگـری ئـەو شـەڕەیان ڕووبەرێکـی فرەوانـی ناوچەکـەی گرتـەوە. فڕۆکـەکان گوندەکانـی کوردسـتانیان بۆردومـان دەکـرد و تانـک و زرێپـۆش و تۆپخانەکانـی سـوپای عێـراق لـە دژی خەڵکـی سـڤیلی ناوچەکـە جووڵەیـان پێکـرا.

بـە مەبەسـتی چەواشـەکردنی ڕای گشـتی و هێنانـەوەی پاسـاوی ئـەم هێرشـە دڕندانەیـە، دەسـەڵاتدارانی بەغـدا کوردیـان بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد کـە سـنووری سـەلامەتیی دەوڵەتـی عێراقیـان بەزانـدووە و هەوڵـی جوداخـوازی دەدەن. ئـەم جـۆرە تۆمەتبارکردنانـە بـۆ ئـەو کەسـانە پێویسـت بـوو کـە ڕێگرییـان لـە پێشـکەوتنی عێـراق و سـەربەخۆیی ڕاسـتەقینە و ئازادیـدا دەکـرد، ئەویـش بـۆ شـاردنەوەی ئـەو سیاسـەتە کۆنەپەرسـتانەیەی دژی گەلانـی عێـراق دەسـتیان داوەتـێ و ڕاسـتییەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە حکومەتـی ئێسـتای عێـراق بـژاردەی پرۆسـەی تۆڵەسـەندنەوەی خوێناوییـان پێـڕەو کـردووە دژی هـەر هێزێکـی نیشـتمانیی دیموکراتخـواز لـە وڵاتـدا، بـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیشـەوە.

بۆچـی بەعسـییەکانی عێـراق، کوردیـان کردووەتـە ئامانـج؟ چونکـە کـورد کـە چواریەکـی کـۆی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن، خواسـتیان پێشـکەوتنی وڵاتـە لەسـەر ڕێبـازی سـەربەخۆیی و دژی دارودەسـتەی ئیمپریالیسـتەکانن و داوای دامەزراندنـی ڕژێمێکـی دیموکراتخـواز دەکـەن کـە لەسـەر بنەمـای برایەتیـی عـەرەب و کـورد دامەزرابێـت. ڕاسـتییەکان ئەوەشـیان دەرخسـتووە کـە کـوردی عێـراق هەمیشـە و بـە بـەردەوام لەگـەڵ نەتـەوەی عەرەبـدا خەباتیـان لەپێنـاو سـەربەخۆیی وڵاتـدا کـردووە و دژی هەژمـوون و باڵادەسـتیی قۆرخکاریـی سـامانی نەوتـن لەلایـەن کۆمپانیـا بیانییەکانـەوە.

جـا دوای ئـەوەی چارەنووسـی خۆیـان بـە نەتـەوەی عەرەبـی کۆمـاری عێـراق گرێـدا، ڕۆڵێکـی کاریگەریـی هاوبەشـیان لـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ گێـڕاوە و هاوشـانی برایانـی عەرەبیـان، ڕژێمـی کۆنەپەرسـتی نـووری سـەعیدیان ڕووخانـدووە، هەروەهـا کـورد شـەڕی دیکتاتۆرییەتـی قاسمیشـیان کـردووە، بۆیـە ڕژێمـی قاسـم لـە مـاوەی سـاڵ و نیوێکـدا دەسـتی لـە سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و سـوتماککردنی خاکـی کوردسـتان نەپاراسـتووە، لـە ئەنجامـی بۆردومانەکانـی سـوپای ئـەو ڕژێمەشـدا، سـێ هـەزار کـورد کـوژراون و نزیکـەی ١٢٠ هـەزار دانیشـتوانی سـڤیل گونـدە وێرانکراوەکانیـان جێهێشـتووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم هەمـوو ڕێـکارە دوژمنکارییانـە نەبـووە هـۆی شکسـپێهێنانی بەرخودانـی گەلـی کـورد.

## کورد لەپێناو چیدا دەجەنگن و خواستەکانیان چین؟

کـورد کـە چەندیـن سـەدەیە لـە کوردسـتاندا دەژیـن و بەشـی هـەرە زۆری دانیشـتوانی ناوچەکـە پێکدێنـن، داوای چەسـپاندنی مافـی ئۆتۆنۆمـی دەکـەن بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا، هەروەهـا داوای یەکسـانی و دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن و یاسـادانان لـە کوردسـتانی عێراقـدا دەکـەن و خواسـتیان هاوبەشـییە لـە سـەرجەم جومگەکانـی حوکـم و داننانـە بـە زمانـی کـوردی و مافـی خوێندنـە بـە زمانـی دایـک. خەباتیـش دەکـەن لەپێنـاو دابەشـکردنێکی دادپەروەرانـەی داهاتـی نـەوت بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و پەرەپێدانـی ئابووریـی ناوچەکانیـان.

بـۆ هەمـوو لایەکیـش ڕوونبووەتـەوە کـە ئـەم خواسـتە ڕەوایانـەی کـورد، نابێتـە هـۆی لاوازکردنـی حکومەتـی عێـراق و بگـرە بـە پێچەوانـەوە هۆکارێکـی کاریگـەرە بـۆ چەسـپاندنی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی عێـراق و بەهێزکردنـی، هەروەهـا دەشـبێتە مایـەی سـەقامگیریی ڕەوشـی سیاسـیی نێوخـۆی دەوڵەتـی عێـراق. وروژاندنـی دووبەرەکـی و ناکۆکـی لەنێـوان عـەرەب و کـورد شـێوازی دڵخـوازی کۆمپانیـا بیانییـە قۆرخکارییەکانـی نـەوت و خـودی نـووری سەعیدیشـە، ئـەم سەرکێشـییانەی نـووری سـەعید نەچووەسـەر، چونکـە گەلانـی عێـراق دامەزراندنـەوەی دەوڵەتیـان دەوێـت لەسـەر بنچینـەی پتەوکردنـی سـەروەریی عێـراق و سـەربەخۆییەکەی، هەروەهـا سـەقامگیریی بارودۆخـی ناوخـۆی

وڵاتیـان لـەلا مەبەسـتە لەسـەر بنەماکانـی دیموکراسـییەتدا، بۆیـە هەمیشـە ڕووبـەڕووی هەوڵـە نەزۆکەکانـی نـووری سـەعید دەبوونـەوە. یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی گۆشـەگیربوون و لاوازکردنـی قاسـم و دواتـر ڕووخاندنـی حکومەتەکـەی، بەرپاکردنـی شـەڕی نێوخـۆی عـەرەب و کـورد و بەکارهێنانـی هێـزی سـوپا بـوو لـە مامەڵەکـردن لەتـەک بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورددا.

دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای حکومەتـی عێـراق لـە سـەرەتای دەسـەڵاتگرتنە دەسـتیاندا بـە زارەکـی سیاسـەتی قاسـمیان لەهەمبـەر کێشـەی کـورددا ئیدانەکـرد و لـە بەیاننامـە سیاسـییەکانیاندا بەڵێنـی چارەسـەرکردنی کێشـەی کوردیـان بە شـێوازێکی ئاشـتییانە بە کورد دا و لـە دانوستاندنەکانیشـدا ئامادەیـی خۆیـان بـۆ زامنکردنـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دەربـڕی، بـەڵام هـەر زوو حکومەتـی بەعـس لـە سـەرجەم ئـەو بەڵێنانـە پاشـگەز بـووەوە کـە بـە سـەرکردەکانی کـوردی دابـوو و داننانـی بـە مافەکانـی کـورد بـە هەمـوو شـێوەیەک ڕەتکـردەوە. حکومەتـی بەعـس لـە سـەرەتادا وەکـو مانۆڕێـک پێویسـتی بـە ئەنجامدانـی دانوسـتاندنەکان بـوو، بۆئـەوەی لـەو ماوەیـەدا هێزەکانیـان کۆبکەنـەوە و ئاراسـتەی ناوچـە کوردنشـینەکانیان بکـەن و گورزێکـی کتوپڕ ئاراسـتەی ئـەو کەسـانە بکـەن کـە تاکـو دوێنێ دانوسـتانیان لەگەڵـدا دەکـردن، سـەرکردەکانی کوردیـان فریـودا کـە بـە خیانەتێکـی گـەورە هەژمـار دەکرێـت و جـۆری خیانەتەکەیـان لـە هـی خیانەتکارییەکـەی هیتلـەر دەچـوو.

سـەرکردە بەعسـییە سۆشیالیسـتە ساختەکان لـە عێـراق کـە لەلایـەن گەلانـی عێراقـەوە هیـچ جـۆرە پشـتیوانییەک نەدەکـران و دژی هەمـوو هێزێکـی نیشـتمانی و دیموکراتخوازی وڵات بـوون، بـە تۆقانـدن و ئیسـتفزازکردن خۆیـان بـە دەسـەڵاتەوە هەڵواسـیبوو و دامـودەزگا ئیمپریالیسـتەکانیان لەخۆیـان ڕازی دەکـرد. بۆیـە دەبینیـن لـە ڕۆژانـی بەرایـی دەسـەڵاتیاندا ڕووبـەڕووی هەمـوو ئـەو هێزانـە بوونـەوە کـە دژایەتیـی ئیمپریالیزمیـان دەکـرد، بەوەشـەوە نەوەسـتان، دژایەتیـی خۆیان بۆ ئەو شۆڕشـگێڕانەش دەربـڕی کە لەپێناو ئاشـتی و بەرژەوەندییـە ڕاسـتەقینەکانی وڵات و دیموکراسـییەت خەباتیـان دەکـرد. هەوڵـی سـەرکوتکردنی شـیوعییەکانی عێـراق و سـەرجەم هێـزە نیشـتمانییەکانی دیکـەی عێراقیـان دەدا و یەکەکانـی هێـزە ئەمنییـە فاشیسـتییەکانیان دامەزرانـد کـە دواتـر ناونـران: حـەرەس قەومـی و دەسـتیان بـە تۆڵەسـەندنەوەی خوێنـاوی کـرد دژی نیشـتمانپەروەرانی وڵات.

ئەمــڕۆ هــەزاران کــەس لــە زیندانەکانــی ڕژێــم ئاخــنراون و بــە دادگاییکردنێکــی ڕووکــەش، پرۆســەی لەسـێدارەدان بەردەوامیـی هەبـوو و عێراقیـان بـەرەو وڵاتێکی پۆلیسـی بــرد. شــێوازی کپکردنــەوەی هێــزە دیموکراتخــوازەکان، بــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کوردیشــەوە، لــە شــێوازی نازییــەکان دەچــوو کــە بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان بــە هەمــان ئامرازەکانـی نازیزمـەکان مامەڵەیـان لەتـەک نەیـارە سیاسـییەکانیان دەکـرد. لـە کوردسـتان حکومـەت دەسـتی داوەتـە کۆمەڵکوژیـی گەلـی کـورد کـە لەگـەڵ مافـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ و جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا نەدەگونجـا، لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانیشـدا چەندیـن جـار ئـەم سیاسـەتە توندڕەوانـەی حکومەتـی عێـراق شـەرمەزار و ئیدانـە کـراوە.

هــەر مرۆڤێکـی ئاشـتیخواز لـە جیهـان و هـەر دەوڵەتێـک کـە ڕێز لـە بنەماکانـی نەتەوە یەکگرتـووەکان بگرێـت، دەبێت دەنگ بەرز بکاتەوە و ناڕەزایی خۆی لە ئاسـت سیاسـەت و ئـەو ڕێوشـوێنانە دەرببڕێت کە دەسـەڵاتدارانی عێـراق دژی نەتەوەی کورد پێـڕەوی دەکەن.

ئــەو ڕێــکارە خوێنــاوی و کۆمەڵکوژییــەی دەرهــەق بــە ئازادیخوازانــی عێــراق و خەڵکـی سـڤیلی کـورد دەگیرێنەبـەر، بوونەتـە مایـەی نیگەرانـی و پەسـتکردنی گەلانـی یەکێتیــی ســۆڤیەت. گەلانــی ســۆڤیەت ســۆز و هەســتێکی دۆســتانەیان بــۆ گەلانــی عێــراق دەردەبــڕن و ئامادەیــی خۆیــان نیشــان دەدەن بــۆ هەمــوو پشــتیوانییەک لــە خەباتـی ڕەوای گەلانـی عێـراق، بەتایبەتیـش نەتـەوەی کـورد کـە لـە پێنـاو بەدیهێنانـی مافــە نەتەوەییەکانیــان خەبــان دەکــەن.

لـە یەکێتیـی سـۆڤیەتدا هەسـت بـە گرنگیـی چارەسـەرێکی دادپەروانـە و ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد دەکـەن و تێگەیشـتنیان هەیـە و بەوپـەڕی بایەخـەوە دەڕواننـە خواسـتە نەتەوەییەکانـی گەلانـی عێـراق و داوای خۆبەدوورگرتـن دەکـەن لـە بەکارهێنانـی هەمـوو جــۆرە توندوتیژییــەک بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان. حکومەتــی عێــراق کــە پەنــای بــۆ شــێوازەکانی ترســاندن و تۆقیــن و توندوتیــژی بــردووە، هەمــوو بەرپرســیارێتییەکی دەرهاویشــتەکانی ئــەم ڕێوشــوێنانەیان دەکەوێتــە ئەســتۆ، بەتایبەتیــش ئــەو خوێنــەی لــە عــەرەب و کــورد دەڕژێــن لــە ئاکامــی شــەڕ و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا.

ناشـبێت ئەم پرسـە بەو شـێوەیە وێنابکرێت کە ڕێکارە خوێناوییانەی لەلایەن حکومەتی عێراقـەوە دژ بـە خەڵکـی سـڤیلی کوردسـتان و هێـزە نیشـتمانییە دیموکراتخـوازەکان پێـڕەو

دەکرێـن و بڵێـن: ئەمـە پرسـێکی ناوخۆیی عێراقـە! نەخێر، بەڵکو کاریگەریی لەسـەر وڵاتانی دیکەشـدا دەبێـت. ئەمـە بێجگـە لـەوەی کـە پێشـێلکارییەکی ڕوونـی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە، گورزێکـی کوشندەشـە ئاراسـتەی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی عێـراق دەکرێـت و دواجـار ڕەخسـاندنی بـوارە لەبـەردەم هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان بـۆ هێشـتنەوەی نەعرەی سـەرکوتکاریی داگیرکەرانی عێراق کە لە دڕەندەییدا هیچی کەمتر نییە لەو سـەرکوتکارییەی سـەردەمانی نـووری سـەعید. ئەمـەش بنەماکانی ئاشـتی لاواز دەکات کە لـە بنەڕەتدا هێندە بەهێـز نیـن لـە هـەردوو ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناویندا.

هەمـوو ئـەم پرسـانە پێوەندییـان بـەو دەوڵەتانـەوەش هەیـە کـە داکۆکـی لـە ئاشـتی و دۆسـتایەتیی نێـوان گـەلان دەکـەن، بەتایبەتیـش ئەو وڵاتانـەی دەکەونـە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناویـن کـە هاوسـنووری ئـەو ناوچانـەن. لەبیردانـی گەلانـی یەکێتیـی سۆڤیەتیشـدا چەندین نموونـە پارێـزراون، بۆنموونـە کاتێـک ئیمپریالیسـتەکان چەندیـن سـەرە پردیـان لـە نزیـک سـنوورەکانی سـۆڤیەتدا برد و دژی ئاسایشـی دەوڵەتی سـۆڤیەت بەکارهێنران، بۆیە ئێسـتاش یەکێتیـی سـۆڤیەت بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە هەمـوو ڕووداو و پێشـهاتێکی ئەمڕۆی عێراق.

**«ئیزفیستیا» ١٩٦٣/٦/١٧**

**ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان**

**پاریـس، ١٦ی حوزەیـران. (تـاس).** بەپێـی ئاژانسـی فرانـس پرێـس لـە بەغـدا، بەیاننامەیـەک لـە بـارەگای سـوپای عێـراق بڵاوکراوەتـەوە و دەڵێـت: هێزەکانـی عێـراق لـە کێوماڵکردنـی «یاخیبـووان» لـە ناوچـەی ئاکرێـی شـاخاویدا بەردەوامـن. ئاژانسـی فرانـس پرێـس ڕایگەیانـدووە، نوێنـەری کـورد جـەلال تاڵەبانـی لـە ئێسـتادا لـە پاریسـە و نامەیەکی لـە مسـتەفا بارزانییـەوە پێگەیشـتووە کـە تیایـدا هاتـووە: پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە نزیـک چیـای ئەزمـەڕی پارێـزگای سـلێمانیدا هێرشـێکی سـوپای عێراقیـان تێکشـکاندووە، هێرشـەکە لەلایـەن فەوجێکـی پیـادەی عێـراق و بـە پاڵپشـتیی فڕۆکـەکان ئەنجامـدراوە. لـەو هێرشـەدا ١٢٠ سـەربازی عێراقـی کـوژراون و ٢٠٠ی دیکەشـیان لـێ بەدیلگیـراوە. ڕاپۆرتـە هەواڵەکـەش ئامـاژە بـەوە دەدات کـە کـورد لـە بەرپەچدانـەوەی هێرشـەکەی سـوپای عێراقـدا سـەرکەوتوون کـە لـەو ناوچەیـەدا ئەنجامـدراوە.

لـە دەڤـەری کۆیـەش کە دەکەوێتە نێـوان سـلێمانی و هەولێر، ڕاپۆرتەکە درێـژەی پێدەدا و دەڵـێ: فەوجێکی سـوپای عێراقی لـەو دەڤەرەدا گەمارۆدراون و ئەو هێزەش تێکشـکێنراوە کـە بەهانـای ئەو فەوجە گەمـارۆدراوە چوونە و زیانێکی زۆریـان لێکەوتووە.

بەپێـی نامەکـەی بارزانـی: ٢١ گونـدی کوردسـتان بـە فڕۆکەکانـی عێـراق وێـران کـراون و زیاتـر لـە ١٥٠ ژن و منـداڵ بوونەتـە قوربانـی.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/٢٠**

**سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی کوردستان**

**پاریس، ١٩ی حوزەیران. (تاس).** لەنێوەندە عەرەبییەکانی لەندەندا بڵاوکراوەتەوە، هۆزی زێبارییەکان کە حکومەتی عێراق دژی یاخیبووانی کورد بەکاریدەهێنان، بە تەواوی هاتوونەتە ڕیزی هێزەکانی بارزانییەوە و ئاژانسی فرانس پرێسیش ئەم هەواڵەی پشتڕاستکردووەتەوە و دووپاتیدەکەنەوە، هێزەکانی پێشمەرگە گورزێکی کوشندەیان لە سوپای عێراق وەشاندووە و ناوچەرگەی شارەکان نەبێت، هەموو ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکان لەژێر کرنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدان. بە پراکتیکیش بەشێک لە دامەزراوە نەوتییەکانی دەوروبەری کەرکووک و عێن زالە (لە نزیک مووسڵ)یان کۆنترۆڵکردووە و هێزەکانی سوپای عێراقیان ناچارکردووە پاشەکشە بکەنە نێو شارە گەورەکان.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/٢٠**

**تاوانەکانی عێراق ڕاگرن!**

ڕووداوەکانـی عێـراق بووەتـە مایـەی نیگەرانییەکی زۆر، دەسـەڵاتدارانی عێـراق جارێکی دیکـە هەڵمەتـی تۆڵەسـەندنەوەیان دژی هـۆزە کوردییەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی مستەفا بارزانـی دەسـتپێکردووە و هێزەکانـی ئاسـمانی و یەکەکانی پیادە و ئالیاتی سـوپا بەشـداریی ئۆپەراسـیۆنەکان دەکەن و دوو لەسـەر سێی سـوپای عێراق لە باکووری وڵاتدا کۆکراونەتەوە.

فڕۆکـەکان، شـارۆچکە و گونـدەکان بۆردومـان دەکـەن و خەڵکی سـڤیل دەبێتـە قوربانی و بەشـەکانی دیکـەی عێراقیـش لەژێـر بارێکـی نالەبـاری تـرس و تۆقینـدا ژیـان بەسـەر

دەبــەن و هەڕەشــە لــەو خێزانانــە دەکــەن کــە خێزانەکانــی پێشــمەرگە دەحەوێننــەوە، یاخـود چەکیـان لەماڵـدا هەیـە و لـە ئیـدارەی مەدەنیـی حکومەتـی عێـراق یاخـی دەبـن. کوشـتنی خەڵکـی سـڤیل بەشـێوەیەکی بەربـڵاو پەرەیسـەندووە و دەسـەڵاتدارانی بەغـدا سیاسـەتی کۆمەڵکوژییـان لـە کوردسـتان ئەنجامـداوە کـە پێشـێلکردنی ڕوون و ئاشـکرای جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و مافەکانـی مرۆڤـە.

بڕیــاری هێرشــکردن و ئەنجامدانــی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی ســوپای عێــراق دژی ئــەو لایەنانــەی داوای مافــی ڕەوای خۆیــان دەکــەن، بەردەوامبوونێکــی لۆژیکیــی سیاســەتی کۆنەپەرسـتانەیە کـە فەرمانڕەوایانــی بەغـدا پێـڕەوی دەکـەن، لـە سـەرووی هەمووشــیانەوە حزبــی بەعــس.

دوای ئـەوەی حزبـی بەعسـی بـۆرژوای بچـووک، بـووە تاکـە هێـزی فەرمانـڕەوای عێـراق لـە ئاکامـی کودەتـای ٨ی شـوبات، پێـی خلیسـکاوەتە نێـو زەلـکاوی هەڵوێسـتە فاشـییە ناسیۆنالیسـتییەکان. دەسـەڵات وەرگرتنەکەی بەعسـیش لە ڕێگەی تۆقاندن و سـەرکوتکردنی شـیوعییەکانی عێـراق بـوو، ئینجـا دەسـتیکردە دەسـتگیرکردنی هـەزاران نیشـتمانپەروەر و دیموکراتخـواز و لـە بەندیخانەکانیانـی پەسـتاند، دەیـان شـیوعیش لەژێـر ئەشـکەنجەدا گیانیان لەدەسـت دا و ژمارەیەکیشـیان لە دادگاییکردنی نهێنیدا لەسـێدارەدران، سـەلام عادل سـکرتێری یەکەمـی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی یەکێکـە لـەو قوربانییانـە، هەروەهـا تۆفیـق مونیـر، ئەندامـی ئەنجوومەنـی ئاشـتیی جیهانیـش و چەندین شۆڕشـگێڕی بەجەرگـی حزبەکـە کـە دژی ئیمپریالیـزم لەپێنـاو ژیانێکـی ئاسـوودە بـۆ گەلانـی عێـراق خەباتیـان دەکـرد بوونـە قوربانیـی سیاسـەتی چەوتـی دەسـەڵاتدارانی بەعـس.

گــورزی یەکەمــی کۆنەپەرســتان بــەر حزبــی شــیوعی کــەوت و بەرەبــەرە بــەرەی ســەرکوتکردنیان فــراوان بــووەوە، پاشــان دەســتیان گەیشــتە بــۆرژوا دیموکراتخــوازە ناسیۆنالیسـتەکان کـە لەگـەڵ سیاسـەتی بەعسـییەکاندا نەدەسـازان. لـە نیسـان و ئایاریشـدا هەڵمەتـی ڕاوەدونـان و دەسـتگیرکردنی بەکۆمـەڵ لـە عێـراق دەسـتیپێکرد. سـەرکردەکانی بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتی عەرەبــی و حزبــی ئیســتقلالی بــۆرژوا و حزبــی سۆشیالیســتی عەرەبـی خزێنرانـە زیندانـە تاریکـەکان، هاوتەریـب بـەم هەڵمەتانـە، هەڵمەتـی پاکتاوکردن لەنێـو ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیشـدا دەسـتیپێکرد و سـەدان ئەفسـەریان لـە سـوپا دەرکـران.

دووبــارە ڕووداوەکان لــە عێــراق ســەریانهەڵدایەوە و لەناوبردنــی شــیوعییەکان، هەنــگاوی یەکەمــی کاردانــەوەی هێرشــەکانیان بــوو بــۆ ســەر تــەواوی ڕێکخـراوە دیموکراتی و پێشــکەوتنخوازەکان. چەنــد نێوەندێکــی عەرەبیــش لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــوون کــە لــە هەڵمەتەکانــدا تەنیـا شـیوعییەکان بکرێنــە ئامانـج تاکـو لـە ئاینـدەدا لەگـەڵ بەعسـییەکاندا بگەنــە ڕێککەوتنێــک بــۆ پێکهێنانــی کوتلەیەکــی ناسیۆنالیســتانەی عەرەبــی.

هەنــگاوی نوێــی کۆنەپەرســتانی دەســەڵاتدارانی بەغــدا، ڕاگەیاندنــی جەنــگ بــوو دژی ئــەو هــۆزە کــوردەی مســتەفا بارزانــی ڕابەرایەتیــی دەکــردن. ڕۆژنامــەی جەزائیــری کۆمــاری بڵاویکردووەتــەوە: «عــارف دەســتی بــە چەوســاندنەوەی شــیوعی و دیموکراتخـوازەکان کرد، ئینجــا پێــش کــورد، کەوتــە وێــزەی ناسیونالیســتە عەرەبــەکان، حکومەتەکانــی دژی بــەرەی گــەلان ئــەم پرۆســەیەی دەســتپێکردبوو و لێــی پاشــگەز نەدەبــووەوە ...».

کێشــەی کــورد بــۆ عێــراق گرنــگ بــوو، کــورد چواریەکــی کــۆی دانیشــتوانی عێــراق پێکدەهێنــن. خاکــی کوردســتانیش دەوڵەمەندتریــن یەدەکــی نەوتیــی هەیــە و لــەم دواییەدا ســاڵانە زیاتــر لــە ٣٥ ملیــۆن تــۆن نەوتــی تێــدا بەرهەمدەهێنرێــت کــە دەکاتــە ســێ هێندەی ئــەو ڕێژەیــەی لــە بەشــەکانی دیکــەی عێراقــدا بەرهــەم دەهێنرێــت.

کــورد، چەندیــن دەیــە لەپێناو بەدیهێنانی مافــە نەتەوەییەکانی خەباتی دەکرد و خواســتی ســەرەکیی کــوردی باشــوور چەســپاندنی مافــی ئۆتۆنۆمــی بــوو بۆ کوردســتان لــە چوارچێوەی کۆمــاری عێراقــدا یاخــود لــە چوارچێوەی یەکێتیــی عەرەبیدا کە بە نیازبوون لــە میسر و عێراق و ســووریا پێکبهێنرێــت. هەروەهــا کــورد داوای یەکســانی لــە کایەکانی ڕۆشــنبیری، سیاســی و ئابــووری دەکات بــۆ وڵات و داوای تەرخانکردنــی پشــکێک دەکەن لە داهاتــی ئەو نەوتەی لە کوردســتان دەردەهێنرێــت. خواســتەکانی کــورد، داواکاریــی ڕەوان، هەمــوو نەتەوەیــەک مافی چــارەی خۆنووســین و ڕێزگرتــن لە بەرژەوەنــدی و مافــە نەتەوەییەکانی هەیە.

بــە ڕەچاوکردنــی فاکتــەرە مێژوویــی و جوگرافــی و ئابوورییــە داریکــراوەکان، ســەرباری بەرژەوەندییــە هاوبەشــانەی عــەرەب و کــورد لــە خەباتکــردن دژی ئیمپریالیــزم و داگیرکارانــدا، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی مســتەفا بارزانــی، پرســی جوداکردنــەوەی ناوچــە کوردنشــینەکان لــە عێــراق ناورووژێنــێ، بــەڵام داوای ئۆتۆنۆمییەکــی ڕاســتەقینە دەکات بــۆ کوردســتان لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا.

هەڵوێستەکان لە هەمبەر کێشەی کورد، سەنگی مەحەکی سرووشتی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی عێراقە. لە یەکەمین ساڵی پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، کاتێک وڵات بەرەو پەرەسەندنی دیموکراسی هەنگاوی دەنا، زەمینە سازدەکرا بۆ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد. بەڵام دواتر قاسم بەرەو کۆنەپەرستی گەڕایەوە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی هۆزە کوردییەکان ڕاگەیاند. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش، بەشێکە لە خەباتی گشتگیری عێراقییەکان لەپێناو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیانەی ڕاستەقینە لە عێراق. ئەمەش بەشێک بوو لە بیروباوەڕی شیوعییەکانی عێراق و لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق، ساڵێک لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم بارودۆخەی ئێستادا واتا دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ئەم ئۆتۆنۆمییەی کوردستانیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تەواوی گەلانی دیکەی عێراق و بەرژەوەندیی هاوبەشیی عەرەب و کورد لە شەڕی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستاندا دەسازێت.

سەرکردەکانی کۆدەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەڵێنیان بە کورد دا خواستەکانیان بەجێبێنن، بەڵام ڕووداو و پێشهاتەکانی دواتر ئەوەیان ڕوونکردەوە کە سەرکردەکانی بەعس لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە. مستەفا بارزانی و لایەنگرانیشی هیچ دەرفەتێکی دانوستاندنیان لەگەڵ بەعسییەکاندا ڕەت نەکردووەتەوە، بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و کورد، سەرکردەکانی کورد بەداوی بچووکترین کزە ئومێدێکدا دەگەڕان تاکو ئاشتی و سەقامگیری بۆ کوردستان زامن بکەن و کۆتایی بە دووبەرەکیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد بهێنن، بەڵام هەڵوێستەکانی دانوستانکارانی حکومەتی عێراق وایانکرد دانوستاندنەکان هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیی لێنەکەوێتەوە و دانوستاندنەکان بەتەواوی گەیشتنە بنبەست. ئێستا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بەعسییەکان بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانیان، مانۆڕیان بە کات دەکرد، تاکو هەڵمەتە سەربازییەکان لە دژی کوردستان دەست پێبکەنەوە. تەواوی بەرپرسیارێتیی هەڵگیرساندنەوەی شەڕەکانی کوردستانیش لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی بەغدادایە کە لەلایەن شۆڤێنییەکانەوە دنەدەدران. دژایەتیکردنی شیوعییەت و شۆڤینییەت بووە بنەمایەک بۆ پەرەسەندنی هاوپەیمانیی کۆنەپەرستیی عێراق لەگەڵ ئیمپریالیستدا.

ژمارەیەک لە ڕۆژنامە بۆرژواکان بڵاویانکردووەتەوە: سەرکردایەتیی بەعس کە خۆی بۆ کودەتایەک ئامادە دەکات لە عێراق، پێوەندیی بە دامودەزگا هەواڵگرییەکانی ئیمپریالیزمەوە هەبوو، لەوانەش ئاژانسی هەواڵگریی مەرکەزیی ئەمەریکی (CIA). ئەوەی تێبینی دەکرێت کە حکومەتە نوێیەکەی بەغدا دەستبەجێ هەموو کۆت و بەندەکانی سەر چالاکییەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فڕەنسی- ئەمەریکی لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨هەڵگرت کە بە عێراق- پیترۆلیۆم ناسرابوو. حکومەتی بەعس دەستی کردە هاندانی زیادکردنی سەرمایەی تایبەتی بیانی.

جا ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە حوکم بدەین: سەرکردایەتیی بەعس کاردەکات لەپێناو پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆنەپەرستانی ئێران، ئەو دەوڵەتەی کە بەرەو کوتلەی سینتۆی دوژمنکاری پەلکێش کرا و دەسەڵاتدارانی بەغدا ئامانجیانە هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ کۆنەپەرستانی ئێران پێکبێنن بۆ دژایەتیکردنی کورد، بە واتایەکی تر: بۆ زیندووکردنەوەی سەردەمی نووری سەعید، کاتێک عێراق و ئێران یەکیان گرت و هەردوو دەوڵەت پابەندیی خۆیان بۆ ئەو سیاسەتانە ڕاگەیاند کە لایەنگری ئیمپریالیزمن و هەوڵی هاوبەشیان بۆ سەرکوتکردنی هێزە دیموکراتخوازەکان و لەباربردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە.

جا کە دەسەڵاتیشیان گرتەدەست، سەرکردەکانی بەعس دروشمی (یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیستی وحدة، حرية، أشتراكية)یان بەرزکردەوە، زۆریشی نەبرد بۆ هەموو لایەک ڕوونبووەوە کە ئەم بنەما سەرەکییانەی بەعسییەکان لە ڕاستیدا سزادانی گەلانی عێراقە کە عاشقی ئازادی بوون.

قسە لەسەر کام (ئازادی) و (سۆشیالیستی)دا بکەین کاتێک زیندانەکان دەبینین بە ئازادیخوازە شیوعییەکان جمەیان دێت و ئەگەر چەتە فاشیستەکانی (حەرەس قەومی) ش دەستیان داوەتە تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی لە تەواوی دیموکرات و ئازادیخوازانی نیشتمانپەروەر، لە کوردستانیش شەڕی نێوان عەرەب و کوردی برا هەڵگیرساوە و ئامانجیان لەناوبردنی گەلی کوردە؟ باسی کام (یەکێتی- وحدة)یە بکەین کاتێک سەرکردەکانی بەعس دەبینین هاوپەیمان و دۆستی ئیمپریالیستانن و کاری هاوبەشیان سەرکوتکردنی هەموو بزووتنەوەیەکی دیموکراتخوازانن لەنێوخۆی وڵاتدا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیشیان دوولەت کردووە؟.

یەکخستنی سەرجەم هێزەکانی نەتەوەیەکی تەندروست لەنێو هەر وڵاتێکی عەرەبیدا و یەکخستنی هێزە نیشتمانییەکانی دژی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا ڕۆڵێکی کاریگەریان لە خەباتکردن لە پێناو نەهێشتنی یەکجارەکیی هێزەکانی داگیرکەر دەبێت و کۆنەپەرستی و دواکەوتن ناهێڵێ و پێشکەوتنی وڵات خێراتر دەکات. بەڵام ئەم جۆرە یەکگرتن و یەکخستنانە بەدیاریکراوی، زۆر بە توندی لەلایەن سەرکردەکانی بەعسی ناسیۆنالیستی فاشی ڕەتکراوەیە.

هەڵبەت یەکێتیی سۆڤیەت ناتوانێت ئەم پێشهاتانە بەهەند وەرنەگرێت و فەرامۆشیان بکات کە لە عێراقدا ڕوودەدەن. بایەخدانمان بە عێراق بە ڕێککەوت نییە، گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت کە بە ڕۆحی پرەنسیپەکانی لینینی ئینترناسیۆنال گۆشکراون، ناکرێ گوێنەدەنە ئاکامەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان، بە گەلانی عێراقیشەوە.

یەکێتیی سۆڤیەت بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ، پشتیوانی و هاوکاریی تەواوی ئەو گەلانە بکات کە لەپێناو ڕزگاریکردنی نیشتماندا خەبات دەکەن.

هاوکارییەکانمان هەڵپەرستانە نییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئاکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەوڵەتە سۆشیالیستەکانە، نیکیتا خرۆشۆف لە دیداری دۆستایەتیی گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری کوبادا گوتی: شتەکە چۆن دەبێ، ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێت؟ دوای هەر شتێک، نموونەی باڵامان، یەکسانی و برایەتییە لەنێوان تەواوی گەلان و تێکشکاندنی هەر قۆرخکارییەکە - چینایەتی و نەتەوەیی.

ڕای گشتیی سۆڤیەت بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە پێشهاتەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئەویش لەبەرئەوەی ناوچەکە نزیکە لە سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و ئیمپریالیستەکان، ناوچەکە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت دادەنێن و بە خاڵی دەستپێکردنی هەر دوژمنکارییەکی دژی وڵاتانی سوشیالیست هەژمار دەکرێت.

لەم ساڵانەی دواییشدا پێوەندییەکی پتەوی دۆستانە لەنێوان هەردوو گەلی سۆڤیەت و گەلانی عەرەب و کوردی عێراقدا بنیاتنراوە. یەکێتیی سۆڤیەتیش هەڵوێستی خۆی و وڵاتانی دیکەی سۆشیالیست لە ساڵی ١٩٥٨دا بوونەتە بەربەستێکی سەخت بۆ هەر

هەوڵێـک کـە لەپێناو خنکاندنی کۆمـاری عێراق دەدرێت، کاتێک ئیمپریالیسـتە ئەمەریکی و بەریتانییـەکان ئۆپەراسـیۆنی دابەزاندنـی هێزەکانیان لە ئاسـمانەوە دەدا لـە لوبنان و ئوردن.

وڵاتـی ئێمـە هـاوکاری حکومەتـی عێراقـە لـە بنیاتنانـی دامەزراوەکانـدا، بەتایبەتیـش ڕاکێشـانی هێڵـی ئاسـنینی نێـوان بەغدا و بەسـرە کـە گرنگتریـن ناوچەکانی باکـووری عێراق بـە بەنـدەرە دەریاییەکانـەوە دەبەسـتێتەوە و ئەم هەنگاوەشـی بۆ پتەوکردنی سـەربەخۆیی عێـراق و هاوکاریکردنیەتـی بـۆ بوژانـەوە و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بژێویـی دانیشـتوان.

هاوکارییەکـەی گەلانـی سـۆڤیەت بـۆ حکومەتەکـەی عێـراق مانـای ئـەوە نییـە کـە سـۆڤیەت پـارەی لەخـۆی زیـادە، بەڵکـو ئەنجامدانـی ئـەم کارە گرنگـەی بـۆ خوڵقاندنـی ژێرخانێکـی ماددیـی و تەکنیکییـە بـۆ کۆمۆنیسـتەکانی عێـراق، ئاشکراشـە کـە دەکـرێ داهاتـە تەرخانکراوەکانـی سـۆڤیەت بـۆ ئـەو وڵاتانـەی تـازە سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگرتـووە، بـە شـێوەیەکی دروسـت بـۆ نێوخـۆی وڵات بەکاربهێنرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە وابەسـتەی پێشکەشـکردنی هاوکارییەکـی بەرفراوانیـن بـۆ وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـکای لاتیـن، چونکـە ئێمـە لـە سـۆنگەی ئـەو ڕاسـتییەوە پێمانوایـە بەرژەوەندیـی هاوبـەش لەنێـوان وڵاتانـی سۆشیالسـت و ئـەو دەوڵەتانـەی تـازە سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگرتـووە، لـە خەباتـی دژی ئیمپریالیـزم و کۆڵۆنیالیزمـدا، بێبـاک نیـن لـەو ئامرازانـەی لـەو هاوکاریانـەدا بەکاردەهێنرێـن. گەلانـی سـۆڤیەتیش مەحاڵـە چاوپۆشـی لـەو هەمـوو هاوکاریانـە بـکات کـە بـۆ ئـەو وڵاتانـە تەرخـان دەکرێـن و بگاتـە ڕادەی زیانگەیانـدن بـە بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی سـۆڤیەت و هیـچ پێوەندییەکـی بـە خەباتـی دژ بـە پاشـماوەکانی کۆلۆنیالیزمـی شـەرمەزارکەرەوە نەبێـت.

سـۆڤیەت لاریـی نییـە بـە بەردەوامبـوون و پەرەپێدانـی پێوەندییـە دۆسـتانەکانی لەگەڵ عێراقـدا، بـەڵام دەبـێ هاوهەڵوێسـتیی لایەنـی بەرانبەریـش لەبەرچـاو بگیرێت.

ئـەو سیاسـەتە کۆنەپەرسـتانە شـۆڤێنیانەی سـەرکردایەتی حزبـی بەعـس پێـڕەوی دەکات و بووەتـە مایـەی هەڵگیرسـاندنی شـەڕێکی بێهـوودە دژی کـوردی باشـوور، بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عێـراق و گەلانـی وڵاتانـی دیکـەی عـەرەب یەکناگرنـەوە، لـە چوارچێـوەی وروژاندنـی دووبەرەکیـی ناسیۆنالیسـتیدا لـە عێـراق دەبێتـە مایـەی لاوازکردنـی سـەربەخۆیی وڵات لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی

پیلانــە بەردەوامەکانــی ئیمپریالیســتەکان. ئەمــەش دۆخەکــە ئاڵۆزتــر دەکات و دەبێتــە هەڕەشــەیەک بــۆ پرۆســەی ئاشــتی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوینــدا، هەڵبــەت ئــەم سیاســەتەی بەعــس کــە پشــتی لــە جەماوەرەکــەی کــردووە لــە کۆتاییــدا فەشــەل دێنــێ.

**«ئیزفیستیا» ١٩٦٣/٦/٢٠**

**سیاسەتی تیرۆر**

**پاریــس، ١٩ی حوزەیــران. (تــاس).** ســەبارەت بە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی ســوپای عێــراق لــە کوردســتان، وەزارەتــی بەرگــری بەیاننامەیەکــی دەرکــردووە و لــە بەغــدا بڵاوکراوەتــەوە کــە هێزەکانــی حکومەتــی عێــراق بەردەوامــن لــە کێوماڵکردنــی ناوچــەی دەنــاس لــە کوردســتان و لــە ١٧ی حوزەیرانــدا ئاژانســی فرانــس پرێــس بڵاویکردووەتــەوە.

لەلایەکــی دیکــەوە بەیاننامەیەکــی حاکمــی گشــتیی ســەربازی لــە ڕادیــۆی بەغــدادا بڵاوکراوەتــەوە و هاووڵاتیانــی کوردســتان ئاگادارەکاتــەوە کــە بــە هیــچ جۆرێــک هاوکاریــی «یاخیبووانــی کــورد» نەکــەن و بەیاننامەکــە دەڵێــت: هــەر هاوکارییــەک «کردەوەیەکــی تاوانکارییــە و شایســتەی توندتریــن ســزایە».

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/٢١**

**سەبارەت بە ڕووداوەکانی عێراق**

**بەیــرووت، ٢٠ی حوزەیــران. (تــاس).** ڕۆژنامــەی ئەلحەیــات بڵاویکردووەتــەوە کــە چــوار وەزیــری حکومەتــی عێــراق، وەک دەربڕینــی ناڕەزایــی دژی بەردەوامبوونــی کاری دوژمنکارانــەی حکومەتــی عێــراق لــە دژی کــورد، دەســتیان لــەکار کێشــاوەتەوە. ئەوانیش فوئــاد عــارف، وەزیــری کاروبــاری ئەوقــاف و بابــا عەلــی مەحمــوود، وەزیــری کشــتوکاڵ و ناجــی تالیــب، وەزیــری پیشەســازی و مەحمــوود خەتــاب، وەزیــری شــارەوانین.

هــەر چــوار وەزیرەکــەش بەشــدارییان لــە دانوســتانەکانی نێــوان حکومەتــی عێــراق و ســەرکردایەتیی شــۆڕشــی کــورددا کــردووە لــە کاتــی کودەتاکــەی ٨ی شــوباتدا.

**«فیشکا» ١٩٦٣/٦/٢١**

**بارودۆخی عێراق**

**لەندەن، ٢٠ی حوزەیران. (تاس).** لێرە «لێژنەی باڵای بزووتنەوەی داکۆکیکردن لە گەلانی عێراق» بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراقی لە دژی کوردستان، ئیدانەکردووە. بەیاننامەکە جەخت دەکاتەوە: خواستەکانی کورد لە داننان بە مافە دیموکراسییە نەتەوەییەکانیان، داواکارییەکی ڕەوایە و پاساوی خۆیان هەیە و لەلایەن هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە پشتیوانی دەکرێن. لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، پێشێلکردنێکی ڕوون و ئاشکرای مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤن و شێوازی دیکتاتۆرییەت و تیرۆری دەستەبژێری فەرمانڕەواکانی بەغدان.

**پاریس، ٢٠ی حوزەیران (تاس).**

موحسـین سـەلیم، پەرلەمانتـاری لوبنانـی، پشـتیوانیی خـۆی بـۆ مافەکانـی کـوردی عێـراق دەربڕیوە و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە مافێکی ڕەوای کورد هەژمار دەکات، بەپێی هەواڵەکانی پەیامنێـری ئاژانسـی فرانـس پرێـس لـە بەیـرووت، موحسـین سـەلیم دەڵێـت: «ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق، مافێکـی تـەواو یاسـاییە، چونکـە مافـی ئۆتۆنۆمـی لـە دەسـتووری کۆماری عێراقـدا هاتـووە و هەڕەشـە نییـە بـۆ لەتکردنـی وڵات. خواسـتەکانی کـورد هیـچ زیانێکـی بـۆ سـەلامەتیی عێـراق و سـەربەخۆییەکەی نییـە و لەگـەڵ دەسـتووردا ناکـۆک نییـە».

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٥، ١٩٦٣/٦/٢٢**

**لە کوردستانی عێراقدا**

حکومەتـی عێـراق هەمـوو جـۆرە دانوسـتانێکی لەگـەڵ کـورددا ڕەتکردووەتـەوە و بـە زەبـری هێـز هەوڵـی لەباربردنـی خواسـتەکانی کـورد دەدات لـە بەدیهێنانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی، سـوپای عێـراق گوندەکانـی کوردسـتان وێـران دەکات و کۆمەڵکوژیـی دەرهـەق بـە خەڵکـی سـڤیلی کوردسـتان ئەنجامـداوە.

**ئەریک ڕۆڵۆ**

**«مۆند» پاریس.**

کوردستانی عێراق. «گەشتەکەت هێندە سەخت نییە، بگرە پیاسەیەکی وەرزشوانییە». ئەمە گوتەی یاوەرەکەمە کە ئەندامە لە «ڕێکخراوی پشتیوانیی نهێنی»ی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد. بە درێژایی ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی لەگەڵمدا بوو، لە ماڵی خۆیدا منی حەشار دابوو کە دەکەوێتە گوندێکی نزیک سنووری عێراقەوە و پێویستە منیش هەر بە نهێنی لە سنوور ئاودیو ببم.

کاتژمێر نزیکەی هەشتی شەو بوو، سێجار دەرگای ماڵەکە بە ئاسپایی لێدرا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕێبەرەکەم گەیشتووە. ئەو گەنجێکی بە شان و باڵ بوو، یەکەمین شت کە کردی، جوان جوان گیرفانەکانمی پشکنی نەبادە چەکم پێبێت، بەڵام خۆی بە ئاشکرا تفەنگێک و خەنجەرێکی پێبوو ...

لە ڕێگەدا ئۆتۆمبیلەکەمان هەر هەڵبەز و دابەزی بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێگەکەی ئێمە گرتوومانەتەبەر، ڕێگەیەکی بەردەڵانی سەختە و لە کاتی ئاساییدا ئەستەمە بەکاربهێنرێت، جا کە گەیشتینە شوێنی مەبەست، خۆمان لە شوێنێکی دابڕاودا بینییەوە کە کەسی تێدا نەدەژیا.

بەڵام هەر زوو بە ڕووناکیی لایتەکەی دەستمانەوە سێ کەسمان بینی، هاتبوون پێشوازیمان لێبکەن، دوو بارگیریان پێبوو، ئەسپێکیشیان بە تایبەت بۆ من هێنابوو. کاروانەکەمان بەبێ دەنگ بەڕێکەوت و نەدەبووایە چرپەشمان لێوە بێت، نەوەک پاسەوانانی سنووری ئەو شوێنەی ئێمە بۆی دەچین، گوێیان لێمان بێت، هیچ شتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو لێی بترسین، چونکە سوپای حکومەت لە چوار لەسەر پێنجی هەموو کوردستان وەدەرنرابوون. شۆڕشگێڕانی جەنەڕاڵ بارزانی سەرجەم دەروازەکانی ناوچەی زاخۆ تا دەگاتە خانەقینیان کۆنتڕۆڵ کردبوو (لەسەر سنووری تورکیا و ئێران).

بە درێژایی گەشتەکەمان لە مەملەکەتی جەنەڕاڵ بارزانیدا، دیمەنەکە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات: شاخ و داخێکی سەخت کە بەرزایی هێندێکیان دەگەیشتە سێ هەزار مەتر و هەمووی بەتەنیشت یەکەوە پاڵیان بەیەکەوە دادابوو.

دۆڵی کەسکی تەسک و بێستانی چڕ. سرووشتی ئێرە بە شێوەیەکی زۆر سەیر گونجابوو ... پەڵەی سپیی بەفر ... گردۆڵکەی زەرد، لەوەڕگەی سەوز ... تاشە بەردی خۆڵەمێشی و قاوەیی، هەموو ئەمانە بە تاڤگەیەک لەتکرابوو کە شۆڕاوگەی ئاوە سازگارەکەی هێڵی سەیر سەیری لە نشێوییەکانی ئەو شاخە سەختانەدا کێشابوو.

«وڵاتمان جوانە، وا نییە؟» ئەمە پرسیاری یەکێک لەو قاچاخچییانە بوو کە دواتر خۆی پێناساندم و ناوی «ڕۆتا، پێشمەرگەی کوردستان»ی لەخۆنابوو. لەگەڵ ئەودا هێندێک بە پیادە و هێندێکی دیش بە سواری بارگیرەکە، بە تەواوی سنووری عێراقمان تێپەڕاند.

ئەو کەسە، باڵابەرزێک بوو، بە شانازییەوە سمێڵێکی چڕی بەردابووەوە، ئەو جوتیارە پتەوە تەمەن چل و پێنج ساڵانەیە، هەر تەختاییەکمان تووش ببوایە، غاری دەدا، هەر دەرفەتێکیشی بۆ بلوایە باسی بەرخودانی گەلەکەی بۆدەکردم.

ئەو هاوڕێیەم کە بە ئاستەم خوێندەواریی هەبوو، زانیارییەکی دەوڵەمەندی لەبارەی مێژووی نوێدا هەبوو. چەند جارێک باسی پەیماننامەی (سیڤەر)ی بۆکردم کە هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٢٠دا بەپێی ئەم پەیماننامەیە، دانیان بە مافی سەربەخۆیی گەلی کورد ناوە، ئینجا بە داخ و پەژارەوە باسی پەیماننامەی (لۆزان) ی بۆکردم کە دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر پەیماننامەی سیڤەر، کوردستانیان دابەشکردە سەر عێراق، تورکیا و ئێران ...

لە ڕێگەشدا ئەو نوێنەرەی بارزانی، هەموو ئەو گوندانەی پێ نیشاندام کە بە بۆردومانی سوپای عێراق وێرانکراون و سووتێنراون. لە کۆی ١٠ هەزار کۆمەڵگەی نیشتەجێبووندا، هەزار و پێنج سەد کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە کوردستان وێران و خاپوور کراون و نزیکەی دوو هەزار کەسیش بوونەتە قوربانیی ئەو بۆردومانانە.

هەروەها دەیگوت: «جەنەڕاڵ قاسم داکۆکییەکی زۆری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردووە، بەڵام دواتر سیاسەتی کۆمەڵکوژیی کوردی کردە بەرنامەی حکومەتەکەی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە ڕاپەڕینێکی بچووکەوە، پەرەی سەند و بووە شۆڕشێکی میلیی بەرفراوان».

گەیشــتینە گوندێکــی وێرانکــراو، بێدەنگییەکــی ترســناک پێشــوازیی کردیــن. کەســی زینــدووی تێــدا نەمــاوە، بەســاڵاچووان و منــداڵان و ئافرەتــان، ئەوانــەی نەیانتوانیبــوو خۆیــان دەربــاز بکــەن، هەمــوو کوژرابــوون. ئەوانەشــی بــە ســەلامەتی بۆیدەرچــوون، چوونــە ڕیزەکانــی شۆڕشــگێڕان و بــەرەو ناوچەیەکــی ئارامــتر چــوون و ڕەمــز و هێــمای شەرەفیشــیان لەگــەڵ خۆیانــدا هێنابــوو کــە چەکەکانیــان، کاربیــن و زۆرجاریــش تەنیــا خەنجەرەکــەی دەســتیان بــوو.

زۆربــەی ئەوانــەی لــە بۆردومانەکانــی ســوپای عێراقــدا بــە زیندوویــی مابوونــەوە، ڕاســتەوخۆ نەچووبوونــە ڕیزەکانــی ســوپاکەی جەنــەڕاڵ بارزانــی، بەڵکــو هــەر لــە پشــتەوەی ئــەو هێزانــە، هێزێکــی پشــتیوانییان بــۆ هێزەکانــی پێشــەوە پێکهێنابــوو، ئەرکیــان پاراســتنی پــرد و ڕێگــە ســتراتیجییەکان بــوو، لــە کاتــی پێویستیشــدا بەشــداریی ڕاســتەوخۆیان لــە شــەڕەکاندا دەکــرد. ئازووقــە و خواردەمەنییــان بــۆ پێشــمەرگە دابیــن دەکــرد، و بەروبوومــی شــیرەمەنیی ئاژەڵەکانیشــیان دەبەخشــییە هێزەکانــی پێشــمەرگە و ببــوون بــە شــوێنێکی ئــارام بــۆ حەوانــەوەی ئــەو پێشــمەرگانەی بــە ڕێبــواری ڕێیــان بــەو گوندانــە دەکــەوت.

## لە مردن ناترسێ کەرکووک:

گڕوتیـن و چالاکییـەک باڵـی بەسـەر بارەگاکـەی عەلـی عەسـکەریدا کێشـابوو کـە فەرمانـدەی سـەربازیی ناوچـەی مـاوەت بـوو. بارەگاکـە، ژوورێکـی بچـووک بـوو، پێـش چەنـد مانگێـک ڕێپێدراوێکـی پۆلیسـی ناوچەکـەی تێـدا جێگیـر ببـوو، کەچـی ئێسـتا بووەتـە ناوەنـدی ناوچەیەکـی گـەورە کـە لەژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدایە.

لـە گۆشـەیەکی ئـەو ژوورەدا مێزێـک دانرابـوو و ژمارەیـەک ئەفسـەری شۆڕشـگێڕ لەبەر ڕۆشـنایی چرایەکـی نەوتیـدا لـەو مێـزە کۆببوونـەوە، چەنـد بەڵگەنامەیەکیـان تاوتـوێ دەکـرد و جاربەجارێکیـش دەیانڕوانییـە ئـەو زانیارییانـەی لەسـەر نەخشـە گەورەکـەی لەقـەد دیوارەکـەدا کوترابـوو، ئاماژەیەکیـان لـە پێشـمەرگەکانەوە پێگەیشـت، یەکێکیـان وەریگـرت و دەسـتی کـردە شـیکردنەوەی هێـما و جفرەکانـی.

پێشمەرگەکان، سەرجەمیان زۆر بە وردی پابەندی پاراستنی نهێنییە سەربازییەکان بوون، هەر ئەم پێشمەرگە گەنجە کە تەمەنی هەر بیست و حەوت ساڵێک دەبێت، بەڵام ئەو ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە حەڤدە ساڵیی تەمەنییەوە پێوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە. خۆی بۆ پیشەیەکی سەربەست ئامادەدەکرد، بەڵام بە فەرمانی حزب ئەم کارە نهێنییەی پێسپێردرابوو. سوارچاک و نیشانشکێنێکی بەهرەدار بوو، بە ئازایەتی ناوبانگی دەرکردبوو لە شەڕەکاندا، ئازادییەکی لەنێو سەرکردەکانی خۆیدا بەدەستهێنابوو.

ناشـتوانی بـە «گـەورەم» نـاوی بێنـی. ئـەو سـەرکردایەتیی «لێژنـەی هەرێمـی» دەکات لـە مـاوەت، پێنـج ئەندامـی دیکـەی لەگەڵدایـە و پرەنسـیپی هاوسـەرۆکییان بـە وردی ڕەچاوکـردووە. ئـەم شـەش پیـاوە کـە هەریەکێکیـان لـە شـوێنێکەوە هاتـوون و لـە چیـن و توێـژی جیـاوازن و لـە ڕاسـتیدا کاروبـاری حکومیـی ناوچەکـەش بەڕێوەدەبـەن.

لـە ڕاستیشـدا، ئەرکـی ئەم شـەش کەسـە، تەنیـا ڕاپەڕاندنی کاروبـارە سـەربازییەکان نییە و لـە جێگـەی نوێنەرانـی حکومەتـی بەغـدا و کۆنترۆڵـی ناوچەیەکیـان کـردووە کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی نزیکـەی پەنجـا هـەزار کـەس دەبێـت، لـە کۆتاییـدا، بۆمدەرکـەوت، پانـزە لێژنـەی دیکـەی هاوشـێوەی ئـەم لێژنەیـە لـەو ناوچەیـەدا هـەن کـە ژمـارەی دانیشـتوانیان پـترە لـە یـەک ملیـۆن کـەس.

ئـەو ڕێگەیـەی پێشـمەرگەکان لـە مـاوەی هـەژدە مانگـدا گرتبوویانەبـەر، بـە ڕاسـتی جێگــەی سەرســوڕمان بــوو، کاتێــک قاســم لــە ئەیلوولــی ١٩٦١ بۆردومانەکانــی لــەو ناوچەیــەدا چڕکردبــووەوە و لــە بەهــاری ئــەو ســاڵەدا ترسـێکی زۆری خســتبووە دڵــی دانیشــتوانەوە، ئــەو کات ژمارەیەکــی کــەم دانــە دانــە و کۆمەڵــی بچــووک بچــووک پێوەندییــان بــە هێزەکانــی پێشــمەرگەوە دەکــرد کــە زۆربەیــان جوتیارانــی ناوچەکــە بــوون، نــە چــەک و نــە پــارە و نــە سەرکردەشـیان هەبـوو، پێدەچـوو مامەڵەکـردن لەتـەک ئەمجـۆرە خەڵکانــەدا ئاســان بێــت. جەنــەڕاڵ بارزانیــش لــەلای خۆیــەوە پێیڕاگەیاندیــن: ئــەوکات تەنیــا ٦٦٠ پێشــمەرگەمان هەبــوو.

عەبدولکەریـم قاسـم، بـە هێزەکانـی پیـادە و تانـک و تۆپخانـەکان ڕووبـەڕووی ئـەم هێـزە تازانـە بوونـەوە و ئـەو گونـدەی گومانـی لێدەکـرا کـە پێشـمەرگەی تێـدا کۆبووەتەوە، بـە کاریگەریـی ئـەو بۆردوومانـە دژوار و سـەختەدا، تەختـی زەوی کـرا و لـە نەخشـەدا سـڕایەوە، پاشـان ڕادیـۆی بەغـدا بڵاویکـردەوە: سـوپای عێـراق «سـەرکەوتنێکی مـەزن»ی تۆمارکـردووە و کۆتایـی ڕاپەڕینەکـە نزیـک بووەتـەوە.

بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکان گڕیـان سـەند و لـە ماوەیەکـی زۆر کەمدا ژمارەیەکـی زۆری جوتیـار و ڕۆشـنبیرانی شارسـتان و ئـەو سـەربازە کوردەی لەنێـو ریزەکانی سـوپای عێراقـدا بـوون (کـە نزیکـەی سـێ هـەزار کـەس دەبـوون) ڕوویان لـەو ناوچانـە کرد کـە شـەڕی پارتیزانیـی تێـدا هەڵگیرسـابوو بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانی، لە شارەکانیشـدا لایەنگرانـی ڕاپەڕینەکانـی کـورد دەسـتیان بـە کۆکردنەوەی هـاوکاری و پیتـاک کرد.

بەهــاری ســاڵی ١٩٦٢، یەکەمیــن نیشــانەی شکســتی گــەورەی هێزەکانــی قاســم بەدیارکـەوت. لـە کاتـی کودەتاکـەی ٨ی شـوباتی ئـەو سـاڵەدا، دوو لەسـەر سـێی هەمـوو ســوپای عێــراق لــە کوردســتان کۆکرابوونــەوە، واتــە نزیکــەی ٣٠ هــەزار ســەرباز لــە کوردســتان کــە نەیاندەتوانــی ڕووبــەڕووی ڕاپەڕینەکانــی کــورد ببنــەوە. لــەو شــەڕانەدا نزیکـەی دوو هـەزار سـەربازی عێـراق و سـەربازی کـوردی نێـو ریزەکانـی سـوپای عێـراق کــوژران. قوربانییەکانــی پێشــمەرگەش تەنیــا ١٧٢ کــەس بــوو.

ئەگـەر تەماشـایەکی ڕابـردووی ڕووداوەکان بکەیـن، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە شکسـتی هێزەکانی قاسـم چاوەڕوانکراو بوو، چونکە سـوپا ئەو مەشـق و ڕاهێنانی شەڕە پارتیزانانەیان

نەکردبـوو، بەتایبەتیـش لـەو ناوچە شـاخاوییە سـەخت و دژوارانەی کوردسـتان، کەچی کورد شـەڕی پاراسـتنی خاکـی خـۆی لـە ناوچـەی خۆیـدا دەکـرد و بـە باشـی شـارەزای جوگرافیای ناوچەکـە ببوون و گورزی کوشـندەیان لەو ژمارە زۆرەی سـوپا دەوەشـاند کـە کاریگەرییەکی ئەوتۆیـان لـەو ناوچانـەدا نەمابـوو و نەیاندەتوانـی بە ئاسـانی جووڵـەی تێدا بکەن.

لـە ڕووی دەروونیشـەوە خەباتێکـی ناهاوتـا بـوو، پیاوانـی بارزانـی لەپێنـاو ئامانجێکـی ڕەوادا خەباتیـان دەکـرد، ئەویـش کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بـوو کـە مـاف دەداتـە کـورد بەشـێک لـە داهاتـی نـەوت وەربگرێـت و بـۆ بوژانـەوەی ژێرخانـی ئابووریـی کوردسـتان خەرجـی بـکات و مافـە ڕۆشـنبیرییەکانیان بچەسـپێت کـە بەغـدا بێبەشـی کردبـوو. کەچـی سـەربازانی سـوپای عێـراق خزێنرابوونـە نێـو شـەڕێکەوە کـە زۆربـەی حزبـە سیاسـییەکانی عێـراق بـە «نادادپەروەرانـە» یاخـود «بێمانـا» وەسـفیان دەکـرد.

پێشـمەرگە هێـز و توانایەکـی ئەوتـۆی پەیـدا کردبـوو کـە بتوانێـت سـەرجەم شـارە سـەرەکییەکانی کوردسـتان ئـازاد بکـەن، بەتایبەتیـش هەولێـر، سـلێمانی و کەرکـووک، پشـتیوانیکردنی جەماوەریـش ئەرکـی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان ئاسـانتر دەکـرد، بـەڵام خۆیـان لەمـە پاراسـت و نەیانویسـت خەڵکـی سـڤیلی ئـەو شـارە گەورانـە بـە دەردی دانیشـتوانی گوندەکانـی کوردسـتان ببـەن و هێزەکانـی پێشـمەرگەش هیـچ ئامرازێکـی بەرگریکردنـی ئـەو شـارانەی لەبەردەسـتدا نەبـوو. جـەلال تاڵەبانـی کـە سـەرکردەیەکی شۆڕشـگێڕانی کـورد بـوو، پێیگوتـم: «ئێمـە بـە پراکتیـک بەوپـەڕی ئـازادی دەتوانیـن بچینـە نێـو ئـەو ناوچانـەی ئاوەدانییـان تێدایـە».

**لە «قودسی قودسان»**

**ڕانیە (کوردستانی عێراق) ... جەنەڕاڵ مستەفای بارزانی کێیە؟**

بیسـت کیلۆمەتـر دوور لـە گونـدی سارسـیان کـە دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کەرکـووک، بـۆ یەکەمیـن جـار چـاوم بـە جەنـەڕاڵ بارزانـی کـەوت، کـەس لـەو بڕوایـەدا نەبـوو لـەم نزیکانـەدا ببینرێـت، هـەر کـە دەگەیشـتیتە سەرسـیان، وا هەسـتت دەکـرد کـە چوویتـە نێـو دونیـای داخـراوی ڕابـەری  کـوردەوە.

سەدان چەکدار بە درێژایی ئەو ڕووبارە هەڵچووەدا بڵاوبوونەتەوە کە پێویستە لێی بپەڕیتەوە تاکو بگەیتە (قودسی قودسان).

هەر کەسێک بچووایەتە ژوورێ، مەلا مستەفا دەستبەجێ لەسەر ئەو باليفانەی لەسەر زەوی دانرابوون، هەڵدەستایە سەرپێ و پێشوازیی لە میوانەکان دەکرد ... جەستەیەکی پڕ، بەڵام ڕێکوپێک ... هەر لە ڕووخساریدا ئازایەتیی لێدەخوێنرایەوە، هەرچەندە تەمەنی گەیشتبووە شەست ساڵ ... ڕوویەکی توند و بڵند کە یەک دوو لۆچی قووڵی تێدابوو، هەناسەدانی لە یەکێکی تەندروست دەچوو.

تەزبیحەکەی بە دەستەوە بوو (بارزانی موسڵمانێک بوو بە توندی وابەستەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان بوو)، باسی عەشیرەتی بارزان و بنەماڵە خانەدانەکەی خۆی بۆکردین کە بە زکماک سەرکردە و ڕابەرن، بەڵام هەموو موڵک و ماڵیان لەدەستداوە، چەند دەسەڵاتێکیان بۆ ماوەتەوە، هەرچەندە زەوی و زاریان نەماوە کە لە گوندەکاندا دەسەڵاتی پێدەبەخشێت.

ژیانی مەلا مستەفا، پێوەندییەکی پتەو بە مێژووی عەشیرەتەکەیەوەی دەبەستێتەوە، بنەماڵەکەشی کە بە جەنگاوەر ناسرابوون و هەمیشە ڕابەرایەتیی شۆڕشەکانیان دەکرد، هەر لە ڕاپەڕینی دژی تورکەکان لەو کاتەی ویلایەتی مووسڵ سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو، تا دەگاتە ڕاپەڕینەکانی دژی بەریتانی و عەرەبەکان، دوای ئەوەی لە ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشێک لە کوردستان خرایە سەر عێراقی هاشمی. لە ساڵی ١٩٠٥دا کە هێشتا لە تەمەنی سێ ساڵیدا بوو، بۆ یەکەمین جار خۆی لە بەندیخانەدا بینییەوە، لەگەڵ دایکیدا دەستگیر کرابوو، هاوکات عەبدولسەلامی براگەورەی بارزانی ڕابەرایەتیی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان دەکرد. هێشتا منداڵ بوو، بەشداریی لە ڕاپەڕینەکانی ١٩١٤-١٩١٦دا کرد لە دژی تورکەکان. ساڵانی یەکەمی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ساڵانی ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکان بوو کە براکەی دیکەی (شێخ ئەحمەد) ڕابەرایەتیی دەکرد دژی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا. لە ماوەی ڕاپەڕینەکاندا، فڕۆکەکانی بەریتانیا کە بۆ هاوکاریکردنی سوپاکەی جەنەڕاڵ فەیسەڵ هاتبوون، دەیان گوندی ناوچەی بارزانیان بۆردومان کرد، لە ساڵی ١٩٣٢ مەلا مستەفا دەستگیر کرا و یانزە ساڵ لە ئاوەرەیی لە باشووری میزۆپۆتامیا و دواتر لە سلێمانیدا بەسەربرد، تا لە

ساڵی ١٩٤٣دا بـە نهێنـی گەڕایـەوە بـارزان و لەوێ ڕاپەڕینێکـی نوێی بەرپاکرد. شۆڕشـگێڕان زیانێکـی گەورەیـان بـە هێزەکانـی عێـراق گەیانـد و نـووری سـەعید، سـەرۆک وەزیرانـی ئەوسـای عێراقـی ناچـار کـرد بـە هەمـوو مەرجەکانـی خەڵکـە ڕاپەڕیوەکـە قایل بێـت. دوای دوو سـاڵ و بـە هاندانـی بەریتانییـەکان لـە هەمـوو پابەندییەکانـی خـۆی پاشـگەزبووەوە و فڕۆکـە بەریتانییـەکان جارێکـی دیکـە ناوچـەی بارزانیـان بۆردومـان کـردەوە.

لێـرەدا مـەلا مسـتەفا بـە یاوەریـی سـەدان ڕۆڵـەی گەلەکـەی ناچـار بـوو ڕوو لـە ئێـران بـکات، زۆری نەبـرد لـەوێ کۆمـاری مهابـاد دامـەزرا و بـە پلـەی جەنـەڕاڵ بـووە فەرماندەیەکـی بـاڵای سـوپای ئـەو کۆمـارە.

پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد، ئەو سەرکردە کوردە دەچێتە تاران و لەوێ داوا لە باڵیۆزی ئەمەریـکا دەکات مافـی پەنابەرێتیـی لـە ئەمەریـکا بدرێتێ، بـەڵام داواکـەی ڕەتدەکرێتەوە، ئینجـا دەگەڕێتـەوە شـاخ و لـەوێ هـەزاران لایەنگـر، ئەوانـەی لـە مهابـاد هەڵاتبـوون لـە چاوەڕێیـدا بـوون. کاتێکـیش سـوپای ئێـران بەدوایانکەوتبـوون، لەگـەڵ یاوەرانیـدا گەڕانـەوە عێـراق، و لـەوێ سـوپای عێـراق بـۆ دەسـتگیرکردنی خۆیـان لە بۆسـەنا بوو بـۆی ...

## پارتی:

قـەلادزێ (کوردسـتانی عێـراق). ئەگـەر جەنـەڕاڵ بارزانـی ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕاپەڕینەکـە بووبێـت، ئـەوا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕوحـی ڕاپەڕینەکەیـە. ٧٥٪ی لایەنگرانـی بارزانـی، ئەندامـی ئـەو حزبـە بـوون، زۆربـەی ئـەو جەنگاوەرانـەی مابوونـەوە سـۆزداری ئـەو بـوون و زۆربـەی ئەوانـەی مەرکـەزی سـەرکردایەتییان بەدەسـتەوە بـوو، ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوون کـە شـانەکانی سـەرتاپای وڵاتـی گرتبـووەوە.

پارتـی کـە هەوادارانـی بـە خۆشەویسـتییەوە دەڵێـن: هەمـوو سـەروەت و سـامانی ڕاپەڕینـی لەژێـر دەسـتدایە، جەماریـش لەپێنـاو ئەرکـی جەنگـدا تەیـار و ئامـادە دەکات، لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان بـە ئاشـکرا و لـە باشـووری وڵاتیشـدا ڕۆژنامـەی (خەبـات) بـە نهێنـی چـاپ و بڵاودەکاتـەوە. خـۆراک بـۆ دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەش دەستەبەر دەکات کـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی بەغـدا گەمـارۆدراون، پشـتگیریی خزمەتگوزاریـی گەیانـدن

دەکات و سـەرکردایەتیی ڕێکخراوێـک لـە شـارەکاندا دەکات کە بەرپرسـن لە لەسێدارەدانی خیانەتـکاران و ڕێکخسـتنی چالاکییـە چەکدارەکانیـان و شـتی دیکـەش.

دەسـتەیەک کـە لـە پێنـج کـەس پێکهاتـوون، ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی، ئیدارەدانـی هەمـوو ئـەم وردەکارییانەیـان لەئەسـتۆدایە. چـوار ئەندامیـان ئەرکـی سـەربازی و ئیداریـی جـۆراو جـۆرە، ئەندامـی پێنجەمـی مەکتەبەکـە ئەمینـداری گشـتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئیبراهیـم ئەحمـەدە، مامەڵـە لەتـەک کاروبارەکانـی حزبـدا دەکات.

تێبینییەکانـی نووسـەر (پێشـمەرگە) واتـە (جەنـگاوەر) و تەرجەمـەی حەرفیـی دەسـتەواژەکەش: ئەوانـەن کـە لـە مـردن ناترسـن.

**جەنگی کۆمەڵکوژی**

**«ساندی ئیکسپرێس» لەندەن.**

دەگوترێـت، نیـوەی سـوپای عێـراق زیاتـر بەشـداریی شـەڕێکی دڕندانـە دەکـەن دژی جەنگاوەرانـی کـورد و لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکانی کوردسـتانی عێـراق.

بەپێـی ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە لـە کـوردەوە دەسـتکەوتوون، ئـەوان بـە سـێ فیرقـەی تانـک و فڕۆکـەی جەنگـی کراونەتـە ئامانـج.

هێزەکانـی سـوپای عێـراق بەنێـو چیـا سـەختەکانی کوردسـتاندا جووڵـە دەکـەن کـە ناتوانرێـت لـە باکـوورەوە بپەڕێتـەوە، چونکـە ژمارەیەکـی زۆری پێشـمەرگەی تێـدا کۆبووەتـەوە و ئۆتۆمبێـل بـەو ناوچانـەدا تێناپەڕێـت.

هـاوکات، هێـزە ئاسـمانییەکانی سـوپای عێـراق، گوندەکانـی کوردسـتانیان بـە مووشـەک وێـران کـردووە و بەروبوومـە کشتوکاڵییەکانیشـیان بـە بۆمبـی ناپاڵـم سـووتاندووە، لـە شـار و شارۆچکەکانیشـدا سـەدان ئافـرەت و منـداڵ بەدەسـتی هەرزەکارانـی ڕێکخـراوی لاوانـی حـەرەس قەومییـەوە کـوژراون. ئـەم هەرزەکارانـە، هاووڵاتیانـی کوردیـان سـەرەو خـوار هەڵدەواسـی و بـە قامچـی تێانبەردەبـوون، جـا هـەر ئافرەتێکیـش زاتـی بکردایـە و بهاتایەتـە پێـش بـۆ ئازادکردنـی پیاوەکـەی، بەبـێ هیـچ دوو دڵییـەک دەکـوژرا.

بـە پشـتوانیی تانکەکانـی سـوپای عێـراق، ئـەم ڕێکخـراوە چەندیـن گونـدی کوردیـان تەختکـرد و خەڵکەکەیـان بـەرەو کێڵگـەکان ڕاودەنـا، دواتـر گوللەبارانیـان دەکـرد و ئاگریـان لـە زەوی و زار و کێڵگەکانیشـیان بـەردەدا. ئـەو گوندانەشـی مابوونـەوە، دەسـت بەسـەر تراکتـۆر و ئامێـرە کشـتوکاڵییەکانی دیکـەدا دەگـرت و ڕێگەیـان بـە گوندنشـینان نـەدەدا کشـتوکاڵ بکـەن و بژێویـی ڕۆژانـەی خۆیـان و مـاڵ و منداڵیـان بەرهـەم بێنـن.

بەپێــی ڕاگەیەنــراوە حکوومییــەکان، ١٦٥ کــورد لــە ١٣ی حوزەیــران و ٣٠٠ کەســی دیکەشـیان لـە ١٤ی حوزەیرانـدا کـوژراون و سـوپای عێـراق سەرپشـککرابوون لـە تەقەکردن و گوللەبـاران کردنـی خەڵکـی سـڤیلی ئـەو ناوچانـە، بۆیـە ڕەنگـە ژمـارەی قوربانیـان زۆر لـەو ژمارەیـە گەورەتـر بێـت کـە بـە فەرمـی ڕادەگەیەنـرا.

**لەسەر ڕێگەیەکی مەترسیداردا**

**«واشنتۆن پۆست و تایمز هیراڵد»**

حکومەتـی نوێـی بەعـس لـە بەغـدا، درێـژەی بـە کوشـتاری کـورد دا و ڕێچکەیەکـی گرتەبــەر کــە ڕۆڵێکــی کاریگەریشــی لــە ڕووخانــی حکومەتەکــەی قاســمدا گێــڕا. جــا لەبەرئـەوەی بەعسییەکان بەڵێنیـان دابـووە کـورد مافـی ئۆتۆنۆمییـان بـۆ دابیـن بکـەن، بـە پشـتوانی کـورد توانییـان ڕژێمـی قاسـم بڕووخێنـن، بـەڵام بەعسـییەکان پەلەیـان بـوو لـە درێـژەدان بـە دژایەتیکردنـی هـەر بزووتنەوەیەکـی ئازادیخوازانـەی کـورد و بەردەوامییـان بـە شــەڕەکانیان دا، هەرچەنــدە هێشــتا لەگــەڵ ســەرکردایەتیی کــورددا لــە دانوســتاندندا بــوون و پێویســتی نەدەکـرد جارێکــی دی جەنــگ ڕابگەیەننــەوە.

ئــەوەی تاکــو ئێســتاش ڕوون نەبووەتــەوە ئەوەیــە کــە ئاخــۆ گۆڕانــی هەڵوێســتی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆی عێراقـەوە بـووە یاخـود بەهـۆی شـەڕی نێـو بزووتنـەوەی یەکێتیـی عەرەبـی؟. بـەڵام ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە، هەڵگیرسـاندنەوەی شــەڕێکی دژوار کــە تێچوویەکــی زۆریشــی پێویســتە لــە دژی دوژمنێــک کــە ســۆزی جیهانـی غەیـرە عەرەبیشـی لەگەڵدایـە، نابێتـە هـۆی سـەقامگیریی عێـراق و ئەگەرەکانـی هاوپەیمانیــی عەرەبیــش پتــەو نــاکات.

حکومەتـی بەغـدا وای بڵاودەکـردەوە کـە ئەمجـارە سـەرکەوتنێکی خێـرا و یەکجارەکـی تۆمـار دەکات و لـە ڕۆژنامەکانیشـدا ئـەم بۆچوونەیان دووپـات دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا سروشـتی جوگرافیـای کوردسـتان و هێـز و ئازایەتیـی جەنگاوەرانـی کـورد، ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە شـەڕەکە درێژخایـەن دەبێـت و بـە هیـچ جۆرێـک وەهـا زوو یەکلانابێتـەوە. ئـەوان وایـان دانابـوو شـەڕەکە چەنـد ڕۆژێکـی دیاریکـراو بخایەنێـت، هێشـتا دەرفەتیـش لەبـەردەم دەسـەڵاتدارانی بەغداشـدا مـاوە، درێـژە بـە دانوسـتان لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـورددا بـدەن، ئـەوەش بکـەن چێـترە. کات بەدەسـت وڵاتانـی دۆسـتی عێراقیشـدا مـاوە، هەوڵەکانـی خۆیـان بەگەڕبخـەن و نێوەندگیـری کـردن و ڕێگـە لـە هەڵگیرسـاندنەوەی شـەڕ بگـرن، جێگـرەوەی ئاشـتی لـە عێراقـدا دیـارە و زۆریـش بـە ئـازارە و پێویسـت بـە دووبارەبوونـەوەی نـاکات. هەڵبـەت جێگـرەوەی شـەڕ پێشـکەوتنە!.

**«نیدیلیا» (هەفتە)، ژمارە ٢٥، ١٦-١٩٦٣/٦/٢٥**

**گڵپەی ئاگری جەنگ لەسەر کوردستان**

جارێکـی دیکـە تارمایـی جەنـگ گەڕایـەوە سـەر خاکـی کوردسـتان و گڵپـەی ئاگـر لـە کێڵگەکانـی کشـتوکاڵی گونـدە بێوەیـەکان بـەرەو ئاسـمان دەچێـت و ناپاڵـم بەروبوومـەکان دەسـووتێنێ، سـەدان هاووڵاتیـی سـڤیلیش بـە مووشـەکی فڕۆکـە و تانـک و تۆپخانەکانـی سـوپای حکومەتـی عێـراق دەکوژرێـن. ڕژێمـی نوێـی عێـراق بـەم کوشـتارەی، کوردسـتانی لـە خوێـن وەردا و ئامانجـی لێدانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـوو.

ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە ١١ی حوزەیـران دەسـتیپێکرد. سـێ فیرقـەی سـوپای عێـراق لـە کـۆی پێنـج فیرقـە و نیـوەی هێزەکانـی زرێپـۆش بەشـدارییان تێـدا کردبـوو کـە سـەدان فڕۆکـەش لـە ئاسـمانەوە پشـتیوانی ئـەو هێزانـە بـوون و هێرشـیان دەکـردە سـەر خەڵکـی سـڤیلی ناوچەکـە، ڕۆژی پێشـووش دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق، ئاگادارییەکـی بێمانـا و ئابڕووبەرانـەی بـۆ سـەرکردەکانی کـورد بڵاوکـردەوە و داوای لـە هـۆزە کـوردەکان کـرد چەکەکانیـان دابنێـن و گوێڕایەڵـی هەمـوو فەرمانەکانـی ڕژێمـی کۆنەپەرسـتی بـبن.

کـورد، نەتەوەیەکـی گـەورەن و چارەگێکـی کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی وڵات پێکدێنـن، لـە دەوڵەمەندتریـن ناوچەکانـی عێراقیشـدا دەژیـن، خاکـی کوردسـتان کێڵگـەی نەوتـی تێدایـە، سـاڵانە ٣٥ ملیـۆن تـۆن نەوتـی تێـدا بەرهـەم دەهێنرێـت کـە دەکاتـە سـێ هێنـدەی ئـەوەی لـە بەشـەکانی دیکـەی عێراقـدا بەرهـەم دەهێنرێـت. سـاڵانێکی زۆربـوو کـورد بـە ڕابەرایەتیـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، شۆڕشـێکی چەکدارانەیـان بـۆ بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان هەڵگیرسـاندبوو و ڕووبـەڕووی هێزەکانـی نـووری سـەعید بوونـەوە و ڕۆڵێکـی گەورەیـان لـە ڕووخانـی ئـەم ڕژێمـەدا گێـڕا کـە بـە قوتابیـی ئیمپریالیسـتەکان هەژمـار دەکـرا. لـەم شـەڕە ناهاوسـەنگەدا نزیکـەی سـێ هـەزار کـورد بوونـە قوربانـی و پـتر لـە ١٢٠ هـەزار کەسـی دیکـە لـە ئاکامـی بۆردومانکردنـی گوندەکانیـان، بێلانـە بـوون. سیاسـەتە شـۆڤێنییەکانی قاسـمیش وای لـە کـورد کـرد جارێکـی دیکـە چـەک هەڵبگرنـەوە و دووبـارە شـۆڕش هەڵبگیرسـێننەوە، ئاگـری شۆڕشـەکە هەتاکـو مانگـی شـوباتی ئـەو سـاڵە بـەردەوام بـوو. کاتێـک سـەرکردەکانی بەعـس دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت، بەڵێنیـان بـە کـورد دا تـەواوی مافەکانیـان بەدیبهێنـن، چونکـە خواسـتەکانیان ڕەوان و دیموکراتخوازانەیـە: مافـی ڕێزگرتـن لـە بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان و ئۆتۆنۆمـی، یەکسـانیی و مافـی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا.

بـەڵام زوو دەرکـەوت کـە بەڵێنەکانـی بەغـدا قسـەی هیـچ و پـووچ بوونـە و لەبـری بەجێهێنانـی بەڵێنەکانیـان، دەسـەڵاتدارانی عێـراق هیـوا و ئـاوات و خواسـتە ڕەواکانـی کوردیـان بـە هەڵمەتێکـی کۆمەڵکـوژی وەڵامدایـەوە، بۆیـە ئەمجـارەش ناچارکرایـەوە چـەک هەڵگرێتـەوە و ڕوو لـە شـاخەکانی کوردسـتان بکاتـەوە. مـەلا مسـتەفای بارزانیـش ڕایگەیانـد، «هیـچ بژاردەیەکـی دیکەمـان بـۆ نەماوەتـەوە تەنیـا داکۆکیکـردن نەبێـت لـە میللـەت و گوندەکانمـان، بـەو چەکانـەی وا بـە دەسـتمانەوەن».

جـا لـە کاتێکـدا دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـە شـانازییەوە ڕایاندەگەیانـد لـە چەنـد هەفتەیەکـدا سـەرجەم «یاخیبـووان کۆمەڵکـوژ دەکـەن» سـوپاکەیان هـەر لـە یەکەمیـن ڕۆژی شـەڕدا تووشـی ڕووبەڕووبوونەوەکـی زۆر سـەختی پێشـمەگە هاتـن، هەرچەندیـش بـە ژمـارە و بـە جـۆری چەکـی بەکارهاتـوو ئـەو دوو هێـزە زۆر نابەرانبـەر بـوون، بـەڵام

توانییـان لـەو ماوەیـەدا چەنـد شـارۆچکە و گونـد و دۆڵـی ناوچەکـە کۆنتـرۆڵ بکـەن و ناوچـە شـاخاوییە سـەختەکانیش هـەر لەژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدا مابوونـەوە. دەسـەڵاتدارانی بەغـدا لـەم شـەڕەدا پرەنسـیپی «سـووتماککردنی خاک»یـان لـە کوردسـتان پێـڕەو دەکـرد و هەمـوو ئـەو کەسانەشـی داکۆکییـان لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکـرد، فەوتێـنران.

ئـەو توندوتیـژی و دڕەندەییـەی هێزەکانـی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی بەغـدا دەرهـەق کـوردی سـڤیل پێـڕەوی کردبـوو، بـووە مایـەی ناڕەزایـی دەربڕینـی گشـتیی گەلانـی یەکێتیـی سـۆڤیەتی و بـە توندی ئیدانەیـان کـرد. نـە کۆمەڵکـوژی، نـە تیـرۆر و نـە هەمـوو هێـزی چەکـداری سـوپای عێـراق، ناتوانێـت ئیـرادەی گەلـی کـورد تێکبشـکێنێت و بـە ڕاسـت و دروسـتی و عەدالەتـی کێشـە ڕەواکەیـان پشـت ئەسـتوورن و جارێکـی دیکـە شۆڕشـیان بەرپاکـردەوە.

مـەلا مسـتەفای بارزانـی پاڵەوانـی ئەفسـانەیی گەلـی کـورد و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە. هەمـوو ژیانـی خـۆی بـە خەباتکـردن بردەسـەر لەپێنـاو مافەکانـی کـورد و ئاسـوودەکردنیان. ڕاپەڕینەکانـی سـاڵی ١٩٣١ی دژ بـە داگیرکارانـی بەریتانـی و ڕاپەڕینـی ١٩٤٣ی دژی ڕژێمـی گەندەڵـی نـووری سـەعید و ساڵانی شـەڕی خوێناویـی دژ بـە هێزەکانـی قاسـم، پێـوەری ئـەم خەباتـە بەردەوامـە سـەختەیە و هەمـوو ئـەم سـەختییانەش نەیانتوانـی ئیـرادەی ئـەم جەنـگاوەرە دلێـرە تێکبشـکێنێنن و ئێسـتا وا جارێکـی دیکـە ڕابەرایەتیـی گەلەکـەی دەکاتـەوە.

ئـەم تاکـە سـوارچاکە لـە لەوەڕگـەی چیاکانـی کوردسـتاندا پاسـەوانی هێـزە چەکدارەکانـی کـوردە، ئـەو هەمیشـە لەسـەرپێ و ئامادەیـە. هێزەکانـی عێـراق دۆڵەکانیـان داگیرکـرد، بـەڵام هێشـتا شـاخەکان مۆڵگـەی کـوردن و ناتوانـن پێیـان بگـەن.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٦/٢٣**

**گەلی کورد سەردەکەوێ**

**بەیاننامەی ئەنوەر مستەفا**

**براگ، ٢٢ی حوزەیران (تاس).**

ئاژانسی ناوبراو ڕایگەیاندووە گفتوگۆیەک لەنێوان ئەنوەر مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی و پەیامنێری ڕۆژنامەی «ڕۆدی براڤۆ» ئەنجامدراوە. دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق ڕق و کینەیەکی بێسنووری جیهانیی وروژاندووە و ئەم هەستەش لەدوای پاشگەزبوونەوەی دێت لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق، پەرەی سەندووە. لەڕووی درەندەیی و فراوانی ئۆپەراسیۆنەکانەوە هەموو ئەو شتانەی تێپەڕاندووە کە لە کاتی فەرمانڕەوایی قاسمدا ئەنجامدراون.

دەسەڵاتدارانی عێراقیش دەیانەوێ ڕەواج بۆ ئەو تۆمەتانەی خۆیان گەرم بکەن کە گوایە کورد هەوڵی جوداخوازیی هەیە و دەیەوێت لە عێراق جودابێتەوە، هەرچەندە سەرکردەکانی کورد چەندین جار ئەم دەنگۆیەیان ڕەتکردووەتەوە و دووپاتیان کردووەتەوە کە ئەوان خەباتیان بۆ ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

سەبارەت بە ئاسۆکانی خەباتی ڕەوای کوردیش، ئەنوەر مستەفا دووپاتیدەکاتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەلایەن سەرجەم هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکانەوە پشگیری دەکرێت، تەواوی گەلی عێراق و هێزە دیموکراتخواز و ئاشتیخوازەکانی جیهانیشی لەپشتە.

ئەنوەر مستەفا ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کە حکومەتی ئێستای عێراق لەتوانایدا نییە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباربەرێت. دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆیان هەیە پشت بە هاوکارییەکانی چەند دەوڵەتێکی دراوسێ ببەستێت، بەڵام ئەم دەوڵەتانە بەهیچ جۆرێک ناخوازن حکومەتی عێراق ڕاستەوخۆ بئاڵێتە کێشەی کوردەوە، چونکە ئەم هەنگاوەی حکومەت بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و

دوور نییـە ئیمپریالیسـتەکانی ئەمەریـکا و بەریتانییـەکان بنـە مایـەی مەترسـی، چونکـە ئــەوان دوژمنــی باوکــە گــەورەی کــوردن.

لـە کۆتاییشـدا، ئەنـوەر مسـتەفا ڕوونیکـردەوە کـە دەرەنجـام گەلـی کـورد بەسـەر هەمـوو کۆسـپەکاندا زاڵ دەبێـت و سـەرکەوتن بەدیدێنێـت.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٦/٢٥**

**کوردستان دەجەنگێت**

**پاریس، ٢٤ی حوزەیران.(تاس).**

لــە کورتــەی بەڕێوەچوونــی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان لــە کوردســتان بــۆ ڕۆژی ٢٢ی حوزەیـران کـە لـە ڕادیـۆی بەغـدا بڵاوکراوەتـەوە، ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە نزیـک تەقتـەق و ترزایـا لـە نزیـک ناوچـەی کۆیـە و مەیـدان (لـە دۆڵـی ڕووبـاری سـیروان لـە نزیـک سـنووری ئێرانـدا) ئەنجامـدراون، هەروەهـا لـە ناوچـەی ئامێـدی (لـە باکـووری عێـراق لـە دۆڵـی ڕووبـاری خاپـوور و مەیـدان) و (لـە دۆڵـی ڕووبـاری سـیروانی نزیـک سـنووری ئێـران).

بــۆ ڕاڤەکردنــی ئــەو ڕاپۆرتانــەی لــە ئاژانســی فرانــس پرێســەوە گواســتراونەتەوە دووپاتیدەکەنـەوە کـە سـەرکردایەتیی حکومەتـی عێـراق یەکەمینجـارە دان بـەوەدا بنێـت کـە شـەڕەکان بـە پراکتیـک سەرانسـەری خاکـی کوردسـتانی عێراقـی گرتووەتـەوە، نـەک چەنـد ناوچەیـەک کـە پێشـووتر ڕاگەیەنرابـوو.

ســەبارەت بــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی نزیــک ناوچــەی کەرکــووک، ئاژانســی فرانـس پرێـس ڕایگەیانـدووە پێدەچێـت لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی ئـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە، سـوپای عێـراق سـەرکەوتنێکی ئەوتـۆی بەدەسـت نەهێنابێـت و چالاکییـە سـەربازییەکانیش هــەر بەردەوامــن، وەک ڕۆژانــی بەرایــی دەســتپێکردنی شــەڕەکە لــە ناوچەکانـی تەقتـەق و کۆیـە کـە دانیشـتوانێکی زۆریشـیان تێـدا دەژیـن.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٦/٢٦**

**ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی عێراق**

**تاران، ٢٥ی حوزەیران. (تاس).**

ڕاپۆرتەکانی لە سەر سنووری عێراقەوە گەیشتوون، باس لەوە دەکەن کە شەڕێکی بێهودە کوردستانی عێراقی گرتووەتەوە و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانیش لە بەغدا ئاماژە بەوە دەدەن کە سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا ڕاست نین، ئەمە سەرباری ئەو ڕاپۆرتانەی باس لەو زیانە زۆرەی ڕیزەکانی سوپای عێراق دەکەن کە بەهۆی ئەم شەڕانەوە لێیانکەوتووە.

ڕاپۆرتەکانی ناوچەی کۆیەش ئەو زیانە زۆرە گیانی و ماڵییانەی بەر سوپای عێراق کەوتووە دەخاتەڕوو، ڕۆژانەش ئۆتۆمبێل و هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە دەگەنە بەغدا کە کوژراو و برینداری زۆری سوپای عێراق دەگوازنەوە.

بۆ پەردەپۆشکردن و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر سوپاش کەوتوون، چەند مەفرەزەیەکی حەرەس قەمییان بۆ تۆڵەسەندنەوە ڕەوانەی کوردستان کردووە و سێ موالیدی نوێش داواکراون پێوەندی بە یەکە سەربازییەکانیانەوە بکەن و ڕۆژانە بانگەوازەکانیان لە ڕادیۆدا بۆ سەردانیکردنی گەنجان بۆ تەجنیدەکانیان دووبارە دەکەنەوە و هەڕەشەی توندیش لەو کەسانە دەکەن کە دوادەکەون و ئامادە نابن کە حوکمی درێژخایەنیش لەخۆدەگرێت، دەزگاکانی حکومەتیش ڕۆژانە هەڵدەکوتنە سەر قاوەخانە و بازاڕە قەرەباڵغەکان بۆ دەستگیرکردنی ئەو گەنجانەی موالیدیان داواکراوە بۆ سەربازی. ئەو کەسانەشی لە عێراقەوە گەیشتوونەتە تاران، باس لەوە دەکەن کە پرۆسەیەکی تۆڵەسەندنەوەی دڕندانە لەلایەن مەفرەزەکانی تۆڵەسەندنەوە دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان ئەنجامدراوە.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٦/٢٧**

**بۆ ڕاستییەکان گوێ لە خەڵک بگرن**

**سەلام عادل (عێراق) لە ١٩٦٣/٦/٢٥**

گوتارێکی بەنرخ، لە کۆنگرەی جیهانیی ئافرەتانەوە ئاراستەی گەلی کوردی برا کراوە کە لەگەڵ گەلانی عێراقدا خەباتی هاوبەشیان بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیزم کردووە. ڕێخکەرانی کودەتاکە دەڵێن: ئەوان سنوورێک بۆ حوکمی قاسم و ئەو گێرەشێوێنییەی ناویەتییەوە دادەنێن و پێش هەموو شتێک چارەسەرێکی ئاشیخوازانە بۆ کێشەی کورد دەدۆزنەوە. ئەم لێدوانەش وای لە کورد کرد داوای دانوستان بکەن لەگەڵ حکومەتی عێراق سەبارەت بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

هەرزوو پەردەی سەر ئەم دروشمە دۆزنانەیەش داماڵرا و حکومەتی عێراق دەستی بە هێرشێکی دڕندانە کرد لە دژی ئەم گەلە قارەمانە. گوندەکان لەسەر ڕووی زەوی سڕاونەتەوە و تەنیا بەساڵاچوو و ئافرەت و منداڵیان تێدا ماوە و بە ناپاڵم سووتێنراون.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٦/٢٩**

**ئەم بەربەرییەتە ڕاگرن**

پاریس، ٢٨ی حوزەیران. (تاس). ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراق، ئەنوەر مستەفا باس لە جەلادەکانی عێراق دەکات، ڕۆژنامەی «هیومانیتی» چەند بڕگەیەکی نامەکەی ئەنوەر مستەفای بڵاوکردووەتەوە و لە نامەکەدا هاتووە: «سەرکردە کۆنەپەرستەکانی عێراق» هێشتا بە دڕندەترین شێوازی توندوتیژی لە هەمبەر کوڕ و کچانی گەلانمان بەکاردێنن، تاوانی شەڕی ئەنجامداوە دژی ڕۆڵەکانی کورد و لە هەوڵیشیاندا بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانیان، سەرکردەکانی ئێستای عێراق درۆ و قسەی بێبنەما، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەڵدەبەستن و بە «جوداخوازی» و «ئیمپریالیستی» تۆمەتباریان دەکەن.

سەرکردەکانی کوردیش لە عێراق، لەوانەش کەسایەتیی دیاری نیشتمانپەروەر، مستەفا بارزانی، ئەم پرسەی یەکلاکردووەتەوە و بەرنامەی خەباتیان جوداخوازی

نییــە و هاوشــانی گەلانــی عێــراق خەباتــی بەردەوامیــان لەپێنــاو زامنکردنــی مافــە دیموکراســییەکانیانە، بــە مافــی ئۆتۆنۆمیــی کوردستانیشــەوە.

هێزەکانــی پێشــمەرگە، پاشــکۆی ئیمپریالیســتەکان نیــن، ئەوانــە ئیمپریالیســتن کــە ڕێککەوتنــی نهێنیــی لەگــەڵ هاوپەیمانیــی ســینتۆی ئیمپریالــی دەبەســتن بــۆ لەباربردنــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد و ئەوانــەن کــە لــە ئاســت کۆمپانیاکانــی نەوتــدا زەلیلــن کــە ســەر بــە قۆرخکاریــی ئیمپریالیزمــن و ئیمتیازاتیــان پێدەبەخشــن، ئەوانەشــن کــە ئامانجیــان حوکمــی مــردن بەســەر ســەربەخۆیی نیشــتمانیدا دەدەن ... هەروەهــا ئەوانــەن کــە خەباتیــان لــە دژی شــیوعییەکاندا بەرپاکــردووە و دەیانکــوژن، ئــەوان دوژمنــی هەمــوو هێــزە نیشــتمانی و نەتەوەییەکانــن لــە وڵات، لــە درێــژەی ناوەڕۆکــی نامەکەشــدا هاتــووە ‹‹گەلانــی عێــراق هیــچ ڕێگەیەکیــان لەبەردەمــدا نەمــاوە، تەنیا یەکخســتنی هێزە نیشــتمانی و دیموکراتخوازەکانــی چەوســاوەی عــەرەب و کــورد نەبێــت، بــۆ کۆتاییهێنــان بــەو ڕەوشــەی ئێســتای وڵات و گەڕاندنــەوەی وڵات بــۆ ســەر ڕێگــەی بێلایەنیــی ئەرێنیــی ڕاســتەقینە و خەبــات لەپێنــاو دیموکراســی و مافــی گەلــی کــورد لــە ئۆتۆنۆمیــدا››.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٦، ١٩٦٣/٦/٢٩**

**ئامانجمان: ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان**

تاڵەبانــی، ئەندامــی مەکتەبــی سیاســیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، ســەرۆکایەتیی ئــەو دانوســتانەی نێــوان حکومەتــی عێــراق و کــوردی دەکــرد ســەبارەت بــە ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان. پێــش تەواوبوونــی ئــەو گــەڕەی دانوســتانە، بــە ماوەیەکــی کــەم، ســەردانی کورتــی قاهیــرەی کــرد، بــەڵام ســەرکردایەتیی حکومەتــی عێــراق بڕیــاری دەســتپێکردنەوەی شــەڕیان دابــوو و شــاندەکەی دانوســتانکاریان خســتە زیندانــەوە. پــاش ئــەم ڕووداوانــە، جــەلال تاڵەبانــی دەســتبەجێ گەشــتێکی بــۆ وڵاتانــی ئەوروپــا دەســتپێکرد و مەبەســت لــەو گەشتەشــی ئەوەبــوو کــە ڕای گشــتیی ئــەو وڵاتانــە ئاشــنا بــکات لــەو داواکارییانــەی کــورد لــە حکومەتــی عێراقــی دەوێــت و ئــەو هێرشــە دڕندانەشــیان بــۆ ڕوون بکاتــەوە کــە حکومەتــی عێــراق دەیکاتــە ســەر کوردســتان.

لە پاریس جەلال تاڵەبانی، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی «هیومانیتی» سازدا و وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی کوردستان ئاراستەی کرابوون، ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

پرسیار: لایەنە گرنگەکانەی کێشەی کورد چین؟

وەڵام: کێشەی کورد، کێشەی نیشتمانیی گەلی کوردە. ئەم کێشەیە بە دەستی ئیمپریالیستەکان هاتووەتە کایەوە کە کوردستانیان داگیرکردووە و دابەشیان کردووەتە سەر چەند وڵاتێک و مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ گەلی کورد ڕەتکردووەتەوە، یەکێک لە ئاکارەکانی ئەم کێشەیە، ئەو خەباتە بوو کە گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی دەستیپێکرد، ئەویش ئەو خەباتەیە کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە درێژەی هەیە.

لە دوای تەاوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، شاندێکی کورد بەرەو پاریس بەڕێکەوتن، بۆئەوەی لەوێ بەپێی ماددەکانی(٦٢و٦٣و٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەر داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەن کە لە ئابی ١٩٢٠دا ئیمزاکراوە. بڕیار وابوو کورد لە قۆناخی یەکەمدا ئۆتۆنۆمیی پێببەخشرێت، دوای تێپەڕبوونی تەنیا ساڵێکیش، بگاتە سەربەخۆیی خۆی. ئەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەستە بە ویلایەتی مووسڵ و ئەوکات کوردستان لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فارسیدا بەش کرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ماددەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێنەکران و ئیمپریالیستەکان بەتایبەتیش قۆرخکارانی کۆمپانیاکانی نەوت، داکۆکییان لەو دابەشکارییەی کوردستان دەکرد، لە عێراقیشدا شانشینێکی سەر بەریتانیا دامەزرا و ویلایەتی مووسڵی گرتەوە.

کورد، هەرگیز ژێردەستەی کەسی قبووڵ نەبووە. هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە چەندین جار ڕاپەڕیون، لە ساڵانی ١٩٢٢، ١٩٢٥، ١٩٣٠، ١٩٣٧، ١٩٤٥، ١٩٤٦یشدا کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا و کەمینەی کوردی ئەوێ داوای ئۆتۆنۆمییان کرد، بەڵام شا ئەو مافەی پێڕەوا نەبینین و پەنای بردە بەر سەرکوتکردن و کپکردنەوەی هەر بزووتنەوەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات کە دواتر بووە بزووتنەوەیەکی دیموکراتخوازی. دوای ڕووخانی فاشیزم، هێزە پێشکەوتنخوازەکان سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەیان دەکرد تا جێگەی سەرکردە دەرەبەگەکان

بگرنەوە. لە ساڵی ١٩٤٦یشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق دامەزرا.

پرسیار: بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا چییە؟

**وەڵام:** پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن جەنەڕاڵ بارزانییەوە دامەزرا. پارتی حزبێکی جەماوەرییە و بەرنامەکانی داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرانی کورد دەکات. خەباتی پارتی لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسییەت لە کوردستان، لە خەباتی بەرقرارکردنی دیموکراسییەت بۆ تەواوی عێراق جوداناکرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان داوای ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە دەکات بۆ کوردستان و چاکسازیی لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خۆماڵیکردنی دامەزراوە پیشەسازییە مەزنەکان دەکات. هەروەها داوای پشکی کوردستانیش دەکات لە داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدانی کوردستان و گواستنەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیاکانی نەوت بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دەکات. لە کایەی سیاسەتی دەرەوەشدا پارتی داوای پێکەوژیانێکی ئاشتییانە دەکات و سیاسەتی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم پێڕەو دەکات. ئێمە لایەنگری سیاسەتی بێلایەنیی چالاکین و پێویستە عێراق پێوەندییەکانی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی جیهاندا بپارێزێت کە ڕێز لە سەربەخۆیی عێراق دەگرن.

پرسیار: چ شتێک، خەباتی گەلی کورد، بە خەباتی دیموکراتخوازەکانی دیکەی عێراق دەبەستێتەوە؟

وەڵام: دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق، هەماهەنگی کردنە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی دیموکراتخوازانی عێراق لە شەڕی دژی ڕژێمی ئیمپریالیزمیدا و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسییە کە بتوانێت مافە دیموکراسییەکانی کورد زامن بکات.

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کە سوپای عێراق بە هاوکاریی گەلانی عێراق بەرپایان کردبوو، بەروبوومی ئەو خەباتە هاوبەشەی عەرەب و کوردە، کێشەی ئێمە جوداناکرێتەوە لەو خەباتە هاوبەشە تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت تاکو بەرەیەکی نیشتمانی دادەمەزرێت کە لەتوانایدا بێت سەرجەم هێزە دیموکراتخواز و نیشتمانییەکانی عەرەب و کورد یەکبخات لەپێناو خوڵقاندنی سیستەمێکی دیموکراسی کە

کورد تیایدا مافێکی زیاتری لە ئۆتۆنۆمی بۆ دەستەبەر ببێت، بۆ پتەوکردنی هەژموونی خۆی.

لـە ١١ی ئەیلوولـی ١٩٦١دا قاسـم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـورد دەسـتپێکرد، هەرچەندیـش ئێمـە داوای چارەسـەرێکی ئاشـتیانەمان بـۆ کێشـەی کـورد دەکـرد. لـە دوای کودەتاکـەی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ سـەرکردایەتیی کـورد هەموو جـۆرە جموجوڵێکی چەکداریی لـە دژی سـوپای عێـراق ڕاگـرت، تاکـو دەرفـەت بـۆ حکومەتـی عێـراق بڕەخسـێنێ کێشـەی کـورد ئاشـتییانە چارەسـەر بکات.

بەڵام حزبی بەعس پەنای بردە بەر مانۆڕکردن، سوودوەرگرتن لە سامانی سرووشتیی کوردستانیش پاڵنەری سەرەکیی ئەو مانۆڕە بوو کە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان بوو. میشێل عەفلەق کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی حزبی بەعس، لەگەڵ پرۆسەی تەعریبکردنی کوردستاندا بوو. جا کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق هەستیان بە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمەکەیان کرد، بۆ بەدیهێنانی هەمان ئەو ئامانجانەی قاسم لەپێناویدا تێدەکۆشا، بۆ پتەوکردنی ڕژێمە دیکتاتۆریەکەی، جەنگێکی درێژخان و بێهوودەی دژی کورد بەرپاکرد. ئەم هەنگاوانەی بەعسییەکان بە ئومێدی وروژاندنی هەستی شۆڤێنییەت بوو لەنێو عەرەب و کارێکی وەها بکات ئێش و ئازارەکانی خۆیانیان لەبیر بچێتەوە.

پرسیار: ڕەوشی ئێستای کوردستان چۆنە؟

وەڵام: ئـەو جەنگـەی بەعسـییەکان دژی کـورد بەرپایانکرد، گەیشـتە ڕادەی کۆمەڵکوژیی خەڵکـی سـڤیلی ناوچەکـە و بەکارهێنانـی بۆمبـی ناپاڵـم و چەندیـن جـۆرە چەکـی نـوێ. لە سـەرەتا دەسـتیان بە چەوسـاندنەوەی خەڵکی سـڤیلی شـارەکان کـرد و نزیکـەی ١٥٠ هەزار کەسـی کـورد چەوسـێنرانەوە، بـەڵام لە دوای رووخانی قاسـمەوە ڕەوشـەکە کەمێـک گۆڕاوە، پێشـمەرگە لـە جـاران بەهێزتربـووە، خەڵکـی خۆبەخشـی دیکـە هاتوونەتـە ڕیزەکانـی و بـە هەمـوو جـۆرە کەرەسـتەیەک هـاوکاری دەکرێـت. ژمارەیەکـی زۆری دیموکراتخـوازەکان و سـەدان ئەفسـەر و سـەربازی عەرەبیـش پێوەندییـان بـە هێزەکانـی پێشـمەرگە کـردووە. ئێمـە شـەڕی ئـازادی دەکەین، شـەڕێکی ڕەوا. ئێمە هەسـت دەکەین ڕەوشـی ئێسـتامان زۆر لـە جـاران باشـتر بـووە و بـە هاوکاریـی هێـزە دیموکراتخوازەکانی عێـراق دەتوانین بەعسـی دیکتاتـۆر بڕووخێنین.

**«گاردیان» مانشستەر**

**شەڕێکی گشتگیر و فراوان**

پێدەچێت ئەو هەڵمەتە سەربازییەی حکومەتە نوێیەکەی عێراق دەستیپێکردووە لە دژی کوردستان، زۆر لە هەڵمەتەکانی پێشوو خوێناویتر بێت، سوپا بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە و لە بەیاننامە سەربازییەکانیاندا بە شانازییەوە ئەو ژمارە زۆرەی کوژراوانی ڕیزەکانی پێشمەرگە بڵاودەکەنەوە کە دەگاتە سەدان! لە هەمان کاتیشدا حکومەتی عێراق، خێڵە کوردەکانیان دژ بەیەک هاندەدا، هەڵبەت ئەم ئامانجەشیان لەگەڵ ئامانجی تێکشکانی خەبات و بەرخودانی کورد یەکناگرێتەوە: دڕندەیی ئەو هەڵمەتانەی دژی کوردستان ئەنجام دەدرێن، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ یەکخستنی کەمینەکان، بەهەرحاڵ سوپای عێراق ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشە سەربازییانە دەبێتەوە کە لە سەردەمی قاسمدا تووشی دەبوون. هەرچەندیش بچنە نێو قووڵایی ناوچە شاخاوییەکانەوە، لە بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگەدا نزیک دەبنەوە، شەڕ کردن بۆ پێشمەرگە لەو ناوچانە ئاسانترە و گورزی کوشندە لە هێزەکانی سوپای عێراق دەوەشێنن.

بەرپرسیارێتیی شکستپێهێنانی دانوستانەکانی نێوان سەرکردەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی حکومەت بکەوێتە ئەستۆی هەر لایەنێکەوە، ئەوا حکومەت شەڕێکی گشتیر و بەرفراوانی دژی کوردستان دەستپێکردووە و گەیشتووەتە ڕێگەیەکی داخرا و خەریکە بێئومێد دەبن، هێشتا ڕوونیش نەبووەتەوە کە ئاخۆ بۆچی بەعسییەکان تاکو ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و حوکمڕانیی ئەوان لە هی قاسم درێژخایەنتر بووە، هەرچەندە هەموو لایەکیان کردووەتە دوژمنی خۆیان. لە سەرەتای حوکمیاندا بەعسییەکان دەستیانکردە ئەشکەنجەدانی شیوعییەکان و لایەنگرانی قاسمی کوژراو. ئینجا پێوەندییەکانیان بەرەبەرە لەگەڵ عەربدولناسر بەرەو گرژی دەچوو (بێگومان تەنیا بەهۆی توندیی هەڵوێستەکانی نەبوو). زۆربەی شیوعی و دژبەرانی دیکەی ڕژێم پەنایان دەبردە بەر ناوچە کوردییەکان کە خۆشیان گومانیان لەم هەڵوێستەی خۆیان دەکرد، دووریش نییە ئەمجارە بەعسییەکان ببنە مایەی یەکگرتنی کورد و شیوعییەکانی عێراق

لەژێـر چەتـری بزووتنەوەیەکـدا کـە قاسـم و نـووری سـەعیدیش پێشـتر نەیانتوانیبـوو بەدیبێنـن. ئـەو شـەڕەی قاسم دژی کـوردی هەڵگیرسـاندبوو، یەکێـک بـوو لـە هـۆکارە هـەرە سـەرەکییەکانی ڕووخانـی ڕژێمەکـەی و مایـەی سەرسـوڕمانە کـە ئەوانـەی دوای قاسـمیش لەسـەر هەمـان ڕێچکـەی سیاسـەتی ڕژێمەکانـی پێشـوویاندا بـەردەوام بـوون. ئەگەرچـی بەعسـییەکان شـتێکیان هەبـوو، ئەوانـی دیکـە نەیانبـوو، ئەویـش ئەوەبـوو کـە سـووریا پشـتیوانیی بەعسـییەکانی عێراقـی دەکـرد و لـە کوردەکانـی لای خـۆی دەترسـا بکەونـە ژێـر کارگەریـی کـوردی باشـوور، بۆیـە حکومەتـی سـووریا بەهەمـوو توانایەکـی پشـتیوانیی حکومەتـی عێراقـی دەکـرد.

## ڕێبەری کورد

ژمـارەی دانیشـتوانی کـوردی عێـراق دەگاتـە نزیکـەی دوو ملیـۆن کـەس کـە دەکاتـە دەوروبـەری ٢٥٪ی کـۆی گشـتیی ژمـارەی دانیشـتوانی ئێسـتای عێـراق. کـوردی عێـراق لــە ناوچەیەکــدا دەژیــن کــە کەوتووەتــە باکــووری ئــەو وڵاتــە و ڕووبــەری خاکــی کوردســتان دەگاتــە نزیکــەی یــەک لەســەر ســێی هەمــوو خاکــی عێــراق و چاڵگــە نەوتییـە سـەرەکییەکانی عێراقیـش دەکەونـە پارێزگاکانـی کەرکـووک و مووسـڵ. بێجگـە لـە عێـراق، کـورد لـە ئێـران، تورکیـا و بەشێکیشـیان لـە سـووریا دەژیـن کـە تاکـو ئێسـتا سـەرژمێرییەکی وردی ئـەم کـوردە لەبەردەسـتدا نیـن و ژمارەیـان نازانرێـت چەنـدە، لـە ڕاستیشـدا چەنـد حکومەتێکـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن ژمـارەی کـوردی وڵاتانیـان بـە نهێنـی هێشـتووەتەوە، لەپـاڵ ئەوەشـدا هێنـدە گوێیـان پێنـادەن و لـە بایەخیـان کەمدەکەنـەوە. بەشـێوەیەکی گشـتی ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد دەگاتـە ٥-٦ ملیـۆن کـەس، کەچـی زۆرجـار لـە ڕۆژنامەکانـدا ئـەم ژمارەیـە دەگاتـە ١٠-١٥ ملیـۆن. لـە ڕۆژگارێکـدا کـورد کـە مێژوویـان دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵ، کۆمەڵگەیەکـی پێشـکەوتوو بـوون، بـەڵام لەلایـەن عـەرەب و پاشـان لەلایـەن تورکـەوە خاکیـان داگیرکـراوە و دوای ڕووخانــی ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانیش، ئــەو خاکــەی کــوردی تێــدا دەژیــا لەنێــوان تورکیـا، عێـراق، ئێـران و سـووریا دابەشـکرا.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٦/٣٠**

ئـەو شـەڕە گڵاوەی هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق مـاوەی سـێ هەفتەیـە لـە کوردسـتان هەڵیگیرسـاندووە و سـێیەکی سـوپای عێـراق بـە هەمـوو هێـز و توانایانـەوە دەیانـەوێ گیانـی بەرخودانـی کـوردی ئازادیخـواز تێکبشـکێنێنێت، هەرچەنـدە بۆردومانـی ڕەمەکـی بـۆ سـەر خەڵکـی سـڤیل بەردەوامیـی هەیـە، گەلـی کوردیـش لـە شـەڕدا بەردەوامـە.

**«ئاسیا و ئەفریقیای ئەمڕۆ»١٩٦٣/٦/٣٠**

**کوردی عێراق لەپێناو مافەکانیاندا دەجەنگن**

ئـەو کۆمەڵکوژییـە خوێناوییـەی نیشـتمانپەروەرانی عێـراق دووچـاری بـوون و دواتـر بـووە هـۆی کۆدەتاکـەی شـوباتی ١٩٦٣، بـووە مایـەی ناڕەزایـی دەربڕینـی گەلانـی هەمـوو دونیـا و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش بـە نیگەرانییەکـی زۆرەوە دەیانڕوانییـە چارەنووسـی کارەسـاتباری کـوردی عێـراق کـە لـە پێنـاو مافـە نەتەوایەتییەکانیانـدا خەبـات دەکـەن.

کورد، ئەو گەلەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر خاکی تورکیای نوێ و ئێران و عێراق و سووریادا دەژین. ژمارەی دانیشتوانیان تەنیا لە عێراق دەگاتە نزیکەی دوو ملیۆن کەس، ئەم کوردەی عێراق بە درێژایی چەندین سەدە شانبەشانی گەلانی دیکەی عێراق دژی داگیرکارانی بیانی شۆڕشیان بەرپاکردووە و ڕۆڵێکی دیاریان لە شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨دا گێڕاوە و درێژەیان بە خەباتی هاوبەشیان داوە دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان.

سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بـووە هـۆی پتەوکردنـی بیروبـاوەڕی کـورد لـە ئەگـەری زامنکردنـی مافـە نەتەوەییەکانیـان لەچوارچێـوەی چەسـپاندنی یەکێتیـی نێوان هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد لـە سـەر بنەمـا دیموکراسـییەکاندا، لـە ماددەی سـێی دەسـتووری کاتیـی کۆمـاری عێراقدا هاتووە: «عەرەب و کورد لەسـەر خاکی ئەم نیشـتمانەدا هاوبەشـن و دەسـتوور مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا زامـن دەکات». بـەڵام ڕووداوەکانـی دواتـر پاشـگەزبوونەوەی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی سـەلماند، خوێنـدن بـە زمانـی دایـک لـە قوتابخانەکانـدا قەدەغەکـرا و ڕێگـە لـە چاپەمەنیـی کوردیش گیـرا. کـورد مافـی هەڵبژاردنـی نوێنەرانیـان لـە ئەنجوومەنـە نیشـتمانییەکاندا زەوت کـرا، لە

بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی حکوومەتە خۆجێییەکانیشدا بێبەش کران. ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەشی لەلایەن کۆنەپەرستانەوە پەخش و بڵاودەکرایەوە، هەڵمەتێکی زاڵمانەیان دژی کورد دەستپێکرد. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە دەستەواژەی «کوردستان» لە ژیانی ڕۆژانەشدا سڕایەوە و ناوهێنانی قەدەغەکرا، لەبری کوردستان، دەستەواژەی «باکووری عێراق» بەکاردەهێنرا و بە کوردی عێراقیان دەگوت: عەرەبی چیاکان.

لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی بزووتنەوەی دیموکراتخوازان و فەرامۆشکردنی پاراستنی یەکێتیی هێزە نیشتمانییەکان و پتەوکردنیان، حکومەتی قاسم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانەکانی دژی گەلی کوردی قارەمان دەستپێکرد. بەشی هەرە زۆری سوپای عێراقی ڕەوانەی کوردستان کرد و هێزەکانی ئاسمانیش شارۆچکە و گوند و ناوچە کوردنشینەکانیان بۆردومان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانرا بەرخودانی شۆڕشگێرانی کورد کپبکرێتەوە. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیش دووپاتی دەکەنەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی، ڕووبەرێکی فراوانی لە کوردستان ئازادکردووە. بۆنموونە (ڕۆژنامەی جۆستیتزیا)ی ئیتاڵی بڵاویکردووەتەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی بارزانی، ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە دەکاتە زۆربەی ڕووبەری کوردستانی عێراق. ڕۆژنامەی (لۆمۆند)یش دووپاتی دەکاتەوە: هێزە چەکدارەکانی بارزانی لە پارساڵەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەشی، حکومەتی قاسم، تۆمەتی جۆراوجۆری دەخستە پاڵ کورد و بەوە تۆمەتباری دەکرد کە گوایە شۆڕشگێڕانی کورد بەنیازن لە کۆماری عێراق جودا ببنەوە.

لە ڕاستیشدا ئەم تۆمەتانە هیچ بنەمایەکیان نەبوو و لە بنەڕەتدا بزووتنەوەی ئێستای ڕزگاریخوازی کورد، بزووتنەوەیەکی دیموکراتخوازانەیە و گوزارشت لە ژیانێکی ئازاد و هاوتا دەکات و خەبات لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات. ئامانجیشی جێبەجێکردنی ئەو مافە نەتەوەییانەیە کە لە دەستووری کاتیی عێراقدا چەسپاوە، گەلی کورد، گەلێکی ئازادیخوازە و داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکات لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. جا بۆیە هەر کەسێک بانگەشە بۆ هەوڵی جوداخوازانەی کورد دەکات، بەهەڵەدا چووە.

بەهـۆی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانەوە، خەڵکـی سـڤیلی کوردسـتان ئازارێکـی زۆریـان کێشـا و تووشـی زەرەر و زیانێکـی زۆریـش بـوون، هـەروەک ئاژانسـی ڕۆژنامەوانیـی فرەنسـایی ڕایدەگەیەنێـت، پێنـج هـەزار هاووڵاتیـی سـڤیلی بێتـاوان لـە کوردسـتان کـوژران و ١٢٠ هـەزاری دیکەیـان بێلانـە مانـەوە و دەرەبـەدەر کـران (١٠٠) گونـدی کوردسـتانیش وێـران و تەختـی زەوی کـران. لەلایەکـی دیکـەوە بەردەوامبوونـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان بـووە هـۆی لاوازکردنـی ئابووریـی عێـراق و خراپبوونـی ئاسـتی بژێویـی دانیشـتوان. حکومەتـی قاسـم بەوەشـەوە نەوەسـتاوە، هەمـوو هەوڵێکیشـی بـۆ چاندنـی تـۆوی دووبەرەکـی و ناکۆکینانـەوە بـووە لەنێـوان هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد و یەکێتیـی نێوانیـان هەڵبوەشـێنێتەوە و شـەڕەکە بکاتـە شـەڕی عـەرەب و کـورد کـە خەباتێکـی درێژخایەنـی هاوبەشـیان لـە سـەربەخۆیی عێراقـدا گێـڕاوە، ئـەو یەکێتییـەی کـە پتەوکردنـی سـەروەری و دیموکراسییەتی وڵاتـی لەخۆگرتـووە. شـەڕی براکوژیـی عـەرەب و کـورد، بزووتنـەوەی نیشـتمانی بـە گشـتی لاواز دەکات و دۆخێکـی لەبـار بـۆ چالاکییەکانـی کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆ دەخوڵقێنـێ، لـەوەش گرنگـتر، جێبەجێکردنـی مەترسـیدارترین پیلانی ئیمپریالیزمـە کـە هـەوڵ دەدەن گورزێـک لـە سـەربەخۆیی نیشـتمانی و دەسـتەکەوتەکانی شـۆڕش و گەلانـی عێـراق بوەشـێنن.

سـەرجەم هێـزە نیشـتمانییەکانی وڵات و لـە پێـش هەموویانـەوە حزبـی شـیوعیی عێراقـی و سـەندیکا پێشـکەوتنخوازەکانی کرێـکاران، خەباتـی بەردەوامیـان بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان و بەدیهێنانـی خواسـتە ڕەواکانـی کـورد بـووە. خەباتیـش لەپێنـاو گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کوردیـش بـە ڕابەرایەتیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، زۆربـەی هـەرە زۆری چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی عێراقـی لەخۆگرتبـوو و سـەر بـە لایەنـی سیاسـیی جیـاواز بـوون، هەرکەسـێکیش لەتوانایـدا بووایـە سـەروەری و سـەربەخۆیی کۆمـاری عێـراق بپارێزێـت و داکۆکـی لـە دەسـتکەوتە دیموکراتخوازییەکانـی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزدا کردبێـت، بەشـداریی ئـەو خەباتـە هاوبەشـەیان کـردووە، دەیـان شـاندی جیـاوازی وڵات نێـردران و چەندیـن کەسـایەتیی دیـار سـەردانی نووسـینگەکانی دەسـتەی نووسـینی ڕۆژنامـە و دامـەزراوە حکومییەکانیـان کـرد و داوایـان لێکـردن دەنگیـان هەڵبڕن و داوای چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد بکەن.

نزیکـەی هـەزار ئیمـزاش لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی عێـراق و کەسـایەتییە دیـارەکان لەسـەر بانگەوازێـک کۆکرانـەوە و تیایـدا داوایـان لـە حکومەتـی قاسـم کـرد کـە چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی کـورد بدۆزێتـەوە و دان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بنێـت و مافـە دەسـتوورییەکانیان بپارێزرێـن.

بـەڵام قاسـم و لایەنگرانـی گوێیـان نەدایـە خواسـتەکەی گەلانـی عێـراق. ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانــی ئـەم بزووتنەوانــە دەسـتگیرکران و بــە مـاوەی جیاجیـا خرانــە ژووره تەنگەکانـی زیندانەکانـەوە، لـە دەرەنجامیشـدا ئـەم ڕێوشـوێنانەی دەسـەڵاتداران بـووە هـۆی گۆشـەگیرکردنی ڕژێمـی قاسـم لـە جەماوەرەکـەی و دوورخسـتنەوەیان لەیەکـدی، هۆکارێکـی سـەرەکیش بـوو بۆ ئـەو کۆتاییـە کارەسـاتبارەی قاسـمی پێگەیشـت. هەوڵەکانی سـاڵ و نیوێـک بـۆ دامرکاندنـەوەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـە زەبـری هێـز ئـەو ڕاسـتییەی دووپـات کـردەوە کـە ئـەم هەنگاوانـە، سەرکێشـییەکی گـەورە و مەترسـیدارن و دژی بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عێراقـن.

قاسـم مـرد، بـەڵام هێشـتا کێشـەی کـورد کـە کێشـەیەکی دەسـتکردە، چاوەڕێـی چارەسـەرێکی گونجـاو دەکات.

سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، دوای کودەتاکـەی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ڕاسـتەوخۆ پشـتگیریی ڕژێمـە نوێیەکـەی کـرد و پێشـمەرگەش هەمـوو جموجوڵێکـی سـەربازییان ڕاگـرت. مسـتەفا بارزانیـش وەک گوزارشـتێک لـە نیازپاکیـی سـەرکردایەتیی کـورد و بـە ئومێـدی گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی دیموکراسـییانەی دادپەروەرانـە بـۆ کێشـەی کـورد، سـەرجەم دیلەکانـی شـەڕی سـوپای عێراقـی ئـازاد کـرد کـە بەپێـی ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییـە بیانییـەکان، نزیکـەی دوو هـەزار دیـل دەبـوون. لەسـەر داوای حکومەتـی عێراقیـش، مسـتەفا بارزانـی نوێنەرانـی خـۆی نـاردە بەغـدا و لـەوێ دەسـتیان بـە دانوسـتاندن کـرد. سـەرچاوە ڕۆژنامەوانییـەکان داواکارییەکانـی کوردیـان لـەم چەنـد خاڵانـەدا کـورت کردووەتـەوە: کشـانەوەی سـەرجەم ئـەو هێـزە سـەربازییانەی بەشـدارییان لـە هەوڵـی سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورددا کـردووە ... چەسـپاندنی مافـی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا ... دابەشـکردنێکی دادپەروەرانـەی داهاتەکانـی عێـراق، بـە داهاتـی نەوتیشـەوە.

دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق، هـەروەک لـە لێدوانـی بەرپرسـانیدا ڕووندەبێتـەوە، هەڵوێسـتێکی دوفاقییـان لـە هەمبـەر کێشـەی کـورددا هەیـە، لەلایەکـەوە بـۆ کۆکردنەوەی پشـتیوانی کـورد و پتەوکردنـی هەڵوێسـتەکەی خۆیـان، سـەرکردەکانی عێـراق بەشـێوەیەکی نادیـار و ئاڵـۆز بەڵێنـی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کوردیـان دەدا، لەپێنـاو پتەوکردنـی برایەتیـی عـەرەب و کـورد. لەلایەکـی دیکـەوە، دەیانگـوت: «چارەسـەری یەکجارەکیـی کێشـەی کـورد، تەنیـا بەنـد نییـە بـە حکومەتـی عێراقـەوە، بەڵکـو ڕێکخـراو و حـزب و سـەندیکا و لێژنـەی جیـاواز و ناسیۆنالیسـتە سـەربەخۆکانی دیکـەش پێوەندییـان بـەم پرسـەوە هەیـە و پێویسـتە ئێمـە ڕای ئەوانیـش وەربگریـن».

لـە پشـت ئەم لۆژیکـەوە سیاسـەتی داننانی کردەنی بـە مافە ڕەواکانی گەلـی کورد خۆی حەشـاردابوو. لـە شـوباتی ئـەو ساڵەشـدا دەسـەڵاتدارانی بەغـدا خۆیـان لـە دانوسـتانەکان و کۆبوونـەوەی فەریـق یەحیـا، سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتیی سـوپای عێـراق و دوو وەزیـری حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ بارزانـی، دەدزییـەوە. لـە مانگـی ئـاداری ئـەم سـاڵدا، دەرکـەوت ئـەم دانوسـتانانە بێهـوودەن، بۆیـە دەسـتکرایە زنجیـرە دانوسـتانێکی دیکـە کـە دواتـر لـە ١٠ی ئـاداردا بەیاننامـەی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی شۆڕشـی عێراقـی بەدواداهـات و بەپێـی ئـەم بەیاننامەیـە، حکومەتـی عێـراق بـە فەرمـی «دانی بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلی کورد نـا لەسـەر بنەمـای ئیدارەدانـی لامەرکـەزی». بڕیـار وابـوو ئـەم پرەنسـیپە لـە دەسـتووری کاتیـی عێراقیشـدا دوای ڕەزامەنـدی وەرگرتـن، بچەسـپێنرێت. دەسـتەواژەی «لەسـەر بنەمای لامەرکەزییـەت» هیـچ ئیلتیزامێـک ناگەیەنێـت. کـە لـەڕووی پراکتیکـەوە پێویسـتە لەلایـەن لێژنەیەکـی تایبەتـەوە پرەنسـیپە گشـتییەکانی لامەرکەزییـەت دیـاری بکرێـت.

سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە پەڕۆشـە بـۆ کۆتاییهێنانـی خوێنڕشـتن، بـەو دەسـتەواژەیەی لامەرکەزییەتـە قایـل بـوو. لـە ١٨ی ئـادار کۆنگرەیـەک بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی کـورد لـە کۆیـە بەسـترا و سـەرۆک هـۆزەکان و سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردایەتیی هێزەکانـی پێشـمەرگەش تێیـدا بەشـدار بـوون کـە ئەمـە یەکەمیـن جـارە کـورد ئـاوا بـە شـێوەیەکی فـراوان کۆدەبنـەوە و گفتوگـۆ لەسـەر داڕشـتنی داواکارییـەکان بکـەن. ئـەم کۆنگرەیـە بـە گەورەتریـن ڕووداوی مێژوویـی لـە مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد دادەنرێـت.

بەشداربووانی کۆنگرەکە مکوڕ بوون لەسەر دامەزراندنی ناوچەیەکی لامەرکەزی بۆ کورد کە خاوەن حکومەتێکی لامەرکەزیی تایبەت بە خۆیان بن. سنوورەکەشی لە ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵاتدا بە سنووری عێراق دەست پێدەکات تا لە باشوورەوە دەگاتە سنووری زنجیرە چیای حەمرین. لە ناوچەی لامەرکەزییەتدا، کورد داوای کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی هەڵبژێردراو کرد بۆ کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە، لەچوارچێوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕاستەوخۆی نهێنی کە پێویست بوو یاسادانانی ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ دەستووری عێراقدا پێکناکۆک نەبێت. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا داواکرا سەرجەم یەکە سەربازییە کوردەکانی نێو سوپای عێراق لە کوردستاندا کۆبکرێنەوە و ناوچە لامەرکەزییەکەش پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتی نەوتی بۆ تەرخان بکرێت بە مەبەستی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ئابووریی ناوچەکە. هەروەها کورد داکۆکی لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگە فەرمییەکان و ڕۆژنامەگەریدا دەکات. هەر لەو کۆنگرەیەدا شاندێک بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی دیاریکرا تاکو سەردانی بەغدا بکەن و لەوێ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراقدا بکەن.

ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بیانییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەمجارەش دەسەڵاتدارانی عێراق پەلەیان نەبوو بگەنە ڕێککەوتنێک، دانوستانە نوێیەکەی ئەمجارە کە لە ٧ی نیسان دەستیپێکرد، زۆر لەسەرخۆ و بێ ئەنجام بوو. دەسەڵاتدارانی حکومەت بە هەموو شێوازێک دانوستاندنەکان بۆ چارەسەرکردنێکی کردەنی درێژ دەکردەوە و دوای دەخستن و هەوڵی دەدا کات بەفیڕۆ بدات بۆئەوەی لەو ماوەیەدا هێزەکانی ڕێکبخاتەوە و جارێکی تر بەریانداتە وێزەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هەرگیز دەسەڵاتدارانی عێراق رژد نەبوون لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد. لە دانوستانەکاندا بەڵێنی بە شاندەکە دەدا و وای پێشاندەدان کە دانوستانێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ دەکات، لەژێریشەوە خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی فراوان و یەکە سەربازییەکانی بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانەی کوردستان کردبوو.

لە ڕاستیشدا حکومەتی عێراق بەڵێنەکانی نەگەیاندە سەر و ئەو ٣٥٠٠ کەسەشی کە بەشدارییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کردبوو، بە فەرمانی قاسم گیرابوون، ئازاد نەکرد، گەمارۆ ئابوورییەکەی سەر کوردستانیش هەڵنەگیرا و ئەو

یەکانـەی پڕچـەک کـرد کـە لـە نەیارانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا پێکهاتبـوون و ناونرابـوون (پۆلیسـی نـا نیزامـی) و کاتـی خـۆی قاسـم بـۆ کپکردنـەوەی بزووتنەوەکـەی کـورد دایمەزراندبـوو.

لـە ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٦٣، سـەرکردە بەعسـییەکانی عێـراق دەمامکیـان لـە ڕووی خۆیـان داماڵـی و ڕووی راسـتەقینەی خۆیـان بەدیارخسـت، لـەو ڕۆژەدا ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، ئاگادارکردنەوەیەکـی یەکجارەکیـی بـۆ شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان دەرکـرد: لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا چەکەکانیـان ڕادەسـتی حکومـەت بکـەن، مسـتەفا بارزانـی ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـش ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بکرێـت. لـە هەمـان کاتیشـدا هێرشـێکی بەرفراوانیشـی کردبـووە سـەر کوردسـتان.

حکومەتـی بەغـدا هیـچ پاسـاوێکی نەبـوو بـۆ پەردەپـۆش کردنـی ئـەم تاوانانـەی ئـەم دواییـەی کـە بـە هیـچ جۆرێـک لەگـەڵ دەقـی بەیاننامەکـەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـدا نەدەگونجـا کـە گوایـە ئامانجـی شۆڕشـی ٨ی شـوبات چەسـپاندنی ئـازادی و دادپەروەرییـە و دۆزینـەوەی بناغەیەکـە بـۆ یەکێتیـی عێـراق بـە هەماهەنگیـی عـەرەب و کـورد و نوێنەرانـی نەتەوەکانـی دیکـەی عێـراق.

حکومەتـی عێـراق، لەچوارچێـوەی پێشـێلکردنی بەڵێنەکانیـدا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و ڕەچاوکردنـی مافـە نەتەوایەتییەکانیـان، پێـی خـۆش بێـت یـان ناخـۆش، خزمەتێکـی گـەورەی ئیمپریالیزمـی کـرد. چونکـە ئـەوکات نوێنەرانـی دامـودەزگا ئیمپریالیسـتییەکانی ئەمەریـکا و بەریتانیـا، دامـودەزگا کۆنەپەرسـتییەکانی عێراقیـان هانـدەدا سـەرجەم خواسـتە ڕەواکانـی کـورد ڕەتبکەنـەوە و جەخـت لەسـەر بـژاردەی سـەربازی بـکات بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد کـە دواجـار بـە هـۆی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییە بەردەوامەکانـی حکومەتـی عێـراق، حکومەتـی عێـراق تـەواو لاواز بـوو و ئـەم لاوازییـەی حکومەتیـان بـۆ بەرژەوەندییـە خۆپەرسـتانەکانی خۆیانیـان قۆسـتەوە. باسـکردنی کێشـەی کـورد لـە کوتلـەی سینتۆشـدا بـە ڕێککـەوت نەبـووە، بەڵکـو ئەمەریـکا و بەریتانیـا لەسـەر چەنـد ڕێوشـوێنێک ڕێککەوتـن کـە دانوسـتانەکانی نێـوان نوێنەرانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و حکومەتـی عێـراق، هـەرەس پێبێنـن و نەگەنـە هیـچ ئەنجامێـک.

بەردەوامبوونـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق دژی کـوردی ئازادیخـواز، ناکۆکـە لەگـەڵ ویسـتی سـەرجەم گەلانـی عێـراق و گەلانـی دیکـەی وڵاتانـی عـەرەب لـە چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورددا، خواسـتەکانی کـورد لـە چەسـپاندنی مافـە نەتەوەییەکانیـان لەلایـەن سـەرجەم هێـزە پێشـکەوتخواز و دیموکراتخوازەکانـی عێراقیشـەوە پشـتگیری دەکـرا.

هەمـان ئـەم خواسـتانەی کـورد ڕەزامەندیـی عەبدولناسرِیشـی لەگەڵـدا بـوو کاتێـک گوتـی: «کـەس ناتوانێـت نکوڵـی لـە بوونـی گەلـی کـورد بـکات، بۆیـە ئـەوان دەبـێ مافیـان هەبێـت، یەکێکیـش لـەو مافانـە، مافـی ئۆتۆنۆمییـە». بـن بیلـلای سـەرۆک وەزیرانـی جەزائیریـش کاتێـک جـەلال تاڵەبانـی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی بینیبـوو، پشـتگیریی داوا ڕەواکانـی نەتـەوەی کـوردی کردبـوو. لەپاڵ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردیشـدا، هاوسـۆزییەکی مرۆیـی ئاشـتیخوازانی دونیاشـی لەپشـت بـوو کـە بـە نیگەرانییەکـی زۆرەوە دەیانڕوانییـە چارەنووسـی گەلـی کـوردی قارەمـان.

**جی سیپیریاک**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/١**

**ڕیسوایی بۆ کۆنەپەرستیی عێراقی**

**بنوم بنە، ٣٠ی حوزەیران. (تاس).**

ڕیسـوایی بـۆ تـەواوی مرۆڤایەتـی، بـەم شـێوەیە ڕۆژنامـەی (ڕیالیـت)ی کەمبـۆدی، بـاس لـەو سـەرکوتکردنەی کۆنەپەرسـتانی عێـراق دەکات کـە دژی کوردسـتان بەرپایـان کـردووە. لـەم سـەدەیەی ئێسـتاماندا کـە گەشـتی سەرسـوڕهێنەر بـۆ بۆشـایی گـەردوون ئەنجـام دەدرێـت و لـەو کاتـەی کـە سـەجەم دەوڵەتانـی دونیـا سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگرتـووە، گەلانـی جیهـان ئـازادن، تاوانـی دژی مرۆڤایەتـی و کۆمەڵکـوژی لـە عێـراق لەئارادایـە، بۆیـە پێویسـتە تـەواوی گەلانـی پێشـکەوتنخوازی جیهـان ئـەم تاوانانـە بـە «سەرشـۆڕی» بناسـێنێت.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٢**

**فرانس پرێس- لە بەغداوە**

**شەڕ لە چیاکاندا**

ڕاپۆرتی فەرمیی سەرکردایەتیی سەربازیی سوپای عێراق، باس لە بەردەوامیی شەڕ و کۆشتار دەکات لە ناوچەی شاخەکانی هەیبەت سوڵتان. لە کورتکراوەکەیدا هاتووە: «هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سەختیی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕاندایە». دوێنێش وەزارەتی بەرگریی عێراق جارێکی دیکە بانگەوازی جەنگاوەرانی کورد دەکات و داوایان لێدەکات لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە و با نەترسن هیچ ڕاوەدونانێکی دادەوەرییان بۆ ناکرێت، لەم چەند هەفتەیەی دوایشدا، دوو جاری تر دەسەڵاتدارانی عێراق کاتی دیاریکراویان بۆ خۆڕادەستکردنەوەی چەکدارانی کورد ڕاگەیاندووە.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٧/٣**

**شەڕێکی وەحشیانە لە کوردستانی عێراق**

پاریس. سەرباری لێدوانە یەک لە دوا یەکەکانی حکومەتی عێراق کە گوایە بەرخودانی کورد تێکشکێنراوە و هێزەکانی حکومەت تەواوی ناوچەکانی کوردستانیان کۆنتڕۆڵ کردووە، کەچی ئەو ڕاپۆرتانەی لەبەغداوە گەیشتوون، بەردەوامبوونی شەڕێکی دژوار دووپات دەکەنەوە لەنێوان لایەنگرانی مستەفا بارزانی و یەکەکانی سوپای عێراق. پەیامنێری ئاژانسی فرانس پرێس لە بەغدا ڕایگەیاندووە، ڕاپۆرتی فەرمیی سەرکردایەتیی سەربازیی سوپای عێراق، باس لە بەرێوەچوونی شەڕێکی دژوار دەکات لەنێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە لە ناوچەی چیاکانی هەیبەت سوڵتان. لە بڕگەیەکی کورتکراوەدا دەڵێت: «هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سەختی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕانی کوردە».

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٧/٤**

**بـۆ ڕاگرتنـی کۆمەڵکوژیـی کـورد، پێویسـتە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـەم کۆمەڵکوژییـە شـەرمەزار بـکات**

نامەیـەک لـە وەزیـری دەرەوەی کۆمـاری کۆنگـۆی دیموکـرات بـۆ ئەمینـداری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان

**نیویـۆرک، ٣ی تەمـووز. (تـاس).** ئەمـەی خـوارەوە دەقـی ئـەو نامەیەیـە کـە م. دۆگار سـورین، وەزیـری دەرەوەی کۆمـاری کۆنگـۆی میللـی بـۆ یـو سـانت، ئەمینـداری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی نـاردووە «لـە ژێـر ڕۆشـنایی ڕێنماییەکانـی حکومەتـی کۆمـاری کۆنگـۆی میللـی و بەپێـی مـاددە ١٣ی پێـڕەوی ناوخـۆ، داوا دەکـەم ئـەم بڕگەیـە – ئـەو سیاسـەتە کۆمەڵکوژییـەی حکومەتـی کۆمـاری عێـراق دژی گەلـی کـورد پێـڕەوی دەکات- بخرێتـە نێـو بڕیـاری خشـتەی کاتیـی کارەکانـی خولـی هـەژدەی کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەو پێیـەی کـە کێشـەیەکی گرنـگ و خێرایـە، بەپێـی مـاددە ٢٠ی پێـڕەوی ناوخـۆی کۆمەڵـەی گشـتی.

## یاداشتنامەی ڕوونکردنەوە:

لـە ئێسـتادا، ڕووداوە پـڕ مەترسـی و ئاکامـە ترسـناکەکانی لـە ناوچەکانـی باکـووری کۆمـاری عێراقـدا ڕوودەدەن، سـەرنجی سـەرجەم وڵاتانی ئەنـدام لە نەتـەوە یەکگرتووەکانی ڕاکێشـاوە. بـۆ بەدەنگـەوە هاتنـی خواسـتە ڕەواکانـی گەلـی کـورد بـۆ مافـی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا. حکومەتـی عێـراق چەندیـن ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی فراوانـی لـە ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٦٣دا ئەنجامـداوە و تانـک و تۆپخانەکانـی دژی دانیشـتوان بەکارهێنـاوە و فڕۆکەکانیـش لـە ئاسـمانەوە پشـتیوانیی ئـەو هێزانـە دەکـەن. ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان سـەرتاپای باکـووری ئـەو وڵاتەیـان گرتووەتـەوە. لەچوارچێـوەی ئـەم ئۆپەراسـیۆنانەی سزادانیشـدا، گوندەکانـی کـورد لـەو ناوچانـەدا دەسـووتێنرێن و تەختـی زەویـی دەکرێـن، خەڵکـی سـڤیلیش کۆمەڵکـوژ کـراون، بە ژن و منـداڵ و بەساڵاچوانیشـەوە و گوندنشـینان بـە کۆمـەڵ لـە ماڵەکانیانـدا ڕادەگوازرێـن. واتـە حکومەتـی کۆمـاری

عێـراق پرۆسـەیەکی تۆڵەسـەندنەوەی خوێناویـی لـە دژی گەلـی کـورددا بەرپاکـردووە کـە نەتەوەیەکـی دیـارن و چارەگێکـی کـۆی دانیشـتوانی عێراقیـش پێکدێنـن و چەندیـن سـەدەیە لـە ناوچەکانـی باکووردا دەژیـن. ڕووداوەکان ئاماژە بـەوە دەدەن کـە مانـەوەی گەلـی کـورد لـە عێراقـدا لـە مەترسـیدایە.

حکومەتـی کۆمـاری مەنگۆلیـای میللـی سـەرنجی کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ئـەوە ڕادەکێشـێ کـە ئـەوەی حکومەتـی عێـراق دەیـکات، کۆمەڵکوژییە لـە دژی دانیشـتوانی کـوردی ناوچەکـە و پێشـێلکردنی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە و لەلایـەن تـەواوی مرۆڤایەتییـەوە شـەرمەزار کـراوە و لـە بڕیـاری ١١ی ئەیلوولـی ١٩٤٦ی کۆمەڵـەی گشـتی و بەپێـی یاسـای نێودەوڵەتـی بـە تـاوان هەژمـار دەکرێـت.

لەژێـر ئـەو ڕوونکردنەوانـەی پێشـەوەدا، حکومەتـی کۆمـاری مەنگۆلیـای میللـی، وایدەبینێـت، پێویسـتە کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە خولـی هەژدەمیـدا بڕوانێتـە کێشـەی «ئـەو سیاسـەتە کۆمەڵکوژییـەی حکومەتـی کۆمـاری عێـراق لـە دژی گەلـی کـورد پێـڕەوی دەکات» کێشـەیەکی گرنگـە، بۆیـە حکومەتـی کۆمـاری مەنگۆلیـای میللـی ئـەم پـرۆژە یاسـایە سـەبارەت بـە کێشـەکە دەخاتـە بەردیـدی کۆمەڵـەی گشـتی:

کۆمەڵـەی گشـتی، هەسـت بـە نیگەرانییەکـی زۆر دەکات لە ئاسـت ئـەو کۆمەڵکوژییەی دژی گەلـی کـورد لـە کۆمـاری عێـراق ئەنجـام دەدرێ. «درک بـەوەش دەکات کـە ڕەفتـاری دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری عێـراق دژی گەلـی کـورد، کۆمەڵکوژییەکـە دژی کـورد و ئامـاژ بـەوە دەکات کـە کۆمەڵـەی گشـتی، لـە بڕیارەکـەی ١١ی کانـووی یەکەمـی ١٩٤٦دا ڕایگەیانـدووە، کۆمەڵکـوژی تاوانێکـە و جیهانـی شارسـتانی شـەرمەزاری دەکات و لەگـەڵ ڕۆح و ئامانجەکانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا ناکۆکـە، جـا ئەگـەر بـە هـۆکاری ئایینـی یـان ڕەگەزپەرسـتی یاخـود سیاسـی و یانیـش بـە هـەر هۆکارێکـی دیکـە ئەنجـام درابێـت، ئیدانـەی ئـەو ڕێکارانـەی حکومەتـی کۆمـاری عێـراق دەکەیـن دژی گەلـی کـورد لـە عێـراق» و داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکات سـەرجەم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان دژی گەلـی کـورد ڕابگرێـت و دەسـت بکاتـەوە بـە دانوسـتاندن لەگـەڵ نوێنەرانـی کـورد بـۆ جێبەجێکردنـی خواسـتە نەتەوەییەکانیـان.

## شەڕ و کوشتارێکی دژوار لە باکووری عێراق:

**پاریس، ٣ی تەمووز. (تاس).** دوێنێ گوتەبێژێکی کوردی عێراق کە لە پاریس نیشتەجێیە، گوتی: هێزەکانی پێشمەرگە، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا، هەشت فڕۆکەیان خستووەتە خوارەوە کە یەکێکیان فڕۆکەیەکی سووری بووە و بەشێک بووە لە هێزەکانی ئاسمانیی عێراق. شەڕەکە بووەتە هۆی کوژران و بریندارکردنی پتر لە ١٣٠٠ سەربازی عێراقی و بەدیلگرتنی ٧٢٠ سەربازی دیکە.

لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، لە پاریس بەپێی هەواڵەکانی ئاژانسی فرانس پرێس بڵاوکراوەتەوە، هێزەکانی پێشمەرگە «سێ فڕۆکەی سەربازیی سوپای عێراق و فڕۆکەیەکی سوورییان لە ناوچەی مووسڵ و سێ فڕۆکەی دیکەشیان لە نزیک خانەقین و دانەیەکیشیان لە ناوچەی دەربەندیخان- بازیاندا « خستووەتە خوارەوە.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لە دوو هەفتەی ڕابردوودا شەڕ و کوشتارێکی دژوار لە ناوچەکانی کەرکووک، سلێمانی، سەڵاحەدین، زاخۆ و سپیلک ڕوویداوە، واتە لە ناوچەیەکی بەرفراوان کە لە خاکی تورکیاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕووباری سیروان و هەموو بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقی گرتووەتەوە. هەروەها هێزەکانی سوپای عێراق زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان لێکەوتووە، نزیکەی دوو هەزار کوژراو و بریندار و بەدیلگیراو. پێشمەرگەکان ٢٠ تانک و ٩ موشەکی هاوەن و زیاتر لە هەزار پارچە چەکیان دەستکەوتووە لەگەڵ ژمارەیەک ڕەشاش. لە درێژەی بەیاننامەکەدا ڕوونکراوەتەوە: «هەر لەو شەڕانەدا، کورد ٤٠٠ کوژراو و برینداری هەبووە».

ئەو نوێنەرەی کورد، بەپێی ئاژانسی فرانس پرێس، دەڵێت: هێزی ئاسمانیی عێراق، چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیان بۆردومان کردووە و نزیکەی ١٦٧ گوندی عەلی بەگ، شێخان، حەریر، زاوێتە و ناوچەکانی دیکەیان وێران کردووە، دوو هەزار هاووڵاتیی سڤیلیش بریندار بوونە کە (١٣٠)یان منداڵن.

ڕۆژنامەی (الشعب)ی لوبنانیش بڵاویکردووەتەوە: تەواوی سوپای عێراق کە بە تازەترین جۆری چەکی بەریتانی پڕچەک کراون، هێرشیان کردووەتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و سێ یەکەی پشتیوانیی سوپای سووریشیان لەگەڵدایە.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٤**

**شەڕی خوێناویی دژی کورد ڕاگرن**

**پاریـس، ٣ی تەمـووز. (تـاس).** نوێنەرەکەی کورد بەپێی گواسـتنەوەکانی ئاژانسـی فرانس پرێـس، ئـەو فڕۆکانـەی هێزەکانـی ئاسـمانیی عێـراق کـە لـە شـەڕەکەدا بەشـدار بـوون، ١٦٧ گونـدی عەلـی بـەگ، شـێخان، حەریـر، زاوێتـە و چەنـد ناوچەیەکـی دیکەیـان بۆردومـان کـردووە کـە لـە ئەنجامـدا نزیکـەی دوو هـەزار کـەس برینـدار بوونـە و (١٣٠)یـان منداڵـن.

**بەیـرووت، ٣ی تەمـووز. (تـاس).** ڕۆژنامـەی (الشـعب)ی لوبنانـی نووسـیویەتی: «ئـەو هێرشـە ناڕەوایـەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق کردوویەتییـە سـەر کوردسـتان، کارێکـی نـا ئەخلاقـی و نـا لۆژیکییـە و بـرا بـە بـرا بـە کوشـت دەدات». ئاخـۆ کوشـتنی برایانـی کوردمـان پرۆسـەیەکی ئازادیخوازانـەی نیشـتمانییە؟. دەبـا ئـەو کەسـانەی بـە خەیاڵـی ئـەوەوە دەژیـن کـە گوایـە کـورد جوداخـوازە، بێدەنـگ بـن، پاسـاوی سـەرکردەکانی حزبـی بەعـس بـۆ ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانیان گەڕانـەوەی یەکێتیـی خاکـی عێراقـە، پاسـاوێکی بـێ بنەمایـە. بەعسـییەکان گوندەکانـی کوردسـتان بـە تەواوەتـی وێـران دەکـەن و ماڵـەکان بۆردومـان دەکـەن و خەڵکەکـەی دەربـەدەر دەکـەن کـە بـۆ پاراسـتنی گیانـی خۆیـان ڕوو لـە شـاخەکان دەکـەن. پلانـی بەعسـییەکان بـۆ لەباربردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد گەیشـتووەتە ڕادەی تاوانـی کۆمەڵکوژیـی کـورد.

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٦٣/٧/٤**

**چالاکییە سەربازییەکان لە عێراق**

**پاریـس، ٣ی تەمـووزز (تـاس).** دوێنـێ گوتەبێژێکـی کـوردی عێـراق کـە لـە پاریـس نیشـتەجێیە، دەڵێـت: هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق، هەشـت فڕۆکەیـان خسـتوەتە خـوارەوە و زیاتـر لـە ١٣٠٠ سـەربازی عێراقییـان کوشـتووە و برینـدار کـردووە و ٧٢٠ سـەربازی دیکەشـیان بەدیلگرتـووە. بەیاننامەیـەک کـە لـە پاریـس بڵاوکراوەتـەوە، بەپێـی هەواڵەکانـی ئاژانسـی فرانـس پرێـس، شـەڕ و کوشـتارێکی دژوار لــە دوو هەفتــەی ڕابــردوودا لــە ناوچەکانــی کەرکــووک، سـلێمانی، سـەلاحەدین،

زاخـۆ و سـپیلک ڕوویـداوە. شـەڕەکە ڕووبەرێکـی بەرفراوانیـان لـە خاکـی تورکیـاوە تـا دەگاتـە ڕووبـاری سـیروان و هەمـوو بەشـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێراقـی گرتووەتـەوە. بەیاننامەکـە دووپاتیدەکاتـەوە کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لـەو شـەڕەدا دەسـتیان بەسـەر ٢٠ تانـک و ٩ مووشـەکی هـاوەن و پـتر لـە هـەزار پارچـە چەکـی جۆراوجـۆر و ژمارەیـەک ڕەشاشـدا گرتـووە، «هـەر لـەو شـەڕەدا ٤٠٠ کـورد کـوژراو و برینـدار بوونـە».

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٦٣/٧/٤**

**ململانێکان لە کوردستان**

لـە بنەڕەتـدا، حکومەتـی عێـراق «خـۆی خسـتووەتە گێژاوێکـی زۆر مەترسـیدار». ئـا بەم شـێوەیە ڕۆژنامـەی لۆفیـگارۆی فرەنسـی، ئـەو ڕێـکارە سـەربازییانەی حکومەتـی عێـراق دژی کـورد گرتوویەتییەبـەر کـە نزیکـەی یـەک لەسـەر چـواری کـۆی گشـتی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن. لـە ١٠ی حوزەیـران ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق دژی گەلـی کـورد لـە کوردسـتان دەسـتپێکردووە، ئـەو کـوردەی چەندین سـەدەیە لـەم ناوچانەدا دەژیـن و ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتـە نزیکـەی یـەک ملیـۆن و پێنـج سـەد هـەزار کـەس. کـوردی عێـراق داوای مافـە نەتەوەییـەکان و یەکسـانی دەکـەن، ئامانجیـان دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن و یاسـادانانە لـە کوردسـتان، هەروەهـا داوای بەشـداریکردن لـە بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە حکومییەکانـی عێـراق و دانـان بـە زمانـی کـوردی دەکـەن کـە لەپـاڵ زمانـی عەرەبیـدا بکرێتـە زمانـی فەرمیـی خوێنـدن لـە قوتابخانـە کوردییـەکان و فەرمانگـە حکومییەکانـدا. بـۆ پەرەپێدانـی ئابووریـی ناوچـە کوردنشـینەکانیش داوای پشـکێکی تایبـەت دەکـەن لـە داهاتـی نـەوت. ڕاپۆرتەکانـی بەغـدا ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە حکومەتـی عێـراق سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگـەزی و کۆمەڵکوژیـی کوردیـان پێـڕەو کـردووە کــە پێشـێلکردنی مافــە بنەڕەتییەکانــی مرۆڤــن و سیاســەتی ســووتماک کردنــی خاکــی کوردسـتانیان گرتووەتەبـەر، ڕادیـۆی بەغـدا بڵاویکردووەتـەوە پاداشـتی ١٠٠ هـەزار دینـار بـۆ ئـەو کەسـە تەرخـان کـردووە کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی، پاڵەوانـی گەلـی کـورد و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بکوژێـت، لـە کۆتاییشـدا دەسـەڵاتدارانی بەعـس ناتوانـن بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لەبـار ببـەن.

**«کۆمسۆمۆلسکیا پڕاڤدا» ١٩٦٣/٧/٤**

**کورد درێژ بە شەڕ دەدەن**

**پاریـس، ٣ی تەمـووز. (تـاس).** هێزەکانـی پێشـمەرگە، لـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتی عێراقـدا، هەشـت فڕۆکەیـان خسـتووەتە خـوارەوە کـە یەکێکیـان فڕۆکەیەکـی سـووری بـووە و بەشـێک بـووە لـە هێزەکانـی ئاسـمانیی عێـراق کـە بووەتـە هـۆی کـوژران و بریندارکردنـی پـتر لـە ١٣٠٠ سـەربازی عێراقـی و بەدیلگرتنـی ٧٢٠ سـەربازی دکـە.

لـەو بەیاننامەیـەدا هاتـووە لـە پاریـس بەپێـی هەواڵەکانـی ئاژانسـی فرانـس پرێـس بڵاوکراوەتـەوە، هێزەکانـی پێشـمەرگە «سـێ فڕۆکـەی سـەبازیی سـوپای عێـراق و فڕۆکەیەکـی سـوورییان لـە ناوچـەی مووسـڵ و سـێ فڕۆکـەی دیکەشـیان لـە نزیـک خانەقیـن و دانەیەکیشـیان لـە ناوچـەی دەربەندیخـان- بازیانـدا « خسـتووەتە خـوارەوە.

**«کراسنایا زڤزدا» ١٩٦٣/٧/٥**

**کورد بەرگری لە خۆی دەکات**

دوای دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق، دامودەزگاکانـی حکومەتـی عێـراق هەمـوو قورسـاییەکی خسـتە سـەر کوردسـتان و بـە ئومێـدی ئـەوەی بتوانێـت لـە مـاوەی یـەک دوو هەفتـەدا بەرخودانی کـوردی عێراق بـە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی تێکبشـکێنێ، لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەشـدا حکومەتی عێراق دوو لەسـەر سێی تـەواوی هێزەکانـی سـوپای عێراقی لـەو ناوچانـەدا گردکردووەتەوە و تانـک و تۆپخانەکانیان ڕەوانـەی کوردسـتان کـردووە و فڕۆکەکانیـش لـە ئاسـمانەوە پشـتیوانی ئـەو هێزانـەن.

وا سـێ هەفتـە بەسـەر دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا تێدەپەڕێـت، بـەڵام سـوپای حکومەتـی عێـراق نـەک هەر سـەرکەوتنی بەدەسـت نەهێنـاوە، بگـرە لەوێش گیری خواردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ شـەڕی نێوان ئەو سـوپایە و هێزەکانی پێشـمەرگە دژوار و سـەختتر دەبێـت و هێـزە کوردییـەکان بـەو چەکـە سـووکانە و تۆپهاوێـژی ڕەشـاش و بـازۆکا و هاوەن ڕووبـەڕووی ئـەو سـوپایە بوونەتـەوە. زۆر جاریـش هێرشـی پێچەوانـە بـۆ سـەر سـوپاکەی عێـراق ئەنجـام دەدەن، ئـەوان بـە لێهاتوویـی و شـارەزاییەکی زۆرەوە مانـۆڕ دەکـەن و

سـوودیان لـە هەڵکەوتـەی جوگرافیایی و سـەختیی ناوچە شـاخاوییەکانی کوردسـتان بینیوە.

بـەرزی و نزمیـی ناوچەکـە و زنجیـرە چیـا بـەرزەکان و ڕێـڕەوە تەسـک و دژوارەکان کـە لەبـەری قـووڵ و ڕووبـارە تیژڕەوەکانـی ناوچەکـە پێشـڕەویی سـوپای عێراقـی سـنووردار کـردووە و ئۆپەراسـیۆنەکەیانی ئاڵـۆز کـردوون. لـەم ناوچانەشـدا تانـک و تۆپخانـەی قـوڕس هیـچ بایەخێکیـان نامێنێـت و ناتوانـن هاتوچـۆی تێـدا بکـەن. ڕۆژنامـە بیانییەکانیـش دووپاتیدەکەنـەوە، سـوپای عێـراق تەنیـا لـە ناوچـە تەخـت و دەشـتاییەکاندا کاریگـەرن و کاتێـک شـەڕ دەگاتـە ناوچـە شـاخاوییەکان، ئـەو کاریگەرییەیـان نامێنـێ.

لـە ڕۆژانـی بەرایـی دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا، ڕادیـۆی بەغـدا ڕۆژانە هەواڵـی سـەرکەوتنی هێزەکانـی سـوپای عێراقیـان بڵاودەکردەوە، بـەڵام دوای تەنیـا دە ڕۆژ، پێـش ئـەوەی سـەرکردایەتیی عێـراق دان بـەو سـەختی و دژوارییانـەدا بێنـێ کـە دێنـە ڕێـی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان، لـە ٢٢ی حوزەیرانـدا ڕادیـۆی بەغـدا بەیاننامەیەکـی فەرمیـی بڵاوکـردەوە و تێیـدا ئاماژەی بەوەدا هێزەکانی سـوپای عێراق «ڕووبـەڕووی بەرگرییەکی زۆر دژوار و سـەختی پێشـمەرگەکان بووەتـەوە» کـە هێزەکانیان بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سـوپای عێـراق لـەوێ کۆکردووەتـەوە، بەتایبەتیـش لـە تەقتەق و کۆیـە (دەڤـەری کەرکووک).

لـەم دواییەشـدا سـوپای عێـراق زەرەر و زیانێکـی زۆری ماددی و گیانیـی لێکـەوت، هێزەکانـی پێشـمەرگە هەشـت فڕۆکەیان تێکشـکاندووە و یەکێک لە فڕۆکـەکان فڕۆکەیەکی سـوورییە کـە بەشـێک بـووە لـە هێـزە عێراقییـەکان و شانبەشـانی هێـزی ئاسـمانیی عێـراق شـەڕی کـوردی کـردووە، هەروەهـا دەسـتیان بەسـەر ٢٠ تانکیشـیدا گرتـووە.

سـەرکردایەتیی حکومەتـی عێـراق درکیـان بـەوە کـردووە کـە لـە ئێسـتادا شـەڕ و کوشـتارێکی بەرفـراوان لـە کوردسـتان بەرپابـووە کـە کەرکـووک، سـلێمانی، هەولێـر و مووسڵیشـی گرتووەتـەوە.

ئـەو زیانـە زۆرەی بـەر سـوپای عێراقیـش کەوتـووە، بەڵگـەی دژواریـی ئـەو شـەڕانەن و هیـچ ڕۆژێـک تێناپەڕێـت ئەگـەر ئۆتۆمبێـل و شـەمەندەفەرەکانی عێـراق کـوژراو و بریندارانـی سـوپا لـە کوردسـتانەوە نەگوازنـەوە بەغـدا. بـۆ قەرەبوکردنـەوە و پەردەپـۆش کردنـی ئـەم شکسـتانەی سـوپای عێـراق، دەسـەڵاتدارانی حکومـەت، یەکەکانـی حـەرەس

قەومیــی کۆکردووەتــەوە و بــەرەو کوردســتانیان ڕەوان دەکات و چەندیــن موالیــدی گەنجانیشــی داواکــردووە بــۆ خزمەتــی ســەربازی، ئەمــەش مانــای ئەوپــەڕی خراپیــی بارودۆخــی ئــەو ســوپایەیە کــە لــە کوردســتان دەجەنگێــت، بۆیــە دەســەڵاتداران داوای بەپەلــە بڵاوەکەنــەوە بــۆ هاتنەپێشــەوەی موالیــدی نوێــی گەنجــان.

جــا دوای شکســتهێنان لــە بەدەســتهێنانی ســەرکەوتنێکی خێــرا لــەو شــەڕانەی دژی هێزەکانــی پێشــمەرگەی کوردســتان بەرپایــان کــردووە، بەرپرســانی حکومەتــی عێــراق بــە ســەرۆکایەتیی حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســتی ســاختە، فەرمانــی هێرشــکردنە ســەر هاووڵاتیانــی ســڤیلی کوردســتانیان دەرکــرد، تۆپخانــەکان لــە زەوی و فڕۆکــەکان لــە ئاسـمانەوە کەوتنــە وێــزەی کۆمەڵگەکانــی نیشــتەجێبوونی هاووڵاتیــان، چەندیــن کۆمەڵگــە و گوندیــان وێــران کــرد و خەڵکەکەشــیان بێلانــە هێشــتەوە. لەمبارەیــەوە گوتەبێژێکــی کــورد لــە پاریــس، ڕایگەیانــدووە: فڕۆکەکانــی عێــراق ١٦٧ گوندیــان تەخــت کــردووە.

ئــەوەی هێزەکانــی ســوپای عێــراق دەیــکات، کۆمەڵکــوژی و پاکتاوکردنــی نەژادیــی خەڵکــی کوردســتانە. حــەرەس قەومــی دەســتیان لــە هیــچ شــتێک نەدەپاراســت و دەیــان هــەزار هاووڵاتیــی کــورد لەپێنــاو پاراســتنی گیانــی خۆیــان ناوچەکانــی خۆیــان جێهێشــت و ڕوویــان لــە کونــە شــاخەکان کــرد، ئــەدی ئەگــەر ئــەوە کۆمەڵکــوژی نەبێــت، کۆمەڵکــوژی چۆنــە کــە پێشــێلکردنێکی زەقــی هەمــوو مافــە بنەڕەتییەکانــی مــرۆڤ و جاڕنامــەی نەتــەوە یەکگرتووەکانــە؟ شــایانی باســە، هێزەکانــی ســوپای عێــراق و یەکەکانــی حــەرەس قەومــی نەیاندەتوانــی ئــەم کۆمەڵکوژییــە ئەنجــام بــدەن، ئەگــەر پشــتوانیی ئیمپریالیســتەکانی ئەمەریــکا و بەریتانیایــان لەپشــت نەبوایــە!.

پرۆســەی کۆمەڵکــوژی لــە دژی گەلانــی کوردســتان کە لەلایەن ســەرکردەکانی بەعســەوە ئەنجامــدراون، بووەتــە مایــەی نیگەرانیــی و تووڕەکردنــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی. گەلانــی یەکێتیــی ســۆڤیەت پشــتیوانیی مرۆڤایەتــی و هــەر هەوڵێکــی پێشــکەوتنخوازانە دەکات و زۆر مکــوڕە لەســەر داوای ڕاگرتنــی ئــەم کۆمەڵکوژییــەی دژی کــورد.

**عەقید ب. ئەلکسەندرۆڤ. ڕائید ف. پۆلیانسکی**

**«ئیزڤیستیا»١٩٦٣/٧/٥**

**پیلانێکی تاوانکارانە**

ئـــەو کوشـــتارە خوێناوییـــەی ڕووبـــەڕووی کـــوردی عێـــراق بـــووەوە، پەرەیســـەند و بـــووە کارەســـاتێکی ڕاســـتەقینەی نیشـــتمانی. هەرچەنـــدە لـــە ڕۆژی ٢ی تەمـــووز عەمـــاش، وەزیـــری بەرگریـــی عێـــراق لـــە دیمانەیەکیـــدا لەگـــەڵ ڕۆژنامـــەی (الشـــعب) گوتبـــووی: «ئـــەو ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازییانەی ئێســـتا ســـوپای عێـــراق ئەنجامیـــان دەدات، شـــەڕ نیـــن، بەڵکـــو جـــۆرە گەشـــت و ســـەیرانێکە». کەچـــی هاوکاتـــی ئـــەم لێدوانـــەی وەزیـــری بەرگـــری شـــەمەندەفەر و ئۆتۆمبێلـــەکان بـــە تـــەرم و بریندارانـــی ســـوپاکە دەگوازێتـــەوە بەغـــدا. زیانەکانـــی هـــەردوولاش ڕۆژ بـــە ڕۆژ لـــە زیادبوونـــدا بـــوون، هێزەکانـــی پێشـــمەرگە قارەمانانـــە بەرگـــری لـــە خـــاک دەکـــەن، ئەمـــەش بـــووە هـــۆی ئـــەوەی مەفرەزەکانـــی تۆڵەســـەندنەوە بکەونـــە وێـــزەی گوندنشـــینان و ژن و منـــداڵ و بەســـاڵاچووان بکـــوژن، فڕۆکەکانیـــش لـــە ئاســـمانەوە بەرمیلـــی پـــڕ لـــە ســـووتەمەنی بهاوێژنـــە خـــوارەوە و بـــە ڕەشـــاش دەســـڕێژ لـــە هاووڵاتیانـــی ســـڤیل بکـــەن.

پڕوپاگەنـــدەی گاڵتەجاڕیـــی فەرمیـــی حکومەتـــی عێراقیـــش لەوکاتـــەدا وای بڵاودەکـــردەوە کـــە: «حکومەتـــی عێـــراق لەپێنـــاو گەڕاندنـــەوەی ســـەقامگیری و ئاســـایش و پەرەپێـــدان بـــۆ برایانـــی کـــورد خەبـــات دەکات».

لـــە ناوەڕاســـتی مانگـــی نیســـانی هەمـــان ســـاڵدا، ڕۆژنامـــە عەرەبییـــەکان ڕایانگەیانـــد، لـــە ئەنکـــەرە و بەغـــدا دانوســـتانەکانی نێـــوان نوێنەرانـــی عێـــراق، تورکیـــا و ئێـــران بەڕێوەدەچێـــت بـــۆ ئەنجامدانـــی ئۆپەراســـیۆنێکی ســـەربازیی هاوبەشـــی ئـــەو وڵاتانـــە دژی گەلـــی کـــورد، ســـەرباری ئـــەوەش، ڕۆژنامـــەی (الحقائـــق) لـــە قاهیـــرە دووپاتـــی دەکاتـــەوە کـــە هـــەر یـــەک لـــە ئێـــران و تورکیـــا، دەســـپێشـــخەریی ئامادەیـــی ســـوپاکانیان کـــردووە بـــۆ ئەنجامدانـــی ئـــەم جـــۆرە ئۆپەراســـیۆنانە، ئیسرائیلیـــش لـــەم گەمـــە گڵاوەدا گلاوە و موشـــیە گۆریـــن ســـەرۆکی ئەرکانـــی گشـــتیی ســـوپای ئیسرائیلیـــش، بـــۆ هەمـــان مەبەســـت ســـەردانی ئێرانـــی کـــردووە و ڕێنمایـــی کـــردوون کـــە چـــۆن مامەڵـــە لەتـــەک گەلـــی کـــورد دا بکـــەن.

ستەمکارانی عێراق و ئێران و تورکیا لەسەر وردەکاریی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هاوبەشەکە ڕێککەوتوون و بە بەکارهێنانی فڕۆکە و تانک و تۆپخانەکان دژی کوردی ئازادیخواز بجەنگن. ئیرکین، وەزیری دەرەوەی تورکیاش پاش گەڕانەوەی لە کەراچی دوای بەشداربوون لە دانیشتنەکەی هاوپەیمانیی سینتۆ ئەم جۆرە پیلانەی دووپاتکردووەتەوە.

ئێستا ڕاستییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە پیلانگێڕییە هاوبەشە تاوانکارییەکە، لەلایەن خاوەنەکەیەوە ئەنجام دەدرێت. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکانیش: حکومەتی تورکیا هێزەکانی سوپا و جەندرمەی ڕەوانەی هەرێمە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات کردووە کە تێکڕای دانیشتوانەکەی کوردن، بە بەردەوام یەکە سەربازییەکان و کەرەستە و تەقەمەنیی شەڕ دەگوازێتەوە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراقدا، ئێرانیش لای خۆیەوە هەنگاوی هاوشێوەی ناوە.

ئەو کوشتارە خوێناوییەی بەعسییەکانی عێراق بە پشتیوانیی ئەندامانی کوتلەی سینتۆی دوژمنکار دژی گەلی کورد ئەنجامی دەدات، جێبەجێکردنی ئەو پیلانە خوێناوییەی ئیمپریالیزمی جیهانییە لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا.

**خزمەتگوزاریی ڕۆژنامەی ئیزڤستیا.**

**سەرنج و ژێدەرەکانی کورد**

کورد، یەکێکە لە گەورەترین کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین. ژمارەیەکی زۆری کورد نەک هەر لە عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، بەڵکو بەشێکیشیان لە ئەفغانستان، پاکستان و تەنانەت لە هیندیشدا دەژین. سەرژمێرییەکی دروستی کورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام ژێدەرە فەرمییەکان، ژمارەی کورد بە شەش ملیۆن کەس دەخەمڵێنن، چەندین ڕۆژنامەی بیانیش ئاماژە بۆ ١٠- ١٥ ملیۆن کەس دەدەن.

نزیکەی دوو ملیۆن کورد لە عێراق (کە دەکاتە یەک لەسەر چواری تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە)، لە ناوچەکانی باکووردا دەژین کە چاڵگە نەوتییە سەرەکییەکانی کەرکووک و مووسڵیش دەکەونە ئەو ناوچانەوە.

لـە ئەنجامـی ڕووخانـی ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانیدا و بـە درێژایـی چەندیـن دەیـە، لـە دابەشـکردنی کوردسـتان، کـورد خەباتـی بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان دەکـەن و داوای ئۆتۆنۆمیـی نەتەوەیـی دەکـەن و ئـەم خواسـتە یەکێکـە لـە بڕگـە هـەرە سـەرەکییەکانی بەرنامـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

دەسـتدرێژییەکانی سـوپای عێـراق دژی کـورد، گەیشـتە ڕادەی تاوانـی کۆمەڵکوژییەکـی ڕاسـتەقینە و ژمارەیەکـی زۆری هاووڵاتیانـی سـڤیلی کوردسـتان تیاچـوون. خەباتـی ڕەوای کـورد لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان، هاوسـۆزیی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیشـی لەگەڵدایـە کـە بـە توندتریـن شـێوە ئیدانـە و شـەرمەزار کـراوە.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٥**

**دژی تیرۆر لە عێراق**

**بوخاریسـت، ٤ی تەمـووز. (تـاس).** جەمـاوەری ڕۆمانیـا بـە نیگەرانییەکـی قووڵـەوە دەڕوانێتـە پەرەسـەندنی سیاسـەتی تـرس و تۆقینـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دژی دیموکراتخـواز و پێشـکەوتنخوازانی کـورد. ئیـۆن ماریـا سـادۆفیانۆ، نووسـەری ڕۆمانیـا لـە ڕۆژنامـەی ڕۆمانیـا لیبـەر دەنووسـێت: پاکتاوکردنـی نیشـتمانپەروەرانی عێـراق پێشـێلکردنی مافـە بنەڕەتییەکانـی مرۆڤـن.

**پاریـس، ٤ی تەمـووز. (تـاس).** ئەمـڕۆ ڕۆژنامـەی لۆمانیتـە بەیاننامەیەکـی لەسـەر زاری ڕێکخـراوی قوتابیانـی عێـراق لـە فەڕەنسـا بڵاوکردووەتـەوە کـە ناڕەزاییـان دژی تیرۆریسـتانی عێـراق دەربڕیـوە. شـەڕی دژی کـورد بـە شـەڕێکی گڵاوی حکومەتـی عێـراق وەسـفکردووە و ڕێکخەرانـی بەیاننامەکـە ڕایدەگەیەنـن: لەوەتـەی ئـەم حکومەتـە دەسـەڵاتی گرتووەتـە دەسـت، بـەردەوام خوێنڕێژیـی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت و هـەزاران هاووڵاتیـی نیشـتمانپەروەر کـوژراون.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٧، ١٩٦٣/٧/٦**

**ئای جیرکیڤلۆف**

**تاوانی دژی کورد**

سەرلەبەیانی هەموو ڕۆژێک، هاووڵاتیانی بەغدا، کاتێک چاو بە هەواڵی ڕۆژنامە فەرمییەکاندا دەخشێنن، لە لاپەڕەی یەکەمیاندا بە هەستێکی ناجێگیر ڕاپۆرتە سەربازییەکانی سەرکردایەتیی باڵای سوپای عێراق دەخوێننەوە. ئاخۆ فەرمانڕەوایانی کۆنەپەرستی عێراق، دژی کێ ئەم شەڕەیان هەڵگیرساندووە. ئاخۆ دژی هەموو ئەو گەلانە نییە کە لە کوردستاندا دەژین، دژی کورد نییە کە تاکە تاوانیان ملکەچنەکردنە بۆ دیکتاتۆرییەت؟

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ١٠ی حوزەیرانەوە دەستپێکردووە. کۆنەپەرستانی عێراقیش پاساو بۆ ئەو دوژمنکارییە دەهێننەوە و جەماوەریان پێ چەواشە دەکەن، پاساوێکی گاڵتەجاڕی بڵاودەکەنەوە کە گوایە گەلی کورد مەترسییە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق! دەبێ ئەم مەترسییە چی بێت؟ دواتر دەرکەوت کە کورد داوای یەکسانی لە مافەکانی دەکات و ئۆتۆنۆمی دەخوازێت بۆ کوردستان و دەیانەوێت هاوتای عەرەب بکرێن لە ماف لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا!

عەلی ساڵح، ڕابەری حزبی بەعس و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، وەڵامی خواستەکانی گەلی کورد بەم جۆرە دەداتەوە: «لە ماوەی تەنیا سێ مانگدا، ناوچەکانی باکووری عێراق خاوێن دەکاتەوە». ئەم ڕێکارانەش دژی گەلێکە کە یەک لەسەر چواری کۆی گشتیی دانیشتوانی عێراق پێکدێنێ! فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی کوردستان کرد و حکومەت ڕێوشوێنی ئابڵووقەی ئابووریی خستە سەر ناوچەکە بە گشتی، ئەم ڕێکارانەشی بۆ برسیکردن و تێکشکاندنی ئیرادەی گەلی کورد بوو. دڕەندەیی ئەو هێرشانە هیچ پاساوێک هەڵناگرن و ئامانجەکانیان ئاشکرایە، تەنانەت ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی بۆرجوازییەتی ئینگلیزیش دانی بەوەدا ناوە: «دڕەندەیی هەڵمەتەکانی دژی کورد، زۆر لەو هەڵمەتانە دڕندانەترن کە لەلایەن جەنەڕاڵ قاسمەوە دژی گەلی کورد ئەنجام دراون. بە درێژایی بازنەیەکی نیوەتیرە ٢٥ میلی لە کەرکووک کە ناوەندی چاڵگە نەوتەکانە، هاووڵاتیانی سەرجەم ئەو گوندانەی دەکەوتنە نێو ئەو بازنەیەوە ئاوارەکران و بێلانە مانەوە».

بەڵام هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەک کورد ناچار ناکات دەست لە مافە ڕەواکانی هەڵبگرێت و هێزەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، قارەمانانە ڕووبەڕووی ئەم هێزە هێرشبەرانە بوونەتەوە. حکومەتی بەغدا هەموو ئەو ڕاگەیەنراو و بەیاننامە سەربازییانەی خۆی پووچەڵکردەوە و دژی ڕاگەیەندنەکانی پێشوویان، ڕاگەیاندنەکەی (الساعدی)یان بڵاوکردەوە کە زۆر شانازییان بەخۆیان دەکرد و لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا کە لە ٢٢ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا بڵاوکردەوە، بە ئاشکرا دانانی حکومەتەکەی ڕوونکردەوە: «هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق، ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توندی چەکدارانی کورد بوونەتەوە».

هۆکاری کاردانەوە شۆکهێنەرەکەی حکومەتی عێراق چییە و بۆچی کێشەیەک هەیە بەناوی کێشەی کوردەوە؟

زۆر دەمێکە زانراوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕووانگەی ستراتیجییەتی سەربازی و سەرچاوە سروشتییەکانی نەوتەوە، هەمیشە ناوچەیەک بووە کە داموودەزگاکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی چاویان تێبڕیوە. چەند دەیەیەک ئینگلتەرا و فەڕەنسا، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانیش ئەمەریکا هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناویندا سەپاندووە. نەوتی ئێران -عێراق، قازانجێکی زۆر و داهاتێکی قەبەیان هەبوو، جا بۆئەوەی ئەم کانە زێڕینە ڕاستەقینەیە لەدەست نەچێت، هەموو شێوازەکانی پلانگێڕی و ڕووخاندنی حکومەتەکان و ترساندن و تۆقین و ئیستیفزازکردنیان گرتەبەر و سیاسەتی «پەرتکە و زاڵبە»یان لە ناوچەکەدا بە وردی پێڕەوکرد.

هەروەک ئاشکراشە، کورد لەو ناوچە شاخاوییانەدا دەژین کە کەوتووەتە سەرسنوورەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، بەپێی سەرژمێرییە نافەرمییەکانیش تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە نزیکەی ٨ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس کە دوو ملیۆنیان لە عێراقدا دەژین. پیشەی سەرەکیی هاووڵاتیانی کورد کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی مەڕوماڵاتە. لە ساڵی ١٩٢٠دا پەیماننامەی (سیڤەر) مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد بەڕەوا زانی. بەڵام ئەم دانانە بە مافەکانی کورد لە بەرژەوەندیی ئیمپریالیزمدا نەبوو و ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن، پاش تێپەڕبوونی

سێ ساڵ بەسەر پەیماننامەکەدا، بەپێی پەیماننامەی (لۆزان) کوردیان دابەشکردە سەر دەوڵەتەکانی عێراق، تورکیا و ئێران، لەکاتێکدا کورد لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیان و سەربەخۆییدا تێدەکۆشین ... سەرەکیترین و کاریگەرترین حزبەکانی کوردستانیش، پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق، لە چەندین بۆنەدا دووپاتیان کردووەتەوە کە جودابوونەوە لە بەرنامەی خەباتیاندا نییە و دەخوازن شانبەشانی برایانی عەرەب مافە دیموکراسییەکان لە عێراقدا بچەسپێنن، لەوانەش مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ئامانجیان یەکسانیی گەلانی عێراقە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیدا. ئاشکراشە لایەنگرانی هەڵگیرساندنی شەڕەکانی دژی گەلی کورد، هەر ئەو کەسانەن کە لەپشتی پەردەوە دانوستانی نهێنی لەگەڵ هاوپەیمانیی سەربازیی ئیمپریالیی سینتۆدا دەکەن و لە ئاست قۆرخکارییەکانی سامانی نەوتیشدا ملکەچ و زەلیلن و دوژمنی سەرسەختی سەربەخۆیی نیشتمانیی عێراقن کە لە پێناویدا قارەمانانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد قوربانییان داوە. لەم دواییەشدا ئەنوەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراق، ڕایگەیاند: «ئەوانەی دەستیان بە کوشتنی شیوعییەکان کرد، هەمان ئەو کەس و لایەنانەن کە دوژمنی هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکانن و لە کۆتاییدا دەگەنە حاڵەتی دەستبەردان لە سەربەخۆیی نیشتمانی».

ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی ئینگلیزی، نووسیویەتی: کورد لەو باوەڕەدان کە ئەوان لەپێناو ژیانێکی سەربەرزانەدا دژی هێزە ڕێکخراوە دڵڕەقەکان دەجەنگن. هەموو هیوا و ئاواتیان لە هاوسۆزیی ڕۆژئاوا و خواستی ئۆتۆنۆمیدا بەفیڕۆچوو، کاتێک بینییان عێراق گریبەستێکی کڕینی چەک لەگەڵ بەریتانیا ئیمزا دەکات و حکومەتی عێراقیش خۆی بۆ هێرشێکی بەرفراوان ئامادە دەکات، هێزێکی زۆریشی ڕەوانەی کوردستان کردووە. هەمان ڕۆژنامە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە: ڕێککەوتننامەکە بۆ کڕینی ٢٥٠ زرێپۆشی بەریتانییە لە جۆری **Saracen** کە بۆ تۆپۆگرافیای کوردستان زۆر لەبارە بۆ گواستەوەی هێزەکان لە ناوچە شاخاوییەکاندا، هەروەها لەسەر کڕینی فڕۆکەی جۆری هۆکەر هەنتەریش ڕێککەوتوون. ئەو داننانە بێ پێچ و پەنایەی ڕۆژنامەکە،

ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە کـە کـێ بـە پلـەی یـەک بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە ئـەو ڕووداو و پێشـهاتانەی لـە عێراقـدا دەگوزەرێـن و کێـش لـە پشـتیانەوەیە، بـەڵام سـەرباری ئەمـەش بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد هــەر بــەردەوام بــوو و هەوڵەکانــی لەباربردنــی بزووتنەوەکـە، بەباچـوون. هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە ئێسـتادا، هـەروەک تاڵەبانـی، ئەندامی مەکتەبــی سیاســیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دووپاتیدەکاتــەوە: ئێســتا هێزەکانــی پێشـمەرگە لەچـاو کاتەکانـی پێشـوودا بەهێـز و تۆکمەتـرن. ژمارەیەکـی زۆری ئەفسـەر و سـەربازی عـەرەب پێوەندییـان بـە هێزەکانـی پێشـمەرگەوە کـردووە و هاوشـانی برایانـی کوردیـان شـەڕێکی دادپەروەرانـە دەکـەن.

لـەم دواییەشـدا ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـز گومانـی لـە هێزەکانـی حکومەتـی عێراقـە کـە بتوانـن بەیەکجارەکـی لایەنگرانـی بارزانـی لەناوببـەن. هەروەهـا ڕۆژنامـەی (پاتریـۆت) ی هینـدی هەواڵـی لادانـی (السـاعدی)ی بڵاوکـردەوە، بەپێـی ڕۆژنامەکـە، ئـەم ڕێـکاری لادانـەی (السـاعدی) بەڵگـەی ئەوەیـە کـە هەڵمەتەکانـی دژی کوردسـتان و بەعسـییەکانی سـووریا، تاکـو ئێسـتا تەنیـا لەلایـەن ئیمپریالیزمـی ڕۆژئاواوە پشـتگیری دەکرێـت. ڕۆژنامەی پاتریـۆت، ئەوەشـی نووسـیوە: «السـاعدی، هێنـدەی ژمـارەی قوربانیانـی ئەوانەی بەدەسـت حکومەتەکەیـەوە دەیانناڵانـد، دوژمـن و نەیـاری هەیـە، ڕەنگـە زیاتریـش بـن».

ئـەو سەرکێشـییەی کۆنەپەرسـتانی عێـراق دژی گەلـی کـورد بەرپایـان کـرد، لەلایـەن وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی عەرەبییــەوە پشــتگیری ناکرێــت. لــە ٢٨ی حوزەیرانــدا محەمــەد حەســەنێن هەیکــەل، سەنووســەری ڕۆژنامــەی (الأهــرام)ی قاهیــری، پێداچوونەوەیەکــی هەفتانــەی بــۆ کێشــەی کــورد تەرخــان کردبــوو.

هەیکــەل، لــەو پێداچوونەوەیەیــدا ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە بۆچوونــی فەرمیــی کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی ســەبارەت بــە کێشــەی کــورد، لەلایــەن ســەرۆک عەبدولناســـڕەوە گوزارشــتی لێکــراوە و لــە ڕاســتیدا کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی، پشــتیوانیی هــەر هەوڵێــک دەکات کــە بــە ئاراســتەی چارەســەرکردنێکی ئاشــتییانەی کێشـەی کـورد هەنـگاو بنێـت بـە دانوسـتان و لێکتێگەیشـتن. لـە کۆتاییـدا هەیکـەل دەڵــێ: «دەبــێ هەبوونــی هێزەکانــی ئیمپریالیــزم لەبەرچــاو بگریــن، هەروەهــا ئــەو هێزانــەش کــە بــە بەژەوەندیــی نەوتییــان هەیــە، ئــەم هێزانــە بەیەکــەوە هیــچ

هەڵوێستێکی وەها نانوێنن کە توندوتیژی و شەڕ و کوشتار لە عێراق کۆتایی بێت، بەڵکو دەخوازن حکومەتی عێراق بخەنە نێو گێژەنی شەڕێکی دژوار و درێژخایەن. ڕۆژێکیش دادێت (الساعدی) تێدەگات کە سەرۆکایەتیی دەوڵەت لە سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندانێکی بەعسییەکان قورسترە».

تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ڕەفتارەکانی کۆنەپەرستانی عێراق پەستە دژی دیموکراتخوازەکانی وڵات، هەروەها هەمان هەڵوێستیشیان لەمەڕ دژایەتیکردنی کوردی ئازادیخواز هەیە. گەلانی سۆڤیەتیش هاوسۆز و دۆستی گەلانی عێراقن و داکۆکی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەکات لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، کاتی ئەوەش هاتووە کۆتایی بەو تاوانانە بهێنرێت کە لە دژی کورد ئەنجام دەدرێن.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٦**

**دژی سیاسەتی کۆمەڵکوژی**

**ئۆلان باتوور، ٥ی تەمووز. (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا).**

ئەمڕۆ، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری مەنگۆلیای میللی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ڕەفتارەکانی حکومەتی کۆماری عێراق شەرمەزار دەکات کە بڕیاری پچڕانی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆماری مەنگۆلیای میللی داوە و بەتایبەتیش ئاماژە بەوە دەدا: بۆ بەدەنگەوەهاتنی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد کە نزیکەی یەک لەسەر چواری کۆی دانیشتوانی کۆماری عێراق پێکدێنن و داوای ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی دەکەن، حکومەتی عێراق بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان وەڵامیان دەداتەوە و هێز دەنێرێتە سەریان و بە فڕۆکە و تانک و تۆپ بۆردومانیان دەکات.

حکومەتی کۆماری مەنگۆلیای میللی نەک بە توندی دژی تەنیا سیاسەتی کۆمەڵکوژییە، بەڵکو دژی هەموو دیاردەیەکی جیاکارییە لەسەر بنەمای نەتەوە و ڕەگەزپەرستی، لە سۆنگەی ئەم هەڵوێستەماندا، حکومەتی مەنگۆلیای میللی

کێشـــەیەکی خســـتەڕوو «دەربـــارەی ئـــەو سیاســـەتی کۆمەڵکوژییەیـــە کـــە حکومەتـــی کۆمـــاری عێـــراق دەرهـــەق کـــوردی عێـــراق ئەنجامـــی داوە» بۆئـــەوەی چاوپێخشـــاندنێکی بـــۆ بکرێـــت لـــە خولـــی هـــەژدەی کۆمەڵـــەی گشـــتی. هەروەهـــا لـــە درێـــژەی بەیاننامەکـــەدا هاتـــووە: سیاســـەتی کۆمەڵکـــوژی پرســـێکی ناوخۆیـــی ئـــەم دەوڵـــەت یـــان ئـــەو دەوڵـــەت نییـــە. بەرپەچدانـــەوەی ئـــەم جـــۆرە سیاســـەتانە، لـــە ئەســـتۆی ســـەرجەم گەلانـــی ئازادیخـــوازە. حکومەتـــی کۆمـــاری مەنگۆلیـــای میللـــی، ئیدانـــەی ئـــەو هەنـــگاوەی دەســـەڵاتدارانی کۆمـــاری عێـــراق دەکات بـــە پچڕانـــی پێوەندییـــە دیپلۆماسییەکانی نێـــوان مەنگۆلیـــا و کۆمـــاری عێـــراق و کارێکـــە دژی ئومێـــد و خواســـتەکانی گەلانـــی عێـــراق، هەروەهـــا لەگـــەڵ پرەنســـیپی پتەوکردنـــی دۆســـتایەتی و لێکتێگەیشـــتنی هاوبەشـــی نێـــوان گەلانـــدا ناکۆکـــە.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٧/٦**

**نا بۆ چەکی کۆمەڵکوژی**

**قاهیـــرە، ٥ی تەمـــووز. (تـــاس).** ئاژانســـی هەواڵەکانـــی (الـــشرق الأوســـط) لـــە دیمانەیەکـــدا لەگـــەڵ ســـەرۆک عەبدولناســـر بـــۆ پەیامنێـــری تایبەتـــی ڕۆژنامـــەی لۆمۆنـــدی فەرەنســـی لەبـــارەی ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازییەکانی ســـوپای حکومەتـــی عێـــراق لـــە دژی گەلـــی کـــورد، ســـەرۆک ناســـر گوتوویەتـــی: «ئێمـــە دژی هـــەر هەوڵێکـــی جوداخوازیـــن جـــا بەهـــەر جۆرێـــک بێـــت، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بـــە ڕەچاوکردنـــی ئـــەو هەقیقەتـــەی حکومەتـــی عێـــراق ڕایگەیانـــدووە و دانـــی بـــە بوونـــی نەتـــەوەی کـــورددا نـــاوە و گەیشـــتوونەتە ڕێککەوتنێکـــی نهێنـــی لەگـــەڵ جەنـــەڕاڵ بارزانـــی، لەوبڕوایەشـــدام پێـــش ئـــەوەی هانـــا بـــۆ چـــەک و بـــژاردەی شـــەڕ ببـــەن، دەبـــێ هەمـــوو شـــێوازێکی ئاشـــتیانە تاقیبکەنـــەوە. جـــەلال تاڵەبانیـــی نوێنـــەری بارزانیـــش دووپاتیکردووەتـــەوە و بـــە فەرمـــی ڕایگەیانـــدووە، ئـــەوان دەستپێشـــخەری لـــە پێشـــێکردنی ڕێککەوتننامەکـــەی ئاگربەســـت ناکـــەن، ناســـر لـــە درێـــژەی لێدوانەکەیـــدا دەڵـــێ: تووشـــی شـــۆک بـــووم کـــە بیســـتم ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازییەکانی دژی کـــورد دەســـتپێکردووەتەوە».

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٧/٦**

**کۆمەڵکوژیی کورد ڕاگرن**

٤ی تەمـووز لـە جنێـف، لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا (**ECOSSOC**)، شـاندنی یەکێتیـی سـۆڤیەت پێشـنیاری کـردووە پرسـی کۆمەڵکوژیـی کـوردی عێـراق، لـە ئەنجوومەنـی ئابـووری کۆمەڵایەتیدا بـاس بکرێت.

شانده سۆڤیەتییەکە دەڵێ: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانانەی سوپای حکومەتی عێراق دژی کوردی عێراق ئەنجامداوە، پەست و نیگەرانە کە یەک لەسەر چواری کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، ئەنجامدانی ئەم هەموو ئۆپەراسیۆنانەش هەر لەبەرئەوەیە کە ئەوان لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان خەبات دەکەن و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکەن لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا...

ئـەم پرۆسـە تاوانکارییانـەی حکومەتـی عێـراق کـە ئامانجـی پاکتاوکردنـی ڕەگەزیـی نەتـەوەی کـوردە، نموونـەی کۆمەڵکوژییەکی ڕوون و ئاشـکرایە بـۆ لەناوبردنـی یەکجارەکیی نەتەوەیەکـی نیشـتیمانیی دەوڵەتـی عێـراق، و أ. بۆریسـۆف، سـەرۆکی شـاندی یەکێتیـی سـۆڤیەت، داوای کـرد گفتوگـۆی پـرۆژە بڕیارێـک بکرێـت سـەبارەت «بـە سیاسـەتی ئـەو کۆمەڵکوژییـەی حکومەتـی کۆماری عێراق دژی نەتەوەی کورد دەسـتیپێکردووە». بە پەلەش بخرێتـە نێـو خشـتەی کارەکانی ئـەو ئەنجوومەنەوە. بڕیارەکـەش «داوا لـە حکومەتی عێراق بکات دەسـتبەجێ ئەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە ڕابگرێت کە دژی کورد ئەنجامیان دەدات» چونکـە پێشـێلکردنی جاڕنامەی نەتـەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـە سـەبارەت بـە قەدەغەکردنـی تاوانـی کۆمەڵکوژی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا شـاندە ئەوروپییـەکان هەمـوو هەوڵێکیـان بـۆ ئـەوە بـوو کـە بڕیارەکە نەخرێتە نێو خشتەی گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەهۆی لایەنگیریی نوێنـەری ئـوردن و بـە بەکارهێنانـی ئامێـری دەنگدانـەوە، نەیانهێشـت کێشـەکە بخرێتە نێو خشـتەی کارەکانـەوە. ئـا بـەم شـێوەیە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و چەنـد وڵاتێکـی عەرەبیـی وەک ئـوردن جارێکـی دیکـە هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی خۆیان لـە داکۆکیکردن لە چەوسـاندنەوە و توندوتیژیدا خستەڕوو و دووپاتیان کردەوە کە دژی هەموو بزووتنەوەیەکی دیموکراتخوازن.

بەڵام پرسیار کردن لەو کۆمەڵکوژییەی حکومەتی عێراق لە دژی نەتەوەی کورد بەرپای کردووە، ژیانی خستەبەر پرسەکە لە خشتەی کارەکانی ئەنجوومەنەکە و ئەنجامدەرانی تاوانەکەش ناتوانن خۆیان لە وەڵامدانەوەی بدزنەوە.

**یو. گریگۆریێف.**

**«کراسیانا زڤزدا» ١٩٦٣/٧/٧**

**کورد هەر سەردەکەوێت**

من لە نزیکەوە چاودێری خەباتی قارەمانانەی کوردی عێراق دەکەم کە بە ڕابەرایەتیی پاڵەوانی نەتەوەیی مستەفا بارزانی بەڕێوەدەچێت و لەپێناو ئازادیدا دەجەنگن و داوای ژیانێک دەکەن کە لە ژیانی مرۆڤ بچێت. من وەک هەر کوردێک کە لە یەکێتیی سۆڤیەتدا دەژیم زۆر نیگەرانم لەو هەڵوێستانەی حکومەتی عێراق لە بەرانبەر نەتەوەی کورد.

هەموو ڕێگەکان کراوەن لەبەردەم ئاسوودەیی کوردی یەکێتیی سۆڤیەت. لە تبلیسی و پەریڤان و چەندین شاری دیکەی یەکێتیی سۆڤیەتی مەزندا کار دەکەن لەپێناو شکۆی نیشتمان. ئەوان هەموو توانا و زانیارییەکیان لەپێناو دۆزی بنیاتنانی شیوعییەت خستووەتە گڕ لەپێناو ئاشتیدا.

لە ڕۆژانی بەرایی دامەزراندنیدا، وڵاتی ئێوە داکۆکیی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی چەوساوە کردووە. بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش هەستی بەو پشتگیرییە گەرمەی گەلانی سۆڤیەت کردووە. سەربازانی یەکێتییەکەتان لە کۆبوونەوە کراوەکەی کۆمسۆمۆل، زۆر بە تووڕەیی و بە توندی پرۆسە دوژمنکارییەکانی حکومەتی عێراقی دژی گەلی کوردیان ئیدانە کردووە. ئێمە لەوبڕوایەداین کە گەلی کورد هەرگیز چۆکدانادات و بەدڵنیاییەوە دەگەنە سەربەخۆیی خۆیان و ئازادی بەدەستدێنن. هیچ هەڕەشە و توندوتیژییەکیش ناتوانێت ئیرادەی گەلی کورد تێکبشکێنێ کە لە پێناو کێشەیەکی ڕەوادا خەباتی بۆ دەکات.

**لە بری سەربازانی یەکەکە**

**دۆلۆیانی کنیاز**

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٧/٨**

**دەستی بکوژان بگرن**

لـە عێـراق، شـەڕ و کوشـتاری خوێنـاوی دژی کـوردی ئازادیخـواز درێـژەی هەیـە- گوندەکانیـان تەخـت دەکرێـن، ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچووانیان دەکوژرێـن. دەسـەڵاتدانی بەعسـییەکانی عێـراق، سـەرباری ناڕەزاییەکانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، پیلانەکانـی دژی مرۆڤایەتـی و کۆمەڵکوژییەکانیـان هـەر بەردەوامـە.

لـە سـەرەتای سەرکێشـییە خوێناوییەکانیانـدا، بەعسـییەکانی عێـراق سازشـیان بـۆ دامودەزگاکانـی ئێـران و تورکیـا کـرد. عەمـماش، وەزیـری بەرگریـی عێـراق دەڵـێ: «هەردوو حکومەتـی ئێـران و تورکیـا، سـنوورەکانیان توندوتـۆڵ کـردووە و ڕێگـەی دزەکردنیـان بـۆ هیـچ کـەس نەهێشـتووەتەوە». ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییەکانیـش دووپاتیدەکەنـەوە کەتیبەیەک لـە هێزەکانـی سـووریا و هێـزی فڕۆکەنیـی ئـەو وڵاتـە، بەشـداری لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا دەکات دژی کـوردی عێـراق.

هـەروەک دەبینـن، پێشـوەختە حسـێب بـۆ هەمـوو شـتێک کـراوە و ئامادەباشـیی پێشـوەختە کـراوە و هیـچ شـتێک لەبەرچـاو نەگیـراوە بێجگـە لـە گیانـی خۆشەویسـتی و ئازادیخوازانـەی گەلـی کـوردی قارەمـان کـە نایـەوێ بەرپرسـیارێتیی تیـرۆر و تاوانەکانـی دەسـەڵاتدارانی بەعسـییەکانی بەغـدا و لایەنگرانـی بیانـی لـە ئەسـتۆ بگـرن، بۆیـە وێـڕای ئـەوەی بـە شـانازییەوە ڕاپۆرتـەکان لـە ڕادیـۆی بەغـدادا بڵاودەکرێنـەوە، کەچـی ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی دژوار و سـەخت لـە کوردسـتانی عێراقـدا بەردەوامیـی هەیـە. ئاشکراشـە ئـەو ڕێبازەی پلانسـازیی بۆکـراوە، بەو ئاسـانییە بەڕێوەناچێت کە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا دەیانـەوێ. تەنانـەت ڕۆژنامـە بۆرژواخوازەکانیـش گومانیـان لـە سـەرکەوتنەکانی دەسـەڵاتدارنی بەغـدا هەیـە. بۆنموونـە، لێدوانەکانـی ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـز کـە لـە ٢٦ی حوزەیـران دەرچـووە و جێگـەی بایەخپێدانـن، ڕۆژنامەکـە لـە نووسـینێکدا لەژێـر سـەردێڕی (شـەڕی دژ بـە کـورد) بڵاوکراوەتـەوە و دواجـار بووەتـە مایـەی ناڕەزایـی پاچەچـی، نوێنـەری عێـراق لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان «بـە درێژایـی هـەزارەی ڕابـردوو، عێراقییـەکان هەوڵـی تێکشـکاندنی کوردیـان داوە، بـەڵام لەمـەدا سـەرنەکەوتوون و شکسـتیان هێنـاوە، سـەختیی ئـەو شـەڕە بـێ بەرهەمـەی حکومەتـی عێـراق دژی گەلـی

کورد، بە ڕادەیەکی زۆر ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسمی لاوازکردووە و بەو چارەنووسە خوێناوییەی گەیاند» پێشبینی هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی ئەو شەڕەش ناکرێت کە ڕژێمی نوێی بەعسییەکانی عێراق دژی کورد دەستیان پێکردووە. حکومەتی عێراق دەستی بە پرۆسەیەکی مەزن و درێژخایەن کردووە. سەرکێشییە نامرۆڤانەکەی سەرانی بەغدا، بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە. دەنگی ناڕەزایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دژی ئەم هەوڵە نوێیانەی بەعسییەکان دژی کورد، لە هەموو لایەکەوە دەبیسترێن و لە پەرەسەندندایە، مامەڵەکردنی حکومەتی عێراق لەتەک کێشەی کورد و خواستەکانیان، بە پرۆسەیەکی خوێناویی کۆمەڵکوژی وەڵام دەدرێتەوە.

**د. لۆزینۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/١٠**

**کۆتاییهێنان بە دەستوەردان لە کاروباری کوردستان**

لە ٩ی تەمووزی ١٩٦٢دا، أ .أ. گرۆمیکۆ، وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، پێشوازیی لە بەڕێز فەیسەڵ خێزەران، باڵیۆزی کۆماری عێراق کرد و بەیاننامەی حکومەتی سۆڤیەتی پێشکەش کرد کە تایبەت بوو بە ڕووداوەکانی کوردستان. ئەمەی خوارەوەش دەقی بەیاننامەکەی حکومەتی سۆڤیەتە بۆ حکومەتی کۆماری عێراق:

بەیاننامەی حکومەتی سۆڤیەت بۆ حکومەتی کۆماری عێراق:

حکومەتی سۆڤیەت بە پێویستی دەزانێت ئەم پرسانە بۆ حکومەتی کۆماری عێراق بخاتەڕوو، بێگومان حکومەتی عێراقیش دەزانێت کە گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت و گەلانی دیکەی جیهان، ئەو کوشتارە خوێناوییەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق دژی گەلی کوردی ئاشتیخواز بەرپای کردووە، بەتوندی ئیدانە دەکات کە دەرهەق بە یەک لەسەر چواری تەواوی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، ئەنجامیان دەدات.

بێگومان ئەم ڕێکار و ڕووداوانەش ناتانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێک و تەنیا لاوازبوونی حکومەتی عێراقی لێدەکەوێتەوە و زیان بە پێگەی نێودەوڵەتیی عێراقیش دەگەیەنێت، هێزەکانی داگیرکاریش ئەم ڕووداوانەیان بۆ لاوازکردنی سەربەخۆیی

عێـراق و پتەوکردنـی پێگـەی خۆیـان لـە هـەردوو ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناوینـدا دەقۆزنـەوە.

لـەم حاڵەتەشـدا حکومەتـی سـۆڤیەت بەپێویسـتی دەزانێـت سـەرنجی حکومەتـی عێـراق بـۆ ئـەو هەڕەشـەیە ڕابکێشـێ کـە دوور نییـە وڵاتانـی دەرەکـی دەسـتوەردان لـەو ڕووداوانـە بکـەن کـە لەئێسـتادا لـە باکـووری عێراقـدا لەئـارادان، هەڵبـەت ئـەم دەسـتوەردانەش دەبنـە مایـەی مەترسـییەکی گـەورە بـۆ سـەر پرۆسـەی ئاشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناوینـدا.

بەپێـی ئـەو زانیارییانـەش لەبـەر دەسـتی حکومەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت کەوتـووە، وڵاتانـی ئەنـدام لـە کوتلـەی داگیرکاریـی سـەربازی (**CENTO**)ش کـە لەلایـەن گەلانـی عێراقــەوە ڕەتکراوەتــەوە، ڕێوشــوێنی دەســتوەردانی لــەو ڕووداوانــەدا گرتووەتەبــەر کــە لــە باکــووری عێراقــدا ڕوودەدەن، تەنانــەت گەیشــتووەتە ڕادەی جێبەجێکردنــی ڕێوشــوێنی ســەربازیش. بەپێــی لێدوانەکانــی نوێنەرانــی وڵاتانــی بەشــدار لــە کوتلــەی ســینتۆ کــە هێزەکانــی ئیمپریالیــزم نەغمەکەیــان دارِشــتووە، گفتوگۆیەکــی تایبــەت لــەم کوتلەیــەدا کــراوە ســەبارەت بــە پەرەپێدانــی سیاســەتی هاوبــەش لــە هەمبــەر بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد و هەڵوێســتی حکومەتــی عێــراق و ڕێوشــوێنی هاوبەشــیش لــە دژی کــورد گیراوەتەبــەر. ڕۆژنامەکانــی وڵاتانــی عەرەبــی، بــاس لــە ژمارەیــەک کۆبوونــەوەی نوێنەرانــی ســەربازیی عێــراق و تورکیــا و ئێــران دەکــەن کــە تێیانــدا بــاس لــە پلانەکانــی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی دژی گەلــی کــورد کــراوە، لەپێنــاو لەباربردنــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد و بەکارهێنانــی چەنــد دەوڵەتێکـی دراوسـێی عێراقیـش پێشـنیازکراوە بـۆ دژایەتـی کردنـی کـورد. بەپێـی هەمـان ئـەو ڕاپۆرتانـە، لـەو کۆبوونەوانـەدا ڕێککەوتنیـان کـردووە کـە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی هاوبـەش لـە دژی کـورددا ئەنجـام بدرێـت، بـە ئاشـکراش هێـزە چەکدارەکانـی سـووریا ڕاسـتەوخۆ بەشـداریی شـەڕەکانی دژی کوردیـان کـردووە.

دوور لــە ڕاســتی و دروســتیی وردەکاریــی زانیارییەکانــی ئــەو ڕاپۆرتانــەی ســەبارەت بــە ڕووداوەکانــی باکــووری عێــراق نــووسراون، دەرکەوتــووە کــە وڵاتانــی بیانیــش لــەم ڕووداوانــەدا تێــوەگلاون، هــەر ئەمەشــە بووەتــە مایــەی نیگەرانییەکــی قووڵــی ئــەو دەوڵەتانــەی لــە بەرپرســیارێتیی چارەنووســی جیهــان گەیشــتوون.

حکومەتــی ســۆڤیەت وایدەبینێــت ئــەو سیاســەتەی حکومەتــی عێــراق پێــڕەوی دەکات، دەروازەکان بــەڕووی هێزەکانــی ئیمپریالیزمــدا واڵادەکاتــەوە و بــۆ دەســتوەردان لــە کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی دوور و ناویــن، ئاکامــی خراپــی لێدەکەوێتــەوە.

هەمــوو ئەمانــە، ئــەو ڕووداوانەمــان بەبیردێننــەوە کــە پەیوەســت بــوون بــە ئامادەباشــییەکانی جێبەجێکردنــی دوژمنکاریــی ئیمپریالیزمــی ســێقۆڵی بــۆ ســەر میــسر لــە پایــزی ســاڵی ١٩٥٦.

ئــەو دەســتوەردانەی وڵاتانــی دەرەکــی لــەو ڕووداوانــەی لەســەر خاکــی عێراقــدا ڕوودەدەن، تەنیــا پەیوەســت نییــە بــە حکومەتــی عێــراق، پەلکێشــکردنی هێزەکانــی وڵاتانــی دیکــە  و تێوەگلانیــان بــە ڕووداوەکان و هێنانــی هێــزە دەرکییــەکان کــە پەیوەســتن بــە کوتلــە ســەربازی و سیاســییە دوژمنکارانــەکان و نزیککەوتنەوەیــان لــە ســنوورەکانی یەکێتیــی ســۆڤیەت، دەبێتــە مایــەی هەڕەشــە بــۆ ســەر ژمارەیــەک لــە وڵاتانــی خــاوەن ســەروەری، بــە یەکێتیــی سۆڤیەتیشــەوە.

بەلەبەرچاوگرتنــی ئــەم هەمــوو مەترســییانە، حکومەتــی یەکێتیــی ســۆڤیەت ناچــار بــوو ئــەم بەیاننامــە ئاگادارکردنــەوە ئامێــزە دەربــکات و بــە دڵســۆزییەوە ئومێــدەوارە حکومەتــی عێــراق درێــژە بــە دەســتوەردانی وڵاتانــی دەرەکــی نــەدات بــە بیانــووی ئــەو ڕووداوانــەی لــە باکــووری عێراقــدا لەئــارادان و داواکاریــن ســنوورێک بــۆ ئــەم دەســتوەردانە دابنێــت.

حکومەتــی ســۆڤیەت ئــەم دەرفەتــە بــە هەلدەزانێــت کــە ڕایبگەیەنێــت، بــە ئارەزوومەندانــەی حکومەتــی عێــراق، ئێمــە بــەردەوام دەبیــن لەســەر پێڕەوکردنــی سیاســەتی پتەوکردنــی پێوەندییەکانمــان لەگــەڵ کۆمــاری عێراقــدا.

لــە هەمــان ڕۆژیشــدا أ.أ. گرۆمیکــۆ، پێشــوازیی لــە هەریــەک لــە بەڕێــزان تەهمــۆراس ئادامیــات، باڵیــوزی ئێــران و فەخــری کوروتیــوک، باڵیــۆزی تورکیــا و جــەودەت ئەتاســی، باڵیــۆزی ســووریا کــرد و بەیاننامــەی هاوشــێوەی حکومەتــی ســۆڤیەتیانی پێشــکەش کــردن ســەبارەت بــە هەمــان پــرس و ئەمــەی خــوارەوە دەقــی بەیاننامەکــەی حکومەتــی ســۆڤیەتە بــۆ حکومەتــی ئێــران.

## دەقی بەیاننامەکەی حکومەتی سۆڤیەت بۆ حکومەتی ئێران:

حکومەتی سۆڤیەت بەپێویستی دەزانێت ئەمەی خوارەوە بۆ حکومەتی شاهەنشا لە ئێران ڕوونبکاتەوە. لە ئێستادا، لە بەشی باکووری عێراق، دەسەڵاتدارانی عێراق کوشتارێکی خوێناویی لە دژی گەلی کورد بەرپاکردووە کە چواریەکی کۆی دانیشتوانی هەموو عێراق پێکدەهێنن. ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکان دەرهەق شار و شارۆچکە و گوندەکانی کورد ئەنجام دەدات. بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەش بە بەکارهێنانی فڕۆکە و تانک و تۆپ کۆمەڵکوژیی دژی هاووڵاتیانی سڤیلی ناوچەکە ئەنجام دەدات و ژن و منداڵ و بەساڵاچووان دەکوژرێن، ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەکەش خاپوور و وێران کراوە و دانیشتوانەکانیشیان دەربەدەر و بێلانە کراون، کۆمەڵکوژییەکی ڕاستەقینەی دەرهەق تەواوی گەلێکە، هەموو ئەم ڕووداوانەش لەبەرئەوەیە کە کورد داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و خواستیان مافێکە کە هاوشانی مافی گەلانی دیکەی عێراق بن. بێگومان حکومەتی ئێران درکی بە هەقیقەتی ئەو کوشتارە دڕندانەیەی کورد کردووە کە لە نزیک سنوورەکانی ئێران و یەکێتیی سۆڤیەتدا ڕوودەدەن. ڕووداوە کارەساتبارەکانی دژی کورد لە عێراقدا بەردەوامە و بەڕاستی بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و بوونەتە مایەی نیگەرانی و تووڕەکردنی گەلانی جیهان. ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤە، جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆمەڵکوژیش، واتە سیاسەتی کۆمەڵکوژیی گەلان لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی یان نەتەوەیی یاخود ئاینی، لەلایەن سەرجەم مرۆڤایەتییەوە ڕەتدەکرێتەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتیی لەقەڵەمداوە. حکومەتی سۆڤیەت و ئێرانیش ڕێککەوتننامەی تاوانی کۆمەڵکوژییان ئیمزاکردووە، حکومەتی سۆڤیەت زانیاریی هەیە کە چەند دەوڵەتێک، بە ئێرانیشەوە دەستوەردانیان لەو ڕووداوانەی عێراقدا کردووە، ئەوانەی لە باکووری عێراقدا دەگوزەرێن، گەیشتووەتە ڕادەی جێبەجێکردنی ڕێکارە سەربازییەکان. بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەکان کە لە ڕۆژنامەکاندا لەلایەن نوێنەرانی سینتۆی داگیرکاریی سەربازی بڵاوکراوەنەتەوە، هێزە ئیمپریالیستەکان پلانیان بۆ داڕشتووە، گفتوگۆیەکی

تایبـەت لـە کوتلـەی سـینتۆ کـراوە و دەربـارەی پرسـی پەرەپێدانـی سیاسـەتی هاوبەشـی دژی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی گەلـــی کـــورد، هەڵوێســـتی کوردیشـــمان لەبەرچـــاو گرتـووە کـە سـەبارەت بـە ڕێـکارە هاوبەشـەکانی دژی کـورد خراونەتـەڕوو. ڕۆژنامـەکان بـاس لـەوەش دەکـەن کـە چەندیـن کۆبوونـەوەی نوێنەرانـی سـەربازیی عێـراق و تورکیـا و ئێـران کـراون وتێیانـدا بـاس لـە پلانـە سـەربازییەکانی دژی کـوردی عێـراق کـراوە بەمەبەسـتی لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، هەروەهـا پێشـنیازکراوە چەنـد وڵاتێکـی دراوسـێی عێراقیـش ڕاسـتەوخۆ هێزەکانیـان بەکاربهێنـن. هـــەر ئـــەو ڕاپۆرتانـــە ئـــەوەش ڕوون دەکەنـــەوە کـــە ئـــەم وڵاتانـــە ڕێککەوتـــوون ئۆپەراســـیۆنی ســـەربازیی هاوبـــەش دژی کـــورد ئەنجـــام بـــدەن، ئاشکراشـــە هێـــزە چەکدارەکانـــی ســـووریا ڕاســـتەوخۆ لـــە شـــەڕەکانی دژی کـــوردی عێراقـــدا بەشـــدارییان کـــردووە. وردەکاریـــی ڕاپۆرتـــەکان هەرچییـــەک بـــن، ئـــەوە دووپـــات دەکەنـــەوە کـــە چەنـد وڵاتێـک لـەم ڕووداوانـەدا تێـوەگلاون. ئەمـەش بەدیاریکـراوی، دەبێتـە مایـەی نیگەرانیـی ئـەو حکومەتانـەی هەسـت بـە بەرپرسـیارێتیی چارەنووسـی جیهـان دەکـەن. سیاســەتی حکومەتــە بەشــداربووەکانی کوتلــەی ســینتۆ ئاکامــی خراپــی دەبێــت.

هەمــوو ئەمانــە، ئــەو ڕووداوانەمــان بەبیردێنێتــەوە کــە پەیوەســت بــوون بــە ئامادەباشییەکانی جێبەجێکردنـی دوژمنکاریـی ئیمپریالیزمـی سـێقۆڵی بـۆ سـەر میسر لـە پایـزی ساڵی ١٩٥٦. لەڕاسـتیدا چەنـد جارێـک حکومەتـی ئێران باسـی گرنگیـی ڕەچاوکردنی پرەنسـیپی دوورکەوتنـەوە لـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی دەوڵەتەکانـی دیکـە کــردووە. ئەمــە ڕاســتە، ئــەم پرەنســیپە کۆڵەکەیەکــی ســەرەکیی سیاســەتی دەرەوەی یەکێتیــی ســۆڤیەتە، بــەڵام پرســیارەکە ئەوەیــە: چــۆن ئــەم دوو هەڵوێســتە جیــاوازەی حکومەتــی ئێــران بەیەکــەوە کۆبکەینــەوە، لێدوانەکانــی پێشــەوەی حکومەتــی ئێــران و هەقیقەتـی خـودی دەسـەڵاتدارانی ئێـران کـە هاوشـانی وڵاتانـی ئەنـدام لـە سـینتۆ، هەوڵــی دەســتوەردان دەدات لــە کاروبــاری وڵاتانــی دراوســێ؟

ئــەم هەڵوێســتەی یەکێتیــی ســۆڤیەت لــەوەوە ســەرچاوە دەگرێــت کــە هیــچ کــەس و لایەنێـک بـۆی نییـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق بـکات. پێویسـتە حکومەتـی ئێرانیـش لەمـەدا هاوڕامـان بـن، جـا ئەگـەر پرسـەکە بـەم شـێوەیە بێـت،

چـۆن دەتوانیـن ئـەو ڕاسـتیانە هەڵبسـەنگێنین کـە لـە ڕاپۆرتەکانـدا هاتـووە و بـاس لـە دەسـتوەردانی وڵاتانـی دەرەکـی دەکـەن لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق و بەشـداریکردن لـەو شـەڕەی سـوپای عێـراق دژی کـورد بەرپـای کـردووە؟. لـە کۆتاییـدا، هـەر وڵاتێـک یاخـود کۆمەڵـە وڵاتێـک لەژێـر هـەر پاسـاوێکدا ڕێگـەی دەسـتوەردانی چەکدارانـە لـە کاروبـاری وڵاتانـی دیکـە بـکات، بـەم کارەی بـە ئاشـکرا پرەنسـیپەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان پێشـێل دەکات، ئینجـا بـواری هەماهەنگیـی نێـوان وڵاتـان بەشـێوەیەکی مەترسـیدار بەرتەسـک دەکاتـەوە، بەتایبەتیـش ئەوانـەی هاوسـنوورن. لـەم حاڵەتەشـدا دووبەرەکـی و شـەڕی نێوخـۆ و ململانێـکان جێگـەی دراوسـێیەتیی بـاش دەگرێتـەوە کـە لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتنـی هاوبـەش دامەزرابێـت. حکومەتـی سـۆڤیەت، پەرەسـەندنی ڕووداوەکان لـــە ناوچـــە ســـنوورییەکانی باشـــووری یەکێتیـــی ســـۆڤیەت بەهەنـــد وەردەگرێـت و بـە ڕەچاوکردنـی بەرژەوەندییەکانـی پاراسـتنی ئاشـتی، بۆیـە حکومەتـی سـۆڤیەت بڕیـاری دا ئـەم ڕوونکردنەوانـە بداتـە حکومەتـی شاهەنشـایی ئێـران و ئـاگاداری بکاتـەوە. بـە هیـوای ئـەوەی حکومەتەکـەی شاهەنشـاش ئاگادارکردنـەوەکان لـە دیاریکردنـی ئـەو سیاسـەتەی پەیوەسـتە بـە ڕووداوەکانـی عێـراق، لەبەرچـاو بگرێـت. هەروەهـا حکومەتـی سـۆڤیەت دەیـەوێ ئـەم دەرفەتـە بقۆزێتـەوە و ڕایبگەیەنێـت کـە ئێمـە مکوڕیـن لەسـەر باشـترکردنی پێوەندییەکانمـان لەگـەڵ ئێـران و هیواخـوازە پەرەپێدانـی ئاشـتیانە و خۆشـگوزەرانی بـۆ گـەل و حکومەتـی ئێـران بێتـەدی لەسـایەی بارودۆخـی پێوەندییـە پتەوەکانـی لەگـەڵ یەکێتیـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی دیکـەی جیهـان. هەروەهـا حکومەتـی سـۆڤیەت ئومێـدەوارە ئـەو ڕێکارانـەی بـەم دواییـە لەلایـەن هـەردوو وڵاتـی سـۆڤیەت و ئێرانـەوە گیراونەتەبـەر و پلانـی ئایندەیـی بـۆ داڕێـژراوە، سـوودبەخش بێـت بـۆ هـەردوو وڵات.

لێدوانەکانـی حکومەتـی سـۆڤیەت بـۆ هـەردوو کۆمارەکـەی تورکیـا و سـووریای عەرەبـی هاوشـێوەی ئـەو بەیاننامەیەیـە کـە پێشکەشـی حکومەتـی ئێرانـی کـردووە. **(TACC)**.

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٦٣/٧/١٠**

**داکۆکی کردن لە کوردی عێراق**

**جنێف، ٨ی تەمووز، پەیامنێر. ڕاپۆرتی تاس جی دراگۆنۆف:** ئەمڕۆ س.أ. بۆریسۆف سەرۆکی شاندی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیسییەکانی سۆڤیەت لە دانشتنی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC) نامەیەکی بۆ أ. باتینۆی نوێنەری دانیشتنەکە ناردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە داوە: یەکێتیی سۆڤیەت لەژێر ڕۆشنایی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٦ سەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی، بەپێی گرنگیی پرسەکە، ئەو کێشە گرنگ و خێرایە دەخاتەڕوو کە برگەیەک بخاتە نێو خشتەی کارەکانییەوە «سەبارەت بەو سیاسەتە کۆمەڵکوژییەی کە حکومەتی عێراق دژی گەلی کوردی عێراق پێڕەوی دەکات» هاوکات لەگەڵ ئەم نامەیەدا، یاداشتنامەیەک لە شاندی حکومەتی سۆڤیەت دەربارەی هەمان پرسی گەیاندووەتە ئەمینداریێتیی دانیشتنەکە (باتینۆ) هەروەها پرۆژە یاسایەکیش بۆ یاداشتنامەکە هاوپێچ کراوە و تێیدا بە توندی ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق شەرمەزار دەکات کە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێلکردووە و جاڕنامەکە حکومەتی عێراق هاندەدات «دەستبەجێ ئاگربەست ڕابگەیەنێت و سەرجەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی کورد ڕابگرێت».

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٦٣/٧/١١**

**سەربازانی عێراق شەڕیان ناوێت**

**جنێف، ٩ی تەمووز. (تاس).** بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە عێراقییەکان گەیشتوون، ملکەچنەکردنی سەربازانی عێراق بۆ فەرماندەکانیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی لە کوردستان ئەنجام دەدرێن، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە و پشێوییەکی زۆر لە ڕیزەکانی سوپای عێراق و ژمارەیەکی زۆری سەربازانی عێراق ڕیزەکانی سوپاکەیان جێدەهێڵن و فیرار دەکەن و ئامادە نین بەشداری لە هەڵمەتی کێوماڵکردنی گوندەکانی کوردستان بکەن، هێندێکیشیان پێوەندییان بە مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە کردووە، بۆنموونە لەکاتی پرۆسەی داگیرکردنی ناوچەیەک لە باکووری کۆیە، یەکەیەکی تەواوی سەربازانی سوپای

عێراق دژی فەرمانی هێرشەکە وەستاونەتەوە و هێرشەکەیان ئەنجام نەداوە، ڕێپێدراوە بەعسییەکانی نێو سوپای عێراقیش کە ئەرکیان پاراستنی دۆخی ئەمنیی ڕیزەکانی پێشەوەی سوپاکە بوو، نەیانتوانی بڕوا بە سەربازانی ئەو یەکەیە بێنن، بۆیە دواتر بە زەبری هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، هێزێکی پیادە لە خەندەقەکانەوە سەرخرانە سەرەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە، بەڵام سەربازان، هەموو ئەفسەرانی یەکەکەیان چەک کرد و بەخۆیان و چەک و تەقەمەنییەکانیانەوە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد. بەپێی زانیارییەکانی هەمان سەرچاوە، ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەم ڕووداوەی کۆیە، لە یەکەیەکی بەرەی باکووردا ڕوویداوە: کاتێک سەربازەکان لە فەرمانی ئەفسەرێکی بەعسییان یاخی دەبن و فەرمانی گوللەباران کردنی کۆمەڵێک بەدیلگیراوی کورد ڕەتدەکەنەوە و لەبری ئەوەی دیلەکان گوللەباران بکەن، لوولەی تفەنگەکانیان وەرگێڕاوە و ئەفسەرەکەیان داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە، پاشان پێوەندیان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە و چوونەتە نێو ئەو هێزانەوە.

**«پراڤد» ١٩٦٣/٧/١١**

**پیلانگێڕییەکی مەترسیدار**

مانگێک دەبێت، دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق شەڕێکی کۆمەڵکوژییان دەرهەق کورد بەرپاکردووە. دەیان گوندی ئاوەدانیان تەختی زەوی کردووە، هاووڵاتیانی سڤیل بە ڕەمەکی بۆردومان دەکرێن و بۆمبی ناپاڵم هەموو زیندەوەرێک لەناو دەبات. عەمماش، وەزیری بەرگریی عێراق دەڵێت: «من ئەمە بە شەڕ دانانێم، ئەمە تەنیا سەیرانێکە ...» جیهان «سەیرانی» باندەکانی هیتلەریان لەبیرە لۆژیکی ڕووداوەکانیش «سەیران»ەکەی کوردستانیان بۆ شەڕێکی کۆمەڵکوژی گۆڕی کە بەشێوازێکی فاشییانە جێبەجێکرا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تاوانکارییەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا بە توندی ئیدانە و شەرمەزار دەکەن.

بانگەوازەکەی کۆماری مەنگۆلیای میللی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و داواکردنی پرسی سیاسەتی کۆمەڵکوژیی حکومەتی عێراق دژی کورد کە بخرێتە نێو خشتەی کارەکانی خولی هەژدەی کۆمەڵەی گشتی، بانگەواز و داواکارییەکی دادپەروەرانە و لەکاتی خۆیدا بوو.

حکومەتـی سـۆڤیەت نامەیەکـی بـۆ ئەنجوومەنـی ئاسـایش نـاردووە و تێیـدا ئەندامانـی ئەنجوومەن ئاگاداردەکاتەوە سـەبارەت بەو دۆخە مەترسـیدارەی لە کوردسـتان دەگوزەرێت.

نەتــەوە یەکگرتــووەکان، ناتوانێــت تــا ســەر بێدەنــگ بێــت لــەو پێشــێلکارییانەی دەرهــەق جاڕنامــەی جیهانیـی مافەکانـی مـرۆڤ و پرەنسـیپەکانی ئـەو ڕێکخراوانـە ئەنجـام دەدرێـن. کاتێکیـش دەبینرێـت وا خەریکـە گەلێـک بـە تـەواوی لەناودەبرێـت. لـە کۆتاییـدا ئەمـە هەقیقەتـی ڕق و کینەیانـە بـۆ کـورد، سـەرکردە ڕەگەزپەرسـتەکانیان بـاوەڕ بـە بوونی کـورد ناکـەن وەک گەلێکـی سـەربەخۆ، ڕادیـۆی بەغـدا بڵاویکردووەتـەوە کـە کـورد لـە «سـەگی باکـوور» بـەولاوە شـتێکی دیکـە نیـن و شـەو و ڕۆژ بانگەشـە بـۆ لەناوبردنیـان دەکات. ئەمـەش پرسـێکە بـە هیـچ جۆرێـک ناکـرێ چاوپۆشـیی لێبکرێـت، ناکـرێ و نابێـت بڵێیــن گەلــی «ســەرەکی» و گەلــی «لاوەکــی» هــەن هــەروەک دەســەڵاتدارانی عێــراق، کوردیــان پــێ نــاوزەد دەکات. بێبەشــکردنی کــوردی عێــراق لــە مافــە بنەڕەتییەکانیــان، مانـای گومانکـردن دەگەیەنێـت لـە «مافـە یاسـاییەکانی هاووڵاتیانـی ئەفریقیـا، بۆنموونـە لـە کۆمـاری ئەفریقیـای باشـوور، داننـان بـە جیـاکاری لەسـەر بنچینەکانـی ڕەگەزپەرسـتی و نەتەوەییـە، واتـە گەمەکـە بەدەسـت داگیـرکار و ئیمپریالیزمەکانەوەیـە».

دەســەڵاتدارانی عێــراق ڕایدەگەیەنــن، ئــەو جەنگــە کۆمەڵکوژییــەی دژی کــورد دەسـتیانداوەتێ، پرسـێکی ناوخۆیـی دەوڵەتـی عێراقـە، ئەمـەش هەوڵێکە بۆ چەواشـەکردنی ڕای گشـتی. بەیاننامەکـەی حکومەتـی سـۆڤیەت بـۆ حکومەتـی عێـراق کـە دوێنـێ لـە ڕۆژنامــەی پراڤــدا بڵاوکراوەتــەوە، هەروەهــا ئــەو بەیاننامانــەی بــۆ حکومەتەکانــی ئێــران و تورکیــا و ســووریای نــاردووە، ڕاســتیی حاشــاهەڵنەگری ئەوتۆیــان تێدایــە کــە نکۆڵــی ناکرێـن و یـەک و دوو هەڵناگـرن کـە دەسـتوەردانی وڵاتانـی بەشـدار لـە کوتلـەی سـینتۆی سـەربازی لـە ڕووداوەکانـی باکـووری عێراقـدا هەیـە.

قۆرخکردنـــی دەســـەڵات لـــە عێـــراق، لەلایـــەن بەعســـییەکانەوە، دەروازەکانـــی خسـتووەتە سـەر پشـت بـۆ هێـزە ئیمپریالیسـتەکان و ئاشکراشـە کـە بەغـدا پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی قۆرخکارانـی نەوتـی ئەمەریـکا و ئینگلتـەرا و فەڕەنسـای ڕاگەیانـدووە، ناشــبێت ئــەوە لەبیــر بکرێــت کــە ســەرچاوەکانی نــەوت دەکەونــە نێــو خاکــی کوردسـتانی عێراقـەوە و هیـچ دەرفەتێـک بـۆ کـورد نەڕەخسـاوە ئەگـەر بەشـێکیش بێـت

لـەو سـامانە بـۆ پەرەپێـدان و پێداویسـتییەکانی هاووڵاتیـان بەکاربهێنرێـت، ڕێـک وەکـو برایانــی عەرەبیــان کراونەتــە ئامــرازی قۆرخکاریــی وەحشــیانە و لەلایــەن قۆرخکارانــی نەوتـــەوە ئیســـتغلال دەکرێـــن. بـــەڵام بەنیســـبەت هاووڵاتیانـــی کـــوردەوە، بەهـــۆی ئـــەوەی دەســـەڵاتدارانی عێـــراق کـــە بەهـــۆی قازانجەکانـــی نـــەوت هەڵدەلەرزیـــن، پرسـەکە ئاڵۆزتـرە، بـە ئاگـر و ئاسـن هەمـوو هەوڵێکـی کـورد بـۆ بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییـەکان، نـووری سـەعید بـەم شـێوەیە مامەڵـەی کـردووە، هەروەهـا قاسـمیش هەمـان ڕەفتـاری لەتـەک کـورددا کـردووە کـە دواتـر بـووە هۆکارێکـی سـەرەکیی ڕووخاندنــی ڕژێمەکــەی.

حکومەتـی نوێـی عێـراق، وای نیشـان دەدا کـە ئامادەیـە گفتوگـۆ لەگـەڵ کورددا بـکات و کێشـەکانیان چارەسـەر بـکات، بـەڵام ئەمـە تەنیـا زارەکـی و مانـۆڕی پشـت پـەردەکان بـوو و ژێراوژێـر هەڵمەتێکـی شـۆڤێنیی دژی شـیوعییەکانی عێـراق بەرپاکـرد، پیلانێکـی هاوبەشـی حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی ئیمپریالیزمـن کـە بـە ئـاوازی کوتلەی سـەربازیی دوژمنکارانـەی سـینتۆ هەڵدەپەڕیـن، هەوڵـی لاوازکردنـی سـەربەخۆیی عێـراق دەدا.

ڕۆژنامـەکان ڕایانگەیاندبـوو کـە ئەنجوومەنـی سـینتۆ لـە کەراچـی لـە کۆتایـی نیسـاندا کۆببوونـەوە، باسـی بارودۆخـی عێـراق کرابـوو، بەتایبەتیـش شـەڕی دژە کـورد. وەزیـری دەرەوەی تورکیـاش کـە تـازە لـە کەراچـی گەڕابـووەوە، ئەمـەی دووپاتکـردەوە، ئینگلتـەرا و ئەمەریـکا ئـەم سەرکێشـییە نوێیەیـان پیرۆزکـرد و بـە پێشکەشـکردنی هاوکاریـی چـەک و تەقەمەنـی بـۆ عێـراق، هەوڵـی درێژەدانـی ئـەم شـەڕەیان دەدا، تورکیـاش ڕاسـتەوخۆ هاوکاریـی سـەربازیی سـوپای عێراقـی دەکـرد.

لـە ڕاپۆرتـە بیانییەکانیشـدا جەخـت لەسـەر ئـەوە کراوەتـەوە کـە لـە ناوەڕاسـتی مانگـی تەمـووزەوە چەندیـن گـەڕی گفتوگـۆی نهێنـی لەنێـوان نوێنەرانـی تورکیـا و ئێران و سـووریا بەڕێوەچـووە و لـە گفتوگۆکانـدا بـاس لـە ڕێککەوتـن کراوەتـەوە کـە کاری هاوبـەش بکرێت بـۆ لەباربردنـی پێوەندیـی نێـوان هـۆزە کـوردەکان و قەدەغەکردنـی چالاکیـی ڕێکخـراوە کوردییـەکان، هـەر کوردێکیـش هەوڵـی پەڕینـەوە بـدات لـە سـنووری نێـوان ئـەم وڵاتانـە، دەسـتگیر بکرێـت، ئەمـە و چەندیـن برگـەی تـر لەنێـو ڕێککەوتنـە نهێنییەکـە.

شـــەڕی کۆمەڵکوژیـــی کـــورد بـــە هەوڵـــی هاوبەشـــی وڵاتانـــی ســـینتۆ و عێـــراق و

سووریا بەڕێوەدەچێت. لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن، ئەگەر فڕۆکەکانی سوپای عێراق سنوورەکانی تورکیایان بڕی و بۆ لێدانی شۆڕگێڕانی کورد هاتنە نێو سنووری خاکی تورکیا، بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی تورکیا و سنووربەزاندن هەژمار نەکرێت و ڕێگە لە فڕۆکەکان نەگیرێت. ڕاپۆرتەکان ئەوەشیان دووپات کردووەتەوە کە حکومەتی تورکیا ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لەسەر سنووری عێراق بڵاوکردووەتەوە و سنووریان لەگەڵ عێراق داخستووە، لەمبارەیەوە ئێرانیش هەمان هەنگاوی تورکیای ناوە.

ڕۆژنامە ئەمەریکی و عەرەبییەکانیش بڵاویان کردووەتەوە کە سووریا فڕۆکەی بە فڕۆکەنەوە بەخشیوەتە سوپای عێراق بۆ بەشداریکردن لە بۆردومان کردنی هاووڵاتیانی کورد لە گوندەکانی کوردستان و چەک و تەقەمەنیی پێویستیشی بۆ ئەم مەبەستە دابین کردووە. کەتیبەیەکی هێزەکانی سوپای سووریا گەیشتووەتە مووسڵ بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی هێزە چەکدارەکانی کورد.

هەر بە مەبەستی بەردەوامبوونی ئەم ئۆپەراسیۆنانە، سەرکردەکانی بەعس پشتیوانییەکی فراوانیان لە ئیمپریالیزمی بەریتانیا پێگەیشتووە. عێراق گرێبەستێکی گەورەی لەگەڵ ئینگلتەرا ئیمزاکردووە بۆ کڕینی فڕۆکە و ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکانی گواستنەوەی سەربازان، فڕۆکەنەکانی عێراقیشی ڕەوانەی ئینگلتەرا کرد بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان لەسەر ئەم فڕۆکە نوێیانە. ڕۆژنامەی (النهار)ی بەیرووتی ڕایگەیاندووە کە «لە دەستدانی کەناڵی سوێس بۆ ئینگلتەرا خەسارەتێکی گەورە بوو، بۆیە ئێستا لەگەڵ ئاساییکردنەوەی دۆخی نەوتی عێراق و کوێت و بۆڕییەکانی گواستنەوەی نەوت لە سووریادا نییە و ئامادەیە کەناڵێکی سوێسی نوێ دووبارە بکاتەوە».

ئەمەریکاش بە بەردەوامی هاوکاریی سەربازیی حکومەتی عێراق دەکات و کێبڕکێی قۆرخکاریی نەوتی ئەمەریکا و بەریتانیا دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نایەوێ دان بەوەدا بنێت کە «عێراق ناوچەی باڵادەستیی بەریتانیایە» و ئاوا بەئاسانی دەستی لێنابێتەوە و خزمەتکارانی ئیمپریالیزمی بەعسییەکان لەژێر سایەی ئەواندا پارێزراو بن، بۆیە باڵیۆزی ئەمەریکا بە پەلە خۆی گەیاندە بەغدا، نوێنەرانی فەرمیی بەغداش کە دەیانەوێ ئەو گەمە خراپە پەردەپۆش بکەن، هەروەکو خۆیان دەڵێن: چەکی ئەمەریکا ڕەتدەکەنەوە ئەگەر بەبێ هیچ مەرجێک دابین بکرێت.

وەزیـرە عێراقییەکـەش باس لـەو «مەرجانە» دەکات و لە ٢٨ی حوزەیرانـدا یەکەمین کاروانی کەرەسـتەی سـەربازی و چـەک و تەقەمەنیـی ئەمەریـکا گەیشـتە بەسـڕە کـە نزیکـەی ٤٠٠ تـۆن بـوو. بـاس لـەوەش دەکرێـت کـە ئەمەریـکا و حکومەتی عێـراق، لە ئێسـتادا سـەرقاڵی دانوسـتانن بـۆ کڕینـی کۆپتـەری ئەمەریکی کە لە بـواری سـەربازیدا بەکاردەهێنرێن. هەموو ئەمانـە ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ ڕوون دەکەنـەوە کـە دەسـتوەردانێکی ڕاسـتەوخۆی ئیمپریالیزم لـە ڕووداوەکانـی باکووری عێراقـدا بوونـی هەیـە و کوتلـەی سـینتۆش هەوڵەکانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا چڕکردووەتـەوە. هێزەکانـی ئیمپریالـزم لـە هەوڵـدان شـەڕی دژی کـورد بکەنـە بنچینـەی پاسـاوی دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکـی ئیمپریالیزمیی نـوێ کە نەک هەر عێـراق و سـووریا، بەڵکـو بەبـێ بەشـداربوونی ئەندامانـی سـینتۆش بێـت. ئـەوان دەیانەوێ تۆڵـەی شکسـتی ئیمپریالیـزم بکەنـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی عەرەبـی لەژێـر گوشـاری خەباتکردن لەپێنـاو ڕزگاریـی نیشـتمانی، بەتایبەتیـش بـۆ پاشەکشـەکردن لـە پەیماننامـەی بەغدا.

لـە دەرەوەشـدا چەنـد ڕاپۆرتێـک بـاس لـەوە دەکـەن کـە دارودەسـتەی فەرمانڕەواکانـی بەغـدا، (شـبیب) وەزیـری دەرەوەی عێراقـی ڕاسـپاردووە، دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتەکانـی ئەنـدام لـە سـینتۆدا بـکات لەبـارەی بـە ئەندامبوونـی عێـراق لـەو ڕێکخـراوەدا «ئەگـەر بـە ئەندامـی ناتەواویـش بێـت». ئێمـە بـە دیاریکـراوی بـاس لـە ئەندامبوونـی عێـراق دەکەیـن لـەو ڕێکخـراوەی ناونـراوە «لێژنـەی دژە چالاکییـە تێکدەرانـەکان». ئەمـە پیلانێکـە لەگـەڵ ئیمپریالیـزم لـە پشـت ئـەو گەلـەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی قارەمانانەیـان لـە دژی باڵادەسـتیی قۆرخکارانـی نـەوت و بەشـداربوونی عێراقـە لـە کوتلـە دوژمنکارییەکانـدا و بەبـێ ئاگاداریـی گەلانـی عێـراق ئەنجـام دەدرێـت.

ئاخـۆ ئێسـتا سیاسـەتی «یەکێتیـی عەرەبـی» کـە بەعسـییەکان پێـڕەوی دەکـەن، چـۆن بێـت کـە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان لـە میدیاکانـدا دەخرێتـەڕوو، هەروەهـا یەکخسـتنی عێـراق و سـووریا و میسر لـە دەوڵەتێکـی نوێـدا دەبـێ چـۆن بێـت؟ بەڕوونـی دیـارە کـە بەعسـییەکان دانوسـتانیان فەرزکردووەتـە سـەر ئـەم یەکێتییـە و هـەوڵ دەدەن هەڵوێسـتە لەرزۆکەکـەی خۆیـان لـە نـاوەوەی عێـراق لەگـەڵ دەسـەڵاتی وڵاتانـی دیکـەدا پتـەو بکـەن. لـە هەمـان کاتیشـدا سیاسـەتی هاوپەیمانـی لەگـەڵ ئیمپریالیزمـدا پێـڕەو دەکـەن کـە هاوپەیمانییەکـی ئاراسـتەکراوە دژی بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عـەرەب.

سەرکردایەتیی بەعس لەو بڕوایەدایە کە هەلێکی گەورەی لە ئوردن بۆڕەخساوە کە خۆی لەخۆیدا ئاکارێکی سەرکردەکانی بەغدایە و شتەکە بە ڕێککەوت نەبووە کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نوێنەری حکومەتی سۆڤیەت داوابکات پرسی گرتنەبەری ڕێکاری جیدی لەهەمبەر ئەو شەڕە کۆمەڵکوژییە وەربگیرێت کە حکومەتی عێراق دژی کوردی عێراق بەرپایکردووە. نوێنەری ئوردن کە دەمێک بوو ئیمپریالیزمی بەریتانی حوکمی دەکردن، داکۆکی لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق بکات، پاشانیش نوێنەرانی هەریەک لە ئەمەریکا و ئینگلتەرە لەگەڵ ئوردندا هاوهەڵوێست بن. ئەو سیاسەتە ملکەچبوونەی سەرکردەکانی بەعس لە هەمبەر ئیمپریالیزم پێڕەوی دەکەن کە شەڕی کۆمەڵکوژییان دەرهەق بە کورد بەرپاکردبوو، بە ڕوونی لەگەڵ بەرژەوەندییە ژیارییەکانی گەلانی عەرەبیدا ناکۆکە.

لەمبارەیەوە، ئاماژەکردن بەو دیمانەیەی سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، عەبدولناسر بەپێویست دەزانرێت کە لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی لۆمۆندی فڕەنسایی ئەنجامی دابوو و دووپاتی کردبووەوە، «حکومەتی عێراق دانی بە بوونی نەتەوەی کورد ناوە» و «پێویستە هەموو ڕێکارێکی ئاشتیخوازانە لەبەرچاو بگیرێ پێش ئەوەی دەست بۆ بژاردەی چەک ببرێت».

جارێکی تر گەلانی عێراق کەوتوونەتە گێژاوێکی دیکەوە، بەڵام هەرگیز بەرگەی زیندووکردنەوەی سیاسەتی پشتیوانیکردنی ئیمپریالیزم ناگرن، لەلایەن دارودەستەکانی حکومەتی عێراق. دەمێک نییە حازم جەواد وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی عێراق، ڕایگەیاندووە: «چەند سەدەیەکە بارودۆخی عێراق، هێندەی ئێستا سەقامگیر نەبووە». ئەم «سەقامگیرییە»ش تەنیا لە خەیاڵ و بیردانی دەسەڵاتدارانی عێراقدا بوونی هەیە، ئەو ڕژێمەی لەسەر تیرۆر و کوشتار بنیاتنرابێت، بەردەوام نابێت. بە شمشێر دەتوانی هەموو شتێک بکەیت، بەڵام ناتوانیت لەسەری دابنیشی.

لە بەیاننامەکەی حکومەتی سۆڤیەتدا هاتووە: «حکومەتی سۆڤیەت وایدەبینێ پێویستە زۆر بە توندی جەخت لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێراق بکەین کە ڕێگە بۆ هێزەکانی ئیمپریالیزم خۆش دەکات، دەستوەردان لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین بکات و ئەکامی زۆر خراپی لێبکەوێتەوە».

چالاککردنـی هێـزە ئیمپریالیزمـەکان و کوتلەی سـینتۆی دوژمنـکاری ڕابەرایەتیی دەکات، هەڕەشـەیەکی ڕاسـتەوخۆیە بۆ تەواوی گەلانی عێراق، سـووریا، کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین. ئاخۆ شـەڕانگێزیی ئینگلیزی فەڕەنسـی ئیسرائیلی لەسەر میـسر لەبیرکـراوە، یاخـود هەڕەشـەی شـەڕانگێزیی لەسـەر سـووریا لـە سـاڵی ١٩٥٧،  یـان دەسـتوەردانی ئەمەریـکا بـۆ لوبنـان و دەسـتوەردانی بەریتانیـا لـە کاروباری نێوخـۆی ئوردن لـە ١٩٥٨؟ ڕەفتـاری هێزەکانـی ئیمپریالیزم لـە هەموو جارێکدا جیهان بـەرەو جەنگێکی نوێ دەبـات و پێویسـت بـوو ڕێـکاری توندوتۆڵ لەلایەن سـەرجەم ئـەو دەوڵەتانەی ئاشـتیخوازن بگیرێتەبـەر بـۆ بەرپابوونـی هـەر کارەسـاتێک. لـە ئێستاشـدا ڕووداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن جارێکـی دیکـە ئاراسـتەیەکی مەترسـیداری گرتووەتەبـەر و ناکرێ یەکێتیی سـۆڤیەت بێباکانـە گـوێ بـەو ڕووداوانـە نـەدات کـە ناوچەکانـی نزیـک سـنووری باشـووری وڵاتەکەی ڕوودەدەن. بـەردەوام بوونـی دەسـتوەردانی وڵاتانـی دەرەکـی لـە ڕووداوەکانـی کوردسـتان، وەهـا دەخوازێـت کـە ڕێـکاری پێویسـت بگرنەبـەر بۆ پاراسـتنی سـنووری وڵاتیان.

**فیکتۆر مایفسکی پەیامنێری پراڤدا.**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/١١**

**دەستوەردانی دەرەکی ڕاگرن**

**نیویـۆرک، ١٠ی تەمـووز. (تـاس).** دوێنـێ ن.ت. فیدۆرینکـۆ نوێنـەری هەمیشـەیی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتەکانی سـۆڤیەت نامەیەکـی بـۆ ئەحمـەد تیبـی بنهیمـە، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی ئاسـایش، نوێنـەری هەمیشـەیی مەغریـب لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان نـاردووە و لـە نامەکـەدا هاتـووە: بەڕێـز سـەرۆک، شـەرەفمەندم بـە نوێنەرایەتیـی حکومەتـی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتەکانی سـۆڤیەت، سـەرنجی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی ئاسـایش بـۆ ئـەو ڕەوشـە مەترسـیدارە ڕابکێشـم کـە پەیوەسـتە بـەو ڕووداوانـەی لـە باکـووری عێـراق ڕوودەدەن و چەنـد دەوڵەتێکیـش دەسـوەردانیان کـردووە و بەشـدارییان لـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانەدا کـردووە کـە حکومەتـی عێـراق دەیکاتـە سـەر گەلـی کـورد.

ئـەو ئۆپەراسـیۆنە بەرفراوانـە دەرهـەق شـار و شـارۆچکە و گونـدەکان و هاوولاتیانـی سـڤیلیان تێـدا دەکـوژرێ و ئـەو هێزانە ئەنجامـی دەدەن کە فڕۆکە و تانک و تۆپیشـیان تێدا بەکاردەهێنرێـت و زۆر دڕندانـە کەوتوونەتـە وێـزەی هاوولاتیانـی سـڤیل، بـە ژن و منـداڵ و بەساڵاچووانیشـەوە و ناوچەیەکـی فراوانـی کوردسـتانیان وێـران کـردووە کـە بووەتـە مایەی نیگەرانیـی سـەرجەم وڵاتانـی جیهان.

لە هەمان کاتدا ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد جێبەجێی دەکات کە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانیان خەبات دەکەن، دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ هێزە دەرکییەکان دەستوەردان بکەن لە کاروباری نێوخۆی عێراق کە هەڕەشەی بەرفراوانبوونیشی لێدەکرێت. دەبێتە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین کە لەبنەڕەتدا شلۆقە. لە ڕاستیدا دەستوەردانی چەند وڵاتێکی دراوسێش بەشدارییان لەو شەڕی براکوژییەدا کردووە کە دەسەڵاتدارانی عێراق دژی کورد بەرپایان کردووە. هەندێک زانیاریش هەن ئاماژە بەوە دەدەن کە چەند یەکەیەکی سەربازی لە وڵاتانی دراوسێوە نێردراونەتە عێراق و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەو پرۆسە دوژمنکارییە سزادانانەی گەلی کورددا کردووە، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەتیبەیەکی سەربازانی سووریا و ژمارەیەک لە فڕۆکەکانی سەر بە هێزی ئاسمانیی سووریا بە کردەنی بەشدارییان لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەدا کردووە کە حکومەتی عێراق لە دژی گەلی کوردی ئازادیخواز هەڵیگیرساندووە. ڕۆژانەش ڕاپۆرت بڵاودەبێتەوە کە ڕووداوەکانی باکووری عێراق ئەنجامی پیلانگێڕیی ئەو لایەنانەن کە دەیانەوێ سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق لاواز بکەن و ملکەچی بەرژەوەندییەکانی قۆرخکارانی بیانییان بکات. بەپێی لێدوانەکانی هێندێک نوێنەری پەیمانی سینتۆی داگیرکاری، ڕوونیدەکەنەوە کە ئەو کوشتارە خوێناوییەی دووچاری کوردی عێراق بووە، لەو گفتوگۆیە تایبەتەی کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندام لە سینتۆ باسکراوە و پێویستە سەرکردەکانی کوتلەی سینتۆ تێبگەن کە دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لەو ڕووداوانەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدەن، هەڕەشەیە بۆ پرۆسەی ئاشتی لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین.

بۆیـە ئـەو دەسـتوەردانەی وڵاتانـی دەرەکـی لـەو ڕووداوانـەی لەنێـو سـنووری عێراقـدا ڕوودەدەن، بەتەنیـا پەیوەسـت نییـە بـە عێراقـەوە. پەلکێشـکردنی هێـزی وڵاتانـی دیکـە بـۆ نێـو ڕووداوەکان و هاوکاریکردنـی سـەربازی بـە سـەرە پردەکانـی نزیـک لـە

سنوورەکانی سۆڤیەت هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ژمارەیەک لە وڵاتانی دیکە، بە یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە کە ناکرێ سۆڤیەت لێی بێدەنگ بێ و گوێی پێنەدات.

حکومەتی یەکێتیی سۆڤیەت بەنیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو پێشهاتانەی لە ناوچەی نزیک سنوورەکانی باشووری سۆڤیەت لەئارادان، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی بەرگریکرن و پاراستنی جیهان، حکومەتی سۆڤیەت سەرنجی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕادەکێشێ بۆ ئەو دەرهاویشتە مەترسیدارانەی دەستوەردانە دەرەکییەکان کە ڕووداوەکانی نێوخۆی عێراقیان کردووەتە پاساوی ئەو دەستوەردانانە و بەردەوامبوونی پرۆسەکە وا دەخوازێت کە وڵاتانی دیکەش دەستوەردان بکەن و پێویستە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانە و پاراستنی ئاسایشەکەی.

هەروەها حکومەتی سۆڤیەت بەپێویستی دەزانێت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئاگاداربکاتەوە و ڕەچاوی ئەوە بکات کە لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئەو دەستوەردانە دەرەکییانە لەو ڕووداوانەی لە باکووری عێراقدا ڕوودەدەن، ئەوکات بە پێویستی دەزانین کە داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بکەین کۆببێتەوە و ڕێکاری پێویست و گونجاو بگرێتەبەر بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم دەستوەردانانە، بەڕێز، سەرۆکی ئەنجوومەن، تکاتان لێدەکەم ئەم نامەیەمان بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش بنێرن و گشتگیری بکەن.

**«نۆفۆیا فریمیا» ژمارە ٢٨، ١٩٦٣/٧/١٢**

**جەنگی تاوانکارانەی دژی کورد**

ئەو شەڕەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە دژی هاووڵاتیانی کورد دەستیان پێکردووە، پێدەنێتە هەفتەی پێنجەم، بەعسیەکان دوو لەسەر سێی سوپای عێراقیان لەو ناوچەیەدا کۆکردووەتەوە: سێ فیرقە کە هەموو سوپای عێراق لە پێنج فیرقە پێکهاتووە و نیوەی تێکڕای کۆی ژمارەی زرێپۆش و تۆپی قورس و فڕۆکە جەنگییەکانیش پشتیوانییان دەکەن. بەپێی نیویۆرک تایمز، کەتیبەیەکی سوپای سوریا و فڕۆکەکانی سوپای سووریاش لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بەشدارن. بەپێی خەمڵاندنی ڕۆژنامە بیانییەکان، هێزەکانی پێشمەرگە کە بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفایە، نزیکەی ٦٠ هەزار

جەنـگاوەرن کـە بـە چەکـی سـووک و بـازۆکا و هـاوەن دژی ئـەو هێـزە قەبەیـە دەجەنگـن.

ئۆپەراسـیۆنەکان چـۆن بەڕێوەدەچـن؟ لـە سـەرەتادا ڕۆژنامـەی لۆفیـگارۆی پاریسـی، نووسـیبووی: هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق تـا ڕادەیەکـی زۆر سـوودیان لە توخمی سـوپرایز وەرگرتبـوو، هەوڵیـان دا گورزێکـی کوشـندە ئاراسـتەی بـارەگای بارزانـی بکـەن و لـە چەنـد ناوچەیەکـدا یەکە گوازراوەکانی سـوپای عێراق، پێشـمەرگەیان لە چەنـد لایەکەوە گەمارۆ دا و چەنـد پێگەیەکیـان داگیرکـرد، بـەڵام ئـەم پێشـهاتانە هیچیان لە تـەرازووی هێـزدا نەگۆڕی.

هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناوچەکە و چیا سەخت و نشێوە قووڵەکان و ڕێڕەوە باریکەکان و ڕووبارە تیژڕەوەکان بوونەتە هۆی سنووردارکردنی پێشڕەویی سوپاکەی عێراق، جا هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە ناوچە تەختاییەکان ڕوویبدایە، سوپای عێراق سەرکەوتنیان تۆمار دەکرد، بەڵام کە شەڕەکان دەکەوتنە ناوچە شاخاوییە سەختەکان، بەپێی هەواڵەکانی فرانس پرێس، پێشمەرگە خۆی جێگیر دەکرد و بەسەر سوپای عێراقدا سەردەکەوتن.

لـە ٢١ی حوزەیرانـدا کـە پێشـتر هەواڵـی سـەرکەوتنی یـەک لـە دوای یەکـی سـوپای عێراقـی بڵاودەکـردەوە، ئێسـتا دان بـەوەدا دەنێـت کـە «سـوپای عێـراق ڕووبـەڕووی بەرگرییەکـی تونـدی پێشـمەرگە بوونەتـەوە» کـە هێزێکـی زۆریـان لـە تەقتـەق و کۆیـە جێگیرکـردووە (لەنێـوان سـلێمانی و هەولێـر). ئاژانسـی فرانـس پرێـس بڵاویکردووەتـەوە پێشـمەرگە لـەو ناوچانـەدا فەوجێکـی سـوپای عێراقیـان گەمـارۆ داوە و لـە پارێـزگای هەولێـر، ڕێگرییـان لـە هێزێکـی دیکـە کـردووە کـە بـۆ پشـتیوانیی ئـەو فەوجـە هاتـوون.

لـە نیـوەی دووەمـی مانگـی حوزەیرانیشـدا، شـەڕێکی دژوار لەنێـوان کـورد و هێزەکانـی بەعـس هەڵگیرسـاوە کـە هاوتەریبـە بەو هێڵە ئاسـنینەی بەغدا بـە کەرکووک دەبەسـتێتەوە و بووەتـە هـۆی ڕاوەسـتانی هاتوچـۆ بەدرێژایـی هێڵـە ئاسـنینەکە. هێزەکانـی پێشـمەرگە چەنـد هەڵمەتێکـی سـەرکەوتوویان کردووەتـە سـەر کـۆگا سـەربازییەکانی کەرکـووک و هەڵیانکوتاوەتـە سـەر سـەربازگەی ڕەشـید (لـە باشـووری بەغـدا).

هـاوکات شـەڕێکی خوێنـاوی لەوپـەڕی باکـووری عێـراق هەڵگیرسـاوە- لـە ناوچـەی مووسـڵ- دهـۆک- ئامێـدی و ڕۆژنامـەی تەهـران جۆرناڵـی ئێرانیـش بـاس لـە شـەڕێکی دیکـەی خوێنـاوی دەکات لـە ناوچـەی خانەقیـن (نزیـک سـنووری ئێـران). هەمـوو

ڕێگاکانــی نێــوان خانەقیــن و بەغــدا تێکــدراون، لــە ناوچــەی مەیدانیــش کــە دەکەوێتــە باکــووری خانەقیــن، شــەڕ بەردەوامــە.

لــە ٢ی تەمــووز، نوێنــەری کــورد لــە پاریــس، ئامــاژەی بــەوە داوە، لــەو شــەڕە ســەختانەی لــە ناوچەکانــی کەرکــووک، ســلێمانی، ســەڵاحەدین و زاخــۆدا کــە دوو هەفتەیــان خایانــدووە، نزیکــەی ١٣٠٠ ســەربازی ســوپای عێــراق کــوژراون و بریندارکــراون و ٧٢٠ ســەربازی بەعسییەکانیشــیان بەدیــل گرتــووە. هەشــت فڕۆکەیــان تێکشــکاندووە کــە دانەیەکیــان هــی ســوپای ســووریا بــوو، هەروەهــا دەســتیان بەســەر ٢٠ تانــک و ٩ مووشــەکی هــاوەن و هــەزار چەکــی ســووک و ژمارەیــەک ڕەشاشــدا گرتــووە، ئاژانســەکانی هەواڵیــش بــە بــەردەوام ســەرکەوتنەکانی هێــزی پێشــمەرگە بــە ڕابەرایەتیــی مســتەفا بارزانــی بڵاودەکەنــەوە کــە زیانێکــی گەورەیــان بــە هێزەکانــی نیزامیــی عێــراق گەیانــدووە و تاکــو ئێســتا ناوجەرگــەی شــارەکان نەبێــت، زۆربــەی ناوچــە شــاخاوییەکانی کوردســتانیان کۆنتڕۆڵکــردووە.

ســەرکردایەتیی ســوپای عێــراق نەیتوانیــوە بەربەســتەکانی بــەردەم هێرشــەکانیان پەردەپــۆش بکــەن: لەســەرەتای مانگــی حوزەیرانــەوە، ڕاپۆرتەکانیــان دان بــەوەدا دەنێــن کــە هێزەکانــی ســوپای عێــراق ڕووبــەڕووی بەرگرییەکــی تونــدی هێزەکانــی پێشــمەرگە بوونەتــەوە و هێنانــەوەی بەردەوامــی تەرمــی کــوژرا و بریندارانیــش بــۆ بەغــدا، بەڵگــەی ڕاســتیی ئــەم دۆخــە ســەختەن کــە ســوپای عێراقــی تێــگلاوە.

ڕۆژنامــەی ئــۆرۆری فڕەنسیی ڕاستڕەو لــە ٤ی تەمــووزدا، وەک بڵێــی شــەڕەکانی مانگــی یەکەمــی کورتکردبێتــەوە، دەڵــێ: «هەرچەنــدە مارشــاڵ عــارف بەفیزێکــەوە ڕایدەگەیانــد، بــە کورتتریــن مــاوە مامەڵــە لەتــەک کــورددا دەکات و گوندەکانیــان لەســەر نەخشــەدا دەســڕێتەوە و دانیشــتوانەکەی قــڕدەکات» کەچــی پێشــمەرگە بــە ڕابەرایەتیــی بارزانــی درێــژە بــە بەرگــری و بەرخودانــی خۆیــان دەدەن و گــورزی کوشــندەش لــە ســوپای عێــراق دەسرەوێنــن، بۆیــە بەغــدا چیــدی بەیاننامــەی ســەرکەوتن ڕاناگەیەنێــت ...».

دوای ئــەوەی ســوپای عێــراق بێئومێــد بــوو و تووشــی ئــەو بەرگرییــە تونــدەی چەکدارانــی کــورد بــوو، دەســەڵاتدارانی بەغــدا ڕێچکــەی شــەڕیان گــۆڕی و دەســتیاندایە شــەڕی کۆمەڵکــوژی. ڕیچــارد بێســتون، پەیامنێــری ڕۆژنامــەی «دەیلــی تەلەگــراف»ی

ئینگلیزی لە بەغداوە نووسیویەتی: دانیشتوانی ئەو گوندانەی دەکەونە نێو ئەو بازنەیەی نیوەتیرەکەی ٤٠ کیلۆمەترە لە کەرکووکەوە، لە گوندەکانیان ڕاگوێزراون و ئێستا بێلانە و بیحاڵن، سوپای بەعسییەکان بە تانک و بە شۆفەڵ ئەو گوندانەیان تەختی زەوی کردووە، بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیشیان سووتاندووە و مەڕوماڵاتەکەشیان بەتاڵان بردوون. بەپێی هەواڵەکانی پەیامنێری ئەسۆشێتد پرێس، چەندین گوندی دیکەی پارێزگای سلێمانیش بە هەمان دەردی ئەو گوندانەی کەرکووک براون.

لە ٢ی تەمووز گوتەبێژێکی کورد لە پاریس ڕایگەیاندبوو: فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی سوپای عێراق ١٦٧ گوندیان وێرانکردووە و پەیامنێرەکەی ئاژانسی ئەسۆشیتد پرێس بەم شێوەیە ڕەفتاری سوپای عێراقی وەسفکردووە: «ئەوان سیاسەتی سوتماک کردنی خاک پێڕەو دەکەن».

ئەم ڕەفتارە سادیزمانەیەی لەلایەن گەنجانی یەکەکانی حەرەس قەومییەوە ئەنجام دەدرێن کە بەعسییەکان هاوشێوەی یەکەکانی هێزە تایبەتە ئەمنییەکانی نازییەکان دایانمەزراندوون. ڕۆژنامەی **(Sunday Eco-Tres)**ی ئینگلیزیش بڵاویکردووەتەوە: سوپای عێراق تەنیا لە شارەکاندا سەدان ژن و منداڵی کوردیان کوشتووە و کوردیان سەرەوخوار بە پێست هەڵواسیوە.

شەلاتییەکانی حەرەس قەومی دەچنە نێو گوندە کوردنشینەکان و دانیشتوانیان لەنێو کێڵگەکاندا کۆدەکردەوە و بە ڕەشاشەکانیان گوللەبارانیان دەکردن، ئینجا ئاگریان لە بەربوومە کشتوکاڵییەکانیشیان بەردەدا.

تێکڕای چاودێرانی بیانی وایدەبینن کە سەرکێشییەکەی بەعسییەکان بێسوودە و لە ٢٦ی حوزەیران، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە بە هیچ جۆرێک هاوسۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەبووە، مێژووی دوور و درێژی هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ تێکشکاندنی ورەی ئەم گەلە، پێشبینی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەکرێت. ئەو هەڵمەتەی ئێستا حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد دەستیپێکردووە ... حکومەتی عێراق ئەرکێکی مەترسیدا و درێژخایەنی دەستپێکردووە.

ڕۆژنامەی گاردیانی ئینگلیزی بڵاویکردووەتەوە: «ئەو شەڕەی جەنەراڵ قاسم

دژی کـورد بەرپـای کـرد، ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ڕووخانـی ڕژێمەکەیـدا هەبـوو». «جـا نازانیـن هاوپەیمانـان و هاوئاوازانـی قاسـم چـۆن بیـر لـە ئەنجامێکـی باشـتر دەکەنـەوە!» ڕۆژنامەکـە کورتیدەکاتـەوە و دەڵـێ: «حکومەتـی عێـراق کـە شـەڕێکی گشـتگیری بەرپـا کـردووە، کەوتووەتـە سـەر ڕێگەیەکـی بێئومێـد».

ڕۆژنامـەی (الشعب)ی بەیرووتـی ئامـاژە بـەوە دەدات، بەعسـییەکان دەسـتیان داوەتـە شـەڕێکی کۆمەڵکـوژی دژی کـورد و دووپاتـی دەکاتـەوە: «بـەم ڕەفتارەیـان ناتوانـن کـورد لەناوببـەن، بەڵکـو خۆیـان لەناودەچـن».

هاوشـان لەگـەڵ بـەردەوام بوونـی هێرشـەکان، بەرەبـەرە بێـزاری و بێئومێـدی لەنێـو ڕیزەکانــی ســوپای عێراقــدا بڵاوبــووە و دەنگــی ناڕەزایــی دژی بەعســییەکان لەنێــو ســوپادا دژی پرۆســەی برابەکوشــتدان بەرزبــووەوە. لــە ســەربازگەی ڕەشــیدی نزیــک بەغـدا ڕاپەڕینـی بەشـێک لـە سـوپای عێـراق دەسـتیپێکرد کـە دژی گواسـتنەوەیان بـوون بـۆ کوردسـتان تـا بەشـداری بکـەن لـەو شـەڕ و کوشـتارەی دژی کـورد بەرپاکـراوە. جـا لـە هەوڵێکـدا بـۆ شـاردنەوەی ئـەم ڕاپەڕینـە سـەربازییە، بەعسـییەکان کۆپـی «پیلانـی شـیوعییەکان»ی بڵاوکـردەوە، بـەڵام هـەر زوو لەلایـەن ئـەو شـاهێدحاڵانەی لـە بەغـداوە چووبوونـە تـاران، بەدرۆخرایـەوە.

ئــەو شــەڕە کۆمەڵکوژییــە دڕندانەیــەی دەســەڵاتدارانی عێــراق دژی گەلــی کــورد هەڵیانگیرسـاندبوو و تـرس و تۆقینیـان لـە سەرتاسـەری وڵات بڵاوکردبـووەوە، بـووە مایـەی نیگەرانــی و ناڕەزایــی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــی دیموکراتخــواز و داوای دەســتبەجێ ڕاگرتنــی ئــەو خوێنڕشــتنەیان دەکــرد.

حکومەتــی کۆمــاری مەنگۆلیــای میللــی، داوای لــە ئەمینــداری گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان کــرد، بڕگەیــەک لــە خشــتەی خولــی هــەژدەی کۆمەڵــەی گشــتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەبارەت بـە «سیاسـەتی پێڕەوکردنـی کۆمەڵکوژیـی کـورد بـوو لەلایــەن حکومەتــی کۆمــاری عێــراق زیــاد بــکات».

لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە جنێـف، شـاندی یەکێتیـی سـۆڤیەت داوای باسـکردنی پرسـی کۆمەڵکوژیـی عێراقییەکانی

کرد کە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێت. هێزەکانی ڕۆژئاوا لەچوارچێوەی ڕێگریکردن لە باسکردنێکی خێرای ئەم پرسە، خۆیان بەو پرۆسە دڕندە و فاشییانەوە گرێدا کە حکومەتی بەغدا دژی کورد ئەنجامی دەدات. پیلانی هاوبەشی تاوانکارانەی بەعسییەکان لەگەڵ ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتیدا ئێستا بە جوانی ڕوونبووەتەوە.

**لە پەیامنێرەوە:** کاتێک ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە بڵاوکرایەوە کە لێدوانە گرنگەکانی حکومەتی سۆڤیەتی ٩ی حوزەیرانی تێدابوو سەبارەت بە ڕووداوەکانی باکووری عێراق بۆ حکومەتەکانی هەریەک لە عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، گۆڤارەکە ناوبانگی دەرکرد. حکومەتی سۆڤیەت سەرنجی وڵاتانی جیهان بۆ ئەو هەڕەشەیە ڕادەکێشێ کە بەهۆی دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق کە هەڕەشەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین. ئێمە باس لە وڵاتانی بەشدار لە کوتلەی داگیرکاریی سەربازیی سینتۆ دەکەین کە بە ئاوازی ئیمپریالیزم هەڵدەپەڕن، هەروەها لەبارەی سووریاش.

حکومەتی سۆڤیەت ڕایدەگەیەنێت، ئەم جۆرە سیاسەتانەی عێراق و سوریا و وڵاتانی ئەندام لە کوتلەی سینتۆ پێڕەوی دەکەن، ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەو «ڕووداوەکانی هاوتەریب بە ئامادەباشی و جێبەجێکردنی شەڕانگێزیی ئیمپریالیزمی سێقۆڵی بۆ سەر میسر لە پایزی ساڵی ١٩٥٦ وەبیر وڵاتانی جیهان دێنێتەوە».

حکومەتی سۆڤیەت جەخت دەکاتەوە کە ئەو ڕووداوانەی لە عێراقدا ڕوودەدەن، تەنیا بەند نین بە ناوخۆی خودی عێراق. «پەلکێش کردنی هێز و دەوڵەتی دیکە بۆ نێو ململانێکە و دابینکردنی ئەو هێزە دەرەکییانەی پەیوەستن بە کوتلە سەربازی و سیاسی و دوژمنکارانەی سەرە پردیان لە نزیک سنوورەکانی سۆڤیەتدا هەیە، دەبنە مایەی خوڵقاندنی هەڕەشە بۆ ئاسایشی ژمارەیەک وڵاتی ناوچەکە، بە یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە».

حکومەتی سۆڤیەت، حکومەتی عێراق ئاگادار دەکاتەوە و هیواخوازە سنوورێک بۆ دەستوەردانە دەرەکییەکان لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق دابنرێت. هەروەها حکومەتی سۆڤیەت هیواداره حکومەتەکانی ئێران، تورکیا و سووریا تەواوی بارودۆخی نێوخۆی عێراق هەڵبسەنگێنن لە دیاریکردنی سیاسەتیان لە ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی عێراق. ئەم ئاگادارکردنەوەیەی حکومەتی سۆڤیەت بۆ حکومەتەکانی دیکە تەنیا بەند نییە بە

هەستی مرۆڤانەمان بۆ پێوەندییەکانمان لەگەڵ گەلی کورد، بەڵکو بۆ زامنکردنی ئیستغلال نەکردنی دۆخەکەیە لەلایەن ئیمپریالیزم کە هەمیشە لە هەلێک دەگەڕێن بیکەنە پاساوی دەستوەردانیان لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین. تاکو ئێستاش هەڵپەیانە بۆ پلانڕێژی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ناوچەکە و دواجار وەکو چەکێکی سەربازی دژی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی ئاشتیخواز بەکاریان بهێنن. گەلانی سۆڤیەت بە حەماسەتەوە پشتیوانیی ئەو کارە نوێیە ئاشتیخوازنەیەی حکومەتی سۆڤیەت دەکات کە ئامانجی ڕێگریکردنە لە خراپبوونی دۆخی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین.

**أ.ئۆسفاتۆف**

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٦٣/٧/١٢**

**کارەساتی کورد کێشەیەکی نێودەوڵەتییە**

**براگ،١٠ حوزەیران. ڕاپۆرتی پەیامنێری تاس م. نیکیتۆشکین:** گەلی کارگەر لە چیکۆسلۆڤاکیا داوای ڕاگرتنی ئەو خوێنڕشتنەی عێراق و دامرکاندنەوەی حەماسەتی جەلادەکانی گەلی کورد و گەلانی عێراق دەکەن و تاوانە دڕندانەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق دژی گەلی کورد شەرمەزار دەکەن. ڕۆژمەکانی ئەمڕۆی چیکۆسلۆڤکیا، بەیاننامەکەی حکومەتی سۆڤیتەیان لە لاپەڕەکانی یەکەمدا بڵاوکردووەتەوە کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی کوردستان و دووپاتیدەکەنەوە، یەکێتیی سۆڤیەت وڵاتان ئاگاداردەکاتەوە لە دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی عێراق. ڕۆژنامەی «ڕۆدبراڤۆ» بڵاویکردووەتەوە، دوور نییە سیاسەتەکانی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان دەرەنجامی زۆر خراپی لێبکەوێتەوە.

ئـۆ. کۆبیشــنی، ئەندازیــار لــە کارگــەی کلیمنــت گۆتواڵــد بــۆ کانــزاکان دەڵێــت، حکومەتــی عێــراق کــە ملکــەچ و گوێڕایەڵــی قۆرخکارانــە، شــەڕی کۆمەڵکوژیــی دژی کــورد بەرپاکــردووە، گوندەکانــی کــورد دەســووتێنرێن، ژن و منــداڵ و هاووڵاتیانــی سـڤیلی بێتــاوان دەکوژرێــن و پێویســتە نەتــەوە یەکگرتــووەکان چیــدی بێدەنــگ نەبێــت لــەو خوێنڕشــتنەی لــە عێــراق ڕوودەدات. هەروەهــا کۆبیتشــنی دەڵێــت: «ئەمــە خواســتی گەلانــی ئێمــە و هەمــوو مرۆڤایەتیــی پێشــکەوتنخوازە».

ڤ.ڤانیك، کرێکار لە کارگەی براگ **Dukla-ChKD** دەنووسێت «بەناوی منداڵانی کورد و دایکان و باوکانیان و بەناوی مرۆڤایەتی، بەپێویست دەزانرێت دەستبەجێ سنوورێک بۆ ئەو تیرۆرکردنە خوێناوییەی لە عێراق ڕوودەدات، دابنرێت». ف. فانیکیش دووپاتیدەکاتەوە، ئەمە ئەرکی سەرجەم دانیشتوانی ئاشتیخوازی سەر ڕووی زەمینە.

**سۆفیا، ١٠ی حوزەیران. (تاس).** «شەڕ و کوشتارە خوێناوییەکەی دژی کورد، پێگەی ئیمپریالیزم پتەودەکات» و «دەستوەردانە مەترسیدارەکانی وڵاتانی ئەندام لە سینتۆ لە ڕووداوەکانی عێراق» بەم مانشێتە گەورانەی سەرەوە، ڕۆژنامەکانی بولگاریا لێدوانەکانی حکومەتی سۆڤیەتیان بڵاوکردووەتەوە کە بۆ هەر یەک لە حکومەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریای ناردووە کە پەیوەستن بەو ڕووداوانەی لە کوردستانی عێراق لەئارادان. هەموو جیهان لەو کۆمەڵکوژییە پەستن کە عێراق دەیکاتە سەر گەلی کورد، ئەمەش سەردێڕی ڕۆژنامەی «ڕابۆتنیتشیسکۆ دیلۆ»یە.

**«کراسنایا زفزدا» ١٩٦٣/٧/١٢**

**نەوت و خوێن**

پەندە عەرەبییەکە دەڵێت: «ئەگەر بەدوای کوندەپەپوو بکەویت، بۆ وێرانیت دەبات»، ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق، هەروەها ئەوانەی پێشووش، هێندە گوێ نادەنە ئەم پەندە حەکیمانەیە. ئەوان بە ملهوڕی دوای «کوندەپەپوو»ی ئیمپریالیزم کەوتوون کە هەمیشە حەز دەکەن لەسەر پاشماوەی وڵاتانی سەربەخۆدا بژین. جا لەپێناو ڕازیکردنیان، بەعسییەکانی عێراق تاوانی زیاتر و زیاتر ئەنجام دەدەن.

هەزاران شیوعی کە ئازاترین جەنگاوەری کۆڵنەدەرن لەپێناو ئازادیی عێراق، بوونە قوربانیی ئەو کوشتارە خوێناوییەی کۆنەپەرستانی عێراق ئەنجامیان دەدەن. پاشان ژمارەیەکی زۆری دیموکراتخواز و سەرکردەکانی حزبە بۆرژواکان و ئەفسەرانی سوپا، ڕووبەڕووی هەڵمەتی ترس و تۆقین بوونەتەوە. شەلاتییەکانی بەعس نەک کوشتنی تاک، بگرە هەوڵی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی نەتەوەیەک بە تەواوی دەدەن کە یەک لەسەر چواری ژمارەی دانیشتوانی وڵات پێکدێنن.

سالآنێکی زۆریشە جیهان تاوانی لەم جۆرەی بەخۆوە نەبینیوە، فڕۆکەکان و تانک و تۆپەکانی دەسەڵاتدارانی بەعس گەلی کورد لەناودەبەن. یەکەکانی تۆڵەسەندنەوە بەسەر خاکێکی خوێناویدا هاتوچۆدەکەن و بەسەر لاشەی هەزاران کەسدا بازدەدەن، پێرێ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فڕەنسی نووسیویەتی: «هێزەکانی حکومەتی عێراق کۆمەڵکوژی بۆ لایەنگرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ئەنجام دەدەن و ئاگریان لە دەیان گوند بەرداوە و ژمارەیەکی دیکەشیان تەختی زەوی کردووە، منداڵ و ژن و بەساڵاچووانیش لەم پرۆسە دڕندانەیە ڕزگاریان نەبووە و هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەی بەدیل دەگیرێن دەستبەجێ گوللەباران دەکرێن».

بەرپرسانی فەرمی لە بەغدا دەڵێن: «ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێ، پرسێکی ناوخۆییە». نەخێر بەڕێزان! لەکەیەوە کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی ڕەگەزیی نەتەوەیەک «پرسێکی ناوخۆیی» وڵاتێک بووە؟ ناکرێ ویژدان و عەقڵی تێکڕای مرۆڤایەتی لەئاست مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتیدا – کۆمەڵکوژی- لە عێراق بێدەنگ بن.

ڕووداوەکانی عێراق سنووری ئەو وڵاتە دەبەزێنێت، چونکە وڵاتانی دیکەی بەشدار لە کوتلەی سینتۆی سەربازیش بەشدارییان تێدا کردووە. ئەو زانیارییانەی حکومەتی سۆڤیەت دەستی کەوتوون و ڕادەستی حکومەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریای کردووە و بەڵگەی زۆری دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی سینتۆی دوژمکاریی تێدایە لەو ڕووداوانەی لە کوردستان ڕوودەدەن.

لێرەدا، هەمان ئەو دەستانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە ساڵی ١٩٥٦دا هێرشی سێقۆڵییان کردە سەر میسر و لە ساڵی ١٩٥٧دا بەرەو سووریا بەڕێکەوتن و لە ١٩٥٨دا هێزەکانیان ڕەوانەی لوبنان و ئوردن کرد.

ئەگەر پشتیوانی و هاوکاریی هێزەکانی ئیمپریالیزم و پەیمانی سینتۆ نەبووایە، بەعسییەکان دەسەڵاتی عێراقیان نەدەگرتە دەست. دوای کودەتاکە، ڕاستەوخۆ پابەندبوونە سەپێنراوەکانیان لەسەر چالاکیی کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ- فڕەنسی- ئەمەریکی هەڵگرت کە تەنیا بەناو کۆمپانیای نەوتی عێراق بوو. سەرچاوەکانی نەوتیش زۆربەیان دەکەونە نێو خاکی کوردستانەوە. سەرکردەکانی بەعس لەدوای کودەتاکەیان، پیلانێکی هاوبەشیان لەگەڵ هیزەکانی ئیمپریالیزمدا گێڕا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد، تاکو پاشاکانی نەوت لە ڕۆژئاوا لە بەدەستهێنانی قازانجێکی قەبەی داهاتی نەوت بەردەوام بن.

ئینگلتەرا هاوکاریی حکومەتی عێراقی کردووە لە خۆئامادەکردن بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانەکانیان دژی کورد، ڕۆژنامەی «دەیلی تەلەگراف»ی ئینگلیزیش بڵاویکردووەتەوە، «عێراق گرێبەستێکی لەگەڵ بەریتانیا ئیمزاکردووە بۆ کڕینی چەک، هاوکات هێزەکانی سوپای عێراق بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی بەرفراوان، هێزەکانیان کۆدەکەنەوە». ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندووە: عێراق ڕێککەوتنی کڕینی ٢٥٠ فڕۆکەی ئینگلیزیی جۆری **Saracen** ئیمزاکردووە کە بۆ گواستنەوەی هێزەکانی سوپای عێراق لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەکاریدێنن، هەروەها چەند فڕۆکەیەکی جۆری هۆکەر هەنتەریشی کڕیوە.

لە ٢٨ی حوزەیران، یەکەمین کاروانی ئەو چەک و تەقەمەنییانەی لە ئەمەریکا کڕابوون، گەیشتە بەندەری بەسڕە کە نزیکەی ٤٠٠ تۆن چەک و کەرەستەی سەربازی بوو. لە ئێستاشدا دانوستانی نێوان عێراق و ئەمەریکا لەئارادایە بۆ کڕینی هەلیکۆپتەر و کەرەستەی پێویستی سەربازی لە ئەمەریکا.

هێرشەکانی سەر کورد بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئیمپریالیزمە لەچوارچێوەی هەوڵە هاوبەشەکانی وڵاتانی ئەندام لە سینتۆ و عێراق و سووریا. فڕۆکە و فڕۆکەن و سەربازانی سووریا بە کردەنی بەشدارییان لەو هێرشانەدا کردووە کە عێراق دەیکاتە سەر کوردستان، لە بارەگای سینتۆشدا گفتوگۆی نهێنی هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا.

ناکرێ گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت چاوپۆشی لە هێزەکانی ئیمپریالیزم بکەن کە هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕێکی گەورە لە ناوچەکەدا کە ئەوێ دەکەنە خاڵی دەستپێکردنی کارە دوژمنکارییەکانیان دژی وڵاتانی سۆشیالیست. دەستوەردانی هێزەکانی ئیمپریالیزم لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی نزیک لە سنوورەکانی سۆڤیەت، هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ژمارەیەک وڵات، بە یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە. حکومەتی سۆڤیەت ڕاشکاوانە ئاگادارییەکی ڕوون و ئاشکرای بڵاوکردووەتەوە کە لە بڕگەیەکیدا دەڵێت: ئەگەر کوتلەی سینتۆ دەستبەرداری دەستوەردانەکانی لە کاروباری نێوخۆی عێراق و ڕووداوەکانی کوردستاندا نەبێت، حکومەتمان بە ناچاری ڕێوشوێنی ئەوتۆ دەگرێتەبەر کە بۆ پتەوکردنی ئاسایشی وڵات پێویستن.

**لفتنانت کۆلۆنێل أ. لیۆنتییێف.**

**«ئیزفستیا» ١٩٦٣/٧/١٢**

**ڕاگرتنی شەڕانگێزی لە دژی کورد**

داواکارییەکان بۆ ڕاگرتنی کوشتارگەی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد و سنووردانانێک بۆ دەستوەردانەکانی دەرەکی لە ڕووداوەکانی کوردستان کە لە بەیاننامەکانی حکومەتی سۆڤیەت بۆ حکومەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، کاردانەوەیەکی فراوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەبوو. ئاشتیخوازانی هەموو دونیا، پەستن و ناڕەزایی توند لە ئاست ڕەفتارە دڕندانەکەی دەسەڵاتدارانی عێراق دەردەبڕن.

ڕۆژنامەکانی بیانی، بە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوشەوە، درکیان بە کارەساتەکانی کورد کردووە و لە ئیستادا کێشەکە بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی. ئەم داننانە بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی پاریسییەوە دیارە کە ناچاربووە ئەو ڕاستییانەی لە لێدوانەکانی حکومەتی سۆڤیەتدا هاتووە، دووپات بکاتەوە. ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانەشی ئەمڕۆ بڵاوکراونەتەوە، جەخت لەسەر پێویستیی ڕاگرتنی دوژمنکاری دژی کورد دەکەنەوە و کۆتاییهێنان بە دەستوەردانی دەرەکی بە پێویست دەزانن.

**پرسیارە سەرەکییەکە:**

**جنێف، ١١ی حوزەیران. (تاس).** ئەمینداری گشتیی خولی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە، یاداشتنامەکەی شاندی یەکێتیی سۆڤیەت و پرۆژە بڕیارێک وەک دیکۆمێنتارییەکی فەرمی دابەش دەکەن کە تایبەتە بە پرسی کۆمەڵکوژیی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە.

پرۆژە بڕیارەکەی یەکێتیی سۆڤیەت زۆر بە توندی ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق ئیدانە دەکات و هەموو لایەک هاندەدات کاربکەن لەپێناو ڕاگرتنی دەستبەجێی تەواوی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژی هاووڵاتیانی کوردستان.

سەرۆکی دانیشتنەکەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدەنگ داواکارییەکەی حکومەتی سۆڤیەت هاتووە و «پرسی سیاسەتی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەچێت» خستووەتە نێو بەرنامەی کارەکانی دانیشتنەکەوە و بە پرسێکی گرنگ و هەنووکەیی لەقەڵەمداوە.

### بەناوی مرۆڤایەتییەوە:

برووسکە لەلایەن ئەو عەرەبانەی لە ئەمەریکا دەژین، بۆ نوێنەری هەمیشەیی یەکێتیی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیویۆرک نێردراوە. برووسکەکانیش جەخت دەکەنەوە لەسەر داواکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیکردن لەپێناو ڕاگرتنی ئەو شەڕە ناڕەوایەی حکومەتی عێراق دژی کورد بەرپای کردووە.

بۆنموونە لە برووسکەکەی ئەحمەد سالمدا کە خەڵکی سووریایە، هاتووە: «یەکەی سەربازیی سوپای سووریا بۆ کوردستانی عێراق ڕەوان دەکرێن تاکو هاوکاریی سوپای عێراق بکات لە سەرکوتکردنی گەلی کورد و بەرپاکردنی پاکتاوی ڕەگەزیی نەتەوەی کورد. ئەمەش پێشێلکردنێکی ڕوون و ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان و گشت مرۆڤایەتییە. ئەمەی ڕوودەدات شەڕێکی نێوخۆ نییە، بۆیە بەناوی دادپەروەری و مرۆڤایەتییەوە داواتان لێدەکەین ئەو دوژمنکارییەی حکومەتی سووریا لەسەر کورد ڕاگرن».

### ڕۆژئاوا بێدەنگە:

**پاریس، ١١ی حوزەیران. (تاس).** ڕۆژنامەی «کۆمبا» دووپاتی دەکاتەوە: «لە کاتێکدا ڕۆژئاوا بێدەنگیی لە ئاست تاوانی کۆمەڵکوژیی دژی کورد هەڵبژاردووە، یەکێتیی سۆڤیەت، پاراستنی گەلی کوردی خستووەتە ئەستۆی خۆی» ڕەخنە لە سیاسەتی بێدەنگی و چاودێریکردنی لە دوورەوەی هێزەکانی ڕۆژئاوا دەگرێت و یاداشتنامەکە دەڵێت: لەو کاتەوەی عەبدولسەلام عارف، بە شێوەیەکی بڵاو دەستی بە پاکتاوکردنی ڕەگەزیی نەتەوەی کورد کردووە کە بەربڵاوتر بووە لەو هەڵمەتانەی قاسم ئەنجامی دابوون، لەوساوەش کە فڕۆکەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا بە بێزەییانە گوندەکانی کوردستانیان وێراندەکرد و دەیسووتاندن، لەو کاتەش کە کۆمەڵکوژییەکان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچوون، هێزەکانی ڕۆژئاوا هیچیان نەکردووە و بێدەنگییان هەڵبژاردووە: هیچ یاداشتنامەیەکی فەرمییان پێشکەش بە حکومەتی بەغدا نەکردووە کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە کەرتی

نەوتــدا بەیەکــەوە هەیــە، سیاســەتی چاوپۆشــیکردن و دواخســتنی پرســەکە، پاســاو هێنانــەوە و هاندانــی ناڕاســتەوخۆی بەغدایــە بــۆ ئــەو کــردە نامرۆڤانەیــەی دەرهــەق بــە گەلــی کــورد ئەنجامــی دەدات، ویژدانــی ڕۆژئــاوا تاکــەی بــەردەوام دەبێــت لــەم چاوپۆشــیکردنە؟ ئەمــەش مانــای نکوڵیکردنــە لــە کێشــە نێودەوڵەتییەکانــی ســاڵی ١٩٦٣ و کاریگەریــی دەبێــت لەســەر ئەخــلاق و دادپــەروەری.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢٨، ١٩٦٣/٧/١٣**

**سەرکێشییەکی بێوێنە: پەردەپۆشکردنی ڕووداوە خوێناوییەکانی عێراق**

لــە مێــژوودا، نموونــەی زۆرمــان لەبەردەســتدایە کاتێــک دیکتاتــۆرەکان کــە ڕۆحــی ئاشــتیخوازانەیان لەدەســتداوە و شمشــێریان بــەڕووی نەتەوەیەکــی تــەواودا هەڵگرتــووە و دواتــر بــە تــەواوی لەســەر نەخشــە ســڕاونەتەوە. بــەڵام مێــژوو ئەوەشــمان بــۆ ڕوون دەکاتــەوە کــە ســەرجەم ئــەم هەوڵانــە هەمیشــە بەفیڕچوونــە و ســەریان نەگرتــووە.

لەبــەر ئــەم هۆکارەشــە ڕەفتارەکانــی دەســەڵاتدارانی حکومەتــی عێــراق کــە لــەم ڕۆژانــەدا شــەڕێکی کۆمەڵکوژیــی بەرفراوانیــان دژی کــورد بەرپاکــردووە و زۆر دڕندانــە ڕەفتاریــان لەگەڵــدا کــردوون.

چــی وای لێکــردوون ئــەم هەنــگاوە بەدبەختانەیــە بنێــن؟ لــە کۆتاییــدا و دوای ڕووخانــی ڕژێمــی قاســم، حکومەتــی نوێــی عێــراق بەڵێنــی دەســتەبەرکردنی مافــی ئۆتۆنۆمیــی بــۆ کوردســتان داوە، بــەڵام ئــەم بەڵێنەیــان مانۆڕێکــی سیاســی بــووە و تەنیــا بــۆ کات کوشــتن بــووە، لــەو ماوەیــەدا هێزەکانیــان کۆکردووەتــەوە و گفتوگــۆی نهێنیی لەگــەڵ حکومەتەکانی ئەنکــەرە و تــاران دەســتپێکردووە، دواجاریــش بڕیــاری هێرشــە بەرفراوانەکــەی داوە بۆ ســەر کوردســتان. هــۆکاری ســەرەکیی پشــت ئەمــەش ئەوەبــوو کــە لــەو ماوەیــەدا حکومەتــی عــارف دوای کودەتاکــە کەوتووەتــە تەنگژەیەکــی ئاڵــۆزەوە. ئــەو کات مەبەســتی بــوو ڕای گشــتیی عەرەبــی عێــراق لەســەر کــردەوە خوێناوییەکانــی حکومــەت دژی شــیوعییەکان دوور بخاتــەوە و خــۆی لــە جێبەجێکردنــی بڕیــاری چاکســازیی کشــتوکاڵ و خۆماڵیکردنــی قۆرخکارییــە بیانییەکانــی نــەوت بدزێتــەوە.

بەعسـییەکان بـە ئومێـدی ئـەوەی وەک برووسـکە دەسـت لـە کـورد بوەشـێنن، ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دەسـتپێکرد، بۆیـە دوو ڕۆژ پێـش ئاگادارکردنـەوە فەرمییەکـە، تـەواوی خاکـی کوردسـتانیان بۆردومـان کـرد، بـەڵام لێکدانەوەکانیـان هەڵـە بـوو و ئـەوەی ئـەوان نەخشـەیان بـۆ کێشـابوو، وا دەرنەچـوو ...

ڕۆژنامەنووسـی فەڕەنسـی هـنری پینـازی، لـە ڕۆژنامـەی « ئـۆرۆر» بڵاویکردووەتـەوە: «هەرچەنـدە مارشـاڵ عـارف بـە فیـز و خۆبەزلزانینێکـەوە ڕایگەیاندبـوو بـە خێرایـی مامەڵـە لەتـەک کێشـەی کورددا دەکـەن و تـەواوی گوندەکانـی کوردسـتان وێـران دەکـەن و دانیشـتوانەکەی لەناودەبـەن» کەچـی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی، بەرگرییەکـی قارەمانانـە لـە خـاک و مانـەوەی خۆیـان دەکـەن، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە توانییـان هەشـت فڕۆکـەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق بخەنـە خـوارەوە و زیانێکـی گـەورەش بـە سـوپاکەیان بگەیەنـن، بۆیـە چیـدی لـە بەغـداوە بەیاننامـەی سـەرکەوتن بڵاونەدەکرایـەوە و دەرکـەوت عارفیـش ناتوانێـت ڕووبـەڕووی کـورد ببێتـەوە، هـاوکات لەسـێدارەدانی شـیوعییەکانیش هـەر بـەردەوام بـوو».

ڕۆژنامـەی «پەرمەنگەهـام پۆسـت»ی بەریتانـی نووسـیبووی: « ئەمـڕۆ دەرکـەوت کـە ڕژێمـە نوێیەکـەی عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی مەترسـیدار بووەتـەوە ... هیچ ئاماژەیەکیش نییـە بـۆ سـەرکەوتنی ئـەو هێرشـانەی حکومەتـی عێراق بـۆ سـەر پێشـمەرگەکانی بارزانی».

لـە دەیەکانـی ڕابـردوودا، کـورد هاوشـانی گەلانـی دیکـەی عێـراق لەپێنـاو سـەربەخۆیی وڵاتـدا خەباتیـان دژی ڕژێمـە کۆنەپەرسـتەکان کـردووە، بۆیـە ئێسـتا ئـەو شـەڕەی حکومـەت دژی هاووڵاتیانـی کـورد هەڵیگیرسـاندووە، لەلایـەن گەلانـی عێراقـەوە پشـتگیری ناکرێـت. ڕاپۆرتـە هەواڵەکانـی ئاژانسـەکانیش دووپاتـی دەکەنـەوە کـە چەنـد یەکەیەکـی سـەربازیی سـوپای عێـراق، بـە خۆیـان و چـەک و تفاقـە سـەربازییەکانیانەوە ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان جێهێشـتووە و چونەتـە نێـو ڕیزەکانـی هێـزی پێشـمەرگەوە و سـوپای عـارف بووەتـە مایـەی نارەزایـی خەڵکـی عێـراق.

لـەم دواییەشـدا خـودی سـەرۆکی عێـراق سەرپەرشـتیی هەڵمەتێکـی سـزادانی لـە سـەربازگەی ڕەشـید کـردووە کـە بـە گوتـەی خـۆی گوایـە «پیلانێکـی هاوبەشـی کـورد و شـیوعییەکان لەئارادایـە». بەپێـی ئـەو ڕاپۆرتانـەش کـە لـە وڵاتانـی دراوسـێی عێراقـەوە

گەیشتوون، دووپاتی دەکەنەوە کە لێدوانەکانی عارف سەبارەت بە هەبوونی پیلانگێڕییەکی شیوعییەکان لە سەربازگەی ڕەشید هەیە، فریودانێکی دیکەیە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە سەربازانی سەربازگەکە فەرمانەکانی سەرووی خۆیان جێبەجێ نەکردووە لە گواستنەوەیان بۆ کوردستان بە مەبەستی بەشداریکردن لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی حکومەتی عێراق دژی کورد. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش بووەتە مایەی ترس خستنە نێو دڵی خەڵکی بەغدا. یەکەیەکی زۆری تانک بەرەو سەربازگەکەی ڕەشید جولێنران و بەعسییەکان ڕاپەڕینەکەی سەربازگەی ڕەشیدیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دامرکاندەوە و سەرجەم ئەو کەسانەش کە دەستگیر کرابوون لەناوبردران. لە هەوڵێکیشدا بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوەکە بۆ ڕای گشتی، ڕۆژنامەکانی عێراق هەڵمەتێکی توندیان دژی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دەستپێکرد و بە پیلانگێڕی دژی حکومەت و هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەست، تاوانباریان کردن. ڕووداوەکانی سەربازگەی ڕەشید دووپاتیان کردەوە کە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی بەعس و سەرکێشییە خوێناوییەکەی دژی کورد، لەلایەن سوپای عێراقیشەوە پشتیوانی ناکرێت.

ئەم ڕەفتارانەی سەرانی بەعس لە بەغدا، لە ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبیشدا ئیدانە و شەرمەزار کرا. ڕۆژنامەی (الشعب)ی لوبنانی بڵاویکردووەتەوە: «ئەو هێرشە خوێناوییەی سوپای عێراق دژی کورد دەستیپێکردووە، کردەوەیەکی نائەخلاقی و براکوژییە. ئەرێ لەناوبردنی نەتەوەی کورد پرۆسەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییە؟ دەبا ئەو کەسانەی کوردیان بە جوداخواز هەژمار دەکرد، دەمکوت بن، ئێمە دژی هەر جودابوونەوەیەکی کوردین لە عێراق و بە تاوانیشی هەژمار دەکەین. هەر ناکۆکییەکیش هەبێت، نابێت بە زەبری هێزی چەک و فڕۆکە و تانک کپبکرێنەوە و هیچ حسێبێک بۆ ڕای عەرەبە بەشەرەفەکانی عێراق نەکرێت، کورد، برای ئێمەن و داکۆکی لە نەتەوەی عەرەب دەکەن و ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەی عەرەبین و خۆشەویستی ئێمەن. نیازی بەعسییەکان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی، ناتوانن کورد لەناوببەن، بەڵکو خۆیان تێدەچن و چاوەڕێین، هەر واش دەبێت!».

هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ ئیدانەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژییەکەی حکومەتی عێراق دژی کورد، لە سەرتاسەری جیهان پەرەی سەندووە. حکومەتی کۆماری مەنگۆلیای میللی لە دەستپێشخەرییەکیدا داوای کرد کێشەی کورد بخرێتە نێو خشتەی کارەکانی خولی داهاتووی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام حکومەتی عێراق هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆماری مەنگۆلیای میللیدا بپچڕێنێت. ئەم ڕەفتارانەی حکومەتی عێراق لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاواوە پشتگیری دەکرێن. هیچ شتێکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەی ٤ی تەمووزی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان. بە هەوڵەکانی شاندنە ڕۆژئاواییەکان بڕیارەکەی یەکێتیی سۆڤیەت ڕەتکرایەوە کە سەبارەت بە سیاسەتی کۆمەڵکوژیی حکومەتی عێراق بوو دژی گەلی کورد. وێڕای گرنگیی ئەم بڕیارەی حکومەتی سۆڤیەت، کەچی شاندەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرە و چەند وڵاتێکی دیکە و بە هەماهەنگیی نوێنەری کۆلۆمبیا کە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی دەکرد، پرۆژە بڕیارەکەیان نەخستە نێو خشتەی کارەکان و بەردێکیان لەسەر دانا. دیموکراتخواز و لایەنگرانی نیازپاکی لە عێراق سوورن لەسەر ئەوەی پێویستە سنوورێک بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد و دیموکراتخوازەکانی عێراق دابنرێت.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٧/١٣**

**ڕێگە بە کۆمەڵکوژیی کورد مەدەن! تاوانەکە بەردەوامە**

ئەو شەڕ و کۆشتارە تاوانکارییەی حکومەتی عێراق دژی کوردستان بەرپای کردبوو، درێژەی هەیە، هەر دوێنێ خودی سەرۆک عارف بەرەکانی شەڕی بەسەرکردبووەوە، لە بەغدا حازم جواد وەزیری ناوخۆی عێراق کە تازە لە کوردستانەوە گەڕاوەتەوە دەڵێ: هێزەکانی حکومەتی عێراق ٤٠٠ کوردی دیکەیان کوشتووە، ئەمە زۆر خۆشحاڵی کردم، من ئێستا لەوێ دێمەوە و میزاجم فوولە!

بەڵام ئەو شاهێدحاڵانەی لە عێراقەوە هاتوون، باسی ڕەوشی بەغدا بە شێوەیەکی دیکە دەکەن و باس لە بێئومێدبوونی سەربازانی عێراق دەکەن، ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕدان لە کوردستان. دەنگۆی کودەتایەک لە بەغدا بڵاوبووەوە، دەستبەجێ سوپا ڕژایە ناو شار و بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵکەکە، بەعسییەکان پیلان دوای پیلان دادەڕێژن کە گوایە

پیلانگێڕییەکە ئاشکرا بووە و دەستبەجێ کۆتایی پێهێنراوە. ژمارەی ئەو نیشتمانپەروەرانەی لە سێدارە دەدرێن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان.

شەڕی کۆمەڵکوژیی بەعسییەکان دژی هاووڵاتیانی کورد، لە کۆنەپەرستی و پشتیوانی کردنی ئیمپریالیزمەوە سەرچاوە دەگرێت. فەلسەفەی بەعس، فەلسەفەیەکی ڕەگەزپەرستانەیە. گوێبگرن بزانن میشێل عەفلەق کە بە (ابو البعث) بەناوبانگە، لە کتێبەکەیدا کە بە بنچینەی هزری بەعسییەکان دادەنرێت، چی دەڵێت: «ڕۆڵی نەتەوەی عەرەب، ڕۆڵێکی ناوازەیە. عەرەبەکان داوایان لێدەکرێت ئەرکە مێژووییەکەی خۆیان بەجێبگەیەنن، ئەویش چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی مرۆڤایەتییەکانە». هەروەها دەڵێ: «تەنیا ئەو گەلە بچووکانەی ئۆزبەک، ئازەربێجان و قیرغیزییەکان کە مێژوو و کلتوور و هێزی ڕوحی ناسیۆنالیستییان نەبوو، بە ئایدیۆلۆژییەتێکی نامۆ قایل بوون- مارکسییەت وەک چەکێکی ڕابوونی ناسیونالیزم».

هەڵبەت خوێندنەوەی ئەم بڕگانە لە ویلایەتی ئەلابامای ئەمەریکادا، ڕەگەزپەرستانی ئەوێ دڵشاد دەبن، هەروەها ئەگەر لە یانەکانی بیرەخواردنەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بخوێندرێتەوە، تۆڵەسێنەران بەو شێوازە دەست بەرز دەکەنەوە کە سڵاویان لە هیتلەر دەکرد، بەڵام بۆ خەڵکی شەرفمەند، ئەم هەستە قێزەونانە مایەی شەرمەزارین!.

بۆیە هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئاست کێشەی کورددا جێگەی ڕێز و پشتیوانیی تەواوی مرۆڤایەتییە، بەڵام پێدەچێت سەرکردەکانی هێزە ڕۆژئاواییەکان وابەستەی هەڵوێستێکی دیکەی جیاوازتربن. بە ڕێککەوتیش نییە کە ئەوان لەو بڕوایەدابن شەڕ لە کوردستان بۆنی نەوتی کۆمپانیایەکی ئینگلیزیی لێبێت. ڕۆژئاوا، بە چەک و تەقەمەنی هاوکاریی حکومەتی بەغدا دەکات، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، کۆمەکی دارایی و ئابووری پێشکەش بە عێراق دەکەن. هاوکات ئەمڕۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی (الأخبار)ی نیویۆرک ڕایگەیاندووە: جەلال تاڵەبانی نوێنەری کورد و ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو نیویۆرک چووە بۆئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا قسە بکات، بەڵام ڤیزەی ئەمەریکای پێنەدرا.

**ک. فیشنفیتسکی، پەیامنێری تایبەتی لازڤستیا، قاهیرە، ١٢ی حوزەیران (لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە).**

## جارێکی تر ئامێری دەنگدان:

**جنێف، ١٢ی تەمووز. (تاس).** س. أ بۆریسۆف، سەرۆکی شاندی سۆڤیەت، داوای لە سەرۆکی خولی ئێستای ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووە، کێشەی سیاسەتی ئەو کۆمەڵکوژییەی حکومەتی عێراق لە دژی کورد وەک پرسێکی سەربار و بەپەلە بخاتە نێو خشتەی کارەکانی. بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییەی شاندی سۆڤیەت، باتینۆ سەرۆکی خولی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشنیازێکی خستووەتە بەردەم بەشداربووانی دانیشتنەکە سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی کورد و دوێنێ لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا نوێنەری یەکێتیی کۆمارەکانی سۆشیالیستی شۆڤیەتی (جی بی ئەرکادییێف) گوتبووی: کەس ناتوانێت لێبوردە بێت بەرانبەر ئەو هەقیقەتەی کە حکومەتی عێراق ئۆپەراسیۆنی فراوانی سەربازیی لە کوردستانی عێراق دەستپێکردووە و کۆمەڵکوژیی دەرهەق گەلی کورد بەرپا کردووە، جی بی ئەرکادییێف داوای لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووە ڕای خۆی بەرانبەر ئەم پرسە گرنگە بخاتەڕوو و داوا لە حکومەتی عێراق بکات دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی کورد ڕابگرێت، نوێنەری ئوردنیش هێرشی کردووەتە سەر باتینۆ و بەوە تۆمەتباری کردووە کە ڕێگە بە باسکردنی پێشنیازەکەی یەکێتیی سۆڤیەت داوە.

ئـا لێـرەدا ئامێـری دەنگدانـە بەدناوەکـە خراوەتـە ئیـش کـە پێشـتر بەهۆیـەوە چەندیـن ڕووداو و پرســی هەنووکەیــی و خێــرا پەکخــراوە. ئەویــش بــە ١٣ دەنگــی (ئەمەریــکا، ئینگلتــەرا، فڕەنســا، ئیتاڵیــا و چەنــد وڵاتێکــی دیکــە، بەرانبــەر دوو دەنگــی (یەکێتیــی سـۆڤیەت و چیکۆسـلۆڤاکیا) نوێنـەری سـێ وڵاتیـش دەنگیـان نـەدا (ئەسـیوپیا، یۆگسـلافیا و سـەنیگال) پێشـنیازەکەی یەکێتیـی سـۆڤیەت ڕەتکرایـەوە.

**داواکارییەکان یاساین، بەڵام ...**

ڕۆژنامـەی ئـۆرۆری پاریسـی لـە ١١ی تەمـووز گوتارێکـی سـەبارەت لێدوانەکانـی حکومەتـی سـۆڤیەت لەبـارەی کێشـەی کـورد، بڵاوکردووەتـەوە، گوتارەکـە بـاس لـە هۆکاری ئامادەنەبوونـی هێزەکانـی ڕۆژئـاوا دەکات لـە پشـتیوانی کردنـی خەباتـی کـورد لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان. ئـا لێـرەدا ئۆرۆر کە پسـپۆڕی هەڵبەسـتنی تۆمەتی دژی سـۆڤیەتە، ناچاربـوو ئـەم ڕاسـتییە بڵاوبکاتـەوە: «یەکێتیـی سـۆڤیەت وەک بەرگریکارێـک لە دۆزی ڕەوا لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕای گشـتیدا، مامەڵـە لەتـەک کێشـەی کـورددا دەکات».

هەروەها نووسیویەتی: «سبەی یەکێتیی سۆڤیەت داوا لە حکومەتەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا دەکات، تایبەتمەندی بە کێشەی کورد بدرێت و بێگومان سۆڤیەت لەم هەڵوێستەیدا لەسەر هەقە».

(ئۆرۆر) دەشپرسێت: بۆچی هێزە ڕۆژئاواییەکان، کورد لە داکۆکیکردن لەم داوا ڕەوایانە بێبەش دەکات؟ هەر خۆشی وەڵامدەداتەوە و دەنووسێت: ئاسانە، چونکە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ، لە تێکچوونی پێوەندییان لەگەڵ هاوپەیمانییە شەڕانگێزییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەترسن.

زیاتر ڕوونیدەکاتەوە دەڵێ: «ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەگەر ئۆتۆنۆمی بە کوردی عێراق بدرێت، تورکیا و ئێران تووشی شۆک دەبن، ئەمەش مانای گەمەکردنە بە ئاکامە هەنووکەییە ناخۆشەکە و واشنتۆن و لەندەن و پاریس لە پشتیوانیکردنی بارزانیدا دوو دڵن و لەوە دەترسن ئەنکەرە و تاران پێوەندییان بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بپچڕێنن».

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەدا: «پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوا یەکێکیان هەڵبژێرن، یان بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان، یانیش مافی گەلان»، هەڵبەت وشەی (پێویستە) لە زیادە بەکارهێنراوە، ئەگینا، هێزە رۆژئاواییەکان بژارەدەیان هەڵبژاردووە کە نە دوور و نە لە نزیک پێوەندیی بە مافەکانی گەلانەوە نییە، بە مافی گەلی کوردی عێراقیشەوە.

**خزمەتگوزاریی لازڤستیا! ١٢ی تەمووز**

**«ئیزڤستیا» ١٩٦٣/٧/١٤**

**مافی ڕەوای کورد**

من هەست بە نیگەرانی دەکەم لە ئاست چارەنووسی گەلی کورد، بانگەوازم بۆ هەموو عەرەب: خوێنڕشتن لە کوردستان ڕاگرن! خەڵک لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا بێت تینووی ئاشتییە، کوردیش کە بەدرێژایی چەند سەدەیەکە دەچەوسێنرێنەوە، بە ئاگری ئازادی و ئاشتی دەسووتێن. هاوشێوەی گەلانی دیکە، ئەوانیش نیشتمانی خۆیان خۆشدەوێت و خوازیارن بە هەمان شێوازی ئەو گەلانە بژین کە لە دەست چەپۆکی ئیمپریالیزمدا ئازاد بوونە.

ڕابەری کورد، مستەفا بارزانی دەڵێت: «یان ئەوەتا وەک گەلێکی ئازاد بژین، یان بە پاڵەوانی بمرین کە بەرگری لە ئازادیی کوردستان و شەرەفی دایکانمان و بەختەوەریی منداڵانمان دەکەین». گەلی کورد کە دەیانەوێ بە ئاشتی و ئازادی بژین، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا خەبات دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. هەروەها دەیانەوێ منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان بخوێنن و بەشێک لە داهاتی سامانی کوردستان (نەوت، مس، ئاسن، زیو، قورقۆشم و شتی تر) لە بەرژەوەندیی کورددا خەرج بکرێت.

عەرەب و کورد لە عێراقدا بران، لە نیشتمانێکدا هاوبەشن، خۆرێک بەسەریان هەڵدێت و ئاسمانێکیش بەسەریانەوەیە. گەلی کورد قوربانیی زۆری لەپێناو ئازادیی عێراق داوە و تاکو ئێستاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٥م لەبیرە، کاتێک لەبەرچاومدا کۆشتارگەیەکی قێزەون بە دەستی کۆنەپەرستانی تورک بۆ کورد ڕێکخرا. ئینجا کۆمەڵکوژییەکی نامرۆییانە دژی کورد لەلایەن بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم نووری سەعید و قاسم، دیکتاتۆری پێشووی عێراقی هاتەسەر. دوای هەموو ئەمانەش کارەساتی جەنەڕاڵ عارف و بەعسییەکان و لەشکرکێشییەکانیان بۆ کوردستان، بەکورتی، جارێکی دیکە پیلانگێڕیی ئیمپریالیزمە کۆنەپەرستەکان دەرهەق بە براکانم ئەنجام درا.

بەعسییەکان دەیانەوێ ئیرادەی خۆیان بە زەبری هێز بەسەر کورددا بسەپێنن و ئەوانەی شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، بازنەی پاکتاوکردن لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا فراوان دەکەن. سیاسەتی کۆمەڵکوژی دژی کوردیش لە بەرژەوەندیی ئیمپریالیستەکانە، ئەوانەی خاوەن مۆنۆپۆلی چاوچنۆکانەی نەوتن. ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدات، کارەساتێکی مرۆییە دەرهەق بە تەواوی گەلانی عێراق. هەقیقەت لە پشت کورد و هەر عەرەبێکی ڕاستگۆ و هەر عێراقییەکیش کە ئاشتی و ئازادیخوازە، دەبێ دەنگی ناڕەزایی دژی خوێڕشتنی کورد بەرز بکاتەوە.

پێویستە دەستی ئەو سەربازانە ببەسترێتەوەر کە لوولەی ڕەشاشەکانیان ئاراستەی منداڵ و ژن و بەساڵاچووان کردووە. من داوا لە سەرجەم کرێکار و جوتیار و ڕۆشنبیران دەکەم لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا و بانگەوازم بۆ خودان وێژدانانی جیهانە و پێیاندەڵێم: «خوێنڕشتن لە کوردستان ڕاگرن».

پێویستە سنوورێک بۆ پیلانگێڕیی قۆرخکارانی نەوت دابنرێت «کۆمپانیای نەوتی عێراق» و ئەو کۆمپانیانەی بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی بەعسییەکان.

**ساحب جەمال، نووسەرێکی عەرەب**

**«پراڤدا»١٩٦٣/٧/١٥**

**پێوەندییەکانی سەرکەوتن لەگەڵ ڕەوشەکەدا ناگونجێن**

**نیویۆرک، ١٤ی تەمووز. (تاس).** پەیامنێری ئاژانسی ئەسۆشیتد پرێس لە بەیرووتەوە ڕایگەیاندووە: وێڕای بانگەشەکانی بەغدا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی گەورە، پێدەچێت پێشمەرگە بە توندی بەرگری دەکات و ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەتەوە و لەپێناو بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا خەبات دەکەن.

حازم جواد وەزیری ناوخۆی عێراق، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرگرییەکانی بارزانی «بەتەواوی تێکشکێنراون». بەڵگەش لەبەردەستدان کە بانگەشەکەی وەزیری ناوخۆ تا ڕادەیەکی زۆر، تەنیا ئاواتن و لەگەڵ ڕەوشەکەدا دەگونجێت.

لە شەش بۆنە زیاتر، بەرپرسانی عێراق و ئەفسەرانی سوپا لە ڕادیۆی بەغداوە ڕایانگەیاندووە: شەڕەکە گەیشتووەتە قۆناغی پرۆسەی کێوماڵ و پاکتاوکردن. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسە سەربازییەکان هەر بەردەوامن. حکومەت ڕاشیگەیاندووە، ئەو یاخیبووانەی لە ١٥ی تەمووز خۆیان ڕادەست دەکەنەوە، لێبوردنیان بۆ دەردەکەین.

تاکو ئێستا، حکومەتی عێراق چوار جار ماوەی لیبوردنەکەی درێژ کردووەتەوە و ڕۆژی٣٠ی تەمووزی بە دوا مۆڵەت داناوە بۆ پرۆسەی خۆڕادەستکردنەوەکە. لە ڕۆژانی بەرایی هەڵمەتە سەربازییەکاندا، حکومەتی عێراق سەرکەوتنی ئاسان و خێرای بەدەست دەهێنا. گوندەکانی لە دەشتایی و شیوەکانەوە بۆردومان کردووە و چەکدارانی کورد هانایان بۆ چیاکان بردووە. ئێستا شەڕی ناوچە شاخاوییە سەخت و دوورەدەستەکان دستیپێکردووە کە کورد چەندین سەدەیە تێیاندا دەجەنگن و حکومەت دەڵێ: چەند زیانێکی کەمیان لێکەوتووە.

هیچ هەواڵێکمان لە کوردستانەوە پێنەگەیشتووە و زانیاریمان لەبارەوە لەلا نییە، بەڵام لە مانگی تەمووز ئەو کوردانەی نیشتەجێی پاریسن، بەیاننامەیەکیان دەرکردووە و تێیدا ڕاگەیەنراوە: لە نیوەی دووەمی مانگی حوزەیران، پێشمەرگەکانی بارزانی ١٣٤٠ سەربازی سوپای عێراقیان کوشتووە و بریندارکردووە و ٧٠٠ سەربازی دیکەشیان بەدیلگرتووە. چاودێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت

حکومەتـە عەرەبییەکانیـش هەسـت بـە نیگەرانـی دەکـەن لـە ئاسـت ئـەو دەنگۆیانـەی لـە ڕادیـۆی بەغـدادا بڵاودەکرێنـەوە و لـە بەغداشـدا سانسـۆرێکی توندیـان خسـتووەتە سـەر پەیامنێـران کـە بێجگـە لـەو هەواڵـە فەرمییانـەی حکومـەت، هیـچ هەواڵێکـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان بڵاونەکەنـەوە. ڕوونیـش نییـە ئاخـۆ سـوپای عێـراق کـە پێویسـتی بـە ڕێگەوبـان هەیـە بـۆ گواسـتنەوەی تانـک و تەقەمەنـی و کەرەسـتەی پێویسـت، دەتوانێـت لـەو ناوچـە شـاخاوییە سـەختانەدا شـەڕ بـکات یاخـود نـا؟

لـە ڕووانگـەی بەرگریکردنـەوە، ئەرکـی سـەرەکیی سـوپای عێـراق، پاراسـتنی چاڵگـە نەوتییـە دەوڵەمەندەکانـی کەرکـووک و مووسـڵ بـوو کـە ٩٠٪ی سـەرچاوەی داهاتـی عێـراق پێکدێنـن، لـە ١٢ی تەمـووزدا سـەرۆک عـارف لـە کەرکـووک بـە ئەفسـەرانی سـوپای عێراقـی گوتبـوو: «ئێمـە پێویسـتمان بـە سـەرکەوتنێکە بیکەینـە دیاریـی ئاهەنگەکانـی ١٤ی تەمـووز» - ئاهەنگـی یادکردنـەوەی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـە ڕژێمـی پاشـایەتیی عێراقـی تێـدا ڕووخـا. بـە ئـازادی مانـەوەی مسـتەفا بارزانیـش پێناچێـت ئـەو سـەرکەوتنە لـەو بـەروارەدا بێتـەدی.

**«کۆمسۆمۆلیکایا پراڤدا» ١٩٦٣/٧/١٦**

**ئامارەکانی شەڕ**

لـە مانگـی تەمـووزدا، کـوردی نیشـتەجێی پاریـس بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە و تیایـدا ڕایانگەیانـد: پێشـمەرگەکانی بارزانـی، لـە نیـوەی دووەمـی مانگـی حوزەیرانـدا، زیانـی ١٣٤٠ کـوژراو و برینداریـان بـە سـەربازانی سـوپای عێـراق گەیانـدووە و ٧٠٠ کەسیشـیان بەدیلگرتـووە و دەسـتیان بەسـەر هـەزار پارچـە چەکـی جۆراوجۆریشـدا گرتـووە، حـەوت فڕۆکەشـیان خسـتووەتە خـوارەوە کـە یەکێکیـان سـەر بـە سـوپای سـووریا بـوو، ٢٠ زرێپۆشـی سـوپای عێراقیشـیان دەسـکەوتووە. هەروەهـا لـە بەیاننامەکـەدا ئامـاژە بـە زیانەکانـی هێـزی پێشـمەرگەش کـراوە کـە ١٣٤ کـوژراو و ٢٣٧ برینـدار بـووە.

**«کۆمسۆمۆلیکایا پراڤدا» ١٩٦٣/٧/١٧**

**کێ پشتیگیریی بەعسییەکان دەکات؟**

ڕۆژنامـەی (النـداء)ی لوبنانـی نووسـیویەتی: ڕەتکردنـەوەی پێدانـی ڤیـزە بـە جـەلال تاڵەبانـی بـۆ چوونـە نیویـۆرک و گفتوگۆکردنـی کێشـەی کـورد لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئاماژەیەکـی ڕوون و ئاشـکرایە کـە ئەمەریـکا پشـتگیریی بەعسـییەکان دەکات لـە شـەڕی ڕەگەزپەرسـتانەی دژی کـورددا. لـەو پشـتگیرییەدا ئەمەریـکا بـە تەنیـا نییە، بگـرە ئینگلتەرە و وڵاتانـی ئەنـدام لـە کوتلـەی سـینتۆش بەشـدارن لـە شـەڕی کۆمەڵکوژیـی حکومەتـی عێـراق دژی کـورد. هەمـوو دونیـاش ئیدانـەی ئـەو شـەڕە خوێناوییـەی دژی کـورد دەکات و داوا دەکات بـە زووتریـن کات دەسـتوەردانی وڵاتانـی سـینتۆ و قۆرخکارانـی نەوتـی ئەنگلـۆ ئەمەریکـی لـە کاروبـاری نێـو خـۆی عێـراق ڕابگیرێـت.

**«ڤیگرنی تبلیسی» ١٩٦٣/٧/١٩**

**بەپێی ڕۆژنامەی «نیا» و ئەو زانیارییانەی لە دیمەشقەوە گەیشتوون**، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە دیمەشق، داوای لە حکومەتی سووریا کردووە، ڕێگە بە فڕۆکەکانی بەریتانیا بدات بە ئاسمانی سووریادا بفڕن و بچنە عێراق، هەر لەو سەرچاوانەشەوە دووپاتکراوەتەوە کە فڕۆکەکانی بەریتانیا بە مەبەستی بەشداریکردن و هاوکاریکردنی سوپای عێراق لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای حکومەتی عێراق دژی کورد، دێنە وڵاتەکەوە.

**«زاریا فۆستۆکا»١٩٦٣/٧/١٩**

**کورد درێژە بە شەڕکردن دەدات**

**نیویـۆرک، ١٧ی تەمـووز. (تـاس).** ئەلیکسـی ئەتیفۆلـۆس، پەیامنێـری ئاژانسـی ئەسۆشـێتد پرێـس توانیویەتـی سـەردانی ناوچـەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی عێـراق لـە کوردسـتان بـکات و لـەوێ چـاوی بـە ژمارەیـەک سـەرکردەی کـورد بکەوێـت. سـەردانەکەی زۆر سـەخت و دژوار بـووە، چونکـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق ڕێگەیـان نـەدەدا پەیامنێرانـی ئاژانسـەکانی بیانـی سـەردانی کوردسـتان بکـەن. پێویسـت بـوو ئەفتیفۆلـۆس، ڕێگـەی

ڕێـڕەوە شـاخاوییەکان بگرێتەبـەر و خـۆی لـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق بەدووربگرێـت و جلـی کـوردی بپۆشـێت. ئـەو پەیامنێـرە سـەرنج و تێبینییەکانـی خـۆی دەربـارەی دیمانـە و لێدوانەکانــی ســەرکردە کــوردەکان بــۆ ئاژانســەکەی بنێرێتــەوە.

دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان بـە مانگێـک، ئەفتیفۆلـۆس نووسـیویەتی: پێشـمەرگەکانی کوردسـتان توانیویانـە ڕێگـە لـە پێشـڕەوییەکانی سـەربازانی سـوپای عێـراق بگـرن و تـەواوی ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان کۆنتـڕۆڵ بکـەن.

هێشـتا سـوپای عێـراق کـە ئۆپەراسـیۆنەکانیان لـە سـەرەتاکانی مانگـی حوزەیرانـدا دژی کـورد دەسـتپێکردووە، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە دەوروبـەری شـارەکانی کوردسـتاندا کۆبوونەتـەوە (مووسـڵ، هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی). لـە چەنـد گوندێکیشـدا چەنـد بنکەیەکــی ســەربازییان جێگیرکــردووە. ڕێگــە ســەرەکییەکانی نێــوان شــارە گەورەکانــی کوردســتان لەلایــەن هێزەکانــی پێشــمەرگەوە کۆنترۆڵکــراوە و گیــراون و بــە زەبــری ئــەو یەکـە سـەربازییانە نەبێـت کـە بـە پشـتیوانیی تانـک و زرێپۆشـەکان پێشـڕەوی دەکـەن، ناتوانــن بــە ئــازادی هاتوچۆیــان پێــدا بکــەن.

ئیبراهیــم ئەحمــەد، ســکرتێری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە یەکێکــە لــە ســەرۆک ئەرکانەکانــی کــورد، لــە لێدوانێکیــدا بــۆ پەیامنێــری ئاژانســی ئەسۆشــێتد پرێــس ڕایگەیانــدووە: ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق هیـچ کاریگەرییەکیـان نییـە و گوتوویەتــی: هێزەکانــی ســوپای عێــراق تەنیــا لــە کوشــتن و بڕینــی هاووڵاتیانــی ســڤیل و وێرانکردنــی گونــدەکان و کوشــتنی گوندنشــیناندا ســەرکەوتوو بوونــە و هــەزاران کــوردی شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتانیان بــە بارمتــە گرتــووە و لــە بەندیخانــەی بنکەکانــی پۆلیســدا دەستبەســەریان کــردوون و وەکــو بارمتەیــەک مامەڵەیــان لەتەکــدا دەکــەن و هەڕەشـەی کوشـتیان لێدەکـەن ئەگـەر بێـت و هێـرش بکرێتـە سـەر سـەربازگە و بنکەکانـی پۆلیــس، ئەوانــەی بەندکراوەکانیــان تێــدا بــە بارمتــە گرتــووە.

لـە کۆتاییـدا گوتوویەتـی: «هـەروەک خۆتـان دەیبینـن ئێمـە لـە شـەڕ و بەرگریکـردن لـە خەڵـک و خاکـی کوردسـتاندا بێئومێـد نەبووینـە. قاسـممان بـەو چارەنووسـە گەیانـد کـە بینیتـان و حکومەتـی ئێسـتای عێراقیـش ناتوانێـت بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لەناوبـدات».

**«پراڤدا» ۱۹٦۳/۷/۲۲**

**شەڕی دریژخایەنی دژی کورد ڕاگرن**

بەیاننامەی هاوپشتیی سۆڤیەتی، ئاسیایی و ئەفریقیایی

لێژنـــەی ســـۆڤیەتی بـــۆ هاوپشـــتی لەنێـــوان وڵاتانـــی ئاســـیا و ئەفریقیـــا، بەیاننامەیەکـــی بڵاوکردووەتـــەوە و تێیـــدا بـــە نوێنەرایەتیـــی ملیۆنـــان گەلـــی ســـۆڤیەت بـــە توونـــدی ئیدانـــەی ئـــەو شـــەڕ و کوشـــتارە خوێناوییـــە دەکات کـــە حکومەتـــی عێـــراق دژی خەڵکـــی بێتاوانـــی کوردســـتان بەرپایکـــردووە. لـــە بڕگەیەکـــی دیکـــەی بەیاننامەکـــەدا هاتـــووە: ئێمـــە دەنگـــی خۆمـــان دەخەینـــە پـــاڵ ئـــەو دەنگـــە ناڕازییانـــەی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی و داوا لـــە حکومەتانـــی ســـەرجەم وڵاتـــان دەکەیـــن، ڕێوشـــوێنی پێویســـت بگرنەبـــەر بـــۆ ڕاگرتنـــی ئـــەو ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازی و تیرۆرکردنـــە پۆلیســـیانەی لـــە لایـــەن حکومەتـــی عێراقـــەوە دەکرێنـــە ســـەر خەڵکـــی کوردســـتان. هەروەهـــا داوا لـــە ســـەرجەم نیازپاکانـــی جیهـــان دەکەیـــن، بـــۆ داکۆکـــی کـــردن لـــە گەلـــی کـــورد، دەنگیـــان بەرزبکەنـــەوە و داوای دەســـتبەجێ ڕاگرتنـــی کۆمەڵکوژیـــی کـــورد بکرێـــت کـــە دامـــودەزگا کۆنەپەرســـتەکانی حکومەتـــی عێـــراق بەرپایکـــردووە.

تۆرسـۆن زادە، سـەرۆکی لێژنـەی هاوپشـتیی لەگـەڵ وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا، بـــە برووســـکەیەک داوای لـــە یـــو تانـــت ئەمینـــداری نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان کـــردووە، لـــە نەتـــەوە یەکگرتووەکانـــەوە ڕێـــکاری پێویســـت بگیرێتەبـــەر بـــۆ ملکەچکـــردن بـــۆ جارنامـــەی مافەکانـــی مـــرۆڤ و ئـــەو خونڕشـــتنەی کـــوردی کوردســـتانی عێـــراق ڕابگیرێـــت کـــە هیـــچ پاســـاوێک بـــۆ هەڵگیرســـاندنی ئـــەم جـــۆرە شـــەڕانە نییـــە.

**(تاس)**

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٧/٢٧**

**هێزەکانی ئاسمانیی تورکیا بەشداری لە شەڕی دژی کورد دەکات**

**ئەکرا، ٢٦ی تەمووز. (تاس).** بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەکانی (غانا) بڵاوکراونەتەوە، یەکەیەکی تایبەتی هێزە ئاسمانییەکان لە توندڕەوەکانی تورکیا پێکهێنراوە کە لە بنکەی ئاسمانیی ئینجرلیک کۆکراونەتەوە و ئامادەکراون بۆ شەڕکردن دژی کوردی عێراق بە ڕابەرایەتیی بارزانی. زانیارییە باوەڕپێکراوەکانی لە ئەستەنبووڵەوە گەیشتوون، ئاماژە بەوە دەدەن: فڕۆکەکانی تورکیا پێگەکانی کوردیان لە کوردستان بۆردومان کردووە و لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا ژمارەیەک لە دانیشتوانی ناوچەکە بوونەتە قوربانی. چەند زانیارییەکیش گەیشتوون کە تا ئێستا پشتڕاست نەکراونەتەوە، گوایە یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکاش کە لە تورکیا کۆکراونەتەوە، بە هاوبەشیی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا بەشداری لە بۆردومانەکاندا دەکەن.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٣٠، ١٩٦٣/٧/٢٧**

**درۆ گەورەکەی بەغدا**

سەرکردەکانی بەعس چەندین جار لێدوانیان بڵاوکردووەتەوە کە گوایە «سنووری‌کیان بۆ ڕاپەڕینی کورد داناوە». لەم دواییەدا ئەفتیفۆلۆس پەیامنێری ئەسۆشێتد پرێس لە تاران، چووەتە کوردستان و لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو ئەو دەنگۆیانەی بەعسییەکانی بەدرۆخستووەتەوە و دووپاتیکردووەتەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانیان ئازاد کردووە.

**ئەسۆشێتد پرێس، نیویۆرک.**

شۆڕشـگێرانی کـورد، داوایـان لـە باڵیۆزخانەکانـی وڵاتـان کـردووە، دیپلۆماتکارانیـان لـە کوردسـتان بکێشـنەوە «نەبـادە بـەو ئاگـرە بسـووتێن کـە حزبـی بەعسـی فاشـیزم لـە ناوچەکـەدا هەڵیگیرسـاندووە».

لـە دیمانەکەیـدا لەگـەڵ ئۆتیفـۆس، ئیبراهیـم ئەحمـەد سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەڵـێ: «حکومەتـی بەغـدا بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە شۆڕشـگێڕانی کـورد، لـە

ژمارەیەکـی کەمـی دز و جـەردە بـەولاوە هیچـی دی نیـن و هیـچ هێزێکـی ڕاسـتەقینەیان لەپشـت نییـە. ئاگادارکردنەوەکانمـان لەچوارچێـوەی دەسـتگیرکردنی دوو کەسـی ئەڵمانـی بـۆ هاووڵاتیانـی بیانـی دووپاتکردووەتـەوە، تاکـو بـۆ هەمـوو جیهانـی بسـەلمێنین ئێمـە هێشـتا توانـای شـەڕکردنمان هەیـە».

ئەو پەیامنێرە نووسیویەتی: دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق ڕێگری لە پەیامنێران دەکەن سەردانی ئەو ناوچانەی کوردستان بکەن کە شەڕیان تێدا گەرمە، کەچی ئەو بە جلی کوردییەوە و بە سوای ئەسپ و بە پیادەیی سێ شەو، بە بڕینی ڕێڕەوە شاخاوییە باریکەکان، خۆی گەیاندووەتە کوردستان و لە ڕۆژانی ئەو سێ شەوانەدا خۆی لەبەر چاوی سەربازانی سوپای عێراق دزیوەتەوە و لە کونە شاخەکاندا خۆی حەشار داوە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: کاتێک گەیشتمە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان، جووڵەمان لەسەرخۆ بوو، چونکە لە کوردستاندا ڕێگەوبانێکی ئەوتۆ نەبوو بە ئاسانی هاتوچۆی تێدا بکرێت، دوای بەردەوامبوونی مانگێک لە شەڕ و کوشتار، جارێکی دیکە پێشمەرگە توانییان پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق ڕاگرن و تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ئازاد بکەن.

تاکو ئێستاش سوپای عێراق کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیران دەستپێکردووە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە شارە گەورەکانی وەکو مووسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکووک گردببوونەوە، تەنیا چەند سەربازگەیەکی بچووکیان لە گوندە دوورەدەستەکان کردبووەوە، پێشمەرگە ڕێگەی نێوان شارە سەرەکییەکانیشی گرتبوو و سوپای عێراق تەنیا لەو کاتانەدا گوزەریان دەکرد کە تانک و زرێپۆشیان لەگەڵدا بووایە.

حکومەتـی عێـراق ئەو دەنگۆیەشـی بڵاوکردبووە کـە گوایە هۆزە عەرەبەکانی مووسـڵیان چەکـدار کـردووە و زنجیرەیـەک هێرشـیان کردووەتـە سـەر گونـدە کوردنشـینەکانی ناوچەی بریـا و وێرانیـان کـردوون و ١٠٠ گوندنشینیشـیان کوشـتووە. بەپێـی چەنـد ڕاپۆرتێکیـش ٢٠٠ هاووڵاتـی لـە کەرکووک و سـلێمانیدا کـوژراون.

ئیبراهیـم ئەحمـەد ئەوەشـی ڕاگەیاندبـوو، بـە پێچەوانـەی ئـەو بانگەشـانەی حکومەتـی عێـراق دەیـکات بـۆ سـەرکەوتن، تاکـە دەسـتکەوتی ئـەو سـوپایە لـە مـاوەی یـەک مانگـی دەسـتپێکی شـەڕ و ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان، تەنیـا شـارەدێی کۆیەیـان داگیـر کـردووە کـە دەکەوێتـە ٤٠ میلـی باکـووری ڕۆژئـاوای کەرکووکـەوە.

پاشان لە سەربازگەکەی کۆیەش لە کاتی ئاگربەستدا پاشەکشەی کردووە و هیچ هەوڵێکمان بۆ ئازادکردنی شارۆچکەکە نەداوە. هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد ڕوونیدەکاتەوە: لە زۆربەی ئەو جارانەی پێشمەرگە هێرشیان دەکردە سەر بنکەکانی پۆلیس یاخود سەربازگەکانی سوپای عێراق و دەستیان بەسەردا دەگرتن، پێشڕەویی زیاتریان نەدەکرد و لە شوێنی خۆیاندا دەمانەوە و کۆنترۆڵیان دەکرد، ئەم شێوازی شەڕکردنەشیان بۆئەوە بوو کە هاووڵاتیانی سڤیل لە بۆردومانی فڕۆکەکان بپارێزن کە لە پاش هەر هێرشێکی پێشمەرگەدا ئەنجامدەدران.

ئیبراهیـم ئەحمـەد لـە درێـژەی باسـکردنی تاکتیکـی شـەڕەکانی پێشـمەرگەدا، ڕوونیکردووەتـەوە: «ئێمـە بەوپـەڕی توانامـان هەوڵـمان داوە، سـوپای عێـراق، هێزەکانـی خـۆی پـەرت و بڵاوبکاتـەوە، ئینجـا ئێمـە هەمـوو ڕێگەیەکـی پێوەندیکردنـی نێـوان هێزەکانیانمـان دەپچڕانـد، لـە چەنـد ناوچەیەکـی بچووکـدا هێزەکانـی حکومەتـی عێراقـمان لەیەکـدی دادەبـڕی و کاریگەرییەکانمـان لاواز دەکـردن، بەبـێ ئـەوەی هیـچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی ڕاسـتەوخۆیان لەگەڵـدا بکەیـن کاتێـک ژمارەیـان زۆر دەبـوو».

هەروەهـا ئیبراهیـم ئەحمـەد ئـەو دەنگۆیانـەی ڕادیـۆی بەغداشـی بەدرۆخسـتووەتەوە کـە گوایـە، هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە کۆتایـی حوزەیرانـی ڕابـردوودا بـەرەو ناوچـەی بـارزان پێشـڕەوییان کردبێـت و چیـای پیرسـیان کۆنتـڕۆڵ کردبێـت و چەندیـن بەیاننامەیـان لەمبارەیـەوە بڵاوکردووەتـەوە کـە هەموویـان دوورن لـە ڕاسـتییەوە و بێبنەمـان.

«لـە یەکەمیـن مانگـی دەسـتپێکی شـەڕەکاندا بۆ تەنیـا جارێکیـش هێزەکانی پێشـمەرگە تووشـی شکسـتی سـەربازی نەبـووە» ئیبراهیـم ئەحمـەد وا دەڵێ.

زیانە گیانییەکانی ئێمە لە تەواوی هێرشە سەرکەوتووەکانی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق، لە بەرزترین حاڵەتدا گەیشتووەتە ٢٥ کەس و لە هەمان ئەو ماوەیەشدا پتر لە ٢٠٠ سەربازی سوپای عێراق و پۆلیس و حەرەس قەومیمان کوشتووە و ١٥٠ سەرباز بەدیلگیراون و ٥٠٠ پارچە چەکی جۆراوجۆریشمان دەستکەوتووە لەگەڵ ٥٠ هەزار فیشەک.

هـەروەک خۆشـتان دەیبینـن، ئێمـە لـەو شـەڕە بێئومێـد نەبووینـە و سـەرکردایەتیی حزبمـان هەمیشـە ئامـادەی دانوسـتان بـووە لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا بـۆ ئاگربەسـت و کۆتاییهێنـان بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان و گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی یەکلاکـەرەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد، دووەمین سەرکردەی شۆڕشگێرانی کوردە لە دوای ڕابەری سەربازیی ئەفسانەیی مەلا مستەفای بارزانی کە پۆستی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەرگرتبێت، یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسیش بەشدارییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کردووە.

ئـەو سـەرکردەیە ئامـاژەی بـەوەش داوە: «ئێمـە هەوڵـی جودابوونـەوە نادەیـن لـە عێـراق، دەمانـەوێ هـەر لەگـەڵ برایانـی عەرەبماندا بمێنینـەوە، بـەڵام ئێمـە کوردیـن و لـە کوردسـتاندا دەژیـن، نـەک لـە عەرەبسـتان (کـورد، بـەو ناوچانـەی خـوارووی عێـراق کـە عەرەبیـان تێـدا دەژیـن دەڵێـن: عەرەبسـتان) و ئێمـە دەمانەوێـت ڕێـز لـە هەسـتە نەتەوایەتییەکەمـان بگیرێـت و مـاف و زمانمـان پارێـزراو بێـت».

**ئۆپەراسیۆنی «پڵینگ»**

وڵاتانـی بەشـدار لـە کوتلـەی سـینتۆ دەیانـەوێ شـەڕی کوردسـتان بـۆ ئـەوە بقۆزنـەوە کـە عێـراق پەلکێشـی نێـو ئـەم کوتلەیـە بکـەن.

**جۆرنـاڵ «DEGIPT»، قاهیـرە:** دوای دەرچوونـی عێـراق لـە پەیمانـی بەغـدا، ئیـتر شـتێک نەمـا بـە نـاوی پەیمانـی بەغـدا، بـەڵام هێـزە ڕۆژئاواییـەکان ئـەم پەیمانەیـان لەژێـر نـاوی سـینتۆ زینـدوو کـردەوە. کوتلـەی ناوبـراو هەمـان ئـەو ئامانجانـەی هەبـوو کـە لـە پەیمانـی بەغـدادا چەسـپابوو بـە هەمـان شـێوازیش کاریـان دەکـرد. هەرچەندیـش بارودۆخـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن دژوارتـر بووایـە، ئـەم کوتلەیـە چالاکـتر دەبـوو، ئەمجارەیـان سـەرکردەکانی سـینتۆ، شـەڕی کوردسـتانیان بـە کاتێکـی لەبـار دانـا بـۆ قایمکردنـی پێگـەی خۆیـان لـەوێ و دەسـتوەردان لـە کاروبـاری نێوخـۆی وڵاتـدا بکـەن.

نوێتریـن زانیاریـش کـە لـە دامـودەزگا فەرمییەکانـدا گەیشـتوون، ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ئەنجوومەنـی هەمیشـەیی سـینتۆ لـە ئەزمیـر کۆبوونەتـەوە و خەریکـی پیلانگێڕیـی ڕێگەخۆشـکردنن بـۆ دەسـتوەردانی هـەردوو حکومەتـی تورکیـا و ئێـران لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێراقـدا، دژی کـوردی کوردسـتانی عێـراق، ئـەم پیلانگێڕییـە بەرفراوانـە ناونـرا ئۆپەراسـیۆنی پڵینـگ. ئـەم ئۆپەراسیۆنەشـیان لەبەرئـەوە بـوو کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە بەرگریکـردن لـە خاکـی کوردسـتان دەسـت هەڵناگـرن و هێزێکـی کاریگـەرن لـە ناوچـە

شـاخاوییەکاندا و توانـای لێدانـی سـوپای عێراقیـان هـەر مـاوە. سـەرکردەکانی سـینتۆ لەوبڕوایـەدا بـوون کـە لـە شـەڕی کـورددا، نابێـت هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق لاوازبـن و ناوچـە نەوتییـەکان بـۆ هێرشـە تێکشـکێنەرەکانی پێشـمەرگە کراوەبـن.

لەگەڵ ئەوەشدا، مستەفا بارزانی ڕایگەیاندبوو کە ئامانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تێکدانی بیرە نەوتەکانی کوردستان نییە و دەستدرێژییان ناکرێتە سەر و ناوچەی بیرە نەوتییەکان پارێزراون. کەچی سەرکردەکانی سینتۆ هەر مکووڕ بوون لەسەر ئەوەی گوایە بەردەوامبوونی شەڕ بە شێوازە کلاسیکییەکەی، ناوچەکانی نزیک بیرە نەوتییەکان دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە هانی تورکیا و ئێرانیان دەدا دەستوەردانی چەکداری بکەن و لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە بجەنگن کە لەڕاستیدا ئامانج لەم هەنگاوە تەنیا گەڕاندنەوەی عێراقە بۆ ژێر ڕکێفی ئیمپریالیزم.

لـە بەراییـدا هێزەکانـی تورکیـا و ئێـران لەسـەر سـنووری عێـراق کۆکرانـەوە، بۆئـەوەی لەکاتـی گونجـاودا پێشـڕەوی بکەنـە نێـو خاکـی کوردسـتانی عێـراق و بەبیانـووی یارمەتیدانـی سـوپای عێـراق، چەنـد ناوچەیەکـی تێـدا داگیـر بکـەن.

ئۆپەراسیۆنی پڵینگ، پرۆسەیەکی بەرفراوانی داگیرکاری بوو، پلانەکە بەو جۆرە بوو کە هێزەکانی تورکیا بەرەو مووسڵ و هێزەکانی ئێران بەرەو سلێمانی پێشڕەوی بکەن و هێڵی جیاکەرەوەی ئەو دوو هێزەش، بە درێژایی ڕێگەی ڕانیە - هەولێر- کەرکووک - بەغدا بێت.

هەرچەنـدە ئەمەریـکا بـە فەرمـی ئەندامێکـی نێـو سـینتۆ نەبـوو، بـەڵام فڕۆکـە بارهەڵگرەکانـی ئەمەریـکا بەپێـی پلانەکـە بەشـدارییان لـەو ئۆپەراسـیۆنەدا کـرد، لەلایەکـی دیکەشـەوە، ئینگلتـەرە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، بنکـە سـەربازییەکانی لـە خزمـەت ئۆپەراسـیۆنی پڵینگـدا بهێڵێتـەوە.

هەمـوو ئامادەباشـییەک بـۆ ئۆپەراسـیۆنی پڵینـگ کـراوە: داتـا دیپلۆماسـییەکان و پاسـاوهێنانەوە بـۆ دەسـتوەردانەکە و ئـەو داتایانـەی مەبەسـتی پێشـێلکردنی سـەروەریی عێـراق بـۆ گەلانـی عێـراق ڕوون بکاتـەوە و وردەکاریـی پلانەکـەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکە هەمـوو ئامادەکـراون.

ئـا بەمجـۆرە، شـەڕی دژی کـورد، سـنووری نیشـتمانی تێپەڕانـد و بـووە پرسـێکی

نێودەوڵەتی. پێشوەختە چوونە نێو کوتلەی سینتۆ چاوەڕوانکراو بوو و ئەندامانی ئەم گرووپە هەوڵ دەدەن عێراق بخەنە ڕیزی خۆیانەوە و ئۆپەراسیۆنەکە بکەنە بەردی بناغەی ستراتیجییەتەکەیان.

بەرقەرارکردنی ئاشتی لەنێوان عەرەب و کورد، تاکە ئامرازە کە بتوانێت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەستوەردانی ئیمپریالیزم بپارێزێت.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٣٠**

**خوێنڕشتن لە عێراق ڕاگرن**

**ڕیبات، ٢٩ی تەمووز. (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا).** کوشتار و شەڕی خوێناوی لە عێراق، لەلایەن دامودەزگا فراوانەکانی جەماوەری مەغریبدا ئیدانەکراوە. هەفتەنامەی (المکافح) نووسیویەتی: ئێمە بەوپەڕی حەماسەتەوە دژی پاکتاوکردنی ڕەگەزین لە عێراق. هەروەها هەفتەنامەکە وەسفێکی دوورودرێژی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی کامەران بەدرخانی کردووە کە مامۆستایە لە پەیمانگەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس. ئەو بە ڕەگەز کوردە و دەڵێت: «کێشەی کورد هەرگیز چارەسەر ناکرێت، هەتا ئەو ڕژێمە تیرۆریستییە مابێت کە حکومەتی عارف دایمەزراندووە. کێشەی کورد، دیوێکی کێشە گشتییەکەیە کە خۆی لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسییەتە لە عێراق».

**ن. پرۆژۆگین**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٧/٢٨**

**قوتابیان ناڕەزایی دەردەبڕن**

**لەندەن. ٢٧ی تەمووز. (تاس).** کۆمەڵێکی زۆری ئەو قوتابییە عێراقیانەی لە ئینگلتەرا دەخوێنن، خۆپیشاندانێکی گەورەیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن ڕێکخستووە و ناڕەزایی بەرانبەر سیاسەتی کۆمەڵکوژیی حکومەتی عێراق دەردەبڕن کە دژی کورد ئەنجامیدەدات. خۆپیشاندەران کۆڵانەکانی دەوروبەری باڵیۆزخانەکەیان

تەنیبــوو و داوایــان دەکــرد، باڵیــۆزی عێــراق بــە نوێنەرایەتیــی ئــەوان برووســکەیەکی ناڕەزایــی بــۆ حکومەتــی عێــراق بنێرێــت. پۆلیســی لەنــدەن هەوڵــی بڵاوەپێکردنــی قوتابیانی ناڕازییــان دەدا، بــەڵام قوتابیــان ئامــادە نەبــوون بــەردەم باڵیۆزخانەکــە بەجێبهێڵــن.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/٧/٣١**

**کورد لەنێو دوو جیهاندا**

پێشــکەوتنخوازانی هەمــوو جیهــان ناڕەزایــی تونــدی خۆیــان لــە بەرانبــەر کارە دڕندانەکــەی حکومەتــی عــارف دژی کــورد، دەردەبــڕن. دوو لەســەر ســێی ســوپای عێــراق بــۆ شــەڕی هۆزەکانــی کــورد نێردراونەتــە کوردســتان. دەســەڵاتدارانی عێــراق هانــا بــۆ سیاســەتی کۆمەڵکــوژی و لەناوبردنــی گەلێــک دەبــەن. هێزەکانــی ســوپای عێراقیــش شــارۆچکە و گوندەکانــی کوردســتان وێــران دەکــەن و لەســەر نەخشــە دەیانســڕنەوە و ئاشــتیخوازانی کــورد لەژێــر ئەشــکەنجەدا دەتلێنــەوە و هێزەکانــی ســوپای عێــراق بــە هــەر شــوێنێکدا تێپەڕینایــە، وێرانەیــان لەپــاش خۆیــان جێدەهێشــت و دەیانکــردە بیابــان.

ئەمــە جــاری یەکــەم نییــە کــورد لەپێنــاو بەدەســتهێنانی ئازادیــدا خەبــات بــکات و جاری یەکەمیــش نییــە هێــزی کۆنەپەرســتان کارەســات بنێتــەوە و هەمــوو شــتێکیان بەســەردا کاول بــکات. لــە مــاوەی چــل ســاڵی ڕابــردوودا، کــورد یانــزە جــار ڕاپەڕیــوە و لەپێنــاو بەدیهێنانــی مافــە نەتەوەیــی و فەراهەمکردنــی یەکســانی لەگــەڵ گەلانــی دیکــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوینــدا خەبــات دەکــەن. هەمــوو جارێکیــش بــە دڕندەنەتریــن شــێوازی نامرۆیــی لەلایــەن ســتەمکاراندا مامەڵەیــان لەتــەک کــراوە. لــە کپکردنــەوەی تەنیــا یــەک ڕاپەڕیــن لــە تورکیــا، یەکــە ســەربازییە تۆڵەســێنەوەکان ١٧٠ هــەزار کوردیــان لەناوبــرد.

لــە عێراقیشــدا کــە یــەک لەســەر چــواری کــۆی دانیشــتوانی دەوڵەتــی عێــراق پێکدێنــن و خاکەکەیــان دەوڵەمەندتریــن پێگــەی ناوچەکەیــە لــە ڕووی یەدەکــی نەوتــەوە، بــەم دواییــە ســاڵانە پــتر لــە ٣٥ ملیــۆن تــۆن نەوتــی خــاو دەردەهێــنرا کــە دەکاتــە ســێ هێنــدەی هەمــوو ئــەو بــڕەی لــە بەشــەکانی دیکــەی عێراقــدا بەرهــەم دەهێنرێــت. ئــەو بۆڕییانــەی نەوتــی کەرکــووک دەگوازنــەوە بــۆ کەناراوەکانــی

ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت، لـە کـورد قەدەغەکـراوە و کـورد بـۆی نییـە تەنانـەت لێشـیان نزیـک بکەوێتـەوە.

ئـەو خواسـتانەی کـورد هەیانـە لـە بەددیهێنانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچیـوەی کۆمـاری عێـراق یاخـود لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییـە عەرەبییە پێشـنیازکراوەی نێـوان میسر و عێـراق و سـووریا پێکبهێنرێـت، خواسـتی ڕەوا و سروشـتین.

بـەڵام دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق بـە وێرانکردنـی کوردسـتان وەڵامـی ئـەم خواسـتانەی کوردیـان دایـەوە و هێـزی سـوپا بـە تانـک و تـۆپ و فڕۆکـە بەردایـە گیانیـان. لـە چوارچێـوەی ئـەم کارە دزێوانەیانـدا، بەعسـییەکان هاوپەیمانییان لەگـەڵ دامودەزگاکانی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا و ئێـران و هێـزە ئیمپریالیزمەکانـدا بەسـت، بـە ئاژانسـی هەواڵگریی ئەمەریکاشـەوە. هـەر زووش دەرکـەوت سـەرکردەکانی بەعـس کـە کودەتایـان بەرپاکردبوو، پێوەندییـان بـە دەزگاکانـی هەواڵگریـی ئیمپریالیزمـەوە هەیـە، بۆیـە لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨دا دەسـتبەجێ گشـت ئـەو پابەندییانەیـان لەسـەر کۆمپانیـای ئەنگلۆ-فڕەنسـی- ئەمەریکـی هەڵگـرت کـە هـەر بـە نـاو کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق بـوو.

سیاسـەتی شـۆڤینیانەی سـەرکردەکانی بەعـس لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عێـراق و گەلانـی وڵاتانـی دیکـەی عەرەبیشـدا ناکۆکـە، جـا بەپێـی ئـەوەی کـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردیـش بەشـێکە لـە خەباتـی گشـتیی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناویـن لەپێنـاو ئـازادی و دژی دەسـتدرێژییەکانی داگیـرکاران و ئیمپریالیزمـدا، هەڵبـەت ئـەم سیاسـەتەی بەعـس لەگـەڵ ئەوانیشـدا ناکۆکـە.

هەرچەنـدە خەباتـی گەلـی کـورد لـە بارودۆخێکـی دژوار و نالەبـاردا بـوو، کەچـی توانییـان گورزێکـی گـەورە لـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق بوەشـێنن. پتەوکردنـی دۆسـتایەتی و یەکێتیـی نێـوان عـەرەب و کـورد لەسـەر بنەمـای بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد لـە عێراقـدا، تاکە ئامرازی گەیشـتنە بە سـەربەخۆیی عێـراق و پەرەسـەندنیەتی لەسـەر ڕێبـازی دیموکراسـیدا.

**گ. گریخیلـی، قوتابیـی خوێندنـی بـاڵا لـە بەشـی مێـژووی حزبـی شـیوعی لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت، زانکـۆی مۆسـکۆی حکومـی- لۆمۆنۆسـۆف.**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٣١، ١٩٦٣/٨/٣**

**ئەلیکسی ئیفتیفۆلۆس**

**شەڕی کوردستان**

**ڕاپۆرتی پەیامنێری ئەمەریکی لە بارەگای هێزەکانی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستانەوە. ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێس، نیویۆرک:**

پەیامنێرتان کە سێ هەفتە لەو ناوچانەدا مابووەوە کە پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردبوون لە کوردستان، ڕووی لە هەر شوێنێک بکردایە، ئەم پرسیارەی ئاراستە دەکرا: بۆچی ڕۆژئاوا دژی ئێمەن و بۆچی پشتگیری حکومەتی بەغدا دەکەن؟

ئیبراهیم ئەحمەدیش کە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانە و مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی دەکات. دوو ساڵە شۆڕشی چەکدارانەیان دەستپێکردووە و ئامانجیان بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراق، هەمان ئەو پرسیارەی ئەندامان و بەرپرسانی حزبەکە دەیکەن، ئاراستەی پەیامنێرەکەی کردبوو.

سەرکردەکانی شۆڕش لەو بڕوایەدان، ئەگەر بێت و هێزەکانی پێشمەرگە مووشەکی دژە تانک و فڕۆکەیان هەبێت، زۆر بە ئاسانی هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق دەبەزێنن. ئەو چەکانەی ئێستا لەبەر دەست پێشمەرگەدان، چەکی کۆن و ژمارەیەکی کەمی ڕەشاش و مووشەکی هاوەنی بچووکیان هەیە کە لە شەڕەکانی دژی سوپای عێراق دەستیان بەسەردا گرتووە.

هێزەکانی پێشمەرگە، لە ئێستادا تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانیان لەبەردەستدایە، ئەگەر چەکی باشتریان لەژێر دەستدا بێت، تەواوی شار و خاکی کوردستان ئازاد دەکەن.

ئەوەی کوردیشی زیاتر پەست کردووە، ئەوەیە کە بەم دواییە ڕۆژئاوا هاوکارییەکی سەربازیی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردووە و ئاماژەیان بەوە داوە کە بزووتنەوەکەیان هەمیشە سیفەتی نەتەوەیی پۆشیوە.

کورد، لەو هەڵوێستەی ڕۆژئاوا زۆر نیگەرانن، چونکە بڕوایان وایە، کێشەکەیان ڕەوایە و لە ئێستادا هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شەڕێکی دژواردا دژ بەیەک دەجەنگن و گەیشتووەتە سەختترین قۆناغی ئەو شەڕەی ٢٢ مانگە دەستیپێکردووە. شەڕەکەی ئێستا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرەبەندی ڕواندزە کە گرنگییەکی ستراتیژیی سەربازیی لە کوردستاندا

هەیە. هێزەکانی پێشمەرگە ڕایانگەیاندووە، حکومەتی عێراق یەک فیرقەی تەواوی ناردووەتە ناوچەکە و تانک و تۆپ و فڕۆکە لە شەڕەکاندا بەکاردێنێت. عەزیز ئاکرەیی، فەرماندەی ناوچەی ڕواندز دەڵێت: «مووشەکەکانی سەربازانی عێراق ماوەی پێنج ڕۆژە، وەکو باران بەسەرماندا دەبارن» بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە، فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق بەسەرمانەوە دەفڕن و مووشەکبارانمان دەکەن و بە ناپاڵم هەموو ئەو شتانەی دەجووڵێنەوە، بۆردومان دەکەن، ئاگریان لە قەدپاڵی چیاکاندا بەرداوە کە بە گەنمە شامی و دانەوێڵە چێنراون و لەسەررووشیاندا درەختیلەی خۆڕسک هەن، دامێنی قەدپاڵی ئەو شاخانە تا دەگاتە نزیک تووتێڵەکە هەموو بە دووکەڵێکی چڕ داپۆشراون کە لە دوورەوە دەبینرێن و بە هێواشی بەرەو ئاسمانی ناوچەکەدا بەرزدەبنەوە.

عەزیز ئاکرەیی کە هەتاکو پارساڵ ئەفسەرێکی پیشەگەری نێو ڕیزەکانی سوپای عێراق بووە و دواتر هاتووەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و تەمەنی ٣٩ ساڵە. چاوە کاڵەکانی ئەو کۆنە ئەفسەرەی عێراق دەبریسکانەوە و دەیپرسی: بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتیگیریی حکومەتی فاشیزمی بەغدا دەکەن؟ ئێمە هەرگیز شیوعی نەبووینە هەروەک لەنێو خەڵکدا وا باوە، ئێمە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆمان خەبات دەکەین، بەڵام کەس پشتگیری و هاوکاریمان ناکات.

پێش شەڕەکە، عەزیز ئاکرەیی ئاماژەی بۆ چەکەکەی دەستی دەکرد و دەیگوت: «ئەگەر ئێمە چەند تۆپهاوێژێکمان هەبووایە، دەمێک بوو سوپای عێراقمان تێکشاندبوو، بەڵام بەمەی دەستم، ئێمە چۆن دەتوانین شەڕێکی هاوتا بکەین؟». ئێمە هەر شەڕێکمان لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراقدا کردبێت، بە ئاسانی بەسەریاندا سەردەکەوین و ئێستا شۆڕشگێڕانمان تەواوی ناوچە شاخاوییەکانیان لەبەردەستدایە و بە توندی بەرگریی لێدەکەن، چەند شارێگەیەک نەبێت کە سوپا بۆ هێنانی تانک و تۆپهاوێژەکان بەکاریان دێنێت.

سەرکردەی هێزەکانی ڕواندز، دەیگوت: دوای تێپەڕبوونی تەنیا سێ ڕۆژ بەسەر هێرشەکانی سوپای عێراق، هێزەکانمان دۆڵی ڕواندزیان گرتەوە و لەچوارچێوەی کۆنترۆڵکردنەوەی دۆڵەکەدا توانیمان لیوایەکی تەواو لە هێزە زرێپۆشەکە جودابکەینەوە، تانکەکانیشیان لەنێو شارەکاندا خوێنی نیشتمانپەروەرانیان دەڕشت. عێراقییە ئاشتیخوازەکانی هەندەران، پشتیوانیی شۆڕشگێڕانیان دەکرد و نارەزاییان دژی تیرۆریستان دەردەبڕی کە میراتگری گوستابۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٨/٣**

**شەڕێکی ئابڕووبەرانە**

**لەندەن، ٢ی ئاب. (تاس).** جان میکاردۆ، ئەندامی لێژنەی جێبەجێکاری نیشتمانیی پارتی کرێکاران، گوتارێکی لە هەفتەنامەی «تریبیۆن»دا بڵاوکردووەتەوە و تێیدا نووسیویەتی: «پێشمەرگەکانی کوردستان هانایان بۆ چیاکان بردووە و سوپای عێراق دەستیان پێیان ناگات، بۆیە ڕقی شکستەکانی خۆیان بە هاووڵاتیانی سڤیلی ناوچەکە هەڵدەڕێژن و گوندەکانیان وێران دەکەن و دەست لە کەس ناپارێزن و کێیان دەست بکەوێت دەیکوژن».

هەروەها نووسیویەتی: حکومەتی بەریتانیا بە دەنگ داواکەی حکومەتی عێراق چووە و فڕۆکەی جەنگیی جۆری هانتەر و تانکی ساراسینی پیفرۆشتووە.

میکاردۆ دەڵێت: ئەو گرێبەستە ئابڕووبەرانەیەی حکومەتی بەریتانیا بۆ فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە سوپای عێراق، دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان بەکاردەهێنرێت و پێشێلکاریی هەموو خواست و ئاواتەکانی سەرتاسەری جیهانە.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٨/٥**

**ناتوانرێت ئیرادەی گەلی کورد لەپێناو ئازادیدا تێکبشکێنرێت**

**نیویۆرک، ٤ی ئاب. (تاس).** دان شمیدت پەیامنێری نیویۆرک تایمز لە بەیرووت بڵاویکردووەتەوە: لە ئێستادا مەلا مستەفا بارزانی جموجوڵەکانی بەرەو ڕۆژئاوا دەستپێکردووە و لە هەوڵدایە شکست بە پیلانگێڕیی سوپای عێراق بێنێت لە دوولەتکردنی خاکی کوردستان.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە پشتڕاستکراوانەی لەو کەسانەوە پێمانگەیشتوون کە لە نزیکەوە ئاگاداری بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراقن: مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی کوردی عێراق، سەرکەوتنێکی مەزنی لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی سوپای عێراقدا بەدەستهێناوە لە بەرەکانی ڕۆژئاوای شەڕەکاندا. بارزانی پێش دە ڕۆژ، بەرەو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە چووە کە بە چیاکانی برادۆست ناسراوە بۆ هاوکاریکردنی ئەو پێشمەرگانەی ڕووبەڕووی

پێشـڕەوییەکانی سـوپای عێـراق بـۆ هێڵەکانـی پشـت ڕوانـدز بوونەتـەوە بـە ئاراسـتەی شـاری کایـن کـە دەکەوێتـە نزیـک سـنوورەکانی ئێـران، ڕاپۆرتـەکان دەشـڵێن: پێشـمەرگەی کوردسـتان ئێسـتا لـە ڕۆژهەڵاتـی ڕێزانۆکـدا دەجەنگـن.

وەک ڕێسـایەکی گشـتی، کـورد پەنـا بـۆ تاکتیکـی شـەڕی پارتیزانیـی کلاسـیکی دەبـات، بەرگـری دەکـەن و ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق دەبنـەوە، ئینجـا بـە خێرایـی پاشەکشـە دەکـەن بەبـێ ئـەوەی هیـچ زیانێکـی گیانییـان لێبکەوێـت، دواجـار چاوەڕێـی دەرفەتێکـی تـر دەکـەن بـۆ لێدانـی یەکـە دابـڕاوەکان لـە سـوپا سـەرەکییەکەی عێـراق، یـان دژی ئـەو یەکـە سـەربازییە لاوازانـەی درەنـگ هاوکارییـان پێـڕادەگات.

ئێسـتا لـە ناوچـەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا، سـەرکردایەتیی سـوپای عێـراق گردبوونەوەیەکـی بێوێنەیـان لـە ناوچەکـەدا کـردووە و لەجیاتـی ئـەوەی وەک جـاران هەمـوو گوندەکانـی سـەر ڕێگـەی هاتوچۆیـان بۆردومـان بکـەن، جەخـت دەکەنـە سـەر گوندەکانـی ناوجەرگـەی شـەڕەکان، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانیی تۆپخانەکانـی سـوپا پێشـڕەوی دەکـەن و جووڵـەی ئێسـتایان لـە جـاران خێراتـرە.

لـە کۆتاییشـدا شـمیدت دەنووسـێت: بەپێـی لێدوانەکانـی ئـەو سـەرچاوانەی لـە شـەڕەکانەوە نزیکـن، شـەڕەکانی سـوپای عێـراق و پێشـمەرگە لـە کوردسـتان، سـیفەتێکی ڕکابەریـی درێژخایەنیـان هەیـە و لـە ئێسـتادا زەحمەتـە بڕیـار لەسـەر سـەرکەوتن و شکسـتی هـەر لایەنێکیـان بدەیـت، چونکـە نـە سـوپای عێـراق پێشـمەرگەی پـێ لەناودەبرێـت لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا و نـە هێزەکانـی پێشـمەرگەش توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاستەوخۆی سـوپاکەیان هەیـە لـە دۆڵ و دەشـتاییەکاندا. پێدەچێـت سـوپای عێـراق بـە شـەڕێکی درێژخایـەن، گـرەو لەسـەر لەناوبردنـی ئیـرادەی کـورد بـکات و شـەڕێکی گشـتگیری دەسـتپێکردووە، گونـدەکان وێـران دەکات و سـەدان کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوونی کوردیـان سـووتاندووە. سـوپا کێڵگەکانیـش دەسـووتێنێت، گوندنشـینانی باشـووری کوردستانیشـی هەمـوو ڕاگواسـتووە و گەمارۆیەکـی تونـدی ئابووریـی خسـتووەتە سـەر ناوچەکـە کـە پێشـتر نەکـراوە.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٨/٨**

**فەلسەفە و سیاسەتی بەعس**

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٣دا کەسـایەتییەکی نـوێ لـە ئاسـۆی نێودەوڵەتیـدا سـەریهەڵدا ئەویـش – میشـێل عەفلـەق- بـوو کـە کەسـێکی جێگیـر و کەمـدوو بـوو، بـەڵام بەهرەیەکی کاریگـەری قسـەکردن و لێدوانـی هەبـوو، دیمانـەی ڕۆژنامەوانـی و گەشـتی زۆری دەکـرد.

عەفلەق، خەڵکی دیمەشقە، بەڵام خۆی بە بەرپرسیاری ئایدیۆلۆژیای ئەو ڕووداوانە دەزانێت کە لە بەغدا ڕوودەدەن. بەرپرسیارێتی! بۆ لەسێدارەدان و کۆنەپەرستی و ئابڕووچوون و خوێنی کورد.

«بۆچی بەم شێوەیە هێندە بەرهەڵستی لە شیوعییەکان دەکەیت؟» پەیامنێری ڕۆژنامەی فیگارۆی فڕەنسی ئەم پرسیارەی ئاراستەی عەفلەق کرد.

«کوردی عێراق» ئێمە چارەسەرێکی گونجاومان دۆزیوەتەوە بۆ خواستەکانیان، بەڵام بەبێ ئۆتۆنۆمی، ئەوە (شەڕی کۆمەڵکوژیی دژی کوردە، ئەمە ئەم چارەسەرەیە کە ئێمە دۆزیومانەتەوە!)

فەرموون، ئەمە ڕاڤەکردنی بەعسییە عێراقییەکانە بۆ هۆکاری دەستپێکردنی کۆمەڵکوژیی کورد: «حکومەتی عێراق شەڕی دژی کوردی نەدەخواست، سێ مانگ داوای ڕاڤەکردنی کرۆکی ئۆتۆنۆمیم لێکردن. بەڵام کورد نەیانتوانی ڕاڤەیەکی دروستمان بدەنێ ... ئەو ڕووداوەی بووە هۆکاری سەرەکیی بەرپابوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان (گوێبگرە، گوێبگرە!) هێرشی لایەنگرانی بارزانی بوو بۆ سەر کۆمەڵێک ئەفسەر و سەربازی سوپای عێراق لە ناوچەی سبینیج کە لە مۆڵەتدا بوون و دەگەڕانەوە ماڵ. جا کە ئەفسەرێک و چوار سەرباز لەم ڕووداوەدا بە دەستی لایەنگرانی بارزانی کوژران، حکومەتی عێراق کاردانەوەی گونجاوی گرتەبەر ... (واتە دەستی بە کۆمەڵکوژیی کورد کرد). بەڵام گردبوونەوەی سوپای عێراق دژی کوردی عێراق چۆن کۆتاییهات و چۆن دەبێ دانوستان لەگەڵ سینتۆدا بکرێت سەبارەت بە دەستوەردانی دەرەکی لە کوردستانی عێراق (هاوتەریب لەگەڵ دانوستانەکان لەگەڵ کورددا، پێش ماوەیەکی زۆر بەر لە هێرشەکەی **سبینیج**؟ ناوچە؟ ئەم پرسیارە وەڵامی نییە».

ئەگەر پورتوگالییەک، ئەنگۆلییەک بچەوسێنێتەوە، دڕندەیە ... ئەگەر تورکێکیش عەرەبێک بچەوسێنێتەوە، دڕندەیە ... هەروەها ئەگەر عەرەبێکیش کوردێک بچەوسێنێتەوە، دڕندەیە.

دەسەڵاتدارانی بەغدا بە هەمان ئەو کۆت و بەندانەی کوردیان پێدەخنکێنێ، بە لایەکەی دیکەی دەیەوێت ئازادیی ڕاستەقینەی عێراقییەکانیش بخنکێنێ، لەسەر کۆت و بەندەکانیشدا نووسراوە: لە ئینگتلەرە یان لە ئەمەریکا بەرهەمهێنراوە».

**«کۆمۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/٨/١٠**

**تاوانەکان ڕاگرن! لە کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە میونخ**

ئەمڕۆ لە میونخ، لە یەکێک لە هۆڵەکانی پەیمانگەی باڵای تەکنیکیدا، کۆنگرەی ئەو قوتابییە کوردەی لە زانکۆکانی ئەوروپا دەخوێنن، بەسترا کە لەلایەن کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا ڕێکخرابوو و ٢٠٠ نوێنەر تێیدا بەشدار بوون. بەشداربووان لە مۆسکۆ، براگ، بەرلینی دیموکراتی، بەلگراد، بۆدابست، پاریس، لەندەن، ڕۆما و چەندین پایتەختی دیکەی ئەوروپاوە هاتبوون.

کۆنگرەکـە بـە مارشـی نەتـەوەی کـورد و دەقیقەیەک وەسـتان لەسـەر گیانـی قوربانیانی تیـرۆری کۆنەپەرسـتانی عێـراق دەسـتپێکرد. عیسـمەت شـەریف، سـەرۆکی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوروپـا لـە سـەرەتای کۆنگرەکـەدا ناڕەزایـی دژی ئـەو تاوانانـە دەربڕی کـە بەعسـییەکانی عێـراق لـە کوردسـتان ئەنجامـی دەدەن. هەمـوو جیهـان لـە تاوانەکانـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق ناڕازیـن، عیسـمەت شـەریف لەنێـو چەپڵەڕێزانـی ئامادەبووانـی نێو هۆڵەکـەدا، سوپاسـی حکومەتی سـۆڤیەتی کـرد لەپای ئـەو داکۆکیکردنەی لـە خەباتی گەلی کـوردی دەکات، لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان.

کاتێکیش جەلال تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتەی خۆی خوێندەوە، جارێکی تر چەپڵەڕێزانی هۆڵەکە بەرزبووەوە، تاڵەبانی لە گوتەکەیدا، ئەو چەواشەکارییانەی حکومەتی عێراقی ڕەتکردەوە و تاوانەکانی حزبی بەعسی بە تاوانەکانی نازییەکان بەراوردکرد و ئاماژەی بەوە دا: گەلانی بلۆکی سۆشیالیست بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن، گەلانی ئەوروپا، ئەندۆنیسیا، هیند، میسر و وڵاتانی دیکە ناڕەزایی خۆیان دژی ئەو تاوانکارییانە دەربڕی کە بەعسییەکان دژی کورد بەرپای کردوون.

**سبەی کارەکانی کۆنگرەکە درێژەی دەبێت.**

**ف. ئیڤنۆف (پەیامنێری تاس). میونخ، ٩ی ئاب**

**«ترود» ١٩٦٣/٩/٨**

**کوشتاری گەلی عێراق ڕاگرن**

**پاریــس، ٨ی ئــاب. (تــاس).** «فەرمانڕەوایانــی کۆنەپەرســتی عێــراق، ئەوانــەی پەنایــان بــۆ دژوارتریــن تونــدو تیــژی دژی گەلانــی عێــراق بەرپــا دەکــەن و بەردەوامیشــن لەســەر ئــەو تاوانکارییــە بێوێنانــەی لــە جیهانــدا ڕوودەدەن دژی کــوڕ و کچانــی عێــراق، گەیشــتووتە ئەوپــەڕی تاوانــکاری و شــەڕی لەناوبردنــی گەلــی کــورد دەکــەن»، ئەمــە گوتــەی ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی بــوو کــە ڕۆژنامــەی (فرانــس نۆفێــل)ی فڕەنســی بڵاویکردووەتــەوە و لــە لایــەن ئەنــوەر مســتەفا ســەرۆکی لێژنــەی مەرکەزیــی حزبــی شــیوعیی عێــراق دەردەچێــت و ئاراســتەی ســەرجەم پارتــە شــیوعی و ڕۆژنامەوانانــی جیهــان و جەمــاوەری کــردووە.

ڕاگەیاندنەکــەی ئەنــوەر مســتەفا، داوا لــە جەمــاوەر دەکات هەڵمەتێکــی بەرفراوانــی پشــتیوانیکردنی گەلانــی عێــراق دەســت پێبکــەن و ناڕەزایــی خۆیــان دژی ڕەفتــارە دڕندەکانــی دەســەڵاتدارانی عێــراق دەرببــڕن کــە دژی گەلــی کــورد بەرپایــان کــردووە، بۆئــەوەی حکومەتــی عێــراق ناچــار بکــەن ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان لــە کوردســتان ڕابگرێــت تــا دەگەینــە بەدیهێنانــی دانــان بــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد و چەســپاندنی مافــی ئۆتۆنۆمــی و دەســت هەڵگرتــن لــە چەوســاندنەوە و توندوتیــژی، هەروەهــا گەڕاندنــەوەی ســەروەریی یاســا بــۆ عێــراق و دەســتەبەرکردنی مافــە دیموکراســییەکان بــۆ تــەواوی هاووڵاتیانــی عێــراق.

**«زاروبژۆم» ژمارە: ٣٢، ١٩٦٣/٨/١٠**

**ئەو لاپەڕانەی بە خوێن نووسراونەتەوە**

ڕۆژنامەکانــی بیانــی بــە بــەردەوام ئامــاژە بــە قۆرخکارییەکانــی ڕۆژئــاوا لــە کەرتــی نــەوت دەدەن، بــەو پێیــەی ئــەوان بوونەتــە ســەرچاوەی ئیلهامــی ئــەو تاوانانــەی بەعســییەکان دژی هاووڵاتیانــی عێــراق بــە گشــتی و کــورد بــە تایبەتــی بەرپــای کــردوون.

**(الأخبار، بەیرووت).**

(الأخبـار – ئیزڤسـتیا) گۆڤارێکـی هەفتانـەی لوبنانیی پێشـکەوتنخوازە بـە زمانی عەرەبی دەردەچێـت، بڵاویکردووەتـەوە: جـەلال تاڵەبانـی کـە سـەرکردەیەکی کـوردە، جارێکیـان بـە پەیامنێرانـی ڕاگەیاندبـوو: «ئەگـەر دەوڵەمەندیـی کوردسـتان نەبووایـە بـە سامانی نەوت و ئەگـەر مووسـڵ ناوچـەی سـەرەکیی بارگۆکردنـی نـەوت نەبووایـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، خواسـتەکانی کـورد لـە بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان جێبەجێدەکـرا. ئەمـە هـۆکاری سـەرەکیی لەناوبردنـی کـورد و بێبەشـکردنیەتی لـە مافـە نەتەوەییەکانـی، هـەر ئەمەشـە هـۆکاری ڕاگەیاندنـی ئـەو شـەڕە بەرفراوانـەی بەغـدا دژی کـورد هەڵیگیرسـاندووە».

لە ئێسـتادا هێزەکانی کوتلەی سـینتۆی شـەڕانگێز بۆ پاراسـتنی ئەم نەوتە کۆدەکرێنەوە. ئەنجوومەنـی هەمیشـەیی سـینتۆ پلانەکانـی شـەڕی دژی کـورد گەنگەشـە دەکات. سـەرکردەکانی ئـەم کوتلەیـە لـەوە دەترسـن، هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـەم شـەڕەدا لاواز دەرکـەون، بۆیـە ئێسـتا بـە بایەخـەوە دەڕواننـە ڕووداوەکانـی کوردسـتانی عێـراق. تورکیـا و ئێرانیـش لەچوارچێـوەی هاوکاریکردنی دەسـەڵاتدارانی عێراق لـە گەمارۆدانی کورددا ئەرکی خۆیـان جێبەجێکـردووە، ئینگلتـەراش چەکـی نـوێ بـە بەعسـییەکان دەفرۆشـێت.

لـە ڕاسـتیدا ئەمەریـکاش، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان پشـتیوانی لـە بەعسـییەکانی عێراق دەکات، جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا، ڕووداوەکانـی عێراقـی بـەم چەنـد وشـەیە وەسـفکردووە: «ئـەم ڕووداوانـە ڕەنگدانـەوەی خواسـتی حکومەتـی عێراقـە لـە بەدیهێنانـی ویسـتە نیشـتمانییەکاندا، پێـش هەمـوو شـتێکیش، دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی باشـترە بـۆ گەلانـی عێـراق....».

ئەمەریـکا لـە کاتێکـدا ڕەتـی دەکاتـەوە ڤیـزە بداتـە جـەلال تاڵەبانـی سـەرۆکی شـاندی کـوردی عێـراق، بەعسـییەکانیش دەستخۆشـیی لێدەکـەن، بڕیـار بـوو جـەلال تاڵەبانـی خواسـتەکانی گەلەکـەی بگەیەنێتـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و سیاسـەتی کۆمەڵکوژیـی بەعسـییەکان لەبـەردەم نوێنەرانـی وڵاتانـی هەمـوو جیهانـدا سـووک و ڕیسـوا بـکات کـە دژی کـوردی کوردسـتانی عێراقـی ئەنجـام دەدەن. هەڵبـەت ئەمـەش حکومەتـی ئەمەریـکا نیگـەران دەکات.

ئـەوەی پەیوەستیشـە بـە شـەڕ و کوشـتاری دژی کـورد، پێویسـتە بڵێیـن: هێشـتا بەعسـییەکان نەیانتوانیـوە کوردسـتان داگیربکـەن. هەرچەنـدە ڕاگەیاندنـی دەسـەڵاتدارە خۆبەزلزانەکـەی بەغـدا دەسـتەواژەکانی «کۆنترۆڵکردن» و «کێماڵکـردن» و «گەمارۆدان»ی کوردسـتان لە بەیاننامەکانیاندا بەکاردەهێنن، لە ڕاستیشـدا بەعسـییەکان هیچیان پێنەکراوە. تەنانـەت میدیاکارانـی ڕۆژئـاواش دان بـەم ڕاسـتییەدا دەنێـن. پەیامنێـری ئەسۆشـێتد پرێـس کـە بـەم دواییـە سـەردانی کوردسـتانی کردبـوو، بڵاویکردووەتـەوە: ناوچەیەکـی بەرفراوانـی کوردسـتان هێشـتا لەژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی پێشـمەرگەدان. ڕاپۆرتەکـەی ئـەم پەیامنێرە، ڕوونیدەکاتـەوە، «هەرچەنـدە ڕادیـۆی بەغدا بـە بەردەوامی هەواڵی سـەرکەوتنی هێزەکانی سـوپای عێـراق بەسـەر پێشـمەرگەدا بڵاودەکاتـەوە، کەچی تاکو ئێسـتا هێزەکانـی حکومەتی بەعس یەک سەرکەوتنیشـیان بەسـەر پێشـمەرگەدا تۆمـار نەکردووە». هەمـوو چالاکییەکانی سـوپای عێـراق، بۆردومـان کردنـی گوندەکانـی کوردسـتان و ئەنجامدانی هەڵمەتی سـزادانی خەڵکـی سـڤیل بـووە. هەمـان پەیامنێـر تێبینییەکانـی خـۆی لـەم چەنـد وشـەیەدا کـورت دەکاتـەوە: «حکومەتـی عێـراق ناتوانێـت بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلی کـورد لەناوببات، ئەگەرچـی لـەڕووی سەربازیشـەوە لـە پێشـمەرگە پێشـکەوتووترن».

## شەڕێکی ئابڕووبەرانە:

**پاکسـتان تایمـز، لاهـوور** - لـە ڕۆژانـی یەکەمـی هاتنـە سـەر حوکمیـان، فەرمانڕەوایانـی ئێسـتای عێـراق بەداخـەوە مەیلـی توندوتیژییـان هەبـوو، ڕەفتـارە دڕندانەکانیـان لـە ئاسـت نەیارانـی سیاسـییان، تەنیـا هیتلـەر دڵخـۆش دەکات. لە چەنـد هەفتەیەکی کەمـدا، هەزاران کـەس لەسـێدارەدران و خزێنرانـە کونجـە تاریکەکانـی زیندانـەکان، دەیان هـەزار هاووڵاتیی سـڤیلیش بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان موڵک وماڵیان جێهێشـت و بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێـوی مانـەوە، پرۆسـەیەکی پاکتاوکردنـی بێبەزەییانـەی سـوپا و پۆلیـس دەرهـەق ئـەو کەسـانەی بچووکتریـن گومانیـان لێدەکـرد، دەسـتپێکرد، ئـەم ڕێـکارە شـەڕانگێزییانەی حکومـەت، هەرچەنـدە پێویسـتیش نەبوون، بـووە هۆکاری لەدەسـتدانی پشـتیوانی زۆربەی هاووڵاتیانـی عێـراق. دوا ئەڵقـەی ئـەم زنجیـرە تاوانکارییانەش، بە شـەڕی کۆمەڵکوژیی دژی گەلـی کـورد کۆتایهـات کـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق بۆئـەوە دەسـتیان پێکردبـوو تـا سـۆزی

نەتەوەپەرستەکانی عێراق ڕاکێشـن و ڕای گشـتی لە سیاسـەتە چەوتەکانیان چەواشـە بکەن، جـا بـۆ پاسـاوهێنانەوەی ئەنجامدانـی ئـەم ڕەفتارانـە، حکومەتـی بەغـدا چەندیـن تۆمەتـی ئاراسـتەی کـورد کـرد. بۆنموونـە: مـەلا مسـتەفا لایەنگرانی خـۆی دژی بەغدا هـان دەدات ... مۆڵگەیەکـی ئـارام بۆ شـیوعییەکان و تاوانبـاران دابین دەکات کە دوژمنی ڕژێمی ئێسـتان ...

عەلـی سـاڵح، سـەرکردەی حزبـی بەعـس و جێگـری سـەرۆک وەزیـران، بـە بـەردەوام هـاواری دەکـرد و ئـەم دەسـتەواژانەی لـە لێدوانەکانیـدا دووبـارە دەکـردەوە: «بانـدە کوردییـەکان، جوداخـوازی، یاخیبـوون لـە حکومەتـی مەرکـەزی، ڕاپەڕینـی بـەردەوام دژی دەسـەڵاتە شـەرعییەکان، دامەزراندنـی ئیسرائیلێکـی نـوێ». تەنانـەت یەکێتیی سۆڤیەتیشـی بـەوە تۆمەتبـار کـرد کـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێراقـدا دەکات و پشـتگیریی یاخیبووانـی کـورد دەکات. لـە کاتێکـدا ئـەم تۆمەتانـە هیچ بنەمایەکی ڕاسـتییان تێـدا نەبوو. بەڵگـەی ئـەم ڕاسـتییەش دەسـت لەکارکێشـانەوەی چـوار وەزیـر بـوو لـە حکومەتـی عێراق کـە یەکێـک بـوون لـە وەزیـرە هـەرە لێهاتـوو و بەڕێزەکانـی ئـەو کابینەیـە، هەموویـان موسـڵمانی دینداربوون و بە توندی بەرهەڵسـتیی شـیوعییەکانیان دەکرد، سـێیانیان پابەندی ئـەو ئاراسـتەیە بـوون کـە لایەنگـری ڕۆژئـاوا بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە نامـەی دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئـەم وەزیرانـەدا، نـەک هـەر خواسـتە نەتەوەییەکانـی کـورد دووپـات بکەنـەوە بگـرە داوای ئەوەشـیان کـرد نوێنەرایەتیـی کـورد لـە حکومەتـدا زیـاد بکرێـت و هەڵبـژاردن لەسـەر بنەماکانـی دەسـتووردا بێـت.

لـە ڕاسـتیدا، کـورد هەرگیز داوای جودابوونـەوەی یەکجارەکیی لە عێـراق نەدەکرد، ئەوان دەیانویسـت هاوبەشـێکی یەکسـان بن لە هەیکەلی حکومەتی ئێستای عێراقدا، ئەوان داوای مافـی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان دەکەن لە چوارچێوەی عێراقـدا و هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە لەسـەر بنەمـای دەسـتوورێکی دیموکراسـیدا ئەنجـام بدرێـت و کـورد مافـی ئـەوەی هەبێت بچێتـە نێـو سـوپای عێـراق و ئیدارەدانـی دەوڵەتەوە. زەحمەتیشـە لـەوە تێبگەین کـە ئاخۆ بۆ دەبـێ ئـەم خواسـتانە بە «فیتنـەی باندەکان» یاخود بـە «پیلانگێڕییەکی دەرەکـی» دابنرێت.

موحسن سەلیم، پەرلەمانتاری لوبنانی دەڵێت: «خواستەکانی کوردی عێراق، وابەستەبوونێکی ڕاستەوخۆی دیموکراسییەتە و مافی هەموو کەمینەیەکە لە ئۆتۆنۆمیدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان دانیپێدا ناوە. ئەوانەی بە کورد دەڵێن: جوداخواز، بەهەڵەدا چوونە».

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٨/١١**

**کورد لەپێناو ئازادیدا دەجەنگن**

**بەیرووت، ١٠ی ئاب. (پەیامنێری سۆڤیەتی ڕۆژنامەی پڕاڤدا).** ئەو ڕاپۆرتانەی لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتوون ئاماژە بەوە دەدەن، هێرشە نوێیەکەی بەغدا دژی کورد کە ڕاگەیاندنەکان بایەخێکی زۆری پێدەدەن، ڕاگیراون بەبێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی ئەوتۆیان لێکەوتبێتەوە. ڕادیۆی بەغدا لە هاژوهوژێکی گەورەدا بڵاویکردبووەوە کە سوپای عێراق دەستیان بەسەر گوندی بارزاندا گرتووە. ئەو کەسانەشی کە لەم دواییەدا لە بەغداوە هاتوون، دووپاتی دەکەنەوە ئەم ژاوەژاوەی ڕادیۆکە کردی لەبارەی ئەم سەرکەوتنە خەیاڵییە، بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان لە بەرەکانی شەڕدا پێویست بوو، بەتایبەتیش شکستەکانی ناوچەی ڕواندز، لەم ناوچەیەشەوە هێزەکانی سوپای عێراق هەوڵیان دەدا بگەنە سنووری ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە دوولەت بکەن، کەچی نەک هەر سەرنەکەوتن، بگرە چەند کەتیبەیەکی سەربازیی سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا لە دەربەندێکی تەسکدا گەمارۆدران.

گۆڤاری«**Revue du Liban**» ی لوبنانی ئاماژە بەوە دەدا کە پێدەچێت کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتی سوپای عێراق دژی شۆڕشگێڕانی کورد هاتووە. کاتێک سوپای عێراق لە شەڕەکاندا شکستی دەخوارد، تۆڵەی ئەو شکستانەیان لە خەڵکی سڤیلی ناوچەکە دەکردەوە، ژن و منداڵ و بەساڵاچووانیان دەکوشت و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی کێڵگەکان و ئاژەڵیان لەناودەبرد، لەم دواییەشدا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق چەند گوندێکی دیکەی ناوچەی ڕواندز و گەلی عەلی بەگ و کۆیەیان بۆردومان کرد. ڕەفتاری سوپاکەش لەگەڵ بەدیلگیراواندا زۆر نامرۆیی و دڕندانە بوو.

ساڵح یوسفی کە کەسایەتییەکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و بەشداریی لە دانوستانەکانی نێوان کورد و حکومەتی بەغدادا کردووە، لەپێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لە بەغدا لەلایەن پۆلیسی سەربازییەوە دەستگیرکرا و ئەشکەنجە درا پەراسووەکانی لە چەند جێگەیەک شکێنرابوو و بە برینداری گەیەنرایە نەخۆشخانەی بەندیخانەکە، دوو ئەندامی دیکەی هەمان شاند، بە هەمان دەردی ساڵح یوسفی بران و تاکو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە.

«ئەم هەموو دڵڕەقییە لەپای چی؟» نووسەری بابەتەکەی ڕۆژنامەی (الشعب)ی لوبنانی

دەپرسێت و دەڵێت «دەبا ئەو کەسانەی بازرگانی بە بالۆرەی خواستی کورد دەکەن کە گوایە جوداخوازن، دەمیان داخەن». ئێمە دژی هەر هەوڵێکی جوداخوازانەی گەلی کوردین لە عێراق و جودابوونەوە لە عێراق بە تاوان دادەنێین. بڕواشمان وایە ناکرێ جیاوازیی بیروڕای سیاسی بە بەکارهێنانی فڕۆکە و تانک و مووشەک چارەسەر بکرێت، کورد برای ئێمەن، ڕۆڵەی نیشتمانی عەرەبن و ئازیزی ئێمەن. پاساوهێنانەوە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق، سەرلەبەری بیانووەکە بێبنەمایە.

شەڕی سوپای عێراق دژی کورد، لەلایەن کرێکارانی عێراقەوە پشتیوانی ناکرێت، سوپا بێئومێد بووە و فیرارکردن لە ڕیزەکانی ئەو سوپایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ئەو هێزانەی دژی کورد دەجەنگن، لە ٨ی ئابدا نوێنەرانی سەرکردایەتیی باڵای هێزی سووریا، سەردانی ناوچەی کەرکووکیان کرد و بۆ ئەفسەرانی عێراقیان دووپات کردووەتەوە کە ئێمە بە هەموو توانایەکمان پشتگیریتان دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵەی دەدرێت بۆ نیشاندانی یەکێتیی نێوان بەعسییەکانی عێراق و سووریا، هەرگیز هەڵوێستی هاووڵاتیانی عێراق لە ئاست ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە خوێناوییە ناگۆڕێت کە گشت گەلانی عێراقی تووشی جۆرەها کارەسات کردووە.

**بی دیمچینکۆ.**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٨/١١**

**ڕاگەیەنراوی نوێنەری کورد لە نیویۆرک**

**نیویۆرک، ١٠ی ئاب. (تاس).** ئەمیر بەدرخان، نوێنەری کورد کە ئێستا لە پاریس نیشتەجێیە، ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی بەغدای بەدرۆخستووەتەوە کە گوایە سوپای عێراق سەرکەوتنێکی مەزنیان دژی کورد بەدەستهێناوە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی یونایتد پرێس ئینتەرناشیوناڵ، بەدرخان دەڵێت: ئەو چەواشەکارییانەی لە ڕادیۆی بەغدادا بڵاوکراونەتەوە کە گوایە هێزەکانی سوپای عێراق سەرکەوتنێکی مەزنیان لە بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کردووە، چنراوی خەیاڵی خۆیانە و پێشمەرگەی کوردستان هەموو ئەو ناوچانەیان لەژێر دەستدایە کە تەنیا ٢٥ میل لە چاڵگە نەوتییەکانی کەرکووکەوە  دوورن.

**«کۆمسۆمۆلیسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/٨/١٣**

بەپێــی ئــەو هەواڵانــەی لــە ڕۆژنامــەی (الحريــة)ی لوبنانیــدا بڵاوکراونەتــەوە، لــە بەغـدا لێژنەیەکـی سـەربازی لـە ئەفسـەرانی عێـراق و ئێـران و تورکیـا پێکهێـنراوە بـۆ هەماهەنگیکــردن لــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی دژی کــورد ئەنجــام دەدرێــن.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/٨/١٥**

**«پارتی سەوز» لەو تاوانە خوێناوییەی بەعسییەکانی عێراق ئەنجامی دەدەن، زۆر پەستە**

یــادی یۆبیــل بــە شــێوەیەکی جۆراوجــۆر دەکرێتــەوە .... شــەش مانگــە بانــدە ســەوزەکەی «بەعســییەکان» دەســەڵاتی حوکمیــان لــە عێــراق گرتووەتــە دەســت و وڵاتیــان پڕکــردووە لــە پەتــی ســێدارە و زیندانەکانــی پۆلیــس. وا بــۆ شــەش مانــگ دەچێــت نــاوە شــوومە نادیارەکــەی بەعــس لەنێــو ڕۆژنامەکانــی جیهانــدا بەدیارکەوتــووە و وەکــو ڕۆژگارەکانــی دەرکەوتنــی «**SS**» و «**SD**» بووەتــە مایــەی نیگەرانیــی خەڵــک.

ڕژێمــی عەســکەرتارییەتی بەعســی تینــووی خوێــن، لەنێــو مۆڵگــە و شــەقامەکانی بەغــدادا لەدایکبــووە و ڕقــی خــۆی بــە گوندەکانــی کوردســتان هەڵدەڕێژێــت و هەڕەشــەی لەناوبردنــی دێرینتریــن گەلانــی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن دەکات لەســەر زەوی.

بەعســییەکان، حزبەکەیــان ناونــاوە: حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســت. لەبیریشــمانە کــە فۆهــرەری خەڵکانــی دیکــەش دەســتەواژەی «سۆشیالیســت»یان بەکارهێنــاوە. لــە ئێســتادا دامەزراندنــی حــەرەس قەومــی، کۆپیکردنــی کتومتــی «گەنجانــی هیتلــەرە» و بــە دزینــی ئەدەبیاتــی نازیــزم دادەنرێــت. ئــەو خۆبەخشــە گەنجـە هەرزەکارانـەی وازیـان لـە خوێنـدن هێنـاوە و تاوانبـار و بکوژانـی تونـدڕەو کـە لـە زیندانـەکان ئـازاد کـراون، ڕژێـم چەکـداری کـردوون و شریتـی سـەوزیان بەسـتووە، بــە داکۆکیــکاری ئــەو حزبــە دادەنرێــن.

هــەر ئەوانیشــن هەڵمەتــی ڕاوەدوونانــی شــیوعییەکانیان دەســتپێکردووە و شــارەزای ملپەڕانــدن و چــاو هەڵکۆڵیــن و ســەر پانکردنــەوەی منــداڵ و ژنانــن لــە ژێــر زنجیــری

تانەکەکانـی سـوپای ڕژێـم. هـەزاران دەسـتگیرکراوی سەروسـیما شـێوێنراو، بەبـێ هیـچ دادگاییکردنێـک گوللەبـاران کـران و پەتـی سـێدارەیان بـۆ هەڵبەسـترا، لـە چیاکانـی کوردستانیشـدا بـە ناپاڵـم کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجیبوونیان بۆردومـان دەکـرد، ئەمـە دەسـتکەوتەکانی حوکمـی ئەنجوومەنـی سـەربازیی بەعسـییەکان بـوو کـە ١٥٠ ڕۆژی خایانـد لـە بەغـدا.

بەعسـییەکان، بـاس لـە «ڕابـوون»ی نەتـەوەی عـەرەب دەکـەن لـە سـایەی ئەوانـدا و دروشـمی بریقـەدار دژی ئیمپیرالیـزم بەرزدەکەنـەوە و ڕەزیلـی ناکـەن لـە بەڵێنـی پێشـکەوتن و پەرەسـەندن. هێشـتا دەسـتەواژەی قەبـە قەبـە وەک بڵێسـەی ئاگـر لـە زاری میشـێل عەفلـەق و سـەرکردەکانی دیکەیـان دەردەپەڕێـت. لـەولاوەش سـەرکردەکانیان بـە کردەنـی ڕێککەوتـن لەگـەڵ قۆرخکارانـی نـەوت لـە ئەمەریـکا و ئینگلتـەرا و فڕەنسـا ئیمـزا دەکـەن و گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆیان لەگـەڵ بەشـداربووانی کوتلـەی سـینتۆدا هەیـە بـۆ لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد و ڕێکەوتنـی گوماناوییـان لەگـەڵ دەرەبەگـە خـاوەن زەوییەکانـدا هەیـە کـە بەرتیلیـان لـە دامـودەزگا هەواڵگرییـە بیانییەکانـدا وەرگرتبـوو و دواتـر دەسـگیریان کـردن.

لـە مانگـی ئـاداری ڕابـردوودا، ڕۆژنامەکانـی جیهـان تێوەگلانـی ئاژانسـی هەواڵگریـی ناوەندیـی ئەمەریکییـان لـە کودەتاکـەی عێـراق بڵاوکـردەوە و نرخـی ئـەو تێوەگلانەشـیان ئاشـکراکردبوو کـە ئەفسـەرانی کۆنەپەرسـت و بژاردەکانـی بەعـس پێیـان دابـوون لـە بەرانبـەر ئـەو خزمەتـەی پێشکەشـیان کرابـوو، بـاس لـە ٣٥ ملیـۆن دۆلار دەکـرا.

ئـەو تاوانانـەی لـە بەغـدا ئەنجـام دەدران، هەمـوو جیهانـی تووشـی شـۆک کردبـوو، تەنانـەت شرۆڤـەکارە بۆرژواکانیـش ئەمەیـان پـێ نەشـاردرایەوە، ئەمـەش بابەتێکـی بڵاوکـراوەی ڕۆژنامـەی پەرمەنگەهـام پۆسـتی ئینگلیزییـە کـە بـەم دواییـە بڵاوکراوەتـەوە: « ... هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ سـەرکەوتنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق نییـە کـە دژی هێزەکانـی پێشـمەرگەی لایەنگرانـی مسـتەفا بارزانـی ئەنجامیاندابـوو و ئۆپەراسـیۆنەکان هیـچ ئەنجامێکیـان نەبـووە».

**«کۆمسۆمۆلیسکایا پراڤدا» /١٩٦٣/٨/١٧**

**ئەو شەڕانەی لەپێناو گەلی عەلی بەگدا دەکرێن**

**پاریس، ١٦ی ئاب. (تاس).** بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئاژانسی فرانس پرێس لە لەندەن کە لە سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکانی ئاگادار لە پایتەختی بریتانیاوە گواستراونەتەوە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری ڕابردوودا شەڕێکی دژوار لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوەکانی گەلی عەلی بەگ لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەڵگیرساوە کە ناوچەیەکی ستراتیژییە بۆ پێکەوە گرێدانی دەشتایی و زنجیرە چیاکان. سەرکردایەتیی سەربازیی عێراق، سەرەتای مانگی ئەیلوولی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرگە دیاریکردووە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سوپای عێراق لەم ئەرکەیدا سەرنەکەوێت، ناچار دەبێت دەست لە هەموو هەوڵێک هەڵبگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە کوردنشینانە. لەگەڵ هاتنی وەرزی زستانیشدا کوردستان لە تەواوی عێراق دادەبڕێت و دەرفەتێکی لەبارە بۆ مستەفا بارزانی هێزەکانی کۆبکاتەوە و ئامادەیان بکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەکانی داهاتوو.

هێزەکانی سوپای عێراق زۆر بە چڕی گوندەکان و ڕێڕەوەکانی گەلی عەلی بەگ بۆردومان دەکات، کەچی هێشتا ڕێڕەوە سەرەکییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدان. ژێدەرە کوردییەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە شەڕ لە ناوچەی خانەقینیش بەردەوامە، واتە لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٨/١٨**

**دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**

١٧ی ئاب. (تاس). ئەو کۆنگرەیەی لەلایەن ئەو قوتابییە کوردەی لە زانکۆکانی ئەورووپا دەخوێنن، لێرە کۆتایی هات.

لەو بڕیارە سیاسییانەی لە کۆنگرەکەدا دران، نوێنەرانی کورد بە حەماسێکی زۆرەوە پشتیوانیی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەربڕی و بڕیارەکە دووپاتی دەکاتەوە کە ئامانجی شۆڕش، ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعسییەکانە لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیمەکراسییە لەوێ کە تەواوی مافە دیموکراسییەکان بۆ

هاووڵاتیانی عێراق دەستەبەر دەکات و دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا دەنێت.

کۆنگرێس، هاوکارییەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و قۆرخکارانی نەوتی لە عێراق بۆ بەعسییەکان ئیدانەکرد و بڕیارەکەیان، ناڕەزایی دەربڕین بوو لەبارەی ڕەفتارەکانی حکومەتی سووریا کە هاوکاریی سەربازیی پێشکەش بە بەعسییەکانی عێراق دەکات لەپێناو لەباربردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

هەروەها بەشداربووانی کۆنگرەکەی قوتابیان ستایشی هەڵوێستی حکومەتی کۆماری مەنگۆلیای میللیی کرد کە بەنیازبوو کێشەی هێرشکردنی سوپای عێراق بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوێ گەنگەشە بکرێت. کۆنگرێسیش سوپاسی گەرمی خۆیان گەیاندە حکومەتی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت کە هەمان ئەو کێشەیەیان لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وروژاند لەو کۆبوونەوەیەی بەم دواییە لە جنێف بەسترابوو.

نوێنەرانی کورد داواش لە سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، بەتایبەتی هێزە ڕۆژئاواییەکان، هەروەها وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیاش، هەمان هەڵوێست لەبارەی سیاسەتی کۆمەڵکوژیی سوپای حکومەتی عێراق بگرنەبەر کە دژی کوردستان بەرپاکراوە و هاوکاریی شۆڕشگێرانی کورد بکەن لە بەدیهێنانی مافەکانیان.

سەبارەت بەو بڕگەیەش کە تایبەت بوو بە سیاسەتی دەرەوە، کۆنگرێس پێشوازیی لە پەیماننامەی مۆسکۆ کرد کە تایبەت بوو بە قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ناووکییەکان.

لە کۆتایی کۆنگرەشدا، هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە ئەوروپا بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەشدا وتەی هەریەک لە نوێنەرانی لقی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا- ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵەندا خوێنرانەوە.

گوتاری ئەکرەم عەزیز، سکرتێری لقی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا کە قوتابییەکی پەیمانگەی دووەمی پزیشکیی حکومی بوو، و ئاماژەی بەوە دابوو کە گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت هاوسۆزی خەباتی پێشمەرگەکانی کوردستانن، هەروەها باسی ئەو ڕێپێوانە نێودەوڵەتییە گەورەیەشی کرد کە لە ٢ی

تەمووز لە زانکۆی مۆسکۆی حکومی دژی تاوانەکانی بەعسییەکان ڕێکخرابوو. ئەکرەم عەزیز بە سوپاسێکی زۆرەوە باسی هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەت و ڕێکخراو و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ئەوێشی کردبوو کە بە بەردەوام پشتگیرییان دەکەن و ڕایگەیاندبوو: میدیا و ڕادێوی سۆڤیەت ڕۆڵێکی کاریگەریان لە سپیکردنەوەی درۆ و قسە هەڵبەستراوەکانی بەعسییەکاندا گێڕاوە لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و وێنەیەکی ڕاست و دروستی شۆڕشی کوردیان بە جیهان گەیاندبوو.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/٨/٢٢**

**کوردستان لە ململانێدایە**

**بەیرووت، ٢١ی ئاب. (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا).** بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەیشتووەتە قۆناغێکی هەستیاری یەکلاکەرەوە و وێڕای زیانەکانیان، حکومەتی بەعس هێشتا هەوڵی ئەوە دەدات تا مانگی ئەیلوولی داهاتوو تەواوی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان، بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە ڕووبەری ئەو ناوچانە لە ڕووبەری بەلجیکا فراوانترن.

لە ئێستادا شەڕێکی دژوار و سەخت لە دەربەندی گەلی عەلی بەگدا بەڕێوەدەچێت کە دەروازەیەکە بۆ هاتنە نێو کوردستان و باکووری سلێمانی و ناوچە سنوورییەکانی سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران، ڕادیۆی عێراقیش ڕۆژانە هەواڵی سەرکەوتنی سوپای عێراق بە گوێی هاووڵاتیاندا دەدات و ژمارەی خەیاڵیی زیانەکانی هێزی پێشمەرگە بڵاودەکاتەوە. عارفی سەرۆکی وڵات کە بەم دواییە سەردانی ناوچەکەی کردبوو و لەوێ ورەی سەربازانی عێراقی بەرزدەکردەوە، ڕایگەیاند: شکستی یەکجارەکیی کورد نزیک بووەتەوە.

لە ڕاستیدا، بەعسییەکان کە شەڕی براکوژیی نێوان عەرەب و کوردیان هەڵگیرساندووە، هیچ شتێکیان نییە شانازی پێوە بکەن، هیچ هێمایەکیش بۆ ئەو سەرکەوتنە خێرایەش لە ئاسۆدا دیار نییە کە خەونی پێوە دەبینن، هێزەکانی پێشمەرگەش تەواوی ئەو ناوچانەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیان و خۆیان تێدا قایم کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەڵوێستە سیاسییەکانی حزبی بەعس لە عێراق کز و لاوازتر دەبێت و لە بارودۆخێکی زۆر شڵۆقدان،

ئاشکراشە پرۆسەکانی تۆڵەسەندنەوە لە کورد، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمەکەی قاسم. بۆیە سەرکردەکانی بەعس بە ناچاری دەستیان بە دانوستان کرد لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کە لە ڕانییە بەڕێوەدەچوو و ڕۆژنامەکانیش بڵاویان کردبووەوە. عوسمان عەمماش، وەزیری بەرگریی عێراق بە نوێنەری کوردی ڕاگەیاندبوو: حکومەت بە بەشێک لە داخوازییەکانی کورد قایل بووە و لە بەرانبەریشدا داواتان لێدەکەین چەکەکانتان دابنێن و مەلا مستەفای بارزانیش وڵات بەجێبهێڵێ.

لە بەرانبەریشدا نوێنەرەکەی کورد گوتبووی: دانوستانی ڕاستەقینە مومکین نییە هەتاکو دەسەڵاتدارانی عێراق زیاتر لە سێ هەزار دەستگیر کراوی کورد ئازاد نەکەن و بەرپرسانی ئەو خوێنڕشتنەی لە کوردستاندا ئەنجامیانداوە، لە دەوڵەت و بەرپرسیارێتی دوورنەخرێنەوە. هاوکات دەسەڵاتدارانی بەعس چالاکانە لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانیی هێزە دەرەکییەکاندا بوون بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتیان و بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی سەربازیی سوپای عێراق بە سەرۆکایەتیی فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکان جەنەڕاڵ (تکریتی) گەیشتە دیمەشقی پایتەختی سووریا. هەر ئەو تکریتییە بوو کاتی خۆی هەڕەشەی وێرانکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستانی کردبوو لەپێناو «لەناوبردنی یاخیبووان». لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ دیمەشق جەنەڕاڵی ناوبراو ڕایگەیاندبوو: ئێمە بۆئەوە لێرەین دانوستان بکەین سەبارەت بە دامەزراندنی فەرماندەییەکی سەربازیی سووری- عێراقی و ڕەخساندنی هەمانگییەکی پتەو لەنێوان سوپای هەردوو دەوڵەت. لە هەمان کاتیشدا بەعسییەکانی عێراق دانوستانی نهێنییان لەگەڵ نوێنەرانی کوتلەی سینتۆ دەستپێکردبوو بۆئەوەی هاوکاریی زیاتر بکرێن لە شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا.

بــە مەبەســتی هەڵســەنگاندنی بارودۆخــی عێــراق، ڕۆژنامــەی پێشــکەوتنخوازی (النــداء)ی لوبنانــی لــە ســەروتارێکیدا نووســیبووی: «نیشــتمانپەروەران و دیموکراتخــوازان هیــچ گومانیــان نییــە کــە سیاســەتی توندوتیــژی دژی گەلانــی عێــراق، بەتایبەتیــش کــورد، ســەرناگرێت و هــەرەس دێنێــت».

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٣/٨/٢٠**

**ململانێکان بەردەوامن**

**لەندەن، ١٩ی ئاب. (تاس).** ئەو هەواڵانەی دەڵێن «یاخیبووانی» کورد لە باکووری عێراق تووشی شکست هاتوون، حاشاهەڵنەگرانە لەلایەن نوێنەری تایبەتی کورد کە تازە گەیشتووەتە لەندەن بەدرۆخراونەتەوە. بەپێی گوتەکانی ئەو نوێنەرە کوردە: هێزەکانی پێشمەرگە یەک بست لەو خاکەی کە پێش کودەتاکەی ٨ی شوبات بەدەستیانەوە بوو، پاشەکشەیان نەکردووە. هەروەها گوتوویەتی: هەموو هەوڵێکی کورد بۆئەوەیە بگەینە چارەسەرێکی ئاشتییانەی ئەو کێشەیەی لەئارادایە، بەڵام حکومەتی عێراق ڕژد نییە لەسەر دانوستانەکان و سەرباری ئەو هەموو بەڵێنانەی پێشووتر بە شاندی دانوستانکاری دابوون، هەرگیز پێشنیازەکانی کوردیان بەهەند وەرنەگرتووە، بگرە دانوستانیان بۆئەوە کردووە کە سوود لەو کاتە وەربکرن بۆ خۆکۆکردنەوە و ئامادەباشی بۆ هێرشێکی تری نوێ بکەن.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/٨/٢٠**

**بارودۆخی کوردستان**

**نیویۆرک، ١٩ی ئاب. (تاس).** پەیامنێری یونایتد پرێس ئینتەرناشیوناڵ لە بەیرووت ڕایگەیاندووە، ڕابەری کورد مستەفا بارزانی، پێشنیازەکەی حکومەتی عێراقی ڕەتکردووەتەوە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنێوان ئەو دوو هێزە شەڕکەرە.

پێش هەموو شتێک، کورد داوای ئازادکردنی هەموو ئەو کوردە دەکات کە بە ناڕەوا پێش دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەستگیری کردبوون، بە ساڵح یوسفیشەوە کە سەرۆکی شاندەکە بوون، ئەمە سەرباری ئەو چەند هەزار کوردەی ئێستا خزێنراونەتە کونجی بەندیخانەکانی ڕژێم.

بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتانەی لە بەغداوە گەیشتوون، پەیامنێری ناوبراو دەڵێت: فەریق عەمماش، وەزیری بەرگریی عێراق، چاوی بە نوێنەری تایبەتی مستەفا بارزانی کەوتووە و پێیگوتووە: حکومەتی بەغدا ئامادەیە ٢٠ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکان تەرخان بکات، ئەگەر ڕێککەوتن کرا، دەستبەجێ پێنج ملیۆنیان ڕادەست دەکرێت، بە مەرجێک پێشمەرگە شەڕی دژی حکومەت ڕابگرێ و بازانیش وڵات بەجێبێڵێ.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٨/٢٣**

**نیشتمانپەروەران دەجەنگن**

**پاریــس، ٢٢ی ئــاب. (تــاس).** پەیامنێــری ئاژانســی فرانــس پرێــس لــە لەنــدەن، لــە زاری نێوەنــدە کوردییەکانــەوە ڕایگەیانــدووە هێزەکانــی پێشــمەرگە، یەکەکانــی ســوپای عێراقیــان لەهــەردوو گونــدی بــارزان و بیاریــس وەدەرنــاوە و هەمــوو خاڵەکانــی پەڕینــەوە لــە زێــی گەورەیــان خســتووەتە ژێــر دەســەڵاتی خۆیــان. بــە تەواوەتیــش ناوچەکانــی سێگۆشــەی مووســڵ- بــارزان- ئامێدییــان کۆنتــڕۆڵ کــردووە. ســوپای عێراقیــش کــە توانیویەتــی ڕێگەکانــی هاوتەریــب بــە هێڵەکانــی ڕووبەڕووبوونــەوە کۆنتــڕۆڵ بــکات، لــە ئێســتادا کەوتوونەتــە ژێــر بۆردومانــە بەردەوامەکانــی هێــزی پێشــمەرگە. لــە ڕۆژدا نەبێــت، ناتوانــن بســتێک بجوولێنــەوە، ئەویــش لــە ســایەی ڕێوشــوێنێکی تونــدی ئەمنیــدا.

**«پڕاڤدا» دانوستانەکانی قاهیرە و سیاسەتی بەعس**

**بەیــرووت، ٢٩ی ئــاب. (پەیامنێــری تایبەتــی پڕاڤــدا).** پێنــج ڕۆژە دانوســتانەکانی نێــوان ســەرکۆماری عەرەبیــی یەکگرتــوو و ســەرۆکی عێــراق لــە ئەســکەندەرییە و قاهیــرە درێــژەی هەیــە. لــە ڕۆژی دووشــەمدا بەیاننامەیەکــی هاوبەشــیان ڕاگەیانــدووە و عــارف بــەرەو دیمەشــق چــووە، بۆئــەوەی ئەنجامەکانــی ئــەو دانوســتانە بــە ســەرکردەکانی حکومەتــی ســووریا بگەیەنێــت...

ئامانجێکــی زۆر دیاریکــراو بــە شــاندە عێراقییەکــە درابــوو - هەوڵــی خاوکردنــەوەی هەڵوێســتی حکومەتــی کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی لــە ئاســت هــەردوو ڕژێمــی بەغــدا و دیمەشــق- ئەگــەر لــە بەدەســتهێنانی پشــتگیریی قاهیــرە ســەرنەکەوتین ســەبارەت بــە کێشــەی کــورد، خــۆ دەتوانیــن بەلانــی کــەم بێلایەنیــی قاهیــرە زامــن بکەیــن لەوبارەیــەوە.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ٣٥، ١٩٦٣/٨/٣١**

**حزبی بەعس بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟**

لــەم ڕۆژانــەدا هەمــوو جــۆرە ڕۆژنامەکانــی ئەمەریــکا و بەریتانیــا تێوەگلانــی هەواڵگریــی ئەمەریکــی لــە کودەتاکــەی عێــراق ناشــارنەوە، ئاشــکرایە کــە قاســم ڕێگریــی لــە توانــای ڕەهــای کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق (ئەنگلــۆ- ئەمەریکــی- فەڕەنســی) دەکــرد لەگــەڵ سیاســەتی ئیمپریالیزلیســتەکاندا نەدەگونجــا، بۆیــە لــە دوای کودەتاکــە، عێراقییــەکان بــە تــەواوی پشــتیان بــە پشــتیوانییەکانی ئینگلتــەرا و ئەمەریــکا بەســتبوو.

بەعســییەکان، هەمــوو دەســەڵاتێکیان خســتبووە ژێــر ڕکێفــی خۆیانــەوە ... بــە تەواویــش گۆشــەگیر ببــوو و هاوکاریــی هەمــوو هێــزە نیشــتمانییەکانی دیکــەی عێراقیــان ڕەتدەکــردەوە، بەتایبەتیــش لــە کاتــی چڕکردنــەوەی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی ســوپای عێــراق دژی هێزەکانــی پێشــمەرگە کــە ناوچەیەکــی فراوانــی کوردســتانیان لەژێــر دەســتدا بــوو و لــە ســەردەمی قاســمەوە دەســتپێکردبوو. ئــەوان شــەڕیان بــۆ لەناوبردنــی هێــزی پێشــمەرگە بــوو کــە کوردســتانیان کۆنتــڕۆڵ کردبــوو و دوور نەبــوو ببێتــە پەناگەیەکــی ئــارام بــۆ بەرهەڵســتکارانی سیاســەتی فاشیســتییانەی فەرمانڕەوایانــی بەغــدا، هــاوکات بەعســییەکان دەیانویســت هەمــوو گەلانــی عێــراق بــە ژەهــری فاشــیزم ژەهــراوی بــکات و کەشــێکی لەبــار بخوڵقێنــی کــە بــۆ ســەقامگیرکردنی دیکتاتۆرییــەت. ئــەم ڕێبــازە، بــووە هــۆکاری هاوپەیمانێتییەکــی پتــەوی نێــوان بەعســییەکان و هێزەکانــی ئیمپریالیــزم.

شــەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانــی کوردســتان دەرفەتیــان بــۆ سیاســییەکانی بەریتانیــا و ئەمەریکییــەکان ڕەخســاند، مانــۆڕ بکــەن بۆئــەوەی ئەگــەر نەشــتوانن عێــراق بــەرەو پەیمانــی بەغــدا بگەڕێننــەوە، وای لێبکــەن ناچــاری بکــەن بــە وڵاتانــی دراوســێوەی بەنــد بکــەن و لــە کوتلــەی ســینتۆدا بەشــداری بکــەن.

هەیکــەل، ڕۆژنامەنووســی میســریی نزیــک لــە دامــودەزگا حکومییەکانــی کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی، لــە ٩ی ئــاب لــە ڕۆژنامــەی (الأهــرام)دا نووســیبووی: پێــش دەســتپێکی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی دژی کــورد، بەغــدا بــە بــەردەوام پێوەندیــی

بــە ئێــران و تورکیــاوە دەکــرد. کوردســتان گەمــارۆ درا. هەیکــەل درێــژە بــە گوتارەکــەی دەدات و دەڵێــت: «کاتێــک ســەرنجی حکومەتــی عێراقیــان بــۆ ئــەوە ڕادەکێشــا کــە ئــەم دوو وڵاتــە، دوو ئەندامــی ســەرەکین لــە کوتلــەی ســینتۆ. وەڵامــی عێــراق ئەوەبــوو: بەنــاوی پتەوکردنــی یەکێتیــی نیشــتمانیی عێــراق (؟!) ئێمــە ئامادەیــن تەنانــەت لەگــەڵ شەیتانیشــدا هەماهەنگــی بکەیــن». ئــەم هەماهەنگــی کردنــەش لەگــەڵ شــەیتاندا، لەچوارچێــوەی شــەڕی کوردســتان چڕدەبێتــەوە. کات لــە بەرژەوەندیــی کورددایــە، وەرزی بــاران باریــن نزیــک دەبێتــەوە، زســتانیش هەمــوو ڕێــڕەوەکان بــە بەفــر دادەپۆشرێــن، ئــەو شــەڕە درێژخایەنــەش، بیرۆکــەی کڕینــی چەکــی نوێیــان بــۆ بەعسییەکان خســتەڕوو. ئەوەبــوو دەســتبەجێ بــۆ ئــەم مەبەســتە ملکەچــی ئینگلتــەرا بــوو، وەجبــەی یەکەمــی کڕینــی فڕۆکــەکان بەڕێوەچــوو. لــە ســەرەتاکانی مانگــی ئابــدا، فەریقــی یەکــەم (التکریتــی) ســەرۆک ئەرکانــی هێــزە ئاســمانییەکانی عێــراق گەیشــتە لەنــدەن و بەپێــی گوتەکانــی التکریتــی: «چــاوی بــەو ئەفســەر و ســەربازە عێراقییانــە کەوتــووە کــە لــەوێ مەشــق و ڕاهێنــان لەســەر ئــەو فڕۆکــە نوێیانــە دەکــەن ...».

دوای ئەمــە لێکنزیــک کەوتنــەوەی زیاتــری نێــوان عێــراق و ئینگلتــەرا هاتــە ئــاراوە. هــاوکات ســەرکردە ســوورییەکانیش دووبــارە پێشــتیوانیی تــەواوی خۆیــان بــۆ فەرمانڕەوایانــی بەغــدا و کوشــتارە خوێنــاوی و شــەڕە ناڕەواکــەی دژی کــورد دووپاتکــردەوە. شــاندێکیش بــە ســەرۆکایەتیی میشــێل عەفلــەق، ئەمینــداری گشــتیی حزبــی بەعــس گەیشــتە بەغــدا و لــەوێ دانوســتان بــۆ دامەزراندنــی یەکێتییەکــی ســەربازی و ئابووریــی نێــوان ســووریا و عێــراق دەســتپێکرد.

ڕۆژنامــەی (الأنــوار)ی بەیرووتــی نووســیویەتی: «زانیاریــی گرنگــمان لــە نێوەنــدە سیاســییە عەرەبییەکانــەوە پێگەیشــتووە کــە دووپاتــی دەکەنــەوە بەعســییەکانی هــەردوو وڵاتــی عێــراق و ســووریا لــە هەوڵــی ئــەوەدان ڕەزامەندیــی بەریتانیــا وەربگــرن بــۆ دامەزراندنــی – هیــلال الخصیــب- کــە لــە ئێســتادا عێــراق و ســووریا و ئــوردن لەخــۆ دەگرێــت و لــە ئاینــدەدا لوبنانیشــیان بێتــە پــاڵ».

**«ستیبشیل» سوفیا**

بریماکـۆف یەفگینـی ماکسـیمۆفیتش، ڕۆژنامەنووسـی نێودەوڵەتـی، پاڵێـوراو بـۆ زانسـتە ئابوورییەکان،جێگـری سەرنووسـەری پڕاڤـدا بـۆ بەشـی وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا

**«کراسنایا زفزدا» ١٩٦٣/٩/٦**

**ڕزگارکردنی گوزەرانی کوردی عێراق**

**جنێـف، ٥ی ئەیلـوول. (تـاس).** سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و فەرمانـدەی هێـزە چەکدارەکانـی کـورد مسـتەفا بارزانـی، نامەیەکـی بـۆ سـەدەمین کۆنگـرەی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی نـاردووە و لـە نامەکـەدا سـەرنجی بەشـداربووان بـۆ ڕەفتارەکانـی حکومەتـی عێـراق ڕادەکێشـێت کـە بـە ئاشـکرا پێشـێلی یاسا نێودەوڵەتییـەکان و پرەنسـیپە مرۆییەکانـە کـە خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی ڕەچاویـان دەکات.

لـە نامەکـەدا هاتـوو: حکومەتی بەعـس، لەبەرئـەوەی ناتوانێ بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلـی کـورد لەناوببـات کـە لەپێنـاو مافـە دیموکراسـییەکانی خەبـات دەکات و هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان دەدات، لـە حوزەیرانـی ئەمسـاڵەوە بـە هاوکاریـی حکومەتـی سـووریا، پەنـای بـۆ کۆمەڵکوژیـی هاووڵاتیانـی کوردسـتان بـردووە. لـە پێشـێلکردنی ڕێککەوتنەکانـی جنێفـدا، حکومەتـی بەغـدا شـار و شـارۆچکە و گوندەکانـی کوردسـتان بۆردومـان دەکات و سـەدان ژن و منداڵ و بەسـاڵاچووانی کوشـتووە. هاووڵاتیـی سـڤیلی ئـەو ناوچـە کوردسـتانیانەی لـە چاڵگـە نەوتییەکانـەوە نزیکـن بـە زۆرەملـێ ڕادەگوازێـت و دیلەکانـی پێشـمەرگە دەکوژێـت و بارمتەکانیـش گوللەبـاران دەکات، زیندانییـە سیاسـییەکانی عـەرەب و کـورد ئەشـکەنجە دەدەن و بـە ناپاڵـم کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان دەسـوتێنێت و ئاژەڵـەکان لەناودەبـات ...

هەروەهـا لـە درێـژەی نامەکـەدا هاتـووە: لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی ژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی پێشـمەرگە، نزیکـەی ١٠٠ هـەزار دانیشـتووی کـورد هـەن کـە تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە خـۆراک و دەرمـان بێبەشـکراون و چەندیـن هـەزار هاووڵاتیـی کـوردی عێراقیـش ئـاوارەی ئێـران و تورکیـا بوونـە.

بارزانـی داوا لـە لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد دەکات کـە لـە دەرەوەی عێراقـدا کاردەکـەن، دەرمـان و خـۆراک بـۆ ئـاوارە مەدەنییەکانی کـورد دابین بکـەن، هەروەها گوژمـەی پێویسـتیش بـۆ گواسـتنەوەی ئـەم هاوکارییانە دەسـتەبەر بکات.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/٩/٧**

**کورد بپارێزن!**

دوێنـێ لـە زانکـۆی مۆسـکۆی حکومـی، ڕێپێوانێکـی فـراوان بەڕێوەچـووە بـۆ دەربڕینـی هاوسـۆزی لەگـەڵ خەباتـی گەلـی کـورد لەپێنـاو وەدەسـتهێنانی ئـازادی و سـەربەخۆییدا.

بەشـداربووان قوتابیـی وڵاتانـی ئاسیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـکای لاتیـن بـوون و ناڕەزایـی تونـدی خۆیـان لە هەمبەر ڕەفتـارە نامرۆییەکانی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێراق دەربڕی کـە دەمێکـە گەلی کـورد دەچەوسـێنێتەوە و سـەربەخۆیی نەتەوەییان پێشـێل دەکات.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/٩/١٧**

**کورد لە شەڕدا بەردەوامن**

**پاریـس، ١٦ی ئەیلـوول (تـاس).** دوێنـی جـەلال تاڵەبانـی ئـەو ڕاپۆرتانـەی ڕەتکـردەوە کـە لـە ئاژانسـی فرانـس پرێسـدا بڵاوکرابوونـەوە کـە گوایـە کـورد دەیانـەوێ دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ خۆیـان دابمەزرێنـن.

تاڵەبانـی، لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ پاریـس کـە بـۆ نیویـۆرک بەڕێوەیـە بـۆ ئامادەبـوون لـە دانیشـتنی کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، گوتـی: ئـەو پەیامانـەی لەبـارەی سـەربەخۆییدا بڵاودەکرێنـەوە، «هـی حکومەتـی عێراقـە کـە بـە جوداخـوازی تۆمەتبارمـان دەکات و ناوبانگـمان لـە بەرانبـەر ڕای گشـتیی عەرەبـی و وڵاتانـی دراوسـێدا بزڕێنـێ».

تاڵەبانـی هـەر لـەوێ ناڕەزایـی بەرانبـەر بـەو هاوکارییانـەی بەریتانیـا دەربـڕی کـە پێشـکەش بـە عێراقـی دەکات و گوتـی: «ئێسـتا بـە ڕوونـی بۆمـان ئاشـکرابووە کـە بەریتانییـەکان چەکـی نوێیـان بـە عێـراق داوە، بەتایبەتیـش ئەوانـەی لـە شـەڕی ناوچـە

شـاخاوییەکاندا بەکاردەهێنرێـن، وەک فڕۆکـە و تانکـە سـووکەکان». هیـوای خواسـت کێشـەی کـورد لـە خولـی داهاتـووی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا بورووژێنرێـت.

تاڵەبانـی ئەوەشـی ڕوونکـردەوە کـە لەئێسـتادا پێشـمەرگەی کوردسـتان بەشـێکی زۆری خاکـی کوردسـتانیان لەژێردەسـتدایە و حکومەتـی عێـراق تەنیـا چەنـد شـارێکی گـەورەی داگیرکـردووە و ئاماژەی بـەوەش دا کـە شـەڕ لـەو ناوچانـەی دەکەونـە باشـووری کەرکووک تـا دەگاتـە زاخـۆ لـە باکوورەوە، هـەر بەردەوامـە.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/٩/١٧**

**وەک داکۆکیکردنێک لە مافەکانی گەلی کورد**

**جنێـف، ١٦ی سـێبتەمبەر. (تـاس).** «لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد» بەیاننامەیەکـی بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا دەڵێـت: «بەعسـییەکانی عێـراق خوێنـی هـەزاران دیموکراتخـوازی عێراقیـان ڕشـتووە، پاشـان بـە هاوکاریـی بەعسـییەکانی سـووریا، درێژەیـان بـە شـەڕێکی گڵاو دا دژی گەلـی کـورد کـە لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ەوە قاسـم بەرپـای کردبـوو».

هەروەهـا بەیاننامەکـە ڕایدەگەیەنێـت، بەعسـییەکان هـەر ئەوەندەیـان بـۆ ماوەتـەوە کـە شـانازی بـە کوشـتنی هـەزاران ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچووان بکـەن، بـەڵام لـەڕووی سـەربازییەوە لـەو شـەڕە خوێناوییـەی لـە کوردسـتان بەرپایـان کـردووە، دۆڕاون، ڕێـک وەک ئـەو دۆڕانـەی کاتـی خـۆی قاسـم چەشـتبووی. هـەر لـەو بەیاننامەیـەدا هاتـووە، هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـە ڕابەرایەتیـی جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی، سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هاوسـۆزییەکی گـەرم و گوڕیـان لەلایـەن هاووڵاتیانـی عەرەبـی عێـراق و دیموکراتخوازانـی جیهـان بەدەسـتهێناوە و هێرشـەکانی سـوپای عێراقیـان هەمـوو بەرپەچداوەتـەوە و زیانێکـی زۆریـان بـەو هێـزە هێرشـبەرانە گەیانـدووە. هەمـوو ئـەو جـاش و بەکرێگیراوانەشـیان بۆئـەو دیـوی سـنووری تورکیـا ڕاونـاوە کـە بـۆ دژایەتیکردنـی پێشـمەرگە دامەزرابـوون، هەروەهـا پێشـمەرگە لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا باڵادەسـتیی خـۆی بەتەواوەتـی بەسـەر ناوچەکـەدا سـەپاندووە.

«لێژنــەی داکۆکیکــردن لــە مافەکانــی گەلــی کــورد» داوا لــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی دەکات، هەڵوێســتی خۆیــان لــە پرۆســەی «لەناوبردنــی خەڵکــی ســڤیلی بێــوەی» دەربــڕن و هــەر وەک تەماشــاکەر نەبــن لــەو دوورەوە تەماشــای ڕووداوەکان بکــەن و هیــچ ڕۆڵێکیــان لــە دانانــی ســنوورێکدا نەبێــت بــۆ ئــەو تاوانانــەی دژی کــورد ئەنجــام دەدرێــت. لــەم ڕۆژانەشــدا دانیشــتنێکی کۆمەڵــەی گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەبەســترێت و کێشــەی کــوردی تێــدا گەنگەشــە دەکرێــت، هــەر لــەو بەیاننامەیــەدا هاتــووە: دووبــارە سوپاســی هەڵوێســتی کۆمــاری مەنگۆلیــای میللــی و یەکێتیــی ســۆڤیەت دەکەیــن کــە کێشــەی کوردیــان لــە نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا وروژانــدووە.

لێژنــە داکۆکیکارەکــە هیــوا دەخوازێــت کۆمەڵــەی گشــتی بتوانێــت هەمــوو ئــەو بڕیــار و ڕێــکارە پێویســتانە دەربــکات کــە توانــای دانانــی ســنوورێکیان هەبێــت بــۆ تاوانەکانــی کۆمەڵکوژیــی خەڵکــی ســڤیلی کوردســتان لــە نزیکتریــن کاتــدا.

**«لیتراتۆرنایا گازیتا» ١٩٦٣/٩/١٩**

**بەغدا هەڵدەگەڕێتەوە**

«کــورد بــرای ئێمــەن، مێــژوو بۆمــان دەســەلمێنێ ئــەوان عەرەبن!» ئەم ڕســتە ســەیرە هی ســەرۆک عارفــە کــە بەم دواییــە گوتوویەتی، ئێســتاش فەرمانــدەی باڵای هێــزە چەکدارەکانی عێراقــە کــە کــورد دەکوژێ و لە ســێدارەیان دەدات، بە ناپاڵمیش ژن و منداڵ و بەســاڵاچووان دەســووتێنێ، شــارۆچکە و گوندەکانــی کوردســتان وێــران دەکات، جــا کاتێــک گوێبیســتی ئەم لێدوانــە درۆزنانــە بریقەدارانــە دەبیــت، چیرۆکــی قابیــل و هابیلی برایــت دێتەوەبیر. هەموو لایــەک دەزانێــت کــە بەڵــی کوردی عێراق بــرای عەرەب بوونــە و لە خەباتــی دژی داگیرکاران و ئیمپریالیــزم و دژی ڕژێمــی گەندەڵــی پاشــایەتی و پەیمانــی بەغــدادا هاوشــانی برایانــی عەرەبیــان شۆڕشــی ڕزگاریخوازی ســاڵی ١٩٥٨یــان بەرپاکردووە.

بــەڵام کاتێــک دەڵێــی کــورد، عەرەبــن، وەکــو ئــەوە وایــە بڵێــی عــەرەب، کــوردن یاخــود فــارس، تورکــن یانیــش بەپێچەوانــەوە. مێــژووش دڵخــۆش دەبــوو بــەوەی کــە یەکێــک لــە دێرینتریــن گەلانــی جیهــان – کــورد- لەژێــر ئاســمانێکدا لەگــەڵ عەرەبــدان و هەمــان چیــا و

ئاویـان پێبەخشرابێـت و هاوبەندیـی خەباتـی هاوبەشـیان دژی داگیرکارانـی بیانـی هەبێـت کـە ئەمانـە لـە ئاینـی ئیسـلام و دابونەریتـدا هاوبەشـییەکانی نێـوان گەلانـن.

ملیۆنـان کـورد لـە ئێـران، تورکیـا، سـووریا و شـوێنەکانی دیکـەدا دەژیـن، بـەڵام ئـەم پەرتبوونـە مانـای ئـەوە نییـە کـە وازیـان لـە کوردبوونـی خۆیـان هێنابێـت.

بەعسـییەکان، پێویسـتیان بـە ئاوەژووکردنـەوەی ڕاسـتییەکانە لەپێنـاو بێبەشـکردنی کـورد لـە مافـە ڕەواکانیـان لـە مافـی چـارەی خۆنووسـین و ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا، هەروەهـا بێبەشـکردنیان لـە مافـی خوێنـدن بـە زمانـی دایـک و داهاتـی سـەرچاوەکانی نـەوت و ڕاگواسـتن و نیشـتەجێکردنیان لـە کۆمەڵگـەی زۆرەملێکانـدا.

بەرپاکردنی شەڕی دژی کورد، زۆر بە خراپی بەسەر بەغدا شکایەوە، ئەو کوشتارەی دیموکراتخوازەکانی عێراق دووچاری بوون و ئەو کۆمەڵکوژییەی دژی کورد کە سێ مانگی خایاند لە کوردستان، سەرکەوتنێکی زۆر گرانیان بۆ بەعسییەکان تۆمارکرد، بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی وڵات وەکو گڕکان هەڵدەچێت و دەنگۆکان باس لە فشەڵی فەرمانڕەوایانی بەغدا دەکەن. ئابووریی وڵات وێرانە و هەژاری و بێکاری لە گوند و شارەکانی عێراقدا بڵاوە. وێستگەکانی شەمەندەفەر، بەو شەمەندەفەرانەی بریندارانی شەڕەکان دەگوازنەوە جمەیان دێ، نەخۆشخانە و نۆڕینگەکانیش جێگەی کەسی تێدا نابێتەوە.

یـەک لـەدوای یـەک لـە بەرەکانـی شـەڕ و هێڵـی پێشـەوەی ڕووبەڕووبوونـەوەکان، برووسـکەی ڕەش دێـن، لـە گونـدە سـوتماکراوەکانی کوردسـتانەوە کـە سـەد هـەزار ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچووان بێلانـە کـراون ڕوو لـە کونـە شـاخە سـەختەکان دەکەن، ئەوان برسـی و پێخواس و بێبەشـن لە سـەرەتاییترین چاودێریی تەندروسـتی. بەشـێکی زۆریان سەرکێشـی دەکـەن و دوور لە چاوی پاسـەوانان، سـنووری تورکیا و ئێران دەبـڕن و ئاودیو دەبن، لەوێش لـە سـەربازگەیەکدا کۆدەکرێنـەوە کـە لەژێـر چاودێرییەکـی چـڕی ئەندامانی سـینتۆدایە.

پێشـمەرگە بـە هەمـوو توانایەکیانـەوە تـا مـردن دەجەنگـن، کۆتایـی ئـەم شـەڕەش دیـار نییـە، چونکـە هـەروەک شـمیدت پەیامنێـری نیویـۆرک تایمـز لـە بەیـرووت ڕایگەیانـدووە: نـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق توانـای لەناوبردنـی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان هەیە لـە ناوچە شـاخاوییەکان و نـە هێزەکانـی پێشـمەرگەش دەتوانـن لـە دەشـتاییەکاندا هێزەکانی سـوپای

عێراق تێکبشکێنن. لە پێش کودەتا سەربازییەکەی بەعسییەکانیشدا لەگەڵ سوپاکەی حکومەتی قاسمدا لە شەڕدابوون و تەواوی ناوچەکانی کەرکووک و ڕانیە و ئامێدی و بەشێک لە مووسڵیشیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی خۆیانەوە و هێندەش بڕوایان بە بەڵێنەکانی سەرکردە بەعسییەکان هەبوو بە ئومێدی دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەشدارییان لە ڕووخاندنی ڕژێمی قاسمدا کرد و هەر زوو شاندێکیان بە مەبەستی دانوستاندن ڕەوانەی بەغدا کرد بۆئەوەی بگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد، ئەوکات بەعسییەکان بە هەموو جیهانیان ڕاگەیاندبوو، ڕاستگۆن و نیازپاکانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدەن و کەس پێشبینیی ئەو ئەنجامانەی نەدەکرد کە ئەگەر بێت و کورد فریونەدرێن و بەعسییەکان بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە کاتی درێژکردنەوەی دانوستانەکان و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی نوێ بۆ سەر کوردستان درێژەیان بە دانوستانەکان دەدا.

بە فەرمی و لە ٩ی حوزەیراندا جارێکی تر شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە، فڕۆکەکانی (حەردان تکریتی) لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ڕابردووەوە دەستیان بە بۆردومانکردنەوەی کوردستان کردەوە، لە ڕۆژانی یەکەمی ئەو شەڕە ناڕەوایەدا ٤٥ هەزار سەربازی پڕچەککراو بە نوێترین چەکی سەردەم و پشتیوانیی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق بە کوردستاندا بڵاوکرانەوە و شەڕی دژی پێشمەرگەیان دەستپێکردەوە کە تەنیا چەکی سووک و چەند ڕەشاشێکیان لەبەردەستدا بوو. ئەمە سەرباری چەند یەکەیەکی تایبەتی ئەسپسواری «وەلید» و هێزەکانی سوارچاکانی چیا «سەلاحەدین» دەستیان بە هەڵمەتێکی سزادان و تۆڵەسەندنەوەیان دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان کردەوە و شەلاتییە بەدناوەکانی حەرەس قەومیش هاوکاریان بوون کە بە دڕندەیی و پێشێلکاریی هەموو ڕێساکانی جەنگ ناوبانگیان دەرکردبوو، لە هەموو شارەکانی عێراقدا چاویان لە چینی کرێکار سووردەکردەوە و هەڕەشەیان لێدەکردن.

هێزەکانی عەماش، وەزیری بەرگریی عێراق، لە ترسی گورزە کوشندەکانی پێشمەرگە، ناوچە شاخاوییەکانیان جێهێشتبوو و بەرەو دامێنی چیاکان و دەشتایی و دۆڵەکان پاشەکشەیان کردبوو و لە دەوروبەری شارە گەورەکاندا گردببوونەوە. هێزەکانی پاشەوەیان لەلایەن یەکەکانی تانک و زرێپۆشەکان لەسەر زەوی و لە

ئاسـمانەوە فڕۆکەکانـی سـوپای عێـراق پشـتیوانی دەکـران و وەک هێڵێکـی چاودێریـش وابـوون لـەدواوە بـۆ ڕێگریکـردن لـەو سـەربازانەی لەشـەڕەکاندا هەڵدێـن. لەپـاش تەنیـا مانگێـک لـە دەسـتپێکی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان، هێزەکانـی پێشـمەرگە توانییـان ڕێگـری لـە پێشـڕەوییەکانی هێـزە هێرشـبەرەکەی سـوپای عێـراق بکـەن و گـورزی کوشـندەیان تێبسرەوون. ئـەو شـەڕەی هێزەکانـی پێشـمەرگەی مسـتەفا بارزانـی لـە مانگـی ئابـدا لـە ناوچـەی دەربەنـدی ڕوانـدز بەسـەر سـوپای عێراقـدا سـەپاندیان، سیاسـییەکانی بەغدایـان تووشـی شـۆک و سەرسـوڕمان کـرد.

سـەرۆک وەزیـران ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، بەشـێوەیەکی چـاوەڕوان نەکـراو ڕایگەیانـد: «.... ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـورد، تەنیـا سـاڵێکی بـۆ دانرابـوو، بـەڵام سـەرکەوتنەکان (؟!) هێنـدە مەزنـن، دەتوانرێـت زۆر لـەو ماوەیـە کەمـتر کۆتایـی پێبێنیـن». پێشـتریش خـودی بەکـر و عـارف و عەمـماش و چەنـد سـەرکردەیەکی دیکـەی سـەربازی و ژمارەیـەک لـە وەزیـرە بەعسـییەکانیش هەڕەشـەیان کردبـوو کـە لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـوودا کۆتایـی بـە ڕاپەڕینـی کـورد بێنـن!.

لـە ١٥ی ئـاب، ئیریـک ڕۆلـۆ لـە ڕۆژنامـەی لۆمۆنـد نووسـیبووی: «هێزەکانـی پارتیزانـی، زیانێکـی گەورەیـان بـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق گەیاندبـوو و بـە دانانـەوەی بۆسـە بـۆ هێزەکانیـان و هەڵکوتانـی کتوپـڕ بـۆ سـەر یەکەکانـی سـوپاکە، سـوپای عێراقیـان مانـدوو و شـەکەت کردبـوو ... سـەربازانی حکومەتـی مەرکـەزی لـە ئێسـتادا تەنیـا دۆڵ و شـارە گەورەکانیـان بەدەسـتەوە مـاوە، هێزەکانـی بارزانیـش تـەواوی ناوچـە شـاخاوییە سـەختەکانیان کۆنتـڕۆڵ کـردووە». ئـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەی سـوپای حکومەتـی عێـراق لـە ٩ی حوزەیـران بەسـەر کوردسـتانیدا سـەپاندبوو و پێشـبینییان دەکـرد چەنـد ڕۆژێـک بخایەنێـت، کەچـی تـا کاتێکـی نادیـار ئـەو شـەڕە درێـژەی دەبێـت.

لـەم دواییـەدا، دەسـەڵاتدارانی بەغـدا سـوپایەکی تـەواوی ٧٠ هـەزار سـەربازیی ڕەوانـەی ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان کـرد کـە فڕۆکـەی هەنتـەری بریتانـی و ئـەو فڕۆکانـەی بـە پەلـە لـە ئەمەریـکا و ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوای کڕیبـوون پشـتیوانیی ئـەو هێـزە قەبەیەیـان دەکـرد و سیاسـەتی سـووتماک کردنـی خاکیـان کـردە ئامانجـی هێرشـەکانیان.

ئێسـتا بـە گوشـاری ئـەو هێزانـەی بـە زرێپـۆش و تانـک و فڕۆکـە پشـتگیری دەکرێـن،

کـورد ناچـارە لـە بەشـێک لـەو ناوچانـەی لەژێـر دەسـتیدا بـوون، پاشەکشـە بـکات و گوندنشـینان و مەڕومالاتیـان بگوازنـەوە شـوێنێکی ئارامـتر، بـەلام شـەڕێکی زۆر دژوار لەئارادایـە، بەتایبەتیـش لـە بەشـی باکـوور.

وەرزی بارانباریـن و سـەرما، لـە بەرژەوەندیـی هێزەکانـی پێشـمەرگەدایە، چونکـە ئـەوان گـەرووە شـاخاوییەکان دەکەنـە بەربەسـتێکی سرووشـتی بـۆ پێشـڕەوییەکانی ئـەو هێزانـەی بـۆ تۆڵەسـەندنەوە و سـزادانی خەڵکەکـە هاتـوون. پەخشـی هەواڵەکانـی عێـراق کـە بزووتنـەوەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلانـی عێـراق لـە لەنـدەن لـە ١٦ی ئەیلـوول بڵاویکردبـووەوە، دووپاتیدەکەنـەوە هێزەکانـی سـوپای عێـراق ناچارکـرا دەسـت لـە خەونـی لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد هەڵبگرێـت تـا بەخێرایـی کـورد کۆمەڵکـوژ بـکات. پەخشـانەمەی بزووتنەوەکـە ئـەوەش دەڵێـت: ئـەو سیاسـەتەی حکومـەت بـۆ لەناوبردنـی کـورد بەسـەر خۆیانـدا شـکایەوە  و ئامـاژە بـە شکسـتهێنانی ئـەو سیاسـەتەی بەعسـییەکان دەکات کـە نەیانتوانـی جەمـاوەری عێـراق پەلکێشـی ئـەم ململانێیانـە بکـەن و دژی نەتـەوەی کـورد بجەنگـن، هەروەهـا جەخـت دەکاتـەوە نـەک هـەر قەناعەتیـان بـە جەمـاوەر نەهێنـا دژی دوژمنێکـی وەهمـی بەشـەڕبێن، بگـرە پشـتیوانییەکی گـەورەی ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی کوردیشـیان کـرد. سـەدان ئەفسـەر و سـەربازیش ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان جێهێشـت و پێوەندییـان بـە هێزەکانـی پێشـمەرگە کـرد ... ئـەو دڵڕەقییـەی حکومەتـی عێـراق لـە بەرانبـەر کـورددا پێـڕەوی دەکات، بووەتـە مایـەی یەکگرتنـی نێومالـی کـورد و پتەوکردنـی برایەتیـی نێـوان هـەردوو گەلـی عـەرەب و کوردیـش لـە سەرتاسـەری عێـراق.

سـەرکردەکانی شـەڕی پارتیزانیـی کـورد، چەندیـن جـار دووپاتیـان کردووەتـەوە کـە ئـەوان نیـازی دەسـتدرێژی کردنـە سـەر دامـودەزگا نەوتییەکانیـان نییـە بەتایبەتیـش ئەوانـەی دەکەونـە نێـو خاکـی کوردسـتانەوە (کەرکـووک- مووسـڵ- خانەقیـن) بـەلام ئەگـەر سیاسـەتی پاکتاوکردنـی نەتـەوەی کـورد هـەر بـەردەوام بێـت، ئەوسـا ئەوانیـش ناچـار دەبـن هێـرش بکەنـە سـەر ئـەو چاڵگـە نەوتییانـەی بەدەسـت هێـزە قۆرخـکارە ڕۆژئاواییەکانـن، هـەروەک ئیبراهیـم ئەحمـەد، سـەرۆک ئەرکانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە ڕایگەیاندبـوو، ئەوکاتیـش، حکومەتـی عێـراق لـە سـەرچاوەی سـەرەکیی داهاتـدا بێبـەش

دەکرێـت کـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکییە بـۆ پڕچـەک کردنـی سـوپا و بەردەوامبوونیـان، بۆیـە کۆنەپەرسـتانی بەعـس هەمـوو هەوڵێکیـان بۆئەوەیـە کـوردی ئازادیخـواز ملکـەچ بکـەن و بیانخەنـە خزمـەت ئاغاکانـی ڕۆژئاوایـان.

هەڵبـەت ئـەم شـەڕە بـە کردەنـی دەردەسـەریی بـۆ وڵاتانـی عەرەبیشـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا. کـورد و عـەرەب درکیـان بـەوەش کـردووە کـە ئـەم شـەڕە براکوژییـەی نێوانیـان تەنیا خزمەتـی دامـودەزگا ئیمپریالیزمـەکان دەکات کـە بـە دزینـی نەوتـی عێـراق تۆمەتبـارن و گەڕانەوەیـە بـۆ پێڕەوکردنـی سیاسـەتی «پەرتکـە و زاڵبـە» و ناچارکردنـی عێراقـە کـە بـە کـۆت و بەنـدی پەیمانـی بەغـداوە بەندبێـت.

لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە هاووڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی و هاووڵاتیانی هەر پێنج کیشوەرەکەش دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕن دژی ئەو کوشتار و خوێنڕشتنەی دەرهەق کورد دەکرێت.

**جۆرجی ئۆسیبۆف**

**«زاربژۆم» ژمارە: ٣٨، ١٩٦٣/٩/٢١**

**کورد بەرگری دەکات**

ڕۆژنامەیەکـی بـۆرژوای فەڕەنسـی بـاس لـە شـەڕی حکومەتـی بەعـس دەکات لـە عێـراق کـە دژی کـورد هەڵیانگیرسـاندووە و هەڵوێسـتی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا دووپـات دەکاتـەوە لـە پشـتگیریکردنی سیاسـەتی ئـەو کۆمەڵکوژییـە.

**«کۆمبا» پاریس**

ئێمــە بــە بــەردەوام لــە لاپەڕەکانــی ڕۆژنامەکەمانــدا ئابــڕووی ئــەو هەڵمەتــی کۆمەڵکوژییــەی کوردمــان کــردووە کــە حکومەتــی عێــراق پێــڕەوی دەکات، داواشــمان لــە ڕۆژئــاوا کــردووە، ڕۆڵــی خۆیــان بگێــڕن لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەو ڕووداوانــەی ناکـرێ پشـتگوێ بخرێـن. نوێتریـن زانیاریـی ئێمـە، تـا ڕادەیـەک هیوابـڕە: زانیارییەکامـان دووپاتـی دەکەنـەوە کـە ئەمەریکـی و بەریتانییـەکان نوێتریـن فڕۆکـە و تانـک و بۆمبـی کۆمەڵکـوژ دەدەنـە ڕژێمەکـەی عـارف بـۆ کۆمەڵکوژیـی کـوردی ئاشـتیخواز، هەرچـی

ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا و ئیتاڵیاشـە، بـە بیانـووی پێشکەشـکردنی هاوکاریـی ئابـووری، دارایـی پێویسـت بـۆ بـەردەوام بوونـی ئـەم شـەڕە بـۆ حکومەتـی عێـراق دابیـن دەکـەن کـە تاکـو ئێسـتا کۆتاییەکـەی دیـار نییـە. لەبـەر ئەوەشـە کـە سـوپای بەکرێگیـراوی عێـراق تووشـی بێئومێـدی بـووە.

دەبـا بیرتـان بێنینـەوە کـە لـە ٨ی حوزەیـران، واتـە دوو ڕۆژ پێـش تەواوبوونـی کاتـی ئـەو ئاگارکردنەوەیـەی حکومـەت کـە داوای چەکدانانیـان لـە کـورد کردبـوو، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانیی حـەرەس قەومـی، ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانیان لـە کوردسـتان دەسـتپێکردەوە و یەکەمیـن جـار دەسـتیان لـە سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـووک وەشـاند، ئینجـا دەسـتیان بـە دەسـتدرێژیکردنە سـەر ژنـان کـرد و کوشـتارێکی زۆریـان بەرپـا کـرد، تەنیـا لـە سـلێمانی ١٥٧ کەسـیان بـە دڕندانەتریـن شـێوە لەبەرچـاوی منداڵەکانیـان کوشـت. بوونـی وێنـەی مسـتەفا بارزانـی یاخـود هـی پاڵەوانـی نەتەوەیـی کـورد مارگریتـا جـۆرج لـە هـەر ماڵێکـدا ببینرایـە، تاوانێکـی گـەورە بـوو و بـەس بـوو بـۆ بیانـووی هەمـوو جـۆرە تونـد و تیژییـەک. لەوسـاوە حکومەتـی عێـراق چەندیـن جـار ڕایدەگەیانـد کـە بانـدە کوردییـەکان پەرتـەوازە کـراون و بـەم زووانـە هەمـوو کوردسـتان ئـازاد دەکەیـن و دەیخەینـەوە ژێـر ڕەحمەتـی حکومەتـی بەغـدا. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو چـوار شـەڕە سـەرەکییەی بـارزان و کفـران و گەلـی عەلـی بـەگ و هەولێـر کـە هەفتەیـەک زیاتریـان خایانـد و لـە بەرژەوەندیـی سـوپای عێراقـدا نەبـوون و هێزەکانـی پێشـمەرگەیان تێـدا سـەرکەوت.

لـەم دواییـەدا ڕۆژنامـەی نیویـۆرک بڵاویکردبـووەوە کـە سـوپای حکومەتـی عێـراق بـەو هەمـوو تانـک و تـۆپ و فڕۆکەشـەوە ناتوانێـت هێـزە سـەرەکییەی هێزەکانـی پێشـمەرگە لەنـاو ببـات و هەرکاتێکیـش کەشـوهەوا لەبـار بووبێـت، هێزەکانـی پێشـمەرگە هێرشـی پێچەوانەیـان دژی هێزەکانـی سـوپای عێـراق ئەنجامـداوە. ڕۆژنامەنووسـانی بیانیـش بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە مەیدانـی شـەڕەکاندا نزیـک و ئـاگادارن، هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی دوور نییـە ئـەو شـەڕەی لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە دەسـتپێکردووە، چەنـد سـاڵێک بخایەنێـت، چونکـە نـە هێزەکانـی پێشـمەرگە ئـەو جـۆرە چەکانەیـان لەبەردەسـتدایە کـە بتوانـن هێـرش بکەنـە سـەر بەغـدا و نـە سـوپای حکومەتـی عێراقیـش دەتوانێـت

لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتاندا پێشـمەرگە لەناوبـات. هەرچەنـدە حکومەتـی عێراقیـش لـە ڕاگەیاندنـە فەرمییەکانیـدا ڕایگەیانـدووە، ئـەم ڕووداوانـە پەیوەسـتن بـە کاروبـاری نێوخـۆی عێراقـەوە، دەبـا بیرتـان بێنینـەوە کـە شـەڕەکە وا بـۆ سـێ سـاڵ دەچێـت درێـژەی هەیـە و نزیکـەی دوو هـەزار گونـدی کوردسـتان بۆردومـان کـراون و شـارۆچکەکانی ئامێـدی و ڕانیـە و کۆیـە بـە تـەواوی وێـران کـراون و داریـان بەسـەر بـەرددا نەمـاوە. واتـە ئێمـە بـاس لـە شـەڕی پاکتاوکردنـی نەتەوەیـەک دەکەیـن کـە شـەڕێکی ڕەگەزپەرسـتانەیە و نەتـەوە یەکگرتووەکانیـش ئیدانـەی کـردووە. سـەرباری ئەمانـە، دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بـە مەبەسـتی برسـیکردنی گەلێکـی تـەواو، گەمارۆیەکـی ئابووریـی توندیـان خسـتووەتە سـەر کوردسـتان و بـە ناپاڵـم بەروبوومـی کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان سـووتێنراون، تەنانـەت ئاژەڵەکانیشـیان لەناوبـراون.

ئـەرک و مافـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیشـە بزانێـت شـێوازی کاری حکومەتـی بەعـس چۆنـە کـە بـە پشـتیوانیی تیرۆریسـتان، حوکمڕانیـی عێـراق دەکات. لـە ڕاستیشـدا زۆر پەسـتن و داوای ناردنـی لێژنەیـەک لـە چاودێرانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکات بـۆ عێـراق (پـاش بڕانـەوەی هەمـوو شـتێک، ئـەم جـۆرە لێژنانـە نێردرانـە عێـراق کـە کەمتریـن مەترسـییان لەسـەرە!!) کـە دەکـرا زووتـر بنێردرێـن تـا بـە زووتریـن کات سـنوورێک بـۆ ئـەو پێشـێلکارییانە دابنرێـت، جـا ئەگـەر ڕژێـم نکۆڵـی لـەو تاوانانـە بـکات کـە ئەنجامیـداون، بـا بچـن لاپەڕەکانـی ئەرشـیفی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی فەڕەنسـی هەڵبدەنـەوە کـە بەڵگەنامـەی زۆر بەسـوودیان تێدایـە و بەڵگـەن بـۆ سـڕینەوەی ئـەو شـار و گوندانـە لەسـەر نەخشـە کـە لەلایـەن فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسـمانیی عێراقـەوە تەختکـراون. ئـەم بەڵگەنامانـەش لـە بڵاوکراوەیەکـی نوێـدا بڵاوکراونەتـەوە. ئاخـۆ دەشـێ تـا سـەر گـوێ بـە پاکتاوکردنـی نەتەوەیـەک نەدەیـن، بەتایبەتیـش لـە سـەردەمێکدا کـە چـرای وڵاتانـی تـازە دامـەزراو لـە هەمـوو لایەکـەوە دەبریسـکێتەوە؟

**«ئاسیا و ئەفریقیای ئەمڕۆ» ژمارە: ١٠، ١٩٦٣**

**کێشەی ڕەوای کورد سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.**

**عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ، زانایەکـی فیقهـی زمانەوانیـی عێراقیـی گەنجـە، بـە ڕەگـەز کـوردە و خـاوەن یەکەمیـن کاری زانسـتییە لەسـەر ئەدەبیاتـی کوردسـتانی عێـراق «لـەو شـەڕە ئابرووبەرانـە گڵاوەدا، حکومەتـی عێـراق لەلایـەن سـەرجەم هێـزە تاریکپەرسـتەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـەوە پشـتیوانی دەکرێـت کـە بەکرێگیراوانـی داگیـرکاری وڵاتانـی سـینتۆن. ئـەم توندوتیـژی و ڕەفتـارە دوژمنکارانـەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق، بـە سـەرۆکایەتیی حزبـی بەعـس، وەڵامدانـەوەی ئـەو هەوڵـە بەردەوامانـە بـوو کـە نیشـتمانپەروەران هەوڵـی بـۆ دەدەن و دانوسـتان دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی کـورد بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی».

**زانایان ناڕەزایی دەردەبڕن**

**قەناتی کوردۆیف**

هاوشـان لەگـەڵ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، ئێمـەی ئەندامانـی کابینـەی کوردیـی لقـی لینینگـراد لـە پەیمانگـەی نەتەوەکانـی ئاسـیای سـەر بـە ئەکادیمیـای زانسـتەکان لـە یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکانی سـۆڤیەت کـە مێـژوو و کلتـووری گەلـی کـورد دەخوێنـن، بـە توندی ناڕەزایـی خۆمـان دەردەبڕیـن لـە بەرانبـەر ئـەو ڕەفتـارە دڕندانەیـەی ڕژێمـی بەعـس لـە کۆمەڵکوژیـی کـورد و هێـزە دیموکراتخوازەکانـی عێـراق. لـە سـاڵی ١٩٤٣ مسـتەفا بارزانـی، ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە یەکێـک لـە وتارەکانیـدا بـۆ گەلانـی عێـراق ڕایگەیاندبـوو «مـن سـەرکردەی کـوردی ئـازا مسـتەفا بارزانـی نیـم، ئەگـەر لەگـەڵ گەلانـی دیکـەی عێراقـدا بجەنگـم کـە خـودی خـۆم یەکێکـم لـەوان». مـن لـە حاڵەتـی جەنگـدام لەگـەڵ ئیمپریالیـزم و نۆکەرانیـدا. مـن داوا لـە گـەل دەکـەم یەکبگـرن بـۆ خەباتـی دژی ئیمپریالیزمـی دوژمنـی هاوبەشـمان».

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١٠/٨**

**بەعسییەکانی عێراق پەلەیانە ...**

بەرپرسانی عێراق دەڵێن: ئێمە سەرکەوتنمان بەسەر «یاخیبووان»ی کورددا بەدەستهێناوە و شەڕەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە پرۆسەیەکی کێماڵکردن وەسف دەکەن. لە ٢٨ی تەمووز، ساڵح سەعدی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە شانازیکردنێکەوە بە سەرکەوتنەکانیان لە شەڕی دژی کورددا دەیگوت: « لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا ئێمە ئەنجامی دەدەین، بە واتای وشە جەنگ نییە، چونکە ئێمە باس لە کۆمەڵێک دەکەین کە لە کونە شاخەکاندا خۆیان شاردووەتەوە، ئەوەی ئێمە دەیکەین، کێماڵکردنە نەک جەنگ». بەڵێنیشی دا: «پرۆسەی کێماڵکردنەکە زۆر درێژە ناکێشێت و تەنیا چەند ڕۆژێکی تری پێویستە».

هاووڵاتیانی عێراق بە گاڵتەجاڕییەکەوە گوێ لەم لێدوانانە دەگرن و دەپرسن: جا ئەگەر وایە، ئەدی ئەم هەموو کوژرا و بریندارانە چین کە شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل پێڕاناگەن ڕۆژانە بیانگوازنەوە بەغدا؟! ڕۆژنامەکانیش هەواڵی ناشتنی کوژراوانی سوپای عێراق لە شەڕە گڵاوەکەی دژی کوردستان بڵاودەکەنەوە کە لە هەردوو گۆڕستانی «ئەعزەمییە» و «شوهەداء»دا دەنێژرێن. بەپێی ئاماری ڕۆژنامە بیانییەکان، ژمارەی کوژراوانی ئەفسەر و سەربازانی عێراق لەو شەڕەدا گەیشتووەتە پێنج هەزار کوژراو، ژمارەیەکی زۆری سەربازانیش ڕیزەکانی سوپای عێراق بەجێدێڵن، فیرار دەکەن و ژمارەیەکیشیان پێوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە دەکەن.

حکومەتی عێراق لە کۆتاییهێنان بە شەڕی کوردستان لە ماوەی دوو تا سێ مانگدا بێئومێد بووە. پێشمەرگەکانی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، بەو چەکە سووک و کۆنانەی بەردەستیان، گورزی کوشندە لە هێزەکانی سوپای عێراق دەوەشێنن و پیلانەکانی حزبی بەعس هەڵدەوەشێننەوە.

لە ئێستاشدا، درێژبوونەوەی کاتی شەڕەکە بە نهێنی نەماوەتەوە و ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە دەسەڵاتدارانی بەغدا ناتوانن بزووتنەوەی

ڕزگاریخــوازی گەلــی کــوردی ئاشــتیخواز لەناوببــەن، ئەگەرچــی هاوکاریــی وڵاتانــی ئەنــدام لــە سینتۆشــیان لەگەڵدایــە، بــە درێژایــی ئــەم چــوار مانگــە شــەڕی پاکتاوکردنــی ڕەگەزیــی نەتــەوەی کــورد لــە ئارادایــە کــە بووەتــە مایــەی کوژرانــی هــەزاران ژن و منــداڵ و بەســاڵاچووانی بێتــاوان و لاوازکردنــی ئابووریــی وڵات و بەرزبوونــەوەی گوژمــەی بەردەوامیــدان بــە شــەڕەکە. دەســەڵاتدارانی حزبــی بەعــس بــە فیــترەت هــەوڵ دەدەن پێــش هاتنــی وەرزی زســتان شــەڕەکە یەکلایــی بکەنــەوە، چونکــە دەزانــن لــە زســتاندا هەمــوو جووڵەیەکــی ســوپای عێــراق ئیفلیــج دەبــێ، جــا بــۆ ئــەم مەبەســتە و لــە هەوڵێکــی بێئومێدانــەدا هێــزی نوێیــان کۆکردووەتــەوە بۆئــەوەی لــەو شــەڕەی دژی کــورددا بەکاربێنیــن، ئــەو هێــزە نوێیانــەش هێنــدە پەرۆشــی شــەڕکردنن نیــن دژی کــورد.

بەهــۆی ڕووخانــی ورەی سوپاکەشــیان کــە چەنــد یەکەیەکــی تــەواوی ســوپاکە شــەڕکردنیان لەگــەڵ کــورددا ڕەتدەکەنــەوە و نایانــەوێ شــەڕی براکــوژی بکــەن، بەعســییەکان، گەنجانــی حــەرەس قەومــی دەنێرنــە بەرەکانــی شــەڕی دژە کــورد کــە لــە مــاوەی مانگەکانــی دوای کودەتاکــەدا شــارەزاییەکی تەواویــان لــە کوشــتن و بڕینــدا پەیداکــردووە. مەفرەزەکانیــان لــێ پێکدێنــن و هێندێکیشــیان لەنێــو ســوپادا کردووەتــە پۆلیــس. یەکێــک لــە بەڵگەکانــی بێئومێدبوونــی ســوپای عێــراق لەشــەڕدا هانابردنــە بــۆ مەفرەزەکانــی مینرێژکــردن، هاوکاریــی بەردەوامیشــی لــە وڵاتانــی ئەنــدام لــە کوتلــەی ســینتۆی پێــدەگات و بــەوە قایــل نییــە هێزێکــی هاوبــەش لــە ئەفســەرانی ئێــران و تورکیــا و عێــراق پێکبهێنێــت بــۆ هەماهەنگــی کــردن لــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی دژی کــورد لـــە کوردســـتانی عێـــراق و داوای هاوکاریـــی ســـەربازیی ڕاســـتەوخۆ و دەســتوەردانێکی کــراوەی ســەربازی لــە ئەندامانــی ســینتۆ دەکات.

لەلایەکــی دیکــەوە بەعســییەکانی عێــراق،  زۆر پشــت ئەســتوورن بــە پشــتیوانیی برایانیــان لــە ســووریا. جــا لــە کاتێکــدا کــە ئەلســەعدی لــە تەمــووزی ڕابــردوودا ڕایگەیاندبــوو، عێــراق پێویســتیی بــە پشــتیوانیی هێزەکانــی سووریا نییــە لــە شــەڕی دژی کــورد، کەچــی ئێســتا وا بــە ئاشــکرا داوای پشــتیوانیی هێزەکانــی ســووریا دەکــەن. لــە ســەرەتادا دەســەڵاتدارانی ســووریا بەهــۆی ڕەفتــارە نامرۆییەکانــی

ســـوپای عێـــراق، بەشـــداریکردنی ســـوپاکەی بـــۆ پشـــتگیریی ســـوپای عێـــراق ڕەتکردبـــووەوە و ئیدانـــەی خوێنڕشـــتنەکەی بەعســـییەکانی عێراقـــی دەکـــرد، کەچـــی ئێســـتا ئـــەو ڕەتکردنـــەوە و ئیدانەکردنـــەی لەبیـــر خـــۆی بردۆتـــەوە و گوێـــی بـــە ڕای گشـــتیی وڵاتەکـــەی خـــۆی و جیهـــان نـــادا و ئامادەباشـــیی خۆیـــان بـــۆ دەســـتوەردانی ڕاســـتەوخۆی ســـەربازی دژی کـــورد دەردەبـــڕی.

بـــە فەرمانـــی دەســـەڵاتدارانی ســـووریا، یەکـــە ســـەربازییەکانی ســـووریا کـــە قەبارەکـــەی دەگەیشـــتە لیوایـــەک لـــە خاکـــی عێراقـــدا بڵاوکرانـــەوە و بـــە تـــۆپ و زرێپۆشـــی گواســـتنەوەی ســـەربازانیش پشـــتیوانیی کـــرا. پاشـــان لیوایەکـــی دیکـــەی پیـــادە گواســـترانەوە ناوچەکانـــی ســـەر ســـنووری عێـــراق کـــە پێدەچێـــت بـــۆ چوونـــە نێـــو خاکـــی عێـــراق ئامادەکرابـــن. ئـــەو فڕۆکـــە عێراقییانـــەش کـــە لـــە فڕۆکەخانـــە ســـەربازییەکانی عێراقـــەوە بـــۆ بۆردومانکردنـــی گوندەکانـــی کوردســـتان هەڵدەفڕیـــن، دەچـــووە نێـــو ئاســـمانی ســـووریا و لەوێـــوە ڕوویـــان لـــە گوندەکانـــی کوردســـتان دەکـــرد، چونکـــە ئـــەم ڕێـــڕەوە نزیکـــتر بـــوو.

حکومەتـــی ســـووریا، بـــەم هەڵوێســـتەی بەرپرســـیارێتییەکی گـــەورەی دەکەوێتـــە ئەســـتۆ کـــە بەشـــداربوویەکی ڕاســـتەوخۆی شـــەڕی کۆمەڵکـــوژی کـــوردی لـــە کوردســـتانی عێراقـــدا کـــردووە. گەلـــی کـــورد شـــەڕی ناوێـــت و هەوڵـــی بەدیهێنانـــی مافـــە نەتەوەییەکانـــی دەدات و هەمـــوو ئامـــرازە ئاشتیخوازانەکانیشـــی گرتووەتەبـــەر، خواســـتەکانی کـــوردی عێـــراق ڕەوان و لەلایـــەن گەلانـــی عێـــراق و ئازادیخوازانـــی جیهانیشـــەوە پشـــتگیری دەکرێـــن.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ٤١، ١٩٦٣/١٠/١٢**

هـــاوکات، بەپێـــی ڕۆژنامـــەی المحـــرری بەیرووتـــی، کۆبوونـــەوەی ســـوپای عێـــراق لەگـــەڵ ســـوپای وڵاتانـــی دیکـــەی ئەنـــدام لـــە ســـینتۆ ڕاگەیەنـــرا لەپێنـــاو هەماهەنگیـــی بەردەوامـــی ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازییەکانی دژی کـــورد.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/١٠/٢٢**

**هێزەکانی سوپای سووریا لە کوردستانی عێراق**

**لەنـدەن، ٢٠ی تشرینـی یەکـەم. (تـاس).** ئەمـڕۆ ئاژانسـی هەواڵـە حکومییەکانـی عێـراق «The Iraqi News Agency» بـە فەرمـی ڕایگەیانـد، چەنـد یەکەیەکـی سـەربازیی سـوپای سـووریا هاتوونەتـە کوردسـتانی عێـراق و ئاشـکرایە هێزەکانـی عێراقیش لـەو ناوچانەدا دژی کـورد دەجەنگن، ئاژانسـی ڕۆیتـەرز ئامـاژە بـەوە دەدات کـە ئـەم دانپێدانـە لـە ڕاپۆرتـی ئاژانسـی هەواڵەکانـی عێراقـەوە بڵاوکراوەتـەوە، سـەبارەت بـەو سـەردانەی سـەرۆک عـارف کـە بـۆ بەرەکانـی شـەڕ ئەنجامـی داوە، لـە ڕاپۆرتەکەشـدا هاتـووە: هەروەهـا عـارف ئـەو هێـزە سـەربازییە سوورياييانەشـی بەسـەرکردووەتەوە کـە ئێسـتا لـە سـەربازگەی (العاصـی) جێگیرکـراون، سـەربازگەکەش بەنـاوی ڕووبـاری (العاصـی)ی سـووریاوە نـراوە. ئاژانسـی ناوبـراو ئەوەشـی ئاشـکرا کـردووە کـە عەمیـد فەهـد الشـعار فەرمانـدەی هێزەکانـی سـووریا، پێشـوازیی لـە سـەرۆک عـارف کـردووە.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/١٠/٣٠**

**چەکی ئەمەریکی و بەریتانی دژی کورد**

**قاهیـرە،٢٨ تشرینـی یەکـەم. (تـاس).** هەفتەنامـەی (رۆز اليوسـف) بڵاویکردووەتـەوە هەریەک لە لەندەن و دیمەشق و بەغدا ڕێککەوتوون بۆ ناردنی شاندێکی بەریتانی بۆ عێراق و سووریا بە مەبەستی گفتوگۆکـردن دەربـارەی پرسـی پڕچەککردنـی ئـەم دوو وڵاتـە لەلایـەن بەریتانیاوە. هـەردوو حکومەتی سووریا و عێراقیش ڕازیبوونە لەسەر هەبوونی نێردەیەکی سەربازیی بەریتانی لەو دوو وڵاتەدا و ئەرکی ئەم نێردەیە، ڕاهێنانی هێزە عێراقی و سـوورییەکانە لەسـەر بەکارهێنانی چەکە بەریتانییەکان.

ئـەوەی لـە ڕاپۆرتـە هەفتانەکەشـدا ڕوون بووەتـەوە، حکومەتـی عێـراق فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەر و تانکـی قـورس و سـووکی لـە ئینگلتـەرا کڕیـوە بـۆ بەکارهێنانیـان لـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانەی دژی کـورد ئەنجـام دەدرێـن.

ڕۆز اليوسـف ئامـاژە بـەوەش دەدات کـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق دوو ئەفسـەری پلـە باڵاشـی لەبەردەسـتدایە لـە کوردسـتان، یەکێکیـان ئێرانـی و ئـەوی دیکەیـان تورکییـە و لەناوچەکانـی شـەڕی دژە کـورددان.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/١٠/١٢**

**بارودۆخی کوردستان**

شـەڕێکی دژوار لـە کوردسـتان لەنێـوان هێزەکانـی پێشـمەرگە و هێزەکانـی سـوپای عێراقـدا بەرپابـووە، هێزەکانـی پێشـمەرگە لەلایـەن ئـەو ئەفسـەر و سەربازانەشـەوە پشـتیوانی دەکرێـن کـە بـەم دوایـە ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـان بەجێهێشـتووە و چوونەتـە نێـو هێزەکانـی پێشـمەرگەوە. بەعسـییەکان لـە بارودۆخێکـی زۆر نالەبـاردان و سـوپا شکسـتخواردووەکەیان ڕۆژانـە زیانـی زۆری بەردەکەوێـت و شـڵەژاوییەکی خسـتووەتە نێـو هێزەکانـی حکومەتـی عێراقـەوە.

**«ئیزفیستیا» ١٩٦٣/١٠/٢٢**

**دواجار ، دانیان پێدانا**

**نیویـۆرک، ٢١ی تشرینـی یەکـەم. (تـاس).** شـمیدت، پەیامنێـری نیویـۆرک تایمـز لـە بەیرووتـەوە ڕایدەگەیەنێـت: جـاری یەکەمـە حکومەتـی عێـراق بـە فەرمـی دانـی بـەوەدا نـا کـە هێزەکانـی سـووریا هاوشـانی هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتاندا دژی کـورد دەجەنگـن. فەرمانگـە دیپلۆماسـییەکان بـاس لـەوە دەکـەن، لـە تەمـووزی ڕابـردوودا یەکەمیـن وەجبـەی سـوپای سـووریا ڕەوانـەی عێـراق کـراوە و دەڵێـن: ئێسـتا ژمـارەی هێزەکانـی سـووریا لـە عێـراق خـۆی لـە پێنـج هـەزار ئەفسـەر و سـەرباز دەدات کـە بریتیـن لـە یەکەکانـی تانـک و لـە ناوچـەی مووسـڵ و دەوروبەریـدا جێگیرکـراون، ئـەو ئامانجـە سـەرەکییەی حکومەتـی سـووریا لـە ناردنـی هێزەکانیـدا، بارسـووککردنی هێـزە عێراقییەکانـە لـە قووڵایـی وڵاتـدا و دەسـت واڵاکردنیەتـی بـۆ شـەڕی دژی کـوردی کوردسـتانی عێـراق، بـەڵام بەپێـی ئـەو زانیارییـە پشتڕاسـتکراوانەی لـە فەرمانگەکانـەوە دەگـەن، بـە کردەنـی و ڕاسـتەوخۆ بەشـێک لـەو سـوپایەی سـووریا لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا دژی لایەنگرانـی جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی بەشـدارن.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١٠/٢٦**

**هاوپەیمانانی نووری سەعید**

**قاهیرە، ٢٥ی تشرینی یەکەم (تاس).** سەرنووسەری  ڕۆژنامەی (الأهرام)ی میسری، هەیکەل زۆر بە توندی ڕەخنە لە ڕەفتارە ناڕەواکانی دامودەزگاکانی بەعس دەگرێت لە عێراق و ئاماژە بۆ بارودۆخی کوردستان دەکات و دەنووسێت: «کۆمەڵکوژییەکی ناڕەوا لەوێ بەرپا کراوە، وێڕای لێدوانەکانی ساڵح عەمماشی وەزیری بەرگریی عێراق کە لە ڕادیۆی بەغدادا بڵاوکراونەتەوە، ڕەفتارەکانی دەسەڵاتداران ڕێکارگەلێکن هیچ پاساوێک هەڵناگرێت».

بەعسییەکان لەوەدا بەهەڵەچووبوون کە ئەو فریودان و وروژاندنەی شەڕەکە خوڵقاندوویەتی، دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە ڕژێمی بەعس، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق هێزەکانی دوژمنیان بە هەڵە خەملاندبوو. جارێکیان وەزیری بەرگریی عێراق کە ئەندامێکی باڵای حزبی بەعسیشە، شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی بە سەیران و گەشتێک شوبهاندبوو کە چەند ڕۆژێک زیاتر ناخایەنێت، کەچی وا چەند مانگێکە شەڕ لە کوردستان درێژەی هەیە.

تاقمە دەسەڵاتدارەکەی بەعس لە عێراقدا، نەیانتوانی سوپاکەیان بە جوانی ئامادە بکەن بۆ شەڕ و هێزەکانیان پێویستییەکی زۆریان بە چەک و تەقەمەنی بوو. لەگەرمەی شەڕدا ڕێککەوتنی کڕینی چەکیان لەگەڵ وڵاتاندا ئیمزا دەکرد.

فەرمانڕەوایانی عێراق کەتیبەکانی سوپای عێراقیان ڕەوانەی کوردستان کرد و هیچ کام لەو ئەفسەرانەی نێردرابوونە ئەوێ، بەعسی نەبوون، ئەمەشیان بە ئەنقەست بوو و دەیانویست غەیرە بەعسییەکان بنێرنە بەرەکانی شەڕ و بە کوشتیان بدەن، ئەفسەرە بەعسییەکانیشیان بۆ پاراستنی ڕژێمەکەیان لە بەغدا دەهێشتەوە.

هەیکەل ئاماژە بەوە دەدات کە جارێکیان لەبارەی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتەکانی بەغدا و تاران و ئەنکەرە لە پێش بەرپابوونی شەڕەکە، نووسیبووی: ئێستا بەڵگەنامەیەکم لەبەردەستدایە کە ئەوەی لەنێوان ئەو سێ حکومەتەدا دەگوزەرێت تەنیا پێوەندییەکی ئاسایی دراوسێیەتی نییە. ئەمە برووسکەی ژمارە (٥٢/٣٤٧٨)ی وەزیری بەرگرییە بۆ هەرسێ فیرقەکانی یەک و دوو و سێ. درێژەی پێدەدات و دەڵێت: «گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک

لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئێران، بەپێی ڕێککەوتنەکە، ڕێگە بە فڕۆکەکانی تورکیا و ئێران دەدرێت لە سنووری عێراقدا بێنە ئەمدیو و لەسەر هێڵی سەرسەنگ- ئاکرێ- ڕواندز بفڕن بۆ ئاشکراکردنی گردبوونەوەکان - هێزە خۆفرۆشەکان- لەنێو خاکی عێراقدا و سەرجەم یەکەکانی پێشەوەی بەرەکانی شەڕ ئاگادار بکرێنەوە دەستوەردان لە فڕینی فڕۆکەکانی ئێران و تورکیا نەکەن و دوو ئەفسەری گەیاندن لە سوپای عێراقدا هەن، یەکێکیان لە سوپای تورکیایە و ئەوی دیکەیان لە سوپای ئێرانە. یەکەمیان لە مووسڵ جێگیر کراوە و دووەمیان لە کەرکووک و ئامێری بێتەلیان لەلایە بۆ پێوەندیکردن بە کەرتەکانی سوپاوە» هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە.

ئـا بەم شـێوەیە نووسـەر ئاماژە بـەوە دەدات: سـوپای عێراق لەڕووی سـەربازییەوە خۆی لەنێـو تۆڕەکانـی کوتلـەی سـینتۆدا بینییـەوە کـە ناوەندەکانیـان لـە تـاران و ئەنکـەرەدان و بنکـەی هەژموونـی ئیمپریالیزمن. دانوسـتانەکانیش بەردەوامن بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی. جـا ئینگلتـەرا چەکـی بە هـەر وڵاتێکی عەرەبـی فرۆشـتبێت، هەڵبەت ئەم دەوڵەتـە بایەخی خـۆی هەبـووە، لـە کۆتاییـدا هەیکـەل ئامـاژە بـەوە دەدا کـە ڕەفتارەکانـی حزبـی بەعـس درێژەپێدانـی سیاسـەتی حزبـە فەرمانڕەواکانـی پێـش خۆیانـە و چەنـد دەردەسـەرییان لـە نـووری سـەعید بینیـوە هێنـدەش سـوودیان لـە ڕەفتارەکانـی وەرگرتووە.

**«زاریا فۆستۆفا» ١٩٦٣/١١/٢**

**بارودۆخی کوردستان**

**تاران ٣١ تشرینی یەکەم (تاس).** ڕاپۆرتەکانی سەر سنووری نێوان ئێران – عێراق دووپاتی دەکەنەوە کە لە مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەم شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستاندا بەردەوام بووە بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی و بەپێ گوتەی ئەوانەی لە بەغداوە هاتوون، جەخت دەکەنەوە کە لە مانگی ئەیلوولدا هێزەکانی پێشمەرگە چەندین گورزی کوشندەیان لە سوپای عێراق وەشاندووە و دۆخی هێزەکانی پێشمەرگە لە جاران باشترە و بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیا و کەشوهەوای کوردستان، پێگەکانی پێشمەرگە سەخت و دژوارتر دەبن بۆ پێشڕەویکردنی هێزەکانی سوپای عێراق.

لەبەرئـەوەی سـوپای حکومەتـی عێـراق نەیتوانـی لـە هێرشـەکانی هاوینیـدا بـۆ سـەر

کوردستان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بێنی، ئێستا ناچارە بەهۆی نزیکبوونەوەی وەرزی زستان هەموو چالاکییەکی سەربازیی دژی کورد ڕابگرێت و جەختی کردووەتە سەر پێدەشتەکان و ئەو ناوچانەی ڕێژەی دانیشتوانیان چڕن. هاوکات سەرکردایەتیی سەربازیی عێراق گەمارۆیەکی توندیشیان خستووەتە سەر ناوچە شاخاوییەکان کە باری گوزەرانیان سەختتر دەکات و هەوڵی برسیکردنی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دەدات.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١١/٣**

**دۆخەکە سەختە لە سووریا**

**بەیرووت، ٢ی تشرینی دووەم.** (پەیامنێری پراڤدا) ڕۆژنامەنووسێکی سووری لە یەکێک لە ڕۆژنامە داخراوەکاندا پێیڕاگەیاندم: دامودەزگا دەسەڵاتدارەکانی عێراق فشارێکی زۆریان خستووەتە سەر سەرکردەکانی سووریا تاکو بە چەند یەکەیەکی سەربازی بگەنە فریای سوپای عێراق بۆ درێژەپێدانی ئەو شەڕەی لە کوردستاندا بەردەوامیی هەیە دژی کورد.

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی سووریا دوای ئەوەی ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ ناردنی چەند یەکەیەکی سەربازی بۆ کوردستان، هەوڵی دەدا ئەم پرسە بە نهێنی بهێڵێتەوە، چونکە درکی بەوە کردبوو، ئەم هەنگاوەی ئەوان، دەبێتە مایەی ناڕەزایی هاووڵاتیانی، لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن ناتوانرێت چەقۆیەک لەنێو جانتایەکدا بشاردرێتەوە، ئاواش دەسەڵاتدارانی بەغدا بەو سەرباز و ئەفسەرانەی کە لە چیاکاندا گیریانخواردبوو، ڕایگەیاند خۆیانڕاگرن تا سوپاکەی سووریا بەفریایان دەکەوێت. پێش چەند ڕۆژێک ڕادیۆی بەغدا بڵاویکردبووەوە، یەکە سەربازییەکانی سووریا پرۆسەی کێۆماڵکردن لە هەردوو ناوچەی پیشخابوور و چیای بێخێری کوردستان ئەنجام دەدات. ئا لەو کاتەشدا سەربازە بریندارەکانی عێراق دەگەیەنرانە نەخۆشخانە سوورییەکان. هەواڵی دیکەی گرنگیش گەیشتبووە هێزەکانی سووریا: پێشوەخت ڕێککەوتن کراوە لەگەڵ باڵیۆزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لەسەر ناردنی بەشێک لە سوپای سووریا بۆ عێراق، ئەوانیش ڕوونیان کردبووەوە کە ئەم پرسە هەڕەشە نییە لەسەر بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەی کەنداوی فارسی.

**م. ئەدامشینکۆ**

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١١/٦**

شاندێکی سەربازیی عێراق نێردرایە مەدرید بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنێکی فەرمی لەگەڵ حکومەتی فرانکۆ سەبارەت بە گرێبەستێکی گەورەی کڕینی چەک، بە فڕۆکەی سەربازیی جۆری مسر شمیدتیشەوە هەروەها بۆمبی ناپاڵم و چەندین جۆری دیکەی چەک و تەقەمەنی.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١١/١٤**

یەکێتیی جیهانیی لاوانی دیموکراتخواز، ئەو جەنگە کۆمەڵکوژییەی حکومەتی عێراق دژی کورد دەیگێڕێت، ئیدانە و شەرمەزار دەکات و یەکێتییەکە داوا لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان دەکات هەڵمەتێکی فراوان بۆ پشتیوانیکردنی گەلانی عێراق دەست پێبکەن و هاوکاریی ماددیش بۆ ئاوارەکانی کورد دابین بکەن.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١١/١٥**

**دابەش بوون و جودابوونەوە لەنێو ڕیزەکانی حزبی بەعس**

سەبارەت بەو یاخیبوونە سەربازییەی عێراق، ستوونووسێک لە ڕۆژنامەی (مۆند) دووپاتی کردووەتەوە کە السعدی دەستپێشخەر بووە لە هەڵگیرساندنی شەڕی دژی کورد و ئەو هەوڵە بێ ئەنجامانەی سوپای عێراقیش بۆ لەناوبردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان، ورەی سوپای عێراقی ڕووخاندووە.

**«ئیزڤێستیا» ١٩٦٣/١١/١٥**

**لە بەغدا چی ڕوویدا؟**

ئەو شەڕەی لە کوردستان بەرپاکراوە، وێڕای ئەو سەرکەوتنە کاتییانەی بەدەستهێنراون، لەلایەن گەلانی عێراقەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا و ڕووداوەکانی ئەم دواییەش دەریخستووە کە شەڕێکی دۆڕاو بوو. سووربوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و هاتنی وەرزی زستان وایکرد پێشڕەویی

هێزەکانی سوپای عێراق، مەحاڵ بێت و لە بەغداشدا وورەی حزبی بەعس بە بەردەوام بڕووخێت. لەلایەکی دیکەشەوە باری ئابووریی هەریەک لە سووریا و عێراق، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو کە ئەمەیان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لاوازبوونی شکۆی هەردوو حکومەتە بەعسییەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و دواجاریش ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو ڕیزەکانی حزبدا.

**ک. فیشنفیتسکی**

**«لیتراتۆرنایا گازیتا» ١٩٦٣/١١/١٩**

**فەرماندەی (یانە کەسکەکان)**

سەرکێشییەکانی بەعس، بەرهەڵستیکردنی شیوعییەت، تیرۆر و کۆمەڵکوژییەکانی کورد، هەمووئەمانە تێکڕا بوونە هۆی لاوازکردنی یەکێتیی وڵات و لاوازترکردنی ئابوورییە لاوازەکەی وڵات، دواجاریش دەنگی ناڕەزایی نەک هەر لەنێو بەرهەڵستکارانی بەعس، بگرە لە نێوخۆی حزبیشدا بەرزبووەوە. بەم دواییەش باڵی میانڕەو لەنێو ئەو حزبەدا، شەبیب، وەزیری دەرەوەی عێراق کە لە زانکۆی ئەمەریکی خوێندبووی و جەلادەکەی کورد، جەنەڕاڵ عەمماش و پسپۆڕی چاوهەڵکۆڵینی بەندکراوەکان، جواد وەزیری ناوخۆی عێراقیشی لەخۆگرتبوو، توانیی السعدی لە حزب دووربخاتەوە و ڕەوانەی مەدریدی بکات.

**جەی ئۆسیبۆف**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/١١/٢٢**

**بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**قاهیرە، ٢١ی تشرینی دووەم. (تاس).** دوێنێ شەوکەت ئاکرەیی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئێستا لە قاهیرەیە، ئەم بەیاننامەیەی بە پەیامنێری تاس ڕاگەیاندبوو: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەمیشە دژی خوێنڕشتنی عەرەب و کوردی برا و شەڕی براکوژی بووە. هەمیشەش سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕانی کورد لە کوردستان لەگەڵ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورددابوونە بەبێ ئەوەی دەست

بـۆ توندوتیـژی چـەک ببرێـت. ئـەم ویسـتەی کوردیـش بـە بـەردەوام لـە لێدوانەکانـی ڕابـەری شـۆڕش مسـتەفا بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا بـە ڕوونـی دەرکەوتـووە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پێشوازی لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەکات کە بەرپرسی یەکەمی ئەم هەموو خوێنڕشتنەی کوردستانی عێراقە و کوردستانی شۆڕشگێڕ هیواخواز بووە لەگەڵ سەرۆکی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتیی موشیر عارف ڕێکبکەون، ڕێککەوتنێک کە خواستەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات و سنوورێک بۆ خوێنڕشتن دابنرێت و کۆتایی بەو ناکۆکییانە بهێنرێت و ژیان وەبەر برایەتیی کورد عەرەبدا بهێنرێتەوە کە بە دەستی بەعسییەکان ئیفلیج بووە.

ئەم ئاراستە نوێیە، ئەگەر بە نویْ دابنرێت، لەلایەن کوردەوە بەدەنگییەوە دەچن و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەیان دەدرێت و ئامادەشن هاوکاریی تەواو بکەن بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە کارەساتێکی نیشتمانی. بەڵام ڕژێمی دەسەڵاتدار هەر کەس و لایەنێک بێت، هەرگیز سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا بەرقەرار نابێت، ئەگەر ڕێز لە مافەکانی گەلی کورد نەگرێت لەسەر بنەمای مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، یاخود لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییە عەرەبییەی کە بڕیارە بە ئیرادەی نەتەوەی عەرەب جێبەجێ بکرێت.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١١/٢٥**

**خواستە ڕەواکانی گەلی کورد**

هــەروەک پێشــبینی دەکــرا حکومەتــی بەعســی تونــدڕەو لــە عێــراق تەمــەن کــورت دەبێــت. ئــەوا ڕووخــا و لەنێوخــۆدا لاواز دەبێــت و ئاســەواری تاوانــە خوێناوییەکانیشــیان هەتاهەتایــە ناســڕێنەوە.

کاتێــک ڕژێمــی قاســمی ڕووخــاو بــە دەرچــوون لــە ڕێــڕەوی ئامانجەکانــی شۆڕشــی ١٩٥٨دا تۆمەتبــار کــرا، ســەرکردە بەعســییەکانی دوای ئەویــش کــە سیاســەتی لەناوبــردن و پاکتاوکردنــی هێــزە دیموکراتخوازەکانیــان گرتبووەبــەر کــە بەرهەڵســتیی هێــزە ئیمپریالیزمەکانیــان دەکــرد لــە وڵات، ئەوانیــش هیــچ ئاســەوارێکی بــاش و دەســتکەوتێکی ئەوتۆیــان بــۆ شۆڕشــەکەی تەمــووز بەجێنەهێشــت. (١٣٠) هــەزار هاووڵاتیــی عێراقــی لــە

زینــدان و ســەربازگەکاندا بەندکــرد، ســەدان نیشــتمانپەروەری عێراقــی، بەتایبەتیــش ئــەو جەنگاوەرانــەی بــە دڵســۆزی لەپێنــاو ســەربەخۆیی نیشــتمانیی عێــراق – شــیوعییەکان – دەجەنگیــن، ڕووبــەڕووی ئەشــکەنجەدانێکی دڕندانــە بوونــەوە و گشــتیان لــە ســێدارەدران.

ســەرکردایەتیی تونــدڕەوی بەعســییەکان، لــە قاســم دڕندانەتــر شــەڕی کۆمەڵکوژیــی گەلــی کــوردی ئاشــتیخوازی دەســتپێکردەوە و زۆربــەی ســوپا و هێــزە ئەمنییــەکان و یەکەکانــی حــەرەس قەومییــان دژی کــورد جووڵەپێکــرد. ســەدان گونــد بــە چــڕی بۆردومــان کــران و هێندێکیــان لەســەر نەخشــە سرانــەوە.

دوای ئــەوەی ســەرکردە توندڕەوەکانــی بەعــس زانییــان ئیــرادەی پۆڵایینــی گەلــی عێراقیــان پێناشــکێت کــە لەپێنــاو بەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانیــان خەبــات دەکــەن، سازشــیان بــۆ هێــزە ئیمپریالیزمــەکان کــرد و وڵاتانــی ئەنــدام لــە کوتلــەی ســینتۆیان بەردایــە وێــزەی کــورد. حکومەتــی بەریتانیــا خێــرا بــە دەنــگ داواکارییەکانــی دەســەڵاتدارانی بەعســەوە هاتــن لــە کڕینــی چــەک و تەقەمەنیــی پێویســت بــۆ درێــژەدان بــەو شــەڕە نارەوایــەی دژی کــوردی عێــراق بەرپایــان کــردووە. ســوپای ســووریاش بــە هاوبەشــیی ســوپای عێــراق دژی مــاف و خواســتەکانی کــورد وەســتانەوە و چەندیــن ئۆپەراســیۆنی هاوبەشــیان بــۆ لەناوبردنــی کــورد ئەنجــام دا، ئــەم هاوپەیمانییــە نوێیــە ڕاســتەوخۆ بــووە هــۆی زیندووکردنــەوەی پــرۆژە ئیمپریالیزمیــە کۆنەکــە «هیــلال الخصیــب».

بــەڵام ســەرباری هەمــوو ئــەم هەوڵانەیــان، بەعســییەکان لــە بەدەســتهێنانی ســەرکەوتن بەســەر هێزەکانــی پێشــمەرگەدا، شکســتیان هێنــا. بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کوردیــش بەڕابەرایەتیــی پاڵەوانــی نەتەوەیــی مســتەفا بارزانــی، لەپێــش کودەتاکــەی عێراقــدا هێزەکانــی پێشــمەرگە ســێ ســەرکەوتنی مەزنیــان تۆمــار کــرد لــە ناوچەکانــی کەرکــووک و ســلێمانی و هەریــر. هێشــتا ئــەو ڕووبەرانــەی لــە کەرکــووک کــە لــە باشــوورەوە درێژدەبنــەوە تــا لــە باکــوور دەگاتــە زاخــۆ، هــەر لەژێــر دەســەڵاتی پێشــمەرگەدا مــاون.

هەمــوو ئــەو هەوڵانــەی ســەرکردەکانی بەعــس دەیانــدا بــۆ لەتکردنــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد شکســتیان هێنــا. ســەرباری ئــەوەی لــە

سەردەمی قاسم لایەنگرانی مستەفا بارزانی قارەمانانە ڕووبەڕووی ئەو هێزانەی سوپای عێراق بوونەوە کە بۆ تۆڵەسەندنەوە و سزادانی هاووڵاتیانی کورد هاتبوونە ناوچەکە، ئینجا لە سایەی ڕژێمی بەعسدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد باوەشی بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کردەوە و هەموویان هاتنە ڕیزی ئەو بزووتنەوەیە.

سەرکردە بەعسییەکان، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو شەڕەی دژی کورد بەرپایان کردبوو، بانگەشەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە کورد مەیلی جوداخوازیی هەیە و دەیەوێت کوردستان لە عێراق جودابکاتەوە، ئەمەش درۆیەکی شاخدار بوو و کەس بڕوای پێنەدەکرد، چونکە کورد چارەنووسێکی هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبی عێراقدا هەیە و بەیەکەوە هاوشانی یەکدی بۆ سەربەخۆیی وڵات، شەڕیان لەگەڵ ئەو هێزە ئیمپریالیزمییانە دەکرد کە ئامانجیان عێراق بوو بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و هاوشانی یەکدیش ڕژێمی نووری سەعیدیان ڕووخاند و دواتر دژی ڕژێمی دیکتاتۆریی قاسم خەباتیان گێڕا. هەرگیز کورد مەبەستی بەرپاکردنی شەڕی براکوژیی نێوان عەرەب و کورد نەبووە، بەڵام ئەو شەڕەیان بەسەردا سەپێنراوە، سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، هەمیشە داوای چارەسەرێکی ئاشتییانەی دوور لە شەڕ و کوشتار کردووە و خۆیان لە خوێنڕشتن پاراستووە، چەندین جاریش ئەم ویستەی کورد لە لێدوانەکانی مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەرجەستە بووە و ئەوان داوای دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەها دەخوازن یەکسان بکرێن لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لە بەشداریکردن لە بوارەکانی ژیاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی و خواستە نەتەوەییەکانیان.

لەم دوایییە دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی عێراق ڕاگەیەنرا، عارف، سەرۆکی ئەم حکومەتە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو: حکومەتی نوێی عێراق مەبەستیەتی مافی یەکسانبوون بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق بەبێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوە و ئایین، دەستەبەر بکات، ئەمەش ئاماژە کردنێک بوو بۆ کێشە و مافەکانی کورد.

لەسـایەی ئـەم بارودۆخـە نوێیەشـدا، کـورد مافـی ئـەوەی هەیـە، لـە حکومەتـی نوێـی عێـراق ڕاببینـێ چارەسـەرێکی ئاشـتیانە بـۆ کێشـەی کـورد بـکات لەسـەر بنەماکانـی دیموکراسـییەت بـۆ کۆتاییهێنـان بـە شـەڕی بـرا کوژیـی نێـوان عـەرەب و کـورد و یەکێتیـی ئـەو دوو نەتەوەیـە لـە عێـراق.

بەدیهێنانـی خواسـتە ڕەواکانـی کوردی عێراق لـە بەرژەوەندیی تێکـڕای گەلانی عێراقدایە و یەکێتیـی ڕیزەکانـی نیشـتمانی لـە خەباتـی دژ بـە ئیمپریالیـزم و هێـزە کۆنەپەرستەکاندا پتەو دەکات و مەرجی پێشـوەختەی ڕاسـتەقینە بۆ سـەقامگیریی ڕەوشـی سیاسـیی نێوخۆ و پەرەسـەندنی وڵات لەسـەر ڕێبـازی دیموکراسـییەتدا دەخوڵقێنێ.

پێچەوانەکەشـــی هـــەر ڕاســـتە، بەردەوامبوونـــی شـــەڕی کۆمەڵکوژیـــی کـــورد و ڕەتکردنـەوەی مافـە ڕەواکانیـان دەبێتـە هـۆی پتەوکردنـی هەڵوێسـتەکانی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی و بەپارکردنـی هێرشـی نـوێ بـۆ سـەر سـەربەخۆیی و سـەروەریی وڵات. دواجـار ئەمەشـیان دەبێتـە هـۆی ملکەچبوونـی عێـراق بـۆ هێـزە خۆسـەپێنەرە دەرەکییـەکان. ئەزموونـی تراژیدیـی ڕژێمەکـەی قاسـم و حکومەتەکـەی بانـدە توندڕەوەکانـی بەعـس کـە تەنیـا کارەسـات و ماڵوێرانیـی بـۆ گەلانـی عێـراق هێنـاوە، بـە ئاشـکرا ئـەم ڕاسـتییانە دەسـەلمێنن.

**جەی سیبیریاک**

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٣/١١/٣٠**

**بانگەوازێک بۆ گەلی کورد**

لـە بەیاننامەیەکیـدا سـەرۆکی عێـراق، عـارف کـە لـە ڕادیـۆی بەغداشـدا بڵاوکراوەتـەوە، داوا لـە لـەو هـۆزە کوردانـە دەکات کـە لەپێنـاو مافـە نەتەوەییەکانیانـدا خەبـات دەکـەن، چەکەکانیـان دانێـن و خۆیـان ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق بکـەن. لـە بەیاننامەکـەدا دووپـات کراوەتـەوە، ئـەو کەسـانەی خۆیـان ڕادەسـت دەکـەن، حکومـەت پارێزگاریـی سـەلامەتیی گیانیـان دەکات و خۆیـان و خێـزان و مـاڵ و حاڵیـان پارێـزراو دەبێـت.

**«پراڤدا» ١٩٦٣/١٢/٢**

**هیچ گۆڕانگارییەک نابێت**

**لەنـــدەن، ١ی کانوونـــی یەکـــەم. (تاس).** فەریـــق محەمەد عمـــران، جێگری ســـەرۆک وەزیرانی ســـووریا، دەڵێـــت: «پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ســـووریا بەهۆی ئـــەو ڕووداوانەی لە ١٨ی تشرینی دووەم ڕوویانـــدا، هیچ گۆڕانکارییەکیان بەســـەردا نەهاتـــووە» و «ڕێککەوتننامـــەی ســـووریا- عێـــراق» ســـەبارەت بە هاوپەیمانییە ســـەربازییەکە، هێشـــتا بـــەرکارە» و لەو لێدوانەی لـــە ژمارە یەکی هەفتەنامـــەی (الموقـــف العربـــی)دا بڵاوکراوەتـــەوە، دووپاتـــی کردووەتەوە کە «هێزە ســـوورییەکان هێشـــتا لە عێراقـــدان و ئەرکی نەتەوەیـــی خۆیان جێبەجێ دەکەن».

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/١٢/١**

**فڕۆکەنە عێراقییەکە مافی پەنابەریی سیاسیی وەردەگرێت**

**باکـــۆ، ٣٠ تشرینـــی دووەم (تـــاس).** لـــەم دواییـــەدا مولازمـــی فڕۆکـــەن زوهێـــر عەبدولســـەلام ئەلســـەلیم کـــە لـــە دایکبـــووی ســـاڵی ١٩٣٩یـــە داوای مافـــی پەنابەرێتیـــی لـــە دەســـەڵاتدارانی خۆجێیـــی کـــردووە و ڕوونیکردووەتـــەوە، لەگـــەڵ سیاســـەتەکانی حکومەتـــی عێراقـــدا ناکۆکـــە و نایەوێـــت بەشـــداری لـــە شـــەڕی براکوژیـــی هاووڵاتیانـــی کـــوردی عێـــراق بـــکات.

مولازمـــی فڕۆکـــەن زوهێـــر بـــە فڕۆکەکـــەی لەســـەر ســـنووری یەکێتیـــی کۆمـــارە سۆشیالیســـتییەکانی ســـۆڤیەتدا فڕیـــوە و لـــە فڕۆکەخانـــەی مەدەنیـــی ناخچیڤانـــدا نیشـــتوەتەوە. ڕەزامەندیـــش دراوە مافـــی پەنابـــەری سیاســـیی پێببەخشرێـــت.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٣/١٢/٢**

**هێزەکان بە بەردەوامی پاشەکشە دەکەن**

**دیمەشـق، ١ی کانوونـی یەکـەم (تـاس).** ئاشـکراکراوە کـە بەشـێک لـەو هێـزە سـوورییانەی لـە عێراقـدا جێگیرکرابـوون، گەڕاونەتـەوە خاکـی وڵات. فەهـد الشـاعر لـە دیمانەیەکـدا لەگـەڵ پەیامنێـری ڕۆژنامـەی – الثـورة- دووپاتیکردووەتـەوە ئـەم هێزانـە گەڕاونەتـەوە دیمەشـق و ئـەو هێـزە سـوورییانە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییە سـەرەکییەکانی دژی کوردیـان لـە ناوچـەی زاخـۆدا ئەنجـام داوە.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٣/١٢/٢٦**

**سووریا هێزەکانی دەکشێنێتەوە**

ڕۆژنامـەی الثـورة ڕایگەیانـدووە ئـەو یەکـە سـەربازییە سـوورییانەی لـە کوردسـتانی عێراقـدا جێگیـر کرابـوون بەپێـی ڕێککەوتننامەکـەی نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی سـووریا و عێـراق، گەڕانـەوە سـووریا.

**«پڕاڤدا»**

**ململانێی کورد بەردەوامە**

**قاهیـرە، ١٦ی کانوونـی یەکـەم. (تـاس).** ئەمـڕۆ ئاکرەیـی، نوێنـەری پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لـە قاهیـرە، ئـەو ڕاپۆرتانـەی ڕەتکردووەتەوە کە لـەم دواییەدا لـە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتـەوە و ڕایانگەیانـدووە کـە ڕابەری شۆڕشـگێڕانی کـورد مسـتەفا بارزانی بڕیاری خۆبەدەسـتەوەدانی داوە و گوتـی: سـەرلەبەری ئـەم هەواڵانـە دوورن لـە ڕاسـتییەوە، دووپاتیشـی کـردەوە هێشـتا بارزانی، تـەواوی پشـتیوانیی گەلی کـوردی لەگەڵدایە و جێی متمانـەی گەلەکـەی خۆیەتـی. دووپاتیشـی کردووەتـەوە سـەرکردە کوردەکانـی عێـراق داوایـان لـە فەرمانڕەوایانـی عێـراق کـردووە سـنوورێک بـۆ کارەسـاتەکانی گەلـی کـورد دابنێـن و تـەواوی مافـە نەتەوەییەکانیـان دەسـتەبەر بکـەن لەچوارچێـوەی دابینکردنـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقدا.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٣/١٢/٣١**

**کورد لە شەڕدا بەردەوامن**

**لەندەن، (تاس) دێڤید ئادمسۆن،** پەیامنێری دەیلی تەلەگراف، توانیویەتی دزە بکاتە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلات کە لە ئێستادا لەژێر دەسەلاتی هێزەکانی پێشمەرگەدان و لە نووسینێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ناوبراو بلاوکراوەتەوە باسی لەو سەرکەوتنە مەزنانە کردووە کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە.

ئادەمسۆن لە درێژەی نووسینەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، هێزەکانی پێشمەرگە زۆر بە خێرایی لە هێزێکی پارتیزانیی نارێکەوە دەبنە سوپایەکی نیزامیی ڕێکخراو و لە ئێستادا سەرقاڵی پێکهێنانی پێنج کەتیبەی بەرایی پێشمەرگەن. شۆڕشگێڕان هێمای تایبەتی یەکەکانیان دەبەستن و پلەی سەربازیشیان پێدراوە.

هەروەها پەیامنێرەکە ئاماژەی بۆ گۆڕینی تاکتیکی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی پێشمەرگە کردووە کە هەتا ماوەیەک پێش ئێستا، تاکتیکیان تەنیا خۆی لە شەڕی پارتیزانیی چیاکاندا دەبینییەوە. کەچی ئێستا پلانیان بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هێرشکارانەکەی دۆڵەکانی نێوان چیاکانە بۆئەوەی سوپای حکومەتی عێراق ناچار بکەن، دان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بنێن کە ئۆتۆنۆمییەکی سەربەخۆی هەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

پەیامنێرەکە دەنووسێت: کاتێ گەیشتمە ناوچەی چیای ئەزمڕ لە سلێمانی کە دەکەوێتە قەدپاڵی ئەم چیایەوە و کورد بە پایتەختی کوردستانی هەژمار دەکات، سەرسام بووم بەو سەرکەوتنانەی هێزەکانی پێشمەرگە. ئێستا ئەوان بە درێژایی خەباتیان، یەکەمین جارە خۆیان لە بەرانبەر هێرشی تانکی هێزەکانی حکومەت ڕابگرن، هەرچەندە هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەرێکی فراوانیان لە شەڕەکانی هاوینی ڕابردوودا لەدەستداوە، بەلام ئێستا نەک تەنیا ئەو ڕووبەرانەیان ئازاد کردووە، بگرە توانای پێشڕەوی کردنیشیان هەیە بەرەو باشوور.

ژمارەیەکی زۆری گوندەکانیش کە لە پارەوە کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی سوپای عێراقەوە، ئێستا هەموویان ئازاد کراون و لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدان

و ئەمـرۆ چالاکیـی سـەربازی لـە ناوچـەی خانەقیـن ئەنجـام دەدەن و ڕێگـە خێـرا سـەرەکییەکەی نێـوان ئێـران و عێراقیشـیان کۆنتـڕۆڵ کـردووە.

بەشـێکی زۆری هـۆکاری ئـەم سـەرکەوتنانەی هێزەکانـی پێشـمەرگە، لەوەدایـە کـە سوپا زۆر لـە حکومـەت پەسـتە و پشـێوی کەوتووەتـە نێـو هێزەکانـی سـوپای حکومەتەوە، ئەمـە سـەرباری ناسـەقامگیریی بـەرەی نێوخـۆ و دۆخـی سیاسـیی عێـراق.

**«ئاسیا و ئەفریقیای ئەمڕۆ» ژمارە ١ی ساڵی ١٩٦٤**

**مارگرێت لە کوردستانەوە**

ڕووخسـارێکی نـاسراو، بـە هەمـان بـزەوە، ئەمـە ژنـە جەنـگاوەر مارگرێـت جۆرجـە کــە لــە کوردســتاندا چەندیــن هۆنــراوە و ئەفســانە لەســەر قارەمانێتییەکانــی تۆمــار کــراوە. بــەڵام نــەک هــەر ئەفســانە، بگــرە بەعســییەکان هەوڵــی شــێواندنی نــاوی دەدەن و بوختانیشــی بۆهەڵدەبەســتن.

ڕاوێـژکارە سـۆڤێتییەکان، ئەوانـەی پێـش بەرپابوونـی شۆڕشـی کـورد لـە ئەیلوولـی ١٩٦١دا کـە کاریـان لـە کوردسـتانی عێراقـدا کـردووە، مارگرێـت جـۆرج بـە باشـی دەناسـن. لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٠دا لـە گونـدی دۆری ئاشـوریی دێریـن، لـە ناحیـەی کانـی ماسـی، قــەزای ئامێــدی، ناوچــەی مووســڵ کــە چەنــد کیلۆمەترێــک لــە ســنووری تورکیــاوە دووره، چاومـان بـەم ئافرەتـە لەشـولار ڕێـک و دەم بەخەندەیـە کـەوت کـە زۆر شـانازی بەخۆیـەوە دەکات. ئـەو لەگـەڵ دایـک و بـاوک و بـرا و خوشـکەکانیدا کـە لـە خـۆی بچووکـترن، دەژێـت. ئـەوکات ئـەو تەمەنـی کەمێـک لەسـەرووی ١٨ سـاڵاندا بـوو و تـازە قوتابخانـەی تەواوکردبـوو. دیمانەیەکـی دوورودرێژمـان لەگـەڵ مارگرێـت و دایـک و باوکـی لـە شـەوێکی ئارامـی مانگـی تشرینـی دووەمـدا، سـازدا.

مارگرێـت ئەندامێـک دەبێـت لـەو شـاندەی ئافرەتانـی عێـراق کـە بـەرەو یەکێتیـی سـۆڤیەت دەچـن و ئـەو ئێوارەیـە لـە بەغـداوە چاوەڕێـی پێوەندییەکـی تەلەفۆنیـی دەکـرد و دەیگـوت هـەر دەقەیـەک پێوەندیـم پێـوە بکرێـت، دەکرێـت. ئـەو چەنـد پرسـیاری سـەبارەت بـە دەوڵەتـی سـۆڤیەت لێکـردم و بـە بایەخـەوە گوێـی بـۆ قسـەکانم شـلکردبوو،

چەنـد جارێکیـش قسـەکانی پێدەبڕیـم و بـە هـاوار و سەرسـامییەوە پرسـیاری ئاراسـتە دەکـردم. دڵپاکـی و سـادەیی ئـەم ئافرەتـە سەرسـامی کردبـووم، بەتایبەتیـش کاتێـک ئـەو جلانـەی پێنیشـاندام کـە بـە دەسـتی خـۆی دووریبوونـی و دەیگـوت بـۆ ئەوێـم ئامادەکـردوون. مارگرێـت دەیگـوت: بەڕاسـتی مـن حـەز دەکـەم خوێندنـم لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت تـەواو بکـەم، ئەگـەر بـاوک و دایکیشـم ڕێگـەم پێنـەدەن، هەڵدێـم و بەبـێ پرسـی ئـەوان دەچمـە ئـەوێ. بـەڵام ئـەو هەرگیـز ناتوانێـت بچێتـە یەکێتیـی سۆڤیەتەوە.

جـاری دووەم کـە چـاوم بـە مارگرێـت و باوکی کەوتـەوە، لە سـەرەتاکانی بەهاری سـاڵی ١٩٦١ بـوو، لەسـەر ڕێگـە خێراکـەی نزیـک ئامێدی. ئـەو زووتـر تێبینیی منی کردبـوو، داوای لێکـردم گەشـتێکی بـە ئۆتۆمبێلـە سـۆڤێتییەکە پێبکـەم کـە لـە جـۆری «**GA٣ - ٦٩**» بـوو. ئـەو ئافرەتـە زۆر دڵخـۆش بـوو کـە بینـی ئـەم ئۆتۆمبێلە ئاوا بە ئاسـانی بەو شـاخە بـەرزەدا هەڵدەگژێت، لەسـەر لووتکەی ئەو شـاخەدا ئاسـەواری شـارێکی دێرین هەبوو کە هەڵبەت لـە ڕۆژگارێکـدا شـارێکی سـەخت بـووە، بـەڵام ئەوەتانـێ پـاش شـەش مانـگ لە دەسـتپێکی شـەڕدا هیـچ ئاوەدانییـەک لە ئامێدیـدا نەماوە بەهـۆی بۆردومانـە دڕاندانەکـەی فڕۆکەکانی سـوپای عێـراق لەسایەی ڕژێمی قاسـمدا.

لـە ڕۆژی دواتـردا مارگریتـم بینـی بـۆ نیوەڕۆخوانێـک لـە ماڵـی یەکێـک لـە خزمەکانـی. مارگریـت بـە دەسـتی خـۆی چەنـد خواردنێکـی کـوردەواری و ئاشـووریی ئامادەکردبـوو، خواردنـەکان بـە دڵـی هەمـوو ئامادەبـووان بـوو. ئـەو لـە وەرزی زسـتانی ئـەو سـاڵەدا تەرجەمەکـراوی چەندیــن شــاکاری کلاسـیکیی ڕووسـیی بــۆ ســەر زمانــی عەرەبــی و ئینگلیزیــی خوێندبــووەوە. مارگرێــت مکوڕبــوو خــۆی فێــری زمانــی ڕووســی بــکات، پەڕاوێکـی سـەرنج و تێبینییەکانـی خـۆی پێنیشـاندام کـە چەنـد وشـە و دەسـتەواژەیەکی ڕووسـیی تێـدا تۆمـار کردبـوو، بـە کردەنـی شـتێکی لەبـارەی زمانـی ڕووسـییەوە دەزانـی.

لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦١دا، مارگریـت دەسـتی بـە کارکـردن کردبـوو لـە کانتینـی تیمێکـی جیۆلۆجـی کـە کاریـان لـە دۆزینـەوەی نیشـتەنیی سـەر ڕووبـاری سـیرجۆزا دەکـرد لـە نزیـک گونـدی دۆرێ. نانەیـن و ژووری نانخـواردی لـە ماڵەکـەی خۆیـدا هەبـوو، ڕاوێژکارانـی سـۆڤیەتیش لێـرە ئیشـیان کردبـوو، ئـەو هەمـوو کاتـی خـۆی بـۆ فێربوونـی وشـە و دەسـتەواژەی نـوێ تەرخـان کردبـوو، مارگریـت ڕاوێژکارانـی سـۆڤیەتی لەجێـی بـرا

گـەورەی خـۆی دانابـوون و ئـەوان دڵخـۆش بـوون بـە کارکـردن لەگـەڵ ئـەم ئافرەتـەدا، بـەڵام لـە مانگـی ئەیلولـدا هەمـوو شـتێک گـۆڕا.

شۆڕشێک لە سەرتاپای کوردستان بەرپا بوو، ئەو شۆڕشە دەمێک بوو ئامادەباشیی بۆ دەکرا و بۆ مارگرێت و باوکی شتێکی کتوپڕ نەبوو، باوکی مارگریت کە کرێکارێکی پێشووی نەوت بوو، لە ناڕەزاییەکانی کرێکاراندا دژی بەریتانییەکان لە عەبادان بەشدار ببوو و هەتاکو ئەم دواییەش پێوەندیی بەو کەسایەتییە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازانەی ئەوێ هەر مابوو.

بنەماڵـەی جـۆرج، وەکـو سـەرجەم گوندنشـینانی دۆرێ، کـورد نیـن، بگـرە لـەو بنەماڵـە ئاشـوورییە دێرینانـەن کـە زۆر دەمێکـە لـەم ناوچەیـەدا جێگیـر بوونـە. ناوچـەی کانـی ماسـی یەکێکـە لـەو ناوچـە کەمانـەی کوردسـتان کـە کریسـتیانە ئاشـوورییەکان لەپـاڵ کـوردی موسـڵماندا دەژیـن. داگیـرکارە بەریتانییـەکان کـە چەندیـن دەیـە فەرماڕەوایەتیـی عێراقیـان دەکـرد، هەوڵـی دووبەرەکـی نانـەوە بـوون لەنێـوان کـورد و ئاشـوورییەکانی ناوچەکـە و تـا ڕادەیـەک سـەرکەوتووبوون، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـورد و ئاشـوورییەکان لـەڕووی سیاسـییەوە  پێگەیشـتن و بۆیـان دەرکەوت کـە کـێ دوژمنـی ڕاسـتەقینەی ئەوانـە و بـە چـاوی خۆیـان بینییـان کـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز هەمـوو هیـوا و ئاواتەکانیانـی بەبـادا و بێئومێـدی کـردن.

ئـەم شـتە لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٠دا بەڕوونـی ئاشـکرا بـوو، کاتێـک ژمارەیەکـی زۆری مامۆسـتا و فەرمانبەرانـی حکومـەت، ئەوانـەی ڕەوتێکـی دیموکراتخوازانەیـان گرتبووەبـەر، دوورخسـتەوە و خەڵکـی عەرەبیـان هێنایـە شـوێنیان. بەرپرسـە نوێیەکانی عەرەب هەسـتی نەتەوایەتیـی کـورد و ئاشـوورییەکانیان خسـتە ژێـر پێـوە و هەوڵیـان دەدا جارێکـی دی تـۆوی دووبەرکـی لەنێوانیانـدا بچێنـن کـە دەمێکـە ئـەم دووبەرەکییانـە لەنێـوان چەنـد هۆزێکـی کـورد و ئاشـوورییەکان نەمابـوون.

بنەماڵـەی جۆرجیـش بەشـدارییان لـەو شۆڕشـەی کـورددا کـرد، سـەرەتا باوکـی مارگرێت و ئینجـا خـۆی بەشـدارییان کـرد. لـە سـەرەتای شۆڕشـدا پرۆسـە سـەربازییەکان دوور بـوون لـە گوندەکـەی ماڵـی مارگرێـت، بـەڵام لـە مانگـی تشرینـی دووەمـدا دەسـەڵاتدارانی خۆجێیـی ناوچەکـە، باوکـی مارگرێـت و ژمارەیـەک لـەو کەسـانەی بەشـدارییان لـە ڕاپەڕینەکـەدا کردبـوو، دەسـگیر کـرد.

لەلای ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕێی ڕووباری زێی گەورەوە تیپێکی بچووکی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتیی ڕابەری گەلی کورد مستەفا بارزانی گەیشتنە ناوچەی کانی ماسی، دواتر هەمان ئەو تیپە بچووکە بووە بڕبڕەی پشتی سوپای ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان. ئەوکات کاتێکی سەخت و دژوار بوو بۆ کورد. هەر ئەوکاتیش قاسم ڕایگەیاندبوو، ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردیان دامرکاندووەتەوە و ئێستا هەموو کونجێکی ئەم کوردستانە ئارام و سەقامگیرە و داوای لە چەکدارانی کورد کردبوو، چەکەکانیان فڕێدەن و بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، چەند سەرۆک هۆزێکی کورد بەرهەڵستیی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد و نامەی پشتگیریکردنیان بۆ حکومەتەکەی قاسم ناردبوو. ئەوکات مارگرێت بە کردەنی بەشداریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا کردبوو و بە شانازییەوە بووە پێشمەرگە کە بە زمانی کوردی (ئەو کەسەی لە مردن ناترسێ) دەگەیەنێت. ناوی پێشمەرگەش بە هەموو ئەو چەکدارانە بەخشرا کە دژی حکومەت ڕاپەڕیبوون.

هەموو ئەو گوندنشینانەی کانی ماسییان جێهێشتبوو، باسی ئازایەتی و قارەمانێتیی مارگرێتیان دەکرد. لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢شدا بەشداریی چالاکییەکانی پێشمەرگەی کرد کە دژی مەفرەزەی (چەتە)کان ئەنجامیان دابوو لە ناوچەکانی ئامێدی - دهۆک - ئاکرێ، هەروەها بە درێژایی ڕێگە خێراکەی دهۆک - ئامێدی شەڕی سوپای عێراقیشی کردبوو و هەڵیانکوتابووە سەر قەڵاکانی پۆلیس و ڕەبایەکانی سوپای عێراق. چەند جارێکیش وەزیفەی سکرتێریی لە بارەگای بارزانی بۆ پێشنیاز کرابوو (ئەو نووسەرێکی باش بوو، هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە ڕەوانی دەزانی، سەرباری زمانەکەی دایکی - ئاشووری- و کەمێکیش ڕووسی) بەڵام ئەو وەزیفەیەی ڕەتکردبووەوە. لەو ماوەیەدا کرایە فەرماندەی یەکەیەکی بچووکی پێشمەرگە و چەندین چالاکیی سەرکەوتووانەیان ئەنجام دابوو. لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانیشدا یارمەتیی بریندارانی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە کە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای وڵات لە شەڕدا بوون. هەر زووش ناوبانگێکی گەورەی لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا پەیدا کرد.

وێنە بڵاوکراوەکەی مارگرێت لە گۆڤاری (الوقائع الكردية) دڵخۆشی کردین کە لە ژێر وێنەکەیدا نووسرابوو: «ئێمە شانازیی دەکەین کە مارگرێت وێنەی خۆی پێشکەش بە

خوێنەرانمـان کـردووە ... لـە کەسـایەتیی ماگرێتەوە، سـڵاو دەنێرین بۆ ئافرەتانی سەربەسـت و سـەرجەم کریسـتیانەکان کـە هاوشـانی جەنـەڕاڵ بارزانـی دەجەنگـن». ئێمـە هەڤاڵـی مارگرێتیـن، بـە خۆشـحاڵییەوە ئـەم وشـانەی گۆڤارەکـە دووپـات دەکەینـەوە و ئەوەشـی دەخەینـە سـەر کـە «تـۆ ئازیـزی ئێمـەی، ڕێگـەی ڕاسـتت هەڵبـژاردووە، شـانازیت پێـوە دەکەیـن و هیـوای سـەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ تـۆ و هەڤاڵانی پێشـمەرگەت بۆ دەخوازین».

**ئێس. دیپابۆف**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٤، ١٩٦٤/١/٢٥**

**جۆردیان ترێلەر، کلۆد دیڤارد**

**لە کوردستانی خوێناوییەوە**

لـەم دواییـەدا پەیامنێرانـی گۆڤـاری بۆرژواخـواز «شـتیرن»ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سـەردانی کوردسـتانی عێراقیـان کـردووە، ڕاپـۆرت و نووسـینێکیان لـە ڕۆژنامـەی «ئۆبزێرڤـەر»ی ئینگلیـزی بڵاودەکەینـەوە کـە بـاس لـە ئازایەتـی و کارەسـاتەکانی کـورد دەکات.

**«شتیرن»، هامبۆرگ**

لێـرەدا دەسـتبەرداری ژوورەکانـی گاز و فیشـەکەکانی پشتەسـەریان دەبیـن، بـۆ لەناودانـی گەلـی کـورد، ئـەوەی پێویسـت بێـت، تێکشـکاندنی ئـەو مووشـەکانەیە کـە ئاراسـتەی گونـدەکان دەکرێـن و ئـەو تانکانەیـە کـە ژن و منـداڵ دەکـوژن و نەهێشـتنی برسـێتی و بەفـر و کڕێوەیـە. هەمـوو ئەمانـە دژی دوو ملیـۆن کـوردن ... تاوانیـان چییـە؟ تەنیـا داوای مافـی ئۆتۆنۆمـی دەکـەن بـۆ کوردسـتان و هیچـی تـر نـا. هـەر لـەو پێناوەشـدا دوو سـاڵ دەجەنگـن و گیانـی خۆیـان کردووەتـە فیـدای نیشـتمانیان، ئـەوان لەبیرکـراون ... تەنیـا و بـێ پشـتیوانن. تەنانـەت دەسـەڵاتدارانی عێـراق ڕێگـە بـە ڕێکخـراوی خاچـی سـووریش نـادەن یارمەتییەکانیـان پێبگەیەنـن، شاهێدحاڵیشـیان ناوێـت، چونکـە شـتیرن مۆڵەتـی لـە کـەس نەخواسـتووە و پەیامنێرانـی ناردووەتـە ئـەوێ و ڕێگـەی نهێنییـان گرتووەتەبـەر تـا گەیشـتوونەتە کوردسـتانی خوێنـاوی.

سلێمانی کە گەورەترین سێ شاری کوردستانی عێراقە و دوو شارەکەی دیکە کەرکووک و هەولێر، لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە داگیر کراون، بەڵام پێشمەرگە ڕێگە سەرەکییەکانی نێوان ئەم شارانە و ناوچە شاخاوییەکانی لەژێر دەستدایە.

گوندەکانی دەوروبەری سلێمانی، حەشارگەیەکی ئارامن بۆ هەردوو لا، سوپای عێراق خۆراکییان تێدا دەدۆزێتەوە و پێشمەرگە بە شەوان دەیانکاتە حەشارگەیەک بۆ هەڵمەتەکانی شەوانەیان، بازاڕییان تێدا دەکەن و لەوێ چەکیان دەست دەکەوێ و ئەو کەسانەش دەڕفێنن کە گوندنشینە بێتاوانەکان دەچەوسێننەوە.

لە پێگەیەکی پێشمەرگەدا کە پێنج کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورە، وردەکاریی ئەم شتەمان دەستکەوت: هێزەکانی سوپای عێراق کێومالّی خانوو بە خانووی گوندەکەیان کردووە و دەستیان بەسەر نیوەی ئازووخە و خۆراکی گوندەکەدا گرتووە. سووتەمەنیش هێندە کەمە، گوندنشینان ناچارن لەسەر شەقامەکەدا گردببنەوە و هەموو بەیەکەوە و لەیەککاتدا خواردنی ژەمی شێوان ئامادە دەکەن. زیندانیی شارەکانیش پڕ کراون لە دەستگیرکراوان، هاوسەرانی پێشمەرگە سووکایەتییان پێدەکرێت و بوونەتە گاڵتەجاڕیی سوپاکە. ژمارەکیشیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپاردووە. لە زۆربەی گەڕەکی شارەکاندا داوا لە خەڵک کراوە سیخوڕی بۆ سوپای عێراق بکەن و هەواڵی پێشمەرگە و جموجۆڵەکانیان بە پۆلیس و سوپای عێراق بگەیەنن. زۆربەی پیاوانی ناوچەکە ڕەتیان کردووەتەوە سیخوڕییان بۆ بکەن، لە وەڵامی ئەم هەڵوێستەیاندا خانووەکانیان ڕووخاندوون، هەزار کەس بێلانە ماونەتەوە و شارەکان بەجێدێڵن.

بۆ هەر کوێیەک دەچوون پیاوانی سەر پشتی گوێدرێژ و بارگیرمان دەبینی، توومەز ئەمە لەسەر داواکاریی پێشمەرگەیە و داوایان لێدەکەن شەوان لە شارەکان نزیک بکەونەوە تاکو ئاوارە بێلانەکان بگەیەننە چیاکان، ئەم جوتیارە خۆڕاگرانە و گەشتیارانی شەوانیان بەڵگەی ئەوەن کە هاووڵاتیان پشتگیریی تەواو لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن و ئەم شتەمان بە چاوی خۆمان بینی.

ئەو وێرانکارییەی لە سلێمانی تێبینیمان کرد، لە زۆربەی گوندەکان دەوروبەریشیدا دووبارە دەبنەوە، گوندی دەرەبەگەکان نەبێت کە خۆیان و جوتیار و سەپانیان پشتگیریی پیاوانی ڕژێم دەکەن. هەمان شتیشمان لە کەرکووک و هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەریاندا بەدیکرد.

ئـــەوەی ئێمـــە بینیـــمان، هەمـــوو پێشـــمەرگە و ئەندامانـــی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، ئـــەوەی مرۆڤایەتـــی پێـــی خـــۆش بێـــت دەیکـــەن، ئـــەوان پزیشـــک دەنێـــرن و نەخۆشـــخانە و پەناگـــە دروســـت دەکـــەن، برنـــج و شـــەکر و چـــای بەســـەر ئاوارەکانـــدا دابـــەش دەکـــەن، ئـــەو پێشـــمەرگانەی لەبـــەر هـــەر هۆکارێـــک بێـــت لـــە شـــەڕدا بەشـــداری ناکـــەن، سەرپەرشـــتیی نەخۆشـــەکان و گواســـتنەوەی ئـــاوارەکان دەکـــەن.

**ئاخۆ پارەی پێویست بۆ کڕینی بەتانی، جلوبەرگ، دەرمان و خۆراک لەکوێ دێنن؟**

بەشێک لەو پارەیە لە جوتیارەکانەوە دەگات. سەرجەم جوتیاران ١٠٪ی بەروبوومەکانیان بـە پێشـمەرگە دەبەخشـن کـە نیـوەی ئـەم بـڕە پارەیـە بەسـەر هەژارانـدا دابـەش دەکرێت، نیوەکـەی دیکـە لـە پێشـمەرگە و ئاوارەکانـدا خـەرج دەکرێـت. زۆربـەی جوتیـاران زیاتـر لـەو ڕێژەیـەی بۆیـان دیاریکـراوە، دەبەخشـن، بەشێکیشـیان بـە دراوی نەختینـە هاوکاریـی پێشـمەرگە دەکـەن، بـەڵام ئەمانـە دڵۆپـە ئـاون و دەڕژێتـە سـەر تاشـەبەردێکی گەرم.

دوو سـاڵە، لـە ناوچەیەکـی گۆشـەگیری لـە جیهـان دابـڕاودا، بـۆ پەیداکردنـی نانـی ئـەو ڕۆژە بـۆ تێرکردنـی ئـاوارە تـازە گەیشـتووەکان، دەبێـت ڕۆژانـە بگەڕێیـت ... ئـەوەی لێـرەدا بـە زۆری بەرچـاو دەکەوێـت، مـەرگ و کارەسـاتە.

**هیچ ئامرازێکی دیکە نییە**

**گافین یۆنگ**

**«ئۆبزێرڤەر»، لەندەن**

جـــەلال تاڵەبانـــی ڕایگەیانـــدووە: «ئێمـــە چەکـــی قورســـمان لەبەردەســـتدا نییـــە، بۆیـــە لـــە ناوچـــە کراوەکانـــدا ســـوپای عێـــراق دەرفەتـــی داگیرکردنـــی چەنـــد گوندێکـــی ئـــەو ناوچانـــەی بـــۆ ڕەخســـاوە، چونکـــە ئێمـــە بەرگـــەی تانـــک و فڕۆکـــە ناگریـــن، گونـــدەکان چـــۆڵ دەکەیـــن، بـــەڵام دواتـــر ئـــەو هێزانـــە پێویســـتیان بـــە ئازووقـــە و خـــۆراک دەبێـــت، پێشـــمەرگەکانمان بۆســـە بـــۆ قافڵەکانیـــان دادەنێنـــەوە و ئەزموونێکـــی زۆرمـــان لـــەوەدا هەیـــە».

دەرەنجامی ئەم تاکتیکانەی پێشمەرگە و ئەو سەختییانەی دێنە ڕێیان، بارەگا و بنکەی سوپای عێراق لە دەرەوەی شارە گەورەکاندا زۆر کەم دەبینرێن کە لە زۆربەی جارەکاندا ژمارەیان دەگاتە دوو سەد تا سێ سەد کەس کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا خۆیان بەند و قایم کردووە و بە هیچ جۆرێک ناتوانن بستێک لەو بنکە و بارەگایانە دوور بکەونەوە، هەر کاتێکیش لە ئاسمانەوە کۆمەکیان بۆ بنێرن، کۆمەکەکان دەکەونە ژێر دەستی پێشمەرگە. جا ئەگەر هێزەکانی سوپای عێراق هەر سەرکەوتنێکی گەورەی کاتییان بەدەست هێنابێت، ناتوانن کاتێکی زۆر لەو ناوچە شاخاوییە سەختانەدا بمێننەوە.

کورد دەڵێ: هەر کاتێک پێشمەرگە بەهێزبن، دەتوانن شارە گەورەکانیش ئازاد بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە کە ئەگەر شارە گەورەکان ئازاد بکەن، ناتوانن پارێزگاریی لێبکەن، چونکە هێزەکانی دوژمن، ئەو شارانە بۆردومان دەکەن و وەکو شەڕی شەقام بە شەقامی نێو شارە گەورەکان، هاووڵاتیانی سڤیل زەرەرمەندی یەکەم دەبن و دەکەونە ژێر پێوە.

یەکێک لە پێشمەرگەکان ئەوەی بۆ باسکردین کە چۆن ئەوان بە بەرگی مەدەنییەوە دەچنە نێو شارەکان و سەردانی بنەماڵەکانیان دەکەن و پێوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە دەکەن.

جێی ئاماژە پێکردنە هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی سەرەکی زوو زوو بە گەنجانی شارنشین نوێ دەکرێنەوە کە ڕێژەیەکی زۆریان قوتابی یان پزیشک یاخود پارێزەرن. ئەگەر هێزی سەرەکیی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، لە ناوچە شاخاوییە دوورەدەستەکاندا هێزی هۆزەکان بن، ئەوا دەتوانین بڵێین، شۆڕشی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری کوردستان هەر هێزی ئەو هۆزانە نین، لێرەدا لە ناوچەی شارنشینەکاندا هاوشانی جوتیاران، هاووڵاتیانیان بەشداریی لە شۆڕشدا دەکەن.

ئەو لاوانەی هێشتا تەمەنیان لە خوار ١٨ساڵاندایە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا وەرناگیرێن، هەروەها ژنانیش: «پێویستە لەنێو ماڵ و حاڵی خۆیانەوە پشتیوانی لە پێشمەرگە بکەن». سەرکردە نموونەییە نوێیەکەی کورد، جەلال تاڵەبانی، تەمەنی گەیشتووەتە ٣٠ ساڵ و کەسێکی ڕۆشنبیرە و گەشت زۆر دەکات، لە هەمان کاتدا فەرماندەیەکی سەربازیی چالاکیشە. جارێکیان تاڵەبانی پێیگوتم: «ئێمە هیچ

ڕقێکـمان لـە عـەرەب نابێتـەوە، لەنێـو فەرماندەکانـی پێشـمەرگەدا عەقیدێکـی عـەرەب هەیـە، ئێمـە دەمانەوێـت وەکـو کوردێـک لـە عێراقـدا مامەڵەمـان لەتەکـدا بکرێـت. هەروەهـا ئێمـە داوای جودابوونـە ناکەیـن لـە عێـراق». ڕۆژێکیـان بەیەکـەوە چووینـە نێـو گوندێکـەوە کـە هێشـتا دوکەڵـی لـێ بەرزدەبـووەوە، ئاسـەوارەکانی زنجیـری دەبابـەکان بەسـەر ڕێگەکـەوە مابـوو. ئینجـا گوتـی: «دە تەماشـاکە ئێمـە تووشـی چ دەردەسـەرییەک هاتوویـن، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە نامانڕووخێنـن، ئـەرێ کـەی بەغـدا لـەوە تێـدەگات؟».

لـەو دۆڵـە پـاراوە سـەوزانەدا، لەنێـو ئـەو خانووانـەی بـە گوللـە کونکـون کـراون، یاخـود لـەو ئەشـکەوتە شـاخاوییانەدا کـە پێشـمەرگەیان تێـدا دەژێـت، جاروبـار گۆشـەگیریی ئـەم پێشـمەرگانە و دابڕانیـان لـە جیهـان، بـە ئاسـانی هەسـتی پێدەکەیـت. ئەمانـەی کار و کاسـبی و پیشـە و بنەماڵـە و شـێرازەی ژیانـی پێشـوویان بەتـەواوی جێهێشـتووە، ڕووبـەڕووی ئەگەرێکـی بێکۆتایـی ئـەم شـەڕ و دژوارییـە دەبنـەوە.

**«پراڤدا» ١٩٦٤/١/٢٨**

**کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە قاهیرە**

پێـش چەنـد ڕۆژێـک کۆنگـرەی لووتکـەی عەرەبـی لـە قاهیـرە کۆتاییهـات کـە ١٣ سـەرۆکی وڵاتانـی عـەرەب و نوێنـەری فەلەسـتین تێیـدا بەشـداربوون.

ئەنجامـی دانوسـتاندنەکانی قاهیـرە ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە دەکـرێ بگەینـە دەرەنجامێکـی ئاشـتییانە بـۆ چارەسـەر کردنـی ململانێکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئەمـەش دووپاتکردنـەوەی ئەوەیـە کـە دەکـرێ بگەینـە چارەسـەرێکی ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد لەچوارچێـوەی ڕاگرتنـی هەمـوو جـۆرە ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی و دەسـتەبەرکردنی مافـە دیموکراسـییە ڕەواکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا. شـەڕە نەزۆکەکـەی دژی کـورد توانـای کۆمـاری عێـراق لـە بەرگریکـردن لـە هەڕەشـەکانی ئیمپریالیـزم لاواز دەکات.

**یەفگینی بریماکۆڤ**

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٤/٢/١٦**

**نامەیەک لە ن.س. خرۆشۆفەوە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق**

ن.س خرۆشـۆف، سـەرۆک وەزیرانـی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکانی سـۆڤیەت نامەیەکـی بـۆ عەبدولسـەلام محەمـەد عـارف، سـەرکۆماری عێـراق نـاردووە و لـە نامەکـەدا هاتـووە: حکومـەت و گەلـی یەکێتیـی سـۆڤیەت بـە خۆشـحاڵییەکی زۆرەوە پێشـوازی لـە گەیشـتن بـەو ڕێککەوتننامەیـە دەکـەن کـە شـەڕی براکوژی دژی کورد لـە عێراقدا وەسـتاوە کـە لـە ئێسـتادا دەرفەتـی پەرەسـەندنیان بـۆ وەدیهێنانـی ئاواتەکانیـان بـۆ هاتووەتـە پێـش.

خرۆشـۆف متمانـەی بەوەیـە کـە پتەوکردنـی پێوەندیـی برایانـەی نێـوان عـەرەب و کـورد بەنـدە بـە لەبەرچاوگرتنـی خواسـتەکانی نەتـەوەی کـورد و ڕازیکردنیـان.

**«پڕاڤدا» ١٩٦٤/٢/١٢**

**یەکگرتن بەناوی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم**

**بەغـدا، ١١ی شـوبات .(تـاس).** شـەوی ڕابـردوو، فەرحـان، وەزیـری ڕۆشـنبیری و ئەندامـی قیـادەی قەومـی لـە کۆمـاری عێـراق، لێدوانێکـی سـەرۆک عارفـی لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی عێـراق سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بڵاوکردووەتـەوە.

لـە ڕاگەیاندنەکـەدا هاتـووە: بـۆ جێبەجێکردنـی بەرژەوەندیـی بـاڵای دەوڵـەت و لەبەرچاوگرتنـی وەڵامدانـەوەی کـورد بـۆ گەڕاندنەوەی ژیانێکی سرووشـتی و سـنووردانانێک بـۆ پیلانەکانـی ئیمپریالیـزم و بەپێـی بەیاننامەکـەی مسـتەفا بارزانـی، حکومەتـی عێـراق ئـەم بڕیـارەی دەرکـرد:

١. حکومەتـی عێـراق مافەکانـی گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەسـتەبەر دەکات و ئەمـە لـە دەسـتووری کاتیـی عێراقـدا تۆمـار دەکرێـت.

٢. سـەرجەم ئـەو بەندکراوانـەی لەسـەر ڕووداوەکانـی کوردسـتان گیـراون، دەسـتبەجێ ئـازاد بکرێـن و لێبوردنیـان بـۆ دەربکرێـت و دەسـت بەسـەرداگرتنی مـاڵ و سـەروەتیان هەڵدەگیرێـت.

٣. ئیدارەی خۆجێیی لە پارێزگاکانی کوردستان بگەڕێندرێنەوە.

٤. هەمــوو ئــەو بەرپــرس و فەرمانبەرانــەی لــە کارەکانیــان دەرکــراون، بگەڕێنرێنــەوە شــوێنی پێشــووی خۆیــان.

٥. کۆت و پێوەندەکانی سەر هێنان و بردنی خۆراک لەسەر کوردستان هەڵبگیرێ.

٦. پێکهێنانــی لێژنەیەکیــی تایبــەت بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەم ڕێکارانــە و قەرەبووکردنــەوەی ئەوانــەی زەرەریــان پێگەیشــتووە.

٧. قەرەبووکردنــەوەی خــاوەن ئــەو زەویوزارانــەی لــە دەرەنجامــی ڕووخاندنــی هــەردوو بەنداوەکــەی دەربەندیخــان و دوکان زیانیــان بەرکەوتــووە.

٨. حکومەتــی عێــراق هەمــوو ڕێکارێکــی پێویســت دەگرێتەبــەر بــۆ بەرقەرارکردنــی ئاســایش لــە کوردســتان و هیواداریــن پارێزگاریــی یەکێتیــی نیشــتمانیی نێــوان کــورد و عــەرەب بکەیــن بەنــاوی خەبــات دژی ئیمپریالیــزم. حکومەتیــش لــەلای خۆیــەوە هەمــوو هەوڵێکــی دەخاتەگــەڕ بــۆ زامنکردنــی ســەرجەم مافــە یاســاییەکانیان.

٩. ســەرجەم وەزارەتــە پێوەندیــدارەکان ڕێوشــوێنی پێویســت بگرنەبــەر بــۆ جێبەجێکردنــی بڕگەکانــی ئــەم بڕیــارە.

**دوێنــێ ئێــوارە لــە ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنــی عێراقــەوە بانگــەوازی ڕابــەری کــورد مســتەفا بارزانــی بــۆ هاووڵاتیانــی کــورد بڵاوکرایــەوە و تێیــدا هاتبــوو:**

برایانــی خۆشەویســتم! بــۆ بەدەنگــەوە هاتنــی داواکــەی ســەرۆک و زامنکردنــی یەکێتیــی عێــراق و کۆتاییهێنــان بــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان، بڕیارمــان دا شــەڕ ڕابگریــن و بگەڕێینــەوە نیشــتمان بــۆ درێــژەدان بــە خەباتــی ئاشــتییانەمان و ڕێگــە بــۆ دەســەڵاتدارانی نیشــتمانی خــۆش بکەیــن، ژیانێکــی ئاشــتیانە زامــن بــکات و دەرفەتــی دەســتەبەرکردنی مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد لەنێــو عێراقــدا بڕەخســێنین.

**«پڕاڤدا»١٩٦٤/٢/١٣**

**بڕیارێکی ژیرانە**

ڕاگرتنـــی ئـــەو شـــەڕە خوێناوییـــەی کوردســـتانی عێـــراق ســـەرکەوتنێکی مەزنـــە بـــۆ ســـەرجەم گەلانـــی عێـــراق. ســـەرۆک عارفیـــش ڕایگەیاندبـــوو، حکومەتەکـــەی مافـــە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لـە عێـراق دەسـتەبەر دەکات. دەبـا بیـر خۆمـان بێنینـەوە کـە ئەمـە ڕێـک خواسـتی کـوردە کـە سـاڵانێکی زۆرە خەباتـی بـۆ دەکـەن و پێنـج یەکـی تێکـڕای دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن. هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـەش کـە لەسـەر زاری ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانـی گوایـە ئامانجـی بارزانـی دابڕینـی کوردسـتانە لـە عێـراق، دەنگـۆی ئیمپریالیـزم و بەعسـییەکان بـووە و لەسـەر زاری ئـەودا بڵاوکراوەتـەوە.

حکومەتـــی عێـــراق، بەنـــاوی خەبـــات دژی ئیمپریالیـــزم، دووپاتیکردووەتـــەوە، پێویسـتە یەکێتیـی نێـوان عـەرەب و کـورد بپارێزرێـت و ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـەی عێـراق، ئـەم دەرەنجامـە دووپـات دەکاتـەوە. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە کـە هـەر یـەک لـە ئەمەریـکا و بەریتانیـا هەوڵیانـداوە سـوود لـەو شـەڕەی نێـوان سـوپای عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگە وەربگـرن تاکـو عێـراق ناچـار بکـەن بگەڕێتـەوە نێـو ئـەو کوتلـە سـەربازییەی لەژێـر سەرپەرشـتیی ئیمپریالیزمەکاندایـە.

ئـا بـەم شـێوەیە ئاگـری شـەڕە خوێناوییەکـەی لـە کوردسـتان بەرپابـوو، کوژایـەوە و ئـەم ڕاسـتییە دڵخۆشـکەرەش سـەرکەوتنی ڕەوتـی ئاشـتیخوازانەیە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی مشـتومڕی لەسـەرە.

ئێســـتا بـــۆ هەمـــوو لایـــەک ڕوون بـــووەوە کـــە چارەســـەرکردنی ســـەربازییانەی کێشـەی کـورد، بـێ ئەنجامـە، هەرچەنـدە هەوڵەکانـی قاسـم و بەعسـییە ڕاسـتڕەوەکان ئامانجیـان چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـوو بـە زەبـری هێـز، بـەڵام ئاکامەکـەی سـەرکەوتنی نیشـتمانپەروەرانی کـورد بـوو کـە زۆر بـە فراوانـی لەلایـەن چیـن و توێژەکانـی کوردسـتانەوە پشـتگیری دەکرێـن. سـەرکردایەتیی نوێـی عێـراق کـە دوای ڕەتکردنـەوەی دیکتاتۆرییەتـی بەعسـییە ڕاسـتڕەوەکان لـە تشرینـی دووەمـی سـاڵی ڕابـردوو هاتنـە سـەر حوکـم، دەسـتبەجێ بڕیـاری ڕاگرتنـی کتوپـڕی شـەڕی دا و خـۆی

لـە سیاسـەتە شـۆڤێنییەکانی السـعدی و هاوبەشـانی پاراسـت، دەرەنجامـە ئەرێنییەکانـی ئــەم گۆڕانکارییــە بــە ئاشــکرا تێبینــی دەکــرا.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین کە هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕەی کوردستان. لێدوانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستییەکانی دیکە و دەستپێشخەریی لایەنەکان، کاریگەریی لە ڕاگرتنی شەڕەکەدا هەبوو.

هیــوادارم ســەرکردەکانی ئێســتای عێــراق ژیریــی دەوڵەتمەداریــی تێــدا بێــت بــۆ جێبەجێکردنــی بڕیــارە گرنگەکــەی ســەبارەت بــە ڕاگەیاندنــی ڕاگرتنــی شــەڕ و هــەر جموجۆڵێکــی ســەربازی لــە کوردســتان دراوە.

**یەفگینی بریماکۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٣/١٠**

**نەفرەتی ئیستفزازکردن**

**ئیمپریالیزمەکان بەربەست دەخەنە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

لـە بەغـدا، لـە ١٠ی شـوباتی ئـەم سـاڵدا بڕیـاری ڕاگرتنـی شـەڕ لـە کوردسـتان ڕاگەیەنـرا و بەپێــی بڕیارەکــە ســەختترین ئــەو کێشــانەی ڕووبــەڕووی عێــراق دەبوونــەوە، بــەو دەستپێشــخەرییەی حکومەتــی عێــراق، چارەســەردەکرێت. حکومــەت ئامادەیــی خــۆی دەربــڕی و لەبەرانبــەردا ســەرکردایەتیی کوردیــش پشــتگیریی خۆیــان بــۆ ڕاگەیاندنــی ئــەم بڕیــارە دەربــڕی و لــە لێدوانێکیــدا مســتەفا بارزانــی بــە بایەخــەوە دەڕوانێتــە بڕیــاری ڕاگرتنــی شــەڕی براکــوژی لــە کوردســتان و لــە لێدوانەکەیــدا ئامــاژەی بــەوە داوە کــە ڕێکەوتننامـەی گەڕاندنـەوەی ئاشـتی لـە کوردسـتانی عێـراق سـەرەتای سـەردەمێکی نوێیـە لـە ژیانــی کــوردی عێــراق و نەتــەوەی عــەرەب.

ئیــتر حکومەتــی عێــراق دەســتیکردە جێبەجێکردنــی کردەنیــی ڕێککەوتننامەکــە و لــەو ماوەیـەی بـۆی دیاریکرابـوو، ئاگربەسـتێکی گشـتگیر لەلایـەن هێزەکانـی سـوپای عێراقـەوە کەوتــە واری جێبەجێکــردن و حکومەتــی عێــراق فەرمانــی هەناردەکردنــی خــۆراک و داودەرمـان، بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک بـۆ ناوچـە کوردنشـینەکانی دەسـتپێکردەوە، هـەر

لـە بەغـدا لێژنەیەکـی هاوبـەش لەنێـوان وەزارەتەکانـی حکومەتـی عێـراق پێکهێـنرا و ڕاسـپێردران بەدواداچـوون بکـەن و پلانـی دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی پارێزگاکانـی کوردسـتان دابڕێــژن و پێداویســتییەکانی هــەر پارێزگایەکیــش بەجــودا دیــاری بکرێــت، لێژنــە هاوبەشـەکەش دەسـەڵاتی تـەواوی پێدرابـوو بـۆ بڕیـاردان.

العلـوی، وەزیـری کشـتوکاڵی عێـراق دەڵێـت: وەزارەتمـان هەمـوو ڕێکارێکـی پێویسـت دەگرێتەبـەر بـۆ هاوکاریکردنـی جوتیارانـی کوردسـتان بـۆ تۆکـردن و کارە کشـتوکاڵییەکانی دیکـە تـا لـە وەرزی دیاریکـراوی خۆیانـدا ئەنجـام بدرێـن کـە پێشـتر بەهـۆی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان فەرامـۆش کرابـوون. هەروەهـا گوتوویەتـی: حکومەتـی عێـراق بـە کردەنـی ڕێککەوتنامەکـە جێبەجـێ دەکات بـۆ ڕاگرتنـی یەکجارەکیـی شـەڕی بـرا کوژیـی نێـوان عـەرەب و کـورد لـە کوردسـتان.

هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش پێشـوازییەکی گەرمیان لـە دەسـتپێکی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردی کوردسـتانی عێراقیـان کـرد و هەمـوو لایەکیـان ئەمەیـان بـە هەنگاوێکـی گرنـگ لـە قەڵەمـدا کـە نـەک هـەر بـۆ چارەسـەرکردنی کێشــەی کــورد، بگــرە بــە دەرفەتێکــی ڕاستەقینەشــیان هەژمــار کــرد بــۆ هەنگاوەکانــی دیکـەی چارەسـەرکردنی یەکجارەکیـی کێشـەی کـورد.

ن. س. خرۆشۆڤ، سەرۆکی حکومەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆکی عێراق نووسیویەتی: «متمانەی تەواوم بە پتەوکردنی پێوەندییە برایانەکەی نێوان عەرەب و کورد هەیە کە بەندە بە ڕادەی بەدەنگەوەهاتنی خواستەکانی گەلی کورد و ڕازیکردنیان. هەموو ئەمانە هەلێکی ڕاستەقینە لەبەردەم گەلانی عێراق و هێزە ئاشتیخوازەکان دەڕەخسێنن بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی گەلانی عێراق».

بـەڵام دامـودەزگا ئیمپریالیزمییـەکان، ئـەم ڕێککەوتنـەی نێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتیی کوردیـان بـەدڵ نییـە و ڕۆژنامەنووسـە بۆرژواکانـی ئەمەریـکا و بەریتانیـا کە توانیبوویـان لـەو ماوەیـەدا سـەردانی کوردسـتان بکـەن، نامـەی ئەوتۆیـان بڵاودەکـردەوە کـە ئاگربەسـتی نێـوان عـەرەب و کـورد بـەم زووانـە جێبەجـێ ناکرێـت و دوورەدەسـتە. پەیامنێـری ڕۆیتـەرز ئەمـەی نووسـیبوو و بڵاویکردبـووەوە کـە گوایـە ڕێککەوتنێکـی نهێنـی لەنێـوان ئـەم دوو لایەنـە شـەڕکەرە کـراوە و هێشـتا زۆر لایەنـی ڕێککەوتنامەکـە ڕوون

نەکراوەتــەوە. بێجگــە لــە ڕۆیتــەرز، ڕۆژنامــەی دەیلــی تەلەگرافــی لەندەنیــش ئامــاژەی بــەوە داوە: کــورد ئامادەیــە شــەڕی دژی ســوپای حکومەتــی عێــراق دەســتپێبکاتەوە ئەگــەر ســەرۆک عــارف ئۆتۆنۆمییەکــی ڕاســتەقینە بــۆ کوردســتان نەداتــە کــورد، ئەمــە لــە کاتێکدایە کــە هێشــتا دانوســتانی فەرمیــی نێــوان ســەرکردایەتیی کــورد  و حکومەتــی عێــراق دەســتی پێنەکــردووە! گۆڤــاری نیوزویکــی ئەمەریکیــش وایدەبینێــت، ئەگەرچــی شــەڕەکە لــە کوردســتان ڕاگیــراوە، بــەڵام هێشــتا بــە پرســێکی پــڕ لــە ئیشــکالییەت دادەنرێــت.

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە ئیستفزازییانەی لەلایەن ئاژانس و ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا بڵاودەکرێنەوە چاندنی تۆوی گومان و دوودڵییە دەربارەی ئەم گۆڕانەی نێوان عەرەب و کورد و چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکە، چونکە پێش هەموو شتێک، بە نیسبەت هێزە ئیمپریالیزمە ئەمەریکی و بەریتانییەکان و ئەو دامودەزگا ئیسرائیلییانەی پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەم هێزانەدا هەیە، پرسەکە هێشتا زۆر سەرنجڕاکێش و چەورە، لە کۆتاییشدا ئەم هێزانە شەڕ و کوشتارەکانی کوردستانیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنا.

عێراقییەکانیــش بــە باشــی لەمــە تێگەیشــتوون و لــە ڕۆژنامــەی (العــرب)ی بەغدایــی ئیدانــەی ئــەو ڕاپۆرتــە ئیســتفزازییانەی کــردووە کــە ڕۆیتــەرز بڵاویکردووەتــەوە، (الجمهوریــة)ش کــە ڕۆژنامەیەکــی دیکــەی عێراقییــە، ڕاســتەوخۆ ئامــاژەی بــەوە داوە کــە ئیمپریالیزمــەکان لــە گەڕاندنــەوەی ئاشــتی و ســەقامگیری بــۆ کوردســتان دەترســن، چونکــە ڕێگــەی مانەوەیــان لــە عێــراق نامێنــێ و ڕێگەشــیان پێنادرێــت چیــدی یەکێتیــی گەلانــی عێــراق بشــێوێنن و پەرتەوازەیــان بکــەن. هۆشداریشــی داوە بــۆ دنەدانی عــەرەب دژی کورد لەپێنــاو درێژەپێدانــی خوێنڕشــتنی نێــوان گەلانــی عێــراق کــە بــە مردوویــی لەدایکبــووە. ڕۆژنامەکــە جەختیــش دەکاتــەوە، لــە ئێســتادا ســەرجەم گەلانــی عێــراق لەوبڕوایــەدان کــە یەکێتیــی نیشــتمانی تاکــە ئامــرازی شکســتپێهێنانی پیلانەکانــی ئیمپریالیزمــە.

سەقامگیری و بەرقەرابوونی ئاشتی لە عێراقدا، وڵاتانی ڕۆژئاوای نیگەران کردووە، بەڵام دەبێ ئەوە چاک بزانن کە کاتی ئەو ڕێڕەوی ڕووداوەکانی وڵاتی تێدا ئاراستە دەکرا و پشتی بە هێزە ئیمپریالیزمەکان دەبەست، بەسەرچووە. لە ئێستادا ئەو ئارامییەی لە وڵاتدا بەرقەرارە و کێشەی کوردی تێدا چارەسەر کراوە، لەژێر دەستی حکومەت و گەلانی عێراقدان.

**ی. بیلیایف**

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٤/٣/٢٠**

**ڕێککەوتننامەکە بەرکارە**

**بەغـدا، ١٩ی مـارس. (تـاس).** لێـرەدا فەرمانـی فەرمانـدەی سـەربازیی ناوچەکانـی باکووری عێـراق بڵاودەکرێتـەوە کـە تایبەتـە بـە ئازادکردنی ٧٦٠ کـەس کە لـە ڕووداوەکانی ئـەم دواییـەی کوردسـتان دەسـتگیر کرابـوون. ئـەم ئازادکردنـەش جێبەجێکردنـی بڕگەیەکـی دیکـەی ڕێککەوتننامەکـەی نێـوان سـەرکردایەتیی کـورد و حکومەتـی عێراقـە کـە لـە ١٠ی شـوباتی ئەمسـاڵدا ئیمـزا کـراوە.

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٤/٥**

**ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

ڕاگرتنـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـورد لە کوردسـتان و هەنـگاوە بەراییەکانی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـە خۆشـحاڵییەکی زۆرەوە لەلایـەن جەماوەرانـی وڵاتانـی عەرەبـی و چەندیـن وڵاتـی ئاشـتیخواز پێشـوازیی لێکـرا. ڕۆژگاریـش ئـەو ڕاسـتییەیان سـەلماندووە کـە هەرچەنـدە کێشـەی کـورد پرسـێکی ناوخۆییـە، بـەڵام کاریگەریـی لەسـەر کاروبـاری وڵاتانـی دیکەشـدا دەبێـت، لەپێـش هەموویانـەوە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن. لـەو نامەیـەی ن. س خرۆشـۆف بـۆ سـەرۆکی عێـراق کـە بەبۆنـەی ئاگربەسـتی شـەڕی نێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا، نـاردووە، هاتـووە: «ئـەم یاسـایەی دەوڵـەت کـە بـە ئاگربەسـتی شـەڕی نێـوان هێزەکانـی سـوپای عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگە پەیوەسـتە، گرنگییەکـی مەزنـی لـە پتەوکردنـی ئاشـتیدا دەبێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـندا و پێگـەی کۆمـاری عێراقیـش لـە دیـدی گەلانـی جیهانـدا قایمـتر دەکات».

ڕاگرتنـی شـەڕ لـە کوردسـتان، سـەرکەوتنێکی گەورەیـە بـۆ گەلـی کـوردی قارەمـان و هێـزە دیموکراتخوازەکانـی گەلانـی عێـراق، ئـەو بڕیـارە دروسـتەی سـەرکردەکانی ئێسـتای حکومەتـی عێـراق داویانـە، سـەرکەوتنە بـۆ سـەرجەم ئـەو هێـزە پێشـکەوتنخوازانەی بـە بـەردەوام پشـتیوانیی خەباتـی گەلـی کوردیـان کـردووە.

**یەکـەم:** لـە دەیەکانـی ڕابـردوودا، هاووڵاتیانـی کوردسـتان چەندیـن جـار ناچارکـران

دژی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و بە کۆیلەکردنیان، هانا بۆ شۆڕشی چەکداری ببات و شۆڕش بەرپا بکات و شۆڕشەکەیان لەلایەن هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی عێراقیش پشتیوانی لێکراوە و لەناوەڕۆکدا لە خەباتی گشتیی دیموکراتخوازانەی گەلی عێراق جودا ناکرێتەوە. لە هەموو جارێکیشدا هەڵمەتەکانی دامودەزگا حکومییەکانی دژی هێزە دیموکراتخوازەکان لە عێراقدا ئەنجام دەدران، پەیوەست بوو بە هەستە شۆڤێنییە باوەکان و ئەو هەڵمەتانەی دژی گەلی کورد ئەنجام دەدران.

حاڵەتەکە لەگەڵ قاسمدا بەم شێوەیە بوو، کاتێک قاسم پشتی لە هێزە دیموکراتخوازەکان کرد کە ڕۆڵی کاریگەریان لە شۆڕشی ١٩٥٨دا هەبوو و دژی شیوعی و دیموکراتخوازەکانی دیکە پرۆسەی تیرۆرکردن و تۆقاندن و ڕاوەدونانی دەستپێکرد، هاوکات شەڕێکی بێهوودەی دژی کورد بەرپاکرد و پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە کورتبینانەی، بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمەکەی. نموونەیەکی ڕوونتر بۆ سیاسەتی سەرکێشانە و تاوانکارانەی سەردەمی بەعسە کە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هاتنە سەر حوکم و لە ئێستادا هەروەک چاوەڕوان دەکرا، فڕێدرانە زبڵدانی مێژووەوە.

سەرکردە بەعسییەکان، هەر کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، دەستیان کردە فریودانی ئابڕووبەرانەی گەلی کورد و بە زارەکی ڕایاندەگەیاند، ئەوان لەگەڵ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کوردن، بەڵام لە ڕاستیدا خۆیان بۆ کۆمەڵکوژیی نەتەوەیەک ئامادە دەکرد، تیرۆرکردنی سەرکردە دیموکراتخوازەکان دەستپێکرد و هەزاران کەسی شیوعی و غەیرە شیوعیشیان دەستگیر کرد، دواتریش لە سێدارەدران، تەنانەت تاوانەکانی نووری سەعیدیش لە دڕەندەییدا نەدەگەیشتە سیاسەتی ڕژێمی بەعسییەکان کە دەرکەوت بەکرێگیراوی هێزە ئیمپریالیزمەکانن، ناپاکن و خیانەتیش لە گەلانی عێراق دەکەن.

ئاشکراشە زۆربەی سامانە سرووشتییەکانی عێراق لە وڵاتدا دەکەوێتە کوردستان و قۆرخکارانی نەوت لە ئەمەریکا و ئینگلتەرا و فڕەنسا بە بایەخەوە دەیانڕوانییە دەرفەتی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی عێراقەوە.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر کودەتاکەی بەعسییەکانەوە، لە دانیشتنێکی ئەنجوومەنی سینتۆ کە کوتلەیەکی سەربازیی شەڕانگێزییە لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناویندا باس لە بارودۆخی نێوخۆی عێراق کراوە. ئەمەریکا و ئینگلتەرا دەستخۆشییان

لەو سەرکێشییە نوێیەی سەرکردەکانی بەعس کرد کە فەرمانی داگیرساندنی شەڕێکی درێژخایەنیان دژی کورد دەرکردووە، شەڕەکەی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەرگی یەکخستنی هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراق و سووریای پۆشیبوو و سینتۆش پشتگیریی دەکردن.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زۆر بە توندی ئیدانەی تاوانەکانی ئەوکاتی دەسەڵاتدارانی بەغدای کردبوو. حکومەتی سۆڤیەتی نامەیەکی هۆشداریی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش ناردبوو و تێیدا داوای بەهەند وەرگرتنی دۆخە مەترسیدارەکەی ناوچەکەی کردبوو. بەڵگەنامەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕوونی ئەو تاوانانە ئاشکرا دەکات کە بەعسییەکان دژی کورد و تەواوی گەلانی دیکەی عێراق ئەنجامیداون. ئێمە هەڵوێستێکی جێگیرمان هەبوو کە ئەوکات چەند دەوڵەتێکی عەرەبی ڕەتیان دەکردەوە، بەڵام دواتر بۆ هەموو لایەک ڕوونبووەوە کە هەڵوێستەکەی ئێمە ڕاست بوو و بەرژەوەندییەکان سەرجەم گەلانی وڵاتانی عەرەبی و تەواوی هێزەکانی دژبەری ئیمپریالیزم  دێنێتەدی.

دواتر ڕوونتر بووەوە کە سەرکێشییەکەی بەعسییەکانی شکست دێنێ. کوردیش بەرگرییەکی قارەمانانە لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەکەن و هێزەکانی پێشمەرگەش ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوون و دەزانرا ڕووبەڕووی چ چارەنووسێک دەبنەوە.

سەربازانی سوپای عێراق چی بکەن و لەپێناو چیدا بجەنگن؟ چیدیش هاژوهوژی بەعسییەکان لەمەڕ «یەکێتی ئازادی سۆشیالیستی - وحدة حرية أشتراكية» کار لە خەڵک ناکەن کەسیشیان پێ فریونادرێ.

ئازادی لەنێو ئاوی دەریادا خنکا. شەڕە نارەواکەش یەکێتیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی لاوازکرد، سەبارەت بە یەکێتیی وڵاتانی عەرەبیش، سەرکردەکانی بەعس دەستیاندایە فریودان و خەڵکیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا چەواشە دەکرد. باس لە کام ئیشتراکیەت بکەین کە دەرەبەگ سەریان بەرزکردووەتەوە و جارێکی دیکە قۆرخکارییە دەرەکییەکان لە عێراق، بەهێزتر بوونە؟ سەربەخۆیی نیشتمانیی وڵاتیش زیانێکی زۆری لێکەوتووە و عێراق لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیرە و لە جیهان دابڕاوە. سیاسەتی سەرکردە بەعسییەکان، سەری خۆیانی خوارد و حکومەتەکەیان کە پشتی بە ئیمپریالیزم و پاشکۆکانی بەستبوو، ڕووخا.

**دووەم:** ئەزموونی ڕۆژانەمان دووپاتی دەکاتەوە، هەر حکومەتێکی عێراقی بەرهەڵستیی دیموکراتخوازانی کردبێت و ویستبێتی کێشەی کورد بە زەبری هێز چارەسەر بکات، هەڵبەت شکست دێنێ، چونکە بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی کورد، تەنیا ململانێی لە گەڵ گەلی کورددا نابێت، بگرە لەگەڵ عەرەبیشدا دەکەوێتە ململانێ و دووبەرکییەوە، لەگەڵ ئاراستە بنەڕەتییەکانی ئازادیخوازانەی نیشتمان و ناوەڕۆکی بەرهەڵستکردنی ئیمپریالیزمیشە. تەنیا یەک ڕێگە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەویش چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەیە.

حکومەتی نوێی عێراق سوورە لەسەر بە کۆتاهێنانی شەڕی نێوان عەرەب و کوردی برا، لە ئاکامی دانوستانەکان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد کە نێوەندگیریی قاهیرەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، سەرۆک عارف لە ١٠ی شوباتدا بەیاننامەیەکی دەرکرد و نیازی حکومەتی عێراق لە ڕاگرتنی هەموو جۆرە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە کوردستانی تێدا ئاشکرا کرد.

حکومەت سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەستەبەر دەکات لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کە پێویستە لە دەستووری وڵاتیشدا ئەو مافانە بچەسپێنرێن: دەستەجێ دەبێ ئەو کەسانەی بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان بەندکراون، ئازادبکرێن، هەموو دەست بەسرداگرتنی ملکوماڵیشیان هەڵبگیرێت. ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکانیش بگەڕێندرێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان و سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی بەهۆکاری سیاسییەوە لە فەرمانگەکانیان دەرکراون، بە زووترین کات بگەڕێندرێنەوە شوێنە بنەڕەتییەکەی پێشوویان، گشت کۆت و بەندێکی هێنان و بردنی خۆراک و کەلوپەلیش لەسەر ناوچە کوردنشینەکان هەڵبگیرێت و ئەو هاوڵاتیانەشی کە زەرەرمەندبوونە بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە، قەرەبوو بکرێنەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانەش، لێژنەی هاوبەشی وەزارەتە پێوەندیدارەکان پێکبهێنرێت.

سەرۆک عارف لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: «حکومەتی عێراق هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری و ئاسایش لە کوردستان، هیوای خواست بە ناوی خەبات لەپێناو ئیمپریالیزمدا یەکێتیی نیشتمانیی نێوان عەرەب و کورد بپارێزێ». لەو پێناوەشدا حکومەت هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ زامنکردنی

مافـە یاسـاییەکانی گەلـی کـورد. بانگەوازەکـەی مسـتەفا بارزانیـش کـە لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی بەغـدادا بڵاوکرایـەوە، خواسـتی گەلـی کـوردی لـە لەدەسـتنەدانی ئـەم دەرفەتـە دووپاتکـردەوە لەپێنـاو مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لەنێوخـۆی عێراقـدا.

هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد ئاواتەخوازبـوون ئـەم ڕێککەوتنـە تـا سـەر بێـت. ئاکرەیـی، گوتەبێـژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە قاهیـرە گوتوویەتـی: «کـوردی عێـراق لـەو بڕوایـەدان پێویسـتە عێـراق سیسـتەمێکی دیموکراسـیی هەبێـت و هەمـوو گەلانـی عێـراق لـە حوکمڕانیـی وڵاتـدا بەشـدار بێـت، ئەگـەر نـا ئەسـتەمە سـەقامگیریی وڵات بەدیبێـت ... هیواداریشـین حکومەتـی ئێسـتای عێـراق بـە دڵسـۆزییەوە هەوڵـی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد بـدات».

بێگومـان پتەوکردنـی پێوەندییـە برایانەکانـی نێـوان عـەرەب و کـورد و یەکێتیـی نیشـتمانیی ڕاسـتەقینە بـۆ عێـراق بەنـدە بـە جێبەجێکردنـی خواسـتەکانی گەلـی کـورد و ڕازیکردنیـان. گەلانـی عێـراق درک بـەوەش دەکـەن، ئەگـەر عێـراق بەتەمـای گرتنەبـەری ڕێچکـەی بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی و گەشـەی ئابـووری و کلتـوور و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بژێویـی گەلانـی عێـراق بێـت، ئـەوا دەبێـت سـەرجەم هێـزە سیاسـییە ئاشـتیخواز و پێشـکەوتنخوازەکان بەشـداری لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان بکـەن.

لەمبارەیـەوە، ئـەو ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییـە عێـراق و بیانییانـەی گەیشـتوون، نیگەرانییـان لێدەبێتـەوە سـەبارەت بـە ژمارەیـەک لـەو دیموکراتخـواز و شـیوعییە دیارانـەی کـە بـۆ ڕزگارکردنـی گیانـی خۆیـان لـە دەسـت تیـرۆری تاوانبـارە بەعسـییەکان بـۆ ئێـران هەڵاتـوون، ئێسـتا ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی عێـراق کراونەتـەوە و خزێنراونەتـە زیندانـەکان و لـە سـەربازگەکاندا بەندکـراون. لەسـەر بنەمـای چەنـد تۆمەتێکـی بێبنەمـای سـەرکردە بەعسـییەکان، ژمارەیـەک هاووڵاتیـی نیشـتمانپەروەری دیموکراتخـواز دادگایـی کـراون کـە شـاعیری بەناوبانـگ بەحرلعلـوم و چەنـد کەسێکی تـری تێـدا بـوو. ئیبراهیـم کوببـە، وەزیـری پێشـووی حکومەتـی عێراقیـش کـە کەسـایەتییەکی دیـاری دیموکراتخـواز بـوو، تۆمەتبـار کـراوە بـەوەی بەشـداریی لـە ئیمـزا کردنـی ڕێککەوتنامـەی سـۆڤیەتی-عێراقیـدا کـردووە، بـۆ هەماهەنگیـی ئابووری و هونـەری- ئـەم ڕێککەوتنامەیـە ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە خوڵقاندنـی ئابوورییەکـی سـەربەخۆ لـە عێراقـدا هەبـوو، پێدەچێـت چەنـد

دامودەزگایەکی پەیوەست بە حزبی بەعس لە هەوڵی شکستپێهێنانی ڕێککەوتننامەکەی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد بوو و ئامانجیان ئەوەبوو جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر هێزە دیموکراتخوازەکانی وڵات و بەرهەڵستیکردنی شیوعییەکان و کاریان لەپێناو ئەنجامدانی هەڵمەتێکی دیکەی دوژمنکارانە دەکرد بۆ سەر کوردستان، ئەمەش بیرۆکەیەکی مەترسیدارە و دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر پرۆسەی ئاشتیی عێراق و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەلانی عێراق.

**سێیەم:** کۆتاییهاتنی شەڕی دژی کورد و ئەگەرەکانی پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراتیی دژ بە ئیمپریالیزم، قۆرخکارانی نەوت دەترسێنێ و وەک گورزێکی کوشندەیە لە بەردەوامبوونی بەرژەوەندییەکانیان، هێزە ئیمپریالیزمەکانیش بە ئومێدی لاوازکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناویندا، هێشتا دەستبەرداری بیرۆکەی پەلکێشکردنی عێراق نەبوونە بۆ نێو کوتلە دوژمنکارییانەکەیان.

پێدەچێت لە پایتەختەکانی ڕۆژئاوادا درک بەوە بکەن کە گرەوکردن لەسەر تاقمە بەعسییەکەی عێراق، گرەوکردنەوە لەسەر ئەسپێکی تۆپیو، بۆیە بەکرێگیراوانی نووری سەعید بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن کە هێشتا بۆنی نەوتیان لێدێت و هێزی بانگەشەکردنیان و هاوپەیمانانیان لە تورکیا و ئێران و ئیسرائیل تەیار دەدەن.

کاتێک زانییان ڕێکەوتنی ئاگربەستی نێوان سوپای حکومەتی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە چووەتە واری جێبەجێکردن، ئێستگەکانی ڕادیۆ و ئاژانسەکانی تەلەگرافی ئیمپریالیزم دەنگۆی ناڕاستی ئەوتۆیان بڵاودەکردەوە کە گوایە هێشتا ئاشتی لەو ناوچانەدا بەرقەرار نەبووە و خەریکی بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و مقۆمقۆ بوون کە هێندێک جار کەسایەتیی ناسراوی کورد و تەنانەت عێراقییەکانیش بە شێوازێکی بێوێنە بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانەدا دەکرد. ڕۆژنامەی -الجمهورية-ی بەغدایی ئابڕووی ئەم هەڵمەتە ناڕەوایانەی ئەم هێزە نەیارانەی بردووە و بڵاویکردووەتەوە: «هێزەکانی ئیمپریالیزم لە سەقامگیری کوردستان و بەرقەراربوونی ئاشتی لە ناوچەکە دەترسن کە دەرگای هەوڵەکانیان بەڕوودا دادەخرێت جارێکی دیکە یەکێتیی گەلانی عێراق لەبار ببەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی دنەدانی عەرەب

و کـورد بۆئـەوەی جارێکـی تـر بەربنـەوە گیـان یەکـتر و خوێنـی یەکـدی بڕژێنـن، شکسـتی هێنـا و هەرگیـز ناتوانـن ڕەوڕەوەی مێـژوو بـەرەو دوواوە بگەڕێننـەوە».

لە جبەخانەی بانگەشەی ئیمپریالیزمدا، هەوڵەکان تەنیا بۆ نانەوەی دووبەرەکی نییە لەنێوان عەرەب و کورد، بەڵکو بەرهەڵستیکردنی شیوعییەتیش بوو کە بەعسییەکانی فرێدایە زبڵدانی مێژووەوە. تەماشای دانا شمیدت، پەیامنێری «نیویۆرک تایمز» بکەن کە بەهرەیەکی بێوێنەی لە هاندانی لایەنەکان دژ بەیەکتری هەیە، چ وتارێکی بڵاوکردووەتەوە و ئاگربەستەکەی نێوان حکومەت و کوردی چۆن وێناکردووە: «حکومەتی عێراق درکی بەوە کردووە کە ناتوانێت لەیەک کاتدا دژایەتیی شیوعییەکان و سەرۆک جەمال عەبدولناسر و کورد بکات» بۆیە حکومەتی عێراق «هێشتا لە بەرهەڵستیکردنی شیوعییەکاندا بەردەوامە و هەوڵی پتەوکردنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ قاهیرەدا دەدات و ئارەزووی ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە لەگەڵ کورددا دەکات». بڕوانن، زەحمەت نییە، بزانین ئەم ڕۆژنامە ئەمەریکییە بەرەو کوێ ئاراستەکراوە و چ ئامۆژگارییەکی پێیە بۆ حکومەتی عێراق، هەر بەو بۆنەیەشەوە، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بە هەمان ڕووح پێشتر سەرکردەکانی بەعسی هانداوە، کاتێک تازە هاتبوونە سەر حوکم و دەسەڵاتی عێراقیان گرتبووە دەست.

لـە کۆتاییـدا پێویسـتە سـەرنجی ڕاسـتییەکی دیکـە بدەیـن: بڵاوکردنـەوەی دەنگۆکانـی دامـودەزگا ئیمپریالیزمـەکان، هەوڵـی خوڵقاندنـی دوولەتبوونێک بدەن لەنێو سـەرکردەکانی کـورددا و دنـەی چەنـد سـەرکردەیەکی کوردیـان دژی هێندێک لە سـەرکردەکانی تـر دەدا و گومانیـان لـە ڕاسـت و دروسـتیی سیاسـەتەکانی پارتی دیموکراتـی کوردسـتان بڵاودەکردەوە. ئـەم مانـۆڕە گڵاوەی دەزگا بـۆرژواکان لەلایـەن عـەرەب و کوردیشـەوە ئاشـکرابوو.

هەڵبـەت باوەڕهێنـان بـەوەی کـە هێـزە ئیمپریالیزمـەکان دەسـتبەرداری دەسـتوەردان بوونـە لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق و لاوازکردنـی متمانـە بـە سیاسـەتی چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد، ئەوپـەڕی سـاویلکەییە، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم جـۆرە پیلانگێڕییانـە، تاکـە چەکێـک هەیـە، ئەویـش وریاییـە ... جارێکـی دیکـە وریایـی و پتەوکردنـی یەکێتیـی ڕیزەکانـی کـورد و بزووتنـەوەی دیموکراتخـوازی تـەواوی گەلانـی عێـراق و بەردەوامبوونـە لـە بەرپەچدانـەوەی هـەر مانۆڕێکـی ئیمپریالیزمـی، هـەروەک ئـەوەی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناویـن زیـاد لـە جارێـک کردوویانـە.

هەنگاوێکـی گرنـگ بـەرەو چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد نـراوە و هەمـوو دەرفەتێکیش ڕەخسـاوە بۆ جێبەجێکردنی پرسـەکە و گەیشـتن بە چارەسـەرێکی یەکجارەکیی ئاشـتییانە بۆ کێشـەکە کـە چەنـد جارێک بووەتە هۆی شـێواندنی بارودۆخی نێوخۆی عێراق. چەسـپاندنی بنەماکانـی یەکێتیـی نیشـتمانی هـەم بـۆ کـورد و هەمیـش بـۆ عـەرەب بەرهەمـدارە لـە پتەوکردنـی سـەربەخۆیی عێـراق و چەسـپاندنی دیموکراسییەت لـە کۆمـاری عێراقدا.

بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، حکومەتـی عێراقیـش دەتوانێـت بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو بنێـت، چونکـە هەمـوو دەرفەتـەکان ڕەخسـاون بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پێوەندییـە دەرەکییەکانـی عێـراق لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە و ئـەم ئاسـاییکردنەوەیەش لـە بەرژەوەندیـی گەلـی عێـراق و تـەواوی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و سەرانسـەری ناوچەکەدایـە.

**فیکتۆر مایفسکی - پەیامنێری پراڤدا**

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٧/١٥**

**بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق**

لـە ڕۆژگارەکانـی سـەردەمی بەعسـدا، عێـراق لەنێـو گۆمێکـی خوێنـدا نقـووم ببـوو و دیموکراتخـوازەکان، بەبـێ دادگاییکـردن گوللەبـاران دەکـران، زیندانـەکان پڕکرابـوون لـە زیندانیـی سیاسـی و بـە هەمـان شـێوازی سـەدەکانی ناوەڕاسـت ئەشـکەنجە دەدران، ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـورد فراوانـتر کرابـوون، بـۆ لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، سـەرانی بەعـس هەمـوو شـێوازێکی دڕندانەیـان پێـڕەو دەکـرد، کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجێبوونی کـوردی ئازادیخوازیـان بۆردومـان دەکـرد، ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچووانیان دەکوشـت.

لـە ١٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٣، دیکتاتۆرییەتـی فاشـیزمی بەعـس ڕووخـا و حکومەتی نوێـی عێـراق ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـوردی لـە کوردسـتان ڕاگرت.

بـەڵام هـەر زوو هەسـت بـە هەڵبـەز و دابـەزی هەڵوێسـتی سـەرکردایەتیی حکومەتـی عێـراق کـرا، کێشـەی کـورد هێشـتا چارەسـەرنەکراوە، کـورد کـە خواسـتێکی ڕەوا و دادپەروەرانەیـان بـۆ مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری

عێراقـدا خسـتبووەڕوو. هەڵبـەت دواخسـتنی جێبەجێکردنـی ئـەم خواسـتانەی کـورد هەڕەشـەیەکە بـۆ دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و کوشـتارێکی دیکـەی نێـوان سـوپای حکومـەت و هێزەکانـی پێشـمەرگە، ئەمـەش پێچەوانـەی بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی هەریـەک لـە نەتـەوەی عـەرەب و کـورد و یەکێتیـی ڕیزەکانـی گەلانـی عێـراق لـە خەباتکـردن دژی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆ، لاواز دەکات.

**ئی. ماکسیمۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٧/١٨**

**گۆڕانکارییەکان لە عێراق**

لـە بەغـدا ئاماژەگەلێـک هـەن کـە ئەسـتەمە کێشـەی کـورد لەسـەر بنەمـای خواسـتە ڕەواکانـی کـورد، چارەسـەر بکرێـت و دەبـێ ئەوەشـمان لـەلا ڕوون بێـت کـە هـەر دواکەوتنێـک لـە جێبەجێکردنـی چارەسـەرکردنی کێشـەی گەلـی کـورد، ئەگـەری دەستپێکردنەوەی شـەڕی نێـوان عـەرەب و کوردی لێدەکرێـت کـە جەمـاوەری عـەرەب و کـورد ئـارەزووی دووبارەبوونـەوەی ناکـەن.

**ی. بلیایف**

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٨/١٣**

**لەسەر ڕێبازی گۆڕانکاریدا**

ئاگربەسـتی نێـوان هێزەکانـی سـوپای حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگە تـا بڵێـی گرنـگ بـوو کـە لـە شـوباتی ئەمسـاڵدا ڕاگەیەنـرا. مەرجەکانـی ئاگربەسـتەکە کـە پاراسـتنی بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی هەریـەک لـە نەتـەوەی عـەرەب و کـوردی لەخۆگرتبـوو، تەنیـا سـنووردانانێک نەبـوو بـۆ شـەڕ و کوشـتاری نێـوان ئـەو دوو نەتـەوە برایـە، بگـرە خاڵـی دەسـتپێکردنی چارەسـەرکردنی یەکجارەکیـی کێشـەی کوردیـش بـوو لـە عێـراق.

لـە ئێسـتادا ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆ بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە سـێ بـەرەی عێراقـدا کار دەکـەن:

**یەکـەم**: دوژمنانـی پەرەسـەندنی پلـە بـە پلـەی عێـراق، هـەوڵ دەدەن دووبەرەکیـی نێـوان عـەرەب و کـورد هـەر بـەردەوام بێـت و بـە بـەردەوام دەنگـۆی جوداخوازیـی بەدناو بڵاودەکەنـەوە کـە گوایـە کـورد جودابوونـەوەی کوردسـتانی دەوێـت لـە عێـراق، هـاوکات کـورد بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی خەباتـی لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەکـرد، ئـەم دروشـمەی کوردیـش هیـچ گومانێکـی جوداخوازیـی لێنەدەکـرا و هەرگیـز لـەوە ڕوونـتر نابێتـەوە کـە مسـتەفا بارزانـی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی کـورد دووپـات دەکاتەوە و ئاشکراشـە چارەسـەرکردنی هـەر کێشـەیەکی دوولایەنـەش، هەرگیـز بـە نیازپاکیـی تاکلایەنانـەی لایەنێـک نایەتـەدی، بەڵکـو ویسـتی هەردوولایەنـی پێوەندیـداری گەرەکـە.

ئێسـتاش کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆی عێـراق بـە هەمـوو توانایەکیانـەوە هـەوڵ دەدەن بەربەسـت بخەنـە بـەردەم پرۆسـەی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ئاگربەسـتی نێـوان حکومەتـی عێـراق و پێشـمەرگە، لـەم حەماسـەتەی کۆنەپەرسـتانیش تێدەگەیـن و ئەگـەر کێشـەی کـورد چارەسـەر بکرێـت ئـەوا هەمـوو ئـەو دەرگایانەیـان بـەڕوودا دادەخرێـت کە لێـوەی بێنـە نێـو عێـراق و ناسـەقامگیری لـەم وڵاتـە عەرەبییـەدا بخوڵقێنن و لـە پیلانگێڕیی خۆیانـدا بـەردەوام بن، ئەم چارەسـەرەی کێشـەی کـورد بۆ هێزەکانـی ئیمپریالیـزم و وڵاتانی ئەندامیـش لـە سـینتۆ مایـەی قبووڵکـردن نییـە و لـە بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان دەدرێـت.

**«پراڤدا» ١٩٦٤/٨/١٨**

**کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان**

پێـش ماوەیـەک، ناملیکەیـەک بڵاوکراوەتـەوە و چەنـد بڕگـە و ماددەیەکـی کۆنگـرەی شەشــەمی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی تێــدا بڵاوکراوەتــەوە کــە لــە ســەرەتاکانی مانگـی تەمـووز لـە عێراقـدا بەسـترابوو. کۆنگرەکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە سـەرکردایەتیی خەباتـی کـوردی عێراقـی دەکـرد لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییـە

دیموکراسییەکان، لە سایەی سەقامگیریی ئاگربەستی شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا بەسترابوو کە لە ١٠ی شوبات لەنێوان سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی عێراقدا لەسەری ڕێککەوتبوون.

ئەرکی سەرەکیی کۆنگرە پەرەپێدانی پرۆگرامی چالاکییەکانی حزب بوو لەم بارودۆخە نوێیەدا، هەروەها دیاریکردنی چەند هەڵوێستێکی دیاریکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرانبەر دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حزبدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد.

مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕاپۆرتێکدا دووپاتی کردووەتەوە، هەرچەندە لە ١٠ی شوباتدا لە سەر ئاگربەستی شەڕی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا ڕێککەوتووین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کێشەی کورد بە یەکجارەکی چارەسەر کراوە، بەڵام دەرفەتێکی بۆ کار و چالاکیی سەرکردەکانی کورد ڕەخساندووە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد و هاووڵاتیانی عێراق بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە. سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو ئەو دەنگۆ و گوتە هەڵبەستراوانەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ئاشکرا کرد کە دەربارەی مەیلی جوداخوازانەی گەلی کورد بڵاوکراونەتەوە و ڕایگەیاند: کوردی عێراق بەرهەڵستیی ئیمپریالیزم دەکات لەپێناو پتەوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سەلامەتیی وڵات، هەروەها لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا تێدەکۆشن.

هەر لەو کۆنگرەیەدا باڵە سەرکێشکارانەکەی ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەمینداری گشتیی لێژنەی مەرکەزیی حزبەکە ئاشکرا کرا و زۆر بە توندی ئیدانە و شەرمەزار کرا. ئەندامانی ئەم گرووپە سەرکێشکارە دژی ڕێککەوتننامەی ئاگربەست بوون و مکووڕبوون لەسەر بەردەوامبوونی خەباتی چەکدارانە و تەنیا ئەم شێوازە خەباتەیان بە گونجاو دانابوو بۆ زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق.

مستەفا بارزانی لە ڕاپۆرتەکەدا ڕوونیکردبووەوە کە ئەم باڵە چەپڕەوە توندڕەوانەیە ڕێک لەگەڵ ئامانجی ئیمپریالیزمەکان و کۆنەپەرستانی نێوخۆی عێراقدا کۆکە کە هەوڵ دەدەن جۆرەها بەربەست بخەنە بەردەم هەر پرۆسەیەکی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕێگە بە

پتەوکردنی دۆخی نێوخۆی عێراق نەدەن و حکومەت لاواز بکەن کە ڕێبازی خۆنزیککردنەوە و هەماهەنگی کردنیان هەڵبژاردووە لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەب. لە کۆنگرەدا بە تێکڕای دەنگ بڕیار درا ئیبراهیم ئەحمەد لە حزب دەربکرێ و پشتگیریی تەواوی جەمسەرەکەی مستەفا بارزانیش بکرێ کە ئەمانجی دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی عێراقدا. مستەفا بارزانی جارێکی دیکە بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە و هەیئەتە ئیدارییەکانی حزب هەڵبژێردران. بڕیارەکانی کۆنگرە، جەختی کردەوە لەسەر خواستە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کە ئامانجی بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و بەپێی لێدوانەکانی کورد: ئەم خواستەی گەلی کورد دەبێ بکرێتە بنەمای دانوستانەکانی داهاتووی نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی عێراق.

کۆنگرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بایەخێکی زۆرەوە دەیڕوانییە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە و هاودەنگیی خۆی لەگەڵ گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا دژی ئیمپریالیزم دووپاتکردەوە، هەروەها لەپێناو سەربەخۆیی نیشتمانی و ئازادی و دیموکراسییەت و لەپێناو ئاشتی و چەکداماڵینی سەرتاسەری و گشتیدا تێدەکۆشێت. دیسانەوە بڕیارەکانی کۆنگرە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ خەباتی گەلی جەزائیر دەربڕی لەپێناو پتەوکردنی سەربەخۆیی و ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە گرنگانەی لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی هاتوونەتە ئاراوە و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەباتی عەرەبی دوورگەی عەرەب دووپاتکردەوە لەپێناو سەربەستی لە حوکمی داگیرکارانی بەریتانی، پشتیوانیی خۆشی بۆ خەباتی گەلانی عەرەب دەربڕی کە لە پێناو یەکێتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشن.

**زانیارییەکانی پڕاڤدا**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٤٥، ١٩٦٤/١١/٦**

**نوێنەرانی شۆڕشگێڕان**

بارودۆخی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان چۆنە؟ چۆن پەرە بە پێوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی مەرکەزی دەدرێت؟ نووسینێکی تایبەت بەم پرسانە لە ڕۆژنامەیەکی کاریگەری ئینگلیزیدا بڵاوکراوەتەوە.

**«ساندی تەلەگراف» یەکشەم، لەندەن**

دوای ئـەوەی شۆڕشـگێڕانی کـورد لـە بەڵێنەکانی حکومـەت بێئومێد بـوون، پەرلەمانێکی سـەربەخۆی تایبـەت بەخۆیانیـان دامەزراند و مۆڵەتی سـەرجەم پێشـمەرگەکانی کوردسـتان ڕەتکرایـەوە کـە ژمارەیـان ٢٧ هـەزار پێشـمەرگە دەبـوو. لـە سـەرەتاکانی تشرینـی یەکـەم، یەکەمیـن دانیشـتنی ئـەم پەرلەمانـە کوردییـە بەسـترا کـە لەژێـر نـاوی «سـەرکردایەتیی ئەنجوومەنـی شۆڕشـدا» بـوو. دانیشـتنەکە لـە شـوێنێکی کـراوە، لـە وەرزێکـی پاییـزە لـە گونـدی پۆشـکین ڕێکخـرا کـە تەنیـا دوو کیلۆمەتـر لـە ڕانیـەوە دوورە و زۆریـش دوور نەبـوو لـە بـارەگای ڕابـەری کـورد جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی.

ژمــارەی کورســییەکانی پەرلەمــان ٤٣ کورســی بــوو کــە بــەم شــێوەیە دابــەش کرابــوون: ١٨ کورســی بــۆ نوێنەرانــی گــەل و ١٢ ئەندامیــان لــە کۆنگــرەی گــەل لــە ٢٩ی ئەیلــوول لــە قــەڵادزێ هەڵبژێردرابــوون. شــەش ئەندامیــش ڕاســتەوخۆ لەلایــەن مسـتەفا بارزانییـەوە هەڵبژێردرابـوون کـە یەکێکیـان ئەسـقەفێکی کلدانـی و یەکێکیشـیان کەسـایەتییەکی بـاڵای ئیسـلامی بـوو. ١٦ ئەندامیشـیان نوێنەرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردســتان بــوون کــە لــە تەمــووزی ئەمســاڵدا لــە کۆنگــرەی حــزب لــە ڕانیــە هەڵبژێردرابــوون ٩ ئەندامیشــیان نوێنەرانــی ســوپای کوردســتان بــوون کــە لــە مانگــی ئابــی ئەمســاڵدا لەلایــەن هێزەکانــی پێشــمەرگەوە لــە ڕانیــە دیاریکرابــوون، تێکــڕای ئەندامانیــش ســوێندیان بــۆ پشــتگیریکردنی کێشــەی کــورد خــوارد.

پێنـج لێژنـەی کاتیـش پێکهێـنرا بـۆ داڕشـتنی یاسـاکانی پەیوەسـت بـە دەسـتوور و دارایـی و کاروبـاری سـەربازی و گۆڕینـی سـەرکردایەتیی سـەربازیی پێشـمەرگە و ئیـدارەی سـەربەخۆی کـورد. دەسـتەی جێبەجێکاریـش ١١ ئەندامـی بـۆ تەرخانکرابـوو و هەمـوو ئەرکەکانـی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی پێسـپێردرا.

ژمارەیەکـی زۆر کەمـی شـارە بچووکـەکان و ڕێگـە سـەرەکییەکان نەبێـت، سـێ چارەکـی کوردسـتانی عێراق کەوتبوونە ژێر دەسـەڵاتی هێزەکانی پێشـمەرگە. بە کردەنیش باجەکان لە دامـودەزگا کوردسـتانییەکاندا کۆدەکرانـەوە، نەک ئەوانەی عێراق. تەنانەت لەو شوێنانەشـدا کە هێشـتا لەژێر دەسـەڵاتی حکومەتی عێراقدان، هاووڵاتیان پەنا بۆ دادگە کوردسـتانییەکان دەبـەن نـەک هـی حکومـەت. هەمـوو ئەوانـەش ئەوەمـان پێدەڵێن کـە دەوڵەتێکـی کوردی

لەنێو دەوڵەتی عێراقدا دامەزراوە و پێدەچێت کورد هەموو ئەو شتانەی بە بەردەوام لە حکومەتیان داوا دەکرد، ئێستا خۆیان بە دەستیان هێناوە، دەسەڵاتدارانی کورد چەند خاڵێکی سەربازیی پشکنینیشیان لەسەر ڕێگەکاندا دانابوو.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٣١ەوە لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا تێدەکۆشێت، ئێستا تەمەنی بارزانی لە سەرووی شەست ساڵاندایە و زۆرجاریش لەنێو بەشەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕەخنەی لێگیراوە کە بەپێی پێویست شەڕانگێز نەبووە دژی عەرەب و تاکو ئێستاش لەگەڵ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدایە لەگەڵ عەرەب، هەڵبەت بەغداش لە ئێستادا شەڕی سێیەمی کوردی ناوێت.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ٥٠، ١٩٦٤/١٢/١٢**

**سێ کۆمەڵە**

دەستووری کاتیی عێراق کە عارف ڕایگەیاندبوو، مشتومڕێکی مەترسیداری وروژاندبوو. مستەفا بارزانی یاداشتنامەیەکی بۆ سەرۆک عارف ناردبوو و ناڕەزایی توندی لەسەر دوو ماددەی دەستوور دەربڕی کە لەگەڵ خواستەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ناکۆکە. دەقی یەکێک لەو ماددانە ئەمەیە: «گەلی عێراق، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب»، ئەوەی دووەمیشیان ئەوەبوو کە (الأتحاد العربی الأشتراکی)ی بە تاکە حزبی سیاسیی وڵات هەژمار کردبوو و هەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی پشتگوێ خستبوو.

لەلایەکی دیکەوە، سەرکردەکانی کورد، حکومەتی عێراقیان بەوە تۆمەتبار کردبوو کە ئەو ڕێککەوتننامەیەیان جێبەجێ نەکردووە کە ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ کورددا ئیمزای کردبوو. هەڕەشەشیان کردبوو ئەگەر حکومەتی عێراق بەبێ پرسی ئەوان بچێتە هاوپەیمانێتیی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، لەو حاڵەتەدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان دەست پێبکەنەوە. دووپاتیشیان کردبووەوە، ئەوان داوای جودابوونەوە ناکەن لە عێراق و دەیانەوێ دەستوور زامنی مافەکانیان بکات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبیدا.

**«پراڤدا» ١٩٦٥/١/١٣**

**ئیستفزاز کردنی کوردستان**

جارێکی دیکە ڕاپۆرتی سەرنجڕاکێش لەسەر زیادبوونی پێکدادانە سەربازییەکانی نێوان یەکەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا بڵاودەکرایەوە. لە شوباتی ١٩٦٤دا ئاگربەستێک ڕاگەیەنرا و هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕژێمی قاسم دژی کوردستان ڕاگیران کە لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسییەکانی عێراقدا فراوانتر ببوونەوە. ئەگەرچی مەرجەکانی ئاگربەستەکە کەموکوڕیی تێدا بوو، بەڵام ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ئەم پرۆسەیە، دەرگای بە ڕووی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد کردووەتەوە.

ڕۆژگارەکانی سـەردەمی بەردەوامبوونی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای حکومەتی عێـراق دژی کـورد، زیانێکـی زۆری لێکەوتووەتـەوە و بووەتـە هـۆی لاوازکردنـی عێـراق لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی هەڕەشـەی ئیمپریالیزمـدا. ئـەو هێرشـە بـێ ئاکامانـەی سـوپای عێـراق دەیکـردە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە، ئاماژە بـەوە دەدەن کـە ئەسـتەمە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلی کورد سـەربازییانە لەناوببردرێت، لە بەرانبەریشـدا کورد لە بارودۆخێکی سـەختدا بـوون و دەبووایـە شـەڕێکی نـا هاوتـا لەگـەڵ سـوپا نیزامییەکـەی عێراقـدا بکەن.

لـە دەقـی ڕێککەوتننامەکـەی ئاگربەسـتی شـەڕی نێـوان سـوپا و پێشـمەرگەدا هاتـووە: ڕێوشـوێنی پێویسـت بگیرێتەبـەر بـۆ سـڕینەوەی هەمـوو ئاسـەوارەکانی شـەڕی نێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا، هەروەهـا چەنـد بڕگەیەکیشـی تێدا بوو کـە خواسـتە نەتەوەییەکانی گەلـی کـورد بێنێتـەدی کـە پێنـج یەکـی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن.

هێـزە دیموکراتخوازەکانـی عێـراق، بـە حزبـی شیوعیشـەوە، داوای پابەندبوونـی تەواو بە مەرجەکانـی ئاگربەسـتی شـەڕەکە دەکـەن و بـە بنەمـای دانوسـتانەکانی داهاتـووی هەژمار دەکـەن کـە لەپێنـاو بەدیهێنانـی خواسـتە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورددا خەبـات دەکـەن. لەلایـەن چەنـد وڵاتێکـی عەرەبیشـەوە پشـتگیری دەکرێـت، بۆنموونـە جەمـال عەبدولناسـڕ، سـەرۆکی کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی دەڵێـت: پرەنسـیپەکانی ناسـیۆنالیزمی شـۆفێنی لـە پرسـی پێوەندییـەکان لەگـەڵ کـورددا سـەرکەوتوو نابێـت و ئـەم پرەنسـیپانە نامـۆن لەسـەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشـتمانیی عەرەبی. ڕووداوەکان ئەوەشـیان دەرخسـتووە کە پاش

ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ کورددااندا، کۆنەپەرستانی بەغدا دەستبەرداری چەک نەبوون. سەرباری ئەمەش، شۆفێنییەتی دژ بە کورد، دیاردەیەکی گۆشەگیر نەبووە و یەکێکە لە پێکهاتەکانی مانۆڕە فراوانەکەی دژ بە خواستە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکانی عێراق. بۆیە پێمان سەیر نییە دژبەرانی کورد، هەمان ئەو لایەنانەن کە بەرهەڵستیی خۆماڵیکردنی کۆمپانیا مەزنەکانیان دەکرد کە لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابووریی عێراقدا کاریان دەکرد. هەر ئەوانیشن گوتاری بەرهەڵستکارانە لە دژی شیوعییەکان لە ڕۆژنامەکانی بەغدادا بڵاودەکەنەوە. لە ڕاستیدا لەم چەند مانگەی ئەم دواییەدا، ڕۆژنامەی (الجمهورية) بە شێوەیەکی سەرەکی ببوو بە گوتەبێژی بەرهەڵستکارانی شیوعییەت. ئەم ڕۆژنامانە شتی نادروست و خەیاڵی دەربارەی هەڵوێستی شیوعییەکانی عێراق بڵاودەکەنەوە. لە ئاکامیشدا کۆنەپەرستانی عێراق هەوڵی لاوازکردنی یەکێتیی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی وڵات دەدەن، هەروەها لاوازکردنی پێوەندیی عێراق بە چەندین وڵاتی دیکەی دۆست.

دوای ئەوەی ڕەشید موسڵیح کە سەرکردەیەکی ڕاستڕەوەکان و وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، لە تشرینی دووەمی ڕابردوو لەژێر گوشاری گەلدا دەستی لەکارکێشایەوە، دامودەزگاکانی دژبەری دیموکراسییەت، بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕژێمەی ئەوان لە عێراق دەیانویست دەستبەرداری پلانڕێژی نەبوون. نافع ئەحمەد، حاکمی گشتیی عەسکەریی عێراق، لە ٢٦ی کانوونی یەکەم، ڕایگەیاند: «بەشێک لە بەعسییەکان لەپێناو ڕووخاندنی حکومەتەکەی ئێستا هەوڵی دەستپێکردنەوەی چالاکییە تاوانکارییەکانیان دەدەن».

نابێت ئەوەشمان پێ سەیر بێت، هەرکاتێک سەرکردایەتیی حزبی بەعسی ڕاستڕەو لە سووریای دراوسێی عێراق پێگەی خۆی لەدەست دابێت شەڕ لەگەڵ کورد دووبارە دەبێتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: ئاخۆ سەرکردە بەعسییە ڕاستڕەوەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، حزبی بەعس لە هەریەکە لە سووریا و عێراق بچەسپێنن لەسەر بەرنامەی زەمینەسازی بۆ شەڕی دژە کورد؟

بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان، ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدەن مۆرکێکی ئیستفزازکردن لەخۆدەگرن. لێرەدا نموونەیەکی ڕوون دەهێنینەوە: هەفتەیەک پێش ئێستا، نامەیەک لە چەند ڕۆژنامەیەکی بەغدادا بڵاوکرایەوە و

تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو: پێشمەرگە، چەندین سەربازیان دەستگیر کردووە کە لە مۆڵەت گەڕابوونەوە و بەشێوەیەکی دڕندانە کوشتوویانن. بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، هەستی شەڕانگێزیی دژی کورد دەورووژێنن، ئەگەرچی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی کورد ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ئاکاری پێشمەرگەی کوردستان بەدوور دەزانن و سەرلەبەری هەواڵەکە دوورە لە ڕاستییەوە.

سیاسەتی تاکڕەوانەی کەسایەتییە توندڕەوەکانیش دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن، کاتێک بەرهەڵستی لە ڕێڕەوی چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکەن، بەردەوام پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی و لایەنگرانی پێڕەوی دەکەن. زۆر جار لە کاتی خستنەڕووی چەند خواستێکی دیاریکراو و دەرچوون لە ڕیالیزم و بانگەشەی نا مەسئوولانە، وەک ئەوە وایە ئاو بکەیتە ئاشی دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوە.

سیاسەتوانە ئیمپریالیزمەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ململانێی نێوان عەرەب و کورد دەورووژێنن، ئێستا چەند وتارێکی ڕۆژنامە ئەمەریکی و ئینگلیزییەکان بڵاوکراونەتەوە کە ڕەنگە لە هەموویان ڕوونتر، وتارەکەی ڕۆژنامەی «سەندەی تەلەگراف»ی لەندەنی بێت و دەڵێت: پابەندبوون بە مەرجەکانی ئاگربەست دەبێتە هۆی دامەزراندنی دوو دەوڵەت لە عێراق. کە لە ڕاستیدا هێشتا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، پرسی جوداکردنەوەی کوردستانی لە عێراق نەخستووەتەڕوو، بەڵکو ئەوان تەنیا ئۆتۆنۆمییەکیان دەوێت بۆ کوردستان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بێت.

دەستپێکردنەوەی شەڕ و کوشتار لە کوردستان، زۆر بە سوودە بۆ هێزەکانی ئیمپریالیزم. چونکە عێراقێکی لاوازی نقومبووی نێو شەڕێکی بێکۆتا، باشترین ئامرازە بۆ لاوازکردنی ڕێوشوێنەکانی پەرەپێدانی دەوڵەت، هەروەها ڕێگریکردن لە نزیکبوونەوەی عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و بەرەبەرە گەڕاندنەوەی عێراق بۆ نێو کوتلە سەربازییەکەی سینتۆ و ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی بێگانە. ئەرێ تەنیا چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد، بەس نییە بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی لە عێراق؟

سـەبارەت بـە گەلـی سۆڤیەتیشـەوە، هەمیشـە بەرهەڵسـتیی بەرپابوونـی شـەڕی نـاڕەوا دەکات، بـۆ نموونـە سەرکێشـییە خوێناوییەکـەی دژی کـورد و بـە بـەردەوام بـۆ بەرژەوەندیـی عـەرەب و کـورد، داوای دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە و دیموکراسـییانەی کێشـەی کـورد دەکات، دواجاریـش لەپێنـاو خەبـات دژی ئیمپریالیـزم و ئاسـایش و پێشـکەوتنی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

**یەفگینی بریماکۆڤ**

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٢/١٩**

**لە کەناری دیجلەدا**

خەڵک بە نیگەرانییەوە دەڕواننە دۆخی کوردستان، ساڵێک بەسەر بڕیاری ئاگربەستدا تێپەڕیوە و هێشتا کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە.

ئەوانەی  لێدوانیان بۆمان داوە، ئاماژە بەوە دەدەن کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سەبر و بەرگەگرتنی دەوێت، گرنگیشە حکومەتی عێراق متمانەی کورد بەدەستبێنێتەوە کە لەبەر چەند هۆکارێکی ڕوون، متمانەکە لاوازکراوە لەبەر جێبەجێنەکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە، لە بەدبەختیشدا بیستوومە کە توخمە شۆڤینییەکان خواستەکانی کورد بە ئالینگاری و بانگەشەکردن بۆ دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان  دەکەن.

ڕۆژنامەنووسێک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەم، پێیگوتم: «دەستپێکردنەوەی شەڕ کارەساتێکی نوێیە بەرینگاری عێراق دەبێتەوە، شەڕانگێزیی نێوان عەرەب و کورد لەسەر ئیمپریالیزم و کۆمپانیاکانی نەوتی عێراق و کۆنەپەرستان دەلەوەڕن». ئەمەش ئاکامی گەیشتنی کەسایەتییە ڕاسترەوەکانە بە دەسەڵات و دەیانەوێ گشت یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەکبخەن و جەخت بکرێتە سەر لەناوبردنی دیموکراتخوازەکان. ئەوەشتان بیر نەچێت، شەڕی عەرەب و کورد یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ڕووخانی ڕژێمەکەی قاسم کە ملی بەعسییەکانی پێ شکێنرا.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«پرسەکانی ئاشتی و دیموکراسییەت» ژمارە: ٢، ١٩٦٥**

**کێشەی کورد لە چاوەڕوانیی چارەسەرێکی دادپەروەرانەدایە**

چـل سـاڵ لەمەوبـەر، کۆمەڵـەی گـەلان بـە فەرمـی دانـی بەوەدانـاوە کـە کـورد نەتەوەیەکـی سـەربەخۆن و مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیان هەیـە. بـەڵام تاکـو ئەمـڕۆ کـە سـەردەمی ئازادبوونـی نەتەوەکانـە و دەیان گەلی چەوساوە سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگـرت، هێشـتا کەسـانێک هـەن لـە عێـراق نکۆڵـی لـە بوونـی کـورد دەکـەن و بەرهەڵسـتیی داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانیـان لەنێـو کۆمـاری عێراقـدا دەکـەن.

گرنگتریـن ڕاپەڕینـە چەکدارەکانـی کـورد، ڕاپەڕینـە میللییەکـەی کوردسـتانی عێـراق بـوو بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی کـە سـێ سـاڵ لەمەوبـەر هەڵگیرسـاوە. لـەڕووی ناوەڕۆکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ژمـارەی بەشداربووانیشـی لـە مێـژووی خەباتـی گەلـی کـورددا بـە ڕاپەڕینێکـی بێوێنـە دادەنرێـت.

حکومەتـی قاسـم بـەوە دەسـتیپێکرد کـە کـورد لـەو مافانـە بێبـەش بـکات کـە لەپێـش شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بەدەسـتیان هێنابـوو. ئـەو سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگەزیـی دەسـتپێکرد و هانـی هـەر هەوڵێکـی لەناوبردنـی کـوردی دەدا و بە بیانووی ئـەوەی کورد لە بنەڕەتـدا عەرەبـن و بێجگـە لـە نەتەوەی عەرەب هیـچ نەتەوەیەکی دیکە لـە عێراقدا ناژێت نکۆڵیـی لـە مافی گەلـی کـورد کـرد لـە بەدەسـتهێنانی مافـی ئۆتۆنۆمیـی نەتەوەیی.

جـا بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پاکتاوکردنـی نەتـەوەی کـورد، قاسـم ژمارەیـەک لـە سـەرکردە کۆنەپەرسـتەکانی چەنـد هۆزێکـی کـوردی پڕچـەک کـرد و هانیـدان هێـرش بکەنـە سـەر عەشـیرەتی بارزانـی، سـەدان گونـدی ئـەم عەشـیرەتە بۆردومـان کـران و سـووتێنران، دەیـان گوندیشـیان لەگـەڵ زەویـدا تەخـت کـران.

ئەمـڕۆش هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی کـورد، بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی، بـە کردەنـی زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتانیان خسـتووەتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان و دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق لـە سـەنتەری شـارە گـەورەکان لەگـەڵ چەنـد شـاڕێگەیەک تێناپەڕێـت.

پاشـان، لـە چوارچێـوەی پەرەسـەندنی شۆڕشـی کـورددا، جیاوازیـی نێـوان دوو ڕەوتـی بەرهەڵسـتکاری نێـو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردیـش پەرەیسـەند،

یەکەمیــان بــە ڕابەرایەتیــی مســتەفا بارزانــی بــوو کــە باڵێکــی نەتەوەیــی میانــڕەو بــوو و بانگەشــەی سیاســەتی بێلایەنانــەی ئەرێنــی و دامەزراندنــی پێوەنــدی لــە نێــوان بزووتنــەوەی گەلــی کــورد و هێــزە دیموکراتخــوازەکان لــە سەرتاســەری عێــراق دەکات.

باڵەکــەی تــری نێــو بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد کــە ڕاســتەڕەوەکانی نێــو حزبەکــە بــوون، کاریــان لەپێنــاو جوداکردنــەوەی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد لــە خەباتــی گشــتیی گەلــی عێــراق دەکــرد و بڕوایــان بــە ئازادیــی هیــچ ڕێکخراوێکــی سیاســیی دیکــە نەبــوو لــە کوردســتان و بابەنــدی سیاســەتی بەرهەڵســتیکردنی شــیوعییەت بــوون و دژایەتیــی هەمــوو ئــەو کەســانەیان دەکــرد کــە لــە تێڕوانینــی ڕاســتڕەوانەی باڵەکەیــان هاوڕایــان نەبــوون.

لایەنگرانــی بارزانــی هەمیشــە هەوڵــی ئەوەیــان دەدا، کێشــەی کــورد ئاشــتییانە چارەســەر بکرێــت، ئێســتاش هەمــان هەڵوێســتیان هەیــە، لــەم دواییەشــدا، لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٦٤ و بەهــۆی ئــەو گۆڕانکارییانــەی لــە حکومەتــی عێــراق ڕوویانــدا، جارێکــی تــر هەوڵەکانیــان خســتەوەگەڕ لــە ڕێگــەی دانوســتانەکان کــە کێشــەی کــورد ئاشــتییانە چارەســەر بکــەن، لەگــەڵ ئەوەشــدا دواکەوتنــی حکومەتــی عێــراق لــە دانــان بــە مافەکانــی کــورد دەبێتــە مایــەی مۆڵــەق بوونــی متمانــەی کــورد بــە حکومەتــی عێــراق.

**سەلاح ئەحمەد**

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٣/٣٠**

**گەشتی پشکنین**

**لەنــدەن. ٢٩ی ئــادار، (تــاس).** دوێنــێ عەبدولســەلام عــارف، ســەرۆکی عێراق، گەشــتێکی پشــکنینی ناوچــە کوردســتانییەکانی کــرد و ســەردانی ناوچــەی زاخــۆ (پارێــزگای مووســڵ لــە کوردســتانی عێــراق)ی کــرد. ڕاپۆرتەکــەی ڕۆیتــەرز ئامــاژە بــۆ ئــەو ســەردانەی ســەرۆکی عێــراق دەکات و ڕایدەگەیەنێــت ســەرۆکی عێــراق ئــەو یەکــە ســەربازییانەی ســوپای عێراقــی بەســەرکردووەتەوە کــە نێردراونەتــە کوردســتان.

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٣/٣٠**

**نامەکەی بارزانی**

**بەغـدا، (تـاس):** ڕۆژنامـەی (الجمهوريـة) کـە لـە بەغـدا دەردەچێـت، نامەیەکـی مسـتەفا بارزانیـی ڕابـەری کـوردی بڵاوکردووەتـەوە کـە بـۆ تاهیـر یەحیـا، سـەرۆک وەزیرانـی عێراقـی ناردووە و نامەکە چەنـد پێشـنیازێکی سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـوردی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق لەخۆگرتبـوو و بارزانـی لـە نامەکـەدا داوای ڕوونکردنـەوە و دیاریکردنـی ئـەو ناوچـەی کردبـوو کـە هـۆزە کوردەکانـی تێـدا نیشـتەجێن، تـا بکرێتـە بنەمـای سـنووری جوگرافیـای کوردسـتانی عێـراق.

هەروەهـا نامەکـە داوای بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دەکات لـەوەی کـە زمانـی دایـک لـە قوتابخانـە و دادگا و دامـەزراوە فەرمییەکانـی حکومـەت بەکاربهێنرێـت. دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی سیاسـیی تایبـەت بەخـۆی لـە نامەکـەدا هاتبوو. سـەرکردایەتیی شۆڕشـی گەلـی کـورد بـەوە قایـل بـوو کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە هەڵبوەشـێنرێنەوە بەمەرجێـک بخرێنـە نیـو هێزەکانـی پۆلیـس لـە ناوچەکـە یاخـود لـە ڕیـزی یەکەکانـی پاسـەوانی سـنووردا جێگەیـان بکرێتـەوە.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٥/٥/١**

**پێنج فیرقە لە دژی چیانشینەکان**

**لەنـدەن. ٣٠ی نیسـان. (تـاس).** ڕاپۆرتەکانـی لە عێراقەوە گەیشـتوون، دەسـتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لە کوردسـتان دووپـات دەکەنەوە.

لـە ٢٠ی نیسـان، پەیامنێـری ئاژانسـی ئاسۆشـێتد پرێـس لـە بەیـرووت، ڕایدەگەیەنێـت، فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسـمانیی سـوپای عێـراق بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی هـۆزە کوردییـەکان، دووبـارە دەسـتیان بـە بۆردومـان کردنـەوەی ناوچـە کوردسـتانییەکان کردووەتـەوە.

بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی لـە عێراقـەوە دزەیـان کـردووە، ئەمـڕۆ سـەرکردایەتیی سـوپای عێـراق لـە شـەڕی دژە کـورد پەنـا بـۆ شـێوازی دڕندانەتـر دەبـەن کـە زۆر دژوارتـرن لەوانەی لـە سـەردەمی بەعسـدا دەگیرانەبـەر و بـە شـەڕانگێزی ناسرابـوون.

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٥/٤**

**تێکچوونی بارودۆخی کوردستان**

**لەندەن، ٣ی ئایار. (تاس).** ئەو ڕاپۆرتانەی لە عێراقەوە گەیشتوون، ئاماژە بەوە دەدەن ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە کوردستان دەستیپێکردووەتەوە و هەروەک ڕۆیتەرز لە نیویۆرکەوە ڕایگەیاندووە، عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری ڕابەری گەلی کورد مستەفا بارزانی، لە ناوەڕاستی نیساندا گوتبووی: لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا نزیکە ٦٠ هەزار سەربازی سوپای عێراق بەرەو کوردستان جولێنراون و دەڵێت: «پێدەچێت هێرشێکی بەرفراوان لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە کە بە خراپترین شێوە پڕچەک کراون، دەستیپێکردبێت و هیچ ئەملاو ئەولای ناوێت، شەڕەکە هەر ڕوودەدات». لە ٢٠ی نیسان پەیامنێری ئاژانسی ئاسۆشێتد پرێس لە بەیرووتەوە ڕایگەیاندبوو بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لوبنانەوە گەیشتوون: یەکەکانی پێنج فیرقەی سەربازانی عێراق کە لە ئاسمانیشەوە بە فڕۆکە پشتیوانی دەکرێن، بۆ لەناوبردنی هۆزە کوردییەکان، دەستیان بە هێرشێکی بەرفراوان کردووە لە کوردستان.

بەمدواییەش، شەوکەت ئاکرەیی، نوێنەری کورد لە قاهیرە، نامەیەکی بۆ ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی و سەرجەم ئەندامانی کۆمکارەکە ناردووە، تێیدا نووسیبووی: «لەم چرکەساتە مێژووییەدا کە تەواوی نەتەوەی عەرەب لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەجەنگن، بەپێویست دەزانرێت سەرجەم ئەو هێزە ئاشتیخوازانەی دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن، لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕانگێزی، یەکبگرن. هەر لەم کاتەدا بەبێ هیچ هۆکارێک حکومەتی عێراق هەموو توانایەکی کۆکردووەتەوە بۆ شەڕی دژی گەلی کوردی دۆستی وەفاداری عەرەب لە خەباتی ئازادیخوازانەیاندا. هەروەها ئاکرەیی داوا لە ئەندامانی کۆمکاری عەرەبی دەکات، دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەکاربهێنن لە هاندانی حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی دەستەجێی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی کوردستان و دەرگای دانوستان بۆ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد بکاتەوە».

**«پڕاڤدا» ١٩٦٥/٥/٥**

**ئاشتی بۆ کوردستانی عێراق!**

**قاهیـــرە، (تـــاس):** شـــەوکەت ئاکرەیـــی نوێنـــەری فەرمیـــی کـــورد لـــە قاهیـــرە لـــە دیمانەیەکیـــدا لەگـــەڵ پەیامنێـــری تـــاس دەڵێـــت: جارێکـــی دیکـــە خوێنڕشـــتن لـــە کوردســـتانی عێـــراق دەســـتیپێکردەوە و دوای ١٤ مانـــگ لـــە دواخســـتن و خۆدزینـــەوە لـــە جێبەجێکردنـــی بەڵێنەکانیـــان، دووبـــارە حکومەتـــی عێـــراق ئۆپەراســـیۆنە ســـەربازییەکانی دژی کـــورد دەســـتپێکردووتەوە و هێزەکانـــی ڕەوانـــەی کوردســـتان کـــردووە، جارێکـــی دیکـــە و هەزارەمیـــن جـــارە، ســـوپای عێـــراق فڕۆکـــە و بۆمبـــی ناپاڵـــم و جۆرەهـــا مووشـــەک و بۆمبـــی فرمێســـکڕژێن دژی کـــوردی ئاشـــتیخواز بەکاردێنێتـــەوە، جارێکـــی تـــر سیاســـەتی ســـوتماک کردنـــی خاکـــی کوردســـتانی پێڕەوکـــردەوە.

ئاکرەیـی جەخـت دەکاتـەوە و دەڵێـت: «کـورد تەنیـا مافـە ڕەواکانـی خـۆی داواکـردووە کـە لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان خەبات دەکەن لـە چوارچێوەی عێـراق و داوای دەسـتبەجێ ڕاگرتنـی هەمـوو جـۆرە ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی دەکـەن لـە کوردسـتان و هـەوڵ بدرێـت چارەسـەرێکی ئاشـتیيانە بـۆ کێشـەی کـورد بدۆزرێتـەوە، هەمـوو کـورد یەکگرتـوون و لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان دەکـەن».

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٦٥/٥/٥**

**گوندەکانی کوردستان دەسووتێنرێن**

**نیویۆرک، ٤ی ئایار. (تاس).** پەیامنێری ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێس لە بەیرووتەوە ڕایگەیاندووە، هێزەکانی سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی هۆزە کوردییەکان لە هەر پێنج پارێزگاکەی کوردستان ئەنجام دەدەن. ڕاپۆرتەکان دووپاتیشی دەکەنەوە کە مەفرەزەکانی پارتیزانانی پێشمەرگە زیانێکی گەورەیان بە سوپای عێراق گەیاندووە.

فڕۆکەکانـــی هێـــزی ئاســـمانیی ســـوپای عێراقیـــش بەردەوامـــن لـــە بۆردومـــان کردنـــی گوندەکانـــی کوردســـتان و تاکـــو ئێســـتا هیـــچ دووپاتکردنەوەیـــەک لەلایـــەن حکومەتـــی عێراقـەوە سـەبارەت بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی پێشـمەرگە نـەدراوە. دەگوترێت

ڕێوشـوێنی زۆر تونـد گیراوەتەبـەر بـۆ قەدەغەکردنـی بڵاوکردنـەوەی هـەر هەواڵێکـی سـەربازی لـە ڕۆژنامەکانـی عێـراق کـە بووەتەهـۆی تەماویکردنـی ڕەوشـەکە و وێنایەکـی ڕوونمـان لەبەردەسـتدا نییـە بـۆ ئـەو پێشـڕەوییانەی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان.

**«فیگرنی تبلیسی» ١٩٦٥/٥/٦**

**شەڕ لە کوردستانی عێراق**

ئاژانسـەکانی هـەواڵ ڕایانگەیانـدووە، ٦٠ هـەزار سـەربازی عێراقـی بـە پشـتیوانیی فڕۆکـە بـۆ لەناوبردنـی هـۆزە کوردییـەکان پەلامـاری کوردسـتانیان داوە.

هـەروەک دەزانـن لـە سـەرەتای ساڵی ڕابـردووەوە ئاگربەسـتی شـەڕی نێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا ڕاگەیەنـراوە کـە نزیکـەی دوو سـاڵی خایانـد. بـەڵام بڕیـاری ئاگربەسـتەکە کێشـەی کـوردی چارەسـەر نەکـرد، بـەڵام ئـەوەی سـەلماند کـە چارەسـەری سـەربازییانەی کێشـەی کـورد بێهوودەیـە و سـەرناگرێت. بڕیـاری ڕاگرتنـی شـەڕەکە دەلیڤەیـەک بـوو بـۆ گێڕانـەوەی ئـەو یەکگرتنـە تێکشـکاوەی نێـوان گەلانـی عێـراق و خوڵقاندنـی هەلـی بابەتییانـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقدا. بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی هەرگیـز پرسـی جوداکردنـەوەی کوردسـتانی لـە عێـراق نەخسـتووەتەڕوو، ئەمـەش تەنیـا بـە بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد دێتـەدی بەڕەچاوکردنـی بەرژەوەندییـە ڕەواکانیـان کـە داننـان بـە زمانـی کـوردی و بەفەرمیناسـاندنی زمانەکـە لـە دامـودەزگا فەرمییەکانـی عێـراق و بەشـدارکردنی کـورد لـە بەڕێوەبردنـی وڵات، بنەماکانـی ئـەم یەکسـانییەن. کـورد لـە قوتابخانـە کوردییەکانـدا داوای خوێنـدن دەکات بـە زمانـی دایـک و دەرفەتـی بـۆ برەخسـێنرێت بـۆ پەرەپێدانـی کلتـووری نەتەوایەتـی و ئابووریـی کوردسـتان. بـە کورتییەکـەی کـورد داوای ئـەو مافـە سـەرەتاییانەی خـۆی دەکات کـە لەلایـەن جەمـاوەری کەرتـە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق و کۆمـاری یەکرتووی عەرەبیشـەوە پشـتگیری دەکرێت، واتـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق.

دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و کوشـتاری دژی کـورد، هەڕەشـەیەکی جیدییـە لە چارەنووسـی

عێراق و کێشەی یەکێتیی عەرەب. ئێستاش کۆنەپەرستان و ئیمپیریالیزم، ئەوانەی کار لەسەر ژێی هەستە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی عەرەب دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دژی خواستەکانی نەتەوەی عەرەبە و سەروەریی عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی، لەدەستدەچێت.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد، وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنیی دەبێت لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و تەواوی گەلانی ئاشتیخواز کە دەبێتە هۆی پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایش لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین.

**«فیگرنی تبلیسی» ۱۹٦٥/٥/۱۱**

**شەڕ لە کوردستانی عێراق**

**نیویۆرک. (تاس).** بەپێی ڕاپۆرتەکانی پەیامنێری یونایتد پرێس لە بەیرووت، لە ئێستادا شەڕێکی دژوار لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لەنێوان سەربازانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و سەرچاوە کوردییەکانی هەواڵ لە نوێنەرانی هۆزە کوردییەکانەوە ڕایدەگەیەنن، شەڕ لە ناوچەی زاخۆی نزیک سنووری تورکیاوە دەستیپێکردووە تا دەگاتە سلێمانی و خانەقین کە نزیک سنووری ئێرانن. زیانێکی زۆریش لە هەردوو لایەنی شەڕکەرەوە کەوتووە.

شەڕێکی خوێناویش لە ناوچەکانی هەڵەبجە و ڕانیە و سلێمانی هەولێریشدا درێژەی هەیە. کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجەش چەند جارێک گۆڕاوە و ماوەیەک بە دەستی پێشمەرگە و ماوەیەکی تر بە دەستی سوپای عێراقەوە بووە. سوپای عێراق بە درێژایی ڕۆژگار ناوچەکەی کۆنترۆڵ کردووە و شەوان پاشەکشەیان کردووە و هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵکی کردووەتەوە، هێزی نیزامیی عێراق لە ڕانیە دەستی بەسەر بارەگای پێشووی ڕابەری کورد مستەفا بارزانیدا گرتووە.

لە شەڕەکەی ڕانیەدا، دەیان کوژراو و بریندارى لە هەردوولا لێکەوتووەتەوە، لە هێرشەکەی سەر سلێمانیشدا هێزەکانی پەرەشووتەوانی عێراق ۳۷ هاووڵاتیی سڤیلیان کوشتووە، لەوەی هەولێریشدا، هێزەکانی پێشمەرگە ٥۱ سەربازی عێراقیيان کوشتووە و ٦٥

ی دیکەشیان بریندارکردووە. هەر بەپێی ئەو هەواڵانە، دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی شارەکانی کەرکووک، هەولێر و دهۆکیان دەستپێکردووە. ئەو گوندنشینە کوردەش کە ڕەتیان کردبووەوە هاوکاری و چاوساغی بۆ هێزەکانی سوپای عێراق بکەن، سەرجەمیان ڕاگوێزرانە شارەکانی باشووری عێراق.

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٥/١٣**

**گۆڕانکارییەکی مەترسیداری ڕووداوەکانی عێراق**

ڕاپۆرتی سەرنجڕاکێش لە عێراقەوە دەگەن، بەپێی هەواڵەکانی ئاژانسە بیانییەکان بێت، جارێکی دیکە و بۆ جاری سێیەم لەماوەی سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا، هێزەکانی سوپای عێراق بەرەو کوردستان هاتوون و لە ناوچەکانی دهۆک، خانەقین، ڕواندز و ناوچەکانی تر شەڕێکی دژواریان لە دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دامەزراندووە و بە گوشاری حکومەتی عێراق، ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان گوندەکانیان بەجێدێڵن و ڕوو دەکەنە چیاکان. لە گوشارەکانیدا، حکومەتی عێراق فڕۆکە و تانکی پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت، لە سلێمانیشدا هەڵمەتێکی خوێناویی دژی هاووڵاتیانی سڤیل ئەنجامداوە. پەیامنێری ڕۆژنامەی «دەیلی تەلەگراف» لە بەیرووت، ڕایگەیاندووە: بەشێکی گەورەی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق (٤٠-٥٠) هەزار کەس، لە کوردستاندا کۆکراونەتەوە و جارێکی دیکە گەلی کورد ڕووبەڕووی چەوسانەوەیەکی دڕندانەی سوپای عێراق دەبنەوە، ئەو گوندانەشی لە ئێستادا خەڵکی تێدا ماون، مەترسیی برسێتی و لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی سوپایان لەسەرە.

ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە کوردستاندا ڕوودەدەن، دەریدەخەن کە سەرکێشییەکانی قاسم و بەعسییەکانی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نەبووەتە وانەیەک و پەندی لێوەرناگرن، بۆیە جارێکی تر وا کەوتوونەتە وێزەی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی کوردستان بە مەبەستی لەناوبردنیان ئامادە نین دان بە سەرەتاییترین مافەکانی گەلی کورددا بنێن. کوردی عێراق بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵانێکی زۆرە لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان دەجەنگن، بۆئەوەی منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان لە قوتابخانەکاندا بخوێنن و کورد بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵات و

یەکسانیی مافدا خەبات دەکەن. هەروەها کورد داوای پشکی خۆیان دەکەن لە داهاتی عێراق بۆ گەشە و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری لە ناوچە کوردنشینەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکانیان کە شەڕ خاپووری کردوون.

لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی کورد، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی تەنیا سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراسییانە لە عێراقدا دەتوانێت مافە نەتەوەییەکان بۆ گەلانی دەوڵەتی عێراق زامن بکات، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی خستووەتە بەرەی ئەو هێزە دیموکراتخواز و ئاشتیخوازانەی وڵات، بە حزبی شیوعیشەوە، لەپێناو کۆتاییهێنان بە باری نائاسایی کوردستان و ئازادکردنی سەرجەم بەندکراوانی سیاسی، بە دیموکراتخواز و پێشکەوتنخوازەکانیشەوە و لەپێناو گۆڕانکاریی دیموکراسییانەی وڵات. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش بەشێکی دانەبڕاوی ئەو بزووتنەوە دیموکراتخوازانەی گەلانی عێراقە کە دژی ئیمپریالیزم لە خەباتکردندان.

میدیا فەرمییەکانی عێراق، ڕاستیی دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە ڕای گشتیی عێراق و جیهان دەشارنەوە و بە شێوەیەک باس لە ئۆپەراسیۆنەکان دەکەن کە گوایە جووڵەی ڕۆتینیی یەکە سەربازییەکانە لە کوردستان، کەچی ڕاپۆرتەکان ئەم فیشاڵەی حکومەتی عێراق پووچەڵ دەکەنەوە و بە ڕاستی نازانن.

لە ئێستاشدا میدیای کۆنەپەرستان هەڵمەتێکی شۆڤینییانەی دژ بە کورد دەورووژێنن و هەوڵی جوداخوازانە دەدەنە پاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی و بە خیانەت کردن لە بەرژەوەندییەکانی عێراق تۆمەتباری دەکەن.

بەڵام ڕاستییەکان شتێکی دیکەمان پێدەڵێن، ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردی عێراق، مۆرکی بزووتنەوەیەکی دیموکراتخواز و نیشتمانییانەی گرتووە و کورد زۆر خۆڕاگر و بەسەبرن. لەوەش گەیشتوون کە بەژەوەندییەکانی عەرەب و کورد لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا یەکن و بەهەموو توانایەکیانەوە، ئاشتییانە خەبات دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان. خودی بارزانیش چەند جارێک ئەم ڕاستییەی دووپات کردووەتەوە و لە دانوستانەکاندا جەخت لەسەر چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی گەلی کورد دەکاتەوە. لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ڕێبازێکی

ریالیزمانـــەدا بـــۆ چارەســـەرکردنی ئاشـــتییانەی کێشـــەی کـــورد، هەنـــگاو بـــە هەنـــگاو بـــەرەو چارەســـەرێکی ئاشـــییانە هەنـــگاو دەنێـــت و بـــە ئارامییەکـــی زۆریشـــەوە کەشـــێکی لێکتێگەیشـــتنی هاوبەشـــی لەگـــەڵ حکومەتـــی عێراقـــدا خوڵقانـــدووە کـــە دڵســـۆزان و لایەنگرانـــی چارەســـەرێکی ئاشـــتیانەی کێشـــەی کوردیـــش لەخۆدەگرێـــت.

کـــورد، ڕێککەوتنامـــەی ئاگربەســـتی ١٠ی شـــوباتی ١٩٦٤یـــان بـــە هەنگاوێکـــی گرنـــگ بـــەرەو زامنکردنـــی مافـــە نەتەوەییەکانیـــان هەژمـــار دەکـــەن. کۆنگـــرەی شەشـــەمی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان کـــە لـــە هاوینـــی ســـاڵی ١٩٦٤دا بەســـترا، پێشـــوازیی لـــە ڕێککەوتنامەکـــە کـــردووە و بەرنامەیەکـــی تۆکمەیـــان بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کـــورد دارِشـــت بـــە ڕەچاوکردنـــی خواســـتە نەتەوەییـــە ڕەواکانـــی کـــورد و بەرژەوەندییەکانـــی پتەوکردنـــی ســـەربەخۆیی نیشـــتیمانی و پاراســـتنی ســـەلامەتیی کۆمـــاری عێـــراق.

بێگومـــان هێـــزە کۆنەپەرســـتخوازەکانی نێـــو دامـــودەزگا حکومەییەکانـــی عێـــراق، هەڵوێســـتی ئاشـــتیخوازانەی کوردیـــان بـــە خاڵـــی لاوازی کـــورد هەژمـــار دەکـــرد و دەســـەڵاتدارانی حکومـــەت بەڵێنەکانـــی خۆیـــان بەجێنەهێنـــا، ئێستاشـــی لەگەڵـــدا بێـــت ژمارەیەکـــی زۆری زیندانیانـــی سیاســـی لـــە زیندانەکانـــی حکومەتـــدان کـــە بەشـــێکی زۆریـــان کـــوردە ئازادیخوازەکانـــن، پرۆســـەی ئاوانکردنـــەوە و نۆژەنکردنـــەوەی گوندەکانیـــش جێبەجـــێ نەکـــرا کـــە بەهـــۆی شـــەڕەوە زیانێکـــی زۆریـــان بەرکەوتبـــوو. هەروەهـــا حکومەتـــی عێـــراق بـــەوە قایـــل نەبـــوو مافەکانـــی کـــورد لـــە دەســـتووردا بەیاســـایی بـــکات.

خواســـتە میانڕەوەکانـــی بارزانـــی لـــەو نامەیـــەدا ڕاگەیەنـــرا کـــە لـــە ١٢ی ئـــاداری ١٩٦٥دا بـــۆ حکومەتـــی بەغـــدای ناردبـــوو و بەهـــۆی بەردەوامبوونـــی شـــەڕ و کوشـــتار لـــە کوردســـتان، بارزانـــی داواکـــەی حکومەتـــی عێراقـــی لـــە دانوســـتان ڕەتکـــردەوە.

لـــە مـــاوەی ئـــەو ســـاڵ و نیـــوەی بەســـەر ڕووخانـــی بەعســـییە فاشـــیزمەکاندا تێپەڕیـــوە، مشـــتومڕێکی تونـــد لـــە نێوخـــۆی عێراقـــدا بەرپابـــووە. دامـــودەزگا کۆنەپەرســـتە دەرەبەگییـــەکان و بیرۆکراتیـــی کۆمپانیـــا زەبەلاحـــە بیانییەکانـــی نـــەوت و حزبـــی بەعســـی دۆڕاو، هەمـــوو ڕێوشـــوێنێکیان گرتووەتەبـــەر بـــۆ ڕێگریکـــردن لـــە پتەوکردنـــی پێگـــەی هێـــزە نیشـــتمانییەکان. هەڵوێســـتی ئـــەو هێـــزە نیشـــتمانیانە لـــە پەرەســـەندندا بـــوون و پێگـــەی خۆیـــان لـــە دوای ڕێوڕەســـمی خۆماڵیکردنـــی نەوتـــدا قایـــم کـــرد کـــە بـــە دەستپێشـــخەریی

ئـــەوان لـــە هاوینـــی ســـاڵی ١٩٦٤دا ڕاگەیەنـــرا، پـــاش ڕاگەیاندنـــی بڕیـــاری ئاگربەســـتی شـــەڕی نێـــوان ســـوپا و پێشـــمەرگە و خەباتکـــردن لەپێنـــاو هەنـــگاوە هەســـتپێکراوە کۆمەڵایەتییـــەکان بـــەرەو نزیکبوونـــەوە لەگـــەڵ کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی لەســـەر بنەمـــای پرۆگرامەکانـــی بەرهەڵســـتیکردنی ئیمپریالیـــزم، خەباتکردنـــە لەپێنـــاو پەرەپێدانـــی کۆمەڵایەتـــی. کۆنەپەرســـتان دەیانـــەوێ حزبـــی (الأتحـــاد الأشـــتراکی العربـــی) کـــە لـــە عێراقـــدا هاوشـــێوەی کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی دامـــەزرا، ملکـــەچ بکـــەن و بیانخەنـــە ژێـــر ڕکێفـــی خۆیـــان و ڕێگـــری بکـــەن لـــە ئەگـــەری ئـــەوەی ئـــەم ڕێکخـــراوە سیاســـییە ببێتـــە ئامرازێـــک بـــۆ کۆکردنـــەوەی هێـــزە دیموکراتخـــواز و پێشـــکەوتنخوازەکانی گەلانـــی عێـــراق لـــە بەرەیەکـــی یەکگرتـــووی دژی ئیمپریالیزمـــدا.

ئـــەو پێشـــکەوتنە ئەرێنییانـــەی لـــە چالاکییەکانـــی حکومەتـــی عێـــراق هاتووەتـــە ئـــاراوە و ئـــەو مەیلـــەی بـــۆ یەکخســـتنی هێـــزە دیموکراتخـــوازەکان چەکـــەرەی کـــردووە، وڵاتانـــی ئیمپریالیزمـــی ســـەغڵەت کـــردووە و پێـــی قایـــل نابـــن کـــە بـــە دزینـــی ســـەروەت و ســـامانی عێـــراق تۆمەتبـــار کـــراون و پێشـــکەوتنەکان بـــە بـــێ کۆســـپ و بەربەســـت نابـــن. هەروەهـــا ترســـی لەنێـــو هێـــزە کۆنەپەرســـتەکانی وڵاتانـــی دراوســـێی عێـــراق (ئێـــران - تورکیـــا) و دامـــودەزگا شـــەڕانگێزەکانی ئیسرائیلیشـــدا ورووژانـــد کـــە نایانـــەوێ نێوخـــۆی عێـــراق ســـەقامگیر بێـــت و بچێتـــە ســـەر ڕێـــڕەوی پێشـــکەوتن و هەماهەنگیـــی لەگـــەڵ کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی و وڵاتانـــی دیکـــەی عەرەبـــی بـــکات کـــە گۆڕانکارییەکـــی کۆمەڵایەتیـــی مەزنـــی بەخـــۆوە بینیـــوە. بـــە هەمـــوو شـــێوازێکیش میدیاکانـــی ئیمپریالیـــزم لـــە عێـــراق هانـــی بەردەوامبوونـــی ڕووبەڕووبوونـــەوە چەکدارییەکانیـــان دەدەن.

هەمـــوو ئـــەو شـــەڕ و کوشـــتارانەی ڕابـــردوو کـــە لەلایـــەن گەلانـــی عێراقـــەوە مایـــەی قبووڵکـــردن نەبـــوو، بـــووە مایـــەی لەتکردنـــی ڕیزەکانـــی نیشـــتمانی. لـــە ئێستاشـــدا کۆنەپەرســـتانی عێـــراق و هێزەکانـــی ئیمپریالیـــزم جارێکـــی تـــر گـــرەو لەســـەر کێشـــەی کـــورد دەکـــەن بـــەو هیوایـــەی پرۆســـە ســـەربازییەکان، ئامانجەکانـــی دژ بـــە گەلانـــی عێـــراق بەدیبێنێـــت، پێدەچێـــت چەنـــد دەزگایـــەک لـــەو بڕوایەدابـــن، بتوانـــن وا لـــە نوێنەرانـــی چیـــن و توێژەکانـــی گـــەل بکـــەن دەســـت لـــە حکومەتـــی عێـــراق بکێشـــنەوە و کەســـانی دیکـــە جێگەیـــان بگرنـــەوە کـــە پشـــتگیری لـــە ئیمپریالیـــزم دەکـــەن و دەســـەڵات

بگرنـە دەسـت، دواجـار بتوانـن سـنوورێک بـۆ ئـەو ڕەوتانـە دابنێـن کـە لـە سیاسـەتی عێراقـدا مایـەی خۆشـحاڵیی ئـەوان نییـە.

لـەم ڕۆژانـەدا، هەڵمەتـی دژبەرانـی کـورد لـە عێـراق هاوکاتـە لەگـەڵ پاکتاوکردنـی دیموکراتخـوازەکان، بەتایبەتیـش شـیوعییەکان کـە خەباتگێـڕن و سەرسـەختانە ڕووبـەڕووی سیاسـەتی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی دەبنـەوە و داکۆکـی لـە پرسـی برایەتیـی نێـوان عـەرەب و کـورد دەکـەن.

کۆمەڵگـەی پێشـکەوتنخوازی جیهانـی و گەلانـی دۆسـتی عێـراق بـە نیگەرانییـەوە بەدواداچـوون بـۆ ڕووداوە مەترسـیدارەکانی کوردسـتانی عێـراق دەکـەن. ئـەوان لـەوە تێگەیشـتوون کـە لـەم بارودۆخـەی ئێسـتادا، تەنیـا بـاس لـە چارەنووسـی کـورد و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد ناکەیـن، بگـرە بـاس لـە ئاسـۆکانی خەباتـی دژی ئیمپریالیزمـی تـەواوی گەلانـی عێـراق دەکەیـن. چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن و زامنکردنـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا، دەرفەتێکـی لەبـار دەخوڵقێنـێ بـۆ پەرەسـەندنی زیاتـری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی لـە سەرانسـەری عێـراق و تـەواوی وڵاتانـی عـەرەب و وڵاتانـی هـەردوو ڕۆژهەڵاتـی دوور و ناوینـدا. جـا بڕیارێکـی لەمجـۆرە، ئەگـەر هەیـە گورزێکـی تونـد لـە پیلانەکانـی کۆنەپەرسـتانی عێـراق و کوتلـەی سـینتۆش بوەشـێنێت.

گەلـی سـۆڤیەتی دۆسـت و وەفـادار بـۆ گەلانـی چەوسـاوە، هاوسـۆز بـووە لەگـەڵ خواسـتە نەتەوەییـە ڕەواکانـی کـورد و عێراقییـەکان بـە گشـتی. گەلانـی سـۆڤیەت ئومێـدەوارن ئـەو سەرکێشـییە نوێیـەی سـوپای عێـراق دژی کـورد بەزووتریـن کات ڕابگیـرێ و بیـر لـە چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد بکرێتـەوە لەپێنـاو چەسـپاندنی سـەربەخۆیی نیشـتیمانی و سـەلامەتیی کۆمـاری عێـراق و هەنگاونـان بـەرەو پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و دۆسـتایەتی و یەکسـانیی نێـوان سـەرجەم هاووڵاتیانـی عـەرەب و کـورد.

**پەیامنێر**

**«کۆمسۆمۆلیسکایا پراڤدا» ١٩٦٥/٥/٢٠**

**هەرێمە شاخاوییەکە گەمارۆدراوە**

**بـۆن، ١٩ی ئایـار (تاس).** پارتی دیموکراتی کوردسـتان بەیاننامەیەکـی بڵاوکردووەتەوە و لـە بەیاننامەکـەدا گوتەکانـی حکومەتـی عێراقـی ڕەتکردووەتـەوە کـە گوایـە بارزانیـی ڕابـەری کـورد بەرپرسـی دەسـتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی کوردسـتانە و هەوڵـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دەدات. پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (فرانکفـۆرت الجماینـة)ی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لـە بەیـرووت ئەمـەی بڵاوکردووەتـەوە.

بەیاننامەکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئامـاژەی بـەوەش داوە کـە کـوردی عێـراق داوای دەوڵەتـی سـەربەخۆیان نەکـردووە و ئـەوان تەنیـا ئۆتۆنۆمییـان دەوێ بـۆ کوردسـتان لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا. پەیامنێــرە ئەڵمانییەکــە چەنــد بڕگەیەکــی دیکــەی بەیاننامەکـەی بڵاوکردووەتـەوە و ڕایگەیانـدووە هێزەکانـی سـوپای عێـراق کـە ژمارەیـان نزیکـەی ٥٠ هــەزار ســەرباز دەبێــت، هێرشـێکی بەرفراوانیـان کردووەتـە سـەر ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان.

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٥/٢٢**

**شەڕ بەردەوامە**

**لەندەن، ٢١ی ئایار، (تاس):** جەلال تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئێستا لە لەندەنە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: لە سەرەتای مانگی نیسانەوە حکومەتی عێراق شەڕی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد دەکات. سوپایەکی ٤٠ هەزار چەکداریی لە ئەفسەر و سەربازانی عێراقی ڕەوانەی کوردستان کردووە و لەو هێرشەدا سوپای عێراق، فڕۆکەکانی هێزە ئاسمانییەکانی حکومەتی عێراقی بەکارهێناوە و بۆمبی ناپاڵم و فرمێسکڕژێنی زۆر بێبەزەییانەی دژی کورد بەکارهێناوە. هێزەکانی پێشمەرگەش تەنیا بەو چەکانەی لە شەڕەکاندا دەستیان کەوتووە، بەرەنگاریی ئەو سوپا گەورەیە دەبێتەوە، هاوکات حکومەتی عێراق تەواوی خواستەکانی گەلی کوردی ڕەتکردووەتەوە کە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەخۆدەگرێت لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

هەروەها جەلال تاڵەبانی دەڵێت: هەتاکو سیستمێکی پەرلەمانیی دیموکراسی لە بەغدا دانەمەزرێت، کێشەی کورد چارەسەر ناکرێت.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٢١، ١٩٦٥/٥/٢٧**

**شەڕی نێوان براکان**

لە کوردستان، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی هۆزە کوردییەکان دەستپێکردووەتەوە. بەشێکی زۆری سوپای عێراق لێرەدا کۆکراونەتەوە. پەیامنێری ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێس لە بەیرووت، بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی بەغدا گەیشتوون، بڵاویکردووەتەوە کە شەڕ و کوشتاری دژی کورد لە هەر پێنج پارێزگاکەی کوردستاندا دەستپێکردووەتەوە و لە زاخۆی نزیک سنووری تورکیا و سووریاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سلێمانی و خانەقین لە نزیک سنووری ئێران. قەبارەی ئەو شەڕە لەوەوە دەردەکەوێت کە ڕۆژانە تەرمی ژمارەیەکی زۆری سەربازان و ئەفسەرانی عێراق و برینداران بە شەمەندەفەر و هەلیکۆپتەر دەگەڕێنرێنەوە بەغدا، هێزەکانی ئاسمانیی عێراقیش بەشدارییان لەو شەڕەدا کردووە و گوند و کۆمەڵگە نیشتەجێکانی کوردستان بۆردومان دەکەن.

پاش تێپەڕبوونی ١٤ مانگ بەسەر بڕیاری ئاگربەستەکە، حکومەتی عێراق جارێکی دیکە درێژە بە شەڕەکان دەداتەوە و ناتوانین بڵێین ئەو ١٤ مانگە هەروا بە ئاسانی لەلایەن کۆنەپەرستانی عێراقەوە بەفیڕۆ دراوە، لەو ماوەیەدا هەڵمەتێکی فراوانی دژی کورد لە ڕۆژنامەکاندا دەستپێکردبوو و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، مەیلێکی جوداخوازانەی هەیە و ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو هێرشانەن، هەڵمەتی درۆ هەڵبەستن بۆ کوردی عێراق، بەو مەبەستەیە کە سۆزی ژمارەیەک وڵاتانی عەرەبی بۆ خۆیان ڕاکێشن و وایان لێبکەن هاوکاریان بن لە دژایەتی کردنی کورد.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لێدوانانەی حکومەتی بەغدا لە ڕاستییەوە دوورن و هێندە بێ ئەرزشن، تەنانەت سەرکردەکانی کوردیش ناوروژێنن و مستەفا بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین جار بە لێدوان و لەنێو دانوستانەکانیشدا جەختیان

لـەوە کردووەتـەوە کـە ئـەوان پێویسـتیان بـە زامنکردنـی مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی گەلـی کـوردە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق، نـەک بـە جودابوونـەوە. خواسـتەکانی کوردیـش بەشـدارییپێکردنی کـوردە لـە دامەزراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی عێـراق، هەروەهـا مافـی فێربـوون بـە زمانـی دایکـە لـە قوتابخانەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکانی کوردسـتان و تەرخانکردنـی پشـکێکی دادپەروەرانەیـە لـە داهاتـی حکومـەت بۆ کوردسـتان، بۆئـەوەی لـە پەرەپێدانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی کوردسـتاندا خـەرج بکرێـت.

بیانــووی دووەم کــە بەغــدا بــۆ بانگەشــەکانی دژی کــورد بەکاریاندێنێــت، جەخــت کردنەوەیـە لەسـەر ئـەوەی گوایـە حکومەتـی عێـراق سـەرجەم ئـەو بەڵێنانـەی بەجێهێنـاوە کــە لــە ڕێککەوتننامەکــەی ئاگربەســتی شــەڕی حکومــەت و پێشــمەرگە کــە لــە١٠ی شــوباتی ١٩٦٤دا، بــە کــوردی داون. ئەمــەش دوورە لــە ڕاســتییەوە. مســتەفا بارزانــی دەڵێـت: «پێمـوایـە، حکومەتـی عێـراق، بەڵێنەکانـی بەجێنەهێنـاوە و چەندیـن بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگرمان لەبەردەسـتدایە کـە ڕاسـتیی ئـەم بۆچوونەمـان دەسـەلمێنن». ئـا بـەم شـێوەیە، مـاددەی ١٩ی دەسـتوورە کاتییــە نوێیەکــەی عێـراق، تەنانــەت ئــەو مافــە فەرمییانەشـی ڕەتکردووەتـەوە کـە بەپێـی دەسـتووری ١٩٥٨ بـە کـورد درابـوو ... هێـزە سـەربازییە شـەڕکەرەکانی حکومـەت پاشەکشـەیان نەکـردووە و نەگەڕاونەتـەوە شـوێنی پێشـووی خۆیـان، هێشـتا کوردسـتان بـە سـێ فیرقـەی سـەربازی گەمـارۆ دراوە، فیرقـەی دوو و چـوار و پێنـج ... وێـڕای تێپەڕبوونـی سـاڵێک بەسـەر ڕێککەوتننامەکـەی ئاگربەسـتدا، ژمارەیەکــی زۆری ئــەو کــوردەی بەهــۆی ڕووداوەکانــی شۆڕشــی کــوردەوە دەســتگیر کرابـوون، هێشـتا لـە زینـدان و سـەربازگەکاندا بەندکـراون.

بیانـووی سـێیەمی بانگەشـەکانی بەغـدا، تۆمەتبارکردنـی خـودی سـەرکردەکانی کـوردە کـە گوایـە دژی چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـوردن. هەڵبـەت ئەم بیانووەشـیان دوورە لــە ڕاســتییەوە، چونکــە چەندیــن جــار ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دووپاتیکردووەتــەوە کــە ئــەوان چارەســەرێکی ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد دەخــوازن، ســەرباری ئــەوەی بارزانــی و هەڤاڵانــی، دەبووایــە بەرگــەی ململانێیەکــی ملهوڕانــەی چەنـد ئەندامێکـی تونـدڕەوی نێـو حزبەکـەش بگـرن کـە سـەلمێنەری ڕاسـتیی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەیە بـۆ کێشـەی کـورد.

لەپشـت هـەر وەرچەرخانێکـی سیاسـیدا، چەنـد هێزێکـی دیاریکـراو هەیـە. ئاخـۆ کـێ سـوودمەندە لە بەردەوامبوونی شـەڕی نێوان براکاندا؟ لە لووتکەی هەڵمەتی شـۆڤێنییەکاندا کـە لـە شـەڕی دژە کـورددا هاتووەتـە ئـاراوە، کۆنەپەرسـتیش لەوپـەڕی بووژانەوەیـدا بـوو بـۆ سـوودوەرگرتن لـە بەردەوامبوونـی شـەڕ، بـۆ درزخسـتنە نێـو ڕیزەکانـی نیشـتمانییەوە. هێـزە کۆنەپەرسـتەکان بەئومێـدن ڕەوشـەکە بقۆزنـەوە بـۆ پاشـگەزبوونەوە لـەو ڕێوشـوێنە پێشـکەوتنخوازانەیەی عێـراق لە کەرتـی ئابووریدا گرتوویەتییەبەر. ئەوان لە کایەی سیاسـیدا مەبەسـتیان فراوانکردنـی ڕێکارەکانـی دژە دیموکراسـییەتن و هەوڵی دوورخسـتنەوەی چینە بەتریارکییەکـە دەدەن لەنێـو حکومـەت و مەبەسـتیان نزیککردنـەوەی ئـەو توخمانـەن کـە بەئاشـکرا لایەنگـری ئیمپریالیزمـن لە دەسـەڵاتدا.

بەردەوامیــی شــەڕی دژی کــورد، سوودبەخشــە بــۆ ئیمپریالیــزم و دامــودەزگا شــەڕانگێزییەکەی ئیسرائیــل، لــە کۆتاییشــدا شــەڕەکە، عێــراق بێهێــز دەکات لــە بەرهەڵسـتیکردنی گوشـارەکانی ئینپریالیـزم و هۆکارێکـە بـۆ ڕەخسـاندنی هەلـی مانـۆرە ئیســتفزازییەکان بــۆ خەباتــی ئازادیخوازانــەی نیشــتمانیی عەرەبــی.

**یەفگینی بریماکۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٥/٦/٥**

**ڕۆژگارێکی مۆڵەق لە بەغدا**

لەگــەڵ ئەوەشــدا، نزیکبوونــەوە لــە کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی، بــە کردەنــی کاریگەرییەکـی دیاریکـراوی لەسـەر چەنـد کێشـەیەکی نێوخـۆی عێـراق دەبێـت، بۆنموونـە: کێشـەکانی وەک چارەنووسـی بـە ئـازاری کەرتـی پیشەسـازی و کێشـەی کـورد.

ئـەم دوو کێشـەیە، پرسـی عێراقییەکانـن و نزیکبوونـەوە لێیـان، ململانێـی نێـوان هێـزە نیشـتمانی و کۆنەپەرسـتان ڕووندەکاتـەوە.

ململانێــی کەرتــە بــە ئازارەکــە پــاش دەســتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە کوردســتان دژوارتــر بــوو، کاتێــک چالاکییەکانــی توخمــە ئیمپریالیســتە ڕاســتڕەوەکان لـە پەرەسـەندندا بـوو. ئـەم قۆناغـەی ئێسـتای کێشـەی کـورد کـە لـە مانگـی نیسـانەوە

دەستپێکردووە، مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەغداش هەر بەردەوامە لەسەر بانگەشەی ئارامبوونی کوردستان کە گوایە هیچ جۆرە جموجوڵێکی سەربازی لە ناوچەکەدا بەدیناکرێت، فەرحان وەزیری ڕۆشنبیریی و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی دەڵێت: ئەم دەنگۆیانە هەڵبەستراوی ئیمپریالیزمن. ئەوەی ڕوو دەدات، تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی کورد لە ژێر چنگی کۆمەڵێک یاخیبوو. بەڵام چەند ناسیاوێکی عێراقی بە شێوەیەکی جیاواز باسی ڕەوشی کوردستان دەکەن و دەڵێن: لە سەرەتای نیسانەوە، کاتێک ڕێگەکان وشکبوونەوە و وەرزی باران بارین نەما، سەرکردەی یەکە سەربازییەکان فەرمانی هێرش کردنیان دەرکرد، هێزەکانی پێشمەرگە هەروەکو ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٣ دوای ئەوەی بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد، بەرە بەرە پاشەکشەیان کرد و لە دۆڵەکانەوە بەرەو شاخەکان هەڵکشان، هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ گرتنی ناوەندەکانی بەرگریی کورد دران، شکستیان هێنا و ئێستا فڕۆکەکان دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکان و سووتاندنی کێڵگەکان و بۆردومانکردنی پێگەکانی پێشمەرگە کرد. لێرە و لەوێش ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری تێبینی دەکرێت و هەردوولا زیانێکی زۆریان لێکەوتووە، بەتایبەتیش ناوچەکانی کۆیە، سلێمانی، زاخۆ و ڕانیە.

ڕۆژنامەکانی بەغدا، برووسکەکانی مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان بڵاوکردووەتەوە، برووسکەکانیش ئاراستەی سەرۆکی عێراق کرابوون کە حکومەت لە شوباتی ڕابردووە (پێش سێ مانگ) ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی لەگەڵ ئیمزاکردبوو، ئێستا بووەتە «یاخیبوویەکی مەترسیدار» و بە یەکەکانی هێزی پێشمەرگەشیان دەگوت «باندەکان» و «ڕێگر» و شتی لەم بابەتە. جا ئەگەر مەسەلەکە تەنیا چەند گرووپێکی بچووکی چەکداران بێت، ئەوا دەپرسین: چ پێویست دەکات زۆربەی هەرە زۆری سوپا بە فڕۆکە و و تۆپ و تانکەوە بنێریتە گیانیان؟ یاخود بۆچی هێزێکی پۆلیس لە بەکرێگیراوانی چەند هۆزێکی بە سەرۆکایەتیی شێخە کۆنەپەرستەکانیان دامەزرێنیت؟

دوای دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان، دۆخی عێراق بە گشتی تێکچوو. پرۆسەی ئازادکردنی بەندکراوەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕاگیرا، لە کاتێکدا هێشتا هەزاران بەندکراون لە زیندانەکانی حکومەتدا ماونەتەوە، نەک هەر

ئـەوە، بگـرە هەڵمەتـی نوێـی دەسـتگیرکردنیش دەسـتپێکردەوە و ڕۆژنامـەکان بـاس لـە دادگاییکردنـی شـیوعییەکان دەکـەن. لـە یەکێـک لـە پرۆسـە سیاسـییەکاندا حەسـەن دجێلی کـوژرا کـە سـەرکردەیەکی دیـاری نێـو حزبـی شـیوعی بـوو.

کێشـەی کـورد، بووەتـە بەربەسـتی سـەر ڕێگـەی تـەواوی هێـزە سیاسـییەکانی عێـراق. بـەرەی خەبـات کـردن لەپێنـاو چارەسـەرکردنی کێشـەکە، بـە حکومـەت و حزبـی (الأتحـاد الأشـتراکی العربـی)ەوە تێپـەڕ دەبێـت کـە تاکـە حزبـی یاسـایی مۆڵـەت پێـدراوی وڵاتـە. زۆربـەی ئـەو عێراقییانـەی داوای ڕادەربڕینـی خۆیانیـان لێکـرا سـەربارەت بـە ئاسـۆکانی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، شـەرمیان لـە وەڵامدانـەوە نەدەکـرد و ئاڵۆزیـی پرسـەکەیان نەدەشـاردەوە. بەپێـی گوتەکانـی هاشـم عەلـی موحسـین، سـەرۆکی سـەندیکای گشـتیی کرێکارانــی عێــراق: «کێشــەی کــورد لــە چوارچێــوەی پەرەســەندنی بەرەبەرەیــی وڵات نەبێـت، بـە هیچـی تـر چارەسـەر ناکرێـت».

پارێزەرێکـی نـاسراو کـە بـەم دواییـە پۆسـتێکی باڵاشـی وەرگرتـووە، وایدەبینـێ، هێشـتا کات بەدەســتەوە مــاوە بــۆ دەســتپێکردنەوەی دانوســتانەکان، بۆئــەوەی دانوســتانەکان ســەرکەوتوو بــن، پێویســتە دەســەڵاتداران فراوانکردنــی مافەکانــی کــورد و بەدیهێنانــی چەنـد خواسـتێکیان ڕابگەیەنێـت، هەروەهـا ئەوەشـی ڕاگەیاندبـوو، ئەسـتەمە کێشـەی کـورد بـە زەبـری هێـز چارەسـەر بکرێـت، تەنیـا ڕێگـەی ئاشـتییانە دەمانگەیەنێتـە ئامانـج.

ژمـارەی مانگـی ئایـاری گۆڤـاری «الکاتـب»ی قاهیـرە، ڕاپۆرتێکـی لەبـارەی کۆبوونـەوەی نوێنەرانـی (الأتحـاد الأشـتراکی العربـی) و هـەردوو کۆمـاری عێـراق و کۆمـاری یەکگرتـووی دیموکراتـی بڵاوکردووەتـەوە و ڕاپۆرتەکـە بـاس لـەوە دەکات کـە نوێنەرانـی میـسر هانـی حکومەتــی عێراقیــان داوە، کێشــەی کــورد بــە ئاشــتییانە چارەســەر بــکات. نێوەنــدە ڕۆژنامەوانییەکانیـش لـە بەغـدا ڕوونیـان کردووەتـەوە، ئـەم پرسـە لـە کۆبوونـەوە دوو قۆڵییەکـەی نێـوان جەمـال عەبدولناسـڕ و عـارف لەچوارچێـوەی کۆبوونـەوەی سـەرکردە سیاسـییەکانی عێـراق - میـسردا باسـکراوە.

لـە سـاڵانی ئـەم دواییـەدا عێـراق پێویسـت بـوو بـە سـەردەمی توندوتیـژی- کودەتـاکان و لەناوبردنـی دڕندانـە و ڕووبەڕووبوونـەوەی خوێناویـدا تێپەڕێـت. ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت بەغـدا سـەقامگیر نییـە و بنەماڵـەکان لـە چاوەڕوانیـی هەواڵـی ڕۆڵەکانیانـن، ئەوانەی

ڕەوانـەی بەرەکانـی شـەڕ کراون لە کوردسـتان و هێشـتا لەبـەردەم بینای ڕادیـۆ و تەلەفزیۆن و کۆشـکی سـەرۆکایەتیدا وەسـتاون و دەترسـێن گرووپـە ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەکان چـالاک بکرێـن، عێـراق وڵاتێکـە لـە دووبەرەکـی و شـڵەژانی نێوخـۆدا بێزاربـووە. گرژییەکانـی کێشـەی کـورد تەنیـا ناخۆشـی و دەردەسـەریی زیاتـر لەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت.

**(بەغدا، حوزەیران) ب. دیمچینکۆ**

**«لیتراتۆرنایا گازێتا» ١٩٦٥/٦/١٥**

**کێ لەمەدا سوودمەندە؟**

**صاحب جەمال، نووسەرێکی عەرەبە**

شـاخەکانی کوردسـتان جارێکـی دیکـە ڕووداوی خوێنـاوی بەخۆیانـەوە دەبینـن. دووبـارە ئاگـر لـە دۆڵـە سـەوزەکانی کوردسـتان بەردرایـەوە، بـە بۆمبـی سـووتێنەر گونـدەکان سـووتماک دەکرێنـەوە، هـەزاران هاووڵاتیـی کوردیـش بـۆ ڕزگارکردنـی گیانـی خۆیـان ئاوەدانییەکانیـان جێهێشـتووە و ڕوویـان لـە کونـە شـاخەکان کردووەتـەوە.

چەنـد مانگێکـە شـەڕێکی ڕانەگەیەنـراو لـە کوردسـتان بەرپابـووە، هێزەکانـی سـوپای عێـراق هێرشـیان کردووەتە سـەر ئـەو ناوچانەی لەژێر دەسـەڵاتی کـوردی دیموکراتخوازدان.

هەوڵیـش دەدرێـت ئـەم دوژمنکارییـە بـێ پاسـاوە لـە ڕای گشـتیی جیهـان بشـارنەوە و دەزگا ڕۆژنامەوانییـە فەرمییـەکان دەمێکـە کپبوونـە و هیـچ لەبـارەی ئـەم شـەڕەوە بڵاوناکەنـەوە، تەنانـەت نکۆڵـی لـە هـەر چالاکییەکـی چەکدارانـەش دەکات لـە کوردسـتان. تاکـو لـە ٤ی ئایـاردا هـاوار و چریکـەی دایـکان و منداڵانـی کـورد بـەر گوێـی هەمـوو وڵاتانـی جیهـان درا و عەقیـد غەفـوور، پاشـکۆی سـەربازیی باڵیۆزخانـەی عێـراق لـە بـۆن، بـۆ ڕۆژنامەنووسـانی ئەڵمانیـا و پەیامنێرانـی جیهانیـی ڕوون کـردەوە و دانـی بـە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی لـە کوردسـتان نـا.

کەمـتر لـە مـاوەی چـوار سـاڵە، سـێیەمین جەنـگ بەسـەر کـورددا سـەپێنرا. دیکتاتـۆری پێشـووی عێـراق، قاسـم شـەڕێکی پاکتاویی لـە ئەیلوولـی ١٩٦١دا بەرپاکرد و شکسـتیهێنا. لە شـوباتی ١٩٦٣شـدا کاتێک بەعسییەکانی جڵەوی دەسـەڵاتیان گرتەدەست، هەمان کردەوەی

قاسمیان دووبارەکردەوە، چارەنووسی ئەمانیش هەر شکستهێنان بوو لە لەناوبردنی کورددا، هیچ کام لە قاسم و بەعسییەکان نەیانتوانی بەهانای دەرەبەگە بەرتیلخۆرەکانەوە بێن کە بەرهەڵستیی سەرکردەی هێزەکانی پێشمەرگە مستەفا بارزانییان دەکرد.

ئێستا وا لە بەهاری ١٩٦٥داین و هێزە کۆنەپەرستەکانی بەغدا بە هەمان ڕێچکەی قاسم و بەعسییەکان، دەستیان بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ کردووەتەوە و ئاخۆ دەبێ چییان لەم شەڕە دەستکەوتبێت کە چەند مانگێکە درێژەی هەیە؟ لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی قاسم دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، نزیکەی سێ هەزار کورد کوژران کە زۆربەیان هاووڵاتیی سڤیل بوون، ١٥٠ گوند و دوو شارۆچکەی کوردستان خاپوور کران و پتر لە ١٠٠ هەزار کەسیش بێلانە مانەوە و پەنایان بۆ کونە شاخەکانی کوردستان برد. خواستەکانی کورد ڕەوان، ئەوان تەنیا یەکسانبوونیان دەوێت بە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەڕووی ماف و ئازادییەوە، ئەوان دەیانەوێ منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان بخوێنن لە قوتابخانەکان و بەشێکی داهاتی سامانی کوردستانیشیان پێبدرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی ئابووری.

بەڵام داهاتی ئەم هەموو سامانە کانزاییانە و بەتایبەتیش نەوت، لە دوورەوە چاوی دزەکانی لەسەرە و لەچوارچێوەی دووبەرەکی خستنە نێوان عەرەب و کورددا، ئیمپریالیستەکان دەستی خۆیان بە ئاگری شەڕی دژواری کوردستان گەرم دەکەنەوە. نە کورد و نە عەرەبیش سوود لەم شەڕەدا نابینێت، ئەو شەڕە تەنیا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق و کۆمپانیاکانی ئینگلۆ- ئەمەریکی سوودبەخشە.

عەرەب و کورد بران و لە وڵاتێکدا هاوبەشن، تاکە خۆرێک بەسەریاندا هەڵدێت و یەک ئاسمانی شینیشیان بەسەرەوەیە. کورد ٢٠٪ی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدێنێت، واتە پێنج یەکی تێکڕای دانیشتوانی عێراق. مافی یاسایی ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی عێراقدا هەیە. ئەوان پێش ئەوەی دەوڵەتی عەرەبی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دامەزرێت، لەسەر ئەم خاکەدا دەژیان، بەڵام کوردی نیشتمانپەروەر داوای قۆرخکاری ناکەن. بگرە داوای پشکێک لە داهاتی قەبەی نەوت دەکەن کە لە ژێر خاکی کوردستانەوە دەردەهێنرێت، ئەم پشکە داهاتەشیان بۆ دروست کردنی قوتابخانە و چاککردنی شارە گەورەکان و پەرەسەندنی کلتووری کوردییە. هەروەها داوا دەکەن سنووری کوردستان

لەگـەڵ هەریـەک لـە ئێـران، تورکیـا و سـووریا لەژێـر چاودێـری و دەسـەڵاتی هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بـن کـە لـە ئاینـدەدا دەبنـە بەشـێک لـە هێـزە چەکدارەکانـی کۆمـاری عێـراق.

گەلـی عێـراق، دژی شـەڕە لەگـەڵ کـورددا، لـەم ڕۆژانـەدا و هـەروەک لـە پێشـتریش تێبینـی دەکـرا، لـە شـەقامەکانی بەغـدا، بەسـڕە، کەرکـووک و شـارەکانی دیکـە بڵاوکـراوە بڵاودەکرێتـەوە و داوای ئاشـتی بـۆ کوردسـتان دەکـەن، داواش دەکـەن ئـەم گوژمـە مەزنەی بـۆ شـەڕی براکـوژی بەفیـڕۆ دەدرێـت، بـا بـۆ خۆشـگوزەرانیی هاووڵاتیانـی عێـراق خـەرج بکرێـت، ئـەم دیاردانـە دووبـارە دەبنـەوە و کاتێکیـش سـەرکردە و سـەربازەکانی سـوپای عێـراق لـە ڕەوایـی خواسـتەکانی گەلـی کـورد تێدەگـەن، بـە خۆیـان و چەکەکانیانـەوە پێوەندییـان پێـوە دەکـەن و دەچنـە ڕیزەکانـی هێـزی پێشـمەرگە.

کـورد ئاشـتیی دەوێ، هـاوکات جەنـگاوەری ئـازان، چـوار سـاڵ لەمەوبـەر، کاتێـک فڕۆکەکانـی هێزی ئاسـمانیی سـوپای عێـراق، خانووە قوڕینەکانـی گوندە کوردسـتانییەکانیان بۆردومـان دەکـرد، ئـەوکات ژمـارەی پێشـمەرگەکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، تەنیـا ٦٠٠ پێشـمەرگە بـوون، ئـەوکات نـەک کەمیـی ژمـارەی پێشـمەرگە، بگـرە کەمیـی چـەک و خۆراکیشـیان لەئارادابـوو.

ئەمـە چـوار ساڵ لەمەوبـەر بـوو، ئێسـتا پێشـمەرگە چەکـی باشـیان لـە شـەڕی سـوپای عێراقـدا دەسـتکەوتووە و هێزەکانیـان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە پەرەسـەندندایە.

سـتەم، تەنیـا ڕق و کینـەی سـتەملێکراو لـە ئاسـت سـتەمکار زیـاد دەکات. هێـزی ئـەو خەڵکانـەی لەپێنـاو ئازادیـدا دەجەنگـن، پۆڵایینـە! مەگـەر نموونەیـان لـە خەباتـی قارەمانانـەی گەلـی ڤێتنامـی باشـوور و یاخیبووانـی کۆنگـۆ و باشـووری عەرەبـی و گەلانـی ئەمەریـکای لاتیـن دووبـارە ببێتـەوە.

ئـەو جەنگـەی گـەلان بـە کۆیلـە دەکات، دڕندەییـە و نابێـت لـە هیـچ کونجێکـی ئـەم جیهانـەدا ڕووبـدات. شـەڕی دژی کوردیـش کارەسـاتێکی مەترسـیدارە کـە بـە خورتـی بەرۆکـی سـوپای کۆمـاری عێراقـی گرتـووە و دەبـێ هـەر بیـکات.

نووسـەر ئاسـایەک ... وەک ڕۆڵەیەکـی ئـەم گەلـە ... پێشـمەرگە ئاسـایەک، دوای ئـەوەی لـە چواردەسـاڵیی تەمەنمـدا، ڕێبـازی خەباتـم لەپێنـاو بەختەوەریـی تـەواوی خەڵـک

هەڵبـژارد، ئـەوا ئێسـتا مـن لـە ناخـی دڵمـەوە دژی ئـەم جەنگـەم و لێـی یاخیـم. بانگەوازی مــن بــۆ ســەرجەم نیازپاکانــی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا و ســەرجەم هێــزە نیشــتمانییەکانی عێـراق، ئەوەیـە کـە بیرتـان بخەمـەوە شـەڕی دژی گەلی کـورد، لـە بەرژەوەندیـی قۆرخکارە ئەمەریکـی و بەرتانییەکانـی نەوتـە. لـە ڕوحێکـی بە ئـازارەوە، سـەرنجی نیشـتمانپەروەرانی عــەرەب لــە جەزائیــر، تونــس، کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی، یەمــەن، ســووریا و خــودی عێـراق ڕادەکێشـم و هۆشـداری دەدەم کـە شـەڕی دژی کوردسـتان، کارەسـاتێکە بـۆ تێکـڕای عــەرەب، بانگــەوازم بــۆ ســەرجەم شــەرەفمەندانی جیهــان:

**شــەڕ ڕاگــرن!** بـا دۆسـتایەتیی هەتاهەتایـی نێـوان عـەرەب و کـورد و نێـوان تـەواوی گەلانــی ســەر ڕووی زەوی، تیشــک بداتــەوە.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٥/٦/١٧**

**ئەو لێوارەی ڕووبەڕووی پایتەخت دەبێتەوە**

**سەرلەنوێ خوێن لە کوردستان دەرژێ - سکاڵا لە وەزارەتی بەرگرییەوە**

**کێ لە هەموو ئەمانەدا سوودمەندە؟**

ئەوانــەی لــە وەرزی بەهــار یاخــود لــە ســەرەتاکانی هاوینــدا ڕێیــان کەوتبێتــە کوردســتان، تابلۆیەکــی ئەفســووناوی بــۆ سرووشــتەکەی دەکێشــن. قەدپاڵــی شــاخەکان یەکپارچـە ڕایەخـی سـەوزی گیـا و گوڵـە. بێسـتانی دۆڵـەکان سـپی دەچنـەوە. دیمەنـەکان زۆر سەرنجڕاکێشــن، پەڵــەی بەفــر، ڕەنگــی زەردی ســوورباو، تەپۆڵکــەی کەڤریــن، مێرگــی ســەوز، کەڤـری قاوەیـی، هەمـوو ئەمانـە، تاڤگەیـەک دەیانبڕێـت کـە ئـاوە سـازگارەکەی هێڵــی نامــۆ لەســەر لووتکــە شــاخە ســەختەکاندا دەنەخشــێنێ.

خاکێکـی بەپیـت و هێمـن، ڕەنگـە خوێنـەر بڵێـت: ئەمـە وڵاتـی نیعمەتـە، بـەڵام دوورە لــە هێمنــی. جــاری ســێیەمە لــە مــاوەی ســێ ســاڵی ڕابــردوودا، ئەمجــارەش هــەر لــە وەرزی بەهــاردا، شــەڕێکی خوێنــاوی لــەم ناوچــە شــاخاوییەدا بەرپابــووەوە. فڕۆکــەکان بەســەر ئاســمانی گوندەکانــدا هەڵدەفــڕن و بۆردومــان دەکــەن. ســوپایەکی ٥٠ هــەزار کەســی، مــەرگ و کاولبــوون لــە کوردســتانی عێراقــدا دەبەخشــنەوە.

ئـەوەی مایـەی تێبینـی بێـت، فەرمانگـە فەرمییەکانـی حکومـەت، بێدەنگیـی لـە ئاسـت ئـەو ڕووداوە دڵتەزێنانـەی لـە کوردسـتان ڕوودەدەن، هەڵبـژاردووە، سـەرباری هەمـوو ئـەم بێدەنگییانـە، حکومەتـی عێـراق نەیتوانیـوە هەقیقەتی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ بشـارێتەوە، چونکـە ڕۆژانـە ئـەو شـەمەندەفەرەی کـوژراو و برینداران ئەو شـەڕە دەگوازێتـەوە، بەغدا.

بـۆ پەیامنێرانـی بیانـی لە بەغـداوە ڕاپانگەیانـدووە: سـوپای حکومەتی عێراق هێرشـێکی بەرفراوانـی کردووەتـە سـەر کوردسـتان و شـەڕ و کوشـتار هەمـوو شـارەکانی کوردسـتانی گرتووەتـەوە. شـەڕەکەش پانتاییەکـی فراوانـی گرتووەتـەوە کـە لـە زاخـۆی نزیـک سـنووری تورکیـاوە درێژبووەتـەوە تـا دەگاتـە سـلێمانی و خانەقیـن لـە نزیـک سـنووری ئێـران، بەپێی شـاهێدحاڵەکان هێرشـەکەی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر پێگـە و بارەگاکانـی پێشـمەرگە کـە لـە سـەرەتاکانی مانگـی نیسـاندا دەسـتپێکردووە، وا خەریکـە بـەرەو تەواوبـوون دەچێـت.

لـەو شـەڕەدا هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق کـە بـە تـۆپ و تانـک و فڕۆکـە پشـتیوانی دەکـرا، لـە دەشـت و دۆڵەکانـدا پێشـڕەویی کـردووە، بـەڵام لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا هیـچ سـەرکەوتنێکی ئەوتـۆی تۆمـار نەکـردووە کـە ناوچەیەکی زۆر سـەختن و سـوپا بـە زەحمەت پێشـڕەویی تێـدا دەکات. ئاژانسـەکانی هـەواڵ لـە بەغـداوە ڕایدەگەیەنـن، بۆردومانـەکان لە ئێسـتادا بەردەوامـن و بـە درێژایـی شـەو و ڕۆژ درێژەیـان هەیـە، بـەڵام ئـەم سیاسـەتەی سـووتماک کردنـەی خـاک، هەرچەنـدە زیانێکـی گەورەی بـە هاووڵاتیانـی سـڤیل گەیاندووە، بـەڵام هیـچ سـەرکەوتنێکی سـەربازی بـۆ هێزەکانـی سـوپای عێـراق بەدینەهاتـووە.

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕاستیی ئەم شەڕە خوێناوییەی لە کوردستان لەئارادایە، دەشارنەوە، بەڵام هێندێک ڕەفتاری لایەنە فەرمییەکانی عێراق ئەو نهێنییە ئاشکرا دەکەن کە بە وشە گوزارشتیان لێناکرێت. لە سەرەتاکانی مانگی ئایاردا، وەزارەتی بەرگریی عێراق دانی بەوەداناوە کە ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر و سەربازی عێراقی چوونەتە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەوە و دەسەڵاتدارانی حکومەت بانگەوازێکی تایبەتی بۆ ئەم ئەفسەر و سەربازانە دەرکردووە و داوایان لێدەکات بگەڕێنەوە و پێوەندی بە یەکە سەربازییەکەی خۆیان بکەنەوە. نوێنەری نیشتمانپەروەرانی کورد ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە و دەڵێن: سەدان ئەفسەر و سەرباز هێزەکانی سوپای عێراقیان جێهێشتووە و هاتوونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە و زیانێکی گەورە بە سوپای حکومەت گەیەنراوە. ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە، نەک هەر ناوچە

شاخاوییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، بگرە بەرەو دەشت و دۆڵەکانیش پێشڕەوییان کردووە و هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی حکومەتی عێراق.

شەڕە نوێیەکەی عێراق دژی کوردستان، بووەتە مایەی نیگەرانیی ڕای گشتیی چەند وڵاتێکی عەرەبی، بە عێراقیشەوە. گەلانی عێراق و وڵاتانی دیکەی عەرەبی، بە ڕێککەوتننامەکەی ئاگربەستی شەڕی کوردستان کە لە مانگی شوباتدا ڕاگەیەنرا، خۆشحاڵ بوونە بەوەی ئاگربەستەکە سنوورێکی بۆ شەڕی دژی کوردستان داناوە کە بەعسییە ڕاستڕەوەکان بەرپایان کردبوو و ڕێگەیەکی ڕاستەقینەی بەرەو چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کوردە. دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەڵێنی بە سەرکردایەتیی کورد دابوو کێشەی کورد بە دەستوور لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا چارەسەر بکات. ڕێککەوتننامەکەی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ سوپای عێراقی بە پاشەکشەکردن لە خاکی کوردستان و ئازادکردنی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان پابەند کردووە کە لە دەرەنجامی ڕووداوەکانی کوردستاندا دەستگیرکرابوون، هەروەها بەڵێنیشی دابوو هاوکاریی بوژانەوەی ئابووریی کوردستان بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندە وێرانکراوەکانی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی، لە ڕێی دانوستانەکانەوە هەوڵی زۆری داوە بۆ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و لە دانوستانەکاندا زۆر بە سەلیقە بووە، سەرکردایەتیی کورد چەندین جار پێشنیازی جۆراوجۆری خستووەتە بەردەم دەسەڵاتدارانی بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، بەڵام هێزە کۆنەپەرستەکانی بەغدا بەرهەڵستیی ئەم هەوڵانەی کوردیان دەدایەوە و نەیاندەویست کورد و حکومەت بگەنە چارەسەرێکی یەکجارەکی.

بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی شەڕی کوردستانیان دەدا و هەرگیز سوپای عێراق بە شەڕ نەبێت، یەک بست پاشەکشەی لە ناوچە کوردستانییەکان نەکردووە، مەینەتیی سەدان هاووڵاتیی کورد لە زیندانەکانی دەسەڵاتدا درێژەی هەبووە، خواستە ئاشتیخوازانەکەی کوردیش ئەوانەی پێوەندییان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردەوە هەیە لە چوارچێوەی عێراقدا، لە دەستووری کاتیی عێراق پشتگوێخرا.

لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە، دەنگۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەغدادا بڵاودەکرایەوە و لە سەرەتای ئەمساڵیشدا بە گوتەی پەیامنێرانی ئاژانسەکانی هەواڵ، دەسەڵاتدارانی عێراق یەکە سەربازییەکانی سوپایان لە کوردستاندا چڕکردووەتەوە و فەرماندەییەکی سەربازیی تایبەتیان دامەزراندووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی کورد. پلانێکی تاکتیکیی نوێ بۆ ئاگربەستەکە داڕێژرا. لە هەفتەکانی یەکەمی شەڕدا، بارزانی و لایەنگرانی هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە دا و شەوکەت ئاکرەیی، لە کۆتایی مانگی نیساندا نوێنەری کوردی عێراق لە قاهیرە، داوای لە ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی و سەرجەم ئەندامانی کۆمکارەکە کرد، دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بۆ گوشار خستنە سەر عێراق بەکاربهێنن و شەڕەکەیان پێڕابگرن و هەردوولای شەڕکەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد، دەست بکەنەوە بە دانوستان.

ملیۆنان عەرەب و کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا هەرگیز هەستی شەڕانگێزییان بەرانبەر بەیەک نەبووە، لەوەش زیاتر، بگرە هاوشانی یەکدی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی نێوخۆ خەباتی هاوبەشیان کردووە، لەم خەباتە هاوبەشەشدا یەکگرتوویی نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازانی عەرەب و کورد پتەوتر بووە، تەنیا ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان هەوڵی چاندنی تۆوی دووبەرەکیی نێوان عەرەب و کوردیان داوە لە عێراق.

شەڕی دژی کورد تەنیا دامودەزگا ئیمپریالیزمییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت تێیدا سوودمەندن کە سەروەت و سامانی وڵات تاڵان دەکەن. بە ڕێککەوت نییە، بگرە پلان بۆ داڕێژراوە کە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان هاوکات بووە لەگەڵ سەرکوتکردنی هێزە دیموکراتخوازەکان و هێشتا هەزاران زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی دەسەڵاتدا دەناڵێنن و تەنانەت ئەوانەی ماوەی بەندکردنەکەشیان تەواوکردووە، ئازاد نەکراون. هەڵبەت ئەم سیاسەتەیان دەبێتە مایەی ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوخۆی وڵات و لاوازکردنی لە ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی هێزە ئیمپریالیستییەکان. ئەزموونە دراماتیکییەکەی عێراق  دەریخستووە کە شەڕی دژی کورد و چەوساندنەوەی دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەران ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە. تاکە ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بۆ تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق.

**ف. سیف ئەلمولیۆکۆف**

**«زاریاکۆف فۆستۆکا» ١٩٦٥/٨/٢٢**

**ناکۆکییەکانی کوردستان**

نیویـۆرک، ٢٠ ی ئـاب. (تـاس). پەیامنێـری ئاژانسـی ئەسۆشـێتد پرێـس لـە نیقۆسـیا لـە زاری نێوەنـدە کوردییەکانـەوە ڕایگەیانـدووە: «هەوڵەکانـی ئـەم هاوینـەی سـوپای عێـراق بـۆ لەباربردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە کوردسـتان هاوشـێوەی هەوڵەکانـی پێشـووی حکومـەت، شکسـتی هێنـا کـە نزیکـەی چـوار سـاڵی خایانـد».

نوێنەرانـی مسـتەفا بارزانـی کـە چووبوونـە قوبـرس دەڵێـن: ڕەوشـی ئێسـتای کوردسـتان، هەروەکـو ڕەوشـی هاوینـی ١٩٦٢ و ١٩٦٣یـە کاتێـک سـوپای عێـراق هێرشـێکی فراوانیـان کردبـووە سـەر کوردسـتان و تاکـو ئێسـتا ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان لەژێـر ڕکێفـی هێزەکانـی پێشـمەرگەدان کـە نزیکـەی یـەک ملیـۆن و ٥٠٠ هـەزار کوردیـان تێـدا دەژی.

پەیامنێـری ئاژانسـی ئەسۆشـێتد پرێـس - بەپێـی گوتەکانـی نوێنەرانـی بارزانـی- دەنووسـێت: سـەرکردایەتیی عێـراق، تەنیـا قەدپاڵـی تەپۆڵکـە و ناوچـە تەختاییەکانـی کوردسـتانیان لـە شـارەکانی مووسـڵ، کەرکـووک، هەولێـر و سـلێمانی، لەژێـر دەسـتدایە. یەکەکانـی هێـزی پێشـمەرگەش کـە بـە چەکـی خـراپ و کـۆن پڕچـەک کـراون، لـە ناوچـە کراوەکانـدا ناتوانـن ڕووبـەڕووی هێزەکانـی سـوپای عێـراق ببنـەوە، بـەڵام لـەم هاوینـەدا و لـە شـەڕێکی چـل ڕۆژیـدا لـە زنجیـرە چیـای ڕانیـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق نەیانتوانـی پێشـڕەوی بکـەن و هێزەکانـی پێشـمەرگە بەرگرییـان لـە ناوچەکـە کـرد و زیانێکـی زۆریشـیان بـە هێزەکانـی عێـراق گەیانـد. ژمارەیەکیشـیان لـێ کوشـتن و برینـدار کـردن. لـە کۆتایـی مانگـی تەمـووزدا هێزەکانـی پێشـمەرگە هێرشـێکی پێچەوانەیـان دژی سـوپای عێـراق ئەنجـام دا و دۆخەکەیـان بەتـەواوی کۆنتـڕۆڵ کـرد و پیلانـی سـەرکردە عێراقییەکانیـان لـە دابەشـکردنی کوردسـتاندا هەڵوەشـاندەوە.

**«ئیزڤستیا» ١٩٦٥/٥/١٢**

**کاتێک شەپۆڵەکانی دیجلە تەماوی دەبن، چونکە سبەی ٣٤ەمین ساڵیادی دامەزراندنی هێزی ئاسمانیی عێراقە**

بە درێژایی ڕۆژی دواتر، ئاهەنگگێڕانی بۆنەکە بەسەر بەغدادا هەڵدەفڕین، یارییە ئاگرینەکان لە هەموو لایەکەوە دەتەقێنرانەوە، کاتێکیش هاووڵاتیان گوێیان لە گرمە و تەقەتەقی یارییە ئاگرینەکان بوو، منداڵەکانیان هێنایەوە ژوورەوە و پەنجەرەکانیان لەسەر داخستن.

پێشوازیکارەکەمان بە لێبوردنەوە گوتی: «واماندەزانی شتێک ڕوویداوە». دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان، هەموو چاوەڕوانی شتێکمان دەکرد ..

جەنگ؟ یەکێک لە وەزیرەکان بە برۆهەڵتەکاندن و سەرسوڕمانێکەوە پرسی: کام جەنگ؟ ئەمە تەنیا مانۆڕن و هەتاکو پاییز بەردەوام دەبێت ... هەموو شتێک لە کوردستان ئارامە، ئەوەی هەیە تەنیا بانگەشەی ئیمپریالیزمەکانە و بە بەرگوێی ئێوەی دەدەن... دەتەوێ بچیتە کوردستان؟ نەخێر، ئێستا ئەستەمە، ناتوانین سەلامەتیت بۆ زامن بکەین، ئەم وەڵامەی دوایی، وەزیرێکی دیکە پاش کاتژمێرێک ڕایگەیاند.

هەردوو وەزیرەکە شتێکی نوێیان نەدرکاند و نوێنەرانی فەرمیی بەغدا و ڕۆژنامەوانیی ئەوێ، هەموو جۆرە گرژییەک لە ڕەوشی کوردستان ڕەتدەکەنەوە. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بیانییەکان، لە ٣ی نیسانەوە، شەڕێکی دژوار لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا بەرپابووە و لە کۆی پێنج فیرقەی سەربازیی سوپای عێراق، سێ فیرقەیان نێردراونەتە کوردستان کە لە پێدەشت و تەختانییەکاندا پێشڕەوییان کردووە و ژمارەیەک کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیان داگیرکردووە، هێرشەکانیش بە بۆردومانی چڕی فڕۆکە و تۆپ ئەنجام دەدرێن و زەرەر و زیانێکی زۆریش لە هەردوولا کەوتووە.

بە کورتی و کرمانجی، ئەو ئاگربەستە تەواوبوو کە ١٤ مانگی خایاند، بۆیە جارێکی دیکە پێشمەرگە پەلکێشی نێو شەڕێکی تر کرایەوە. لە ٦ی ئاداردا مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: «ئێمە هەرگیز دەستپێشخەری شەڕ

نەبووینـە، بـەڵام بـە هەمـوو هێـز و توانایەکمانـەوە، ئەگـەر شـەڕمان پێفـرۆشرا، بەبـێ دوودڵـی بەرگـری لـە خۆمـان دەکەیـن، بەرگـری لەخۆکـردن لـە سەرتاسـەری جیهانـدا، مافـی ڕەوای هەمـوو گەلێکـە».

ئاشکراشـە بەردەوامبوونـی شـەڕ لـە کوردسـتان لـە بەرژەوەندیـی ئیمپریالیزمدایـە، ئەوانـەی مەبەسـتیان پەکخسـتنی یەکێتیـی عەرەبییـە. نـە عێـراق و نـە هیـچ دەوڵەتێکـی دیکـەی عەرەبـی هیـچ لـە تەقوتۆقـی چیاکانـی کوردسـتانی عێراقـدا نادوورنـەوە.

شـەڕی کوردسـتان، مایـەی نیگەرانیـی تـەواوی وڵاتانـی عەرەبییـە و ئـەوان لـەو بڕوایـەدان کێشـەی کـورد، واتـە پرسـی بەدیهێنانـی مافەکانـی کەمینەیەکـی کوردسـتانی عێـراق، کارێکـی مومکینـە کـە ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتـە ملیۆنێـک و ٥٠٠ هـەزار کـەس و هـەر دەبـێ ئاشـتییانە چارەسـەر بکرێـت. سـەرۆک عەبدولناسـر، سـەرکۆماری یەکگرتـووی عەرەبـی جارێکـی دیکـە ئەمـەی لـە سـەردانێکی کتوپـڕی تاهیـر یەحیـا، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق دووپـات کردووەتـەوە کـە سـەردانی قاهیـرەی کردبـوو، بـەڵام پێدەچێـت دەسـەڵاتدارانی بەغـدا، گوێنادەنـە ئـەو ئامۆژگارییانـەی لەلایـەن دۆسـتەکانەوە دەخرێنـەڕوو. زۆر دەمێکـە چاودێرانـی سیاسـی تێبینـی دەکـەن کـە بەهـۆی کاریگەریـی بزووتنـەوەی کۆنەپەرستی، تێکشـانی کـورد پرسـێکی هەنووکەییـە و هـەر دەبـی جێبەجـێ بکرێـت، وای لێهاتـووە لـە بەغـدای پایتەختـی عێـراق بەهێزتربێـت.

ڕووداوەکانـی کوردسـتان، هەمـوو وڵاتـی هێناوەتـە لەرزیـن، دەوڵەتـی عێراقیـش کـە سـاڵانێکی زۆرە دووبەرەکیـی نێوخـۆ و کودەتـاکان و پاکتاوکردنـی ڕەگـەزی و شـەڕ و کوشـتار، ئـازاری داوە، زۆر پێویسـتی بـە سـەقامگیری و یەکگرتوویـی تـەواوی هێـزە نیشـتمانییەکانی هەیـە بـۆ بەدیهێنانـی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری. ئاشکراشـە نەیارانـی گەلانـی عەرەبـی پێویسـتیان بـە سـەقامگیری نییـە، ڕەنکـە هـەر ئەمـە یەکێـک بێـت لـە هۆکارەکانـی دووبارەبوونـەوە و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و کوشـتار لە کوردسـتان؟

**ک. فیشنفیتسکی**

**پەیامنێری تایبەتی ئیزڤێستا، بەغدا، ئایار**

**«زارۆبژۆم»، ژمارە ٥١، ١٩٦٥/١٢/٢٣**

لە عێراق، هێزە نیزامییەکانی حکومەت هێرشێکی زستانەیان کردووەتە سەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگەدان، فڕۆکە جەنگییەکان ناوچە ئاوەدانەکانی قەرەداغ بۆردومان دەکەن. ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش دەستبەرداری خواستەکانیان لە ئۆتۆنۆمیدا نابێت.

**«زارۆبیژۆم» ژمارە: ٢، ٧-١٩٦٦/١/١٣**

ئێران بە خێرایی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا پتەودەکات کە درێژییەکەی دەگاتە ١٢٠٠ کیلۆمەتر، چونکە سوپای عێراق لە ماوەی شەڕی لەگەڵ کورددا چەند جارێک سنووریان بەزاندووە و پەڕیونەتەوە ئەودیو و بەهۆیەوە هەریەک لە تاران و بەغدا یاداشتنامەی ناڕەزایی توندیان داوەتە یەکتر.

**«زارۆبیژۆم» ژمارە: ٤، ٢١-١٩٦٦/١/٢٧**

**شەڕ لە چیاکان**

لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، جارێکی دیکە شەڕ و کوشتارێکی دژوار لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا هەڵگیرساوەتەوە و ئاژانسە بیانییەکانی هەواڵ ڕایانگەیاندووە، بەغدا فڕۆکە و تۆپهاوێژی لە دژی کوردستان بەکارهێناوە.

**فرانس پرێس، پاریس**

هێرشە بەرفراوانەکەی سوپای عێراق، دژی هێزەکانی پێشمەرگە، مانگێکە دەستیپێکردووە و حکومەتی عێراق، هەموو پشتیوانییەکی ناردووەتە هانای سوپاکەیەوە لە کوردستان، بەڵام ئەمجارەشیان وەکو هێرشەکانی پێشوو، شکستیان هێناوە.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە عێراقەوە گەیشتوونەتە سنە، ناوەندی سەرەکیی کوردستانی

ئێـران، دووپاتیـان کردووەتـەوە پـاش بەرپەچدانـەوەی هێرشـی سـوپای عێـراق، هێزەکانـی پێشــمەرگە بــە ڕابەرایەتیــی مســتەفا بارزانــی، دەســتیان بەســەر ناوچەکانــدا گرتــووە و جارێکـی دیکـە گونـدی پێنجوێنیـان ئـازاد کـردووە و لـە ئێسـتادا شـەڕ لـە باشـووری پێنجوێــن، گەرمــە، بــە ئاراســتەی ســلێمانی لەلایــەک و کەرکــووک لەلایەکــی دیکــەوە شـەڕەکەیان فـراوان کردووەتـەوە، هـاوکات هـۆزە ئاشـوورییەکانی کوردسـتان هاتوونەتـە پـاڵ هێزەکانـی پێشـمەرگە و هاوشـانی یەکـتر دژی هێزەکانـی بەغـدا دەجەنگـن.

کــورد، بەگشــتی ناوبانگێکــی باشــیان لــە تــەواوی رۆژهەڵاتــدا هەیــە، چونکــە گەلێکــی ئــازا و ژیاندۆســتن. مســتەفا بارزانیــش ڕابەرایەتییــان دەکات و چیاکانــی کوردســتانی کردووەتــە بــارەکای ســەرەکیی شۆڕشــگێڕان و چــوار ســاڵە شــەڕی ســوپای عێـراق دەکات و وەک خۆیـان دەڵێـن: خـاوەن پێشـمەرگەی چەکـدارن، لەگـەڵ هـەر هێرشـێکی سـوپای عێراقیشـدا هەمـوو پیاوانـی ناوچـە کوردسـتانییەکان لـە دەوروبـەری مـەلادا کۆدەبنـەوە، (مـەلا) لـە زمانـی کوردیـدا واتـە پیاوێکـی مـەزن و سـەرکردە، نـەک پیاوێکـی ئاینـی کـە لـە زمانـی فارسـیدا ئـەم مانایـە دەبەخشـێت.

هەرچەنــدە لــە ئێســتادا مەحاڵــە دووری و نزیکیــی پێشــمەرگە لــە گەیشــتن بــە ئامانجەکانیـان، دیاریـی بکەیـن کـە مەڵبەنـدە گەورەکـەی نەوتـە لـە کەرکـووک، ڕاپۆرتەکان ئەوەشــیان دووپــات کردووەتــەوە پێشــمەرگە، لەنێــو خــودی کەرکووکیشــدا چەندیــن چالاکییـان ئەنجامـداوە، هـەروەک ڕاپۆرتـەکان ئاشـکرایان کـردووە، پارێـزگاری کەرکـووک بــە حــاڵ لــە هەوڵێکــی تیرۆرکــردن ڕزگاربــووە.

بـە پێـی هەمـان ئـەو سـەرچاوانە، ئازادکردنـی پێنجوێـن شـەڕێکی خوێناویـی لەپێنـاو کـراوە و هێزەکانـی سـوپای عێـراق سـەدان کـوژراو و بریندارییـان هەیـە و زیانێکـی گەورەی بـە کەرەسـتە سـەربازییەکانی ئـەو هێزانـە گەیانـدووە و دەسـتیان بەسـەر ١٠ تانـک و ٢٠ بارهەڵگـری پـڕ لـە خـۆراک و ئازووقـەدا گرتـووە. هەروەها سێ فڕۆکەشـیان تێکشـکاندووە کــە ناوچــەی خانەقینیــان بۆردومــان دەکــرد کــە دەکەوێتــە ئەوپــەڕی باشــووری ئــەو ناوچانـەی لایەنگرانـی بارزانـی کۆنترۆڵیـان کـردووە.

لـە هەمـان بـەرەی شەڕیشـدا سـوپای عێـراق هێرشـێکی دیکـەی کتوپڕیـان کردووەتـە سـەر گونـدی قـەڵای تەپـە کـە ژمارەیـەک فەرمانـدەی پێشـمەرگەی تێدابـوو، شـەڕێکی

قورس لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بەرپا بوو و تەواوی فەرماندەکان توانییان خۆیان دەرباز بکەن.

لە بەرەی باشووریشدا دوو فیرقەی نوێی سوپای نیزامیی عێراقیان خستەپاڵ سوپاوە کە بە نوێترین جۆری چەک پڕچەک کرابوون و بەشدارییان لە شەڕەکەدا کرد.

ئەو ڕاپۆرتانەی بە سنە گەیشتوون، باس لەوە دەکەن کە بەهۆی شکستە یەک لەدوای یەکەکانەوە، ورەی سوپای عێراق بە تەواوی ڕووخاوە و جودابوونەوە و درز کەوتووەتە ڕیزی هێزەکانی پۆلیس کە زۆربەیان کوردن.

**«پراڤدا» ١٩٦٦/١/٢١**

**شەڕ لە کوردستانی عێراق**

**تاران، ٢٠ (تاس).** هەردوو ڕۆژنامەی»ئیتلاعات» و»کەیهان ئینتەرناشیۆناڵ»ی ئێرانی، زانیارییان لە پەیامنێرانی سەر سنووری عێراقەوە پێگەیشتووە کە شەڕێکی زۆر مەترسیدار لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەکەکانی سوپای حکومەتی عێراق بەرپابووە.

ڕۆژنامەکان بڵاویان کردووەتەوە، «چەند مەفرەزەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە دزەیان کردووەتە شارە گەورەکانی وەک کەرکووک، مووسڵ و سلێمانی و ترسێکی گەورەیان خستووەتە دڵ و دەروونی حکومەتەوە». شەڕەکانی ناوچەی هەولێریش ٤٥ کوژراو و بریندار لە ڕیزەکانی سوپای عێراق و ٢٠ پێشمەرگەی لێکەوتووەتەوە.

ڕاپۆرتێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە: «لەم هەفتەیەدا هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی هەولێر و مووسڵ، پاشەکشەیان کردووە، دوای ئەوەی بۆیان ئاشکرا ببوو کە سوپای عێراق، هێزی پشتیوانیی نوێی پێگەیشتووە». هێزەکانی ئاسمانیی سوپای عێراق، بە فڕۆکە ناوچە کوردنشینەکانیان بۆردومان کردووە، بەهۆی ئەم هێرشانەشەوە هەروەک ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» بڵاویکردووەتەوە «سەدان ژن و منداڵ و بەساڵاچووان، گوندەکانیان جێهێشتووە و بۆ پارێزگاریی سەلامەتیی گیانیان، ڕوویان لە کونە شاخەکان کردووە».

**«پراڤدا» ١٩٦٦/١/٢٨**

**شەڕی کوردستان**

**تـاران، ٢٧ی کانوونـی دووەم. (تـاس).** ڕۆژنامـەی «ئیتلاعـات» لـە پەیامنێریـان لەسـەر سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران، بڵاویکردووەتـەوە، چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبـەر لەسـەر ڕێگـەی پێنجوێـن- سـلێمانی و سـەید سـادق، شـەڕێکی خوێنـاوی لـە نێـوان هێزەکانـی سـوپای عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بەرپـا بـووە و زیانێکـی زۆر لـە هـەردوولا کەوتـووە. بەردەوامبوونـی بۆردومانەکانـی فڕۆکـە، بووەتـە هـۆی وێرانکردنـی دەیـان خانـوو و کوشـتن و برینـدار کردنـی چەندیـن هاووڵاتیـی سـڤیل.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٦/٢/٤**

**دۆخی عێراق ئارام نییە**

**تـاران، ٣ی شـوبات. (TASS):** ڕۆژنامەکانـی ئێـران بڵاویـان کردووەتـەوە دووبارە شـەڕ و کوشـتارێکی دژوار لەنێوان هێزەکانی سـوپای عێراق و هێزەکانی پێشـمەرگە بەرپابووەتەوە.

**نیویـۆرک، ٣ی شـوبات، (تـاس).** ڕۆژنامـەی «البـلاد» کـە لـە بەغـدا دەردەچێـت بڵاویکردووەتـەوە، چەنـد یەکەیەکـی لیـوای ١٩ی سـوپای عێـراق، گونـدی گوڵانیـان لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق داگیرکـردووە.

**«پراڤدا» ١٩٦٦/٢/٧**

**گوێ لە دەنگی عەقڵ بگرن**

لـەم دواییـەدا ڕاپۆرتەکانـی میدیـای عەرەبـی و وڵاتانـی دیکـە بـە چـڕی بـاس لـەو شـەڕە سـەختەی نێـوان هێزەکانـی سـوپای عێـراق و هێزەکانی پێشـمەرگە، بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی دەکـەن، لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا چەندیـن گونـدی بێـوەی کوردسـتان بۆردوومـان کـراون و هێزەکانـی نیزامیـی عێـراق گەمـارۆی چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتانیان داوە.

چوار ساڵی ڕەبەقە، شەڕی نێوان عەرەب و کوردی برا لە کوردستان بەردەوامە کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ەوە دەستیپێکردووە. شەڕەکە، حکومەتەکەی قاسم هەڵیگیرساند و سیاسەتێکی شۆڤێنیی بەرانبەر گەلی کورد پێڕەو کردووە کە یەک لەسەر چواری کۆی دانیشتوانی وڵات پێکدێنن. بێجگە لەوە، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی کورد، بەشێکی جودانەکراوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی سەرجەم هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراقە، بەتایبەتیش شیوعییەکان. ئەم سیاسەتەی قاسم ڕێخۆشکەر بووە بۆ چالاکییە تێکدەرانەکەی هێزە کۆنەپەرستەکان کە لایەنگری ئیمپریالیزمن لە عێراق.

درێژەپێدانی شەڕی دژی کورد، زیانێکی زۆری بە ئابووریی وڵات گەیاندووە و بووەتە بارێکی قورس لەسەر بودجەی دەوڵەت. سەدان گوندی کوردستان وێران کراون. هەموو ساڵێک بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و ئاژەڵ لەناودەبرێن و جووڵەی بازرگانی لە ناوچە کوردستانییەکاندا لاواز بووە، گیانی هەزاران هاووڵاتیی عەرەب و کوردیش کراوەتە سووتەمەنیی ئەم شەڕە.

هەمیشە شەڕ لە کوردستان، بە پلە یەک بووەتە جێی بایەخی دامودەزگا ئیمپریالیستییەکان و نۆکەرانیان و نەیارانی عێراق کە مەبەست لە پاشکۆکانی ڕژێمی نووری سەعید و کۆنەپەرستانی عێراقە کە ئومێدیان بە وەرگرتنەوەی پێگە لەدەستدراوەکانیان هەڵپەساردووە، ئەویش بە لاوازکردنی حکومەتی بەغدا. ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان هەموو هەوڵ تەقەلایەکیان بۆئەوەبووە شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بێت. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە گەمەیەکی سیاسیی ئاڵۆزدا گلاون کە بە مەبەست بێت یاخود بێ مەبەست خزمەتی ئەو هێزە دژبەرانەی عەرەب و کوردیان کردووە.

لایەنگرانی ئیمپریالیزم، هاوڕا لەگەڵ چەند توخمێکی توندڕەوی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، چەند داواکارییەکی ناوازە و ئەستەمیان پێشکەش حکومەتی عێراق کردووە، هەڵبەت ئەم توخمە توندڕەوانە تەنیا مایەی زەرەر بوونە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا بیانوو و هۆکاری خستنەڕووی ئەم داواکارییانەشیان هەیە، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق نایانەوێ دەستبەرداری چارەسەری سەربازی بن لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دا.

لـەم دواییەشـدا دامـودەزگا ئیمپریالیسـتییەکان بیرۆکـەی پلانێکیـان داڕشـت بـۆ دامەزراندنـی «جاڕنامـەی ئیسـلامی» و بەتەمابـوون عێراق و چەند دەوڵەتێکی عەرەبیشـیان تێـدا بەشـدار بکـەن. ئەمـە بێجگـە لـە هەوڵەکانـی پێشـوویان بـۆ پەلکێشـکردنی عێـراق بـۆ نێـو کوتلـەی سـینتۆ، چونکـە عێـراق تووشـی قەیرانێکـی ناوخۆیـی بووەتـەوە کـە سـەرەکیترینیان شـەڕی دژی گەلـی کـوردە، جـا بـە ڕای ئـەوان، ڕەنگـە عێـراق لـەم بارودۆخـەدا بەشـداریکردن لەمجـۆرە جاڕنامانـە و کوتلانـە بەهەنـد وەربگرێـت کـە هـاوکار دەبێـت بـۆ دەرچـوون لـەم بارودۆخـە سـەختانەدا.

ڕاپۆرتـی ئەوتـۆ بڵاوبووەتـەوە چەنـد حکومەتێکـی دراوسـێی عێـراق کـە چالاکـن لـە داکۆکیکـردن لـە پلانـە نوێیەکانـی ئیمپریالیـزم، لـە دانوسـتانەکانیاندا لەگـەڵ نوێنەرانـی فەرمیـی عێـراق، بـاس لـە پرسـی هەڵوێسـتی بەغـدا کـراوە سـەبارەت بـەم پلانانـە.

ئەزموونـی بەشـداربوون لـە سـینتۆ، عێراقییـەکان هەسـت بـە مەترسـییە شـاراوەکانی هەوڵـی بەردەوامـی پەلکێشـکردنی وڵات دەکـەن لـە چوونـە نێـو ئـەم هاوپەیمانییانـەی لایەنگـری ئیمپریالیزمـن. جـا کاتێـک عەبدولڕەحـمان بـەزاز ڕەتـی کـردەوە بەشـداری لـە هاوپەیمانیـی ئیسـلامیدا بـکات، بـە ڕوونـی ئـەم مەترسـییە ڕوون بـووەوە. ئـەو مشـتومڕەی لەبـارەی ئـەم هاوپەیمانییـەوە وروژێـنرا، دووپاتکردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییەیە کە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی گەلـی کـورد لەلایـەن هێـزە نەیارەکانـی عێراقـەوە لەسـەر حسـێبی بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی گەلانـی عێـراق بەکاردەهێنرێـت و هەوڵـی دابڕینـی وڵات لـە وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی دەدات و دووریدەخاتـەوە لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کـە دژبـەری ئیمپریالیزمـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا.

ئـەدی، چـی ڕێگـرە لەبـەردەم گەیشـتن بـە چارەسـەرێک بـۆ ئـەم کێشـەیە کـە لەلایـەک خواسـتە نەتەوەییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد بەدیدێنێـت و لەلایەکـی دیکـەوە یەکێتیـی عێـراق پتـەودەکات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پیلانەکانـی ئیمپریالیسـت و کۆنەپەرسـتان؟

دارودەسـتەکانی شـۆڤێنیزمە ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەکان لـە عێراقـدا، بـە بـەردەوام ئـەو تیۆرییـە بڵاودەکاتـەوە کـە گوایـە ئەسـتەمە بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بەبـێ دەسـتبردن بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق، بێتـەدی. جـا بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـۆ ئـەم گوتانەیـان، دامودەزگاکانـی ئیمپریالیـزم، بەبـێ هیـچ بنەمایەکـی لۆژیکانـە، بانگەشـەی

ئـەوە دەکـەن کـە گەلـی کـورد هەوڵـی بەدیهێنانـی ئامانجـە جوداخوازییـەکان دەدات و هـەوڵ دەدەن کوردسـتان لـە عێـراق جودابکەنـەوە. بێجگـە لەمـە، هیـچ بیانوویەکـی دیکەیـان نییـە بـۆ ڕەتکردنـەوەی دانوسـتان بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی گەلـی کـورد. ئـەدی کاردانـەوەی کردەنیـی کـورد لـەم پرسـەدا چییە؟ لـە یەکێک لـە لێدوانـە فەرمییەکانی مسـتەفا بارزانیـدا هاتـووە: «تۆمەتبـار کردنمـان بـە جوداخـوازی، واتـە ئەنجامدانـی ئـەو چالاکییانـەی ئامانجیـان جوداکردنـەوەی کوردسـتانە لـە کۆمـاری عێـراق و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی، بـە سـەرکردایەتیی مـن، هیـچ بنەمایەکـی نییـە و دوورە لـە ڕاسـتییەوە و هیـچ کام لـەو کەسـانەی لـە شۆڕشـی ئێسـتادا بەشـدارییان کـردووە، نـە بـە ئاشـکرا و نـە بـە نهێنیـش ئـەم بیرۆکەیەیـان لـە مێشـکدا نییـە، ئێمـە بەوپـەڕی مکـوڕی و دڵسـۆزییەوە دووپاتـی دەکەینـەوە، ئامانجـی بزووتنـەوە چەکدارییەکەمـان جودابوونـەوە نییـە لـە کۆمـاری عێـراق یاخـود لەباربردنـی یەکێتیـی عەرەبی-کـوردی، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە، ئامانجـی شـۆڕش پتەوکـردن و چەسـپاندنی ئـەم یەکێتییەیـە بـەرەو دامەزراندنـی حکومەتێکـی دیموکراسـیی پەرلەمانییـە کـە سـەرجەم گەلانـی عێـراق، مـاف و ئازادییـە دیموکراسـییەکانی بـۆ دەسـتەبەر کرابێـت، نەتـەوەی کوردیـش مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی وەک هاوبەشـێک لەگـەڵ گەلـی عەرەبـی بـرا لـە عێـراق، بۆبەدیهاتبـێ».

بەداخـەوە ڕاسـتییەکان ئـەوە دەردەخەن کە بەدیهێنانی خواسـتەکانی کورد لە پاراسـتن و چەسـپاندنی یەکپارچەیـی خاکـی عێراق لەسـەر بنەمای دیموکراسـییەتێکی دروسـت و دژ بە ئیمپریالیـزم، بووەتـە هۆی ئەوەی کۆنەپەرسـتانی نێـو دامودەزگاکانی دەسـەڵاتدارانی بەغدا پشـت لە دۆزینەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلی کورد بکەن.

لەڕاسـتیدا سـەرکردایەتیی کوردیـش هەوڵیـداوە لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـدا بگەنـە ڕێککەوتنێـک کـە مەرجەکانـی هـەردوولای تێـدا جێبەجـێ کرابێـت و لەنیـوەی ڕێگەکـەدا بـە حکومەتـی بەغـدا گەیشـتووە و پـاش ڕێککەوتنـی ئاگربەسـتەکەی ١٠ی شـوباتی پـار کە هەمـوو دەروازەکانـی بەڕووی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلی کـورد والاکردەوە، مسـتەفا بارزانـی ڕایگەیانـد: کـورد مکـوڕ نیـن لەسـەر ئـەوەی کە دەبـێ دەسـتبەجێ دان بە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان بنێن و ئامادەین سـازش لەسـەر چەند پرسـێکی دیکە بکەین لەپێنـاو بەرژەوەندیـی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی خێـرا بـۆ کێشـەکە.

کەچی وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئەم دەستپێشەخەرییە، پابەندنەبوون بوو بە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکەی ١٠ی شوبات بەتایبەتیش ئەوانەی پێوەندییان بە هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی سوپا و ئازادکردنی بەندکراوانی کوردەوە هەبوو. لە ئایاری ١٩٦٤دا دەستوورێکی نوێی کاتی بۆ عێراق داڕێژرا و لەم دەستوورەدا بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی پێشووی حکومەتی عێراق، بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرا کە هەر لە سەرەتاوە مەترسیی هەڵگیرسانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی لێدەکرا کە دواتر پاش چەند مانگێکی دوای پرۆسەی ئاگربەستەکە، ئەوەی لێی دەترساین، هەر ڕوویدا.

سەرباری هەموو ئەمانەش، ئەوەی بڵێت تازە هیچ دەرفەتێک بۆ چارەسەرێکی ڕەوا و ئاشتییانەی کێشەی کورد نەماوە، بەهەڵەدا چووە، بێگومان هێزە نیشتیمانییە ئاشتیخوازانەکەی وڵات دەتوانێت لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ پتەوکردنی هەڵوێستی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم کە بەم دواییە ڕووی لە هەڵکشاندابوو. بە کردەنیش دەکرێ ناسنامەی هەڵوێستەکانی هەردوولا لە ئاست پرسێکی گرنگدا دیاری بکرێت کە زامنکردنی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە. دۆستانی دڵسۆزی گەلانی عێراق بڕوایان بەوە هەیە کە لەتوانادایە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بدۆزرێتەوە.

لەم دواییەشدا تێبینیی چەند ڕێبازێکی ڕیالیزمانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا بەدیارکەوتن. ئا بەم شێوەیە دەستووری کاتیی عێراق لە ئەیلوولی ١٩٦٥دا هەموارکرایەوە و ئەمجارە «مافە نەتەوەییەکانی کوردی تێدا دووپات کراوەتەوە کە بەشێکە لە گەلی عێراق لە چوارچێوەی برایەتیی یەکێتیی نیشتمانیدا». ئەو لێدوانانەی دواتر لەلایەن عەبدولڕەحمان بەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە بڵاوکرایەوە، مایەی خۆشحاڵیی جەماوەری عێراق بوو کە ئاماژەیان بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد دەکرد، بەڵام بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان هەرگیز نابێتە بنچینەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. هۆکارگەلێکیش هەن، گەشبینیمان پێدەبەخشێ بەوەی، ئەگەر بێت و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە کوردستان ڕابگیرێ، ئەوا ئەم هەوڵە نوێیانەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدرێن، ڕەنگە ئاکامێکی ئەرێنیی هەبێت و ئامانجەکان بێننەدی.

خواستی یەکبوونی پتەوی نێوان ئەو هێزانەی بایەخ بە خەباتی دژی ئیمپریالیزم دەدەن، پرسێکی باوەڕپێکراوە لەلایەن سەرجەم دامودەزگا نیشتمانییە دیموکراتخوازەکان، نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازانی سەرجەم وڵاتانی جیهان بەدوای ڕێگەچارەیەک دەگەڕێن کە لەسەر بنەمایەکی هاوبەشی بەرهەڵستی کردنی ئیمپریالیزمدا بنیاتنرابێت. بەپێویستیشی نازانین لێرەدا ئاماژە بە هەموو ئەو کێشە ئاڵۆزانە بدەین کە لەمدواییەدا لە زۆربەی وڵاتاندا چارەسەرکراون یاخود بەڕێوەن بۆ چارەسەری یەکجارەکی کە هێندێکیان هیچی کەمتر نییە لە ئاڵۆزیی کێشەی کورد لە عێراق. هەڵبەت ئەم چارەسەرییانەش لەگەڵ بەرهەڵستیکردنی کۆنەپەرستاندا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەستی گەورە دەبنەوە. بەڵام بەرژەوەندییەکانی کۆنەپەرستان هیچ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراقەوە نییە، بە عەرەب و کوردیشەوە.

پێویستە شەڕی دژی کورد ڕابگیرێ. چونکە بەمە تەواوی گەلانی عێراقی لێ سوودمەند دەبن و سەرجەم دۆستانی دڵسۆزیش ئومێدی چارەسەرکردنی کێشەکان دەخوازن و هەمیشە ئامادەن بۆ درێژکردنی دەستی هاوکاری بۆ گەیشتن بە هەر چارەسەرێک کە ببێتە مایەی ڕەزامەنیی هەموو لایەک. ڕۆژێکیان لێژنەی تەنفیزیی یەکێتیی کۆمەڵەکانی خاچی سوور و مانگی سووری یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، لە سۆنگەی پەرۆشیی بۆ گەلانی عێراق و بۆ دەربڕینی هەستی مرۆییانەی گەلانی سۆڤیەت، داوای لە سەرۆکی حکومەتی عێراق کردووە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سەر کوردستان ڕابگرێ و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هەر هاوکارییەکی دارایی بۆ کوردی زیانلێکەوتووی ئەم شەڕانە. گەلانی سۆڤیەت کە لەچوارچێوەی کرداره کردەنییەکانیانەوە، هەڵوێستی دۆستانە و ڕاستگۆییانەی خۆیان لە ئاست گەلانی عێراقدا دەربڕیوە، هیواداره لە زووترین کاتدا شەڕ لە کوردستان ڕابگیری و چارەسەرێکی ئاشتییانە .. دیموکراسییانە .. دادوەرانە بۆ کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ڕابگەیەنرێت کە خواستی نیشتمانییانەی گەلی کوردی تێدا بەدیهاتبێت و خزمەت بە چەسپاندنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق بکات.

**یو. بۆتۆمۆف**

**«زاریا فۆتۆستۆکا» ١٩٦٦/٢/١٩**

**لەپێناو چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد**

**پاریــس. ١٨ی شــوبات. (تــاس).** «کۆمەڵــەی نێودەوڵەتــی لەپێنــاو لێبــوردن لــە زیندانیانــی سیاســی و ڕێزگرتــن لــە مافەکانــی مــرۆڤ لــە عێــراق» داوای دۆزینــەوەی ڕێگەچارەیەکــی کــردووە بــۆ چارەســەرکردنی ســەرجەم ئــەو کێشــە و گرفتانــەی نێــوان حکومەتــی عێــراق و گەلــی کــوردی کــردووە و بەڵێنــی داوە درێــژە بــە خەبــات بــدات بــۆ بەدەســتهێنانی لێبــوردن لــە ســەرجەم زیندانیانــی سیاســیی لــە عێــراق. ئــەم کۆمەڵەیــە لــە ڕۆژانــی ١٢ و ١٣ی شــوبات بــە بەشــداریی کۆمەڵــەی نێودەوڵەتیــی پارێزەرانــی دیموکراتخــواز و لێژنــەی فەرەنســی بــۆ داکۆکیکــردن لــە گەلانــی عێــراق و کۆمەڵــەی فەرەنســی بــۆ مافەکانــی مــرۆڤ، کۆنگرەیەکــی بەســت.

ئــەو بڕیــارەی لەلایــەن کۆمەڵــەی گشــتییەوە دەرچــوو ئامــاژە بــەوە دەدات: «لــە کوردســتانی عێــراق ٦٠٠ گونــد وێــران کــراون و بەروبوومــە کشــتوکاڵییەکان لەنــاودراون، بەســاڵاچووان و ژن و منداڵانــی بێتــاوان دەکوژرێــن، یاخــود برســی و ســەرمابردوو دەکرێــن، دەســەڵاتدارانی حکومەتــی عێــراق، مەرجــی زۆر تونــدی بەســەر دابەشــکردنی دەرمانــدا ســەپاندووە کــە زۆر پێویســتن بــۆ هاووڵاتیانــی ســڤیلی نەخــۆش. لەکاتێکــدا کۆمەڵــەی گشــتی ئــەم ڕێــکارە دڕندانەیــە ئیدانــە دەکات، بەپێــی جاڕنامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان، جەخــت لەســەر داننانیــان بــە مافــی گەلــی کــورددا دەنێــت». هەروەهــا بڕیــاری کۆمەڵەکــە ئامــاژە بــەوە دەدات: « ئێســتا پێنــج هــەزار زیندانیــی سیاســی لــە عێراقــدا هــەن کــە بەشــێکی زۆریــان ژن و منداڵــن و لــە ســادەترین بارودۆخــی مرۆییانــە بێبــەش کــراون ... ژمــارەی زۆری ئــەو ژنانــەش بەدەســت نەخۆشــییە کوشــندەکانەوە دەناڵێنــن، زەنگێکــی مەترســیدارە».

کۆمەڵەکــە داوا لــە ســەرجەم نیازپاکانــی جیهــان دەکات بەشــداری لــەو هەڵمەتــەدا بکــەن کــە لێژنــە نێودەوڵەتییەکــە دەســتپێکردووە بــۆ هێنانــە پێشــەوەی ئــەو ڕۆژەی دەرگای بەندیخانــەکان واڵادەکرێــن و ئاشــتی دەگەڕێتــە بــۆ کوردســتان.

**«نۆفۆی فریمیا» ژمارە: ٧، ١٩٦٦/٢/١١**

**کێشەی کوردی عێراق**

ڕۆژنامەکانی بەغدا دووپاتی دەکەنەوە لە بەهاری (١٩٦٥)ەوە بە کردەنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەستیپێکردووەتەوە. ڕۆژنامەی «الجمهورية»ی نزیک لە دەسەڵات، بڵاویکردووەتەوە: «ئێستا حکومەتی عێراق بە مافی خۆی دەزانێت باندە یاخیبووەکان لەناوبەرێت». شایانی باسە لە دوای ئەم بەروارەوە، سەرلەبەری ئەو دەستەواژانەی لەنێو بابەتە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهێنرێن، هەموو گۆڕاون، بۆنموونە: مەلا مستەفا بارزانی کە حکومەت ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی لەگەڵدا ئیمزا کردووە لە شوباتی ١٩٦٤، ئێستا لە ڕۆژنامەکاندا بە «ڕێگرە مەترسیدارەکە» ناودەبرێت و بە هێزەکانی پێشمەرگەش دەڵێن «باندەکان» و لایەنگرانیشی بە «یاخیبووان» ناوزەد دەکرێن.

قاسم وایدەزانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی سەرکردە خۆڕاگرەکانی کورد ئەنجامی دەدات، درێژە ناکێشێت، هەڵبەت ئاغا و دەرەبەگە کوردەکان ئەم بیرۆکەیەیان لە هزری قاسمدا چاندبوو، ئەوانەی زۆر دەمێکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەترسان و دژی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوکات دابەش بوونی ئەو هێزە دیموکراتخوازانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا چالاک بوون، هەڵمەتەکانی دژی کوردیان ئاسانتر کردبوو.

بەڵام کورد زۆر بە توندی بەرهەڵستیی هێزەکانی قاسمیان کرد. مستەفا بارزانی پێشتر بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندبوو، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا کاتێک سوپای حکومەتی عێراق دەستی بە هێرشەکانی کرد، ئەو تەنیا ٦٠٠ پێشمەرگەی هەبوو. بەڵام لە کاتی شەڕەکاندا، سوپا ڕزگاریخوازەکە لە مەفرەزە حزبییە بڵاوەکان دەرچوو و ئێستا بارەگا و ناوچە سەربازییەکانی لە تەواوی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و خاوەن سیستەمێکی پێوەندیکردن و هەواڵگریشە. هاوسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە عێراق و هەندەرانیشەوە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاریی دارایی و کۆمەکیان دەسپێکرد و بۆ هێزەکانی پێشمەرگەیان ڕەوان دەکرد.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٦/٣/١٧**

**ڕۆژنامەکانی تاران باس لە جووڵەی هێزەکانی ئاسمانیی عێراق دەکەن**

**پاریس، ١٥ی ئادار. (تاس).** پەیامنێری ئاژانسی فڕانس پرێس لە تاران ڕایدەگەیەنێت: حکومەتی ئێران لە ڕێگەی کەناڵە دیبلۆماسییەکانەوە پەیامێکی ناڕەزایی توندی بۆ حکومەتی عێراق ناردووە، بەهۆی بەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی سەر سنووری ئێران- عێراق بە گازی خنکێنەر و بەپێی ڕۆژنامە ئێرانییەکان دانیشتوانی گوندی سارداخ و بامیخ و چەمی کەراخ بەر ئەو گازە خنکێنەرە کەوتوون و لە یاداشتەکەدا هاتووە، لە ٤ی ئاداردا فڕۆکە عێراقییەکان ناوچە سنوورییەکانیان بە بۆمبی گازی خنکێنەر بۆردومان کردووە و بەهۆی جووڵەی باوە، گازەکە زیانی بە دانیشتوانی دیوی ئێرانیش گەیاندووە.

**«پراڤدا» ١٩٦٦/٣/١٨**

**بانگهێشتکردنی پێشمەرگە**

**نیویۆرک، ١٧ی ئادار، (تاس).** ئاژانسی یو بی ئای لە سەرچاوە ئاگادارەکانی بەیرووتەوە ڕایگەیاندووە: پێشمەرگەکانی کوردستان نامەیەکیان بۆ کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەب لە قاهیرە ناردووە و تێیدا داوای هاوکاریی وڵاتانی عەرەبی دەکەن بۆ سنووردانانێک بۆ ئەو شەڕ و کوشتارەی کوردستان و دەستپێکردنی دانوستان لەسەر بنەمای دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق.

نامەکەی پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەو دەنگۆیانەشی بەدرۆخستووەتەوە کە گوایە پێشمەرگە هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەدات، دەگوترێت دانەیەکی دەقاودەقی ئەم نامەیە پێشتر بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیش نێردراوە و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بنێرێتە کوردستان و لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵکوژییە بکات کە سوپای حکومەتی عێراق دەرهەق هاووڵاتیانی کوردستانی ئەنجامداوە، هەروەها نامەکە، ناڕەزایی دەربڕینیشی تێدایە دژی هێزەکانی سوپای عێراق لەوەی کە گازی ژەهراویی دژی گوندنشینانی کوردستان بەکارهێناوە.

**تاران. ١٧ی ئادار. (تاس).**

ڕۆژنامەکانــی ئێــران بڵاویــان کردووەتــەوە، هێزەکانــی ســوپای عێــراق، لــە هەوڵــی لەناوبردنــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد، گازی ژەهراویــی لــە ناوچــە ســنوورییەکانی ئێــران - عێــراق بەکارهێنــاوە و بەپێــی ئــەو ڕاپۆرتانــەی لــە تارانــەوە گەیشــتوون و ڕۆژنامــەی «تــاران جۆرنــاڵ»، ئامــاژە بــەوە دەدەن لەســەرەتای ئــەم مانگــەدا بــۆ یەکەمیــن جــار گازی ژەهــراوی بەکارهێــنراوە و بووەتــە هــۆی زیانگەیانــدن بــە دانیشــتوانی نزیــک ســنوورەکان.

ڕۆژنامــەی «کەیهــان»ی نێودەوڵەتیــش دووپاتیکردووەتــەوە کــە ژمارەیەکــی زۆری دانیشــتوان لــە ئاکامــی ئــەم بۆردومانانــەدا زەرەرمەنــد بوونــە. هەروەهــا ڕۆژنامــەکان ئەوەشــیان ڕوون کردووەتــەوە کــە حکومەتــی ئێــران، بــۆ بەهاناوەچوونــی بەرکەوتــووان، فریاگــوزاری و تیمــە پزیشــکییەکانی ڕەوانــەی ناوچــە ســنوورییەکان کــردووە.

**«پراڤدا» ١٩٦٦/٦/٢٦**

**نوێنەرانی کورد لە بەغدا**

قاهیــرە، ٢٥ی حوزەیــران (پەیامنێــری تایبــەت) دوێنــی ڕادیــۆی بەغــدا بڵاویکردووەتەوە، ڕابــەری کــورد مســتەفا بارزانــی بــە مەرجەکانــی چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد ڕازیبــووە کــە حکومەتــی عێــراق پێشــنیازی کردبــوون.

ڕۆژنامەکانــی بەغــداش نووســیویانە شــاندێکی کــورد، نامەیەکــی بارزانییــان گەیاندووەتــە ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق. ســەرۆک عارفیــش لــە لێدوانێکیــدا پێوەندیــی برایەتیــی عــەرەب و کــوردی دووپــات کردووەتــەوە و هیــوای خواســتووە ئــەم پێوەندییــە ببێتــە هــۆی بەیەکــەوە بەســتنەوەی عێراقییــەکان، هەروەهــا ئامــاژەی بەوەشــداوە سیاســەتی داهاتــووی حکومــەت لەپێنــاو پەرەســەندنی پلانــی بەجێیــە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی کوردســتان.

بــەزاز، هەفتــەی ڕابــردووش داوای ئاشــتیی کــردووە و ڕایگەیانــدووە، حکومــەت ئامادەیە خواســتەکانی گەلــی کــورد لــە بەدیهێنانــی مافــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان لــە ســایەی سیســتمێکی لامەرکەزیــدا بەدیبێنێــت.

**«نۆڤۆی فریمیا» ژمارە: ٢٨ی ١٩٦٦/٧/٨**

**ڕووداوەکانی عێراق و کێشەی کورد**

ڕاگەیەنراوەکـــەی حکومەتـــی بەغـــدا کاردانەوەیەکـــی جەماوەرییانـــەی ئەرێنیـــی لێکەوتووەتـــەوە و ڕابـــەری بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی گەلـــی کـــورد مســـتەفا بارزانـــی برووسـکەیەکی بـۆ بەغـدا نـاردووە و تێیـدا هاتـووە: «مـن ڕاسـتگۆیانە ڕازیـم لەسـەر ئـــەو دەقـــەی عەبدولڕەحـــمان بـــەزاز، ســـەرۆک وەزیـــران ســـەبارەت بـــە سیاســـەتی حکومــەت لــە کوردســتاندا بڵاویکردووەتــەوە». .... بارزانــی ڕایگەیانــدووە: «بەرنامــە ڕاگەیەنراوەکـــەی بـــەزاز خواســـتی ســـەرجەم دانیشـــتوانی عێـــراق دێنێتـــەدی، بـــە عــەرەب و کوردیشــەوە، لــە بەدیهێنانــی خواســتەکانی وڵات لــە ئاشــتییەکی برایانــە و گەشەســەندن و یەکێتیــی نیشــتمانی». دواتــر حکومەتــی نوێــی عێــراق پێوەندیــی بــە نوێنەرانــی کــوردەوە کــردووە و گفتگــۆ و ڕاگۆڕینــەوە دەســتپێکرد. لــە ناوەڕاســتی مانگــی حوزەیــران، ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق لــە شاشــەکانی تەلەفزیۆنــەوە گوتبــووی: کێشــەی کوردســتان تەنیــا بــە داننــان بــە تــەواوی مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد نەبــێ، بـە هیچـی دیکـە چارەسـەر ناکرێـت و عێـراق نیشـتمانی عـەرەب و کوردیشـە و ڕێبـازی ئاشـتییانە، لەبارتریـن ئامـرازە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان. شۆڕشـگێڕانی کوردیـش بـە ڕابەرایەتیــی مســتەفا بارزانــی، بەدەنــگ بانگەشــەکەی حکومەتــی بەغــداوە هاتــن و دوای زنجیــرە پێوەندییــەک، دانوســتانی نێــوان نوێنەرانــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلـــی کـــورد و حکومەتـــی عێـــراق دەســـتپێکرد. لـــە ٢٩ی حوزەیرانیشـــدا ســـەرۆک وەزیرانــی عێــراق، پڕۆژەیەکــی بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد ڕاگەیانــد و لەلایــەن کــوردەوە پێشــوازییەکی گەرمــی لێکــرا.

**ف. سیف ئەمڵۆلیۆکۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٦/٧/٦**

**بۆ بەرژەوەندیی گەلی عێراق**

ڕاپۆرتەکانی لە بەغداوە دەگەن، ئاماژە بەوە دەدەن ئێستا پەرەپێدانی پرۆژەیەک لەئارادایە بۆ سنووردانان بۆ ئەو شەڕەی لەنێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی برا بەرپابووە و سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداوە ڕایگەیاندووە، حکومەتی عێراق ئامادەیە بە فەرمی دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنێت و ئەم داننانە ڕەنگدانەوەشی دەبێت لەنێو ئەو دەستوورەی کە خەریکی داڕشتنین، هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی داهاتووی عێراقیشدا. بەپێی ئەو بەرنامەیەی حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە لە ١٢ خاڵ پێکدێت، لامەرکەزییەت لە حوکمی ئیدارەداندا جێبەجێ دەکرێت ... فەرمانبەرانی کورد لە پارێزگا کوردییەکاندا دادەمەزرێن ... کورد نوێنەری لە پەرلەمان و حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت، بە ڕادەیەک کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیان بگونجێت ... قوتابیانی کورد مافی خوێندنیان بە زمانی دایک دەبێت و زمانی کوردی لە فەرمانگەکانیشدا بەکاردەهێنرێت.

کوردی عێراق کە چوار یەکی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، ساڵانێکە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دەجەنگن، چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد بە بەردەوام کۆسپ و تەگەرەی خراوەتە بەردم، ئەوانەی کۆسپ و تەگەرەکانیش دەخوڵقێنن، پێش هەموویان، ئیمپریالیستەکانن کە هەوڵی بەردەوامبوونی شەڕ و کوشتاری هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی برا دەدەن لەپێناو لاوازکردنی یەکێتیی گەلانی عێراق کە بەرهەڵستکاری ئیمپریالیزمن، لە بەغداشدا تاقم و تیمێک هەن داوای سەرکوتکردنی خەباتی کورد دەکەن کە لەپێناو مافەکانیان خەبات دەکەن. لەنێو خودی کوردیشدا کەسانێکی توندڕەو هەن کار بۆ بەردەوامبوونی ئەو شەڕە دەکەن. دەستپێشخەرییە ئاشتییانەکەی حکومەتی عێراقیان ڕەت کردەوە و داواکاریی نابەجێیان پێشکەش حکومەت کرد. بەدیهێنانی مافەکانی کورد بەو شتانە نایەتەدی کە لە ئێستادا دەیانەوێ بیسەلمێنن.

ئەو سیاسەتە داگیرکارییانەی لەسەر پرەنسیپی «پەرتکە و زاڵبە» بنیاتنراوە، شتێکی نوێ نییە، ئیمپریالیستەکان لە هەموو ئەو شوێنانەدا پەنای بۆ دەبەن کاتێک کە بچووکترین دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ. نموونەی عێراق، قەبارەی ئەو کارەساتە مەزنە دەردەخات کە دووچاری گەلان دەبنەوە.

جەنگی کوردستان، بارێکی قورس بوو بۆ سەر بودجەی دەوڵەت و ئابووریی عێراقی ماندوو کرد و بەربەستی خستەبەردەم پێشکەوتنی وڵات و عێراقی بەرەو ناسەمگیری بردووە.

هەمـوو ئەمانـە دەرفەتـی بـۆ ئیمپریالیسـتەکان ڕەخسـاند گوشـار بخاتـە سـەر عێـراق و سـەربەخۆییەکەی لاواز بـکات، بۆیـە ئیمپریالیسـتەکان بـە درێژایـی شـەڕی دژی کـورد، بەنزینیـان بەسـەر ئـەو ئاگـرەدا دەکـرد.

لـەم شـەڕە خوێناوییانـەی کوردسـتاندا نزیکـەی ٢٠ هـەزار کـورد کـوژران کـە بەشـێکی زۆریـان ژن و منـداڵ بـوون. گەلـی عەرەبـی عێراقیـش قوربانیـی زۆریـان دا و سـەدان ڕۆڵەیـان لەشـەڕی براکوژیـدا لەدەسـتدا.

بە بەرقەرار بوونی ئاشتی لە کوردستان، بەرژەوەندییەکانی تەواوی دانیشتوانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە بەدیدێنێت. دۆستانی دڵسۆزی عێراق، بەو وەرچەرخانە ڕاستەقینەیەی بەرەو چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد پێشهاتووە، دڵخۆشن.

**ئانا بۆگودینا**

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٦/٧/١١**

**گەڕانەوەی ئارامی بۆ بەغدا**

سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق لـە لێدوانەکـەی ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانیـدا کـە سـەبارەت بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی عێـراق لـە کوردسـتان بـوو، گوتـی: «دەمـەوێ ئـەو کارەسـاتانەتان بیربهێنمـەوە بـە درێژایـی پێنـج سـاڵ عێراقـی تێـدا دەژیـا، ژیانـی هـەزاران کەسـی وێـران کـرد و هـەزاران بێـوەژن و هەتیـو و کەمدەرامەتـی لێکەوتـەوە، یـەک ملیـۆن دیناریـش کـە لەپێنـاو پەرەپێـدان و بنیاتنانـی شـەڕی براکوژیـدا بەفیـڕۆ درا، بۆیـە پێویسـتە بەجیـددی بیـر لـە چارەسـەرێک بـۆ ئـەم کێشـەیە بکرێتـەوە بـۆ بەرقەرارکردنـی ئاشـتی و ئارامـی لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا، تاکـو تـەواوی هاووڵاتیـان بـە جیـاوازی نەتـەوە و بیروباوەڕیـان پێـی ئاسـوودەبن».

لـــەم بارودۆخـــەدا بڕیـــاری حکومەتـــی بـــەزاز بـــۆ دۆزینـــەوەی چارەســـەرێکی ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی گەلـی کـورد، بـە هەنگاوێکـی ئەرێنـی هەژمـار دەکرێـت بـۆ

گوزارشـــتکردن لــە هەوڵەکانــی حکومــەت، ئــەو بەرنامــە ١٢ خاڵییــە ڕاگەیەنــرا کــە ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق بــۆ ئاســاییکردنەوەی دۆخــی کوردســتان، باســی دەکــرد. بەرنامەکــەی حکومــەت، ئــەوە دێنــی، ئامــاژە بــە چەنــد خاڵێکــی ســەرەکیی بدەیــن: ســەرەتا، حکومــەت بــە تــەواوی دان بــە نەتــەوەی کــورد و مافــە نەتەوەییەکانــی دابنێــت لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی یەکگرتــوودا کــە هــەردوو نەتــەوەی عــەرەب و کــورد یەکدەخــات، پێویســتە عــەرەب و کــورد، لــە مــاف و ئەرکــدا یەکســان بــن، بــۆ چەســپاندنی ئــەم مافانــە، حکومــەت یاســای هەرێــم لەســەر بنەمــای لامەرکەزییــەت دادەڕێژێــت. ئەمــەش مانــای ئەوەیــە لــە ســەرجەم پارێــزگا و لیواکانــی عێــراق، بــە پارێـزگا و لیواکانـی کوردستانیشـەوە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن، ئەنجوومەنێکـی خۆجێـی هەڵبژێـردراو دامەزرێـت کـە لـە پـەروەردە و فێرکـردن و تەندروسـتی و پرسـە خۆجێیــی و شــارەوانییەکاندا بەرپرســن. هەروەهــا حکومــەت دان بــە زمانــی کوردیــدا دەنێــت، پێویســتە لەپــاڵ زمانــی عەرەبیــدا بــە زمانــی فەرمیــی دووەمــی وڵات هەژمــار بکرێــت و لــەو ناوچانــەی زۆرینــەی دانیشــتوانیان کــوردن، لــە نــووسراوە فەرمییەکانــدا بەکاربهێنرێــت، هەروەهــا بەڵێــن بــە کــورد دراوە ژمارەیــەک کورســیی پەرلەمانــی عێــراق بــۆ کــورد تەرخــان بکرێــت کــە لەگــەڵ ڕێــژەی دانیشــتوانیان بگونجێــت، دواجــار نوێنەرایەتییــان لــە ســەرجەم دامــودەزگا حکومییەکانــی دەوڵەتــی عێراقــدا هەبێــت و چەنــد وەزارەتێکیشــیان پێبدرێــت.

ئــا ئەمەیــە برگــە ســەرەکییەکانی ئــەو بەرنامــە حکومییــەی کــە ئەگــەر بێــت و جێبەجــێ بکرێــت، تــا ڕادەیەکــی زۆر ڕێخۆشــکەر دەبێــت و دەبێتــە مایــەی ڕەخســاندنی هەلــی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد. پێــش ڕاگەیاندنــی خاڵەکانــی بەرنامــە حکومییەکــە، پێوەندییەکانــی نێــوان حکومــەت و نوێنەرانــی کــورد بەچــڕی دەســتپێکردبوو، شــاندێکی چــوار کەســیی نوێنەرانــی کــورد گەیشــتە بەغــدا کــە هێندێکیــان کەســایەتیی دیــاری نێــو پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــوون و دەســتیان بــە دانوســـتانی دووقۆڵــی کــرد لەگــەڵ ســەرۆک عــارف و بــەزازی ســەرۆک وەزیــران. ئینجــا قۆناغــی ئاڵوگۆڕکردنــی نامەکانــی ڕابــەری کــورد مســتەفا بارزانــی و ســەرکردەکانی حکومەتــی عێــراق دەســتپێکرد، هەرچەنــد دەقــی نامەکانــی بارزانــی

لــە ڕۆژنامــە فەرمییەکانــی بەغــدا بڵاونەدەکرانــەوە، بــەڵام چەنــد بڕگەیەکیــان بڵاوکردووەتــەوە کــە بارزانــی تێیــدا پێشــوازیی لــە دەستپێشــخەرییەکانی ســەرکردە عێراقییــەکان کــردووە لــە دۆزینــەوەی چارەســەرێکی دادپەروەرانــە بــۆ کێشــەی کــورد. هەڵبــەت ئەمانــەی لەپێشــەوەدا ڕوونکرانــەوە، تەنیــا هەنــگاوە بەراییەکانــی چارەســەرییەکە بــوو. هێشــتا دانوســتانەکانی نێــوان حکومەتــی بەغــدا و نوێنەرانــی کــورد تــەواو نەببــوو، ڕۆژنامــەکان باســیان لــە وەڵامێکــی گونجــاوی نامەکانــی بارزانــی دەکــرد، بــە فەرمیــش حکومەتــی عێــراق هێشــتا ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانی لــە کوردســتان ڕانەگرتبــوو، بــەڵام نێوەنــدە ئــاگادارەکان ئامــاژە بــەوە دەدەن کــە لــە ٢٩ی حوزەیرانــەوە ئاگربەســت بــە کردەنــی خراوەتــە واری جێبەجێکردنــەوە و تــەواوی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان لــە کوردســتان ڕاگیــراون.

هــەژی گوتنــە لــە مــاوەی ئــەو دوو هەفتەیــەی ڕابــردوودا، ڕۆژنامــەکان دەســتەواژەی بەکارهاتووەکانــی نێــو بابەتەکانیــان ســەبارەت بــە کــورد، بــە تــەواوی گــۆڕی کــە هەتاکــو ئــەم نزیکانــە پێیاندەگوتــرا «یاخیبــووان» و «جوداخــوازان».

ڕێکارەکانــی حکومەتەکــەی بــەزاز بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد، پشــتگیرییەکی تــەواوی گەلانــی عێراقــی لێدەکرێــت کــە لــەو شــەڕە بێهوودەیــە و براکوژییــەدا ماندووببــوو. لــە ئێســتادا ڕوو لــە هــەر کونجێکــی بەغــدا دەکــەی، دانیشــتوانی ئاســایی بەغــدا، ســەرکردەکان، سیاســەتوانان، ســەربازان و هاموشــۆکارانی قاوەخانــە و یانەکانــی بەغــدا، بــاس هــەر باســی ڕێککەوتنەکەیــە. ئاســاییکردنەوەی بارودۆخــی کوردســتان و گەڕانــەوە بــۆ ژیانێکــی نوێــی پەرلەمانــی کــە لــەم چەنــد مانگــەی ئــەم دواییــەدا بــە بــەردەوام حکومــەت جەختــی لەســەر دەکــردەوە، وڵات ســەقامگیر دەکات و ئارامــی بــاڵ بەســەر هەمــوو کونجێکــی وڵاتــدا دەکێشــێ، بۆئــەوەی بەرەکــەش لەبــن پێــی هێــزە ئیمپریالیســتییەکاندا دەربێنــێ کــە بــۆ بەرژەوەندیــی خۆیــان، هەوڵــی ئیســتغلال کردنــی ناســەقامگیریی عێــراق دەدات.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٦/٧/١٢**

**لەسەر مێزی دانوستاندا**

**بەیـرووت، ١٢ی تەمـووز (تـاس).** ئێسـتگەی بەغـدا نامەیەکـی لـە ئاژانسـی هەواڵـی عێـراق **INA** دەربـارەی ڕازیبوونـی ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانـی، لەسـەر بەرنامـە حکومییەکـەی بـەزاز بڵاوکردووەتـەوە کـە لـە دوانـزە خـاڵ پێکهاتبـوو وەک بنەمایـەک بـۆ چارەسـەرکردنی دۆخـە ئاڵۆزەکـەی کوردسـتان، ئێسـتا نوێنەرانـی حکومەتـی بەغـدا و نوێنەرانـی کـورد لـە ڕوانـدز کـە ناوچەیەکـە دەکەوێتـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق سـەبارەت بـە چۆنیەتیـی جێبەجێکردنـی بەرنامەکـەی حکومـەت کۆبوونەتـەوە  و دەسـتیان بـە دانوسـتان کـردووە.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٦/٧/١٧**

**چارەسەرەکە دۆزرایەوە**

هەمـوو ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانـی بەغـدا، دیمانەیەکـی پەیامنێـری ئاژانسـی هەواڵەکانـی عێراقیـان لەگـەڵ ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد مسـتەفا بارزانـی، بڵاوکردووەتـەوە. بابەتـی سـەرەکیی دیمانەکـە، ئـەو بەرنامەیـەی حکومەتـی بەغـدا بـوو کـە بـەم دواییـە بـۆ چارەسـەرکردنێکی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد خسـتبوویەڕوو.

مسـتەفا بارزانـی پێشـوازیی لـە بەرنامەکـە کردبـوو و گوتبـووی: فەرمانـم دەکـردووە سـەرجەم ئەو چەکە قورسـانەی هێزەکانی پێشـمەرگە لە شـەڕەکانیاندا لەگەڵ سـوپای عێراق دەسـتیانکەوتبوو، ڕادەسـت بکەنەوە و تەواوی بەندکراوانیش ئازاد بکرێن. هەروەها بارزانی دەڵێـت: فەرماندەیـی هێزەکانـی پێشـمەرگەش هەمـوو ڕێکارێکـی پێویسـتیان گرتووەتەبـەر بـۆ ڕێگریکـردن لـە ڕوودانـی هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی چەکداری لەگـەڵ هێزەکانـی سـوپای عێراقـدا و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، دووپاتی کردبووەوە ئـەو هەرگیز داوای جودابوونـەوەی کوردسـتانی لـە عێراق نەکـردووە و نایکات، کورد هەمیشـە داکۆکییان لـە ئاشـتی کـردووە و ئێسـتا بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێک بـۆ کێشـەکە ئەگەرێکـی بەهێـز هاتووەتـە پێـش، چونکـە حکومەتـی ئێسـتا تێگەیشـتنی بـۆ کێشـەی کـورد هەیـە. بارزانـی

جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە: «ئەگەر بەرنامەکەی حکومەت جێبەجێ کرا، هەموو ئەو شتانەمان دەست دەکەوێت کە بزووتنەوەکەمان لە پێناویدا خەباتی دەکرد».

سەبارەت بە پرسیارێکی پەیامنێری ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق، دەربارەی پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی دیکەی وڵات، بارزانی گوتی: من پێمباشە پەرە بە ژیانی دیموکراسییانەی پەرلەمانی بدرێت لە عێراق کە دەبێتە بناغەی بنیاتنانی پێوەندیی زیاتر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

خودی پەیامنێری ئاژانسی ناوبراو، دەنووسێت: پاش دیمانەیەکی درێژخایەن (چوار کاتژمێری خایاندبوو) بڕوایەکی پتەوی لەلا گەڵاڵە بووە کە بارزانی بەڕاستی دەیەوێت ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکانی کوردستان کۆتایی پێبێت، تاکو عەرەب و کورد بتوانن بە ئاشتییانە وەک برا پێکەوە بژین.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٦٦/٧/١٤**

**لە بەرژەوەندیی عەرەب و کورددا**

شەڕ و کوشتاری نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە وەستاوە. کۆتاییهێنان بەو شەڕەی نێوان هەردوو گەلی برا دەڕژێتە خانەی بەرژەوەندییە قووڵەکانی نیشتمانیی ئەو دوو گەلەی کە لە نیشتمانێکی هاوبەشدا وەک برا بەیەکەوە دەژین. لێدوانی سەرکردە دیارەکانی هەردوولا، ویستی هاوبەشی لایەنەکان بۆ زامنکردنی یەکێتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای دیموکراسییانە دووپات دەکەنەوە. عەبدولڕەحمان بەزاز، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق، لەم دواییەدا ڕایگەیاندبوو: بەرنامە دوانزە خاڵییەکەی حکومەتی عێراق، دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەنێت.

چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد و ویستی هاوبەشی ڕاستگۆیانەی لایەنەکان، پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە لەلایەن گەلانی وڵاتانی عەرەبی و هەر کەسێک ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگرێت و خەمخۆری چەسپاندنی دیموکراسییەت و ئاشتیی عێراقە.

بۆچـی پرسـی ئاشـتی زۆری خایانـد و ئـەو هەمـوو خوێنـە لەپێنـاو چیـدا ڕژا پێـش ئـەوەی چارەسـەرێک بـۆ کێشـەکە لەسـەر بنەمایەکـی ڕیالیزمانـە دابنرێـت؟

هەڵگرانـی دروشـمی «جەنـگ تاکـو کۆتاییـە تاڵەکـە» و کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆ، کێشـەکەیان گەورەتـر کـردووە و بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد گوایـە کـورد لەپێنـاو جوداکردنـەوەی کوردسـتان لـە عێـراق دەجەنگـن. ئەمانـە لەلایـەن ئیمپریالیستەکانیشـەوە پشـتگیری دەکـران کـە لـە چەسـپاندنی سـەربەخۆیی ئابـووری و سیاسـیی عێراقدا دەترسـان زیـان بـە بەرژەوەندییەکانـی کۆمپانیـا بیانییـەکان بگەیەنێـت کـە لـە عێراقـدا کاردەکـەن. هەوڵەکانـی کودەتاکـەی ئـەم دواییـەی عێـراق ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ئـەم هێزانـە دەسـتبەرداری ئـەو پیلانانەیـان نابـن کـە مەبەسـتیان لێدانـی عێـراق و بەرهەڵسـتیکردنی خواسـتی عێراقییەکانـە لـە پێشـکەوتندا.

ناشـتوانین ئـەو ڕاسـتییە پشـتگوێ بخەیـن کـە چەنـد ئەندامێکـی تونـدڕەوی نێـو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـش کـە لەنێـو بزووتنەوەکـەدا سـەنگێکی ئەوتۆیـان نییـە، داوای جودابوونـەوە دەکـەن و نایانەوێـت هەوڵەکانـی حکومـەت لـە دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد بەرچاوبگـرن.

بێگومان ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنە سـەربازییەکان، هێشـتا کێشـەکەی چارەسـەر نەکردووە و ئـەو ئاکامـە مەترسـیدارانەی شـەڕی چەنـد سـاڵەی لەناونەبردووە، پێویسـتە لـە ئایندەیەکی نزیکـدا گونـدە وێرانکـراوەکان نـۆژەن و ئـاوەدان بکرێنـەوە و قەرەبـووی گوندنشـینە زیانلێکەوتـووەکان بکرێتـەوە، ئۆتۆنۆمییەکـی دامـەزراو لەسـەر بنەمـای دانـان بـە مافـە نەتەوەییـەکان بەدیبێنـن و چەنـد کێشـەیەکی لاوەکیـش چارەسـەر بکرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیـارە لـە ئایندەیەکی نزیکدا شـاندێکی حکومەت سـەردانی کوردسـتان بکات.

بارزانی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسـی هەواڵەکانی عێراق، ڕایگەیاندووە کە: «جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکـە لەسـەر ئـەرزی واقیعدا گرنگـە» و «ئەگەر ئـەم ڕێککەوتننامەیە بە تەواوی جێبەجێکرا، لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشـەکەماندا هاوتا دەبێت».

چارەسـەرکردنی یەکجارەکیـی کێشـەی کـورد ئاسـۆیەکی فـراوان لەبـەردەم گەلانـی عێراقـدا والا دەکات بـۆ پتەوکردنـی سـەربەخۆیی و یەکێتییەکـەی و پەرەپێـدان لەسـەر

ڕێبـازی دیموکراسـییەت و پێشـکەوتندا. لەبەرژەوەندیـی گەلانی عێراقیشـدایە واڵاکردنەوەی ئـەم ئاسـۆیانە بقۆزنـەوە و ڕێگـری بکـەن لـە هەوڵەکانـی کۆنەپەرسـتان و ئیمپریالیـزم.

**ئا. گاریشێف**

**«لیتراتۆرنایا گازێتا» ١٩٧٧/٧/٢٨**

**ڕابردوو و ئێستا**

پرۆفیسـۆر عەبدولڕەحـمان بـەزاز سـەرۆک وەزیرانـی کۆمـاری عێـراق بـە داوەتێکـی فەرمـی گەیشـتە یەکێتیـی سـۆڤیەت، حکومەتـی عێـراق، ڕێـکاری تونـدی گرتووەتەبـەر بـۆ بوژانـەوەی ئابـووری و پتەوکردنـی پێوەندییەکانـی لەگـەڵ وڵاتانـی دۆسـتدا.

لـەم دواییـەدا حکومەتـی بـەزاز بەرنامەیەکـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد ئاشـکرا کـردووە کـە سـاڵانێکی زۆرە بارێکـی قوڕسـی خسـتووەتە سـەر ئەسـتۆی حکومـەت و دواتر دەقـی نووسـینێکی تایبـەت سـەبارەت بـەم کێشـە زۆر گرنگـەی عێـراق بڵاودەکەینەوە.

پیانۆکـە لەبـان سـەرە عەمامەدارەکـەدا هەڵبـەز و دابـەز دەکات و زۆر لەسـەرخۆ بەنێـو حەشـاماتەکەدا گـوزەر دەکات. پیاوێـک لەژێـر بارێکـی قورسـدا چەماوەتـەوە و بارەکـە بـە پێشـتێنێک بـە پشـتییەوە بەسـتراوەتەوە. تەنانـەت پێـش ئـەوەی پشـتی ڕاسـت بکاتـەوە و جامانـە شـینەکەی ڕێکبخاتـەوە کـە جێگـەی سەرپۆشـەکەی بـۆ گرتوەتـەوە، بـە دەنگێکـی گـڕەوە داوای کرێیەکـەی دەکات. ئەمـە کـوردە، دوای ئـەوەی هـەژاری و چەوساندنەوە لـە چیـاکان دەریانکـردووە، بـۆ کاسـبیکردن ڕووی لـە شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کـردووە، ناوبانگـی بەهێزییەکـەی دەنگیداوەتـەوە و نموونـەی پێدەهێننـەوە. زۆربـەی هـەرە زۆری حەماڵەکانـی نێـو بازاڕەکانـی سـوێس تـا دەگاتـە دەریـای ڕەش، کـوردن.

ئەفسـانەی زۆر لەبـارەی ڕەچەڵەکـی ئـەم گەلـە هۆنراوەتـەوە ... یەکێـک لەو ئەفسـانانە دەڵێـت: کاتـی خـۆی مەلیـک سـولەیمان ٥٠٠ جەنـگاوەری ناردووەتـە ئەوروپـا بۆئـەوەی ٥٠٠ ئافرەتـی جـوان بـۆ خێزانەکـەی بێننـەوە. جـا کـە سـەربازەکان دەگەڕێنـەوە ماڵەکانـی خۆیـان، بـە مردنـی مەلیـک دەزاننـەوە. دیلـەکان دەبەنـە چیـاکان و خۆشـیان لەگەڵیانـدا دەمێننـەوە، دەڵێـن کـورد لەمانـە بوونەتـەوە و نـەوەی ئەوانـن.

دەمـەوێ بـڕوا بـەم ئەفسـانەیە بێنـم کـە بـاس لـە ڕەچەڵەکـی کـورد دەکات. چونکـە لـەم ئەفسـانەیەوە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەم دەسـت بکەوێـت: بۆچـی کـورد نـە بـە عـەرەب، نـە بـە فـارس و نـە بـە تورکیـش دەچـن کـە لەنێویانـدا دەژیـن؟ ئـەم چـاوە شـینانەی زۆربـەی کـورد لـە کوێـوە هاتـووە؟ بۆچـی ئافرەتیـان هێنـدە جوانـن و پیاوانیـان بـە ئازایەتـی بەناوبانگـن؟

بەهەرحـاڵ، مەسـەلەکە لـە ئەفسـانەکەدا نییـە، بەڵکـو هەقیقەتـی ئـەو حکومەتانەیـە کـە هەمیشـە کوردیـان چەوسـاندووەتەوە، سـیفەتی دڵپاکـی کوردیـان قۆزتووەتـەوە بـۆ بەسـەربازیکردنیان، ئەرسـتۆکراتە عەرەبـەکان هاوسـەرگیریی لەگـەڵ ئافرەتانـی کـورددا کـردووە، زۆرینـەی کـورد پلـەو پایـەی زۆر باڵایـان لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا بەدەسـتهێناوە، ڕۆڵـی گرنگیـان لـە ئیـدارەدان و هێزەکانـی سـوپا و سیاسـەتدا گێـڕاوە. سـوڵتانی بەناوبانگـی میسر، سـەڵاحەدینی ئەیوبـی، دامەزرێنـەری شانشـینی ئەیوبییـەکان کـورد بـووە کـە بـە سـەرکەوتنی بەسـەر خاچپەرسـتەکاندا بەناوبانگـە.

دیاریکردنـی ژمـارەی ئێسـتای کـورد هێنـدە ئاسـان نییە، دەگوترێـت ژمارەیـان نزیکەی ٩ ملیۆنـە و لـە عێـراق، ئێـران، تورکیـا و چەنـد وڵاتێکی دیکـەدا دەژیـن. لە عێـراق دوو ملیۆن کـورد هەیـە کـە دەکاتـە چوار یەکی کـۆی ژمارەی دانیشـتوانی عێـراق و زۆربەیـان لە ناوچە شـاخاوییەکانی باکـووری وڵاتـدا دەژین کـە کۆگایەکی دەوڵەمەندی سـامانی نەوتیشـە.

لـە عێراقـدا، کـورد ناکۆکیـی لەگـەڵ نەتـەوەی عەربـدا نەبـووە، بگـرە خـۆی بە بەشـێکی گەلانـی عێراقـی یەکگرتـوو دانـاوە. هاوشـانی عەرەبەکانـی عێـراق دژی داگیرکارانـی تـورک جەنـگاون، بە هەمان شـێوە لەگـەڵ بەریتانییەکانیش جەنگاون، پارتی دیموکراتی کوردسـتان چالاکانە بەشـداریی لە شۆڕشـەکەی سـاڵی ١٩٥٨ کردووە کە ڕژێمی کۆنەپەرسـتی پاشایەتیی ڕووخانـدووە کـە مۆڵگـەی سـەرەکیی ئیمپریالیسـتەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوین بووە.

هەمـوو جارێکیـش کـە خەباتیـان لەپێنـاو سـەربەخۆیی عێراقـدا کـردووە، هـاوکات کاریـان لەپێنـاو خواسـتە نەتەوەییەکانـی کوردیـش کـردووە. چەندیـن سـەدە، کـورد گەلێکی چەوسـاوە بـوو، لـە مافـی کلتـووری نەتەوەیـی بێبـەش کرابـوون و نەیاندەتوانـی منداڵانیان بـە زمانـی کـوردی فێربکـەن، لـە دامـەزراوە حکومییەکانیشـدا نوێنەریـان نەبـووە.

لــە گێژەنــی شۆڕشــی ١٩٥٨داترووســکاییەکی هیــوا بــۆ گۆڕینــی ڕەوشــی کــورد بەدەرکــەوت. ئــەو بەندکــراوە کــوردەی لــە ســەردەمی نــووری ســەعیددا دەســتگیر کرابــوون، ئازادکــران و ڕاگوێــزراوان گەڕانــەوە ســەر مــاڵ و حاڵــی خۆیــان. مســتەفا بارزانــی لــە ئاوارەیــی گەڕایــەوە و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە حەشــارگەکەیدا هاتــەدەرەوە و دەســتی بــە بڵاوکردنــەوەی ڕۆژنامــەی «خەبــات» کــرد.

بەشـی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی لـە زانکـۆی بەغـدا کرایـەوە و پێشـەنگی قوتابخانـە کوردییــەکان لــە کوردســتان کرانــەوە و دەســت بــە بڵاوکردنــەوەی ئەدەبیاتــی کــوردی کــرا. لــە کاتــی ســەردانەکەم بــۆ عێــراق لــە ســاڵی ١٩٥٩، لەیادمــە لــە دەوروبــەری بەغـدا بەشـداریم لـە گەشـتێکی قوتابیانـدا کـرد کـە بـۆ یەکێـک لـە کێڵگـە کشـتوکاڵییە حکومییــەکان ڕێکخرابــوو. ژمارەیەکــی زۆری قوتابیــان کــورد بــوون، بــە حەماســەتەوە باسـیان لـە سـەردەمی نوێـی وڵات دەکـرد ...

قاسـم، سـەرۆکی ئەوسـای عێـراق کـە بـەرەو کۆنەپەرسـتی هەنـگاوی دەنـا، هـاوکات بــوو لەگــەڵ هێرشــکردنە ســەر ڕێکخــراوە پێشــکەوتنحوازەکان و چەوســاندنەوەی ســەرکردە و چالاکوانیــان. سیاســەتی قاســم لــە ئاســت کێشــەی کوردیشــدا گــۆڕا و جارێکـی دیکـە چەوسـانەوە، هـەروەک چـۆن لـە سـایەی ڕژێمـی نـووری سەعیدیشـدا دەچەوســانەوە و هەوڵــی ســەرکوتکردنیان دەدرا، بۆیــە دووبــارە شــەڕ لــە کوردســتان هەڵگیرســایەوە و هەتاکــو تەمــووزی ئەمســاڵ بــەردەوام بــوو.

کـورد، بـەو پێنـج سـاڵەی شـەڕ، بیسـت هـەزار کەسـی لێکـوژرا. زیانێکـی زۆریـش بـەر هێزەکانـی سـوپای عێـراق کـەوت. ژمـارەی بێـوەژن و بـێ بـاوکان لـە وڵاتـدا لـە هەڵکشـانی بەردەوامـدا بـوو، هـەر ڕۆژێکـی ئـەم شـەڕە، ٢٥٠ هـەزار دیـاری دەویسـت کـە ئـەوکات بـۆ بووژانـەوەی ئابووریـی وڵات زۆر پێویسـت بـوو.

لــە ئێســتادا هیــچ جــۆرە جموجۆڵێکــی ســەربازی بەدیناکرێــت، هەرچەنــدە ڕێککەوتننامەکـەی ئاگربەسـتی شـەڕی نێـوان حکومـەت و کـورد، قاڵبێکـی فەرمیـی وەرنەگرتبـوو، بـەڵام پێشـەکییەکی بـاش بـوو بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد لەسـەر بنەمـای ئـەو ١٢ خاڵـەی لەلایـەن حکومەتەکـەی بـەزاز ڕاگەیەنرابـوو، بڕگـەی سـەرەکیی نێـو ئـەم بەرنامەیـە، «دانـان بـوو بـە نەتـەوەی کـورد و مافـە نەتەوەییەکانـی

کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی یەکگرتـوودا، هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـوردی تێـدا یەکخـرا، هـاوکات ئـەرک و مافـی عـەرەب و کـورد هاوتـا بکرێـت».

ئـەم مەرجـە سـەرەکییانە، پرسـی دیکەشـی لەگەڵـدا چەسـپا: دان بـە زمانـی کوردیـدا بنرێـت و لەپاڵ زمانـی عەرەبیـدا زمانـی کـوردی بـە زمانـی دووەمـی فەرمیـی ئـەو ناوچانـە بناسرێـت کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن، بەڵێنیشـیان پێدرابـوو کـە ئەنجوومەنـە خۆجێییـەکان لـە پارێـزگا کوردنشـینەکاندا دابمەزرێـن کە لـە کەرتی پەروەردە و تەندروسـتی و شـارەوانیدا بەرپرسـن. هەروەهـا نوێنەرایەتییـان هەبێـت لەنێـو پەرلەمـان و حکومـەت و دامـودەزگا حکومییـەکان کـە لەگـەڵ ڕێـژەی دانیشـتوانیان بگونجێـت، فەرمانـی لێبـوردن بـۆ سـەرجەم پێشـمەرگەش دەرکـرا.

زۆرینـەی هاووڵاتیانـی عێـراق، ئەوانـەی لـە شـەڕی درێژخایەنـی براکـوژی وەڕس ببوون، ئـەم هەنـگاوەی حکومەتیـان لـەلا پەسـند بـوو و لایەنـە پێشـکەوتنخوازەکانی وڵاتانـی دیکـەی عەرەبیـش پێشـوازییەکی گەرمـی بەرنامـە حکومییەکەیـان کـرد.

شــەڕەکە، تەنیــا یەکێتیــی گەلانــی عێراقــی پێشــێل نەکــردووە، بەڵکــو دامەزراندنــی بەرەیەکـی یەکگرتـووی دەوڵەتـە عەرەبییەکانیشـی قوڕسـتر کـرد کـە لـە پێنـاو پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و بەرینگاربوونـەوەی ئیمپریالیزمـدا دەجەنگـن.

لـە ئێسـتادا ئـەو هێـزە پێشـکەوتنخوازەی گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان جێبەجـێ دەکات، تەنیـا لەلایـەن ئیمپریالیسـتەکانەوە بەرهەڵسـتی ناکرێـن، بگـرە کۆنەپەرسـتیی نێوخـۆش دژایەتیـی دەکـەن کـە لـە دەرەبـەگ و گـەورە بزنسـمان و سیاسـییە نابووتـەکان و جەنەڕاڵـە کۆنەپەرسـتەکان پێکهاتـوون. ئـەوان هەوڵـی کۆکردنـەوەی هێزەکانیـان دەدەن لەپێنـاو ڕێگریکـردن لـە ئـازادی و پێشـکەوتندا، لەمەشـدا وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان، هاوکاریانـن.

هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان، درکیـان بـەوە کردبـوو کـە عێـراق دەوڵەتێکـە خوێنـی لێدەچـۆڕێ و شـەکەت و مانـدووی شـەڕە و کەوتووتـە چنـگ کۆنەپەرسـتانی لایەنگـری ئیمپریالیزمـی، بۆیـە هەوڵـی پەلکێشـکردنی عێراقیـان دەدا بیخەنـە بلۆکەکـەی خۆیـان، ئەوەنـدە سووتەمەنییەشـیان پاشـکەوت نەکردبـوو کـە بەشـی ئـەو کاتانـە بـکات کە شـەڕی

تێـدا ڕادەگیـرێ، بۆیـە نابـێ لامـان سـەیر بێـت کـە کۆنەپەرسـتیی عەرەبـی و ڕۆژئـاوا، زۆر بـە نەرێنـی مامەڵەیـان لەتـەک پرۆژەکانـی ئاشـتبوونەوەی لایەنانـی شـەڕکەردا بکـەن، چونکـە کاتێـک ئاشـتبوونەوە دێتەپێـش، پیلانەکانـی ئـەوان دەکەونـە مەترسـییەوە.

لـە ڕۆژی پـاش ڕاگەیاندنـی بەرنامـە ١٢ خاڵییەکـەی حکومەتـی عێـراق، کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆ لـە حکومـەت ڕاپەڕیـن، بـەڵام هـەر زوو سـەرکوتکرانەوە، چونکـە یاخیبـووان نـە لـە لایـەن سـوپا و نـە لەلایـەن گەلیشـەوە پشـتگیری دەکـران.

کۆنەپەرسـتان، بەرهەڵسـتی کردنـی حکومەتەکـەی بەزازیـان تەنیـا لەبـەر بەرنامـە تایبەتەکـەی کێشـەی کـورد نەبـوو، چونکـە ئـەوان بەرنامەکەیـان پـێ قبـووڵ نەدەکـرا و جەنەڕاڵـەکان زۆر نیگـەران ببـوون لـە ئاسـت ئـەو بەڵێنانـەی حکومـەت بـە سـەرکردایەتیی کوردیـان دابـوو کـە لـە مـاوەی سـاڵێکدا دەبـێ هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی عێـراق ئەنجـام بدرێـت و مۆرکێکـی دیموکراسـییانە بـە بـەر کایـەی سیاسـیی وڵاتـدا ببەخشـێت. ئێسـتا، هێـزە دیموکراتخوازەکانـی عێـراق هەمـوو توانایەکیـان خسـتووەتەگەڕ بـۆ زامنکردنـی سـەرکەوتنی ئـەم ئاراسـتە نوێیـەی پەرەپێدانـی وڵات، بەجۆرێـک کـە پـەرە بـە ڕێـکارە گرنگەکانـی پێشـکەوتن بدرێـت کـە سـەرۆکی ئێسـتای عێـراق (عـارف) لـە سـاڵی ١٩٦٤دا ڕایگەیانـدووە. هەڵبـەت تەواوکـردن و بەردەوامیـدان بـە چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد ڕاسـتەوخۆ پشـت بەمانـە دەبەسـتێت.

وڵاتانـی دیکـەی ئاسـیا و ئەفریقیـاش کـە ئیمپریالیسـتەکان چەندیـن کێشـە و قەیرانـی ڕەگـەزی و نەتەوەیـی ئاڵۆزیـان تێـدا بەجێهێشـتووە، فێـری وانـەی بەسـوود بـن لـە هەڵبـەز و دابـەزی ململانێکانـی عێـراق سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد و پەنـدی لێوەرگـرن.

لــە مــاوەی خەباتکــردن لەپێنــاو ڕووخاندنــی دەســەڵاتی داگیرکارانــدا، ناکۆکییــە نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتییەکانـی دەپووکێنـەوە و دەکەونـە دواوە، بـەڵام پـاش بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی، جارێکـی دیکـە ئـەم ناکۆکـی و دووبەرەکییانـە سـەرهەڵدەدەنەوە. بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی تـازە پێگەیشـتوو، پتەوکردنـی یەکێتیـی هێـزە پێشـەنگ و شۆڕشـگێڕانەکان دەخوازێـت کـە بەرهەڵسـتیی ئیمپریالیـزم دەکـەن، چونکـە خەبـات لەپێنـاو نەهێشـتنی ئیمپریالیـزم پرۆسـەیەکی بەردەوامـە و داگیـرکاران پێسـتی خۆیـان دەگـۆڕن، بـەڵام سرووشـت و ئاکاریـان جێگیـرە و ناگۆڕێـن.

مێــژووی بەربەرەکانێــی ســەربازی لــە کوردســتان ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات کــە هەرگیــز ناتوانرێــت لــە ســایەی ڕژێمــە کۆنەپەرســتەکاندا، کێشــەکان چارەســەر بکرێــن، ئەگەرچیــش خــۆی وەکــو بەرهەڵســتکارێکی ئێمپریالیــزم ڕاگەیاندبێــت، ئــەم پرســە تەنیــا لەگــەڵ پێشــکەوتنی دیموکراســییەتی بەرهەڵســتکار و بەرهەڵســتکارانی ئیمپریالیــزم و شۆڕشــی کۆمەڵایەتیــدا مومکینــە.

**یو. بۆشکارییێف**

**«دەرفەتە ڕاستەقینەکان»**

ڕاگەیاندنــی بەرنامــە حکومییەکــەی بــەزاز بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد، وای لــە خەڵکــی بەغــدا و ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق کــرد، هەناســەیەکی ئــارام هەڵبکێشــن و دەرفەتێکیــش بــوو بــۆ ڕاگرتنــی شــەڕی براکــوژی لــە کوردســتان و ئەگــەری ئاساییبوونەوەی ژیــان لــە عێــراق بــووە ڕاســتییەک و نکۆڵیــی لێناکرێــت.

هــەر بــە ڕاســتی ئــەم بەرنامــە ١٢ خاڵییــە شــتێکی نایــاب بــوو، چونکــە بــە کردەنــی ســەلمێنرا، ئەســتەمە بــژاردەی ســەربازی ڕێگەچــارەی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد بێــت و تاکــە ڕێگــە بــۆ دەرچــوون لــەم دۆخــە نالەبــارە، چارەســەری سیاســییە.

ئەگــەر بــە کورتــی ناوەڕۆکــی بەرنامــە حکومییەکــە بخەینــەڕوو، هەروەکــو ڕۆژنامەکانــی بەغــدا بڵاویــان کردووەتــەوە، لــە بەدیهێنانــی خواســتە نەتەوەییەکانــی کــورد کــە بێگومــان ڕۆڵــی ئەرێنیــی کــورد و تــەواوی هێــزە نیشــتمانییەکانی وڵاتــی تێــدا فەرمــۆش ناکرێــت کــە شــێوازی گوزەرانــی کــوردی هاوتــای ژیانــی هاووڵاتیانــی عەرەبــی عێــراق کــردووە لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی یەکگرتــوودا.

دەتوانین لەم چەند دێڕەدا بەرنامەکە پوخت بکەینەوە:

بــۆ مــاوەی پێنــج ســاڵی ڕەبــەق، دۆخــی سەرتاســەری عێــراق شــێوابوو. شــەڕی دژی کــورد، گوژمەیەکــی قەبــەی لــێ خــەرج کــرا و کورتهێنــان لــە بودجــەی ســاڵی ڕابــردوودا گەیشــتە نزیکــەی ٥٠ ملیــۆن دینــار کــە دەکاتــە چارەگــی کــۆی خەرجییەکانــی عێــراق. تــەواوی دراوی نەختینــەی داهاتــی نەوتــی کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق جەرجکــرا –

نزیکـەی ١٣٠ ملیـۆن جونەیهـی ئیسـتەرلینی بـوو- کـە هەمووشـی لـەو سـوپایەدا خەرجکـراوە کـە سـەرقاڵی شـەڕی کـورد بـوو.

ئاڵۆزییـە داراییـەکان، بەشـێکی بچووکـی ئـەو سـەختییانە بـوو کـە ڕووبـەڕووی عێـراق دەبێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا ناسـەقامگیریی بارودۆخـی نێوخـۆی عێـراق، بـەر لـە پێنـج سـاڵ، لەگـەڵ دەسـتپێکی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپا دەسـتپێکرد، هیـچ کام حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی عێـراق نەیانتوانـی ئالینگارییـە ئابـووری و سیاسـییەکان چارەسـەر بکـەن کـە ڕووبـەڕووی عێـراق دەبنـەوە.

ئـەو هەنـگاوەی حکومەتـی ئێسـتا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد ناویەتـی و مسـتەفا بارزانیـش پشـتیوانیی دەکات، هیـوای ئامادەکردنـی بارودۆخەکـەی بوژانـدەوە بـۆ ئـەو گەشـە گشـتگیرەی کـە لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا هاتووەتەپێـش و عێراقییـەکان پێشـبینیی ئـەوەش دەکـەن ڕاگەیاندنـی بەرنامەکـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، هەنـگاوی دیکـەی کردەنیـی بـەدوادا بێـت بـۆ جێبەجێکردنـی یەکێـک لـە کێشـە هـەرە ئاڵۆزەکانـی وڵات و هەلـی ڕاسـتەقینەش لـە ئارادایـە بـۆ سـەرکەوتنی بەرنامـە حکومییەکـە.

**ی. بیلیایێف**

**«پراڤدا» ١٩٦٦/٨/٤**

**بەیاننامە هاوبەشەکەی سۆڤیەت - عێراق**

بە داوەتێکی فەرمیی حکومەتی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیسـتییەکانی سـۆڤیەت، شاندێکی حکومەتـی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، پرۆفیسـۆر عەبدولڕەحـمان بـەزاز لـە ٢٧ تەمـووز تا ٣ی ئابـی ١٩٦٦ سـەردانی یەکێتیی سـۆڤیەتیان کرد.

بەشـداربووانی دانوسـتانەکانی لایەنـی سـۆڤیەت بریتـی بـوون لـە: أ.ن. کۆسـیجین، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکانی سـۆڤیەت، ن.س. باتۆلیتشـیف، وەزیـری بازرگانیـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، ف. ف. کۆزنتسـۆف جێگـری یەکەمـی وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەت، س. ئـا سکاتشـکۆف، سـەرۆکی لیژنەی دەوڵەتـی ئەنجوومەنی وەزیرانـی سـۆڤیەت، ف. س ئیمینـۆف، جێگـری وەزیـری دەرەوەی یەکێتیـی سـۆڤیەت، ف

.ف. نیکۆلاییێف باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت لە عێراق و أ. د. شیبۆرین، سەرۆکی بەشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت.

لایەنی عێراقی، لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکارەکانی حکومەتی عێراقی بۆ لایەنی سۆڤیەتی ڕوونکردەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کوردستانی عێراق بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە کە لەسەر بنەمای دانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا بنیاتنراوە کە دوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەرەکیی عەرەب و کورد پێکهاتووە، هەروەها زامنکردنی یەکسانیی ماف و ئەرک لەنێوان گەلانی عێراقدا، پابەندبوونی حکومەتی عێراقیشیان دووپات کردەوە لە جێبەجێکردنی بەردەوامی بەرنامە ڕاگەیەنراوەکە.

لایەنی سۆڤیەتیش ئاسوودەیی خۆیان بۆ ئەو هەنگاوە ئەرێنییانە دەربڕی کە حکومەتی عێراق ناویەتی و ئامانجی کۆتاییهێنانە بە هەموو دیاردەیەکی چەکدارانە و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان عەرەب و کوردی برا لە کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا، لەسەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێزگرتن لە مافی هاووڵاتیان بەپێی ئەو بەرنامەیەی حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە.

**«پراڤدا» ١٩٦٦/١٠/٣٠**

**دیداری نێوان عەبدولڕەحمان عارف و مستەفا بارزانی**

**بەیرووت، ٢٩ی تشرینی یەکەم. (تاس).** ڕادیۆی بەغدا بڵاویکردووەتەوە سەرۆک عارف ناوچە کوردستانییەکانی بەسەرکردووەتەوە و دوێنێ لە ڕواندز چاوی بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوتووە. نێوەندە ڕۆژنامەوانییە ناوخۆییەکان دووپاتیان کردووەتەوە لەوەتی عارف سەرۆکایەتیی حکومەتی عێراقی لە نیسانی ١٩٦٦ وەرگرتووە، ئەمە یەکەمین دیداری عارف و بارزانییە و هیوایان خواستووە ئەم دیدارە خزمەت بە پرسی ئاشتی و ئاسایش بگەیەنێت و هەماهەنگیی برایانەی نێوان عەرەب و کورد پتەو بکات و برژێتە نێو بۆتەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی هاوبەشی کۆماری عێراق.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٦/١١/٣**

**دیالۆگی ئاشتییانە بەردەوامە**

شـارۆچکەی ڕوانـدز دەکەوێتـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق و تـەواوی دانیشـتوانەکەی کـوردن. زۆر جـار نـاوی ڕوانـدز هێـنراوە لـە ڕاپۆرتەکانـی ئـەو شـەڕەی پێنـج سـاڵ لێـرە درێـژەی هەبـووە، بـارەگای ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد مسـتەفا بارزانـی، لـە ڕوانـدزە.

چەنـد مانگێکـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـەر کوردسـتان وەسـتاوە و دیالۆگـی ئاشـتییانە دەسـتیپێکردووە. لــە ٢٨ی تشرینــی یەکــەم، ســەرکۆماری عێــراق، عــارف لێـرەو لەچوارچێـوەی سـەردانەکەی بـۆ ئـەم ناوچەیـە، چـاوی بـە مسـتەفا بارزانیـش کەوتــووە، ئەمــەش بووەتــە پێشــهاتێکی گرنــگ لــە کایــەی سیاســیی عێــراق لەوەتــی عــارف و بارزانــی لێــرەدا یەکترییــان بینیــوە.

گەشــتەکەی عــارف، وەکــو بەردەوامیدانێکــی لۆژیکیانــە لێکدەدرێتــەوە بــۆ ئــەو هەوڵانــەی لــە هــەردوولاوە دەدرێــن لەپێنــاو گەیشــتن بــە چارەســەرێکی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلــی کــورد. بەپێــی ئاژانســی بەغــدا، هــەردوو ســەرکردە عــارف و بارزانــی، ژمارەیــەک پرســی پێوەندیــدار بــە بەرقەرارکردنــی ئاشــتی لــە کوردســتان و بوژانــەوەی ناوچــە کوردییەکانیــان گەنگەشــە کــردووە.

ئاژانســی هەواڵەکانــی عێراقیــش بڵاویکردووەتــەوە مســتەفا بارزانــی لــە کۆبوونــەوەی لەگــەڵ عارفــدا گوتوویەتــی: کــورد بەوپــەڕی دڵســۆزییەوە هەوڵــی پتەوکردنــی یەکێتیــی وڵات و دژایەتیکردنـــی هـــەر هەوڵێکـــی جوداخوازانـــە دەدات و بـــە ڕۆژنامەوانانـــی ڕاگەیاندبــوو، لــە ئایندەیەکــی نزیکــدا ســەردانی بەغــدا دەکات. عارفیــش لــەلای خۆیــەوە دووپاتــی کردووەتــەوە عــەرەب و کــورد ڕۆڵــەی نیشــتمانێکن و پێوەندیــی هاوبــەش بەیەکەوەیــان دەبەســتێتەوە و جەختــی کردووەتــەوە، یەکێتیــی ڕیزەکانمــان هێــزی زیاترمــان پێدەبەخشــێت لەپێنــاو ئیمپریالیســت و هاوکارانیــان و ڕایگەیانــد: بــڕوا و متمانەمــان بــە دیدارمــان لەگــەڵ بارزانیــدا پتــەوە و لــە ئایندەیەکــی نزیکــدا ئاکامــی ئەرێنییــی لێدەکەوێتــەوە.

دانوستانەکانی ڕواندز و هەنگاوە ئەرێنییەکانی دیکەش کە سەرکردەکانی ئێستای عێراق سەبارەت بە کێشەی کورد گرتوویانەتەبەر، ئاماژە بەوە دەدەن زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکجارەکیی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و لابردنی ئەو بەربەستە مەترسیدارانەی شەڕی پێنج ساڵەی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە و ئەو خوێنەی تێیدا ڕژاوە.

لە هاوینی ئەمساڵدا، لە بەغدا بەرنامەیەکی حکومیی ١٢ خاڵی ڕاگەیەنرا کە ئامانجی ئاسایی کردنەوەی دۆخی نالەباری کوردستانە و دەسەڵاتدارانی عێراق نیازە دەستوورییەکانی خۆیان بەم شێوەیە خستەڕوو: «داننان بە نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا ... دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە کایەکانی سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتی، فێرکردن و چەندین کایەی تری ژیان ... بەشداریکردنی نوێنەرانی کورد لە حکومەتی مەرکەزی ... لێبوردن لە پێشمەرگە دیلەکان ... گەڕانەوەی ئەو ڕاگوێزراوانەی بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕەوە ڕاگوێزرابوون» ئەم داننانە فەرمییە بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراق، بە لێکتێگەیشتن و ڕازیبوون پێشوازی لێکرا.

لەپاش ٢٩ی حوزەیرانەوە، کاتێک بەرنامە حکومییەکە ڕاگەیەنرا، دەبووایە دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ئەم هەنگاوە بەجێیەی حکومەتی عێراق ناویەتی کاریگەرییەکی ئەرێنیی کردووەتە سەر بارودۆخی کوردستان، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەوێ ڕاگیران کە بە گوژمەیەکی قەبە بەڕێوەدەچوو، ئابووریی عێراقی داتەپاندبوو و دەرژایە خانەی بەرژەوەندییەکانی نەیارانی عێراقەوە - مەبەست ئیمپریالیستەکانن- لەبەرانبەریشدا سەرکردەکان کورد چەندین هەنگاوی ئەرێنییان ناوە، لەوانە: دەستبەجێ ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆیی و دەستکردن بە ڕادەستکردنەوەی ئەو چەکە قورسانەی کاتی خۆی لە شەڕەکانی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا دەستیان بەسەردا گرتبوو. مستەفا بارزانیش چەندین جار لە لێدوانەکانیدا، ویستی کوردی لە پتەوکردنی کۆدەنگیی نیشتمانی لە عێراق و پشتیوانیکردنی چالاکییەکانی حکومەت لەپێناو بووژانەوەی پارێزگاکانی کوردستاندا دووپات کردووەتەوە.

لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی کۆنەپەرستی لەنێوخۆی عێراقدا کە هێندێکیان تاکو ئێستا لە دامەزراوە ئیداری و سەربازییەکاندا ماون، بەرەبەرە هەوڵی پەکخستنی

بەرنامـە حکومییەکانیـان دەدا کـە لەپێنـاو چارەسـەرکردنێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد ڕاگەیەنـراوە. پێدەچێـت لەنێـو هێندێـک لـە دامەزراوەکانـی سـوپای عێراقـدا، هێشـتا لایەنگرانـی بەردەوامبوونـی شـەڕی دژی کـورد مابـن، ئەمـەش بـەوە ڕاڤەدەکرێـت کـە بەشـێک لـە ئەفسـەرە پلـە باڵاکانـی سـوپا دەسـتکەوتی ماددیـان لـە بەردەوامبوونـی شـەڕدا هەبـووە و لـە ئێسـتادا خەریکـە ئـەو دەسـتکەوتانە لەدەسـت دەدەن.

بـەڵام پێدەچێـت ئـەم بیرۆکەیـەی کۆنەپەرسـتان، هیـچ پاسـاوێکی نەبێـت، کەچـی گـەورە بەرپرسـانی حکومەتـی عێـراق، هـەروەک لـە هەنگاونانەکانیانـدا دیـارە، ئامـادەی بەردەوامدانــن بــەو ڕێبــازەی دەیانگەیەنێتــە چارەســەرێکی ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد و ئومێـد دەکرێـت کـە دیدارەکـەی عـارف و بارزانـی ببێتـە هۆکارێـک بـۆ خێراکردنـی جێبەجێکردنـی بەرنامەکـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە، بـە ڕەچاوکردنـی خواسـتە نەتەوەییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد.

**ف. سیف ئەملۆکۆف**

**«پراڤدا» ١٩٦٧/١/١٥**

**لەوپەڕی کوردستانەوە**

هــەر ئێســتا پەیامنێــری تایبەتمــان لــە گەشــتێکی کوردســتاندا گەڕاوەتــەوە و لــەوێ چــاوی بــە ســەرکردەکانی کــورد کەوتــووە.

ئـەم شـوێنانە تابڵێـی جوانـن، چیـاکان هەڵچوونەتـە ئاسـمان، ئـاوە سـازگارەکەی ڕووبارە هەڵچـووەکان هاژوهوژیانـە، ئـای کـە ئاوێتەبوونێکـی چەنـد جوانـی ڕەنگەکانـە، لووتکـەی شـاخی سـپی و کەڤـری برۆنزیـی درەوشـاوە و قـەوزەکان وەک فەرشـێکی سـەوزی تێـر لەسـەر لووتکەکانـدا ڕاخراونەتـەوە. پێدەچێـت ئـەم کەڤـرە گەورانـەش خرابنـە سـەر ئـەو فەرشـە سـەوزانە، بۆئـەوەی بـا نەیانبـات و دووریـان نەکەوێنێتـەوە، قـەدی دارە لووسـەکان بـەرەو دامێـن درێژبوونەتـەوە. ئـا ئەمەیـە کوردسـتانی عێـراق.

ئۆتۆمبێلەکـە بەسـەر شـەقامێکی خێـرای باریکـدا تێدەپەڕێـت، جووڵـەی هاتوچۆکردنـی ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی لـە خاڵـە سـنوورییەکانەوە دێـن، لـە چاوەڕوانیتـدان، ئـەم ناوچانـە

هەمـووی بـە کەڤـر هەڵکۆڵـراوە، بـە ئۆتۆمبێلەکانمانــەوە لاڕێگەکـە دەگریـن، هەتـا ئۆتۆمبێلەکانـی بەرانبەرمـان تێپـەڕ دەبـن، هەرچەنـدە ئەمـە زۆر دووبـارە نابێتـەوە، بـەڵام وێـڕای ئـەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی نێـوان هێـزە سـەربازییەکانی حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە فەرمـی ڕاگیـراون، کەچـی جووڵـەی هاموشـۆکاران لەسـەر شـەقامە سـەرەکییەکانی کوردسـتاندا هێشـتا لاوازە.

ڕێـڕەوە باریکەکـەی دەربەنـدی گەلـی عەلـی بەگ بەجێدێڵیـن کە درێژییەکـەی نزیکەی ١٢ کیلۆمەتـرە، لێـرە دووڕیانێکـمان دێتـە پێـش: بـە دەسـتە ڕاسـتدا ڕێگـەی ڕوانـدزە، بەلای چەپیشـدا دەچێتـەوە دیانـە، لەسـەر ڕێگـەی حاجـی ئۆمـەران تـا دەگاتـە سـەر سـنووری ئێـران. هـەر بـەرەو پێـش دەچیـن تـا دەگەینـە دووا خاڵـی پشـکنینی سـوپا کە ئیـتر ڕێگە بە تێپەڕبوونـی ئۆتۆمبێـل نادرێـت. لێـرەوە ئیـتر چـاوت بـە یـەک سـەربازی عێراقـی ناکەوێـت، بەرپرسـێکی حکومیشـت تـووش نابێـت، ئێـرە ئـەو ناوچەیەیـە کـە بـە تـەواوی کەوتووەتـە لەژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی پێشـمەرگەوە کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی ڕابەرایەتییـان دەکات.

ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری «ویلیـس» بەرانبەرمـان دێـت کـە سـێ چەکـداری تێدایـە: سـامی، ئەندامـی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و نوێنـەری جەنـەڕاڵ بارزانـی و شـوفێرەکە کـە تفەنگەکـەی خسـتبووە سـەر هـەردوو ڕانـی، سڵاویشـی لێکردیـن. ویلسـەکە بەڕێکـەوت، ڕێگەیەکـی دوورودرێژمـان لەبـەرە، لێـرەوە گەشـتەکەمان دەسـت پێـدەکات.

ڕێکخسـتنی ئـەم گەشـتەمان هێنـدە ئاسـان نەبـوو، لـە ١٦ی کانوونـی یەکـەم، عـارف سـەرکۆماری عێـراق لـە کۆشـکێکی کـپ و هێمنـدا پێشـوازیی لـە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی پراڤـدا کـرد. پێـش کۆبوونەوەکـە، دەقێکـی نـووسراوی ئـەو دیمانەیـەی عارفـم پێگەیشـت کـە لەگـەڵ ڕۆژنامەکەمانـدا ئەنجامـی دابـوو. لـە وەڵامـی پرسـیاری یەکەمدا کە سـەربارەت بـەو کێشـە هەنووکەییانـە بـوو کـە ڕووبـەڕووی عێراقییـەکان دەبنـەوە، سـەرۆک بـە ڕوونی وەڵامیدابـووەوە: ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخـی کوردسـتانە.

شـەوێکی مانگـی نیسـانی پـاری فڕۆکەخانـەی بەغـدام لەبیـرە، سـەرۆکی ئێسـتای عێراق کـە ئـەوکات سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتیی سـوپای عێـراق بـوو، سـەرۆکایەتیی شـاندێکی سـەربازیی دەکـرد و لـە دەرەوەی وڵات دەگەڕایـەوە، زۆر بـە خەمبـاری، بەخێرایـی لـە فڕۆکەکـە دابـەزی، براکـەی کـە سـەرۆکی وڵات بـوو، بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراوی

کارەساتبار مردبوو، چرپەی دیپلۆماتکاران ئەوانەی لە پێشوازیی عارفدا بوون دەبیستران: «ئاه، ئاخۆ دەبێ ئەم کارەساتە چەند قورس بێت لەسەر ئەم پیاوە؟».

لە ڕاستیدا ڕووداوەکە بۆ ئەو هێندە ئاسان نەبوو، ئەو ڕێگەیەی گرتبوویەبەر بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕە خوێناوییەکەی کورد کە پێنج ساڵی ڕەبەقی خایاند - لە سەردەمی قاسمەوە دەستیپێکرد و لەلایەن سەرکردە بەعسییەکانەوە درێژەی پێدرا- زۆر بە خێراتر کە لە پێشبینیی کەسدا نەبوو ئەوشەوە ئاوا تیژڕەو تێپەڕێت ... هەرچەندە ناچاربوو بەسەر ئەو بەرهەڵستییە توندانەدا زاڵبێت کە لەلایەن ئەو توندڕەوانەی لە دەوری (العقیلی) وەزیری بەرگریی پێشوودا گردبوونەوە کە لە مانگی نیساندا هەموو هەوڵەکانی خۆی خستبووەگڕ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی عێراق. لە ٢٩ی حوزەیرانیشدا ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی لەگەڵ کورددا ئیمزاکرد کە دەمێک بوو خەڵک لە چاوەڕوانیی ڕێککەوتننامەیەکی لەم جۆرە بوون.

خەباتکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی لە کوردستان تاکو ئەمڕۆش نەوەستاوە و پێویستە سەرۆک و لایەنگرانی بەرهەڵستیی هەموو هەوڵێکی توندڕەوان بکات کە زۆرن و لە ژمارە نایێن. زۆریش نییە خودی (العقیلی) لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا، ڕەخنەی توندی لە سەرۆکایەتیی ئێستای عێراق گرتبوو و جەختی کردبووەوە کە تەنیا ڕێگەیەک بۆ دەرچوون لە کێشەی کورد، لەناوبردنی بارزانییە بەهێز، دواتر دەقی گوتەکەشی بڵاوکرایەوە.

عقیلی، بە تەنیا نەبوو، چەند کەسایەتییەکی پلە باڵای سەربازیشی لەگەڵدا بوو، بەتایبەتیش پلەدارەکانی ئەو یەکانەی ڕەوانەی کوردستان کرابوون بۆ شەڕ. ئەم هەڵوێستەشیان بەوە لێکدەدرێتەوە کە کەسانێک هەن لە بەردەوامبوونی ئەم شەڕەدا سوودمەند بوون و خۆیان پێ دەوڵەمەند کردبوو کە بێگومان ئەمانە لەو کەسە سوودمەندانەن لە بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە نێو خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیشدا کەسانی لەم جۆرە توندڕەوانە هەن و بوونەتە هاوکاری کار مەیسەربوونی توندڕەوانی نێو سوپای عێراق، بەڵام توندڕەوانی کورد، لە بارەگای بارزانیدا بڕیاربەدەست نین و ئەوان نین ئاراستەکانی شۆڕش و بزووتنەوەکە دیاری بکەن - خودی خۆم ئەمەم

تەئکید کردووەتەوە- بەڵام ئەوان هێشتا هەن. هەروەها ناشتوانین ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە ئەو خۆڵەمێشەی لە شەڕی چەند ساڵەی کوردستاندا کەڵەکە بووە، لە دڵ و دەروونی کەسانێکدا ماون و ئەو تۆوە ڕەشانەی هاوبیرەکانی العقیلی دەیچێنن، دوور نییە چرۆ بکەن، تەنانەت لەو خاکەشدا کە بەپیت دیارن.

لە ڕێگەماندا بۆ ئەو ناوچەیە، لە یەکەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ بەنزین لاماندا، لەوێ گەنجێکی قۆزی ڕووخۆش زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین، بەتایبەتیش کە زانیی ئێمە بۆ لای جەنەڕاڵ بارزانی هاتووین، زەردەخەنەی سەر لێوی ئەم گەنجە زۆر بە خێرایی کوژایەوە، کاتێک باسی کوژرانی خزم و کەسوکاری خۆی دەکرد کە لە شەڕدا کوژراون.

دامودەزگا بیانییەکان، زۆر چالاکانە هەوڵی پەکخستنی چارەسەرە ئاشتییانەکە دەدەن کە ڕێگەچارەیەکی گونجاوە بۆ کێشەی گەلی کورد. سیاتوانانی ڕۆژئاوا هەمیشە دەستیان بە ئاگری شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە گەرم دەکردەوە. ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت گرەو لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەکەن و لەو باوەڕەدان درێژەکێشانی شەڕەکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی عێراق و کەمکردنەوەی توانای بەرگەگرتنی گوشارەکانی ئیمپیریالیست و کۆنەپەرستانی نێوخۆ. لە بەغدا پێمگوترا، هەر کە قەیرانی پێوەندییەکانی نێوان سووریا و عێراق لە کۆمپانیای نەوتی عێراقی سەریهەڵدا، هەواڵەکان لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکاندا بڵاودەکرایەوە بە مەبەستی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی نێوان عەرەب و کورد لە عێراق. لەم قۆناغەدا، ڕۆژئاوا پەنجەی بەسەر هەموو دوگمەکاندا دەنا بۆ ناچارکردنی بەغدا بۆئەوەی لەم ململانێیەدا عێراق ناچار بکات دەست لە پشتیوانیکردنی سووریا هەڵبگرێت، وەک هەمیشە دوگمەکەی کوردستان یەکێک بوو لە دوگمە گەورەکانی ئەم ئامێرە.

هەموو ئەم بارودۆخە دەرەکی و ناوخۆییانە، ڕاستییەکمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد بە بەرەژانێکی سەخت و بە ئازار لەدایک دەبێت.

بەڵام با بگەڕێینەوە نووسینگەی سەرۆک عارف. ئەو دووپاتی کردووەتەوە کە کلیلی چارەسەری کێشەی کورد لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە تەواوی ئەو مافانەی بە عەرەب دراون، بە کوردیش بدرێن، هەروەها عارف جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە

کە لە هەمان کاتیشدا پێویستە لەسەر کورد، وەکو عەرەب تەواوی بەرپرسیارێتییەکان بگرنە ئەستۆ لە ئاست پاراستنی پێوەندییە برایانەکەی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی کە لە عێراقدا پێکەوە دەژین. هەروەها گوتیشی: پێویستە لەسەر هەردوولا پابەندبن بە سەرجەم مەجەکانی ئاگربەستی شەڕی نێوانیان.

- جەنابی سەرۆک، تۆ دەڵێی چی، ئایا دەتوانم چاوم بە سەرکردە کوردەکانیش بکەوێت؟ دەستبەجێ وەڵامیدایەوە:

- لاریم نییە. بەڵام پێویستە پێوەندی بە وەزیری بەرگرییەوە بکەیت.

ئەوەبوو ڕێککەوتنێکی سەرەتاییمان کرد تا سەردانی کوردستان بکەم، بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی شەڕ، هیچ پەیامنێرێک لە بەغداوە گەشتی کوردستانی نەکردووە، مۆڵەتم لە لایەنە فەرمییەکانیش وەرگرت.

بۆیە دواتر هەر کەسێک کە لێدوانم لێوەردەگرتن، دەیگوت: هەڵوێستی سەرۆک بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر داواکەی من، ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەو ڕێبازە نوێیەی بەغدا لە ئاست کێشەی گەلی کورد.

جا منیش لە ڕاستیدا هەستم بەو نیازپاکییەی بەغدا کردبوو بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی تەواو لە کوردستان، لەچوارچێوەی چاوپێکەوتنم بە شاکر مەحموود شوکری، وەزیری بەرگریی عێراقیش هەمان هەستم لەلا گەڵاڵە بوو، ئەم پیاوە چالاکەم بە جلی مەدەنییەوە بینی و بە ڕاشکاوانە پێیگوتم: ئێمە پێویستمان بەدیهێنانی چارەسەرە لە کوردستان، جا بە هەر نرخێک بێت. من دژی هەوڵە سەربازییەکانم بۆ چارەسەرکردنی سەربازییانەی کێشەکە.

لیوا شوکری، لەم دیدارەی ئەمدواییەی نێوان سەرۆک عارف و مەلا مستەفا بارزانیدا بەشداربووە. لەچوارچێوەی دانوستانەکانی نێوانیاندا کە لە شوێنێکی بچووکی سەر ڕێگەی دیانا سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری هێزەکان، بەڕێوەچوو، سەرکردەکانی دەوڵەتی عێراق و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەبێ هەردوولا بە تەواوی پابەندی بڕیاری ئاگربەستەکە و جێبەجێکردنی کاریگەری هەر دوانزە خاڵەکەی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستەکە بن.

کـە گرنگتریـن خاڵەکانـی، بەشـداریپێکردنی نوێنەرانـی کـوردە لـە حکومـەت و دامـودەزگا فەرمییەکانـی دیکـە، هەروەهـا خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، کوردیـش لـە بەرانبـەردا ئـەو چەکـە قورسـانەی لـە شـەڕی نێوانیانـدا دەسـتیان بەسـەردا گرتبـوو، ڕادەسـت بکەنـەوە. ئـەو پێشمەرگانەشـی کـە کاتـی خـۆی پۆلیـس و سـەربازی یەکەکـە سـەربازییەکانی سـوپای حکومەتـی عێـراق بـوون و فیراریـان کـردووە و چوونەتـە نێـو هێزەکانـی پێشـمەرگە، بگەڕێنــەوە یەکەکانــی پێشــووی خۆیــان، هــەر لــەو دیــدارەدا، جەنــەڕاڵ بارزانــی دەمانچەکـەی خـۆی بـە دیـاری پێشکەشـی وەزیـری بەرگریـی کـرد.

لیـوا شـوکری پێیگوتـم: «بارزانیـت بینـی، سـڵاوی منـی پێبگەیەنـە ... پێی بڵـێ پێوەندیی پێوەدەکەیـن و لەسـەر وردەکارییـەکان ڕێکدەکەویـن. سـەفەرەکەی کوردسـتانت لەلایـەن فەرماندەیـی فیرقـە بـۆ ڕێکدەخەیـن کـە بارەگاکـەی لـە هەولێـرە ...».

دەربارەی دیدارەکانم لەگەڵ سەرکردەکانی کورد لە ڕاپۆرتی داهاتوودایە.

**یەفگینی بریماکۆڤ.**

**«پراڤدا» ١٩٦٧/١/١٨**

**لەوپەڕی کوردستانەوە**

بـۆ مـن، ئێسـتاش قوڕسـە ئەگـەر کوردێـک یاخـود عەرەبێـک بکوژرێـت. وەکـو چـاوە، ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت یـان چەپـت تووشـی نەخۆشـی بوو، کوێـر دەبێت، ئێسـتاش پرسـەکە لـەلای مـن قورسـە. ئێمـە هەموومـان هاوتـای یەکیـن. دەتوانیـن بڵێیـن ئێمـە چارەنـووس و نیشـتمانێک و ئاینێکـی هاوبەشـمان هەیـە، هیـچ هۆکارێـک نییـە یەکتریی لەسـەر بکوژین.

پیــاوە بەهێــز و پتەوەکــە، ئەمــەی گــوت کــە ســمێڵێکی ڕەشــی قەترانیــی هەبــوو، جامانییەکــی ســووری لەســەر خــۆی پێچابــوو کــە تایبەتــە بــە عەشــیرەتی بــارزان، پاڵتۆیەکـی خۆڵەمێشـیی کاڵیشـی لەبـەردا بـوو، دەسـکە زێڕینەکـەی ئـەو خەنجـەرە، لـە بـن پشـتێنە پانەکـەی ژێـر ئـەو پاڵتۆیـەدا دەبریسـکایەوە. لـە پەناگەیەکـدا کـە لـە کونـە شـاخێک دەچـوو و پەنجەرەیەکـی بچووکـی هەبـوو، لـە بەرانبـەر مسـتەفا بارزانـی ڕابـەری شۆڕشــگێڕانی کــورددا دانیشــتبووم، داری نێــو ســۆپا ئاســنینەکە دەســووتا و ئەونــاوەی

گـەرم کردبـووەوە، چرایەکـی گازیـش لـە ئاسـت سـەریدا هەڵواسرابـوو. ئـەو پەردەیـەی لـە بنمیچەکـەدا درێژببـووەوە، لـە هێندێـک شـوێندا بـە زەبـری قورسـایی دڵۆپەکـە شـۆڕببووەوە، لـە دەرەوەش بەفـر و بـاران دەبـاری.

لـە گەرمـەی گفتوگۆکانمانـدا بوویـن، پێشـمەرگەیەک زۆر سـەلارانە هاتەپێـش و بـە شـووڕەدارێک ئـەو کیسـە ئاوانـەی بنمیچەکـەی بـەرەو ئاوەڕۆیەکـی باریکـدا ڕاماڵـی و ئاوەکـە دەکەوتـە نێـو دەبەیەکـەوە.

ئاخـۆ دەبـێ ژمـارەی ئـەو لاپەڕانـەی پەیامنێـرە رۆژئاواییـەکان لەبـارەی بارزانییـەوە نووسـیویانە، چەنـد بێـت؟! وەک هەوڵدانێـک بـۆ سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەران و دانگدانــەوەی زۆری نووســینەکەی، یەکێــک لــە پەیامنێــران لــە دیمانەیەکیــدا لەگــەڵ بارزانـی، خـۆی خسـتبووە پـاڵ بەردێکـی زەبـەلاح و چەنـد کاتژمێرێـک بارزانیـی خسـتبووە پشـت دیوەکـەی دیکـەی بەردەکـەوە و چەنـد مەترێکیشـیان نێـوان بـوو، ڕابـەری کـورد، مسـتەفا بارزانـی و کوڕەکەشـی لـەم دانیشـتن و جـۆرە دیمانـە سـەیرە نادیـارە دەوردابـوو. مەسـعودی کـوڕی مسـتەفا بارزانـی لـە بـارەگای بارزانـی پێیڕاگەیانـدم: هەمـوو ئـەم شـتانەی پەیامنێرەکـە داهێنانێکـی هیـچ و پـووچ بـوو لـە میوانێکـەوە کـە هەوڵـی دەدا خەرمانەیـەک لـە سەیروسـەمەرە بـە بـەر ڕاپۆرتەکەیـدا بپۆشـێ.

ویسـتی ئـەو پێشکەشـکردنی زۆر شـتی دوور لـە ڕاسـتی بـوو، هەرگیـز ئـەو ئەرزشـە ڕۆژنامەوانییانەیـان نەبـووە و گەڕانیش نەبووە بەدوای شـێوازێکی سەرنجڕاکێشـی نووسـین. هێندێـک لـە پەیامنێـرە ڕۆژئاواییـەکان کـە چاویـان بـە بارزانـی کەوتووە، شـتی نادروسـتیان بـۆ هەڵبەسـتووە، بۆنموونـە نووسـیبوویان: «بارزانـی زۆر نەخۆشـە» و لەسـەر گەشـتەکەی سویسراشـی بڵاویـان کردبـووەوە کـە بـۆ چارەسـەرکردن چـووە و شـتی لـەم بابەتانـە.

هەرگیـز بارزانـی لەوەناچێـت نەخـۆش بێـت. ئـەو پیـاوەی هەمـوو ژیانـی بـۆ خەباتکـردن تەرخـان کـردووە، ناخۆشـی و مەترسـی و بێبەشـبوون دەوریـان داوە، بـە هێـز و پتەویـی جەسـتەی سەرسـام دەبیـت و قـەت ناڵێـی ئـەم پیـاوە ٦٦ سـاڵە!

مەلا مستەفا هێشتا منداڵ بوو، لە ساڵی ١٩٠٥ بۆ یەکەمین جار لەگەڵ دایکیدا زیندانی کرا، کاتێک برا گەورەکەی شۆڕشی لە دژی دەسەڵاتدارانی تورک بەرپاکردبوو. تازە پێدەگەیشت،

بەشداریی لە ڕاپەڕینی ١٩١٤- ١٩١٦دا کردووە. لە ساڵی ١٩٣١یشدا هاوشانی شێخ ئەحمەدی برای شەڕی لەپێناو دەرکردنی سەربازانی حکومەتی بەغدا لە زەویوزارەکانی عەشیرەتی بارزاندا دەجەنگی. تەنیا بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی بەریتانی دەتوانرا کورد سەرکوت بکرێت. پاش ئەوەی دەستگیر دەکرێت، مەلا مستەفا یانزە ساڵی ژیانی لە دەربەدەری و ئاوارەییدا بەسەربرد، لە ساڵی ١٩٤٣ بە نهێنی گەڕایەوە ناوچەکەی خۆیان و دووبارە دەستی بە خەباتی چەکدارانە کردەوە. پرسەکە سەرکەوت، نووری سەعید سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، بە مەرجەکانی کورد ڕازی بوو، بەڵام پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ و بە هاوکاریی بەریتانییەکان، هێزەکانی بارزانیی بۆردومانکردەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە دەستووری کاتیی عێراقدا، بۆ یەکەمین جار دەقێکی تێدا چەسپا کە عێراق نیشتمانی عەرەب و کوردە. بەڵام لە ١٩٦١حکومەتی قاسم شەڕی نێوان براکانی هەڵگیرساند و لەلایەن سەرکردە ڕاستڕەوە بەعسییەکانیشەوە درێژە بەم شەڕە درا کە لە شوباتی ١٩٦٣دا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست.

کاتێک گەیشتینە بارەگای بارزانی، بچووکترین دوو کوڕی ئەم سەرکردەیە لە تەنیشتیدا بوون، یەکێکیان شەش ساڵان و ئەویدیکەیان نۆ ساڵان بوو و لەگەڵ مەسعودی برایان دەژیان کە تەمەنی ١٩ ساڵان بوو. سەرۆکی ئێستگەی ڕادیۆییەکە بوو لە بارەگای بارزانی کە کەوتبووە لوتکە بەرزەکانی سەر چیاکان.

لەو کاتەی گەیشتینە دوا خاڵی پێشمەرگە بە ئۆتۆمبێلە (جێب – ویلیس)ەکەمان، هێشتا سەختترین بەشی گەشتەکەمان ماوە کە چیدی ناتوانین بە سواری ئۆتۆمبێل درێژە بە گەشتەکەمان بدەین. (چەکدارەکانی ئێرە ناوی پێشمەرگەیان لەخۆیان ناوە کە واتای ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، دەگەیەنێت) بۆیە ناچاربووین بە سواری بارگیر درێژە بە گەشتەکەمان بدەین، ڕێڕەوێکی باریک کە دیوێکی هەورازێکی زۆر سەخت و دیوەکەی دیکەی نشێوییەک تابڵێی نزم و قووڵ، چەند پێشمەرگەیەک دەتوانن لە بەرانبەر یەکەیەکی تەواوی سەربازیدا، بەرگری لەو شوێنە بکەن.

محەمەد عیسا، نێردەی بارزانی پێیگوتین: لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، فڕۆکەکان بە ڕێکوپێکی ناوچەیەکیان بۆردومان دەکرد کە تەنیا پێنج کیلۆمەتر لە بارەگای حکومەتەوە دوورە.

بارزانـی دەڵـێ: «جەنگەکە تابڵێی سـەخت بوو» – تەنیا لە شـەڕی پێنجوێن لە سـەرەتای مانگی ئایاری سـاڵی پار، شـەڕەکانی سـەر ڕێگەی حاجی ئۆمەران- سـەدان کەس کوژران.

کـێ حـەز دەکات ماڵـی خـۆی بـە دەسـتی خـۆی بڕووخێنـێ، کـێ حـەز دەکات بـاوک و کـوڕ و بـرای خـۆی بکـوژێ؟ بارزانـی درێـژە بـە گوتەکانـی دەدات و دەڵێـت: بیـر لـە ڕابـردوو دەکەمـەوە، دڵـم پـڕ ئـازار دەبێـت. ئێمـە دەوڵەتێکـی دەوڵەمەندیـن، ئاخـۆ دەبـێ چەنـد بەختـەوەر بێـت! کاتێـک هەمـوو شـتێک بـە دەسـتی بەغـدا و ئێمـە بێـت.

- باشە، ئاینده چۆن دەبینی؟ ئەمە پرسیاری من بوو، ئاراستەی بارزانیم کرد.

- هەڵبەت ئێوە ئەو دەنگۆیانەتان بیستووە کە گوایە کورد دەیەوێت کوردستان لە عێراق جودابکاتەوە «نەیارانی بەرقەراربوونی ئاشتی لەسەر خاکی عێراق، ئەم قسانەمان بۆ هەڵدەبەستن. ئەگەر حکومەتی عێراقیش داوامان لێبکات لە عێراق جودابینەوە، ئێمە بەمە ڕازی نابین» نامانەوێت عێراق بەجێبێڵین. ئەمە نیشتمانی ئێمەیە، بەڵام خۆ دەبێ کوردیش وەکو عەرەب تەواوی مافەکانی بۆ دەستەبەر کرابێت، ئەمەیە ئامانجی شەڕی ئێمە.

بارزانــی وایدەبینێــت تونــدڕەوەکان لــە بەغــدا بەرهەڵســتییەکی زۆری پابەندبوونــی حکومەتــی عێــراق دەکــەن و ناخــوازن حکومــەت بەڵێنەکانــی بەپێــی ڕێککەوتننامــەی ئاگربەسـتی شـەڕەکە، بەجێبهێنـێ و دەڵـێ: بەشـێکی زۆری خاڵەکانـی نێـو ڕێککەوتننامەکە هێشـتا جێبەجـێ نەکـراوە.

- ئەگـەر هەیـە ئـەم هاوینە خاڵەکانـی ڕێککەوتننامەی ڕاگرتنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان کـە بـەم دواییە هـەردوولا پێیگەیشـتن، پێشـێل بکرێت؟

- بـە هـەر حـاڵ ئێمـە هەرگیـز دەستپێشـخەر نابیـن لـە پێشـێلکارییەکان. ئێمـە پێویسـتمان بـە بەرقـەرار بوونـی ئاشـتییە.

دانیشـتوانی ئـەم ناوچـە شـاخاوییە، لـە خانـووی نزیـک بەیـەک و بەیەکـەوە نووسـاو بــە قەدپاڵــی شــاخەکاندا دەژیــن، دیــواری خانــووەکان لــە بــەرد و قــوڕ دروســتکراون، سـەربانی خانـووە قـوڕەکان بـە بـەرد و قـوڕ کەڵەکـە دەکرێـن بۆئـەوەی ڕێگـری بکـەن لـە دزەکردنـی بارانـاو. دەڵێـن پیرێژنێکـی ئـەم ناوچەیـە مووشـەکێکی نەتەقیـوی فڕۆکـەی نەدابـووە پێشـمەرگەکان و ویسـتبووی بیکاتـە باگردێـن بـۆ ڕانانـی سـەربانەکەیان.

گوندەکان کارەبایان پێنەگەیشتووە، شەوان قەدپاڵی هەموو شاخەکان بە چرای کز ڕۆشن دەکرێتەوە. لە پەنجەرەی ژوورەکانیشەوە ڕووناکیی چرای نەوتی دەبریسکێنەوە. ناومالّی گوندەکانی ئەم ناوچەیە، بریتین لە چەند حەسیرێکی کەڵەکەکراوی سەر ئەرزە قوڕینەکە و ئەم چرایانە.

ژمارەیەکی زۆری پردەکانی سەر جۆگەلە ئاو و ڕێگەوبانەکان، لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا تەقێنراونەتەوە، چەند دانەیەکیان نەبێت، هەموویان چاکنەکراونەتەوە. زۆرجاریش ئاسەواری دیکەی شەڕ لێرە بەدیدەکرێت، بۆنموونە ئەو چاڵانەی شوێنی کەوتنەخوارەوەی بۆمب و مووشەکەکانن کە لە نزیک خانووەکانی گوندەکە بەر زەوی کەوتوون.

بارزانی دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە دەمانەوێ، هەوڵەکانی حکومەت بەرەو چاککردنی گوزەرانی خەڵک و بنیاتنانەوەی کوردستان ئاراستە بکرێن. بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکەش ئاماژە بەوە دەدەن، وێڕای ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، هێشتا باری نائاسایی لە ناوچەکە هەڵنەگیراوە، گاوانێک، گاڕانێکی بەرەو قەدپاڵی شاخەکە ڕاناوە، قامچییەکی بەدەستێکەوەیە و دەستەکەی دیکەی بەسەر مەخزەنەکانی قەدییەوە شۆڕکردووەتەوە و چەکەکەشی بە لاشانیدا هاتووەتەخوار و خۆی دەمامکداوە. لەولاوەش چەند کیسەیەک خراوەتە سەر پشتی بارگیرێک ڕێشمەی بارگیرەکە بە دەست زەلامێکەوەیە کە ڕەشاشێکی بەسەر سینگی خۆیدا شۆڕکردووەتەوە، ئا بەم شێوەیە جوتیارەکانی ئەم گوندە، بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی خۆیان بۆ فرۆشتن دەگەیەننە نزیکترین گوندی ئەو دەوروبەرە.

کە لەنێو ئۆتۆمبیلەکەشدا بووین، جوتیارەکە، دەستی بەرزکردەوە و دۆستانە سڵاوی لێکردین. شوفێری ئۆتۆمبیلەکەمان حەبیب کەریم، سکرتێری لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەم گەنجە باڵابەرزە کە لە سەردەمی خوێندنیەوە، چالاکانە بەشداریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کردووە و ئێستا وا باسی حزبەکەیمان بۆدەکات کە نزیکەی (٣٠) هەزار کورد ئەندامی ئەم حزبەن. کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، بە ئامادەبوونی ٤٢٥ نوێنەر بەسترا. کۆنگرە باسی لە هەماهەنگیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ

سەرجەم هێزە دیموکراتخوازەکان و هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئیمپریالیزم کرد و دووبارە جەنەڕاڵ بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە.

حەبیب کە زۆر بە لێهاتوویی لەسەر ئەم ڕێگە نشێوەدا ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی، دەیگوت: کاروباری ڕۆژانەی حزب، مەکتەبی سیاسیی حزبەکە جێبەجێی دەکات کە لە پێنج ئەندام پێکهاتوون، لێژنەی تەنفیزی، سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە جۆرە هەیئەتێکی ئابووری و سیاسییە و کاروباری کارگێڕیی مەدەنی و گەیاندنی خۆراک و پێداویستیی پێشمەرگە ڕایی دەکات.

- ئەدی گوندەکان؟

حەبیب وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: «لە گوندەکانیشدا لێژنەی تایبەت هەن پێشمەرگە و ئەندامانی حزب نوێنەرایەتیی دەکەن، بارزانی فەرماندەی گشتیی یەکەکانی پێشمەرگەشە».

لە درێژەی قسەکانیدا، حەبیب دەڵێت: ڕەنگە گوێبیستی چەند ناکۆکییەکی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش بووبیت، ئەو گرووپەی بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی لە حزب دەرکراون «ستەم و چالاکیی تێکدەرانە ئەنجام دەدەن» و هەریەک لە بارزانی و حەبیب، دووپاتیدەکەنەوە چالاکییەکانی ئەم گرووپە دەرکراوە، لە بەرژەوەندیی ئەو هێزانەدان کە کار بە پرەنسیپی «پەرتکە و زاڵبە» دەکەن، لە کۆتاییشدا نە ئەمە و نە ئەوەش، ئەگەری «گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی و تاقمەکەی بۆ نێو حزب» بەتەواوی بەدوور دەزانرێت.

لە کۆمەڵە خێوەتێکی نێو خێوەتگەیەکی پێشمەرگە نزیک بووینەوە کە لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدا جێگیر کرابوو. لێرەدا کادیرانی حزب و پێشمەرگەمان پێدەناسن، هێندێک جار هەر بە ڕەنگی جامانییەکانیان جودایان دەکەینەوە، پێشمەرگەکان، ئەوانەی بارزانیش نەبن، هەر جامانیی سووریان لەسەرنابوو، کەچی چالاکوانانی حزب جامانییە ئاساییە ڕەش و سپییەکە لەسەر دەنێن، هەردوولاشیان جلوبەرکی پێشمەرگایەتی دەپۆشن کە جلوبەرگێکی تایبەتە بە جەنگاوەرانی کورد و مۆرکێکی نەتەوەیی پێوە دیارە. حەبیب خۆی دەمانچەیەکی لەژێر پشتێنەکەی ناوە و جلەکانیشی ڕەنگ خاکین.

دوا گوتـەی حەبیـب ئەوەبـوو کە دەیگوت: «پێمانخۆشـە هەموو ئـەم چەکانە لە خۆمان دابماڵین و هەروەک خۆشـتان ئاگاداری دۆخە سـەختەکەن، بەڵام من هێشـتا گەشـبینم».

**یەفگینی بریماکۆڤ**

**کوردستانی عێراق/ کانوونی یەکەم - کانوونی دووەم**

**«پراڤدا» ١٩٦٧/١/٢١**

**شاندێکی کورد دەگاتە بەغدا**

ڕۆژنامـەی (العـرب) بڵاویکردووەتـەوە، شـاندێکی کـورد بە سـەرۆکایەتیی کـوڕی بارزانی گەیشــتوونەتە بەغــدای پایتەخــت و ســەرۆک عــارف پێشــوازیی لێکــردوون. شــاندەکە لەپـای ئـەو بایەخـەی بـە کێشـەکانی کوردسـتان و خۆشـگوزەرانیی هاووڵاتیـان دەدات، سوپاسـی سـەرۆکیان کـرد. هەروەهـا شـاندەکە جەختیـان لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە کـە «کـورد ڕێزێکـی تایبەتیـان بـۆ برایانـی عـەرەب هەیـە». ئەندامێکـی شـاندە کوردییەکـە بـە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (العـرب)ی ڕاگەیانـدووە، ئـەو پێشـوازییە گەرمـەی عـارف لـە شـاندەکەی کـردووە، گوزارشـت لـە هەسـتی سـەرۆک و حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر بـە گەلـی کـوردی بـرا دەکات. (تـاس).

**«پراڤدا» ١٩٦٧/٥/٣**

**ژمارە یەکی ڕۆژنامە کوردییەکە**

لـە بەغـدا، دەسـت بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی «التآخـي» کـرا و لـە سـەروتارەکەیدا نووسرابـوو: ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئـەم ڕۆژنامـە نوێیـە خەباتکردنـە لەپێنـاو ئازادییـە دیموکراسـییەکان و پشـتیوانیکردنی حکومەتـە لـە خەباتـی دژ بـە ئیمپریالیـزم و قۆرخکاری، بـۆ خوڵقاندنـی ئابوورییەکـی نیشـتمانی، هەروەهـا لەپێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بژێویـی دانیشـتوان و لەپێنـاو نەهێشـتنی بێکاریشـدا. (تـاس).

**«پراڤدا» ١٩٦٧/٣/٩**

**بەغدا:** دوێنێ گوتەبێژی وەزارەتی گەشەپێدانی باکووری عێراق گوتبووی: زانکۆی بەغدا و پەیمانگە و کۆلێژەکانی عێراق دەرگای وەرگرتنیان بەڕووی قوتابیانی کورددا کردووەتەوە کە پێشتر ساڵانێکی زۆر و لە گەرمەی شەڕەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا قوتابیانی کورد لە خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی عێراقدا بێبەش کرابوون. بەڵام لە ئێستادا ئەم مافە یاساییەیان بۆ گەڕاوەتەوە.

**«پراڤدا» ١٩٦٧/٣/١٢**

**لە کوردستان**

یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کورد لە عێراقدا دەژین و زۆربەشیان خەڵکی باکووری وڵاتەکەن. لە ئێستا گوێت لە تەقینەوەی بۆمب و مووشەک لە کوردستان نایێت و شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بە ڕاگەیاندنی ئاگربەستێک بەکۆتاهاتووە کە چەند ساڵێکی خایاند.

ئەمڕۆ ڕاپۆرتە وێنەیەکی پەیامنێری تایبەتمان، یەفگینی بریماکۆفتان بۆ بڵاودەکەینەوە کە لە وێنەی یەکەمدا خانووی گوندێکی نموونەیی کوردستان دەبینرێت کە بە قەدپاڵی شاخەکانەوە نووساوە و بەفر دایپۆشیون. وێنەی دووەمیش، وێنەی پێشمەرگەیەکی کوردستانە.

**«پراڤدا» ١٩٦٧/٦/٢**

**لەپێناو یەکخستنی سەرجەم هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا**

**بەیرووت. (تاس).** لێرە لە بەیرووت بەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی حزبی شیوعیی وڵاتانی عەرەبی بڵاودەکرێنەوە کە لە ئایاری ئەمساڵدا ئەنجامدراوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی لە وڵاتانی عەرەبی و کێشەکانی بزووتنەوەی شیوعییەتی جیهانیدا کراوە.

لـەو کۆبوونەوەیـەدا «بڕیارێکـی تایبـەت سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا دراوە» کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

«ڕێگەچـارەی ئـەم کێشـەیە، داننانـە بـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا و ئـەو ئاگربەسـتەی پارسـاڵ لەنێـوان نوێنەرانـی حکومەتـی عێـراق و سـەرکردەکانی کـورد ئیمـزا کـراوە، ئەگـەر هەمـوو مەرجـە پێویسـتەکان دەسـتەبەربکرێن، دەبێتـە خاڵـی دەسـتپێکی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد».

**«ئیزڤیستیا» ١٩٦٧/٧/١٥**

**بەیاننامەکەی مستەفا بارزانی**

**دیمەشق، ١٤ی تەمووز**. (بە تەلەفۆن لە پەیامنێری تایبەتەوە). دوێنێ ڕابەری کورد مەلا مستەفا بارزانی بە ڕۆژنامەی (التآخي)ی ڕاگەیاندووە کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت، «ئێمە عێراق بە نیشتمانی خۆمان دەزانین و گەلی عێراقیش گەلی ڕەسەنی ئێمەن، بۆیە هەمیشە لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا، لە پشت برایانی عەرەبمانین». لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێرێکی ڕۆژنامەکەدا بارزانی گوتوویەتی: سەردانی ئەم دواییەی ن.ف. بۆدگۆرنی سەرۆک ئەرکانی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەتی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق «پڕبایەخترین ڕووداو بووە لە مێژووی عێراقدا» و زیاتر باس لەم سەردانە دەکات و دەڵێت: «سەردانەکە، دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی عێراق و سۆڤیەتی پتەوتر کرد».

ئەوەشی ڕوونکردبووەوە ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان، بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەم ناوچەیەدا کە ماوەیەکی زۆر لەژێر باری قورسی ئەو شەڕە خوێناوییەدا دەیناڵاند، هێشتا کارییپێدەکرێت و هەموو ساڵێکیش پتەوتر دەکرێت. هەروەها ڕێبەری کوردی عێراق گوتی: لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەمجارە بەشداریی حکومەتی نوێی عێراقمان نەکرد کە ڕۆژی دووشەممە دامەزرا، بەڵام «ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبینە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتە نوێیەکە» لە کۆتاییشدا بارزانی داوای یەکڕیزیی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کرد.

**ک. فیشنفیتسکی**

**«پراڤدا» ١٩٦٧/٨/١٩**

**کورد لەگەڵ برایانی عەرەبدا**

کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی، زۆر بـــە تونـــدی ئـــەو هێرشـــەی ئیدانەکـــردووە کـــە ئیسرائیلییـــەکان کردووانەتـــە ســـەر وڵاتانـــی عەرەبـــی لـــە کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی و ســـووریا و ئـــوردن کـــە تـــا ڕادەیەکـــی زۆر بووەتـــە هـــۆی کپکردنـــەوەی حەماســـەتی دەســـەڵاتدارانی تەلئەبیـــب. ئیسرائیـــل پشـــتی بـــەو ناکۆکییانـــەی نێـــوان وڵاتانـــی عـــەرەب بەســـتبوو و وای لـــە ئیسرائیـــل کردبـــوو ئـــەم هەلـــە بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئامانجـــە شـــەڕانگێزییە خۆپەرستانەکانیان بقۆزێتـــەوە. بـــەڵام ڕەوشـــەکە هەمـــوو پێشـــبینییەکانی ســـەرەوژێر کـــردەوە و گەلانـــی عەرەبـــی یەکخســـتەوە.

سەرکێشـــکارە ئەمەریکـــی و ئیسرائیلییـــەکان پشـــتیان بـــەو ڕاســـتییە بەســـتبوو کـــە لەگـــەڵ پەرەســـەندنی ســـەربازی، ڕەنگـــە دووبەرەکییەکانـــی نێـــوان عـــەرەب و کـــورد جارێکـــی دیکـــە ســـەرهەڵبداتەوە کـــە دواجـــار دەبێتـــە هـــۆی لاوازکردنـــی هەڵوێســـتی عـــەرەب لـــە دژی ئیسرائیلـــدا. بـــەڵام کـــوردی عێراقیـــش چوونەپـــاڵ برایانـــی عەرەبیـــان و دەســـتدرێژییەکانی ئیسرائیـــل بۆســـەر وڵاتانـــی عەرەبـــی، ناڕەزایەتییەکـــی فراوانـــی لەنێـــو گەلـــی کـــورددا نایـــەوە.

ڕابـــەری نەتەوەیـــی کـــورد مســـتەفا بارزانـــی، هـــەر لـــە ڕۆژانـــی بەرایـــی جەنگەکـــەدا، هەڵوێســـتی کـــوردی لـــە ئاســـت ئـــەم ئیستفزازکردنە ئیمپریالیستییە ڕاگەیانـــد و برووســـکەی بـــۆ هـــەر یـــەک لـــە ســـەرۆکی عێـــراق و ســـەرۆکی کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبـــی، جەمـــال عەبدولناســـڕ نـــارد و لـــە برووســـکەکاندا پشـــتگیریی تـــەواوی کـــوردی عێراقـــی بـــۆ برایانـــی عـــەرەب دەربـــڕی لـــە خەباتـــی دژی دەســـتدرێژییەکانی ئیسرائیـــل.

لـــە ٦ی حوزەیرانـــدا مســـتەفا بارزانـــی، ســـەرۆکی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، داوای لـــە گەلـــی کـــوردی عێـــراق کـــرد پشـــتیوانیی گەلـــی عـــەرەب بکـــەن لـــە شـــەڕی دژی پیلانگێڕیـــی ئیمپریالیزمـــدا کـــە ئامانجـــی لەناوبردنـــی هێـــزە پێشـــکەوتنخوازەکانی وڵاتانـــی عەرەبـــە و کێشـــەی عـــەرەب و کـــورد بـــە چالاکییـــە ئیســـتفزازییەکانی بەکرێگیراوانـــی ئیمپریالیـــزم، بـــە دەســـتی ئەنقەســـت لـــە قەبـــارەی خـــۆی گەورەتـــر کـــرا

لــە بەرجەســتەکردنی مەرامەکانیــان لەچوارچێــوەی پێڕەوکردنــی سیاســەتی «پەرتکــە و زاڵبــە». هەروەهــا بارزانــی دووپاتیکــردەوە کــورد هاوشــانی برایانــی عــەرەب دژی پیلانگێــرە ئیمپریالیزمــەکان دەجەنگــێ و ئامادەیــی هێــزی پێشمەرگەشــی ڕاگەیانــد کــە هــەر کات پێویســت بــکات، دژی ئیسرائیــل، بەشــداری لــەو شــەڕەدا بــکات.

ئەم لێدوانەی مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، گرنگییەکی زۆری لـە دۆخـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا هەیـە، چونکـە هاودەنگیـی کـورد لەگـەڵ برایانـی عەرەبـدا هەڵوێسـتی گەلانـی عەرەب پتـەو دەکات و پیلانـی ئیمپریالیسـتەکانی ئەمەریکا و ئینگلـترە و ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا پووچـەڵ دەکاتـەوە کە پشـتیوانیی ئیسرائیـل دەکەن.

دووەم، هاودەنگیــی کــوردی – عەرەبــی لــە بەرهەڵســتکردنی پلانەکانــی تونــدڕەوە ئیسرائیلییەکانــدا، گــورز وەشــاندنە لــە پیلانگێڕییەکانــی دامــودەزگا ئیمپریالیســتییەکانی ڕۆژئــاوا کــە مەرامیــان ئاڵۆزکردنــی ناکۆکییەکانــەی نێــوان عــەرەب و کــوردە.

لـە سـایەی ئـەو بارودۆخـە نالەبـارەی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـی پێـدا دەگوزەرێـت، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ستایشـی هەڵوێسـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان کـرد بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانـی و ئـەم هەڵوێسـتە دەبێتـە هاوکارێـک بـۆ گەلـی عـەرەب لـە بەرگریکـردن لـە بەرژەوەندییـە ڕەواکانـی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـێلکارییەکانی قۆرخکارانـی ئیمپریالیـزم کـە بـە هاوکاریـی پاشـکۆ ئیسرائیلییەکانـی، هەوڵـی پتەوکردنـی هەڵوێسـتە لەرزۆکـەکان دەدات.

جــا ئەگــەر دەســەڵاتدارانی تەلئەبیــب خواســتی ڕەوای پاشەکشــەکردنی هێزەکانــی ئیسرائیــل لــە خاکــی عــەرەب جێبەجــێ نــەکات کــە بــەم دواییــە بەشــێوەیەکی کاتــی داگیــری کــردووە، ئــەوا گەلانــی عــەرەب بەشـێوەیەک دەسـت لـە ئیسرائیـل دەوەشـێنێت کــە ببێتــە وانەیــەک بــۆ پیلانگێڕانــی ئیمپریالیســت و شــوێنکەوتووە ئیسرائیلییــەکان و پەنــدی لێوەربگــرن.

**سەعید ئەحمەد بارزانی**

**«پڕاڤدا» ١٩٦٨/١/٢٤**

**عێراق: توولەڕێ و دووڕیانەکان**

بەم دواییە، پەیامنێری تایبەتمان یەکێک بوو لەو شاندە ڕۆژنامەوانییە سۆڤیەتییانەی سەردانی عێراقیان کرد کە لەلایەن سەرۆک و چەند سەرکردەیەکی عێراقەوە پێشوازیکرابوون. لە عێراق لێدوانیان لە کارگوزاری شارەوانی و جوتیارانی بەسرە لە گەڕەکی بابلی کۆن – بابل القديمة- وەرگرتبوو، لە کەرکووک چاویان بە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت کەوتبوو، لە هەولێریش بەشێک لە بازرگانان، سەربازان و ئەفسەرانی سوپای عێراق و چەند سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان بینیوە.

ئەفسەرێکی سوپای عێراقم لە کوردستان دواند و پێیڕاگەیاندین کە سەربازان و ئەفسەرانی سوپای عێراق، بەرزترین مووچە وەردەگرن ئەگەر بەراوردی بکەین بە مووچەی سەربازان و ئەفسەرانی هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین، ئەو ئەفسەرانەش کە نێردراونەتە کوردستان مووچەی زیاتر و مۆڵەتی زیاتریان پێدەدرێت، لە کەناری بەغدای پایتەختدا، گەڕەکێک پەیدابووە کە بە ڤێلای دەوڵەمەندان ناسراوە و لەلایەن ئەفسەرە خانەنشینکراوەکانەوە دروستکراون.

کاتێک شەڕی ئیسرائیل دەستیپێکرد، هێشتا بەشی هەرە زۆری سوپای عێراق لە کوردستان مابوونەوە ... کۆکردنەوەی هێزە نیشتمانییەکانی وڵات و سەرنجڕاکێشانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە کایەی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە بۆ عێراق پرسێکی ژیارییە و لە بەرنامە حکومییەکەدا دانپێدانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک سەرۆک عارفیش پێیڕاگەیاندین، هێشتا وڵات بارودۆخە بابەتییەکانی نەسازاندووە بۆ جێبەجێکردنی خێرای بەرنامەکە.

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەستی شەڕی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە، حکومەتی عێراق و سەرکردەکانی کورد ژمارەیەک هەنگاوی هاوشێوەیان نا بۆ گێڕانەوەی متمانەی نێوانیان و ویستی خۆیان بۆ هەماهەنگی کردن لەپێناو چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد ئاشکرا کرد. لە کاتی سەردانەکەمان بۆ کوردستان دەرفەتمان بۆ ڕەخسا بەدواداچوون بۆ هەوڵەکانی دەسەڵات بکەین کە

لەپێناو پاراستنی ئاشتی و ئارامی و جێبەجێکردنی ژمارەیەک پڕۆژەی ئابووری بۆ بووژانەوەی ناوچەکە، دراون. ئەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵاتدارانی حکومەت گرتوویانەتەبەر لەلایەن هاووڵاتیانی کورد و نوێنەرانیانەوە پشتگیری دەکرێن. ئەگەرچی لە هەندێک ناوچەدا هەست بە جۆرە گرژییەک دەکرێت، بەڵام مەرجە سەرەکییەکەی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکە لەئارادایە. وا بۆ ساڵێک دەچێت کەس گوێی لە دەنگی تەقەیەک نەبووە و خەڵکەکە بە ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا دەژین، کەچی هێشتا کێشەی کورد بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، سەرباری ئەوەی رۆژنامەی (التآخي) کە لە بەغدا دەردەچێت، داخرا و چەند کارێکی تێکدەرانە لە کوردستان ئەنجامدران، دووبارە دۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی برد، کەمێک پێش گەیشتنی ئێمە بۆ کەرکووک، تەقینەوەیەک لە بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای عێراق ڕوویدا کە ئاشکرایە ئەم کارە تەنیا بۆ ئیستفزازکردنە و وەزیری کاروباری نەوتیش دووپاتیکردبووەوە، ئەم تەقینەوەیە لە کردەوەی بەکرێگیراوانی خودی کۆمپانیاکە دەچێت، کەچی لە کوردستان هەر کەسێکی دەدوێنیت، ناڵێت شەڕم دەوێت، سەرۆک عارفیش دەڵێت: بەدیهێنانی خێرای بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کوردستاندا، کێشەی ژمارە یەکە. هەرچەندە بەربەستی زۆریش لەبەردەم ئەم ڕێچکەیەدا هەیە و چەند تاقمێکی دیاریکراو بە بایەخەوە دەڕواننە بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان، کەچی کێشەی کورد هەر دەبێ چارەسەر بکرێت، بەڵام پرۆسەکە کاتێکی درێژتری دەوێت.

ئەنجامدەرانی تەقینەوەی بیرە نەوتەکانی کەرکووک و ئەو کەسانەی لەبەردەوامبوونی شەڕدا سوودمەند دەبن، ئەوانیش دەیانەوێت کاتەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بقۆزنەوە تاکو ببنە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی چارەسەرە ئاشتییانەکەی کێشەی گەلی کورد دروست بکەن و دووبارە شەڕ لە کوردستان هەڵبگیرسێتەوە.

لەچوارچێوەی ئەو دیمانانەی لەگەڵ عەرەب و کوردی ئەم وڵاتەدا ئەنجاممداون، گەیشتوومەنەتە ئەو بڕوایەی کە هیچیان لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژیدا نین و چاک دەزانن ئەم شەڕە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و خەڵکی دیکە هەن نان و پیازی پێوە دەخۆن.

**ل. میدفیدکۆ (پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی پراڤدا). بەغدا- مۆسکۆ.**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٦٨/٧/٢٥**

**دیمانەیەک لەگەڵ سەرکۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق**

**قاهیرە، ٢٣ی تەمووز، (تاس).** سەرۆک بەکر، ئاماژەی بەوەداوە کە ڕژێمی نوێی عێراق، مکوڕە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد و تەنانەت پێش کودەتاش، نوێنەرانی حکومەتە نوێیەکەمان چاویان بە سەرکردەکانی کورد کەوتووە و گفتوگۆیان لەسەر ئەم کێشەیە کردووە.

**«ئیزڤێستا» ١٩٦٨/٨/٣**

**ڕۆژانی گەرمی بەغدا**

حەمید کە سەرکردەیەکی سەندیکای کرێکارانی بەغدایە، پێیگوتم: «ساڵانێکی زۆر، ئێمە لە عێراق هەوڵمان دەدا هەموو شتێک بە زەبری هێز چارەسەر بکەین، کێشەی حزب، کێشەی کورد و کاروبارە سەندیکاییەکان. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە هیچی بۆ دەسەڵات نەهێنایەدی. هەردوولا ... حزب و سەندیکاکانی کرێکاران چالاکن، بارزانیش تاکو ئێستا زۆربەی هەرەزۆری خاکی کوردستانی لەژێر دەسەڵاتدایە».

دۆخی کوردستان، هەموو تاکێکی ئەم عێراقەی نیگەران کردووە، نزیکەی دوو ملیۆن کورد لەم وڵاتەدا دەژێت کە دەکاتە چوار یەکی کۆی دانیشتوانی عێراق، خەباتی قارەمانانەیان لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان، سۆزی هەموو جیهانیان وروژاندووە. ئێستا هیچ چالاکییەکی سەربازی بەرچاو ناکەوێ، ئەو ڕێگایانەی بەرەو کوردستان دەچن، هەموو کراونەتەوە و ڕۆژنامەیەکی کوردیش لە بەغدا دەردەچێت.

- ئاخۆ هیچ جۆرە پێشکەوتنێک لە چارەسەرییەکانی خودی کێشەکە بەدیدەکرێت؟ ئەم پرسیارەم ئاراستەی ساڵح یوسفی کرد کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

- «ئێمە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ەوە بەڵێنمان پێدراوە، ئێستاش دووپات دەکرێتەوە» هەموو پرسەکە پێوەندیی بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنیەوە هەیە. ئەو کەسانەی بەهۆی بەشداریکردنیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوە دەستگیر کرابوون، هێشتا ئازاد نەکراون.

**«پراڤدا» ١٩٦٨/٨/٨**

**چالاکییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق**

**بەیروت، ٧ی ئاب. (تاس).** ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە عێراق بەیاننامەیەکی دەرکردووە و تێیدا هاتووە: «لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا ئیمزا کراوە بەبێ جیاوازی، سەرجەم ئەو کەسانەی تاوانی مەدەنی و عەسکەرییان ئەنجامداوە لە کاتی ڕووداوەکانی شەڕدا، بەر لێبوردنی گشتی دەکەون» ئەم بەیاننامەیە لە ڕادیۆی بەغدادا بڵاوکراوەتەوە.

پێشتریش لە بەیاننامەیەکی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دووپاتکراوەتە کە سنوورێکی بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان داناوە لە کوردستان، هەر ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێتە بنمایەک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد و بەیاننامەکە جەخت دەکاتەوە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەوپەڕی توانایان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دەخەنەگەڕ.

هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، بڕیاری دا ڕێگە بە قوتابیان و زانایانی کورد بدرێت لە زانکۆکانی عێراقدا بخوێنن و پسپۆڕی لە سەرجەم کایەکانی زانست و تەکنەلۆجیا وەربگرن، بڕیاریش درا ئەکادیمیایەکی کوردی بۆ زانستەکان و زانکۆیەکیش لە کوردستان بکرێتەوە.

**«پراڤدا» ١٩٦٨/٩/١**

بەیاننامەکەی سەرکردایەتیی نوێی عێراق سەبارەت بە ئامادەبوونی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیان، لە سەرتاسەری جیهاندا پشتیوانییەکی زۆری لێکرا. بە درێژایی پێنج ساڵ لە شەڕێکی خوێناویی نێوان عەرەب و کوردی برا و دوو ساڵی ناسەقامگیریی ئاگربەست، بارودۆخی کوردستان هەتاکو ئەم نزیکانەش هەر لە مەترسیدا بوو. لە هەمان کاتدا دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بووە هۆی لاوازکردنی ئەو هەڵوێستانەی بەرهەڵستیی ئیمپریالیزمیان دەکرد لە وڵات، ئەمەش لە ماوەیەکی زۆر هەستیاری خەباتی گەلانی عەرەبدا ڕوویدا بۆ لەناوبردنی ئاکامە شەڕانگێزییەکانی ئیسرائیل.

لـەم دواییــەدا، یەفگینــی بریماکـۆڤ، پەیامنێــری ڕۆژنامــەی پراڤــدا ســەردانێکی کوردســتانی کـرد و ئەمـڕۆ وێنەیـەک کـە لـەو ناوچـە شـاخاوییانەی گەلێکـی قارەمانـی تێــدا دەژی گیــراوە، بڵاودەکەینــەوە.

هــەروەک بارزانــی بــە پەیامنێرمانــی ڕاگەیاندبــوو کــە کاردانــەوەی کــورد لەمــەڕ دەستپێشــخەرییەکەی حکومەتــە نوێیەکــەی عێــراق، ئەرێنــی بــووە و هەرگیــز ئــەوان دەستپێشــخەر نابــن بــۆ دەســتپێکردنەوەی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان.

**«پراڤدا» ١٩٦٨/٩/٧**

**ڕێگەکە بەرەو ئاسمانمان دەبات**

نزیکـەی دوو ملیـۆن کـورد لـە عێراقـدا دەژیـن، زۆربەیـان لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان خەبـات دەکـەن. سـاڵانێکی زۆر بـوو هێـزە ئیمپریالیسـتەکان بـە ئامانجـی درێـژەدان بـە سیاسـەتی داگیرکارانـەی خۆیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا، پلانەکانیـان عێـراق لەسـەر بنەمـای وروژاندنـی ڕق و کینـەی نەتەوەیـی نێـوان عـەرەب و کـورد، بنیاتنـاوە. قاسـم و ڕژێمـی بەعسـی ڕاسـتڕەو جەنگێکـی ڕاسـتەقینەیان دژی کـورد بەرپـا کردبـوو، لـەو جەنگەشـدا بۆمبـی ناپاڵـم و فڕۆکـە و تانکیـان بەکارهێنـاوە. لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٦دا دوای هێرشـە سـەرنەکەوتووەکەیان بـۆ سـەر پێگەکانـی پێشـمەرگە لـە دیانـە، نوێنەرانـی هەردوولایەنـی شـەڕکەر کۆبوونـەوە و لـە کۆبوونەوەکـەدا گفتوگـۆ لەبـارەی مەرجەکانـی بەدیهێنانـی ئاشـتییەکی دادپەروەرانـە لـە کوردسـتان کـرا، کەچـی لەوسـاوە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد پێشـکەوتنێکی ئەوتۆی بەخـۆوە نەبینیوە، بۆیـە بەیاننامەکەی سـەرکردایەتیی حکومەتـە نوێیەکـەی عێـراق کـە لـە ١٧ی تەمـووزدا دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، پێشـوازییەکی گەرمـی لێکـرا لەلایەن سـەرجەم دڵسـۆزان و هاوسـۆزانی گەلی کـوردی ئەم ناوچە شـێواوانە کـە ڕێکەوتننامەکـەی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٦ی کردبووە بنەمای چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بەڵێنـی جێبەجێکردنـی خاڵەکانـی ڕێککەوتننامەکـەی بـە سـەرکردەکانی کـورد دا.

ئاینـدە چیـی بـۆ عێـراق پێیـە - بۆعـەرەب و کـورد-؟ بـەم پرسـیارە قورسـەوە بـۆ جـاری دووەم چوومـەوە کوردسـتان. ئێسـتا هەمـوو شـتێک لەچـاو سـەردانەکەی یەکـەم جـارم لـە

کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٦دا گـۆڕاوە، تیشـکی خـۆر ڕەنگـە ئاڵـو واڵاکانـی زسـتانی کاڵ کردبـووە، قەدپاڵـی شـاخەکان بـە سـەوزێکی کاڵ و زەردێکـی هەڵبـزڕکاو خۆیـان نیشـان دەدەن. کاتێکیـش دەگەیتـە لووتکـە شـاخە بـەرزەکان، مەندیلـی سـپیی لەسـەر کەڤرەکانـدا لاداوە، گەرمـای تیشـکی خـۆر، تینـی بـۆ ئێـرەش هێنـاوە، لێـرە لـە دەربەنـدی گەلـی عەلـی بـەگ.

عومــەر عەبدولقــادری شــوفێر، زەلامێکــی کەڵەگەتــی لاوازی قــژ ڕەشــی مەیلــەو شـین بـوو، چاوەکانـی سـەوز بـوون، بـە خێراییەکـی شـێتانە ئۆتۆمبێلەکـەی لێدەخـوڕی. بۆیـەش نەدەترسـاین چونکـە دڵنیابوویـن دەیـان جـار بەسـەر ئـەم ڕێگەیـەدا تێپەڕیـوە، ئــەو دوو مەخزەنــی یەدەکــی ڕەشاشــی بــە پشــتێنەوە بــوو کــە بــۆ دەقیقەیەکیــش لــە ڕەشاشــەکەی جودانەدەکردنــەوە، تەنانــەت ئــەو کاتــەش کــە دابــەزی و بۆنیتــی لاندڕۆڤەرەکـەی هەڵدایـەوە و تەماشـایەکی مەکینەکـەی دەکـرد. عومـەر پێشـمەرگەیەکی هێزەکانــی مــەلا مســتەفا بارزانــی بــوو.

یاوەرەکـەی دیکـەم مـەلا حەسـەن بـوو، سـاڵێکە لـە کوردسـتانەوە چووەتـە بەغـدا و لـە ڕۆژنامـەی (التآخـی) کار دەکات. کە بە هەولێردا تێپەڕیـن، ئێمەی بردە ئوتێلێکی بچووکەوە، پـاش چەنـد خولەکێـک بـە پەیـژە تەسـکەکاندا هاتەخـوارەوە و قاتـە جلێکـی کوردیـی دەسـتووری بارزانییەکانـی لەبـەردا بـوو کـە لە تـەواوی جلـە کوردییەکانـی دیکـە جیاوازترە، شـەرواڵێکی دەلینـگ پان و پۆڕ و جامانییەکی سـوور، جلەکانی لە کاتـی گەڕانەوەدا گۆڕی و جلەکـەی پێشـووی لـە ماڵێکی بچووکـی هەولێر بەجێهێشـت هەتا جارێکی تـر دەگەڕێتەوە.

کاتێکیـش بـاس لـە جیاوازییەکانـی سـەردانی یەکەمـی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٦ و ئـەم سـەردانەم دەکـەم، هەمـوو جیاوازییـەکان، پێوەندییـان بـەو گۆڕانکارییانەیـە کـە لـە کێشـەی کـوردی عێراقـدا هاتووەتـە ئـاراوە.

لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٦٦، پێــش گەشــتەکەم چــاوم بــە ســاڵح یوســفی کــەوت کــە مامۆســتایەکی بەســاڵاچووی بێــوەی بــوو. تــازە بــە نوێنەرایەتیــی بارزانــی لــە بەغــدا گەڕابـووەوە و بـە شـێوەیەکی نیمچـە یاسـاییانە لـەوێ دەژیـا. ئەمجـارە لـە نووسـینگەکەی خۆیـدا چـاوم بـە سـاڵح یوسـفیی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (التآخـی) کـەوت. کیفێـک بـە پشـتێنی پانتۆڵەکەیـەوە شـۆڕببووەوە، هیچـی دیکـە لـە ڕۆژنامەنووسـە ئاسـاییەکانی دیکـەی جـودا نەدەکـردەوە.

یوسـفی دەیگـوت: زەحمەتـە ئێسـتا ڕۆژنامەکەمـان دابخرێـت، حکومەتەکانـی پێشـوو چەندیـن جـار هەوڵـی ئەوەیـان داوە، بـەڵام لـەوە دەترسـان کـە لـە کوردسـتان دەسـت بـە پەخشـی ئێسـتگەکەمان بکەینـەوە بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی.

سـاڵ و نیوێـک لەمەوبـەر، دوای سـەردانەکەی سـەرۆک و وەزیـری بەرگریـی عێـراق، سـەردانی یەکەمـی کوردسـتانم بـۆ ڕێکخرابـوو. لـە کاتـی یارییەکـی تۆپـی پێـی تیپـی سـوپای عێـراق  و تیپـی ئاراراتـدا منیـان بـە وەزیـر ناسـاند.

- ئەگـەر تیپـە عێراقییەکـە یارییەکـەی بـردەوە، ئـەوا سـبەی کاتژمێـر ١٢ی نیـوەڕۆ ڕێپیدانەکـە وەردەگرمـەوە – وەزیـر بـە قۆشـمەوە ئەمـەی پێگوتـم.

ئەگـەر بـە قۆشـمە بێـت یـان بـە ڕاسـت، مـن بوومـە یەکەمیـن هاووڵاتیـی سـۆڤیەتی کـە هانـدەری ئـارارات بـم. بـەڵام دواتـر دەرکـەوت قسـەی وەزیـر بـەس نییـە، پـاش دیمانـەی وەزیـر پێویسـتە سـەردانی سـەرۆکی هەواڵگریـی سـەربازیش بکـەم کـە دواجـار کێشـەکەی بـۆ بڕاندمـەوە.

ئەمجارە هەموو شتێک جیاواز بوو.

- ساڵح یوسفی گوتی: «دەمانەوێ پەیامنێری پڕاڤدا سەردانی کوردستان بکات».

سـەماعەی تەلەفۆنەکـەی هەڵگـرت و ئـەم داوایـەی بارزانیـی بـە موحسـین دزەیـی گەیانـد کـە ئـەوکات لـە حکومەتـە نوێیەکـەی عێراقـدا وەزیـری دەوڵـەت بـوو بـۆ کاروباری بووژانـەوەی باکـوور، هـەر لـە نووسـینگەکەی سـاڵح یوسـفیدا وەڵامەکـەم وەرگرتـەوە و داوام لێکـرا بچـم بەڵگەنامـەکان وەربگرمـەوە.

- یوسـفی ئەوەشـی گـوت کـە حکومەتـە نوێیەکـەی عێـراق نایـەوێ پێوەندییەکانـی نێوانمـان ئاڵـۆز بـکات، بـەڵام ئاخـۆ بەڵێنەکانـی لـە ئاگربەسـتەکەی ساڵی ١٩٦٦دا دراون، بەجێدەهێنرێـن یاخـود نـا!

ئـەوکات، بـەر لـە سـاڵ و نیوێـک یاوەرێکـی فەخریـی ئافرەتیـان لەگەڵـدا نـاردم. ئەمجـارە بـە دوو جێبـەوە چەنـد سـەربازێکی عێراقیـمان لەگەڵدایـە کـە دووانیـان ئەفسـەرن. یەکێکیـان بـرای وەزیـری بەرگریـی پێشـووی عێراقـە، هەوڵـی دەدا هەتاکـو کۆتایـی گەشـتەکەمان هـەر بـە شـاراوەیی بمێنێتـەوە. ئـەوەی دووەمیـان ملازمێکـی

گەنج بوو، پێکەنی، کاتێک گوێی لە نوکتەیەکی برادەرەکەم بوو بە زمانی ڕووسی دەیگێڕایەوە، ئەو فەرمانبەرێکی گەنج بوو لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا. لە گەڕانەوەماندا کاتێک لەگەڵ ملازمەکەدا بەتەنیا ماینەوە کە بە باشی زمانی ڕووسی دەزانێ، گوتی: «پێویست ناکات درێژە بە بێدەنگیمان بدەین».

ئەوا ئێستا ئۆتۆمبیلە گەیشتە ئوتیلەکەی بەغدا کە پێشمەرگەیەکی چەکدار لێیدەخوڕی، ساڵانێکە زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراق، لە خاڵەکانی پشکنینی سەر شەقامەکانی ئێرە و کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، بەتایبەتیش لە نزیک کەرکووک و هەولێر و سلێمانی، بە وردی لەو مۆڵەتی ڕێگەپێدانەی منیان کۆڵییەوە، تەماشایەکی ڕەشاشە ئۆتۆماتیکەکەی عومەر عەبدولقادریشیان دەکرد و گوتیان: «أهلا وسهلا» - «مرحبا».

یەکێک لەو سەربازانەی لە دەروازەی کەرکووک ئێمەی ڕاگرت، لە عومەری پرسی: «فرسان»؟ «چەکی فرسانە»؟- ئەمە ئەو ناوەیە کە ئەو چەکدارە کوردە لەخۆیانیان ناوە لەپاڵ سوپای حکومەتی عێراقەوە دژی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕ دەکەن، لایەنگرانی بارزانیش نازناوی «جاش»یان لێناون کە مانای «گوێدرێژ» دەگەیەنێت. ئەوان دژی نەتەوەکەی خۆیان دەجەنگن (بەم شێوەیە بنچینەی ناوناکەم بۆ باسکراوە).

عومەر وەڵامیدایەوە:

- نا، «پێشمەرگەم» ئەمجارە سەربازەکە، بە ئەدەبانەتر پێیگوت: «أهلا و سهلا».

تەنیا لە بازگەیەکی دەرەوەی هەولێردا کەمێک ئێمەیان ڕاگرت و پێشنیازیان کرد چەند سەربازێکی پاسەوان لەگەڵ خۆماندا بەرین.

عومەر پرسی:

- بۆچی؟

- ئەی ئەگەر شتێکی کتوپڕ ڕوویدا؟

- ئەگەر جاشمان لەگەڵدا نەنێرن، هیچ شتێک ڕوونادات.

بەهەرحاڵ، جاشیان لەگەڵدا نەناردین. هەموو ئەم وردەکارییانەی گەشتی ئەمجارەمان، ڕەنگدانەوەی ئەو هەوڵانەن کە دەسەڵاتدارانی عێراق بەڕاستی دەیانەوێ

کێشـەی کـورد چارەسـەر بکـەن، لـە لێدوانـە سیاسـییەکانی ئەوانـەی دوای ١٧ی تەمـووز هاتوونەتـە سـەر حوکـم، بـە ڕوونـی دیـارە.

بۆیـە ئەمجـارە بـە یاوەریـی پێشـمەرگە، گەشـتێکی وشـکانیی ١٢ کاتژمێریـمان لـە بەغـداوە دەسـتپێکرد، لـە دووڕیانـی دیانـە – ڕوانـدز، ئیـتر پێویسـتمان بـە پاراسـتنی حکومـەت نەمـا و گەیشـتینە ئـەو ناوچانـەی پێشـمەرگە تێیـدا دەسـەڵاتدارە و هێزەکانـی بارزانـی بـە تـەواوی کۆنترۆڵیـان کـردووە.

پێشـتر سـامی، ئەندامـی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێیگوتبـووم: «لـە ڕاسـتیدا ئەمـە بنکـەی سـەرەکیی ئێمەیـە و ئێمـە کۆنترۆڵـی ناوچەیەکـی گەورەترمـان کـردووە» شـارەکان و تەنیـا پێنـج کیلۆمەتـر دوور لەمـلاو ئەمـلای ڕێگـە سـەرەکییەکە نەبێـت، حکومەتـی بەغـدا هیچـی لـە کوردسـتان لەژێـر دەسـتدا نەمـاوە و ئـەم ناوچـە فراوانـە، بـە کەرکووکیشـەوە لەژێـر دەسـەڵاتی ئێمەدایـە، بەڵـێ لـە هەنـدێ شـاری دیکەشـدا بەشـەوان هێزەکانـی ئێـوەی تێـدا زاڵـە، بۆنموونـە .. هەولێـر.

بـە هەقیقـەت ئـەم قسـانەی سـامی هەمـوو ڕاسـت بـوون. عومـەر زۆر بـە ئـازادی لـە هەولێـر و شـەقڵاوەدا ئۆتۆمبێلەکـەی لێدەخـوڕی و بـە بەرچـاوی هەمووانـەوە، هاوکارییـە داراییەکانـی بـە بنەماڵـەی شـەهیدەکان دەگەیانـد، لێـرە هەمـوو شـتێک بـە متمانـەوە دەکرێـت و خەڵـک متمانەیـان بەیەکترییـە.

لــە ڕێــی گەڕانەوەمــان لــە بەشــی ڕێگــەی هەولێــر کەرکــووک، لەســەر ڕێگــە ســەرەکییەکە لامانــدا، پــاش چارەگــە ســەعاتێک گەیشــتینە گوندێــک، لەنێــو ئــەو گونـدەدا پیـاو و ژن و منداڵـمان لـێ کۆبـووەوە، هەمـوو لـە پێشـوازیی ئێمـەدا بـوون و بەخێرهاتنـی ئێمەیـان دەکـرد، زۆری پێنەچـوو، نـان و ماستاویشـیان پێشـکەش کردیـن.

لــەم گونــدەی هەولێــردا، عومــەر بێهیــوا کــرا، کاتێــک بــۆ یەکەمیــن جــار بــوو شـۆفێری تاکسـییەکی بینـی کـە پۆلیسـێکی سـوارکردبوو، پۆلیسـەکەش هـەر کوردبـوو، عومـەر شـۆفێری تەکسـییەکەی ڕاگـرت و بـە زمانـی کـوردی شـتێکی پێگـوت، دەرکـەوت کـە داوای لێکردبـوو دوای گەیاندنـی پۆلیسـەکە، بگەڕێتـەوە و لـە پشـت بازگەکـەی سـەر ڕێگـە سـەرەکییەکە یەکدیگربـن. بـە ملکەچییەکـەوە هەریـەک لـە شـۆفێرەکە و

پۆلیسەکە سەریان بۆ عومەر لەقاند، بەڵام تەکسییەکە هەر نەگەڕایەوە.

لە عومەرم پرسی: بەتەمای چی بوویت لەگەڵ شوفێرەکە؟

- بەتەمابووم مەکینەیەکی ئەم ئۆتۆمبیلەم بۆ بێنێتە ئێرە.

- جا ئەگەر هەر نەیهێنا؟ خۆ تۆ نایناسیت.

- بەڵام ئەو ئێمە دەناسێت و هەر کاتێک بمانەوێت بزانین ئەم شوفێرە کێ بوو، دەیدۆزینەوە ...

هەموو ئەم شتانەی ڕوویدا، لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بوو، پاش ئەوەی هەفتەیەکم لەنێو پێشمەرگەکاندا بەسەربرد، لەوێ لەگەڵ بارزانی و کوڕەکانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری پێشمەگەدا کۆبوومەوە. هەموویان باسیان لە ڕێگەچارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکرد کە قوربانییەکی زۆری لەپێناو دراوە و گەلانی عێراقیشی تووشی چەرمەسەری کردووە.

لە زۆربەی لێدوانەکاندا، چەکەرەیان لەوە دەکرد کە نەبادا ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان سوود لە بەرقەرارنەبوونی ئاشتی لە کوردستان وەربگرن.

گفتوگۆی ئەم لێدوانانەی کە لەبارەی گوزەران و بیرۆکەی کوردی کوردستانی عێراق کراوە لەم نووسینەی داهاتوودا بڵاودەکرێنەوە.

**یەفگینی بریماکۆف. کوردستانی عێراق**

**«ئۆگۆنیوک»ژمارە ٤٧، تشرینی دووەم ١٩٦٨**

**لەنێوجەرگەی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمدا**

لەبن کەپرێکی لاکێشەیی کە بە لق و پۆپی وشک داپۆشرابوو، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا دانیشتبووین. کەپرەکە بە قەدپاڵی شاخێکەوە نووسابوو. لێرەوە کە ٥٠٠ مەترێک لە بارەگای هاوینەی بارزانییەوە دوورە، ئیدریس و مەسعودی کوڕی ناردە پێشوازیمان لە بارەگاکە. هەردوو کوڕەکەی هێشتا تەواو پێنەگەیشتبوون، هەردووکیان هەمان جلوبەرگیان لەبەردا بوو و سەرو دەمانچەیەکی «سمیت

ئەند ویسۆن»یان بە پشتێنەوە بوو. لەوێ لە ژوورەوە دوو مێزی هاوشێوەی یەکتری دانرابوون بۆئەوەی نووسینی لەسەربکرێت، لەسەر هەریەکەشیان تەپڵەکێکی  خۆڵەمێشیی جگەرە دانرابوو - دەستێک بوو گۆی زەویی بە ناولەپی هەڵگرتبوو، بەقەد دیواری کەپرەسەوزەکەدا وێنەیەکی بارزانی هەڵواسرابوو، لەوێنە هەڵواسراوەکەدا پێدەچوو جەنەڕاڵ گەنجتر بێت لە ئێستا، لەگەڵ ئەوەشدا قەت نەتدەگوت ئێستا تەمەنی شەست ساڵانە.

لەگەڵ گەیشتنی بارزانیدا، هەردوو کوڕەکەی بەڕێزەوە گەڕانە دواوە. پێدەچوو ئەم پیاوە کەتە بڕۆ ڕەشە ژاکاوەی کە پالتۆیەکی خاکی و شەرواڵێکی پان و پۆڕی بە هەمان ڕەنگی لەپێدابوو، هەموو بۆشاییەکی نێو کەپرەکەی پڕکردبێتەوە، بارزانی بەقیتی دانیشتبوو، پشتێنێکی حەریری بەستبوو، لەسەر ئەو پشتێنەشدا پشتێنێکی چەرمی بەسەرداهێنابوو کە جزدانێکی «بارابیلۆم» و خەنجەرێک لە کیفێکی زێڕینی پێوەبوو، لە تەنیشت خەنجەرەکەشدا دارجگەرەیەک هەبوو کە لە قەدەدارێکی باریک دروست کرابوو، جەنەڕاڵ جگەرە پێچراوەکانی بە ئاسپایی دەکردە دارجگەرەکەوە، جگەرەکانیش هەر بە تووتنی خۆماڵی پێچرابوونەوە. چاوەکانی بارزانی زۆر شتیان دەردەبڕی، ژیرانە بوون، هەر زوو لەگەڵ کەسانی بەرانبەردا بەردەوام دەبوون.

ئێمە باسی بارودۆخی کوردستان دەکەین، خەباتی گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان لە مەودا دوورەکانیشەوە ئاشنای بوونە، حکومەتی نوێی بەغداش بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر کە لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا هاتوونەتە سەر حوکم، درکیان بە گرنگی کێشەی کورد کردووە، بەهەر حاڵ لە لێدوانە بەراییەکانیاندا دووپاتیان کردووەتەوە کە سەرکردایەتیی شۆڕش ویستی بەرقەراکردنی ئاشتیی لە کوردستاندا هەیە دەیانەوێ لەسەر بنەمای مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکەی حوزەیرانی ١٩٦٦دا کێشەکان چارەسەر بکات کە عارف خۆی لێیاندەدزییەوە.

پرسیم:

- بارودۆخی کورد چۆنە؟

وەڵامیدامەوە:

- نەیارانمان دەڵێن ئێمە دەمانەوێ خۆمان لە عێراق جودابکەینەوە، شتی وا لە

ئـارادا نییـە، ئێمـە دەمانـەوێ وەکـو ئـەم خەڵکـە بژیـن. ئێسـتا ئێمـە باسـی ئۆتۆنۆمیـش ناکەیـن لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، بەڵکـو دەمانـەوێ مافـە نەتەوەییەکانمـان بێنینـەدی، مافـی منداڵانمـان لـە خوێنـدن بـە زمانـی دایکیـان، مافـی بەدەسـتهێنانی پشـکێک لـە داهاتـی نـەوت کـە لـە ئەزەلـەوە لـە خاکـی کوردسـتاندا بەرهـەم دەهێنرێـت و لـە بووژانـەوەی ناوچەکانمانـدا سـوودی لێوەرگریـن، دواجاریـش مافـی کـورد لـە نوێنەرایەتیکـردن لـە ڕێکخـراوە مەرکـەزی و خۆجێییەکانـدا.

بارزانـی لـە درێـژەی وەڵامدانەوەکەیـدا دەڵێـت: ئێمـە هەرگیـز دەسـتپێخەر نابیـن لـە دەسـتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا، بێـزار و وەڕس بوویـن لەشـەڕ، ئێمـە ئاشـتیمان دەوێـت، بـەڵام لاوازیـش نیـن، پانـزە هـەزار پێشـمەرگەی چەکـدار بـە چەکـی سـووک ڕێکدەخرێـن و بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانـی گەلـدا دەکـەن.

بێگومـان هەمـوو لایـەک گەشـبین نیـن لـە گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی خێـرای ئاشـتییانە بـۆ کێشـەی کـورد. هەرچەنـدە هەنـگاوی گرنگیـش نـراون: حکومەتـی نوێـی عێـراق بڕیاری لێبوردنـی بـۆ زیندانیانـی سیاسـی دەرکـردووە کـە کاتـی خـۆی بەهـۆی ڕووداوەکانی شـەڕی کوردسـتان دەسـتگیر کرابـوون، بـەڵام ئەمـە بـەس نییـە لەچـاو قەبـارەی ئـەو ڕێکارانـەی پێویسـتە بگیرێنەبـەر بـۆ ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخەکـە بـە گشـتی.

ڕەوتـی توندڕەوانـەی ناسیۆنالیسـتیی کوردیـش مایـەی ترسـن، بـەڵام بـە تـەواوی باڵـی بەسـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورددا نەکێشـاوە، ئەمـە ئاشـکرایە، بـەڵام بوونـی هەیـە و بارزانـی ئەمـەی نەشـاردەوە و گوتـی:

- ئەگـەر مـاوەی ئاگربەسـتەکە هـەر وا بـە کراوەیـی بمێنێتـەوە و درێـژە بکێشـێ، بەبـێ ئـەوەی کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت و قۆناغـی ئاشـتیی هەمیشـەیی دەسـت پێنـەکات، دوور نییـە توندڕەوانـی وڵاتمـان سـەر بەرزبکەنـەوە.

بەشـێکی زۆری سـەرکردەکان، نـەک هـەر لـە بەغـدا، بگـرە لەنێـو بزووتنـەوەی کوردیشـدا لـە «گەمـە»ی ئیمپریالیـزم دەترسـن سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد. بارزانـی ئەوەشـی گـوت: «نەمانویسـتووە و نامانـەوێ ببینـە کارتـی دەسـت سازشـکردن لـەم گەمەیـەدا».

- ئاراستەی گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە عێراق چییە؟ بارزانی ئەم پرسیارەی کرد و هەر خۆشی وەڵامیدایەوە: هاوشانی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان دەجەنگین و بزووتنەوەکەمان بەشێکە لە ڕەوتی گشتیی خەباتی هێزە ڕزگاریخوازەکانی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم.

**یەفگینی بریماکۆف. کوردستانی عێراق - مۆسکۆ**

**«پراڤدا» ١٩٦٩/٩/٢٠**

**ئاسۆکانی عێراق**

لە بەدبەختیی کورد، هێشتا تێبینیی پێشکەوتنێکی گەورە لە کێشەی کورد ناکرێت لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦. ئەم پرسەمان لەگەڵ سەرکردەیەکی عێراقیشدا باسکردووە کە سەدام حوسێن تکریتی بوو، ئەو دەیگوت: «بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا، زانکۆیەکی کوردیمان لە سلێمانیدا کردووەتەوە، دهۆکمان لەسەر بەشێک لەو خاکەی کوردی تێدا نیشتەجێن، کردە پارێزگا و لێبوردنی گشتیمان بۆ ئەو کوردە دەرکرد کە بەشدارییان لە خەباتی چەکداریی دژی حکومەتی عێراقدا کردووە. ئێستا گەنگەشەی پرۆژەیەک بۆ دابەشکردنێکی نوێی ئیداریی عێراق دەکەین کە سیستەمی لامەرکەزییەت لە ئیدارەداندا لەخۆدەگرێت و کورد لەمەدا سوودمەند دەبێت» سەدام حوسێن درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێت: «تەنیا دەستوەردانی هێزە ئیمپریالیزمییەکان دەبێتە هۆی دەستپێکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوە خوێناوییەکان لە کوردستان».

چەند بیانوویەکی بەرهەڵستکارانەشم لەلایەنی کوردییەوە بیستووە، ڕاستی هەر بە ڕاستی دەمێنێتەوە، کێشەی کورد کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، هەڕەشەیە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕێکی گەورەتر لە کوردستان، ئیمپریالیزم زۆر لێهاتووانە بەکاریدێنێ بۆ لاوازکردنی توانای سەربازی و سیاسیی دەوڵەتی عێراق. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدایە کە عێراق هاوشانی وڵاتانی عەرەبی هەوڵی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕانگێزییەکەی ئیسرائیل دەدات.

لـە بەغـدا، قسـەم لەگـەڵ چەنـد کەسـێکدا کـردووە کـە بیرکردنەوەیەکـی لـەم جۆرەیـان هەیـە: هیـچ چارەسـەرێکی سـەربازییانە بۆ کێشـەی کورد نییە، ئەمەش ئەو سـاڵانەی شـەڕە بێهەوادەکـەی کوردسـتان بەڵگەیەتـی، بۆیـە لێمانگەڕێـن بـا ئـەم کێشـەیە «سـڕبکەین» بـۆ «کاتێکـی گونجاوتـر» ئـەم بیرکردنەوەیـە مەترسـیدارە. ئـەو کاتـەی بەبـێ هەوڵـی جیـددی بەفیـڕۆ دەدرێـت بـۆ چارەسـەرێکی گونجـاوی بەدیهێنانی خواسـتە نەتەوەییەکانـی کورد لە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا، دەرژێتـە بۆتـەی بەرژەوەندییەکانی توندڕەوانـی هەردوولا.

سـەدام حوسـێن گوتیشـی: «ئێمـە لـە هەوڵەکانمـان بـەردەوام دەبیـن تاکـو کێشـەی کــورد ئاشــتییانە چارەســەر بکەیــن و لــەم قۆناغــەدا جەخــت لەســەر جێبەجێکردنــی چالاکییــە کۆمەڵایەتییەکانــی کوردســتان دەکەینــەوە». بەڕاســتی هیــوادارم ئــەم ڕەوتــە ســەربکەوێ. بێگومــان لەمــڕۆدا ئەســتەمە ئامــاژە بــۆ ســەختییە مەترســیدارەکان نەکەیــن کـە لەلایـەن توندڕەوانـی کـوردەوە گەشـە دەکات و لەنێـو بزووتنـەوەی کـورددا بوونیـان هەیـە و زۆربـەی جارەکانیـش بوونەتـە ئامـرازی دەسـت هێـزە دەرەکییـەکان.

**یەفگینی بریماکۆف**

**«ئیزڤستیا» ١٩٧٠/٣/١٣**

**ئاساییکردنەوەی کێشەیەکی گرنگ**

لـە بەغـدا بـە فەرمـی، ڕێککەوتنێکـی نێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردەکانی کـورد بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، ڕاگەیەنـرا.

بــەم ڕێککەوتنــە، خەباتــی گەلــی کــوردی عێــراق لەپێنــاو بەدیهێنانــی مافــە نەتەوەییەکانـی کـورد، تاجـە گوڵینـەی لەسـەرنا کـە نزیکـەی نیـو سـەدەی خایانـد و بـە هێزێکـی تایبەتـەوە ١٠ سـاڵ لەمەوبـەر بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی، سـەرۆکی پارتـی دیموکراتــی کوردســتان، دەســتیپێکردووەتەوە.

بەکرێگیراوانـی ئیمپریالیسـتەکان و کۆنەپەرسـتانی عێـراق، بـە بـەردەوام ناکۆکییەکانـی نێـوان عـەرەب و کوردیـان زەق دەکـردەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا، ئـەو گۆڕانکارییە سیاسـییانەی لـە عێراقـدا هاتووەتـە ئـاراوە، نـەک هـەر پاراسـتنی یەکێتیـی دەوڵەتـی عێـراق، بگـرە

دەکارێت ململانێی نێوان عەرەب و کوردیش چارەسەر بکات. (لە عێراقدا، لەنێو ئەو هەشت ملیۆنەدا، عەرەب نزیکەی پێنج ملیۆن نیو و کوردیش نزیکەی دوو ملیۆنی تێکڕای دانیشتوانی عێراق پێکدێنن).

ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق، بە ئێستگەی بەغدای ڕاگەیاندووە، ڕێککەوتنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت کە دەقێکی تێدا بێت و بڵێت: دانیشتوانی عێراق، لە دوو نەتەوەی عەرەب و کورد پێکدێت. نوێنەرانی کوردیش لە پایە فەرمییەکانی دەزگاکانی دەوڵەت و سوپا دادەمەزرێن، یەکێک لە جێگرانی سەرکۆماری عێراقیش لە پێکهاتەی کورد دەبێت. لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی کوردیش بە فەرمی دەناسێنین لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن.

بەکر ئەوەشی ڕاگەیاند، لێبوردنێکی گشتیمان دەرکردووە بۆ ئەو کوردەی بەشدارییان لە شۆڕشە چەکدارییەکانی کوردستاندا کردووە و دەیانگەڕێنینەوە شوێنی پێشووی خۆیان لەنێو دامودەزگا حکومییەکان و سوپادا. هەروەها ئاماژەی بەوەش دا، هەموو ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و حکومەتی عێراق جێبەجێی کردوون، بە ڕەزامەندیی من بوونە.

بەپێی هەواڵەکانی ڕادیۆی بەغدا بێت، مستەفا بارزانیش پێشوازیی لە ڕێککەوتننامەکە کردووە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئیمزا کراوە و بە «ئاشتی و دیموکرتخوازانە»ی وەسفکردووە. ڕابەری کورد لە برووسکەیەکدا کە بۆ سەرکۆماری عێراقی ناردبوو و تێیدا دووپاتی کردبووەوە، ئامانجی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەماهەنگیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هەروەها برایەتیی مێژوویی نێوانیان پتەودەکات.

تەواوی هاووڵاتیانی عێراقیش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە هەواڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کرد کە ساڵانێکی دوورودرێژە بارودۆخی وڵاتی ئاڵۆز کردبوو، دەسەڵاتدارانی حکومەت، بەبۆنەی ئەم ڕووداوە گرینگە، ڕۆژی ١٢ی ئاداریان لە سەرتاسەری عێراقدا کردە پشوو.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«کۆمسۆمۆلسکایا پڕاڤدا» ١٩٧٠/٣/١٣**

**گەیشتن بە ڕێککەوتن**

**بەغدا، ١٢ی ئادار.** ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق، بە ئێستگەی بەغدای ڕاگەیاندووە، ڕێککەوتنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە هەمواركردنەوەی دەستوور دەكرێت كە دەقێكی تێدا بێت و بڵێت: دانیشتوانی عێراق، لە دوو نەتەوەی عەرەب و كورد پێكدێت. نوێنەرانی كوردیش لە پایە فەرمییەكانی دەزگاكانی دەوڵەت و سوپا دادەمەزرێن، یەكێك لە جێگرانی سەركۆماری عێراقیش لە پێكهاتەی كورد دەبێت. لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی كوردیش بە فەرمی دەناسێنین لەو ناوچانەی كە زۆرینەیان كوردن.

**«ئیزڤستیا» ١٩٧٠/٣/١٣**

**كێشەكە چارەسەر كرا**

دوێنێ، هەزاران كەس ڕژانە سەر شەقامەكانی بەغدا، بۆ دەربڕینی خۆشی بە چارەسەركردنی كێشەی نێوان عەرەب و كورد. سالآنێكی زۆرە كورد بە هاوبەشی لەگەڵ عەرەبدا ئاهەنگی خۆشیی نەگێڕاوە، بەڵام ئەمڕۆ بەم بۆنەیەوە بەیەكەوە ئاهەنگ دەگێڕن.

بەكر، سەركۆماری عێراق گوتەیەكی ئاراستەی ئاهەنگێڕان كرد و تێیدا گوتی: ئەمڕۆ لاپەڕەیەكی ڕەشمان لە مێژووی وڵاتدا پێچایەوە و ئەو شەڕەی دەیان ساڵی خایاند، تەواوبوو. ڕۆژنامەكانی بەغداش دەقی ئەو نامەیەی مستەفا بارزانی بۆ سەركۆماری عێراقی ناردبوو، بڵاوكردبووەوە كە تێیدا هاتبوو: «لەم چركەساتە مێژووییەدا، دووپاتی دەكەمەوە گەلی كورد پشتیوانیی خەباتی ڕەوای نەتەوەی عەرەب دەكات كە لەپێناو بەدیهێنانی مافی باپیرانیان، دژی دوژمنان بەرپای كردووە».

ڕۆژنامە ناوخۆییەكان، بە دووری نازانن بارزانی بەم زووانە سەردانی بەغدا بكات و بە گونجاوترین بەربژێری هەژمار دەكەن بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەركۆماری عێراق كە پێویستە كورد وەریبگرێت.

**پاڤڵ دیمچینكۆ**

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٣/١٣**

**عێراق: ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

لێدوانەکانی سەرکۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر - ڕابەری کورد مستەفا بارزانی: «کورد پێشوازی لە ڕێککەوتننامەکە دەکات».

**بەغدا، ١٢ی ئادار. (تاس).** ئێستگەی بەغدا، لێدوانێکی سەدام حوسێن تکریتی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق و جێگری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی بڵاوکردووەتەوە کە بۆ ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقی دابوو. تکریتی لەو لێدوانەدا ئاماژەی بەوە کردووە: پێوەندییە برایانەکەی نێوان عەرەب و کورد ئاسایی بووەتەوە، پاش ئەوەی لە ٢ی ئاداردا گەیشتینە چارەسەرکردنی تەواوی کێشە پێوەندیدارەکان بە کوردستان و جەختی کردووەتەوە: ئەو ڕێککەوتنەی کە پێیگەیشتووین «بڕیارێکی سەرەتایی و سیاسی و دەستوورییە، پێوەندییە برایانەکەی نێوان عەرەب و کورد زامن دەکات».

**بەغدا، ١٢ی ئادار. (تاس).** ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراقیش بە ئێستگەی بەغدای گوتبوو: گەیشتووینەتە ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕێککەوتننامەکە پێداگری دەکات لەوەی پێویستە دەستوور هەموار بکرێتەوە و ئەوەی تێدا بچەسپێنرێت کە دانیشتوانی عێراق لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد پێکدێن. نوێنەرانی کورد لە پۆستە فەرمییەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و لە سوپا دادەمەزرێن و کوردێک دیاریدەکرێت ببێتە جێگری سەرکۆماری عێراق.

هەر بە پێی ڕێککەوتننامەکە، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بە فەرمی دەناسرێت لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن و بڕیاردراوە لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەو کوردەی بەشدارییان لە شۆڕشە چەکدارییەکەی کوردستاندا کردووە، ڕابگەیەنرێت و دەرکراوانی کورد دەگەڕێنرێنەوە سەر ئەو پۆستانەی پێشووی خۆیان لە فەرمانگە فەرمییەکانی حکومەت و ڕیزەکانی سوپادا.

هەروەهــا کــورد لــە دامــەزراوە باڵاکانــی یاسادانانیشــدا بەپێــی ڕێــژەی خۆیــان بەشــدار دەکرێــن. مافــی دامەزراندنــی ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتییــەکان و وەرگێــران لــە زانکـۆ و دامـەزراوە پەروەردەییەکانـی دیکـەدا بەبـێ هیـچ مـەرج و کـۆت و بەندێـک. هەروەهـا سـەرکۆمار ئەوەشـی ڕوونکردبـووەوە کـە ئـەو ڕێکارانـەی حکومەتـی عێـراق بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد داڕشــتوون، پێشــوەختە ڕەزامەندیــی ڕابــەری کـورد مسـتەفا بارزانیـی لەسـەر وەرگیـراوە و ئێسـتا سـەرقاڵی پێکهێنانـی لێژنەیەکـی بــاڵای تایبەتیــن بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەو ڕێککەوتننامەیــەی پێیگەیشــتووین.

**بەغــدا، ١٢ی ئــادار. (تــاس).** ڕادیـۆی بەغـدا بڵاویکردووەتـەوە: ڕابـەری نـاسراوی کـورد مسـتەفا بارزانـی کـە سـاڵانێکی زۆرە ڕابەرایەتیـی خەباتـی گەلـی کـورد دەکات، پێشــوازیی لــە ڕێککەوتننامەکــە کــردووە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد و بــە ڕێککەوتننامەیەکــی ئاشــتیخواز و دیموکراســییانەی وەســف دەکات. بارزانــی لــەو برووســکەیەدا کــە بــۆ ســەرکۆماری عێراقــی نــاردووە، «دووپاتیدەکاتــەوە ئامانجــی ڕێککەوتننامەکــە پتەوکردنــی هەماهەنگیــی نێــوان هــەردوو نەتــەوەی عــەرەب و کــورد و برایەتیــی دێرینیانــە».

هــەر لــەو برووســکەیەی بارزانیــدا هاتــووە: گەلــی کــورد بــە تــەواوی هــاوکاری حکومەتــی عێــراق دەبێــت لــە جێبەجێکردنــی ئــەو ڕێــکارە ڕاگەیەنراوانــەی دەبنــە هــۆی بەرقەرارکردنــی ئاشــتی و زامنکردنــی ئاســایش بــۆ ســەرجەم ڕۆڵەکانــی گەلانــی عێــراق. هەروەهــا کــورد «پشــتیوانیی نەتــەوەی عــەرەب دەکات دژی دوژمنانــی» و هەمــوو توانایەکیــان دەخەنەگــەڕ بــۆ ســڕینەوەی ئاســەوارەکانی ڕابــردووە کارەســاتبارە خەمناکەکــە.

## ڕێبەری زانیارییەکان:

لەدێرزەمانــەوە کــورد لــە چیاکانــی کوردســتاندا ژیــاوە و پێنــج یەکــی ســەرجەم دانیشــتوانی عێراقــی پێکهێنــاوە کــە دەگاتــە هەشــت ملیــۆن. ناوچــە کوردســتانییەکان لەســەر ڕووبــەری ٧٢ هــەزار کیلۆمەتــری چوارگۆشــەدا درێــژ دەبێتــەوە کــە (دەکاتــە ١٦٪ی ڕووبــەری وڵات). ســامانی سروشــتیی ســەرەکیی کوردســتان، نەوتــە.

کــوردی عێــراق، چەندیــن جــار لەپێنــاو بەدیهێنانــی مافــە نەتەوەییەکانیــان شــۆڕشیان هەڵگیرســاندووە. لەســەروبەندی جەنگــی جیهانیــی یەکەمــدا، کوردســتانی ئێســتای عێــراق، بەشــێک بــوو لــە ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی. پاشــان کەوتنە ژێــر ڕکێفــی ئینگلیزەکانــەوە، لە عێراقیشــدا کــە لەژێــر دەســەڵاتی بەریتانییــەکان ئــازاد بوو، کێشــەی کورد تووشــی بەڵایەکی دیکــەی درێژخایــەن بــوو. بەدرێژایــی نــۆ ســاڵی ڕەبــەق، شــەڕێکی خوێنــاوی لــە کوردســتان بەرپــا بــوو، ئینجــا ئاگربەســت ڕاگەیەنــرا، پاشــان دووبــارە دەســتپێکردەوە و گیانــی هەزاران کــەس بوونــە ســووتەمەنیی ئــەم شــەڕە دژوارە و دەیــان گونــد تەختــی زەوی کــران.

لــە شــوباتی ١٩٦٦، ئاگربەســتی شــەڕی نێــوان ســوپای عێــراق و هێزەکانــی پێشــمەرگە ئیمــزا کــرا و حکومەتــی عێــراق بەڵێنــی بــە کــورد دا دان بــە مافــە نەتەوەییەکانیــان بنێــت و خواســتەکانیان جێبەجــێ بــکات، کەچــی هــەر زوو جارێکــی دیکــە شــەڕ هەڵگیرسایەوە.

لــە ٢٩ی تەمــووزی ١٩٦٨ حکومەتــی نوێــی عێــراق پرۆژەیەکــی بــۆ چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد خســتەڕوو. دوانــزە خاڵەکــەی بەرنامــە حکومییەکــە دانیــان نــا بــە مافــی بەشــداریکردنی کــوردی لــە حکومــەت و خوێنــدن بــە زمانــی دایــک و دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئۆپەراســیۆنە ســەۆبازییەکانی دژی کــورد هــەر درێــژەی هەبــوو.

ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــاداری ڕابــردوو سنوورێکی بــۆ شــەڕ دانــا و ئاسۆیەکی فراوانــی بــۆ هەماهەنگیــی کردەنیــی نێــوان عــەرەب و کــورد واڵاکــرد، دوو نەتــەوەی جیــاواز لــە نیشــتمانێکدا دەژیــن.

**ئانا بۆ گۆدینا**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٠/٣/١٤**

**ئاهەنگگێڕان لە بەغدا**

**پایتەختی عێراق بە ڕیککەوتن لەگەڵ کورد ئاهەنگ دەگێڕێت**

**بەغدا، ١٢ی ئادار. (تاس).** جەماوەری بەغدای پایتەخت و سەرتاپای عێراق، خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ڕێککەوتننامەکەی نێوان حکومەتی عێراق و کورد دەربڕی کە سنوورێکی بۆ ئەم ململانێیانە دانا کە پەرەی سەند و گەیشتە ڕادەی خوێنڕشتنی هەردوولایەنی شەڕکەر.

ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە ئاکامی دانوستانەکانی نێوان ڕابەری کورد مستەفا بارزانی و شاندێکی حکومەت هاتووەتەبەر، دەقێکی دەستووریی تێدایە و بەپێی ئەو دەقە: دانیشتوانی عێراق لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد پێکدێت و لە مافدا یەکسانن. یەکێک لە جێگرانی سەرکۆماری حکومەتی ئێستای عێراق لە نەتەوەی کورد دەبێت، لەو ناوچانەشدا کە زۆرینەیان کوردن، زمانی دایک لەپاڵ زمانی عەرەبیدا دەبێتە زمانی فەرمیی دووەمی دەوڵەت. ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق کە دوێنێ ئێوارە ١١ی ئادار لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی بەغدا، ڕایگەیاندبوو: ئێمە گەیشتووینەتە ڕێککەوتنێک لە گەڵ کورد و حکومەتی ئێستای عێراق توانیویەتی کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات و خۆی لەژێر باری هەڵەکانی ڕژێمەکانی پێشوودا ئازاد بکات و خەباتی دژی پاشماوەکانی داگیرکاران چڕ بکاتەوە.

پایتەختی عێراق ئاهەنگ دەگێڕێت، سەرجەم فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان دەرگایان داخستووە و بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ڕۆژی ١١ی ئادار بە ڕۆژی ئاشتی ناسێنرا و دەیان هەزار هاووڵاتیی بەغدا بە عەرەب و کوردەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و گۆڕەپانەکان پڕبوون لە ئاهەنگگێڕان.

بەشداربووانی ئاهەنگەکە، لافیتەیان بەرز دەکردەوە کە لەسەریان نووسرابوو: «بژی ١١ی ئادار کە بووە سیمبولی ئاشتی لە وڵاتە خۆشەویستەکەمان». ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا و سەرجەم ڕۆژنامە ناوخۆییەکان، هەواڵی ڕێککەوتنەکەیان پەخش و بڵاودەکردەوە و دووپاتیان دەکردەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە گرنگییەکی مێژوویی هەیە بۆ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد و پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی و پێوەندییەکانی نێوان دوو گەلی برا.

**«پڕاڤدا»١٩٧٠/٣/١٥**

**لێدوانەکەی بارزانی**

**پاریـس (تـاس).** ڕابـەری کورد مستەفا بارزانـی بە ئێسـتگەی بەغدای ڕاگەیانـدووە، کورد پشـتیوانیی لـە یەکگرتنـی عـەرەب دەکات و بەپێـی پەیامنێـری فرانـس پرێـس لـە بەغـدا، بارزانـی گوتوویەتـی: «ئێمـە پشـتیوانیی برایانـی عەرەبمـان دەکەیـن کـە لەپێناو نیشـتمان و وەرگرتنـەوەی مافـە زەوتکراوەکانیـان دەجەنگـن» و کـورد پشـتگیریی یەکگرتنـی عـەرەب دەکات، بـە مەرجێـک مافەکانـی گەلـی کورد لـە چوارچێوەی ئـەم یەکگرتنـەدا زامن بکرێت.

هەروەهـا بارزانـی دەڵێـت: «پرسـی دیاریکردنـی بەربژێرێـک بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی جێگـری سـەرکۆماری عێـراق لـە کۆنگـرەی داهاتـووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێـت کـە بڕیـارە لـە سـەرەتاکانی مانگـی حوزەیرانـدا ببەسـترێت، یاخـود لـە دانیشـتنی گشـتیی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـدا بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت، « کـە بـە ماوەیەکـی کەمـی دوای کۆنگـرە ئەنجـام دەدرێـت.

**«نۆڤۆیا فریمیا» ژمارە: ١٢، ١٩٧٠/٣/١٩**

**عێراق: عەرەب و کورد**

لـە عێـراق، ١٢ی ئـاداری ئەمسـاڵ بـە ڕۆژی ئاشـتی ناسـێنرا. ئەمـە کۆتایـی شـەڕی نێـوان برایـان بـوو لـە کوردسـتان کـە نزیکـەی نـۆ سـاڵی خایانـد. ڕۆژێکـی پێـش ئەمـە، ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەرکۆماری عێـراق لە لێدوانێکیـدا بە ڕادیـۆی بەغدای ڕاگەیاندبـوو، لەگەڵ کـورد گەیشـتوونەتە ڕێککەوتنێکـی مـەودا فـراوان، دانوسـتانەکان بـە نوێنەرایەتیـی هەمـوو کـورد، ڕابـەری کـورد و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، سـەرۆکایەتیی دەکـرد.

ڕێککەوتننامەکـە ئـەوەی تێـدا ڕوونکراوەتـەوە دەسـتووری وڵات دەقێکـی تێـدا جێگیـر دەکرێـت کـە دەڵێـت: دانیشـتوانی عێـراق لـە هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد پێکدێت و هەردووکیـان لـە مافـدا یەکسـانن، زمانـی کوردیـش لەپـاڵ زمانـی عەرەبیـدا دەکرێتـە زمانـی فەرمیـی دووەمـی وڵات، یەکێـک لـە جێگرەکانـی سـەرکۆماری عێراقیـش دەدرێتـە کـورد. هەروەهـا کـورد مافـی وەرگرتنـی پلـە و پۆسـتیان لەنێـو دامـودەزگا حکومییەکانـدا

دەبێت و بەشدار دەبن لە داڕشتنی دەستەکانی یاسادانان، لە ناوچە کوردنشینەکانیشدا پلانی خێرا بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵ داڕێژراوە و هاوکارییەکی فراوانی داراییش دەکرێن بۆ بووژانەوەی ئابووری و کلتووریی کوردستان. پلانی تایبەتیش هەیە بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی خوێندن تێیاندا بە زمانی کوردییە.

بارزانی برووسکەیەکیشی بۆ سەرکۆمار ناردووە و تێیدا متمانەی خۆی بە ڕێککەوتننامەکە دەربڕیوە و گوتوویەتی: هەماهەنگیی نێوان عەرەب و کورد و برایەتیی دێرینیان پتەو دەکات. هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە هاوولاتیانی کورد ئامادەن بە بێ هیچ مەرجێک هاوکاریی دەسەڵاتدارانی عێراق بکەن لە جێبەجێکردنی ڕێکارە پێویستەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی هەمیشەیی لە وڵات و زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی تەواوی گەلانی عێراق.

## تاوانبارە سەرەکییەکە:

ماوەی نۆ ساڵ کە ناوبەناو بۆ ماوەیەکی کورت ڕادەگیرا و دوایی دەستپێدەکردەوە و توندی و دژواریی شەڕەکەش لە هەڵبەز و دابەزی بەردەوامدا بوو، نۆ ساڵ شەڕی نێوان عەرەب و کوردی برا لە کوردستان درێژەی کێشا، هەزاران کەسیش بوونە قوربانیی ئەم شەڕە بێهوودەیە، وڵاتی تەواو لاواز کرد و ئابووری و داهاتی عێراق بەفیڕۆ دەچوو. ڕۆژنامەی (الثورة)ی بەغدایی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا نووسیویەتی: «لەو کارەساتەی نۆ ساڵی خایاند، لایەنی بەهێز و لایەنی بێهێزی تێدا نەبوو. هەموو وڵاتی بێهیز کرد. تەواوی گەلانی عێراقیشی بێهێز کرد. ئەو گوژمە قەبەیەی لە بەردەوامبوونی ئەو شەڕەدا بەکاردەهێنرا، دەکرا لە بەدیهێنانی پێشکەوتن و بووژانەوەی وڵاتدا بەکاربهێنرێت».

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق دەگاتە دوو ملیۆن کەس کە دەکاتە نزیکەی چوار یەکی تێکڕای دانیشتوانی وڵات، کلتوورێک و ئاکار و دابونەریتێکی هاوبەشیان هەیە، هاوکات بەستەری هەمەجۆر بە عەربی عێراقیان دەبەستێتەوە و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سێکتەرەکانی سیاسی و کلتووری و ئابووریی عێراقدا گێڕاوە.

پــاش تەواوبوونــی جەنگــی یەکەمــی جیهــان و ڕووخانــی ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی، ویلایەتــی مووســڵ کــە زۆرینــەی دانیشــتوانەکەی کــورد بــوون و دەوڵەمەنــد بــوو بــە ســامانی نــەوت، خرایــە ژێــر ئینتدابــی بەریتانــی. کــورد چەندیــن جــار بــەڕووی داگیــرکارە بەریتانییەکانــدا ڕاپەڕیــون. یەکەمیــن ڕاپەڕینــی مەزنــی کــوردی عێــراق لــە ئایــاری ســاڵی ١٩١٩دا بەرپابــوو و حکومەتێکــی کــوردی لــە شــاری ســلێمانیدا دامــەزرا. بــەڵام زۆر بــەردەوام نەبــوو و بەریتانییــەکان لــە تەمــووزی هەمــان ســاڵدا دەوڵەتەکــەی ڕووخانــد و ســەرکردەکانی ڕاپەڕینەکــە لــە وڵات دەرکــران. لــە ســاڵی ١٩٢٢شــدا جارێکــی دیکــە کــوردی عێــراق ڕاپەڕیــن و حکومەتــی بەریتانیایــان ناچــار کــرد دان بــە ئۆتۆنۆمییەکــی تایبــەت بــە کوردســتاندا بنێــت، بــەڵام پــاش دوو مانــگ هــەر خــودی بەریتانیــا بڕیارەکــەی هەڵوەشــاندەوە.

دواتریــش ڕاپەڕینەکانــی کــورد هــەر بــەردەوام بــوو، داگیرکارانــی بەریتانیــا بــە هاوکاریــی کۆنەپەرســتانی نێوخــۆ، بــە دڕەندانەتریــن شــێوە ڕاپەڕینەکانیــان کپدەکــردەوە، لــە هەمــان کاتیشــدا هەوڵــی نانــەوەی دووبەرەکیــی نەتەوەییــان لەنێــو کورددا دەدا، لــە کۆتاییشــدا دەتوانیــن ئیمپریالیــزم بــە هــۆکاری ســەرەکیی ســەرهەڵدانی کێشــەی کــورد دابنێیــن. داگیرکارانــی پێشــووی عێراقیــش ناتوانــن خۆیــان لــە بەرپرســیارێتیی لــەم پرســەدا بەدووربگــرن، هــەر چەنــدە لــە ڕۆژئــاوا هــەوڵ دەدرێت پرســەکە بەشــێوەیەک وێنا بکرێت کــە تــەواوی کێشــەی کــورد پــاش دامەزراندنــی سیســتمی کۆمــاری لــە وڵات، ســەریهەڵداوە.

## ئاواتی بەدینەهاتوو:

بەهەرحــاڵ، کــورد بــە حەماســەتەوە پێشــوازییان لــە شۆڕشــی ســاڵی ١٩٥٨ کــردووە کــە ڕژێمــی پاشــایەتیی ســەر بــە بەریتانیــای ڕووخانــد. کوردیــش هەروەکــو دانیشــتوانی عەرەبــی عێــراق بەهیوایەکــی گەشــەوە دەیانڕوانییــە سیســتەمی کۆمــاری کــە بتوانێــت کێشــەی کــورد دادپەروەرانــە چارەســەر بــکات. لــە دەســتووری کاتیــی عێراقیشــدا هاتــووە: «دەســتووری کاتیــی عێــراق، مافــە نەتەوەییەکانــی کــوردی نێــو کۆمەڵگــەی عێــراق لەســەر بنەمــای هەماهەنگیــی نێــوان تــەواوی هاووڵاتیــان، بەدیبێنێــت و ڕێــز لــە پاراســتن و مــاف و ئازادییەکانیــان بگرێــت».

پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕیزەکانی تەواوی چین و توێژەکانی کوردی یەکخستبوو، بووە بەشێک لە بەرەی یەکێتیی نیشتمانی لە عێراق و پشتیوانییەکی بەهێزی کۆمارە نوێیەکەی کرد لە خەباتی دژ بە پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی نێوخۆ.

لەگەڵ ئەوەشدا، خواستەکانی جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە جێبەجێکردنی پرەنسیپە ڕاگەیەنراوەکان نەهێنرایە دی کە سەبارەت بە یەکسانیی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا دەسەڵاتدارانی بەغدا بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ قاسم دەستی بە چەوساندنەوەی کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کورد کرد. لە ڕێگەی بەرتیل پێدانی شێخەکانیشەوە هەوڵی ئیفلیج کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش درا و هاندرانە گیان کەسایەتییە ناسراوەکان.

## نۆ ساڵی جەنگێک:

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١دا و بە هاوکاریی چەند سەرکردەیەکی کۆنەپەرستی هۆزە کوردییەکان، چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لە کوردستان ڕوویدا. هێزە نیزامییەکانی عێراقیش هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچانە، نیشتمانپەروەرانی کورد ناچارکران ڕوو لە چیاکان بکەن و چەند یەکەیەکی چەکداری دابمەزرێنن. مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکایەتیی ئەم یەکە چەکدارانەی چیای دەکرد، لەوساوە شەڕی نۆ ساڵەکەی نێوان حکومەتی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە دەستیپێکرد، دۆخێکی ناسەقامگیر لە وڵاتدا خوڵقا و ئەوەی سوودمەند بێت لەم دۆخە نائارامەی کوردستانیش تەنیا ئیمپریالیزم بوو کە هەوڵی دووبارە چەسپاندنی هەژموونی خۆی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

لە ٢٩ی تەمووزی ١٩٦٦، حکومەتی عێراق، بەرنامەیەکی ١٢ خاڵیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیاند، لە ١٢ خاڵەکەی بەرنامەکەدا دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا، بە مافی بەشداربوونیشیان لە حکومەت و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن و مافی ئازادیی ڕادەربڕینیشیان بۆ فەراهەم بکرێت و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

سـەبارەت بـە شـەڕانگێزییەکانی ئیسرائیـل بـۆ سـەر وڵاتانـی عـەرەب لـە حوزەیرانـی ١٩٦٧دا، بارزانـی بەیاننامەیەکـی دەرکـرد و تێیـدا ڕایگەیانـد: ئـەوان هاودەنگیـی تـەواوی خۆیـان بـۆ دۆزی ڕەوای عـەرەب دەردەبـڕن، ئـەم هەڵوێسـتە نیشـتمانییەی کـورد گورزێکـی لـە پیلانەکانـی ئیمپریالیـزم وەشـاند کـە هەوڵـی نانـەوەی دووبەرەکـی و دابەشـکاریی ناوخۆیـی وڵاتێکـی عەرەبیـی وەک عێراقـی دەدا.

کەچی دۆخی کوردسـتان هەر بە ئالۆزی مایەوە، هەرچەندە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان ڕاگیرابـوون، کەچـی لێـرەو لـەوێ ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکداریـی نێـوان هێزەکانـی سـوپای عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگە ناوبەنـاو سـەریانهەڵدەدایەوە، سـەرکردەکانی کوردیـش دەسـەڵاتدارانی بەغدایـان لـە خۆدزینـەوە لـە جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ڕێککەوتننامەکـەی سـاڵی ١٩٦٦ و هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرێکی سـەربازییانە بۆ کێشـەی کـورد، تۆمەتبـار دەکرد، لـە بەرانبەریشـدا بەغـدا، بەهۆی (پێداگـری) و (شـەڕانگێزی)یەوە ڕەخنەی لـە کورد دەگرت کـە گوایـە جوداخـوازن و داوای جودابوونـەوە دەکـەن لـە عێـراق. نەبوونی متمانـە و گومان لەیەکـتری کـردن، وایلێکـردن کـە هـەردوولا هەسـت بـە بەهێزیی خۆیـان بکەن.

## ڕێگەی ئاشتەوایی:

پاش هاتنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە سەرکردایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و وەرگرتنی جڵەوی حوکم لە بەغدا لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨، چەند هەنگاوێکی ڕاستەقینە نرا بەرەو چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی گەلی کورد. دەستووری کاتیی عێراق کە لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٨ دا کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، دانی بە مافە یەکسانەکانی عەرەب و کورد نا لە چوارچێوەی کۆماری عێراق. هەروەها زانکۆیەکی کوردیش لە سلێمانی کرایەوە.

لـە ٢٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٠ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بەیاننامەیەکـی دەرکـرد و بەرنامەکـەی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ی دووپاتکـردەوە و لێبوردنێکـی گشـتی بـۆ سـەرجەم ئەوانـەی بەشـدارییان لـە ڕووداوەکانـی کوردسـتاندا کردبـوو، دەرچـوو و لـە ڕادەسـتکردنەوەی چـەک و تەقەمەنییەکانیشـیاندا بەخـشران و فەرمانبـەرە دوورخـراوەکان گەڕێنرانـەوە شـوێنی پێشـووی خۆیـان.

تێکــڕای ئــەم هەنگاوانــە، ڕێککەوتنــە فراوانەکــەی نێــوان حکومەتــی ئێســتای بەغــدا و کوردیــان ئامادەکــرد کــە لــە ١١ی ئــاداری ســاڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنــی لەســەر کــرا. بەمــەش ســنوورێک بــۆ ئــەو مــاوە دوور و درێــژەی شــەڕی ناوخــۆ دانــرا و ئاسۆکانی هەماهەنگیــی برایانــەی نێوان هــەردوو نەتــەوە ســەرەکییەی عێــراق واڵابــوو، چارەســەرێکی دادپەروەرانــەی کێشــەی گەلــی کــورد، لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا لەگــەڵ بەرژەوەندییەکانــی گەلانــی عێــراق و بەرژەوەندییەکانــی یەکخســتنیان لــە دژی جەنگــی دژی هێــزە ئیمپریالــی و کۆنەپەرســتاندا کۆکــە.

**ن. نیکۆلایفا**

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٣/١٩**

بەڕێــز فەخامەتــی ســەرکۆمار ئەحمــەد حەســەن بەکــر و ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیــران لــە کۆمــاری عێــراق - بەغــدا

ئەزیزم جەنابی سەرۆک!

بــە نــاوی خــۆم و لەجیاتــی نوێنەرایەتیــی دەســتەی ســەرۆکایەتیی ئەنجوومەنــی بــاڵای ســۆڤیەت بــۆ کۆمــارە سۆشیالیســتییەکانی ســۆڤیەت و حکومەتــی ســۆڤیەت و گەلانــی وڵاتەکــەم، بەبۆنــەی دۆزینــەوەی چارەســەرێکی ئاشــتییانە بــۆ کێشــەی گەلــی کــورد، پیرۆزباییەکــی گــەرم لــە ئێــوە و ســەرجەم گەلانــی عێــراق دەکــەم کــە بووەتــە مایــەی کۆتاییهێنــان بــەو شــەڕە درێژخایەنــەی نێــوان عــەرەب و کــوردی بــرا.

ئێمــە تــەواوی بڕوامــان بەوەیــە کــە جێبەجێکردنــی ئــەم ڕێککەوتنــە گرنگــە، ڕۆڵــی دەبێــت لــە پتەوکردنــی یەکێتیــی نیشــتمانی و دۆســتایەتیی نێــوان هــەردوو گەلــی عــەرەب و کــورد، هەروەهــا کاریگەریــی دەبێــت لەســەر جێبەجێکردنــی ســەرکەوتووانەی گۆڕانکارییــە کۆمەڵایەتــی و ئابوورییــەکان لــە وڵاتــدا، لــەوەی کــە بەرژەوەندیــی گەلانــی عێراقــی تێدایــە و باشــکردنی ئاســتی بژێــوی و خۆشــگوزەرانیدا.

چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلــی کــورد لــە عێراقــدا، پێگــەی کۆمــاری عێــراق و حکومەتەکــەی لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتیــدا بەرزدەکاتــەوە و بەشــدارییەکی

گرنگـە لـە چەسـپاندنی یەکێتیـی وڵاتانـی عەرەبـی لـە خەباتـی هاوبەشـیان دژی هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان بـۆ سـڕینەوەی ئاسـەواری دەسـتدرێژییەکانی ئیسرائیـل. هیـوای ئاشـتەوایی و گەشـانەوە بـۆ گەلانـی عێراقـی دۆسـت دەخوازیـن.

**ئا. کۆسیجین بۆدگۆرنی**

**مۆسکۆ. کرملین. ١٧ی ئادار ١٩٧٠**

**«فگرنایا تبلیسی» ١٩٧٠/٣/٢٦**

**ڕێککەوتننامەکە جێبەجێکرا**

**بەغدا. (تاس).** مورتەزا حەدیسی، ئەندامی ئەنحوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرۆکی ئەو لێژنە باڵایەی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێکهێنراوە، دەڵێت: «ئامانجی سەرەکیی لێژنەکەمان جێبەجێکردنی بەرکارە بنەڕەتییەکانی ڕێککەوتننامەکەیە بەزووترین کات، تاکو عێراق بتوانێت درێژە بە کاروانی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە بدات». هەروەها گوتی: لەم نزیکانە لێژنەکەمان دەست بە کارەکانی دەکات و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست دەکرێت بە دانوستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە بەشداری پێکردنی نوێنەرانی کورد لە حکومەتە نوێیەکەی عێراق و دووپاتیکردووەوە کە سەرکۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر، ڕێنمایی پێویستی بۆ حکومەت دەرکردووە کە پێشنیازەکانیان بۆ بووژانەوەی ناوچەکانی کوردستان بە خێرایی بخەنەڕوو.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٧٠/٣/٢١**

**کۆماری عەرەب و کورد**

ڕۆژی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لـە مێـژووی هاوچەرخـی عێراقـدا بـە ڕۆژێکـی مێژوویـی هەژمـار دەکرێـت، چونکـە لـە ڕۆژێکـی وەکـو ئەمڕۆدا، ڕێککەوتننامـەی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی گەلـی کـورد ئیمزاکـرا و بـووە مایـەی ڕاگرتنـی ئـەو شـەڕە خوێناوییـە درێژخایەنـەی کـە نـۆ سـاڵی خایانـد لەنێـوان عـەرەب و کـورددا، بۆیـە پێویسـت بـوو لەنێـو شـار و شـارۆچکە و گوندەکانـی عێراقـدا بیـت بۆئـەوەی هەسـت بـەو خۆشـییەی

جەماوەر بکەیت کە بە ئاهەنگێران خۆشیی خۆیان دەردەبڕی. هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام و ڕێپێوانیان دەستپێکرد، کەسایەتیی ناوداری نێو حکومەتی عێراق و نوێنەرانی کورد بەشدارییان لەو خۆشی دەربڕینەدا کرد و گوتەیان پێشکەش بەو جەماوەرە کرد کە لە هەموو شوێنێکدا گردبوونەوە، لەنێو نوێنەرانی کورددا دوو کوڕی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی تێدا بوو.

ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دابونەریتی ڕۆژهەڵات، ڕەنگدانەوەی متمانەیەکی پتەوە بە ڕێککەوتننامەکە، گوزارشتێکیش بوو بۆ ئەوەی کە سەرەتایەکی جیددی دەستپێکردووە بۆ لەنێوبردنی گومان لەنێوانیاندا کە ساڵانێکی زۆرە بەدگومانی لەنێوانیاندا کەڵەکەی کردووە.

عێراق بەبۆنەی بەرقەراربوونی ئاشتەوایی ناوخۆیی ئاهەنگ دەگێڕێت کە سێ ساڵە خەڵک چاوەڕێی دەکات. لە هەموو شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا بە ئاسانی پێشمەرگەت بەرچاو دەکەوێت و وا هەست دەکەن کە هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەم کۆمارەن و دوو نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژێت و هاوشانی هاووڵاتیانی دیکە لە مافدا یەکسانن.

ڕای گشتیی سەرتاسەری وڵات لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی عێراقدا. ئەم هەڵسەنگاندنە لەبەر ڕۆشنایی ئاسۆی بووژانەوەی وڵاتدا کە ڕێککەوتننامەکە واڵای دەکات، لە دەرەوەی عێراقیشدا، هێزە پێشکەوتنخوازەکان گوزارشتی لێدەکەن. بەڕەچاوکردنی مێژووی عێراق و تەواوی ڕووداوگەلی دەیەکانی پێشوو، ڕووداوەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە ڕووانگەی عێراقییەکانەوە، بەڕاستی ڕووداوێکی مێژوویی گرنگە. ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە باڵایەش بەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە هێشتا کاری زۆر ماون لەپێناو جێبەجێکردنی تەواوی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە و پێویستە ئەنجام بدرێن، چونکە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی نێوخۆ، بەردەوامی بە خەباتیان دەدەن لەپێناو وەدەستهێنانەوەی ئەو کارتە براوەیەی لەدەستیانداوە کە دژی شۆڕشی عێراق بەکاریاندەهێنا.

دڵخۆشیی هاووڵاتیانی عێراق، پرسێکە زۆر بە ئاسانی لێی تێدەگەیت، چونکە ڕێڕەوی مێژووی عێراق بە گوڵ دانەپۆشرابوو. کێ ماوە هێرش نەکاتە سەر ئەو خاکە بەپیتەی نێوان دیجلە و فورات؟ کێ نەجەنگاوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی وڵاتی میزۆپۆتامیا؟ ناچینە نێو

مێژووی ئاشووری، بابلییەکان، شانشینی (کۆرش) شای فارس و خەلافەتی عەرەبییەوە، کاتێک ئەم وڵاتە لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر، دەستاودەستی پێدەکرا. تەنانەت مەغۆلییەکانیش ئەم وڵاتی میزۆپۆتامیایەیان داگیرکرد و تەیمورلەنگیش بەخۆی و سوپاکەیەوە هەر بەسەر ئەم خاکە تێپەڕیوە، لە سەدەی نۆزدەدا میزۆپۆتامیا کە وڵاتی مابەینی نەهرێنیشی پێدەگوترێت، یەکێک بوو لە ویلایەتە پاشکەوتووەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کۆمپانیای هیندی ڕۆژئاوایی بەریتانیاش چاوی تێبڕیبوو کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەیشتن بە هیندستان.

پێشتریش ئـەم وڵاتـە، بابەتـی ململانێـی نێـوان ئیمپریالیزمـی بەریتانیـا و ئەڵمانیـا بـوو، لەسـەر ڕێگـەی خۆیـەوە ئیمپراتۆرییەتـی قەیسـەر بـەردی بناغەی پـرۆژەی ڕاکێشـانی هێڵی شـەمەندەفەری دانـا کـە ئەوکات بە یەکێـک لە مەزنتریـن پرۆژەکانی ئەو سـەردەمە هەژمار دەکـرا و لـە ئەدەبیاتـدا بـە «**B٣**» ناسرابـوو کە ئاماژەیەک بوو بۆ هەرسێ پیتـە یەکەمەکەی (بەرلیـن- بۆسـفۆر- بەغـدا)، بـەڵام هەڵگیرسـانی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم ئـەم خەونـەی ئەڵمانییەکانـی لەباربـرد. ئینجـا نـۆرەی بەریتانیایـە کـە سـوپایەکی ٤٠٠هـەزار سـەربازیی بۆ داگیرکردنـی ئـەم وڵاتـە تەرخانکـرد و گیانـی هـەزاران سـەربازی لەسـەر دانـا و گوژمەیەکـی زۆریشـی بـۆ خەرجکـرد کـە دەگەیشـتە ١٥٠ ملیـۆن جونەیهی ئیسـتەرلینی.

لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٢٠ی دژی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـدا ١٣٠ هـەزار عـەرەب و کـورد بەشـدارییان تێداکـرد و هـەردوو نەتـەوە خوێنیـان لەپێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆییدا ڕشـت. ڕاپەڕینەکـە بەسـوپای داگیـرکاری بەریتانـی سـەرکوت نەکـرا کـە ژمارەیـان دەگەیشـتە ١٢٠ هــەزار ســەرباز، بەڵکــو لەڕێــی ئــەو سیاســەتە فێڵبازانەیــەی داگیرکارانــەوە کپکرایــەوە کـە هەوڵـی نانـەوەی دووبەرەکیـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کوردیـان دەدا و دژی یەکـتر بەهـۆی جیاوازیـی مەزهەبـەوە هانـدەدران (عـەرەب کـە زۆرینەیـان شـیعە مەزهـەب و کـورد کـە زۆرینەیـان سـوننە مەزهەبـن).

جـا ئەگەر بە کاریگەریی شکسـتی فاشـیزمی هیتلەر و پەرەسـەندنی خێـرای بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی گەلانی ئاسـیا و ئەفریقیـا، لە تەمووزی ١٩٥٨دا کۆتایی بە شانشـینی ئینتیدابی هاشـمی هێـنرا لـە عێـراق، بـەڵام تـۆوی دووبەرەکیـی نەتەوەیـی و ئاینـی ژەهـراوی هەتاکو ئـەم ڕۆژانـەی دواییـش هـەر مابـوو. ئیمپریالیسـتەکانیش چاویـان هـەر لـە عێـراق و پێگـە نەوتـی و سـتراتیژییەکان تاکـو پـاش سـاڵی ١٩٥٨یـش هـەر مابـوو کـە ئەمەریـکا لوبنـان و

بەریتانیـاش ئوردنـی داگیرکـرد، وەک ئامادەباشـییەک بـۆ دەسـتوەردان لـە کۆمـاری عێـراق، بـە هاوکاریـی کۆنەپەرسـتانی نێوخـۆش لـە سـاڵی ١٩٦١ توانییـان شـەڕی نێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا هەڵگیرسـێنن کـە ئێسـتا لـە ئـاداری ١٩٧٠ تەواوبـوو. دوای سـاڵی ١٩٦١یـش هەمـوو ڕژێمـە کۆنەپەرسـتەکان و ئەوانـەی هاوسـۆزی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتان بـوون، کێشـەی کوردیـان لـە بەرژەوەندیی خۆپەرسـتانەی خۆیـان بەکارهێنا، جا چ بـە چڕکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان بێـت لـە کوردسـتان یاخود بـە خاوکردنـەوەی ئۆپەراسـیۆنەکان لەپێنـاو پاراسـتنی دەسـەڵات، بەبـێ بوونـی بنکەیەکـی فراوانـی تۆکمـە لەنێـو وڵاتدا.

ئەمە لە ساڵی ١٩٦٢دا کاتێک لە مانگی ئاداردا مەرسوومێک بۆ لێبوردنی گشتی دەرکرا بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی کورددا کردبوو، دواتریش لێدوانەکانی بەرپرسانی حکومەت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەمانە تەنیا بۆئەوە بوو کە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بخەنە داوەوە. ئاکامەکەشی هەر لە بەرژەوەندیی نەیارانی سەربەخۆیی عێراقدا بوو. لایەنی سێیەمیش کە بەم دۆخە شاگەشکە بوو، ئیمپریالیستەکان بوون کە هەرگیز چاویان لەسەر نەوتی عێراقدا لانەدەبرد. لە ساڵی ١٩٦٦یشدا بەیاننامەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیەنرا، بەڵام ئەمەشیان بەهۆی هەوڵ و تەقەلای کۆنەپەرستانی نێوخۆوە جێبەجێ نەکرا. شەڕەکەی نێوان عەرەب و کوردی براش هەر بەردەوام بوو و هیچ متمانەیەکیان لەنێواندا نەما. تەنیا شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کە حزبی بەعسی هێنایە سەر حوکم، توانیی نەخشەڕێگەی کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دابڕێژێ، ئەو دانوستانانەی پێش سێ مانگ دەستپێکردوە وا ئێستا لە ١١ی ئاداردا ئاکامە ئەرێنییەکانی بەدیاردەکەوێت. ڕەنگە هەوڵەکانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقیش لەمەدا ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕابێت، لە پێش هەموویانەوە حزبی شیوعیی عێراق کە سەرباری بارودۆخی نالەباری بزووتنەوە نهێنییەکەی و لەناوبردنی باشترین نوێنەرانی حزبەکە لە زیندانەکانی عێراقدا، درێژەی بە خەباتی قارەمانانەی خۆی دا لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی گەلی کورد و ڕاگرتنی شەڕ کە هەموو دەرفەتەکانی بووژانەوەی وڵاتی لەباربردبوو و بەردەوامیی شەڕەکەش تەنیا لە بەرژەوەندیی ئیمپریالیزم و هاوکارانی بوو لەنێوخۆی وڵاتدا.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لە سـاڵی ١٩٤٦ بە یەکخسـتنی ژمارەیەک لـە ڕێکخراوە

دیموکراتخوازە نیشتمانییەکان دامەزرا، لە بەراییدا داوای بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان دەکرد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا و مەیلی جودابوونەوەی لە عێراق نەبوو کە دەبووە مایەی لاوازکردنی ئەو هێزانەی دژی ئیمپریالیزم خەباتیان دەکرد. دەتوانین کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بیرخۆمان بێنینەوە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩دا بەسترا و لە کۆنگرەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر پتەوکردن و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق وەک دەوڵەتێکی دووانە نەتەوەیی عەرەب و کورد و دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. لە ساڵی ١٩٦٤یشدا هەڵوێستێکی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی شەشەمدا بەدیاردەکەوێت، کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد، ئەمینداری گشتیی پێشووی حزب و لایەنگرانی لە حزب دوورخستەوە، چونکە بەرهەڵستیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کوردیان دەکرد.

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ تەنیا سنووردانانێک نەبوو بۆ شەڕی نێوان عەرەب و کورد، بگرە ڕێکاری کردەنیشی لە بواری مافە سیاسی و ئابووری و کلتووریی گەلانیشی دەستنیشان کرد. جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانە «یەکێتیی نیشتمانی و دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی برای عێراق پتەودەکات و جێبەجێکردنێکی دروستی مەرجەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە وڵاتدا لە بەرژەوەندیی تەواوی گەلانی عێراقدا دەبێت و ئاستی بژێویی هاووڵاتیانیش بەرەو خۆشگوزەرانی دەبات» هەروەک لە نامەکەی نیکۆلای بۆدگۆرنی و ئەلیکسی کۆسیجیندا دووپاتکراوەتەوە کە بۆ سەرکۆماری عێراقیان ناردووە.

ڕێککەوتننامەکە ئەوەش لەخۆدەگرێت کە دەستووری کاتیی عێراق هەمواردەکرێتەوە و ئەو دەقەی تێدا دەچەسپێت کە دەڵێ: عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی عەرەب و کورد پێکدێت و لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، هەروەها ئاماژە بۆ کەمە نەتەوایەتییەکانی نێو چوارچێوەی کۆماری عێراقیش دەکرێت (کورد ١٩٪ی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدێنێ).

زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بە زمانی فەرمیی دووەمی عێراق دەناسرێت و یەکێک لە جێگرانی سەرکۆماری عێراقیش لە پشکی کورد دەبێت و نوێنەرانیان لە دەستەکانی یاسادانان و تەنفیزییەکان و دەسەڵاتە خۆجێییەکاندا دەبێت. بایەخێکی تەواویش بە کێشە کلتووری و پەروەردەییەکان دەدرێت. بۆ نموونە لە سلێمانی زانکۆیەکی کوردی دامەزراوە

و خوێندن لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن، بە زمانی دایک دەبێت. هەر لە بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، دەبێ خانەوادەی شەهیدان مووچەیان بۆ ببڕێتەوە و هەوڵبدرێت ئاستی بژێویی هاووڵاتیان بەرزبکرێتەوە و لە خۆشگوزەرانیدا بژێن و ئاوارەکان بگەڕێنرێنەوە شوێنی پیشووی خۆیان و کار بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی بێکاری بکرێت، پاش ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتوانیش، بڕیارە گۆڕانکاری لە دابەشکردنی ئیداریی ناوچە کوردستانییەکاندا بکرێت و ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن، هەرێمیکیان بۆ دابمەزرێنن و بەبێ ئەوەی دەست بۆ کەرامەتی نەتەوەی کورد ببرێت، پێویستە هێزەکانی پێشمەرگەش ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و بخزێنرێنە نێو ڕیزەکانی سوپای عێراق و سنوورەکانیان پێبپارێزرێت.

لـە سـەرەتای ئـەم نووسینەشـدا ئاماژەمـان بـۆ مـەودای مامەڵـەی خراپـی مێـژوو بـۆ دەوڵەتـی عێـراق کـرد، بۆیـە هێنـدە بـە ئاسـانی ئاسـەوارەکانی ئـەم زنجیـرە داگیرکارییانـە بسـڕێنەوە و مەرجێکـی ڕێککەوتننامەکـەی بـۆ تەرخانکـراوە کـە پێویسـتە بـە شـارەزایی مامەڵــەی لەتەکــدا بکرێــت، ئەویــش دامەزراندنــی عێراقێکــی نوێیــە لەســەر بنەمــای دووانــە نەتەوەیــی عــەرەب و کــورد لــە وڵاتێکــی یەکگرتــووی هاوبەشــدا.

لــە لێدوانێکیــدا بــۆ ڕۆژنامەکانــی ســۆڤیەت، یەکێــک لــە ســەرکردەکانی بەعــس کــە پارێـزگاری بەسـڕە بـوو، مەحەمـەد مەحجـووب لـە هەڵسـەنگاندنێکدا بـۆ شۆڕشـی ١٧ی تەمــووزی ١٩٦٨ ڕایگەیاندبــوو: جوتیــاران کــە زۆرینــەی دانیشــتوانی عێــراق پێکدێنــن، لــە ژێــر هەژموونــی دەرەبەگــدا نەمــا و لــەوەش گرنگــتر کەرامەتــی مرۆییانەیــان بــۆ گەڕاوەتــەوە. گرنگیــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئاداریــش کەرامەتــی نەتەوەیــی تاکــی کــوردی لـە چوارچێـوەی عێراقـدا گەڕاندووەتـەوە کـە بـە درێژایـی سـاڵانی هەژموونـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرســتانی ناوخۆیــی پاراســتبوویان.

لــە گفتوگۆکانــی جێگــری ســەرۆکی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی شــۆڕش ســەدام حوسـێندا ئـەوە تێگەیشـتین: لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو ڕووداوانـەی پێشـوودا دەکرێـت و کاردەکەیـن بـۆ چەسـپاندنی متمانـە لەنێـوان کـورد و عەرەبـدا کـە ماوەیەکـی زۆر ئـەم متمانەیـە لەدەسـتدرابوو. بـە ڕێککەوتنێکـی هاوبەشـیش گەیشـتینە ئـەوەی ئـەم شـێوازی گۆڕانکارییـە لـە کایەکانـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـدا هاتووەتـە ئـاراوە، چـاوەڕوان دەکرێـت

ئاستی دارایی و کلتووریی گەلانی پێبەرزبکرێتەوە و بە تەواوی ڕەگ و ڕیشەی دەرەبەگایەتیی نێوخۆ و کۆنەپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزم لەڕیشە دەربێنین کە ببوونە مایەی وروژاندنی دووبەرەکیی نەتەوەیی و ئاینی و دابەشکردنی گەلانی عێراق و لاوازکردنی بەرخودانی عێراق بۆ نەیاران و دوژمنانی.

سەرکردەکانی عەرەب و کورد بە باشی درکیان بەم شتە کردووە. دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی ١١ ئادار، مستەفا بارزانی گوتبووی: پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی پشتیوانیی لە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ و دابەشکردنی زەویوزار دەکات بەسەر جوتیارانی کوردستاندا هەروەکو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پێڕەو کراوە، بۆئەوەی جوتیاران بە تەواوی لە ئیستغلال کردنی دەرەبەگەکان ئازاد بکرێن. لەمبارەیەوە گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کراوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێک بێت لەم بەرەیە.

بەبێ زێدەڕۆییکردن دەتوانین بڵێین، بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠گورزێکی کوشندە لە ئیمپریالیست و نۆکەرانیان لە عێراق و تەنانەت لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیشدا دەوەشێنرێت، گەلانی عێراقیش دەتوانن هێزەکانیان کۆبکەنەوە بۆ پرسێکی گرنگتری قۆناغی داهاتوو، ئەویش خەباتی هاوبەشی وڵاتانی عەرەبییە دژی هێزە ئیمپریالیستییەکان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕانگێزیی ئیسرائیل کە لە ئاکامدا دەبێتە مایەی چەسپاندنی یەکێتیی وڵاتانی عەرەب لە ململانێکەدا. چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد لە عێراق دەتوانێت پێگەی نێودەوڵەتیی کۆماری عێراق بەرزبکاتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیاش بەهێزتر بکات، ئەمەش لەلایەن سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مستەفا بارزانی دووپاتکراوەتەوە کە کورد ئامادەیە پشتگیریی برایانی عەرەب بکات، ئەوانەی لەپێناو نیشتمان و گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان خەبات دەکەن.

ئاسۆی پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازانی نێوخۆ و خەباتی دروست دژی ئیمپریالیستەکان و پاشکۆ ئیسرائیلییەکانیان کە بەهۆی چارەسەرە ئاشتییانەکە واڵابووە، خۆشیی لەدڵ و دەروونی تەواوی عێراقییەکان چاندووە و دەریانیپەڕاندە گۆڕەپان و شار و گوندەکان و بۆ یەکەمین جار، دوای ساڵانێکی زۆر هەست بە هێز و توانای یەکێتیی سەرجەم ئەو

گەلانـە بـکات کـە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەژیـن. لـە هەمـان کاتیشـدا ئـەوان دۆسـت و هاوڕییانـی خۆیـان لەبیـر ناکـەن کـە هاوکاربـوون لـە کۆتاییهێنـان بـەو شـەڕەی کـە لـە ئاکامـی پیلانگێڕیـی کۆنەپەرسـتانی ئیمپریالیزمـدا بەرپاببـوو. لـە هەمـوو کونجێکـی ئـەم وڵاتـەدا هەسـتمان بەمـە کـردووە کـە چاومـان بـە هاووڵاتیانـی عێـراق دەکـەوت لـەو چەنـد ڕۆژەی مانگـی ئـاداردا.

**ف. کۆدریافتسیف**

**بەغدا – مۆسکۆ، ئادار**

**«نیدیلیا» ژمارە: ١٢، ١٦-١٩٧٠/٣/٢٢**

**عێراق: کورد یەکسانیی بەدەستهێنا**

**لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا گورزێک لە ئیمپریالیزم وەشێنرا**

**گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد**

**گۆڕانکارییەکی گرنگ لە دەستووری عێراق**

لەوێنـدەر کـە هـەور لووتکـە شـاخەکانی داپۆشـیوە و ڕووبـارە تیـژڕەوەکان بـەردە کۆنەکانـی دۆڵـەکان ڕووپـۆش دەکـەن، بـازە بەرزەفڕەکانیـش لەسـەر ڕێـڕەوە تەسـکەکاندا هەڵدەفـڕن و ڕەشـەباکان گۆڕانـی بـۆ دۆڵـە کەسـکەکان دەچـڕن، کوردسـتانی عێـراق دەکەوێتـە ئـەم شـوێنەوە.

مووسـڵ ... کەرکـووک ... سـلێمانی ... هەولێر و شـارۆچکە و گوندی دیکـەش کە کوردیان تێـدا نیشـتەجێیە، دەکەونـە کوردسـتانەوە. ناوچـە کوردسـتانییەکان ١٦٪ی ڕووبەری گشـتیی عێـراق پێکدێنێـت و بـە ٧٢ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـە درێـژ دەبنـەوە، دانیشـتوانی کوردسـتان پێنـج یەکـی تێکـڕای ژمـارەی دانیشـتوانی وڵات پێکدێنـن کـە ژمارەیـان دەگاتـە هەشـت ملیـۆن کـەس. کـورد تەنیـا لـە عێراقـدا نیشـتەجێ نیـن، بگـرە لـە تورکیـا، ئێـران، سـووریا و وڵاتانـی دیکەشـدا دەژیـن و تاکـو ئێسـتا ئامارێکـی دروسـتی کـوردی جیهانمـان لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام سـەرچاوەکان بـاس لـە حـەوت ملیـۆن کـەس دەکـەن.

نزیکـەی دوو ملیـۆن کـوردی دانیشـتووی عێـراق، سـاڵانێکی زۆره لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان خەبـات دەکـەن. لەڕاستیشـدا ماوەیەکـی درێـژه شـەڕ و کوشـتار لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا درێـژەی هەیـە و هەمـوو لایـەک کۆکـن لەسـەر ئـەوەی ئەم شـەڕە بەهـۆی پیلانگێڕییەکانـی ئیمپریالیـزم بەرپـا بـووە، جـا بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە گڵاوەکانیان لـە سیاسـەتە نوێیەکەیـان لـە ڕۆژهەڵاتی ناوینـدا، ڕۆژئاوا پشـتی بە وروژاندنـی دووبەرەکیی نەتەوەیـی لەنێـوان بەشـە عەرەبـی و کوردییەکـەی عێـراق بەسـتووە.

ئــەم شــەڕە، درێژخایــەن و خوێنــاوی بــوو و لەلایــەن حکەمەتــە جۆراوجۆرەکانــی عێراقــەوە ئەنجامــدراون، ڕژێمــی پاشــایەتی، ســەرۆک قاســم و ســەرکردە بەعســییە تونــدڕەوەکان. هێــزی زۆریــان ناردووەتــە کوردســتان و گوندەکانــی ئەوێیــان مووشــەکباران کــردووە و خاکیــان بــە بۆمبــی ناپاڵــم ســووتاندووە، بــە تانــک و تۆپیــش وێرانیــان کــردوون، بــەڵام بــە هەمــوو ئەمانەشــەوە نەیانتوانیــوە ویســتی کــوردی ئازادیخــواز تێکبشــکێنن. لــە ســاڵی ١٩٦٦ و لــەدوای شکســتهێنانیان لــە هێرشــەکەی ناوچــەی دیانــە، کۆبوونەوەیەکــی ســەرکردەکانی هەردوولایەنــی شــەڕکەر ئەنجامــدرا، لــەو کۆبوونەوەیــەدا چەنــد مەرجێــک دانــران کــە دواتــر بــووە بــەردی بناغــەی ئاشـتەواییەکی دادپەروەرانـە لـە کوردسـتان. کەچـی وا بـۆ چـوار سـاڵ دەچێـت، هێشـتا کێشــەی گەلــی کــورد چارەســەر نەکــراوە. چەنــد ڕۆژێــک لەمەوبــەر، برووســکەیەک لــە حکومەتــی عێراقــەوە گەیشــت و دەڵێــت: هــەردوولا گەیشــتوونەتە چارەســەرێک بــۆ کێشــەی کــورد. دانوســتان لەنێــوان نوێنەرانــی حکومەتــی بەغــدا و ســەرکردەکانی کــورد دەســتیپێکرد و بەڵگەنامــە فەرمییــەکان ئامــاژە بــەوە دەدەن کــە: «گەیشــتوونەتە ڕێککەوتنێــک و بەپێــی ڕێککەوتنەکــە ئاگربەســتی ئــەو شــەڕەی کوردســتان ڕاگەیەنــرا، بڕیــارە ئاشــتەوایی بەرقــەرار بکرێــت و پەیوەندییــە دۆســتانەکەی نێــوان عــەرەب و کــورد لــە کوردســتان و تــەواوی عێراقــدا ئاســایی بکرێتــەوە».

بـە هەوڵـە نیازپاکانەکـەی حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرجەم هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی وڵات، ڕێککەوتنـی ئاگربەسـتی شـەڕەکە ڕاگەیەنـرا و هەوڵـی ئاشــتەوایی و چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلــی کــورد درا، هــەردوو نەتــەوە ســەرەکییەکەی عێراقیــش لــە مــاف و ئەرکەکانــدا هاوتاکــران.

ڕێککەوتننامەکـە لەسـەر چەنـد پرەنسـیپێک دامـەزرا کـە ئەمانـەی خـوارەوە بەشـێکن لـەو پرەنسـیپانە:

«پێویســتە زمانــی کــوردی لەپــاڵ زمانــی عەرەبیــدا لــەو پارێزگایانــەی زۆرینــەی دانیشـتوانیان کـوردن، بـە زمانـی فەرمیـی دووەم بناسرێـت لـە عێراقدا، لـەو پارێزگایانەشـدا خوێنـدن بـە زمانـی دایـک دەبێـت، لـە پارێزگاکانـی دیکـەی عێراقیشـدا زمانـی کـوردی لـە چوارچێـوەی یاسـادا دەبێتـە زمانـی فەرمیـی دووەمـی وڵات، هەروەهـا کـورد بەشـدار دەکرێـت لـە حکومـەت و بەپێـی ڕێـژەی دانیشـتوانەکە، لەگـەڵ عەرەبـدا هاوتـا دەکرێـن بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتە باڵاکانـی نێـو حکومـەت و سـوپا».

هەروەهــا لەســەر ئــەوەش ڕێککەوتــن کــە ئــەم هەموارانــە لــە دەســتووری کاتیــی عێراقــدا بکرێــت:

ا  گەلانـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکیی عـەرەب و کـورد پێکدێـت و دەسـتوور مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و کەمـە نەتەوەییەکانـی دیکـە دووپـات دەکاتـەوە لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی یەکگرتـوودا.

ب بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا.

پێویسـتە یەکێـک لـە جێگرانـی سـەرکۆماری عێـراق بدرێتـە کـورد و لـە ئێسـتادا بـاس لە مسـتەفا بارزانـی، ڕابـەری باوەڕپیکـراوی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد دەکرێـت ئـەو پۆسـتە پڕبکاتـەوە. وێنـەی ئـەو پیـاوە پتـەوە بەهێـزە بڵاوکراوەتـەوە کـە جلـی کوردیی پۆشـیوە و پشـتێنێکی حەریریـی لەناوقـەدی خـۆی پێچـاوە، دەسـکی خەنجەرێکیـش لەژێـر ئـەو پشـتێنەدا سـەریدەرکردووە، ئـەم وێنانـە ناوبەنـاو لە ڕۆژنامـە عەرەبـی و جیهانییەکاندا بڵاودەکرێنــەوە. مســتەفا بارزانــی لەگــەڵ چەنــد هەڤاڵێکیــدا نزیکــەی دوانــزە ســاڵ لــە ئاوارەییـدا ژیانـی بەسـەر دەبـرد. پـاش بەرپابوونـی شۆڕشـی تەمـووزی ١٩٦٨ گەڕایـەوە عێـراق، ئـەو سـەرۆکایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش دەکات و فەرمانـدەی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی کوردستانیشـە.

لێرەدا بە پێویسـتی دەزانین کە بە چەند دێڕێکیش بێت باسـی کەسـایەتی و دابونەریت و خوڕەوشـتی کـورد بکەیـن. لـە پێشـەکیدا پێویسـتە دووپاتـی بکەینەوە کە کورد نیشـتمانی خۆیـان خۆشـدەوێت ... ئازادیخـواز و سـەربەخۆن، ڕەگ و ڕیشـەیان بەنێو مێـژوودا ڕۆچووە

و ئـەم ڕاسـتییە لـە هۆنـراوە و فۆلکلـۆر و گۆرانییەکانیانـدا دەردەکەوێـت. کـورد سـاڵانێکی زۆر ناچـار کـرا شۆڕشـی چەکدارانـە لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان بەرپا بکات، لـە سـەردەمی سـوڵتانەکاندا، کوردسـتانی ئێسـتای عێـراق بەشـێک بـووە لـە ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی، ئینجـا کەوتوونەتـە ژێـر ڕکێفی داگیـرکارە بەریتانییەکان، شـەڕی نێـوان عەرەب و کـوردی بـرا زۆر درێـژەی کێشـا و ژمارەیەکـی زۆری قوربانیشـی لێکەوتەوە.

جـا کـە باسـی خۆشەویسـتیی کـورد دەکەیـن بـۆ ئـازادی، پێویسـتە ئاوڕێـک لـە ڕۆڵـی ئافرەتانـی کوردیـش بدەینـەوە کـە کـە هەمیشـە هاوشـانی پیـاوان جەنـگاون و پشـگیریی پێشـمەرگەیان کـردووە. ئـەم ڕاسـتییە، جەنەڕاڵـی ئەڵمانـی هیلمـۆت فـۆن مولتکـە دووپاتی دەکاتەوە کاتێک لە هەڵمەتەکانی تورکیادا بەشـداریی کردووە بۆ سـزادان و تۆڵەسـەندنەوە لـە کـورد. دووپاتیشـیکردووەتەوە کـە ئافرەتانی کورد هاوشـانی پیـاوان بەرگرییـان لە خۆیان کـردووە. بـە بـەراورد لەگـەڵ ئافرەتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، ئـازاد و سـەربەخۆترن، ئافرەتانـی کـورد ڕووپـۆش نـاکات و بە ئـازادی لەگەڵ پیاوانـی نامۆدا گفتوگـۆ دەکات، ئەگەر بـە هـەر هۆکارێکیـش بێـت کـە هاوسـەرەکەی لـەوێ نەبێـت، ئـەوا لـە دادگا یاخـود هـەر کۆبوونەوەیەکـی کۆمەڵگـەدا بێت، خێزانەکەی مافی قسـەکردنی هەیـە لەجیاتیی پیاوەکەی.

ئـەو ناوچانـەی کوردیـان تێـدا دەژیـن، زۆر دڵگیـرن. شـار و گوندەکانـی کوردسـتان، تابلۆیەکـی ڕەنگینـن، کاتێـک لـە گوندێکی کوردسـتان نزیـک دەکەویتەوە، خانـووی فراونت بەرچـاو دەکەوێـت کـە لـە قەدپاڵـی شـاخەکاندا لە خشـت و بـەرد دروسـتکراون و بە قوڕی کادار سـواق دراون. بنمیچـی خانـووەکان بـە سـتوونی دار پاڵپشـت کـراون. هـەر ماڵێکیـش لـە سـێ بـۆ چـوار ژووری تێدایـە، ژوورەکانی دانیشـتن هەمیشـە لاکێشـەیی دروسـت کراون، لـەم ژوورانـەدا چێشـتیان تێـدا ئامـادە دەکرێـت و نانی تێـدا دەخورێت و تێشـیدا دەخەون. لـە بەرانبـەر دەروازەی هـەر ماڵێکیشـدا چەنـد قەرەوێڵەکـی دار یـان بـەرد ڕیزکـراون کـە پێخەفەکانیـان تێـدا هەڵدەگیرێن و شـەوانیش دەخرێنە سـەر قەرەوێڵەکان، زسـتانان تەواوی ئەندامانـی خێـزان لـە دەوری تەنوورەکاندا کۆدەبنەوە کە وەکو سـوپایەکیش بەکاردەهێنرێن بـۆ خۆگـەرم کردنـەوە. زەوییەکەیـان بـۆ تەنوورەکانیـان چاڵکـردووە کـە قوڵایـی هێندێکیـان دەگاتـە مەترێـک یـان کەمێـک زیاتـر و لـە بنـەوە فراوانـترن، تەنـوورەکان لـە قوڕی ئاسـایی دروسـتکراون و بۆڕییەکـی بادەرکێـش لـە تەنیشـتیدا بەرزکراوەتـەوە.

کـوردی کۆچـەری لەبـن خێوەتـدا دەژیـن. کـە بنکەکـەی لـە چەنـد ڕیـزە سـتوونێکی ڕێکوپێـک پێکدێـت و لای سـەرەوەی سـتوونەکان بـە گوریـس بەیەکـەوە دەبەسـترێنەوە، قوماشـێکی ئەستووریشـیان بەسـەردا دەدەن کـە هەمیشـە دیـوی ڕۆژهەڵاتیـان بـە کراوەیی بەجێدەهێڵرێـت. مـووی بـزن لـە دروسـتکردنی سەرپۆشـی خێوەتەکانـدا بەکاردەهێنرێـن، بۆیـە هەموویـان ڕەشـن. لـە ژوورەوەش بـە چەنـد ناوبرێـک لەیەکـدی جـودا دەکرێنـەوە، ڕایـەخ و کەلوپەلەکانـی دیکـەی نووسـتن لەسـەر سـەکۆیەک ڕیزدەکرێـن و لـە کاتـی پێویسـتدا ئاگـر لـە دەروازەی خێوەتەکانـدا دەکرێنـەوە.

پیاوانـی کـورد، شـەرواڵێک و کراسـێکی سـپیی لـە پەمـوو دروسـتکراویان لەبـەرە و زۆربەشـیان یەلەگێکـی بێقـۆڵ لەسـەر کراسـەکانیان لەبـەر دەکـەن، ئینجـا فەروەیەکـی پانۆپـۆڕی دەخەنەسـەر کـە لـەلای کەمەریانـەوە کـراوەن. پشـتێنی پیاوانی کـورد زۆر درێژە و دەگاتـە نزیکـەی سـی مەتـر و لـە کەمـەری خۆیانـی دەپێچـن، هەمووشـیان خەنجەرێـک دەخەنـە ژێـر پشـتێنەکانیانەوە. کڵاوی لبـاد لەسـەر دەنێـن، کڵاش یاخـود پێـڵاوی ئاسـاییش لەپێدەکـەن.

جلوبەرگـی ژنانـی کـورد زۆر سـەیرە، ڕەنگـی سـوور، سـەوز، زەرد، شـین و ڕەنگـی دیکەشـی تێدایـە، ژنانیشـیان هـەر شـەرواڵ دەپۆشـن و کراسـێکی سـەتان و چاکەتـی خـوری یاخـود مەخمەڵـی بێقۆڵـی قۆپچـەدار لەبەردەکـەن، سەرپۆشـی ژنانـی کـورد زۆر ئاڵـۆزە، بریتییـە لـە لوولەکێکـی دار و تەنەکـەی تەنـک کـە لـە دیـوی دەرەوەیـدا بـە قوماشـێکی ڕەنگاوڕەنـگ داپـۆشراوە. دراوی کانزایـی کونکـراوی بەیەکـەوە دووراو و حەریـری ڕەنگاوڕەنـگ دەڕازێنرێنــەوە.

هەڵبـەت بەشـێکی زۆری دابونەریـت و ئـاکاری تاکـی کـورد لـەم دواییـەدا گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە. شـێوازی باوکسـالارییان کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی ئاراسـتە نوێیەکان و خەباتـی کۆمەڵایەتـی. شـەڕە درێژخایەنەکـەی کوردسـتان، نەبـووە هـۆی دابڕانـی منداڵانـی کـورد لـە خوێنـدن، گـەورە و بچووکـی ئـەم گوندنشـینانە کاتەکانـی ئارامییان قۆسـتووەتەوە و چوونەتـە قوتابخانەکانـی گونـد. پێشـمەرگە، تفەنگەکـەی بـە دەسـتێک و کتێبێکیشـی بەدەسـتەکەی تـرەوە بـوو، بەردەوامبوونـی ئەوینـی فێربـوون و زانسـتپەروەریی کـورد، دامەزراندنـی زانکـۆی سـلێمانیی لێهاتـە بەرهـەم.

هەواڵەکانی کورد، سنووری کوردستانیان بڕی و هاووڵاتیانی کورد لە مافدا یەکسانی عەرەبی عێراق کران، سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و تەواوی گەلانی یەکێتیی سۆڤیەتیش بەم هەواڵانە گەشانەوە. نیکۆلای فیکتۆرۆفیتش بۆدگۆرنی، سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت بۆ یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت و نیکۆلایفیتش کۆسیگین، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، برووسکەیەکیان بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆمار و سەرۆک وەزیرانی کۆماری عێراق نارد و لە برووسکەکەدا بە گەرمی پیرۆزباییان لە خۆی و گەلانی عێراقی دۆست کرد بەبۆنەی ڕێککەوتننامەکەی حکومەت و سەرکردەکانی کورد کە چارەسەرێکی ئاشتییانەیان بۆ کێشەی گەلی کورد دۆزیوەتەوە. هەروەها لە برووسکەکەدا هاتووە: گەلانی سۆڤیەت بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە ئەگەر بێت و ڕێککەوتننامەکە وەکو خۆی جێبەجێبکرێت کە سنوورێکی بۆ ئەو شەڕە خوێناوییە درێژخایەنەی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە داناوە، هاوکار دەبێت لە پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی و دۆستایەتیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی برا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

**لیۆنید کۆریافین**

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٣/٢٣**

**نەورۆز - جەژنی بەهار**

**بەغدا، ٢٢ی ئادار. (پەیامنێری تاس ئا. ماتیۆشین).** گەلانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە ئاهەنگیان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز گێڕا کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە و یەکەمین ڕۆژیساڵی نوێیە بەپێی ڕۆژژمێری ئیسلامیی شیعی. ئاهەنگگێڕان لە عێراق لەمڕۆژەدا بەبۆنەی هاتنی وەرزی بەهاریشەوە ئاهەنگ دەگێڕن. بە مەرسوومێکی کۆماریش ڕۆژی جەژنی نەورۆز کراوەتە پشوویەکی فەرمی لە سەرتاسەری عێراق، ئەمەش خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی ڕێککەوتننامەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. دوێنی جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەدام حوسێن بە یاوەریی مەحمود عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەند ناوچەیەکی کوردستانیان بەسەرکردووەتەوە کە سەرچنار و سلێمانی و دهۆکی گرتەوە، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆیی و بیانیشیان لەگەڵدا بوو.

دانیشـتوانی عـەرەب و کـوردی ئـەم ناوچانـە زۆر بـە گەرمیـی پێشـوازییان لـە تکریتـی و عوسـمان کـرد و ڕێزیـان لێنـان کـە ئـەم ڕێککەوتننامەیەیـان ئیمزاکـردووە و بووەتـە هـۆی ڕاگرتنـی ئـەو شـەڕە خوێناوییـەی کوردسـتان، ڕێپێوانێکـی فراوانیـش لـە سـلێمان بـە دروشـمی (بـژی یەکێتیـی گەلـی عـەرەب و کـورد لـە عێـراق!) بەڕێوەچـوو و خەڵکانـی دەوروبـەری سـلێمانیش بـە جلـی ئاڵـوواڵای نەتەوەیـی کـورد هاتبوونـە پێشـوازی و بـە ڕوویەکـی گەشـەوە گۆرانییـان دەگـوت و هەڵدەپەڕیـن.

لەسـەر سـەکۆیەکی ڕازاوە بـە وێنەکانـی سـەرۆک ئەحمـەد حەسـەن بەکـر و ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانـی، پارێـزگاری سـلێمانی شـوکری حەدیسـی و نوێنـەری کـورد شـەفیق ئەحمـەد، خۆشـحاڵیی خۆیـان بـۆ ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتننامەکـە دەربـڕی کـە کێشـەی گەلـی کـوردی بـە ئاشـتییانە چارەسـەر کـردووە و جەختیـان لەسـەر دیموکراسـییەتی ڕێککەوتنامـە کردووەتـەوە کـە ویسـتی کـورد و عەرەبـە بـۆ کارکردنـی هاوبـەش لەپێنـاو خێـری وڵات و بەرژەوەندییەکانـی تـەواوی گەلانـی عێـراق.

**«فیگرنی تبلیسی» ١٩٧٠/٣/٢٦**

**ڕێککەوتننامەکە لە جێبەجێکردندایە**

**بەغدا، (تاس).** مورتەزا حەدیسی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی شۆڕش و سەرۆکی ئەو لێژنەیەی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێکهێنراوە، ڕایدەگەیەنێت: «ئامانجی سەرەکیی لێژنەکە، جێبەجێکردنی بڕگە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکەیە بەزووترین کات، تاکو عێراق بتوانێت بەردەوام بێت لە کاروانی بنیاتنانەوە و نوژەنکردنەوە». هەروەها حەدیسی گوتی: لێژنەکەمان بەمزووانە دەستبەکار دەبێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە دانوستان دەکەین لەگەڵ سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریکردنی کورد لە حکومەتە نوێیەکەی عێراق.

حەدیسـی دووپاتیشـیکردەوە سـەرکۆماری عێـراق بەکـر، لایەنـە پێوەندیدارەکانـی حکومەتـی ئاگادارکردووەتـەوە پێشـنیازەکان پێشـکەش بکـەن بـۆ بووژانـەوەی ناوچـە کوردسـتانییەکان کـە زۆرینەیـان کوردنشـینن بۆئـەوەی بەزووتریـن کات جێبەجـێ بکرێـن.

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٤/١**

**هاتنەنێو حکومەت**

**بەغدا، ٣١ی ئادار. (تاس).** لە ئاکامی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، پێنج نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنە نێو پێکهاتەی حکومەتی عێراق. ڕادیۆی بەغدا ئەمەی لە مەرسوومێکی کۆماری گواستووەتەوە و بڵاویکردووەتەوە، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق دەریکردبوو.

ئیحسان شێرزاد، بە وەزیری کاروباری شارەوانی و گوندنشینان و محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان بە وەزیری کاروباری باکوور و نووری شاوێس بە وەزیری ئیسکان و ئیشغالی گشتی و ساڵح یوسفی بە وەزیری دەوڵەت و نافز جەلال بە وەزیری کشتوکاڵ دیاریکران.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ١٣، ٢-١٩٧٠/٤/٢٧**

**عێراق: کۆتایی شەڕی ناوخۆ**

ڕێککەوتننامەکەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بەرەو پتەوکردنی یەکێتیی دەوڵەت و سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بۆ سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ڕێککەوتننامەکە مەرجی پێشوەخت بۆ بوژانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەرکەوتوو بۆ عێراق دەخوڵقێنێ، کاریش دەکات بۆ یەکخستنی هێزەکانی گەلانی عەرەب لە خەباتی ڕەوایان دژی دوژمنانی ڕاستەقینەی – ئیسرائیلی شەڕانگێز و پاشکۆکانی ئیمپریالیزم.

**فرانس پرێس، پاریس:**

ڕابەری کورد مستەفا بارزانی دەڵێت: کورد پشتگیریی لە یەکێتیی عەرەبی دەکات و بەڵێنی بە پشتیوانیکردنی فەلەستینییەکان داوە کە لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمانیاندا دەجەنگن.

لـە دیمانەیەکیشـدا بـۆ ئێسـتگەی بەغـدا لـە مانگـی ئـادار، بارزانـی گوتـی: پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئۆتۆنۆمیـی بـۆ کوردسـتان دەوێـت نـەک جودابوونـەوە لـە عێـراق و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ: «ئێمـە بەوپـەڕی دڵسـۆزی هەوڵـی خزمەتکردنـی گەلانـی عێـراق دەکەیـن بـە عـەرەب و کـوردەوە، بـە خوێـن و بـە گیانیـش بەرگـری لـە یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەکەیـن».

لە دیدارێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقیشدا، بارزانی ڕایگەیاندووە کە: پرۆگرامی حزبەکەی «ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا». هەروەها گوتبووی کە بزووتنەوەکەمان هەر لە سەرەتاوە دژی دیکتاتۆرییەت بووە. «ئێمە هەرگیز یاخی نەبووینە» و بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، خەباتیان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی عەرەب و کورد کردووە، وەک ئاماژەیەکیش بۆ ئاشکرابوونی پیلانگێڕییەک لە عێراق لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا گوتی: «ئەم پیلانگێڕییە کۆنەپەرستانەیە، ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق کراوە و ئامانجی خوڵقاندنی بەربەستە لەبەردەم چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد». پێشنیاریشی کردبوو کە پێنج تا شەش وەزیری کورد لە پێکهاتەی حکومەتدا هەبن و نازناوی وەزیرە سەربەخۆکانیشی ڕەتکردەوە.

## گەڕاندنەوەی یەکێتی:

چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد هەلێکـی ڕاسـتەقینە دەخوڵقێنێـت بـۆ گەڕاندنـەوەی یەکێتیـی ڕاسـتەقینەی نێـوان ئـەو گەلانـەی لـە عێراقـدا دەژیـن.

**«مۆنـد»، پاریـس:** ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەرکۆماری عێـراق لـە لێدوانێکـدا بـۆ ڕادیـۆی بەغـدا لـە ١١ی ئـاداردا، ڕێککەوتننامەیەکـی ئاشـتییانەی لـە ١٥ خاڵـدا ڕاگەیاندووە کـە لەبـارەی ڕاگرتنـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژی کـوردە کـە لەمـاوەی ١٠ سـاڵدا بـە بەردەوامـی دەکرانـە سـەر کوردسـتان. «مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دانپێـنراوە و لـە ئێسـتاوە دەتوانێـت پـەرە بـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خـۆی بـدات لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی یەکگرتـوو و دەسـتووری عێراقـدا».

بەپێـی ڕێککەوتننامەکـە، پێداچوونـەوە بـۆ دەسـتووری کاتیـی عێـراق دەکرێـت و بـە

فەرمـی دان بـە «ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دەنرێـت لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا».

لــە ناوەندەکانــی خوێندنــدا، خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی دەبێــت و زانکۆیەکــی کوردیــش لــە شــاری ســلێمانی دەکرێتــەوە. کتێــب و گۆڤــار بــە زمانــی کــوردی بڵاودەکرێنـەوە، پەخشـی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنیـش هـەر بـە کـوردی دەبێـت و بـە ئـازادی یـادی جەژنـی نەتەوەیـی خۆیـان دەکـەن و پۆسـتی حکومیشـیان پێدەدرێـت. ئـاوارە و پەنابـەران دەگەڕێنـەوە شـوێنی پێشـووی خۆیـان و هاوکاریـی نـەداران دەکرێـت. لـە ڕابردووشـدا چ زیانێکـی داراییـان لێکەوتبێـت، قەرەبـوو دەکرێنـەوە، پۆسـتی جێگرێکـی سـەرکۆماری عێـراق بـە کوردێـک پڕدەکرێتـەوە.

لێژنەیەکــی بــاڵا بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەم بڕیارانــە پێکهێــنراوە. لــەو ناوچانــەی زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن، دەسـەڵاتێکی خۆجێیـی بـۆ دادەمەزرێـت و ئۆتۆنۆمـی بــۆ کوردســتان زامــن دەکرێــت. هەرچییەکیــش پێوەنــدی بــە بیــرە نەوتەکانــەوە هەبێــت لــە عێــراق، بــە تــەواوی لەژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی ناوەنــددا دەبێــت. لەمبارەیــەوە ئەحمــەد حەســەن بەکــر دەڵێــت: «لەبەرئــەوەی ئۆتۆنۆمیــی کوردســتان لــە دەســتووردا جێگیرکــراوە، بەڕێوەبردنــی کاروبــاری ســامانە سرووشــتییەکان لەلایــەن دەســەڵاتی کۆماریــدا دەبێــت». لــە پەرلەمانــی داهاتــووی وڵاتیشــدا کــورد بەپێــی ڕێــژەی دانیشــتوانەکەی، نوێنەرایەتیــی دەبێــت، هەروەهــا لــە قــەرزی ئــەو باجانــە دەبەخشرێــن کــە لــە ســاڵانی شــەڕدا لێیانکەوتــووە.

لــە کۆتایــی گوتەکەیــدا، بەکــر ئامــاژەی بــەوە داوە: ســەرجەم خاڵەکانــی ڕێککەوتننامەکــە ڕەزامەندیــی ڕابــەری کــورد مســتەفا بارزانیــی لەســەرە. نامەکەشــی خوێنراوەتـەوە و تێیـدا هاتـووە: پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پابەنـدی کاری هاوبەشـە لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق بــۆ جێبەجێکردنــی ڕوح و دەقــی ئــەو ڕێککەوتننامەیــەی پێیگەیشـتووین. بارزانـی لـەو نامەیـەی کـە بـۆ بەکـری نـاردووە، دووپاتـی دەکاتـەوە: «گەلـی کـورد پشـتیوانیی خەباتـی ڕەوای عـەرەب دەکات لـە دژی دوژمنانـی، بەتایبەتیـش لــەم قۆناغــە ســەختەی ئێســتادا کــە بەدیهێنانــی ئامانجــە ڕەواکانــی عــەرەب لــەم خەباتــە ســەختەدا پێویســتی بــە کۆکردنــەوەی هەمــوو تواناکانیەتــی».

## بەپێی پرەنسیپەکانی ڕێککەوتننامەکە:

ئاسـاییکردنەوەی پێوەندییـە برایانەکـەی نێـوان عـەرەب و کـورد، ئیمپریالیزمـی لـە کارتـە براوەکـە گرنگـەی سیاسـەتیدا بێبەشـکردووە کـە مەرامـی لاوازکردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانیی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـە.

**قاهیـرە:** ئەمینداریێتیـی گشـتیی ڕێکخـراوی هاودەنگیـی گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا بەیاننامەیەکـی بڵاوکردووەتـەوە تێیـدا پێشـوازیی لـەو ڕێککەوتنـە دەکات کـە لـە ١١ی ئـاداردا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە عێـراق ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە.

بەیاننامەکــە دەڵێــت: ڕێککەوتننامەکــە کۆتاییهێنانــە بــەو شــەڕە خوێناوییــە درێژخایەنــەی کوردســتانی عێــراق. «لاپەڕەیەکــی خەمنــاک لــە شــەڕێکی کارەســاتبار هەڵدەداتـەوە و سـنوورێک بـۆ پێوەندییـە نـا سرووشـتییەکانی نێـوان ئـەو دوو نەتەوەیـە دادەنێـت کـە لـە دێرزەمانـەوە بەیەکـەوە لـە عێراقـدا دەژیـن و لاپەڕەیەکـی نوێـی پڕشــنگدار دەکاتــەوە و برایەتــی و ئاشــتەوایی تێــدا دەنووسرێتــەوە ... «.

بـۆ دووپاتکردنـەوەی ئـەوەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار هەمـوو ئـەو پیلانگێڕییانـەی ئیمپریالیـزم و داگیـرکاران پووچـەڵ دەکاتـەوە کـە هەوڵـی بەهەلزانینـی ناکۆکییەکانـی نێــوان عــەرەب و کــورد دەدا بــۆ ورووژاندنــی دووبەرەکــی لەپێنــاو بەرژەوەندییــە خۆپەرسـتانەکەی، ئەمینداریێتیـی هەمیشـەیی ڕێکخـراوی هاودەنگیـی گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا، متمانـەی خـۆی دەردەبڕێـت کـە ئـەم ڕێککەوتننامەیـە، کەشـێکی لەبـار دەخوڵقێنــێ بــۆ بنیاتنانــی ئابــووری و کلتــووری و سیاســی لــە عێــراق.

هەروەهـا لـە بەیاننامەکـەدا هاتـووە: «گەلانـی عێـراق بـە عـەرەب و کـوردەوە، ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـە ڕووداوێکـی مـەزن دەزانـن نـەک هـەر لـە ژیانـی عێراقییەکانـدا، بگـرە لـە ژیانـی تـەواوی گەلانـی عەرەبیشـدا لەپێنـاو ئازادکردنـی خاکیـان لـە داگیـرکاران و گەڕاندنـەوەی مافـە زەوتکراوەکانیـان».

## کۆپییەکی کتومت:

لە ١١ی ئاداردا، سەرکۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر، لە ڕادیۆی بەغدا قسەی کردووە و گوتوویەتی گەیشتووینەتە ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان حزبی بەعسی دەسەڵاتدار و پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان. پاشان پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەی ڕوونکردووەتەوە.

لەسەرتاپای وڵاتیشدا ڕۆڵەکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازییان لەم ڕێککەوتننامەیە کرد، ئەم شەڕە کە ماوەی ١٠ ساڵی خایاند و ناوبەناو بۆ ماوەیەکی کورت ئاگربەست ڕادەگەنرا، گیانی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی عێراقیشی کردە قوربانی و گوژمەیەکی قەبەش لە بەردەوامبوونیدا خەرجکراوە و باری چینی کریکارانی گرانتر کرد، بەهۆی سەرقاڵبوونی سوپای عێراق بە شەڕەکانی کوردستانەوە، یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق نەیانتوانی بەپێی پێویست بەشداری لە شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبدا بکەن.

ئاشکراشــە جێبەجێکردنــی تــەواوی بڕگەکانــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار کاتێکــی زۆری پێویســتە. بڕیاریشــە ســەرژمێرییەکی گشــتیی دانیشــتوان لــە وڵاتــدا بکرێــت کــە بەهۆیــەوە قەبــارەی نەتەوەکانــی عێراقــی پــێ دیــاری دەکرێــت. کاتێکــی دیاریکراویــش پێویســتە بــۆ پێداچوونــەوە بــە یاســاکانی ئێســتا، بڕیــارە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە مانگــی حوزەیرانــدا کۆنگــرەی حــزب ببەســتێ کــە پێدەچێــت لــەو کۆنگرەیــەدا بــاس لــەو پێشــکەوتنە کردەنییانــە بکرێــت کــە لــە پرۆســەی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورددا هاتووەتــە پێــش، هەروەهــا ئۆتۆنۆمیــی کوردســتانیش گفتوگــۆی لەســەر بکرێــت.

لــەم دواییــەدا ســکرتێری گشــتیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان گوتوویەتــی: «ئێمــە دڵنیایــن هێــزە ئیمپریالیســتییەکان و کۆنەپەرســتانی ناوخــۆ، پیلانگێڕییەکانیــان دژی عێــراق ڕادەگــرن، ئــەم هێزانــە مــاوەی جێبەجێکردنــی خاڵەکانــی ڕێککەوتننامەکــە بــە هــەل دەزانێــت بــۆ خولقاندنــی چەنــد بەربەســتێک». ئــەم تێگەیشــتنە لــە ئەگــەری کارە ئیســتفزازییەکانی ئیمپریالیــزم، خــۆی لــە خۆیــدا ڕێگــە بــە پێشــێلکردنی ئــەو یەکێتییــە نــادات کــە دووبــارە بــۆ گەلانــی عێــراق گەڕاوەتــەوە.

**ب. بافیلتسیف**

**«پڕاڤدا» ١٩٧٠/٤/٥**

**سەرکەوتن بەسەر قۆناغێکی سەختدا**

گـــڕی هـــەزاران تەقـــەی خۆشـــیی کـــورد، چیاکانـــی دەوروبـــەری کەرکووکیـــان ڕۆشـنکردووەتەوە. سـەکۆی ئاهەنگگێـڕان لـە گۆڕەپانـی تەحریـر لـە بەغـدا بوونەتـە دەریایـەک لــە جەســتەی هاوولاتیانــی ئاهەنگگێــڕ، بەبۆنــەی ڕاگەیاندنــی کۆتایــی شـەڕ لـە کوردسـتان. لەپـاڵ ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەرکۆماری عێـراق و جێگـری سـەرۆک ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی شــۆڕش ســەدام حوســێن، هــەردوو کوڕەکــەی مسـتەفا بارزانـی، ئیدریـس و مەسـعود بەجلـی کوردییـەوە وەسـتاون. سـەرۆکی شـاندی دانوسـتانکارانی کوردیـش مەحمـوود عوسـمان، نـاسراو بـە دکتـۆر مەحمـوود و چەنـد کەسـێکی دیکـە وەسـتاون.

ئیدریـس، مەسـعود، د.مەحمـوود، سـامی ئەندامـی مەکتەبی سیاسـیی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و سـەرجەم نوێنەرانـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە نەهاتوونەتـە بەغـدا، چونکـە نـۆ سـاڵە شـەڕێکی بـەردەوام لەنێـوان عـەرەب و کـوردی بـرا لـە کوردسـتان هەڵگیرسـاوە.

پێمانگوتــرا ســەرباز و ئەفســەرانی ســوپای عێــراق چــۆن پێشــوازیی گەرمیــان لــە ســەرکەوتنی دانوســتانەکان لەگــەڵ کــورددا کــردووە. نووســەرێکی ئــەم چەنــد دێــڕە، کۆمەڵێکــی بچووکــی ســەربازان هاوکاریــی دانیشــتوانی ناوچەکەیــان دەکــرد لــە خاوێنکردنـەوەی ڕێگەکـەی نیـوان دووڕییانـی دیانـە بـۆ ڕوانـدز. لـە مـاوەی شـەڕدا هیـچ سـەربازێکی عێراقـی یاخـود بەرپرسـێکی حکومـی لـە سـەرووی ئـەم دووڕییانـەوە نەدەبینرا و ناوچەکــە بەتــەواوی لەژێــر دەســەڵاتی پێشــمەرگەدا بــوو.

کۆتایـی ئـەو شـەڕەی کـە نـۆ سـاڵی خایانـد لـە کوردسـتان، گونـدی سـووتێنراو بـە ناپاڵـم و هــەزاران قوربانــی، هۆکارێکــی ڕاســتەقینە بــوو بــۆ خۆشــی دەربڕیــن و ئاهەنگگێــڕان. بــەڵام ئەمــە لــە بایەخــی ڕێککەوتننامەکــەی نێــوان حکومەتــی عێــراق و بزووتنــەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد کـەم ناکاتـەوە لەبـارەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی دیموکراسـی بـۆ یەکێـک لـە سـەختترین کێشـەی عێـراق کـە لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لەلایـەن ئەحمـەد حەسـەن بەکـر لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی بەغـدادا خوێنراوەتـەوە.

پرسـە سـەرەکییەکەی نێو ڕێککەوتننامەکە، ڕاگەیاندنی ئاشـتەواییە لەسـەر بنەمای دانانی بـە مافـی کـورد لـە ئۆتۆنۆمیی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، لەپاڵ عەرەبـدا کوردیش بـە نەتەوەیەکـی سـەرەکیی عێـراق ناسـێنرا و لەمـەودا یەکێـک لـە جێگرانـی سـەرکۆماری عێـراق بـۆ کـورد دەبێـت، پێنـج وەزیـری کوردیش بەشـدارییان لـە حکومەتدا کـردووە.

ڕاگەیاندنـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان پێویسـتییەکی بابەتییانەیـە و بەبـێ ئەمـە هەرگیـز یەکێتییەکـی پتـەو لەنێـوان هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد ناچەسـپێت کـە تاکـە ڕێگەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و بـە لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە مێـژووی وڵات دادەنرێـت. هـەزار ساڵیشـە لـە مێـژووی کـورددا ئـەم شـتە ڕووینـەداوە.

کـورد، گەلێکـی تێکۆشـەرە و شـانازی بەخۆیـەوە دەکات، لـە بەشـێکی عێـراق، سـووریا، ئێـران و تورکیـادا دەژیـن. کـوردی عێـراق بـەوە دەناسرێنـەوە کـە خـودان نەریتێکـی شۆڕشـگێڕانەن، یەکێـک لـە عەشـیرەتە سـەرەکییەکانی وڵات، عەشـیرەتی بارزانییـە کـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتی داگیرکارانـی بەریتانـی، دیوانـی گەندەڵـی پادشـایەتی و حکومەتـە یـەک لـەدوا یەکەکانـی بەغـدا دەجەنگـن.

پـاش شۆڕشـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ لـە عێـراق کـە ڕژێمـی نـووری سـەعیدی ڕووخاند و لەژێـر ڕکێفـی حەربـەی بەریتانییەکانـدا بـوو، هیـواکان زیندووبوونـەوە لـە گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی دیموکراسـی و دادپەروەرانـە بـۆ کێشـەی گەلـی کـورد لـە عێـراق، بـەڵام جەنـەڕاڵ قاسـم شـەڕێکی نوێـی دژی کـورد دەسـتپێکردەوە.

لـە پـاش شۆڕشـی ١٩٥٨ ژمارەیـەک حکومـەت لـە عێراقـدا گـۆڕاون، بـەڵام هیـچ کام لـەم حکومەتانـە نەیانتوانیـوە بەڕیشـەیی کێشـەی گەلـی کـورد چارەسـەر بکـەن، بەڵکـو چەنـد هەنگاوێکـی کورتیـان بـەرەو ئاگربەسـتی شـەڕەکە نـاوە. هەریەکە و بەپێـی قەبارەی خـۆی شـەڕێکی دژواریـان تووشـی گەلـی کـورد کـردووە کـە هێندێکیـان گەیشـتبووە ڕادەی کۆمەڵکـوژی و پاکتـاوی ڕەگـەزی.

بارودۆخی کوردستان لەپاش تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ەوە گۆڕا، کاتێک ئەم ڕژێمەی ئێستا بە سەرۆکایەتیی بەعسییەکان دامەزرا و کوردستان پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینی (بەعس: کورتکراوەی ناوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە. سەرکردەکانی ئێستای ئەم حزبە

چەند ڕێکارێکی لە بەرژەوەندیی خەباتی دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و گەلانی وڵاتەکەی گرتەبەر). لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ سەرکردەکانی ئەم حزبە هێندە ئاسان نەبوو. کێشە کەڵەکەبووەکانی پێشوو، بەربەستی دەخستە بەردەم ڕێگەی چارەسەرکردنەکە. قەیرانی نەمانی متمانە، گەلانی عێراقی لەیەکترازاند و شەڕە خوێناوییەکەی کوردستان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی لەیەک دابڕی. جا بۆ گێڕانەوەی متمانە و نزیک کردنەوەی گەلانی عێراق، دەبوایە بەسەر چەندین کۆسپ و بەربەستی کەڵەکەبووی دژبەرانی شۆڕش و توندڕەوانی بەغدا و نێو خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیشدا بازبدات. بەڵام سەرکردە نوێیەکانی عێراق لەوە تێگەیشتبوون کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە هەڵوێستی جەماوەر بەرانبەر بە ڕژێم و ئایندەی شۆڕشە عێراقییەکە و یەکێتیی وڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕانگێزیی زایۆنیی ئیمپریالی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

ئەحمەد حەسەن بەکر لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا، ڕوونیکردبووەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، فاکتەرێکی ژیارییە لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستاندا. لەو نامەیەشدا کە ڕابەری کورد مستەفا بارزانی بۆ سەرکۆماری عێراقی ناردبوو، هەمان بیرۆکە دووپاتکراوەتەوە.

هەڵبەت سەرکەوتن لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی بەردەوامی حزبی شیوعیی عێراقی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی دیموکراسیی دروست و خێرا لە کوردستان. پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی لەسەر بنەمای نەتەوەیی بۆ کوردستان و داننانی تەواو بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، هەموو ئەم دروشم و خواستانە لەیەک کاتدا حزبی شیوعیی عێراق خستبوویەڕوو وەک بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و هەمووشیان لە بەڵگەنامەکانی حزبدا تۆمار و ئەرشیفکراون. عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە گرنگیی ڕێککەوتننامەکەی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد، پێیڕاگەیاندین: «بڕیاری چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق. هاوکات بە سەرکەوتنێکی گەورە هەژمار دەکرێت بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانەی جیهان».

عەزیـز محەمـەد کـە خەڵاتـی لینینـی نێودەوڵەتیـی بـۆ ئاشـتی بەدەسـتهێناوە و کەسـایەتییەکی دیـاری عێراقییـە، هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی ئـەم پیـاوە لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، هێندە ئاسـان نییە. ئەو کە توانیـی بۆچوونە جیاوازەکان لەیـەک نزیکبکاتەوە و بەشـداریی لـە بەئـاکام گەیاندنـی دانوسـتانەکاندا کـردووە و هەمـوو ئەزمـوون و توانـا و قەناعەتـە نێودەوڵەتـی و نیشـتمانییەکانی خـۆی لـە سـەرکەوتنی دانوسـتانەکاندا بەکارهێنـا.

چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـە پلـە یـەک بایەخێکـی زۆری بـۆ خـودی عێـراق هەیـە و ناتوانرێـت نکۆڵـی لـەم ڕاسـتییە بکرێـت و بەبـێ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، ئاراسـتەی وڵات بـەرەو چەپڕەویـی و پەرەسـەندنی ئاراسـتە پێشـکەوتنخوازەکان لـە سیاسـەتی سـەرکردەکانی ئێسـتای عێراقـدا پەکدەخـرا. لـەم چەنـد سـاڵەی دواییشـدا، چەنـد هێمایەکـی مەترسـیدا لەنێـو خـودی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورددا دەرکـەوت و هەمیشـە هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان هەوڵـی قۆسـتنەوەیان دەدا و هەسـتی دوژمنکارانـەی دژی نەتـەوەی عەرەبیـان دەوروژانـد و هەوڵـی بەکارهێنانـی بزووتنـەوەی کوردیـان دەدا بـۆ ئەنجامدانـی کـردەوەی تێکدەرانـە لـە دژی وڵاتانـدا بـە سـەرکردایەتیی نیشـتمانیی عێراقیشـەوە، هەروەهـا بـۆ لاوازکردنـی هەڵوێسـتەکانی وڵاتانـی عـەرەب لـە شـەڕێکی سـەختدا بـۆ لەناوبردنـی دەرەنجامـە مەترسـیدارەکانی شـەڕانگێزیی ئیسرائیل. لە ئێستاشـدا دەتوانرێـت ئـەو بەربەسـتانەی ڕێگـرن لـە پەرەسـەندنی شۆڕشـگێڕانە لـە عێـراق، لابدرێـن.

جـا ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە کـە لـە هەمـوو بەربەسـتەکاندا پەڕیوینەتـەوە، چونکـە ڕێـڕەوی پێشـکەوتنخوازانە دەبـێ بـەردەوام بێـت، سـەدام حوسـێن کـە سـەرکردەیەکی دیـاری حزبـی بەعسـە لـە عێـراق، لەمبارەیـەوە دەڵێـت: چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد سـەرەتایەکی پێویسـت و گرنگـە بـۆ پرۆسـەیەک کـە پێویسـتە بـەردەوام بێـت.

مورتـەزا حەدیسـی و عەبدولخالـق سـامەڕائی و سـەرکردەکانی دیکـەی حزبـی بەعـس لـە لێدوانێکیانـدا بـۆ ڕۆژنامەکەمـان دووپاتیـان کردووەتـەوە: لـە ئێسـتادا کێشـەی هـەرە گرنـگ لـە سـەر ئاسـتی وڵاتـدا، دامەزراندنـی بەرەیەکـی دیموکراتخـوازی نیشـتمانیی یەکگرتـووە کـە لـە سـەرجەم حزبـە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق پێکهاتبێـت. پێویسـتیمان بـەم بەرەیـە، تەنیـا نیشـتمانپەروەرە ڕاسـتگۆ و جێگیـرە بەرهەڵسـتکارەکانی ئیمپریالیـزم و تـەواوی کەسـایەتییە چەپڕەوەکانـی عێراقـی نـوێ، تێیدەگـەن.

هەموو سەرکردەکانی بەعس و حزبی شیوعیی عێراقی، ئەوانەی قسەیان بۆکردووین، ویستی خۆیان لە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی لە وڵاتدا دەربڕیوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە، ئاراستەیەکی پێچەوانەش هەیە کە بەتەواوی دژی ئەم خواستەن. جارێکیان شکستیان خواردووە لە بەرهەڵستیکردنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، وا ئێستاش بە هەموو توانایەکیانەوە ڕێگری لە پێشکەوتنی پرۆسەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن نەهێڵن بگاتە قۆناغی کۆتایی، چونکە بە دڵی ئەوان نییە و هێندێکیان – ئەگەرچی بە ئاشکراش نایڵێن- باس لەوە دەکەن، سەرباری ئەوەی هێزێکی سیاسیی باوەڕپێکراو و کاریگەری وڵاتە، پێویستە حزبی شیوعیی عێراقی لەو بەرەیە دووربخەنەوە کە بڕیارە بە ناوی بەرەی دیموکراتیی نیشتمانیی یەکگرتوو دابمەزرێت.

بێگومان وروژاندنی پرسی دوورخستنەوەی حزبی شیوعیی عێراق، ئەگەرێکی نالۆژیکانەیە و ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی ئەو هێزانە نییە کە لەم ساڵانەی دوایی لە عێراقدا پەرەیان سەندووە و لە هیچ بارێکدا نابێتە هۆی خولقاندنی بارودۆخی لەباری ناوخۆیی و دەرەکی بۆ بووژانەوەی وڵات.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد، گرنگییەکی ناسیۆنالیستیی عەرەبیشی هەیە و پێمانگوتراوە، یەکەمین کەس کە پیرۆزبایی ڕێککەوتننامەکەی لێکردووین، باڵیۆزی کۆماری سوودان بووە، ئەمەش بایەخی خۆی هەیە لە هەنگاونانی خەرتووم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باشووری سوودان کە هۆزەکانی نیلیی زنجییەکانی تێدا نیشتەجێن. پاش ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی دیموکراتیخواز و ئاشتیخوازانەی حکومەتی ئێستای عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد، هەڵبەت عێراق بۆ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقیا و تەواوی جیهانی سێیەمیش دەبێتە نموونەیەک بۆ چارەسەرکردنێکی دروست و ئازایانە بۆ کێشەی کەمە نەتەوایەتییەکان.

ئەستەمە ئەو ڕێکارانە واببینین کە بوونەتە هۆی کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژی لە عێراق، بەدەرن لە خەبات لە پێناو لەناوبردنی ئاکامەکانی شەڕانگێزیی ئیسرائیل. لە تەلئەبیب و چەند پایتەختێکی ڕۆژئاوادا بە ئاشکرا نیگەرانییەک لە ئاست زیادبوونی توانا ناوخۆییەکانی عێراق لە پتەوکردنی

جەنگی دژ بە ئیمپریالیزم، بەدیدەکرێت. جا ئەو دەرەنجامە گرنگ و ئەرێنییانەی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا هاتوونەتەدی هێشتا بە چارەسەرکردنێکی گشتگیری ڕیشەیی کێشەکە دانانرێت. ئەزموونی ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی دیکەش سەلماندوویانە کە سیاسەتێکی سەرکەوتووی ناسیۆنالیستانە، پرسێکی سەختە و پێویستی بە هەوڵێکی بەردەوامی سەختە کە خەریکە سەرەتاکانی لە عێراقدا بەدیاردەکەوێت، لە بەرانبەریشدا هەوڵی بەردەوامی بەکرێگیراوانی دەرەکی و کۆنەپەرستانی ناوخۆش بەدوور نەزانرێت کە بەوپەڕی توانایانەوە کۆشش دەکەن بۆ ئاڵۆزکردنی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب و پەکخستنی جیبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە ١١ی ئاداری ئەمساڵدا ڕاگەیەنراوە. سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانیش زانیویانە کە بە تاک و بەگرووپی بچووک، تیرۆریستان لە دەرەوەی وڵاتەوە ڕەوانەی کوردستان دەکرێن و ڕاسپێردراون کردەوەی تێکدەرانە ئەنجام بدەن، ئامانجیش لەمە ڕێگریکردنە لە پتەوکردنی متمانەی هاوبەش لەنێوان حکومەت و کورد و مەبەستیانە دووبارە تۆوی نوێی دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو پێکهاتە سەرەکییەی عێراقدا بچێنن. بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەرکی لەپێشینە هەروەک سەدام حوسێنیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، کارکردنی هەردوولا بێت بۆ خوڵقاندنی پێوەندیی نوێی نێوان کورد و عەرەب، پێوەندییەک کە لەسەر متمانەی هاوبەشدا بنیاتنرابێت و ئەگەر سەرکەوتنی هەر هەوڵێکی ئیستفزازکردنی دووربخرێتەوە کە لەلایەن بەرهەڵستکارانی عێراق هەوڵی بۆدەدرێت.

دکتۆر مەحموود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ پەیامنێری پراڤدا گوتبووی: «پێویستە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە لە زووترین کاتدا جێبەجێ بکرێت، چونکە نەیارانی ناوخۆی وڵات و ئەوانەی دەرەوەش هەوڵی پیلانگێڕی دەدەن بۆئەوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پرسەکە دوابخەن. پارتی دیموکراتی کوردستان سوورە لەسەر نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە و بەجیددی کاری لەپێناودا دەکات. حزبی بەعسیش هەمان هەڵوێستی هەیە و تەواوی گەلانی عێراقیش پشتیگیریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دەکەن».

هەروەهـا دکتـۆر عوسـمان ئامـاژەی بـۆ کاریگەریـی سیاسـەتی یەکێتیـی سـۆڤیەتیش کـردووە لـە گـەڕان بـەدوای چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و گوتـی: یەکێتیـی سـۆڤیەتی دۆسـت، پشـتیوانیی لـە چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد کـردووە و هـاوکار بـووە لـە سازدانی کەشـێکی لەبـار بـۆ هاندانـی دانوسـتان و جێبەجێکردنـی دەرەنجامـە پێویسـتەکان بـۆ زامنکردنـی بەرژەوەندییەکانـی هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد، بەمـەش عێـراق قۆناغـە سـەختەکەی یەکـەم دەبڕێـت ...

**ی. بیلیایف و بریماکۆڤ (پەیامنێرانی تایبەتی پراڤدا) بەغدا – مۆسکۆ**

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٤/٢٨**

**گوتەکەی حەبیب کەریم، سکرتێری لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

هەڤاڵانـی خۆشەویسـت! خۆشـحاڵم بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرۆکەکەی مسـتەفا بارزانـی و بـە نوێنەرایەتیـی تێکـڕای کرێکارانـی کوردسـتان پیرۆزباییەکـی گەرمـی یـادی سەدسـاڵەی لەدایکبوونـی لینینتـان لێبەکـەم، دامەزرێنـەری یەکەمیـن حزبـی پرۆلیتاریـی شۆڕشـگێڕانە و ڕابـەری یەکەمیـن شۆڕشـی سـەرکەوتووی سۆشیالیسـتی لــە مێــژوودا.

گەلـی کـورد منەتبـار و سوپاسـگوزاری ئـەو ڕۆڵـە کاریگـەرەی لینینـە کـە بـە تیۆرەکانـی مارکسـیزمی بـە تێـزە نوێیەکانـی خۆی دەوڵەمەنـد کرد. هەروەهـا لە پاش جەنگـی جیهانیی یەکەمـەوە دەستپێشـخەرییەکەی لینیـن لەبیرنـاکات کـە ڕێککەوتننامـەی سـایکس – بیکۆی نهێنـی ئاشـکراکرد کـە پیلانێکـی گـەورەی ئیمپریالیـزم بـوو دژی تـەواوی میللەتـی کورد.

داکۆکیکردنـی بەردەوامـی لینیـن لـە مافەکانـی گـەلان لـە چـارەی خۆنووسـین و پشـتیوانیی پتـەوی بـۆ خەباتـی ڕەوای گەلانـی وڵاتانـی داگیرکـراو و پاشـکۆ لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئـازادی و سـەربەخۆیی نیشـتمانی، لـە سـەرەتای بیسـتەکاندا وای لـە ڕابـەری نیشـتمانیی کـورد شـێخ مەحمـوودی حەفیـد کـرد نامەیـەک بـۆ لینیـن بنێـرێ و داوا لـە حزبـی شـیوعی و حکومەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت بـکات یارمەتیـی خەباتـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـدات.

بـە شـانازییەوە ئامـاژە بـەوە دەدەیـن ئـەو کـوردەی لەسـەر خاکـی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا دەژیــن، تــەواوی مافــە نەتەوەییەکانیــان بــۆ دەســتەبەر کــراوە. خۆشحاڵیشــین بــەوەی دەبینیـن پێوەندییەکـی پتـەو لەنێـوان عێـراق و یەکێتیـی سـۆڤیەتدا هەیـە کـە پێوەندییەکی بەردەوامــە و بــەرەو فراوانکردنــەوە و پەرەســەندن دەچێــت. پێوەندییەکانیــش لەســەر بنەمــای ڕێزلێنــان و بەرژەوەندیــی هاوبــەش دامــەزراون و ئامانجــی پتەوکردنــی هێــزی عێـراق و وڵاتانـی دیکـەی عەرەبییـە و تـەواوی ئـەو پرسـانە دابیـن دەکات کە بـۆ خەباتێکی دروسـت پێویسـتن دژی ئیمپریالیـزم و زایۆنـی و کۆنەپەرسـتی.

گەلانــی عێراقــمان بــە کــورد و عەرەبــەوە هەوڵــە دەگمەنەکانــی ســۆڤیەتی دۆســت بــەرز دەنرخێنــن کــە لــە پێنــاو کۆتاییهێنــان بــە شــەڕی نێــوان کــورد و عەرەبــی بــرا هێنــاوە کــە لــە نیشــتمانێکی هاوبەشــدا دەژیــن و ئارامــی و ســەقامگیریی بــۆ عێــراق بەرقەرارکــردووە. بەپێــی ڕێککەوتننامەکــەی ١١ی ئــاداری ئەمســاڵ، گەلــی کــورد مافــی ڕەوای خــۆی لــە بەدیهێنانــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان لەچوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا دەســتەبەرکردووە و هیواداریــن یەکێتیــی ســۆڤیەت بــە هەماهەنگــی لەگــەڵ حکومەتــی عێراقــدا بەشــداری لــە ئاوەدانکردنــەوە و بووژاندنــەوەی ناوچــە کوردنشــینەکان بــکات کــە لــە شــەڕە خوێناوییەکــەی کــورد و عەرەبــدا زیانیــان پێگەیشــتووە.

ئێمـە لـە خۆشـیی ئـەم ڕۆژە گرنگـە لەگـەڵ گەلانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و تـەواوی هێزە دیموکراتنخـوازە پێشـکەوتنخوازەکانی جیهانـدا ئاهەنـگ دەگێڕیـن و هیواداریـن تێـز و پرەنسـیپەکانی لینیـن ڕۆڵـی کاریگەرتر بگێڕێـت لە پەرەسـەندنی شارسـتانێتیی هاوچەرخدا.

بـا دۆسـتایەتیی نێـوان گەلانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و گەلـی کـورد پتەوتـر بکرێـت و گەشـەی پێبدەیـن.

بژی یەکێتیی سۆڤیەت – نیشتمانی لینین- داکۆکیکار و پارێزەرانی گەلان.

**«زاریافۆستۆکا» ١٩٧٠/٤/١٤**

**بەخشینی خەڵاتەکان**

**بەغـدا، ١٣ی نیسـان. (تـاس).** ئەنجوومەنـی ئاشـتیی جیهانـی، میدالیای زێڕینـی فردریک جۆلیـۆ کـۆری بـۆ ئاشـتی بـە لیژنـەی ئاشـتیی عێـراق بەخشـی، ئـەم میدالیایـە لەپـای ئـەو هەمـوو سـەرکەوتنانەدا بەخـشراوە کـە بزووتنـەوەی ئاشـتیی عێـراق لـە بەشـداربوونی لـە دۆزینـەوەی چارەسـەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشـەی گەلـی کـورددا بەدەسـتی هێنـاون.

ڕۆمیـش شـاندرا، ئەمینـداری گشـتیی ئەنجوومەنـی ئاشـتیی جیهانـی کـە لێـرە بـوو، خەڵاتەکـەی ڕادەسـتی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر سـەرکۆماری عێـراق کـرد و ئەویـش لەبـری لایەنگرانـی ئاشـتەوایی عێراقییـەکان، خەڵاتەکـەی وەرگـرت.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٧٠/٤/٢٥**

سـاڵیادی سەدساڵەی لەدایکبوونـی فلادیمێـر ئیلیتـش لینیـن لـە یەکێـک لـە هۆڵەکانـی چاپخانـەی نموونەیـی جدانۆفـدا بەڕێوەچـوو و هەریـەک لـە ویلیـام کانتـان ئەمینـداری گشـتیی حزبـی شـیوعیی کەنـەدی و حەبیـب کەریـم سـکرتێری لیژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گوتاریـان پێشـکەش ئامادەبـووان کـرد.

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٥/٣**

عێـراق: دوێنـێ بەبۆنـەی جەژنـی کرێکارانـی جیهانـەوە، ژمارەیەکـی زۆری خۆپیشـاندەرانی عـەرەب و کـورد، دەسـت لەنـاو دەسـت لـە (سـاحة التحریـر)دا گردبوونـەوە کـە گۆڕەپانـی سـەرەکیی بەغـدای پایتەختـە.

لـەو گردبوونەوەیـەدا ئەحمـەد حەسـەن بەکـر سـەرۆکی عێـراق گوتەیەکـی پێشـکەش گەلانـی عێـراق کـرد و داوای لێکـردن ڕیزەکانیـان پتەوتـر بکـەن لەپێنـاو خەباتـی دژ بـە ئیمپریالیـزم و زایۆنیـوزم و پەلـە لـە جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی چارەسـەرە ئاشـتی و دیموکراتخوازانەکـەی کێشـەی کـورددا بکـەن.

**«ئیزڤستیا» ١٩٧٠/٥/٢٤**

بەغـدا، ف. ئـا. لیخاتشـیف، باڵیـۆزی یەکێتیـی سـۆڤیەت لـە عێـراق، بەنـاوی لێژنـەی ناوەندیـی حزبـی شـیوعیی سـۆڤیەت و بـە بۆنـەی یـادی سـەد سـاڵەی لەدایکبوونـی لینیـن دوو فیلمـی «لینینـی نەمـر» و «ئاڵایـەک لەسـەر جیهانـدا»ی بەخشـییە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٧/٩**

**بارزانی- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەغـدا، ٨ی تەمـووز، (تـاس).** لـە کۆنگـرەی هەشـتەمی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە گەلاڵـە بەسـترا، بـە کـۆی دەنـگ مسـتەفا بارزانـی بـە سـەرۆکی حزبەکـە هەڵبژێردرایـەوە. لـە یەکەمیـن بەیاننامـەی پـاش هەڵبژاردنەوەیـدا داوای داپەروەریـی کۆمەڵایەتـی و گۆڕانکاریـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و بووژانـەوەی یەکسـانی لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا کـرد و ئیدانـەی ئـەو دەنگـە نەسـازانەی کـرد کـە هەوڵـی خۆڵقاندنـی دووبەرەکیـی نێـوان ڕۆڵەکانـی گەلـی عێـراق دەدەن و ئـاوات و خواسـتی نەتەوایەتـی لاواز دەکـەن.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٠/٧/٣**

**کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەغـدا، ٢ی تەمـووز (تـاس).** کۆنگـرەی هەشـتەمی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ناوچـەی گەلاڵـە بـە دروشـمی «لەپێنـاو ئاشـتەوایی و برایەتـی و یەکێتیـی نیشـتمانیدا» بەسـترا کـە ٤٠٠ ئەنـدام بەشـدارییان تێداکردبـوو، ژمارەیـەک ئەندامانـی حزبـی بەعـس و چەنـد هێزێکـی نیشـتمانیی دیکـەش میوانـی کۆنگرەکـە بـوون.

**«فیگرنی تبلیسی» ١٩٧٠/٦/٥**

**دیدار لە گەڵ بارزانیدا**

وەک دەربڕینێک لە شەرمەزاریی نەهامەتییەکانیاندا، ئەم گوندانە لەپشت لووتکە بەرزەکانی چیاکانی کوردستاندا خۆیان بزرکرد، خانووە تاریکەکانی ڕۆچوو لە ناخی خاک و ... شارەکانیش هێندە جیاواز نین لە گوندەکان: خانووە یەک نهۆمییەکان بە شەقامە تاریک و باریکەکانیان، لەگەڵ بارگیرەکاندا کە تاکە هۆکاری گواستنەوەن، ئا ئەمەیە کوردستانی عێراق.

لە شوێنێکی نزیک بەم کوردستانە کە هەلیکۆپتەرێک بە کاتژمێرێک دەتگەیەنێتە بەغدا پڕ لە ژاوەژاو و سەمەرەکانی ڕۆژئاوایی ...

ئێمە دەڕوانینە کۆمەڵە وێنەیەکی فۆتۆگرافیی سەرنجڕاکێش کە هەریەکەیان چیرۆکێکی سەیری لەپشتدایە، لە هەمووشیان سەیرتر، وێنەی (فاسیلی زخاریفیتش گۆلیساشفی)یە کە ئەکادیمیستێکی ئەکادیمیای زانستەکانە لە زانکۆی جۆرجیای سۆڤیەتی سۆشیالیست کە لەم دواییەدا سەردانی بەغدا کردبوو. ئەم زانا جۆرجییە سەرۆکایەتیی شاندێکی سۆڤیەتی دەکرد لە کۆنفرانسی نوێنەرانی لێژنەکانی ئاشتیی نیشتمانی بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا. (چەند بابەتێکی لەسەر گرنگیی سیاسیی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە نووسیوە کە بڕیاری گرنگی لەمەڕ ئاشتەواییەوە تێدا گەڵاڵە کراوە).

هەروەها ئەم زانا جۆرجییە باسی لەو دیدارانەی بۆکردین کە لێرە لە بەغدا ئەنجامیداون. ئەو زانکۆی بەغدا بانگهێشتی کردبوو و لەوێ چەند وانەیەکی لەسەر بایۆلۆجیی سۆڤیەتی پێشکەش کردبوو و چەندین پرسیار ئاراستەی ئەم تۆژەرە جۆرجییە کرابوو و چەندین دیداری لەگەڵ زانایانی زانکۆی بەغدا سازدابوو کە زۆر سەرسامی زانستەکانی بایۆلۆجیی سۆڤیەت بوون.

سەرنجڕاکێشترین شتی ئەم گەشتە، سەردانیکردنی ئەندامانی شاندە سۆڤیەتییەکە بوو بۆ کوردستان کە هەتاکو ئەمدواییە تا ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدینەهێنا، ناوچەکە ئارامیی بەخۆیەوە نەدیبوو. فاسیلی زاخاریفیتش، پێیراگەیاندین: «گوندی ناوپردان کە بە هەلیکۆپتەر بۆی چووین، دەچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، چونکە لەم گوندەدا ڕێککەوتنی ئاگربەستی ئەو شەڕەی تێداکرا کە دە ساڵی خایاند، بەڵێ .. لێرەوە ئاگربەستی شەڕی براکوژی ڕاگەیەنرا و ئێستا گوندنشینان سەرقاڵی ئاژەڵدارین».

سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ چاومان بە ڕابەری کورد مستەفا بارزانی کەوت کە بە پێشمەرگە دەوردرابوو، ئەم سەرکردەیە هەموو عێراقییەکان ناویان بیستووە.

مستەفا بارزانی، جەنگاوەرێکی قارەمان و لەشولارێکی پتەوی هەیە، باڵای مامناوەندە و لەگەڵ هاوڕێیانیدا زۆر میهرەبانە، تەمەنی گەیشتووەتە ٦٧ ساڵ، ئەو کەسێکی گەشبینە و هیوای بە ژیانێکی نوێیە، بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە پێشوازیی لێکردین.

مستەفا بارزانی، پلان و ئاسۆکانی گۆڕانکاریی کوردستانی بۆخستینەڕوو و گوتی: «لە ئایندەیەکی نزیکدا قوتابخانە و نەخۆشخانە لە کوردستان بنیاتدەنێین و پەرە بە دامەزراوەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی دەدەین». بەنێو گوندەکەدا گەڕاین و چاومان بە گوندنشینان کەوت، لەم گوندەوە قەناعەتێکمان لەلا گەڵاڵە بوو کە گەلی کوردی ئازا و دلێر دەتوانێت ژیانێکی نوێ لە کوردستان بنیاتبنێتەوە. کوردستان نەک هەر بە سامانی نەوت، بگرە بە سامانی ئاژەڵیش دەوڵەمەندە و زۆر دەمێکە لەم ناوچانەدا ئاژەڵداری دەکرێت.

ماڵئاواییمان لە بارزانیی خانەخوێ و میواندۆست و جەنگاوەری ئازا و بە جەرگ کرد و بەرەو بەغدا بەڕێکەوتینەوە کە لەئێستادا پایتەختی کورد و عەرەبە.

**ج. ئیڤانیشفیلی**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٠/٧/٥**

**لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا**

**بەغدا، ٣ی تەمووز. (تاس).** مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکیدا کە لە کۆنگرەی هەشتەمی حزبدا خوێندییەوە، جەختی لەسەر گرنگیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار کردەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد و زامنکردنی یەکێتیی هەمیشەیی گەلی کورد ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو.

هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند، متمانەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبی بەعس و هێزە نیشتمانییەکانی دیکە، بەیەکەوە بنەماکانی دادپەروەری و ئاشتەوایی بچەسپێنن. ئەندامی سەرکردایەتیی قەومیی حزبی بەعسی فەرمانڕەواش هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەکە خواست.

لـە ڕاپۆرتـی سیاسـییدا بـۆ کۆنگـرە، حەبیـب کەریـم سـکرتێری گشـتیی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان ئامـاژەی بـەوە دا کـە پێکهێنانـی بەرەیەکـی نیشـتمانی لـە عێـراق، مەرجـی سـەرەکیی بەدیهێنانـی پرسـی دیموکراسـییەتە کـە ڕووبـەڕووی گەلـی عێـراق دەبێتـەوە.

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٧/١٥**

**پیرۆزبایی دۆستانەمان**

نیکــۆلای فیکتۆرۆفیــج، ســەرۆکی دەســتەی ســەرۆکایەتیی ئەنجوومەنــی بــاڵای سـۆڤیەتی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکانی یەکێتیـی سـۆڤیەت، ئـەم برووسـکەیەی بــۆ ئەحمــەد حەســەن بەکــر، نــاردووە، ئەمــەش دەقەکەیەتــی: «بەڕێــز ســەرۆک ... بــە نــاوی خــۆم و دەســتەی ســەرۆکایەتیی ئەنجوومەنــی بــاڵای ســۆڤیەتی یەکێتیــی کۆمــارە سۆشیالیســتییەکانی یەکێتیــی ســۆڤیەت، بەبۆنــەی ســاڵیادی دووەمــی بەرپابوونـی شۆڕشـی عێـراق، پیرۆزبایـی لـە خۆتـان و گەلـی عێراقـی دۆسـت دەکـەم، گەلانـی سـۆڤیەت بـە بایەخێکـی زۆرەوە دەڕوانێتـە ئـەو گۆڕانکارییـە مەزنانـەی لـە کایـەی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی عێـراق لەئارادایـە و تێگەیشـتنی قووڵـی بـۆ بڕیـاری چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلــی کــورد هەیــە و هیواداریــن گەلانــی عێـراق یەکێتـی ڕیزەکانـی پتـەو بـکات و سـەرکەوتنی زیاتـر لـە بوژانـەوەی وڵاتـدا بەدیبێنێـت. وەک وەفادارییەکیـش بـۆ سیاسـەتی نێودەوڵەتییانـەی لینیـن، یەکێتیـی سـۆڤیەت، بـەردەوام دەبێـت لـە پشـتگیریکردنی خەباتـی وڵاتانـی عەرەبـی لـە دژی پیلانگێڕییەکانـی ئیمپریالیـزم، لەپێنـاو نەهێشـتنی بەربەسـتەکانی شـەڕانگێزیی ئیسرائیـل و بەدیهێنانــی ئاشــتەوایی هەمیشــەیی و دادپەروانــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوینــدا.

هیوادارین دۆسـتایەتیی و هەماهەنگیـی بەرهەمـداری گشـتگیری نێـوان یەکێتیـی سـۆڤیەت و کۆمـاری عێراق لـە پتەوکردن و پەرەسـەندنی بەرژەوەندییەکانـی هەردوو گەلی سـۆڤیەت و عێـراق و لەپێنـاو پتەوکردنـی ئاشـتیی سەرتاسـەریی جیهـان، بـەردەوام بێـت».

**(تاس)**

**«پراڤدا» ١٩٧٠/٨/٧**

**یەکێتیی سۆڤیەت - عێراق: پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان**

لــە ٥ی ئــاب، حکومەتــی یەکێتیــی کۆمــارە سۆشیالســیتییەکانی ســۆڤیەت، لەســەر شــەرەفی شــاندی کۆمــاری عێــراق بــە ســەرۆکایەتیی ســەدام حوســێن تکریتــی، جێگــری ســەرۆک ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی شۆڕشــی عێــراق و جێگــری ئەمینــداری گشــتیی حزبــی بەعــس، ئێوارەخوانێکــی بەربانگــی ئامادەکــرد.

لــەو بەربانگــەدا هەریــەک لــە ئەندامــی مەکتەبــی سیاســیی لێژنــەی مەرکەزیــی حزبــی شــیوعی و جێگــری یەکەمــی ســەرۆک وەزیرانــی یەکێتیــی کۆمــارە سۆشیالیســتییەکانی ســۆڤیەت، مــازۆرۆف کیریــل ترۆفیمۆفیتــش و ئەمینــداری لێژنەی مەرکەزیی حزبی شــیوعی، بۆریــس نیکۆلایفیتــش بۆنۆماریف و ژمارەیەک لە بەرپرســانی یەکێتیی ســۆڤیەت بەشــداریی ئێوارەخوانەکەیــان کردبــوو. ک.ت. مــازۆرۆف و ســەدام حوســێن گفتوگۆیــان کــرد.

مــازۆرۆف کــە بەناوی حکومەتی یەکێتیی ســۆڤیەتەوە بەخێرهاتنی لە شــاندە عێراقییەکە کــرد، گوتــی: ئێمــە لــە یەکێتیــی ســۆڤیەتدا، وەهــا دەڕوانینــە ئــەو ڕێککەوتننامەیــەی بــۆ چارەســەرێکی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلــی کــورد ڕێککەوتنــی لەســەرکراوە، ســەرکەوتنێکی مــەزن بێــت بۆ تــەواوی گەلانی عێراق و هیوای خواســت هــەردوو لایەنــی ڕێککەوتننامەکە، پەلــە بکــەن لــە جێبەجێکردنــی تــەواوی بڕگەکانــی ڕێککەوتننامەکە.

هەروەهــا گوتــی: ئێمــە لــەو بڕوایەدایــن جێبەجێکردنــی ڕێــکارەکان دەبێتــە هــۆی پتەوکردنــی یەکێتیــی گەلانــی عێــراق و بەهێزکردنــی توانــای عێراقییــەکان، لــە خەباتــی دژی ئیمپریالیــزم لەپێنــاو پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتیــی و بەرهەڵســتیکردنی پیلانەکانــی ئیمپریالیــزم و کۆنەپەرســتان.

ســەدام حوســینیش لــە بەشــێکی گوتەکانیــدا بــە ئامادەبوانــی ڕاگەیانــد: ڕژێمــی شۆڕشــگێڕانە لــە عێــراق بــە ســەرکردایەتیی حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســت و بــە هەماهەنگــی لەگــەڵ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی بارزانــی، ســەرکەوتنێکی مەزنــی تۆمارکــرد و گەیشــتینە چارەســەرکردنێکی دیموکراســی و ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد.

**«فیگرنی تبلیسی» ١٩٧٠/٨/١٨**

ڕاگەیاندنـی ئاشـتەوایی و یەکسـانی لەنێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب لـە چوارچێـوەی یەکێتیـی نیشـتمانیدا جێگیرکـرا کە لـە ١١ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٠دا سـەرکۆماری عێـراق ڕایگەیانـد و سـنوورێکی بـۆ ئـەو شـەڕە خوێناوییـە دانـا کـە مـاوەی نـۆ سـاڵی خایانـد لـە کوردسـتان.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ٣٦، ٤-١٩٧٠/٩/١٠**

**ئاشتەوایی لە چیاکانی کوردستاندا**

ماتیۆشـین ئەناتۆلـی نیکۆلاییفیتـش (لەدایکبـووی ١٩٢٤- ڕۆژنامەوانـی نێودەوڵەتـی، پەیامنێـری تـاس لـە عێـراق).

لـە ئـاداری ئەمسـاڵدا، حکومەتـی عێـراق ڕێککەوتنێکـی لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـورددا ئیمزاکـردووە و بەپێـی ڕێککەوتننامەکە شـەڕی نێوان کورد و عەرەبی برا ڕاگیرا کە سـاڵانێکی زۆری خایانـد. دان بـە مافی نەتەوەیـی کـورد نـرا و مافـی ئۆتۆنۆمییـان بۆدەسـتەبەرکرا کـە هۆکارێـک بـوو بـۆ خوڵقاندنـی مەرجە پێشـوەختەکان بـۆ پتەوکردنی یەکێتیـی گەلانی وڵات و بـە سـەرکەوتووانە دەسـت بـە جێبەجێکردنی بڕگەکانـی ڕێککەوتننامەکـە کراوە.

لەنێــو فڕۆکــە و لــە ئاســمانەوە کــە لــە باشــوورەوە دەچێتــە باکــوور، هەســت بــە جیاوازیــی سرووشــتی وڵات دەکەیــت، لــە باشــووری عێــراق و بەدیاریکــراوی لــە ناوچــەی بەســڕەدا، ڕووبەرێکــی فــراوان بــە دارخورمــا داگیرکــراوە و لــە ئاســمانەوە وەکــو هێشــوویەکی بــۆزی ســەوزی تێــر دەردەکــەون.

لـە نزیـک ناوەڕاسـتی عێراقیشـدا ناوبەنـاو بیابانێـک بێسـتانەکانی دارخورمـا سـەوزەکان لەیـەک جودادەکاتـەوە کـە هـەردوو ڕووبـاری دیجلـە و فوراتـی پێـدا تێپەڕدەبێـت. لەسـەر ئاسـمانی دەوروبـەری کەرکـووک، شـەو و ڕۆژ گڕێکـی پرتەقاڵـی لـە پاڵاوتگەکانـی نـەوت بەرزدەبێتـەوە کـە سـاڵانە زیاتـر لـە ٧٠ ملیـۆن تـۆن نەوتـی تێـدا بەرهەمدەهێنرێـت.

هەرچەندیـش لـە باکـوور نزیـک بکەویتـەوە، کێڵگـەی سـەوزی کاڵـی بریقـەدارت لەژێر باڵەکانـی فڕۆکەکـەوە بەرچـاو دەکەوێـت کە پەڵـەی ڕەشـیان تێدایە، پەڵەڕەشـەکان مێگەلی

مەڕ و بزنن، لە سنووری باکووری عێراقدا لووتکەی سپیی زنجیرە چیای بەرزی بە بەفرداپۆشراو هەن کە لە مانگەکانی هاوینیشدا ناتوێنەوە، ئا ئەمەیە کوردستان.

## کێشەکە چۆن سەریهەڵدا؟

لە مانگی نیساندا بۆ یەکەمین جار هاتمە ئەم ناوچەیە. لە قەدپاڵی چیا ... لەنێو دۆڵی ڕووبار و جۆگەلە ئاوەکاندا ... و لێرەو لەوێ چاڵی نارێک بەدیدەکرێت کە ئاسەواری بۆمب و مووشەکانن و تاکو ئێستا هێندێکیان وەک خۆیان ماون. ئەم ناوچەیە شەڕێکی درێژخایەنی نێوان یەکەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی بەخۆوە بینیوە. هێزەکانی پێشمەرگە یەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن کورد دەژین کە پێنج یەکی تێکڕای دانیشتوانی عێراق پێکدێنن و زمان و کلتوور و دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کورد سالانێکی زۆر لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دەجەنگین کە لە خوێندن بە زمانی دایک و وەرگرتنی پۆستی ئیداری و بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری بێبەشکرابوون. برسێتی و هەژاری و نەخۆشی چارەنووسی هاوبەشی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بوو.

دۆخی عەشیرەتی بارزان کە دژی دەسەڵاتدارانی عێراق لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی ڕاپەڕیون، بەتایبەت هێندە سەخت بوو، بەرگەی نەدەگیرا. لە ئابی ١٩٤٥دا حکومەتی نووری سەعید ٢٠ هەزار سەربازی ناردە سەر کوردستان و هەڵمەتەکەیان وەکو هێرشەکانی پێشوو بە شکستهێنانی سوپای عێراق کۆتایی هات. ئینجا فڕۆکەی بەریتانی هاوکاریی سوپای عێراقی کرد و لە زەوی و ئاسمانەوە کوردستان ئاگرباران کرا، بۆیە مستەفا بارزانی بە یاوەریی ژمارەیەک پێشمەرگە بە ناچاری خاکی عێراقیان بەجێهێشت و هەتاکو تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ نەگەڕایەوە، واتە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق.

بەڵام دوای هاتنە سەر حوکم، قاسم زوو ئامانجەکانی شۆڕشی گۆڕی و دەرکەوت بەڵێنەکانی کە بەرگێکی دیموکراسییانەی پۆشیبوو، هەموو قسەبوون و جارێکی دیکە هەڵمەتەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فراوانەکانی دژی کورد دەستپێکردەوە، ڕۆژێکیان قاسم لێبوردنی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە بەشدارییان لە بزووتنەوەکەی کورددا کردبوو، ئینجا پێشنیاری دانوستانی لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا کرد، پاشان بە غەدر فەرمانی بە هێزەکانی ئاسمانیی عێراق دا و شوێنی کۆبوونەوە پێشنیارکراوەکەی بە فڕۆکە بۆردوومان کرد کە نوێنەرانی حکومەتی عێراق لە شوێنەکەدا نەبوون، ئەو کوردەشی بڕیاری لێبوردن دەیانیگرتەوە، خۆیان و چەکەکانیان ڕادەست حکومەت کرد، دواجار دەستگیرکران و زۆر دڕندانە سەربڕان.

سیاسەتی حکومەتەکانی دووای ئەم حکومەتەش هەر بە هەمان شێوازی پێشوو زۆر نامرۆییانە مامەڵەیان لەتەک کێشەی کورددا دەکرد، ئاگربەستێک ڕاگەیەنرا، ئینجا هێزەکانی سوپای عێراق گوندەکانی کوردستانیان دایەبەر بۆردومانی فڕۆکە و تۆپ و کێڵگەکانی جوتیارانی کورد بە بۆمبی ناپاڵم سووتێنران.

بەڵام گەلی کورد لە خەباتی خۆیان نەکەوتن لەپێناو بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەدرێژایی ئەو ساڵانە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، هەژموونی خۆی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کوردستان سەپاند، ڕێکخستنەکان و ئەزموونیان گەشەی کرد.

حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکر کە لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا گەیشتە دەسەڵات، شێوازێکی نوێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی گرتەبەر. ڕۆژنامەی  «الثورة»ی سەر بە حزبی بەعسی دەسەڵاتدار، بڵاویکردووەتەوە، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان، تەنیا کوردی نەگرتووەتەوە، بگرە شەڕەکە بووەتە مایەی بێبەشکردنی ملیۆنان کرێکاری عەرەب لە هەلی کارکردن. ڕۆژنامەکە جەختی کردووەتەوە کە کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری بژاردەی هێز و گوشارکردن بین و چیدی باس لە دۆڕاو و براوە نەکەین و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی عێراقێکی نوێ چڕبکەینەوە کە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی تێدا بەشدار بێت.

## ڕێککەوتننامەی لە چاوەڕوانییەکی درێژخایەندا:

سەرکردەکانی وڵات درکیان بەوە کردبوو کە بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستاندا دەبێتە هۆی کوشتنی بێمانای ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی عێراق – بە کورد و عەرەبەوە- هەروەها شەڕەکە وڵاتی لە هەلی جەختکردن لەسەر کاری گەشەکردنی ئابووریدا بێبەشکردووە کە لە ئاکامدا پرسەکە دەڕژێتەی بۆتەی بەرژەوەندییەکانی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و دەرەکییەوە. دواجار ڕۆژ ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتەپێش کە مێژووی عێراق بە ڕووداوێکی گرنگ تۆماری کردووە و ئەحمەد حەسەن بەکر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقدا ڕێککەوتننامەکەی خوێندەوە.

پاش زنجیرە دانوستانێکی دوور و درێژ و سەختی نێوان بەرپرسانی حکومەتی عێراق و سەرکردەکانی کورد، بڕیار درا لە دەستووری عێراقدا ئەم دەقە بچەسپێنرێت: دانیشتوانی عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکیی عەرەب و کورد پێکدێت کە لە مافدا یەکسانن و زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بکرێتە زمانی فەرمیی دووەمی عێراق لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن، یەکێک لە جێگرانی سەرکۆماری عێراقیش لە پشکی کورددا دەبێت.

ڕێککەوتننامەکە ئەوەش لەخۆدەگرێت کە کورد هەلی وەرگرتنی پۆستە حکومییەکانی بۆ بڕەخسێت و هاوشێوەی عەرەبەکان، بەشداری لە چالاکیی دەستەکانی یاسادانان بکات. بڕیاریشە پەلەبکرێت لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ لە ناوچە کوردنشینەکاندا و هاوکاری بکرێن لە پەرەپێدانی کەرتەکانی ئابووری و ڕۆشنبیریدا، لەبەرنامەشدایە ژمارەی قوتابخانەکان لە کوردستاندا زیادبکرێن کە خوێندن تێیاندا بە زمانی کوردییە.

لە ١٢ی ئادار ڕێپێوانێکی فراوان لە گۆڕەپانی تەحریر بەڕێوەچوو کە گۆڕەپانێکی ناوەندی بەغدایە، دەیان هەزار هاووڵاتیانی عەرەب و کورد بە جلی نەتەوەییەوە ئاهەنگیان دەگێڕا. لەسەر سەکۆیەک کە لە هەموو لایەکەوە بە ئاهەنگگێڕان دەوردرابوو، ژمارەیەک لە وەزیرانی حکومەتی عێراق و سەرکردەکانی حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو کوڕەکەی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیدریس و مەسعود بارزانی لە پێشوازیی هاووڵاتیان لەسەر

سەکۆکەدا وەستابوون. پاش چەند ڕۆژێک دوای ئەم ئاهەنگە، سەرتاپای عێراق بۆ یەکەمین جار بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دووبارە ئاهەنگیان گێڕایەوە، ئەمجارەیان خودی سەدام حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و مەحموود عوسمان، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیەکەوە بەشدارییان لەو یادەدا کرد لە کوردستان.

لە یاریگای ناوەندیی پارێزگای سلێمانیشدا، هاووڵاتیانی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری، ئاهەنگێکیان ڕێکخست و لەو ڕۆژەدا کورد و عەرەب ڕیزڕیز لافیتەیان بەرزکردبووەوە و پشتگیرییان لە پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد کرد کە سنوورێکی بۆ ئەو ململانێیە درێژخایەنە دانا، ژمارەیەک لە هاووڵاتیانیش وێنەی قوربانیانی شەڕەکەیان بەرزکردبووە و پێاندەگوتین: ئەمانە خزم و کەسوکار و دۆستانی ئێمەن و دەمانەوێ هاوشانی ئێمە بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکەن.

## کۆبوونەوەکان:

ڕێژەیەکی زۆری عێراقییەکان درکیان بەوە کردبوو کە لەگەڵ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، قۆناغی یەکەمیان بڕیوە کە ڕێککەوتننامە هاوبەشەکەی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردەکانی کوردە. دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە کرا و سەرجەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ڕاگیران.

مەحموود عوسمان، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیگوتم: «پێمانوایە پێویستە لە ئێستاوە دەست بکرێت بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە، چونکە گومانی تێدا نییە، هێزەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان، بەردەوامن لە پیلانگێڕی دژی عێراق».

عوسمان دووپاتیشیکردەوە، ئەم هێزانە هەوڵدەدەن کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بقۆزنەوە بۆ بەربەست خستنە بەردەم پرۆسەکە. ئەرکی سەر شانی ئێمەیە لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی خێرای تەواوی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەم هەلەیان لەدەست بدەین.

- مانگێک پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، دەرفەتم بۆ ڕەخسا چاوم بە مستەفا بارزانی بکەوێت، لە گوندی ناوپردان و لە هەمان ئەو ژوورەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، سەدام حوسێن تکریتی لە کاتژمێر ١٥:٢٢ ی ڕۆژی١٠ی ئادار ڕێککەوتننامەکەی ئیمزا کرد کە تایبەت بوو بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد.

مستەفا بارزانی جلێکی ئاسایی پێشمەرگایەتیی لەبەربوو – کورتەک و شەرواڵێکی خاکی، پشتێنێکی لە ناوقەدی پێچابوو، پشتێنێکی چەرمیشی لەسەر پشتێنە قوماشەکە بەستابوو، دەمانچەیەک و خەنجەرێکی لە کەلاکەی ڕاست، جامانییەکی سووری لەسەرنابوو کە دەستووری عەشیرەتی بارزانییەکانە.

یەکەمین پرسیاریم ئاراستەکرد: ئەوا مانگێک بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەدا تێپەڕی. ئەو هەنگاوە کردەنییانە چین کە بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە نراون؟

- مانگێک، ماوەیەکی کورتە، بەڵام دەتوانین بڵێین چەند هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە نراوە. پێنج وەزیری کورد لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا دەستبەکاربوونە، لێژنەیەکیش بۆ بەداواداچوون بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە پێکهێنراوە کە نوێنەری هەردوو حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدایە. گوژمەیەکیش دیاریکراوە بۆ نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی ڕێگاوبان و چەند پردێک و نیشتەجێکردنی هاووڵاتیان، بە کردەنیش دەست بە کارەکان کراوە.

بارزانی ئەوەشی دووپاتکردەوە، ئەمە تەنیا هەنگاوە بەراییەکانن و هیوادارین لە ئایندەدا هەنگاوی تری بەدوادابێت، گرنگ ئەوەیە حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێچکەیەکی ئاشتییانەیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەتەک ئەو ئالینگارییانەی دێنە سەر ڕێیان و ئەو ئازایەتییەیان تێدا بێت کە ئامادەبن دان بە هەڵەکانی پێشوودا بنێن.

لە کۆتایی گوتەکانیدا، بارزانی گوتی: هەرچەند پەلەبکرێت لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، باشترە بۆ پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب و بەرژەوەندیی تەواوی گەلانی عێراق لە خەباتکردنیدا دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان – ئیمپریالیزم.

لە ڕۆژی دواتر سەردانی گەلاڵەم کرد کە لە گەرمەی شەڕدا بارەگای پارتی

دیموکراتــی کوردســتان هێنــدە لێــی دوور نەبــوو. شــەقامەکانی شــارۆچکەکە جمــەی دەهــات و خەڵــک ڕژابوونــە ســەر شــەقام، دوکان و شــوێنە گشــتییەکان کرابوونــەوە، منداڵانیــش کۆمــەڵ کۆمــەڵ بــەرەو قوتابخانەکانیــان دەچــوون کــە تــازە کرابوونــەوە، لــە زاری دانیشــتوانی ناوچەکــەم بیســت هەتاکــو ئــەم نزیکانــە، شــارۆچکەکە چــۆڵ و هــۆڵ بــوو و خەڵکەکــە هەمــوو ڕوویــان لــە کونــە شــاخەکان کردبــوو.

لەئێســتادا دەســتکراوە بــە نۆژەنکردنــەوەی ئــەو خانووانــەی لــە شــەڕدا زیانیــان پێگەیشــتبوو، بــە چــاوی خــۆم بینیــم ســەربازانی عێــراق هاوشــانی پێشــمەرگە بەیەکــەوە گوندێکــی نوێیــان ئــاوەدان دەکــردەوە و خانوویــان دروســت دەکــرد کــە بڕیــارە گوندەکــە ناوبنرێــت «گونــدی ئاشــتی». ئۆتۆمبێلەکەمــان بــە بــەردەم کێڵگەکانــدا ڕەتبــوو کــە زەوییەکانیــان دەکێــڵا.

## کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان:

لــە مانگــی تەممــوزدا جارێکــی دی دەرفەتــم بــۆ ڕەخســا ســەردانی کوردســتان بکەمــەوە. کــە لــە مــاوەی نێــوان ١- ٧ی تەمــووز کۆنگــرەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی تێــدا دەبەســترێت.

ئۆتۆمبێلەکەمــان بــە ڕێگەیەکــدا دەڕۆیشــت، ئێمــە ئاشــنای ببوویــن کــە هاوتەریــب بــوو لەگــەڵ ڕووبارێکــی پێچاوپێچــی هەڵچــوو، ئەمــلاو ئــەولای ڕووبارەکــە بــە نشــێوییەکی قــووڵ دەوردرابــوو، بیرمــە پێــش چەنــد مانگێــک لەمەوبــەر، لەســەر ئــەو لووتکــە شــاخانەی دەڕواننــە ســەر شــەقامەکە، پێشــمەرگە شــەو و ڕۆژ لــە ئامادەباشــیدا بــوون، شــوێنی ڕووبەڕووبوونەوەکانــی ســوپای عێــراق و هێزەکانــی پێشــمەرگەم بینییــەوە.

خــورەی ئــاوی ڕووبارەکەمــان، تەنیــا لــەو شــوێنانەدا نەدەبیســت کــە شــۆفڵ و ئامێــرە قورســەکان ســەرقاڵی چاککردنــەوەی شــەقامەکان بــوون و چەنــد بەشــێکی شــەقامەکە تــازە قیرتاوکرابــوون و لەژێــر ڕۆشــنایی خــۆردا دەبریســکانەوە، ئــەو کێڵگانــەی بەهــاری ڕابــردووش دەکێڵــران، ئێســتا هەمــوو هاتوونەتەبــەر، دەســتی نۆژەنکردنــەوە بــە خانووەکانــی نێــو گەڵاڵەشــدا دیاربــوو کــە زۆربەیــان ســەرلەنوێ

نۆژەنکرابوونـەوە. پـاش چاوەڕوانییەکـی زۆر، ژیانـی ئاسـایی گەڕابـووەوە ئـەو شـوێنانەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی تێـدا ئەنجامدرابـوو. شـوێنێک نەبـوو کۆنگرەکـەی تێـدا ببەسـترێت، چەنـد خێوەتێـک لێکدرابـوون و حەسـیربەند کرابـوون، کۆنگرەکـە لەنێـو ئـەم خێوەتانـەدا بەسـترا کـە زۆر دوور نەبـوو لـەو شـوێنەی ڕێککەوتننامەکـەی تێـدا ئیمزاکرابـوو بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد.

دارا تۆفیـق کـە سـەرکردەیەکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو، پێـش دەسـتپێکردنی کۆنگرەکـە پێیڕاگەیانـدم: کۆنگـرە بابەتـە هەنووکەییەکانـی ئەمدواییـە گەنگەشـە دەکات و چالاکییـەکان شرۆڤـە دەکات، ئینجـا ئەرکەکانـی داهاتـوو دیاریـدەکات.

مسـتەفا بارزانـی، بەشـداربووانی کۆنگـرەی ڕێنوێنـی کـرد کـە لـە کارەکانیانـدا بەرژەوەندیـی هـەردوو گەلـی کـورد و عـەرەب و بەرژەوەندییەکانـی پتەوکردنـی ئاشـتەوایی و برایەتیـی و یەکێتیـی نیشـتمانیی سـەرتاپای وڵات لەبـەر چـاو بگیرێـت و باسـی لـە ئامادەیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـرد بـۆ بـە ئەنجامدانـی هەمـوو هەوڵێـک بـۆ جێبەجێکردنـی تـەواوی بڕگەکانـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا.

ئەندامانـی بەشـداربووی کۆنگرەکـە دەقیقەیـەک وەسـتان بـۆ ڕێزلێنـان لـە گیانـی ئـەو پێشـمەرگانەی لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورددا گیانـی خۆیـان بەخـت کـرد.

کەریـم ئەحمـەد ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی حزبـی شـیوعیی عێـراق پشـتیوانیی حزبەکـەی بـۆ ئـەرک و ئامانجەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دووپاتکـردەوە. حەبیـب کەریـم سـکرتێری گشـتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش لـە ڕاپۆرتێکـی سیاسـیدا دووپاتیکـردەوە، ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار، دەرەنجامـی خەباتـی هاوبەشـی هـەردوو گەلـی کـورد و عەرەبـە لـە عێـراق بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی دیموکراسـی و ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد، هۆشداریشـی دا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێـزە نەیـارەکان.

**«پراڤدا» ١٩٧٠/١٠/٢٩**

**کەشێکی پڕ لە متمانە**

**دیمەشق ١٩٧٠/١٠/٢٨ (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا) لە بەغداوە**، دوو ئەندامی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازییان لەو مەرسوومە سەرۆکایەتییەی ئەمدواییە کرد کە باری نائاسایی لە وڵات هەڵگرت کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە ڕاگەیانرابوو. ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەتی حکومەتی عێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «ئەم ڕێکارە کەشێکی متمانەی لەنێوان گەلانی عێراقدا خوڵقاند». دکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبیش لای خۆیەوە بڕیارە سەرۆکایەتییەکەی بەم شێوەیە وەسفکرد: «هێمایەکە بۆ ئاسایی بوونەوەی ژیان».

**أ. فاسیلییێف**

**«پراڤدا» ١٩٧١/٣/١١**

**جەژنی کورد و عەرەب**

کاتێک گەشتیارە ماندووەکان، چنگێک لەو ئاوە ساردەی بە قەدپاڵی چیاکەدا دێتەخوارەوە، بە دەموچاویدا دەکات و قومێکی لێدەخواتەوە، بۆنی دار سەرووەکان هەڵدەمژێت، دەستبەجێ ماندوویەتیی دەحەسێتەوە، لێرە کەشەکە ئارامە، شەقامە سەرەکییەکەی هاوینەهەواری شەقڵاوە کە کەوتووەتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانەوە، قاوەخانەیەکی زۆری تێدایە و خەڵکەکە لە بالکۆنەکان گردبوونەتەوە، جا ئەگەر پیاسەیەکی چەند هەنگاوی لە کۆڵانەکانیدا بکەیت، لەنێو ئەو پەرژینانەی بە دارمێو داپۆشراون، لە ئارامیدا نغرۆ دەبیت.

ساڵێک لەمەوبەر لێرە شەڕ و کوشتار گەرم بوو، دەنگی تۆپ و ڕمبەی مووشەکەکان شاخەکانیان دەهەژاند و دەنگیان دەدایەوە. کورد عەرەبی دەکوشت، عەرەبیش کوردی دەکوشت، ئەم دۆخە نۆ ساڵ درێژەی کێشا، ناوبەناو نەبێت کە ئاگربەستی کورت مەودای تێدا ڕادەگەیەنرا. گوندەکان دەسووتێنران، منداڵانی باوک کوژراو دەگریان. ژمارەی کوژراوانی دانیشتوانە کوردەکە هەزارانی تێپەڕاند.

جەنگاوەرانـی هـەردوولا شـەکەت ببـوون و بـە ئاگـری ئـەو شـەڕە، بایـی نیـو ملیـۆن دۆلار شـتی بەنرخـی سـووتاند کـە بـۆ بووژانەوەی وڵات زۆر پێویسـت بوون، کۆنەپەرسـتانی ناوخـۆ هەلەکەیـان قۆسـتبووەوە بـۆ وەرگرتنـەوەی پێگـە لەدەسـتدراوەکانیان.

ڕێـک سـاڵێک لەمەوبـەر، لـە ١١ی ئـادار هـەردوولای شـەڕکەر، گەیشـتنە ڕێککەوتنێـک لەنێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد. گرنگتریـن خاڵەکانـی ڕێککەوتنامەکـە، داننـان بـوو بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و بەدیهێنانـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی یەکگرتـوودا. ئـا بـەم شـێوەیە پێداویسـتییە بنەڕەتییـەکان بـۆ پاراسـتنی سـەلامەتیی عێـراق و شـیاندنی ژیانـی ئاسـایی هاووڵاتیـان، ڕەخسـێنرا، بەربەسـت لەبـەردەم چالاکییەکانـی دژی عێـراق دانـران کـە هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان ئەنجامیـان دەدا.

ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار بژاردەیەکـی سیاسـیی جیـددی بـوو لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە و حکومـەت درکـی بەوە کردبوو کە بەبێ چارەسـەرکردنێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد و بەبێ پتەوکردنی یەکێتیی نیشـتمانیی وڵات، ئەسـتەمە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییەکان و گرتنەبـەری ڕەوتـی بەرهەڵسـتکاریی ئیمپریالیـزم جێبەجـێ بکرێـت. سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردیـش هەڵوێسـتێکی ڕیالیزمانەی هەبوو و بەربەسـتی نەمانـی متمانـەی بـە حکومەتـی عێـراق تێپەڕانـد کـە لـە کاتـی شـەڕدا دروسـت ببوو.

هەروەهـا پێویسـتە ڕۆڵـی مەزنـی حزبـی شـیوعیی عێراقیـش بـەرز بنرخێنرێـت لـە گەیشـتن بـە ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار و دامەزراندنـی هەماهەنگیـی عەرەبـی - کـورد. شـیوعییەکانی عێـراق کـە خـودان بڕوایەکـی نێودەوڵەتـی و نیشـتمانین و لـە بارودۆخـی نوێـی عێراقـدا، لەسـەر ئـەو ڕێچکەیـە بەردەوامـن.

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، گەشتێکی کوردستانمان کرد و ئەنجامە ئەرێنییەکانی ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانمان بەرچاو دەکەوت. ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی نێوان کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق دەستپێکردەوە. بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی کێڵگەکانی کوردستان، بازاڕێکی گەرمیان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بۆ فەراهەم بوو و کاڵاکانی دیکەش لە بەغداوە بەرەو کوردستان بەڕێخران. تیمەکانی کرێکارانی عەرەب و کورد دەستیان بە نۆژەنکرنەوەی ڕێگاوبان و خانووە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان کرد.

لـە هەولێـر سـەردانی لقـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانمان کـرد کـە بـە هێزێکـی هاوبەشـی پێشـمەرگە و سـەربازانی عێـراق دەپارێـزرا.

بەرپرسی لـق بـە ئێمـەی ڕاگەیانـد: «لـە ئێسـتادا ئێمـە بەشـێوەیەکی یاسایی کارەکانـی خۆمـان ڕایـی دەکەیـن. حزبمـان مۆڵەتـی فەرمیـی وەرگرتـووە و بـە ئاشـکرا کاری سیاسـیی خـۆی دەکات». ژمارەیـەک کـورد لـە ئیـدارەی خۆجێییـدا دامـەزراون و چەنـد ئەفسـەرێکی دوورخـراوەی کوردیـش گەڕێنراونەتـەوە یەکـە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق، چەنـد داوەرێکـی کوردیـش دامـەزراون.

پـاش چەنـد کاتژمێرێکـی کـەم ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانـی لـە حاجـی ئۆمـەران پێشـوازیی لێکـردم، ئێـرە لـە سـاڵانی شـەڕدا بـارەگای نهێنیـی بارزانـی بـوو.

تێپەڕبوونـی سـاڵەکان و هەڵمەتەکانـی شـەڕ و کارکردنـی بـەردەوام، چەنـد لۆچێکـی قووڵـی لەسـەر ڕووخسـارە برۆنزییەکـەی مسـتەفا بارزانـی نەخشـاندبوو. بـەڵام هێشـتا قیـت و پشتڕاسـت بـوو، هەنگاوەکانـی سـەخاوەتی پێوەدیـار بـوو، بـە ئاسـانی خۆیهەڵدەدایـە سـەر پشـتی ئەسـپەکە.

بارزانـی دەیگـوت: «لۆژیکـی دروسـت وا دەخـوازێ کـە ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار لەسـەر بنەمایەکـی بەتیـن دابمەزرێنیـن». ئـەوا چەنـد مانگێـک بەسـەر ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامەکـەدا تێدەپەڕێـت، کاتێکیـش دەقـی برووسـکەکانی عێـراق دەخوێنیتـەوە سـەبارەت بـە هەماهەنگیـی عەرەبـی - کـوردی، ئـەم وشـە درەشـاوانەی مسـتەفا بارزانیـت دێتـەوە یـاد.

لـە سـلێمانی، کوردێـک بـە کردەنـی بووەتـە حاکمـی شـار، ئـەو حاڵەتـە نائاسـاییەی حکومـەت لەچوارچێـوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکاندا بەسـەر ناوچەکـەی سـەپاندبوو، هەڵگیـرا. ئێسـتا حکومەتـی عێـراق پێنـج وەزیـری کـورد لەخۆدەگرێـت و ڕۆژانـە ژمارەیەکـی زۆری ڕۆژنامـەی «التآخـی» دەردەچێـت کـە زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە و لـە بەغـداش لـە سـەرتاپای عێـراق دابـەش دەکرێـت. ڕێـکارە پێویسـتەکانیش گیراونەتەبـەر بـۆ بووژانـەوەی ناوچـە کوردنشـینەکان و لەمدواییـەدا مووچەیـەک بـۆ ئـەو پێشـمەرگانە بڕاوەتـەوە کـە هێشـتا دانەمـەزراون.

ئاگربەستی شەڕی نێوان کورد و عەرەبی برا گورزێک بوو لە پیلانەکانی نەیارانی عێراق وەشێنرا بۆ لاوازکردن و دوورخستنەوەیان لەسەر ڕێڕەوی بەرهەڵستیکردنی ئیمپریالیزم. کایەی چالاکییەکانی کۆنەپەرستانی ناوخۆ بەرتەسک کرایەوە، بەڵام هێشتا هێزەکانی نەیاری عەرەب و کورد لە کارە تێکدەرانەکەی خۆیان دژی بەیاننامەی ١١ی ئادار نەکەوتوون، ڕاپۆرتەکانی عێراق باس لەوە دەکەن کە جووڵەیەکی لەم ئاراستەیە لەلایەن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و بەکرێگیراوانی ئیسرائیلەوە بەدیدەکرێت، ئەوانە دەیانەوێت دۆخەکە ئاڵۆز بکەن و دووبەرەکییەکانی نێوان کورد و عەرەب بوروژێنن، تەنانەت پەنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکانیش دەبەن، بەو هیوایەی جارێکی دیکە عێراق بەرەو هەڵدێری شەڕێکی دیکەی ناوخۆ پەلکێش بکەن.

ڕۆژنامە عەرەبییەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە دۆخی ئێستای عێراق پێویستی بە چاوکرانەوەی سیاسی و هۆشیاری و ئارامیی هەردوو لایەنی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد هەیە. بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو، لە ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەوە تاکو ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی باش متمانە و هەماهەنگیی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس هاتووەتە ئارا، بەڵام ململانێی نێوان ئەم دوو لایەنەی شەڕ، هێندە تاڵی و داواکاریی کەڵەکەبووی لەپاش خۆی جێهێشتووە کە ناکرێ بەهەند وەرنەگیرێن.

لەسایەی ئەم دۆخەدا نەعرەی توندڕەوانە، جا چ لەنێو خودی کورد بێت یاخود عەرەب کە چەند کەسایەتییەک خۆیان ڕادەستی کردووە و دان بەخۆداگرتنیان نییە و پێنەگەیشتوون، ئەگەر هەیە زیان بە عێراق بگەیەنێت.

ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکانی لە عێراقەوە گەیشتوون دووپاتی دەکەنەوە، عەرەب و کورد هاوشانی یەکدی بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە ئاهەنگ دەگێڕن و کراوەتە جەژنێکی نیشتمانی. خەڵک بە جلوبەرگی نەتەوایەتییەوە لەسەر شەقامەکانی شار و شارۆچکەکاندا ئاهەنگ دەگێڕن و هەڵدەپەڕن.

هەرکەسێک بەرژەوەندیی عێراقی لەلا مەبەست بێت، ئومێدی ئەوەی بۆ دەخوازێت کە لەسەر ئەو ڕێبازی ئاشتەوایی و هەماهەنگییەی نێوان گەلانی عێراق بەردەوام بێت کە خودی عێراق هەڵیبژاردووە.

**أ. فاسیلێف. (پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی پرافدا). بەغدا- مۆسکۆ.**

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٤/٦**

**وەک میوانێکی ئازیز**

٥ی نیسان، کرێکارانی کۆمەڵەی بەرهەمهێنانی بەرگدروویی لە مۆسکۆ «بۆلشیفیتشکا» میوانداریی شاندێکی حزبی یەکێتیی سۆشیالیست لە بەرلینی ڕۆژئاوا و حزبی شیوعیی مارتینکی و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد گردبوونەوەیەکی فراوانیان لە یەکێک لە کارگەکاندا سازدا.

دارا تۆفیق ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق قسەی بۆکردین و سوپاسگوزاریی خۆی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەربڕی لە هەمبەر ئەو پشتگیرییەی کە سۆڤیەت پێشکەشی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی کردبوو.

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٤/٩**

لەنێو ڕێکخراوە حزبییەکانی شاری مۆسکۆدا، نوێنەرانی حزبی شیوعی و ناسیۆنالیستی دیموکراسی گوتەی خۆیان پێشکەش کرد و پێشوازییان لە کۆنگرەی بیست و چوارەمینی حزبی شیوعیی سۆڤیەت کرد کە بریتی بوون لە هەریەک لە جان جیرارد ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی هایتیی یەکگرتوو و محەمەد یوسف علمی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی سۆماڵ و عەبدولفەتاح ئیسماعیل ئەمینداری گشتیی لێژنەی مەرکەزیی بۆ ڕێکخستنە سیاسییە یەکگرتووەکانی بەرەی ناسیۆنالیستی لە یەمەنی دیموکرسیی میللی و محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٤/١١**

**گوتاری بەخێرهێنانی میوانان لە کۆنگرەی بیست و چواری حزبی شیوعیی لە ڕێکخراوە حزبییەکاندا**

گوتەی هەڤاڵ سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکی شاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

هەڤاڵانی ئازیز! بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی بیست و چوارەمی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت، بەوپەڕی شادی و شانازییەوە پیرۆزبایی لە گەلی سۆڤیەتی مەزن و حزبە پێشەنگەکەی-حزبی شیوعیی دۆست و سەرکردە نایابەکانیان دەکەین. (چەپڵەڕیزان)

سڵاوی گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی مستەفا بارزانیتان پێدەگەیەنم. ڕاستگۆترین پیرۆزبایی گەلی کوردتان لێدەکەین بەبۆنەی دانانی پلانی نوێی پێنج ساڵەتان کە زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی بە ڕێژەی ٤٠٪ لەخۆدەگرێت کە دەبێتە هۆکاری خێراکردنی بووژانەوەی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی گەل و پێشکەشکردنی پشتیوانیی زیاتر بۆ ئەو گەلانەی لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان لە ژیانێکی ئازاد و شایستەدا خەبات دەکەن. (چەپڵەڕێزان)

یەکەمین جارە پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی کۆنگرەی حزبی شیوعیی سۆڤیەت- پێشەنگی گەلانی سۆڤیەت، دەکرێت. بۆ ئێمە ئەم بانگهێشتکردنە ڕووداوێکی مێژوویی و شەرەفێکی گەورەیە و بەڵگەیەکە بۆ ئەو گرنگیدانەی دۆستانی مەزنمان بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمانی دەدەن. لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی پێگەیشتنی حزبمان و ئەو ڕێبازەیە کە لە ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاری و ڕۆڵی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرجەم کایەکانی ژیانی گەلی کورددا گرتۆتیبەر.

پرۆگرامی حزبمان باس لە پێویستیی «خەبات لەپێناو حکومەتێکی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە دەکات کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابێت و کاربکات لەپێناو جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕیشەییەکان لە تەواوی کایەکانی ژیاریدا، بۆ زامنکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئایین و ڕۆژنامەوانی و ڕێکخستنی حزبی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان». هەروەها پرۆگرامەکە باس لە گرنگیی بەکارهێنانی تیۆرە زانستییە پێشکەوتنخوازەکان و ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەکات بۆشرۆڤەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە بڕوامان بە مافی گەل هەیە لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانی، هاوشان لەگەڵ پێڕەوکردنی ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانە کە پێویستە بمانگەیەنێتە چارەسەرێکی جێگیر بۆ کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە بەرژەوەندیی جەماوەر. دەبێ ئەم چالاکییانە بەپێی بیرۆکە زانستییە پێشکەوتنخوازەکان جێبەجێ بکرێن.

ئێمە نیشتمانی خۆمان خۆشدەوێت و ئامادەین هەموو قوربانییەکی لەپێناودا بدەین ... ئێمە میللەتی خۆمان خۆشدەوێت و ئامادەین هەموو قوربانییەکیان پێشکەش بکەین لە خەباتیدا لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان ... ئێمە نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە بە نیشتمانپەروەرییەک دادەنێین کە خۆشەویستیی نیشتمانی لەگەڵ ڕێزلێنان لە سەرجەم وڵاتان و تەواوی گەلانی تێدا کۆبووبێتەوە، هەروەها سوودوەرگرتن لە ئەزموونیان هاوتا

لەگـەڵ ئامادەییـمان بـۆ تێگەیشـتن لـە کێشـەکانی و بەدیهێنانی خواسـتەکانیان.

ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و خەباتی گەلاندا، ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەیە و بە درێژایی مێژووی درەوشاوەیان، درێژەیان بەم ڕۆڵە داوە. پێوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حکومەتی سۆڤیەت زادەی ئەمڕۆ نین، بگرە لە تەواوی قۆناغەکانی پێشکەوتنی بزووتنەوەکەی، واتە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ پێوەندیمان هەر بەردەوام بووە. ئەمەش لەو نامەیەدا هاتووە کە ڕابەری ئەوسای بزووتنەوەی گەلی کورد لە بیستەکانەوە شێخ مەحموودی حەفید بۆ فلادیمێر ئیلیتش لینینی ناردووە.

حزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق، بە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حزبی شیوعیی عێراقەوە، داوایان لێدەکرێت ئامانجە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانەکان جێبەجێ بکەن کە جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار لەخۆدەگرێت، بە بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانیشەوە، هەروەها گەڕاندنەوەی سەرجەم مافە زەوتکراوەکانی عێراقە کە قۆرخکارە ئیمپریالیستییەکانی نەوت، زەوتیان کردبوو، هەروەها ڕابوونێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گشتگیرە لە ژیانی هاووڵاتیان، عێراقیش ڕۆڵی خۆی لە خەباتی گەلانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا بگێڕێت و هاوبەندییەکانی دۆستایەتی و هەماهەنگیی نێوان عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت و سەرجەم وڵاتانی دۆست پتەو بکات.

گرنگترین مەرجی ئەمەش، دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حزبی شیوعیی عێراق و سەرجەم هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان، ڕیزەکانی خۆیان لەم بەرەیەدا یەکبخەن.

لـەم مەرجـەش گرنگـتر، بەردەوامبوونـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی دیکـەی سۆشیالیسـتە لـە پشـتگیریکردنی خەباتـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان لـە عێـراق کـە یەکگرتنیـان هۆکارێکـی سـەرەکییە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی شـۆڕش.

بژی کۆنگرەی بیست و چواری حزبی شیەعیی یەکێتیی سۆڤیەت! (چەپڵەڕێزان)

بژی دۆستایەتیی نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان! (چەپڵەڕیزان)

بژی برایەتیی گەلانی ئازادی و ئاشتیخواز! (گەردەلوولێکی چەڵەڕێزان).

**«پڕاڤدا»١٩٧١/٧/١٣**

ئـەو شـاندەی بـە بانگهێشـتی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی سـۆڤیەت، ئامـادەی کۆنگـرەی بیسـت و چـواری حزبەکـە بـوون، مۆسـکۆیان جێهێشـت بریتـی بـوون لـەم شـاندانە: پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی لێژنـەی مەرکەزیـی حـزب و وەزیـری کاروبـاری باکـوور محەمـەد مەحمـوود عەبدولڕەحـمان (سـەرۆکی شـاند) و ئەندامـی لێژنـەی مەرکەزیـی حـزب دارا تۆفیـق پێکهاتبـوو.

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٧/٣**

**هەڕەشەکانی کورد**

**تاس:** سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «لۆمۆند»ی فەرەنسی دەڵێت: «ئەگەر بۆردومانەکانی سەر کوردستان بەردەوام بێت، ناچار دەبین کۆمەڵگە نەوتییەکەی کەرکووک وێران بکەین و نەهێڵین چیدیکە یەک دڵۆپە نەوت بگاتە بەکرێگیراوانی بەغدا» هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە سەرکردەکانی کورد ئامادەن دەست بە دانوستانەکان لەگەڵ بەغدادا بکەنەوە، بەمەرجێک ڕژێمی بەعس «بناغەیەکی جیددیی دانوستان پێشکەش بکات» و «هەلومەرجی خوڵقاندنی کەمترین متمانە بخوڵقێنێ کە لەمڕۆدا هەستی پێناکرێت».

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٨/١٦**

**قاڵبووی نێو خەبات**

چارەکە سەدەیەک، تەمەنێکی پڕ سەروەرییە بۆ حزبێکی سیاسی کە پێویست بوو لەسەری تەنیا لە قۆناغی نهێنیدا کارنەکات، بگرە لە هەلومەرجی پاکتاوکردنێکی دڕندانەش، تەنانەت لە خەباتی چەکدارانەشیدا ڕێزلێگیراوە. ئەمەیە چارەنووسی سەخت و شکۆمەندانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئەوەی بە چەندین ئەزموونی تاڵدا تێپەڕی، بووە یەکێک لە مەزنترین ڕێکخراوە سیاسییەکان لە عێراقی هاوچەرخدا کە هەماهەنگیی نێوان کورد و عەرەبی پتەوکردووە کە ئەو دوو نەتەوە سەرەکییەی لە نیشتمانێکی هاوبەشدا دەژین.

ساڵی ١٩٤٦ کە ساڵی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی کارەساتبار لە مێژووی کورددا هەژمار دەکرێت. لەژێر ئاگری بۆردوومانەکانی یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراقدا کە ئەوکات بە سەرکردایەتیی جەنەڕاڵە بەریتانییەکان بوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباربرا، فڕۆکە بەرتانییەکان ٥٠ گوندی کوردستانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و هەزاران کەس دەستگیر کران و ئاخنرانە زیندانەکانی ڕژێمی ئەوسای عێراق.

لەو دۆخە سەختەشدا، ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی، داوای برایەتیی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا کرد و خواستی خەباتێکی هاوبەشی دژی سیاسەتی پاکتاوکردنی ئیمپریالیزمی دەکرد لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا. لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی پێشمەرگەدا هاتووە: «ئێمە دژی نەتەوەی عەرەب نین» و «بە فەرمی ڕایدەگەیەنین هاوپەیمانێتیی پیرۆزی نێوان کورد و عەرەبی عێراق هێشتا لەئارادایە» و«پێویستە ئێمەی کورد هاوشانی نەتەوەی عەرەب بۆ ڕووخاندنی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دیکتاتۆرییەت بجەنگین».

لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بەردەوام داوای بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کوردی دەکرد کە پێنج یەکی کۆی گشتیی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن و خۆی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەبینییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا. ئەمەش لە بەرنامەی حزبدا دووپاتکراوەتەوە کە لە کۆنگرەی چواری ساڵی ١٩٥٩ خوێنراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەپێناو داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە یەکسانی و مافی ئۆتۆنۆمیدا، پێویستی بە خەباتێکی چەکدارانەی درێژخایەن هەبوو. ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەی ڕژێمی بەغدا وەک سزادانێک لە پاییزی ١٩٦١دا دژی کورد ئەنجامیدا، بەرگرییەکی قارەمانانەی لەلایەن هێزە ئازادیخوازەکان، بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ڕووبەڕووبووەوە. شەڕی نێوان براکان لە کوردستاندا نزیکەی نۆ ساڵی خایاندن، ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بەسەر بارودۆخی سەرتاسەری عێراق هەبوو و وڵاتی نقومی باری ناسەقامگیریی سیاسی و داتەپینی ئابووری کرد و عێراقی کردە پارووەیەکی چەور لەبەردەم پیلانەکانی ئیمپریالیزمدا.

ڕێگەی بەدیهێنانی ئاشتی لە کوردستان ئاسان نییە، چونکە کۆنەپەرستانی ناوخۆ و

بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بەردەوامبوون لەسەر زەقکردنەوەی ململانێکان، وەک هەوڵێک بۆ درێژەپێدانی لەتکردنی هێزە ئازادیخوازە نیشتمانییەکانی عێراق بەتایبەتی و وڵاتانی عەرەبی بە گشتی. بۆیە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠کە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد ڕاگەیەنرا و تێیدا مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کوردی تێدا ڕەچاوکرا، بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لەلایەن گەلی عێراقەوە پێشوازیی لێکرا. ئەو برووسکانەشی سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراقیان ناردبوو دووپاتیان دەکردەوە: (چارەسەرە ئاشتییانەکەی کێشەی گەلی کورد لە عێراق، پێگەی نێودەوڵەتیی کۆماری عێراق و حکومەتەکەی قایمتر دەکات).

هەرچەندە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکەی ئادار بە کۆسپی زۆر گەورە دەوردراوە، بەڵام بە کردەنی سەدان هەنگاونراون بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی وڵات کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ تەرخانکردنی گوژمەیەکی زۆر بۆ پلانەکانی بووژانەوەی ئابووری. لەپاش بەرقەرارکردنی ئاشتی، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی شەرعییەتێک بداتە چالاکییە حزبیەکانی لە شوێنە جیاوازەکانی وڵات. لە بەغدا ڕۆژنامەی (التآخی) دەردەچێت و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆنگرەی بیست و چواری حزبی شیوعیی سۆڤیەتدا کرد.

لە تەمووزی ڕابردووشدا پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتی خۆی بە ئامادەبوونی ٥٠٠ ئەندام بەست. لە بەڵگەنامەکانی ئەم کۆنگرەیە و لێدوانەکانی دواتری سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەشێکە لە هێزە دیموکراتخوازەکانی وڵات و لێیان جودانابێتەوە و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دەکاتە کاری لەپێشینەی چالاکییەکانی حزب کە بووژانەوەی ئابووری و کلتووریی ناوچە زیانلێکەوتووەکان لەخۆدەگرێت.

لــە بــواری سیاسیشــدا پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، داوای دامەزراندنــی بەرەیەکــی نیشــتمانیی دیموکراســی دەکات کــە ســەرجەم هێــزە بەرهەڵســتکارەکانی ئیمپریالیــزم لەخۆبگرێــت، بــە حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســت و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و حزبــی شــیوعیی عێراقیشــەوە کــە بەرژەوەندییەکانــی پەرەســەندنی دیموکراســیی شۆڕشــگێڕی لــە عێــراق دێنێتــە دی و ســەربەخۆییەکەی پتەوتــر دەکات.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«پراڤدا» ١٩٧١/٨/١٦**

**بۆ لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق)**

لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی سـۆڤیەت، گەرمتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و مسـتەفا بارزانیـی سـەرۆکی حـزب و سـەرجەم ئەندامانـی دەکات بەبۆنـەی یـادی ٢٥ سـاڵەی دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

لـە چوارچێـوەی چالاکییەکانیـدا سـەبارەت بـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی کـوردی عێـراق، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕێنوێنـی بـە بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی گەلانـی عێـراق لـە خەباتـی دژی ئیمپریالیزمـدا دەکات، بـۆ پتەوکردنـی سـەربەخۆیی و یەکێتیـی نیشـتمانی و بـۆ پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیـی کۆمـاری عێراقیـش. بۆیـە هێـزە نیشـتمانییە پێشـکەوتنخوازەکانیش دانیـان پێدانـاوە.

شـیوعییەکانی سـۆڤیەت و تـەواوی گەلانـی سـۆڤیەت ڕێککەوتننامەکـەی ئـادار بـەرز دەنرخێنـن کـە ئامرازێکـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـە کـورد و بەدیهێنانـی مافەکانـی کـورد. سیاسـەتی پێڕەوکـراوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئاسـت هەماهەنگیـی کـۆی هێـزە دژبەرەکانـی ئیمپریالیـزم لـە چوارچێـوەی بەرەیەکـی نیشـتمانیی دیموکراسیدا، خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانـی پتەوکردنـی ڕژێمـی نیشـتمانیی سـەربەخۆی عێـراق دەکات.

هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن لەسـەر ڕێبـازی یەکخسـتنی سـەرجەم هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان لـە بەرهەڵسـتیکردنی ئیمپریالیـزم و خەباتـی دژی کۆنەپەرسـتان و لەپێنـاو جێبەجێکردنـی تـەواوی بڕگەکانـی ڕێکەوتننامەکـەی ئاداریشـدا بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد.

بـژی دۆسـتایەتی و هەماهەنگیـی نێـوان هـەردوو گەلـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و عێـراق و نێـوان حکومەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و کۆمـاری عێـراق!

**لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت**

**«پڕاڤدا» ١٩٧١/٨/١٩**

**یادی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەغدا، ١٨ی ئاب. (تاس).** هەزاران کەس لە بەغدای پایتەخت بەبۆنەی یادی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێپێوانێکیان بە دروشمی یەکخستنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد سازدا کە سەرۆک مستەفا بارزانی و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی حزب و نوێنەرانی هێزە دیموکراتخوازەکانی دیکەی عێراق بەشدارییان تێدا کردبوو.

لە لێدوانێکیدا دێرینترین کەسایەتییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت، دووپاتیکردەوە، پارتی لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە داوای هەماهەنگیی نێوان کۆی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی نێو چوارچێوەی بەرەی بەرهەڵستکارانی ئیمپریالیزمی کردووە بۆ داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد. هەروەها ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی بە «سەرکەوتنی سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق» وەسفکرد کە ڕێگەچارەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردە.

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٧١/١٠/٢**

**هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی**

**بەغدا ١ی تشرینی یەکەم. (تاس).** دوێنێ ڕادیۆی بەغدا بڵاویکردبووەوە، کۆمەڵێکی نادیار هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان داوە.

هێرشبەران ژمارەیەک بۆمبی کاتی و دەستییان لە بارەگای مستەفا بارزانی تەقاندووەتەوە و تەقینەوەکان زیاتر لە کاتژمێرێکیان خایاندووە و لە ئاکامی ئەم کردەوەیەدا ژمارەیەک لە پاسەوانانی مستەفا بارزانی کوژرا و بریندار بوونە و مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەلامەتە و هیچ زیانێکی پێنەگەیشتووە.

لەپاش ڕووداوەکە، سەرکردایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی نامەیەکیان بۆ مستەفا بارزانی ناردووە و تیایدا هەوڵە تاوانکارییەکەی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانیی ئیدانە کردووە و لە نامەکەدا هاتووە: ئەم هەوڵی تیرۆرکردنە، تەنیا بارزانیی نەکردووەتە

ئامانـج، بگـرە ڕێککەوتننامـە مێژووییەکـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠شـی کردووەتـە ئامانـج کـە خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکـەی نێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتیی کـورد، کۆتایـی بـە ململانێـی چەکدارانـە هێنـاوە لـە کوردسـتان کـە سـاڵانێکی زۆری خایانـدووە.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ٤٢، ١٥-١٩٧١/١٠/٢١**

**نموونەیەک لە تاوانکاری**

لاوازکردنی یەکێتیی نیشتمانیی گەلانی عێراق و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی لەنێوان کورد و عەرەب، دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، هەموو ئەم ئامانجانە لەپشت هەوڵی تیرۆرکردنی ڕابەری کورد مستەفا بارزانییەوە بوون کە هێزەکانی کۆنەپەرستی ناوخۆ بۆ خۆیانیان داڕشتووە.

**«التآخی». بەغدا**

گرووپێکی نەناسراو، هەوڵی تیرۆرکردنی ڕابەری کورد مەلا مستەفای بارزانییان داوە کە بە دوو ئۆتۆمبێل خۆیان گەیاندووەتە حاجی ئۆمەران و خۆیان بە شاندێکی مامۆستایانی ئاینی ناساندووە و لیستی ناوەکانی شاندەکەیان بە بارزانی گەیاندووە و داوای بینینیان کردووە، چوار ئەندامی شاندەکە پێش دوو هەفتە گەیشتوونەتە ناوچەکە و بارزانییان بینیوە.

پیلانگێڕان ئۆتۆمبێلەکانیان لە نزیک ئەو ژوورە ڕاگرتبوو کە تێیدا لەگەڵ مستەفا بارزانیدا کۆببوونەوە، هەردوو ئۆتۆمبێلەکەش پڕکرابوو لە بۆمب و تەقەمەنی. دوای ١٥ خولەک لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەیان، بۆمبەکانیان تەقاندووەتەوە کە لە ژێر جلەکانیان شاردبوویانەوە و پاش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانەی سەخت لەگەڵ پاسەوانانی بارزانیدا کە نزیکەی یەک کاتژمێری خایاند، سەرجەم بەشداربووانی پیلانگێڕییەکە کوژران، هەرچەندە هەوڵ دەدرا چەند کەسێکیان بە زیندوویی دەستگیربکەن، کاتێک بارزانی ویستبووی شوێنی کۆبوونەوەکە بەجێبهێڵێ، یەکێک لە هێرشبەران بۆمبێکی دەستیی تێگرتبوو، بەڵام بەر بارزانی نەکەتبوو، لە ئاکامی ئەم شەڕەدا دوو لە پێشمەرگەکانی پاسەوانیی بارزانی کوژران و ١٤ی دیکەشیان بە سەختی بریندارببوون.

یەکێـک لـە ئۆتۆمبێلەکانـی پیلانگێـڕان تەقیوەتـەوە و پشـکنین بـۆ ئـەوەی دیکـە دەکرێـت. دەسـتی بارزانـی لـە دوو شـوێندا ڕووشـا و لـەم هەوڵـە تیرۆریسـتییە ڕزگاربـوو، پێشـتر چەندیـن هەوڵـی تیرۆرکردنـی بارزانـی درابـوو، بـەڵام ئـەوەی ئەمجارەیـان لـە هەموویـان مەترسـیدار و بوێرانەتـر بـوو.

**«پراڤدا» ۱۹۷۱/۱۰/۲۸**

**گفتوگۆ لە بەغدا**

**بەغـدا، ۲۷ی تشرینـی یەکـەم. (تـاس).** سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان مسـتەفا بارزانـی، پێشـوازیی لـە شـاندێکی لێژنـەی سـۆڤیەتی بـۆ هاودەنگیـی وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا کـرد بـە سـەرۆکایەتیی ب. غ. غەفـوروٚف. لـە دیدارێکـدا بارزانـی خۆشـحاڵیی خـۆی بـۆ ئـەم سـەردانەی شـاندەکە و بەردەوامیـی پێوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو گەلـی عێـراق و یەکێتیـی سـۆڤیەت دەربـڕی.

**«پراڤدا» ۱۹۷۱/۱۱/۵**

**گرژی لە چیاکانی کوردستاندا**

ڕاپۆرتی ئاژانسە بیانییەکان هەواڵی نیگەرانئامێز بڵاودەکەنەوە: هەوڵێک دراوە بۆ تیرۆرکردنی ڕابەری کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی کە بووەتە هۆی هەڵچوونی بارودۆخی سەرتاپای عێراق و بارگرژییەکی ئەوتۆی لە وڵاتدا خوڵقاندووە کە لە سەرەتای ئاگربەستی شەڕی نێوان حکومەت و کورد و ڕێککەوتننامەکەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰، شتی وەهای بەخۆوە نەبینیوە، دوای ئەم ڕووداوە، دەسەڵاتدارانی عێراق دەستبەجێ هێزەکانی سوپای عێراقیان لە باکووری کەرکووک خستووەتە ئامادەباشییەوە، هەروەها کوردیش هێزەکانی پێشمەرگەیان لە کوردستان خستە ئامادەباشییەوە.

لـە ڕێـگادا بـۆ بەغـدا دەچوویـن ئـەم هەواڵانـەم پێگەیشـت کـە بـووە مایـەی گۆڕینـی هەمـوو پلانەکانـی کارکردنـم. لـە ڕۆژی دواتـر، کاتێـک گەیشـتینە بەغـدا، ئۆتۆمبێلێـک بـە کەنارەکانـی ڕووبـاری دیجلـەوە ئێمـەی بـەرەو چیاکانـی کوردسـتان دەگواسـتەوە.

لـە یەکەمیـن ٢٥٠ کیلۆمەتـری ڕێگەکـەدا، ڕێگـە نوێیەکەمـان گرتبـوو کـە بەنێـو بیابانـدا تێدەپەڕێـت. بێسـتانەکانی دارخورمامـان بەرچـاو دەکـەوت کـە ناکـرێ بەبـێ ئـەم دارخورمایانـە وێنـای دیمەنـی ئـەو ناوچەیـە بکرێـت کـە لـە قـەراغ شـاری بەغـدادا کۆتاییـان پێدێـت و دواتـر دەریایەکـی پـان و بەرینـی لمـی بیابانـت دێتەبەرچـاو. لـە دەوروبـەری شـاری کەرکووکـدا دیمەنـەکان دەگۆڕێـن. ڕێگایەکـی پێچاوپێـچ بەسـەر تەپۆڵکـە ڕووتەنەکانـدا دەتبـات کـە هیـچ جـۆرە ڕووەکێکیـان لەسـەر ناڕوێـت.

پێـش نیـو سـەدە لەمەوبەر، نەوت لێـرەوە فیچقەی کرد و مەشـخەڵەکان لەنێو ئەم گرد و تەپۆڵکانـەدا داگیرسـان و مـژدەی بـە عێراق بەخشـی کە دەبێتـە یەکێک لـە دەوڵەمەندترین وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، لەوسـاوە بەرهەمهێنانـی زێـڕی ڕەش بەرەبـەرە لـە ناوچـەی کەرکـووک و مووسـڵدا بەرزبـووەوە، هەروەهـا لەوپـەڕی باشـووری عێراقیـش لـە پارێـزگای بەسـڕە. تێکـڕای بەرهەمهێنانـی نـەوت لە سـاڵی ڕابـردوودا گەیشـتە زیاتر لـە ٧٥ ملیۆن تۆن کـە دەرهێنانەکـەی دراوەتـە ئـەو کۆمپانیا بیانیانـەی بە سـەرمایەگوزاری ڕۆژئـاوا کاردەکەن.

لـــە دەرەوەی کەرکـــووک ڕووخســـاری ناوچەکـــە و دانیشتوانەکەشـــی دەگۆڕێـــت، خەڵکەکـەی لەجیاتیـی دشداشـەی درێـژی عارەبـان، کورتـەک و شـەرواڵ لەبەردەکـەن و پشـتینێکی پەڕۆییـن لەناوقەدیـان دەپێچـن، جامانـەش لەسـەر دەنێـن کـە یـان سـوورە یـان ڕەش و سـپی. چیـاکان بەرزتـر دەبنـەوە و دۆڵـەکان جوانـتر خۆیـان نمایـش دەکـەن، ڕێگەکانیـش باریکـتر و سـەختتر دەبـن.

لـە زۆر شـوێندا و لـە خاڵەکانـی پشـکنینی سـەر ڕێگاکـە، بەرمیلـی بەتـاڵ خراوەتـە چەقـی ڕێگاکـە و ناچـارت دەکـەن بوەسـتیت ... سـەربازەکانی خاڵـی پشـنکنینەکان ژمـارەی سـەر تابلـۆی ئۆتۆمبیلەکـە و نـاوی سەرنشـینانی لای خۆیـان تۆمـار دەکـەن، ئینجـا بەڕێتدەخـەن، ئەفسـەرە ئاسایشـەکەی یاوەرمـان زۆربـەی ڕێـکارەکان ئاسـانتر دەکات و زووتـر بەڕێدەخرێیـن، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (الثـورة) زمانحاڵـی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت کـە نـاوی تاریـق عەزیـز بـوو، دەیویسـت ڕێگەیەکـی سـەوزی کراوەمـان لـە تـەواوی خاڵەکانـی پشـکنیندا بـۆ بڕەخسـێنێ. کەچـی کەمێـک دوای ئـەم خاڵـە، لـە پشـت ڕوانـدزەوە خاڵـی پشـکنینی پێشـمەرگە دەسـتیپێکرد، سـەربازی عێراقـی لێـرە نەبـوو، هەمـوو پێشـمەرگە بـوون، زەلامـی کەتـە و باڵابـەرز کـە جلێکـی کوردیـی

ئاسـایی ڕەنـگ خاکییـان لەبـەردا بـوو و سـەرو ڕەشاشـێکیان بەدەسـتەوە بـوو، یەکێکیـان لەگــەڵ ئێمــەدا ســەرکەوت و بــەرەو بــارەگای لێژنــەی مەرکەزیــی پارتــی دیموکراتــی کوردسـتانی بردیـن، لـەوێ کۆمەڵێـک خانـووی یـەک نهۆمـی و چەنـد خێوەتێکـی سـپی لەپـاڵ یەکـدا هەڵدرابـوون، ناوچەکـە بـە دار و درەختێکـی چـڕ داپۆشرابـوو.

ئـەم حزبـە کـە پێـش چارەکـە سـەدەیەک دامـەزراوە، لـە ئێسـتادا بووەتـە ڕوحـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد و داکۆکیـی لـە خواسـتە نەتەوەییەکانـی گەلی کورد کـردووە لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقێکـی یەکگرتـوودا. نـۆ سـاڵ لەمەوبـەر شـەڕێکی خوێنـاوی لەنێـوان سـوپای حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بەرپابـوو، تاکـو لە کۆتاییـدا لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ بەپێـی ڕێککەوتننامەیەکی نێوان دەسـەڵاتدارانی حکومەتی عێـراق و سـەرکردایەتیی کـورد ئاگربەسـت ڕاگەیەنـرا و دان بە مافـە نەتەوەییەکانی کورد نرا و یەکسـان کـران بـە هاووڵاتیانـی عەرەبـی وڵاتەکـە کە لـە ئێسـتادا پێنج یەکی کۆی گشـتیی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن کـە نزیکـەی ٩ ملیـۆن کەسـە.

شـەش مانگـی یەکەمـی پـاش ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامەکـە، بارودۆخـی گشـتیی عێـراق بـەرەو باشـتر و سـەقامگیرتر دەچـوو، کـورد پێنـج پۆسـتی وەزاریـی لـە حکومەتـی عێـراق بەرکـەوت کـە سـیانیان ئەندامی لێژنـەی تەنفیزیی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بوون، چوار پارێـزگاری کوردیـش لـە پارێزگاکانـی باکووری عێـراق دامەزران، لـە بودجەی عێراقیشـدا بڕە پارەیەکـی بـاش بـۆ ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی شـوێنە زیانلێکەوتووەکانی کوردسـتان تەرخـان کـرا کـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق وێرانـی کردبـوون، چەنـد خانوویەکیـش بەسـەر پەککەوتـوان دابەشـکرا، ژمارەیـەک قوتابخانـەی نوێـش لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا کرانـەوە کـە لـە ئێسـتادا بـە زمانـی کـوردی دەخوێنـن.

ئەو برینانەی لە دەرەنجامی شەڕەکەدا دروست ببوون، هێشتا بەتەواوی سارێژ نەبوونە: بەدرێژایی ئەو ڕێگەیەی ئێمە پێیتێپەڕ دەبووین، هێشتا ئاسەواری شوێنی کەوتنەخوارەوەی مووشەک و پاشماوەی مووشەکە تەقیوەکان و خانووە ڕووخاوەکان و پارچەی فڕۆکە تێکشکاوەکانمان بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەم بیرەوەرییە تاڵانە ناتوانن دیمەنی سەرکەوتنی گوندنشینان بەسەر قەدپاڵی چیاکان بسڕنەوە کە سەرلەنوێ دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان کردووەتەوە. بە کردەنی زۆربەی گوندە وێرانەکان نۆژەنکرانەوە و خۆشبەختانە کەرەستەکانی

بیناکردن (بەرد و قوڕ) لێرەدا زۆر بە ئاسانی و لە هەموو شوێنێکدا دەستدەکەون. هاووڵاتیان، پردی سەر ڕووبار و جۆگەلە بچووکەکان چاکدەنەوە و ڕێگەوبانەکان نۆژەن دەکەنەوە. تووتن و گەنمەشامی و میوە و سەوزە دەوروبەری خانووی گوندنشینانیان سەوز گەڕاندووە و بارهەڵگرەکانیش لە باشوورەوە دێن و کیسەی پڕ لە بنەتۆ بۆ وەرزی چاندنی ساڵی داهاتوو، بەخۆڕایی بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکەن.

لەپاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارەوە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆرکێکی شەرعیی بەسەر چالاکییەکانیدا بەخشی و لە بەشەکانی تری وڵاتدا چالاکییەکانی ئەنجام دەدات و لقی لە شارە گەورەکانیشدا کردووەتەوە، بە بەغدای پایتەختیشەوە، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەش دەردەکەن بەناوی (التآخی) بەڵام سەرکردایەتیی مەرکەزیی حزب هەر لە کوردستانە و هێشتا چارەنووسی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە دیار نییە و بەپێی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار چارەسەر نەکراوە، بەڵکو کراونەتە بەشێک لەو هێزانەی ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەپارێزن و ئەرکی پاسەوانیی بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی سنووری عێراقیان پێسپێردراوە.

مســتەفا بارزانــی ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و ڕابــەری باوەڕپێکــراوی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد، لــە دووریــی چەنــد کیلۆمەترێــک لــە ســنووری ئێرانــەوە، لــە شــارۆچکەی حاجــی ئۆمەرانــدا دەژێــت کــە ناوچەیەکــی شــاخاویی ســەختە. هــەر لێرەشــەوە پێوەندیــی بــە دەســەڵاتدارانی بەغــدا دەکات و کاروبــاری حــزب ڕایــی دەکات، هەوڵــی تیرۆرکردنیشــی هــەر لێــرە بــوو.

هێرشــبەران شــاندێک بــوون لــە بەغــداوە هاتبــوون و دەیانویســت چاویــان بــە مســتەفا بارزانــی بکــەوێ و دیاریــی پێشــکەش بکــەن، بــەڵام میکانیزمــی تەقینــەوەکان بەجۆرێــک دانرابوونــەوە کــە لەپێــش کاتــی دیاریکــراوی خۆیانــدا بتەقێننــەوە. بارزانــی بەســەلامەتی تێیــدا دەربــاز بــوو و ســەرجەم هێرشــبەران کــوژران.

ئەم ڕووداوە بەهۆی دۆخە دژوارەکەی عێراقەوە، ڕەهەندێکی سیاسیی وەرگرت و لەکەس شاراوە نییە کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە بە سەرکەوتنێکی مەزنی گەلانی عێراق هەژمار دەکرێت، تەنیا لە نێوخۆی وڵاتدا پشتگیریی ناکرێت، بگرە بەرهەڵستیش دەکرا، بۆیە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە، هێندێک لەو بڕگانە بە هێواشی جێبەجێ دەکران و هێندێکی دیکەیان هێشتا چاوەڕێی جێبەجێکردن دەکەن.

دۆخــی عێــراق بەلانــی کــەم بەهــۆی دوو هەلومەرجــی دیکــەوە ئاڵۆزتــر دەبێــت. یەکێکیــان: تاکــو ئێســتا بەرەیەکــی یەکگرتــوو لەنێــوان هێــزە سیاســییە ســەرەکییەکان پێکنەهێـنراوە کـە بەرنامەیەکـی پێشـکەوتنخوازانەیان هەیـە - حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعیی عێـراق- لـەم بارودۆخەشـدا ســەرکردە ڕاســتڕەوە کۆنەپەرســتەکان لــە هەوڵــدان ناوەســتن بــۆ گۆڕینــی ڕژێمــی وڵات و بــە بــەردەوام هەوڵــی دەســەڵات وەرگرتــن دەدەن. هەرچــی هەلومەرجــی دووەمیشــە کــە بەرگێکــی دەرەکیــی پۆشــیوە: هێــزە ئیمپریالیســتییەکان و کۆمپانیاکانــی نــەوت و بریکارەکانیــان، هەرگیــز پتەوکردنــی دەســەڵات و ســەقامگیریی عێراقیــان لــەلا مەبەسـت نییـە، ئـەوان بـە بەردەوامبوونـی ناکۆکـی و دووبەرەکیـی نێـوان گەلانـی عێـراق دەحەسـێنەوە، چونکـە بەمـە دەرفەتێکـی باشـتریان بـۆ دەڕەخسـێت لـە پاراسـتنی پێگـەی خۆیـان لـە ئابووریـی عێـراق و ئـەو قازانجانـەی لـە نەوتـی عێراقـەوە دەسـتیان دەکەوێـت.

هەمـوو ئـەم تێکهەڵکێشـە ئاڵۆزانـە دوای ئـەو تەقینەوەیـە دەرکەوتـن کـە لـە حاجـی ئۆمــەران ئەنجامــدرا. ژمارەیــەک ڕادیــۆی ڕۆژئــاواش بڵاویانکردووەتــەوە کــە لــە دوای تەقینەوەکـەی حاجـی ئۆمەرانـەوە، ئـەو متمانەیـەی لەنێـوان بەغـدا و سـەرکردەکانی کــورد پەیدابــوو، ئێســتا هەرەســیهێناوە و دۆخەکــە ئەگــەر بــەرەو هەڵگیرســاندنەوەی شـەڕێکی دیکـەی خوێنـاوی نەچێـت، بەلانـی کـەم دەبێتەهـۆی پچڕانـی هەمـوو جـۆرە پێوەندییـەک. بـەڵام هاندەرانـی هەڵگیرسـاندنەوەی شـەڕ بێئومێـد کـران بـەوەی: هەریـەک لـە سـەرکردەکانی کۆمـاری عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دانیـان بەخۆداگـرت و حەکیمانـە ڕێگرییـان لـە ئەگـەری هـەر ڕووداوێکـی نەخـوازراودا کـرد و هەمـوو ڕێکارێکـی پێویسـتیان بـۆ تەشـەنەکردنی لێکەوتـە نەرێنییەکانـی ڕووداوەکـە گرتەبـەر.

مسـتەفا بارزانیـش کـە لـە بـارەگای خۆیـدا پێشـوازیی لێکردیـن، نیگەرانیـی خـۆی لـە ئاسـت ڕووداوەکـە نەشـاردەوە و گوتـی: ئێمـەی کـورد ئامانجـمان جێبەجێکردنـی تـەواوی مەرجەکانــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادارە و ڕۆڵــی خۆمــان دەگێڕیــن لــە ڕێگریکــردن لــە دووبــارە دەســتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان. ئـەو هەرچەنـدە تەمەنـی گەیشـتووەتە ٦٨ سـاڵ و وێـڕای سـەختیی قۆناغەکانـی ژیانـی، هێشـتا ڕووخـۆش و گـورج و گۆڵـە. ئـەم سـەرکردەیە، ئـەوەی لـە ئەسـتۆیدابوو کـردی، دۆخـی ناوخـۆی عێـراق و

ڕەوشـی هێـزە نێودەوڵەتییەکانـی لـە سـەرتاپای عێـراق بـە هێمنـی شـیکردەوە و هەمـوو پلانەکانـی بـە شـێوەیەکی نەخشـەبۆکێشراو هەڵسـەنگاند کـە پێویسـتە بگیرێنەبـەر تاکـو هیـچ زیانێـک بـەر گەلـی و کـورد و تـەواوی وڵات نەکەوێـت.

سـەرنجی ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانیـش بـۆ ئـەو ڕاسـتییە بـوو کـە هـەر کاتێـک هێماکانـی لێکنزیکبوونـەوەی حزبـە سیاسـییە سـەرەکییەکان دەرکەوتبێـت و هەلـی دامەزراندنـی بەرەیەکـی یەکگرتوویـان بـۆ ڕەخسـابێت، وڵات ڕووبەڕووی ئیسـتفزازێکی گـەورە بووەتەوە، تەقینەوەکـەی حاجـی ئۆمەرانیـش بەڵگـەی ئـەو ئیسـتفزازکردنانەن. هەرکاتێکیـش دانوسـتانەکانی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بـۆ لێسـەندنەوەی ئیمتیـازی کۆمپانیاکانـی نـەوت و مافەکانـی ئـەو ئیمتیازانـە دەسـتپێکردبێت، هەوڵـی شـێواندنی بارودۆخـی کوردسـتان دراوە، چونکـە هـەر دووبەرەکییـەک لەگـەڵ کـورددا دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی هەڵوێسـتی شـاندە عێراقییەکـە لـە دانوسـتانەکانی نێوانیانـدا و پووچەڵکردنـەوەی ئـەو هەوڵانـەی لەپێنـاو دامەزراندنـی بـەرەی هێـزە نیشـتمانییەکاندا دەدرێـن.

بۆیـە ڕۆژنامـەی «الثـورة» کۆمێنتێکـی لەسـەر ئـەم ڕووداوانـە بڵاوکردووەتـەوە و دەڵێـت: ئـەوەی ڕوویـدا، بەدەرنییـە لـەو زنجیـرە پیلانگێڕییانـەی ئیمپریالیـزم و قۆرخکارانـی نـەوت و هێـزە کۆنەپەرسـتییەکانی ناوخـۆ کـە ئاراسـتەی حکومەتـی نیشـتمانیی شۆڕشـگێڕ کـراوە و دژی هاوپەیمانیـی حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، هەروەهـا دژی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کوردیشـە.

ئەوانـەی پیلانگێڕانیـان نـاردە حاجـی ئۆمـەران و پلانیـان بـۆ ئیسـتفزازکردن دادەڕشـت، لـە تەقینـەوەی دۆخـی عێراقـدا شکسـتیان هێنـا و ئاشـتی باڵـی بەسـەر وڵاتـدا کێشـایەوە و نیگەرانیـی چیاکانـی کوردسـتانیش ڕەوینـەوە.

**پاڤڵ دیمچینکۆ (پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی پڕاڤدا) بەغدا- مۆسکۆ.**

**«پراڤدا» ١٩٧١/١١/١٧**

**جاڕنامەی نیشتمانیی عێراق**

**بەغـدا، ١٦ی تشرینـی دووەم.(تـاس).** ئەحمـەد حەسـەن بەکـر سـەرکۆماری عێـراق لـە لێدوانێکیـدا بـۆ ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی بەغـدا، پـرۆژەی جاڕنامـەی نیشـتمانیی وڵاتـی ڕاگەیانـد. لـەم بەڵگەنامەیـەدا هاتـووە: پێویسـتە هەماهەنگیـی هێـزە نیشـتمانی و پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق، لەسـەر پرەنسـیپەکانی پتەوکردنـی خەباتـی دژی ئیمپریالیـزم و زایۆنیزمـدا دابمەزرێـت.

بەپێـی پرۆژەکـە و لەسـەر بنەمـای یاسـایەک کـە پێشـتر دارێژرابـوو، کۆبوونەوەیـەک ڕێکدەخرێـت و لـە دەسـتووری هەمیشـەیی وڵات ڕادەگەیەنرێـت، هەروەهـا پرۆژەکـە ئامـاژە بـەوە دەدات کـە پێویسـتە کێشـەی کـورد ئاشـتییانە چارەسـەر بکرێـت و تـەواوی خاڵەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لەچوارچێـوەی هەماهەنگیـی نێـوان حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا، جێبەجێبکرێـت.

هەروەهـا لـە پرۆژەکەشـدا هاتـووە: عێـراق بـە یەکجـاری لـە پاشـکۆیی بیانیـدا ئـازاد بکرێـت و کەرتـی گشـتی بکرێتـە بڕبـڕەی پشـتی ئابووریـی وڵات، بـە هاوکاریـی وڵاتانـی سۆشیالیسـت و وڵاتانـی دیکـەی دۆسـت، بایەخێکـی تایبـەت بـە پیشەسـازیی نـەوت بدرێـت و گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لـە کەرتـی کشـتوکاڵدا بکرێـت و پێویسـتە لـە قۆناغـی یەکەمـدا چاکسـازیی کشـتوکاڵ ئەنجـام بدرێـت.

کارنامـەی عێـراق بـۆ کاروبـاری نێودەوڵەتیـش بریتـی دەبێـت لـە: خەباتکـردن دژی ئیمپریالیزمـی جیهانـی، ڕەتکردنـەوەی سیاسـەتی شـەڕانگێزانە، داگیرکـردن، ڕەگەزپەرسـتی و داکۆکـردن لـە مافـی گـەلان بـۆ مافـی چـارەی خۆنووسـین. سیاسـەتی عێراق بەشـێوەیەک پێڕەودەکرێـت کـە لـە بەرژەوەندیـی خەباتکردنـدا بێـت لەپێنـاو ئازادکردنـی ئـەو خاکـەی ئیسرائیـل داگیریکـردووە و لـە پێنـاو یەکێتیـی وڵاتانـی عەرەبیشـدا بێـت.

پرۆژەکـەی کارنامـەی نیشـتمانی، پتەوکردنـی پێوەندییـە گشـتگیرەکانی نێـوان عێـراق و وڵاتانـی سۆشیالیسـتی و پەرەپێدانـی پێوەندییـەکان لەگـەڵ بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گەلانـی جیهانیشـدا لەخۆدەگرێـت.

**«ئیزفیستیا» ١٩٧٢/٢/١٠**

**لە قەراغی دیجلەدا**

دەبووایە لە سێ ڕووباردا بپەڕمەوە کە لە سەدەکانی ڕابردووەوە لەسەر ئەم هەسارەیەدا، کاتژمێرە بەراییەکانی شارستانیی مرۆیی لە قەراغەکانیاندا بنیاتنراوە: نیل و دیجلە و فورات، لە عێراق بەسەر خاکی بابلی دێریندا هەڵفڕین کە ڕۆژگارێک بوو کاروانەکان ڕێگەی دووری دیجلە و فوڕاتیان دەبڕی، چونکە ئاوی ئەم دوو ڕووبارە لە باشوورەوە بەرەو باکوور هەڵناقوڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە. خاکی ئەم وڵاتە هەناسەی مێژووی دێرینی سەدە دوورەکان هەڵدەمژێت، بەڵام با بگەڕێینەوە سەردەمی هاوچەرخمان.

بەغدا بە هێمنی پێشوازیی لێکردین و هەموو شتەکان ئاماژە بوون بۆ ئەوەی سەقامگیرییەکی سیاسی لەنێوخۆی ئەم وڵاتەدا بەرقەرارە، عێراقی ئەمڕۆش بە بەردەوام لەو فاکتەرانە دەگەڕێت کە جوولەی پێشکەوتنخوازانەی بۆ زامن دەکات بەرەو یەکێتیی نیشتمانی و پتەوکردنی بووژانەوەیەکی سەربەخۆ.

دوو ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠دا تێپەڕ دەبێت کە ئاگربەستی شەڕێکی دژوار و درێژخایەنی نێوان کورد و عەرەبی برای تێدا ڕاگەیەنرا. عێراق خۆی گەیاندە کاروانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بۆ خەباتکردن دژی قۆرخکارییە بیانییەکانی نەوت کە تاکو ئێستا لەژێر ناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا، سامانە سرووشتییەکانی وڵات بەتاڵان دەبەن، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەسەر وڵاتدا هاتووە، بۆنموونە: لە کەرتی پیشەسازیی نەوتدا، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سەرکەوتووانە پەرەدەسێنێ و نەوتە دەرهێنراوەکەی ڕومێلە بە هاوکاریی پسپۆڕانی سۆڤیەت هێمای سەربەخۆیی ڕاستەقینەی ئابووریی عێراقە و لە ژێر ڕکێفی قۆرخکارانی بیانی دەرهێنراوە. دامەزراندنی پیشەسازیی نەوتی نیشتمانی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق بەدیدێنێ و سەربەخۆیی ئابووریی وڵات پتەودەکات.

ڕووداوە سیاسییە گرنگەکان کە عێراق بەخۆوەی دەبینێ، ڕەشنووسی جاڕنامەی کاری نیشتمانیش دەگرێتەوە کە بەمدواییە حزبی بەعسی دەسەڵاتدار ڕایگەیاند.

پێش ئەوەی لە ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی ئەم ڕەشنووسە وردبینەوە، دەبێ ئەوە بڵێین، پێشتر هیچ جۆرە کارنامەیەکی نیشتمانی لە وڵاتدا بوونی نەبووە، هیچ جۆرە هەماهەنگییەکیش لەنێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراقیشدا نەبووە – حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق- ئەو بینا سەرنجڕاکێشەی لە لێوار ڕووباری دیجلەدا قیتبووەتەوە پەرلەمانی عێراقی پێدەگوترێت، پێشتر دامەزراوەی تر بەکاریان دەهێنا، تا ئێستاش هەیئەتێکی هەڵبژێردراوی یاسادانان لە عێراقدا نییە.

کاتێک کەسایەتییە سیاسی و گشتییەکانی عێراق و ڕۆژنامەوانان دەدوێنیت، هەموویان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە ئێستادا وڵات بە قۆناغێکی ڕاگوزەردا تێپەڕ دەبێت و جەخت لەسەر بەدیهێنانی یەکێتی لە وڵاتدا دەکەنەوە، ئەمەش تاریق عەزیز سەرنووسەری (الثورة) دووپاتی دەکاتەوە و بە نەهێشتنی گومانی هاوبەش و خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لە متمانەی هاوبەش بەدیدێت. بەپێی گوتەی عەزیز: ڕەشنووسی پڕۆژەکە شێوازی نوێی هەماهەنگیی بەرهەمدار لەنێوان تەواوی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان لە عێراقدا دیاری دەکات.

ئەم بەڵگەنامەیە، تەنیا دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی فراوان ناگرێتەوە، بگرە ئازادیی حزبە سیاسییەکان و سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوە گشتییەکانیش دەگرێتەوە. سەعد حەمودی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق لەمبارەیەوە دەڵێت: کارنامە نیشتمانییەکە کاری هەموو ئەم ڕێکخراوانە بە یاسایی دەکات و چالاکییەکانیان دەخاتە نێو چوارچێوەی یاساوە.

خەڵکی بەغدا، چۆن قۆناغی ڕاگوزاریی عێراق وێنادەکەن؟ لە بەراییدا ئەو هێزانەی هەلومەرجی پێویستیان تێدایە بۆ کاری هاوبەش، یەکدەخرێن و پێویستە دەستووری هەمیشەیی عێراق دابڕێژرێت و بە ڕاپرسییەکی گشتی پەسند بکرێت، بڕگە سەرەکییەکانی بەڵگەنامەکەش بکرێتە بنەمای ئەو دەستوورە. دواجار لەو گوتانەی لە خەڵکەکەمان بیست، بەتایبەتیش کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق، دوور نییە پرسی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی لە نوێنەرانی حزبە سیاسییەکاندا بورووژێنرێت.

حزبی شیوعیی عێراقیش کە پشتگیریی پرۆژەکە دەکات، وەک بەڵگەنامەیەکی

بەرهەڵستکاری ئیمپریالیزم هەڵیدەسەنگێنێ و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە پەرە بە بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات بدرێت و جەخت لەسەر پتەوکردنی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیست بکاتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا یەکەمین کارگەی دروستکردنی شووشە لە عێراق بە هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەت کرایەوە. نوێنەرانی هێزە نیشتمانییە جۆربەجۆرەکان جەختیان لەسەر پرسێکی بنەڕەتیدا کردەوە، ئەویش پشتیوانیکردنی بەندەکانی جاڕنامە حکومییەکەیە بە هەنگاوی کردەنی و جێبەجێکردنی بڕگەکانیەتی کە لەلایەن تەواوی گەلانی عێراقەوە پشتگیری دەکرێت.

ماوەیەکی زۆر بوو «هێزێکی سێیەم» هەمیشە دەستوەردانی لە پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب کردووە و هەرگیز ویستی لەسەر لێکنزیکبوونەوەکانی ئەم دوو نەتەوە سەرەکییەی عێراق نەبووە و بە بەردەوام ویستوویەتی هانیان بداتە گیان یەکتری، لەمەشدا جیاوازیی نەتەوە و ئاینیان بە دەرفەت زانیوە. ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئەمەریکایی ڕۆڵیکی ئابڕووبەرانەی لە ئاگرخۆشکردنی شەڕەکانی عێراقدا گێڕاوە، لە شەڕی ئەم دواییەشدا کە نۆ ساڵی خایاند، هەزاران ڕۆڵەی کورد و عەرەب بوونە قوربانیی شەڕەکە، بۆیە بە حەماسەتەوە لە سەرتاسەری جیهاندا پێشوازی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کرا کە سنوورێکی بۆ خوێنڕشتنی برایان دانا.

ئەم بەڵگەنامە گرنگە، پەیوەستە بە کۆمەڵێک پرسی گرنگ، لەوانە: خوێندن بە زمانی دایک و چاکسازییە ئابوورییەکان و بەشداریکردنی کورد لەپاڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە لە هەیئەتەکانی یاسادانانی دەوڵەت.

بێگومان چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد، دەبێتە لاپەڕەیەکی گرنگ لە مێژووی عێراقدا، چونکە چارەسەرکردنەکە، نەک هەر بارودۆخی عێراق ئاساییکردووەتەوە، بگرە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیاشی بەهێزتر کردووە.

کۆتاییهێنان بە شەڕی دژواری ناوخۆی عێراق، خەڵکانێکی زۆری پەستکرد و پرۆسەی بەدیهێنانی سەقامگیری، بەرهەڵستکاری زۆری بۆ پەیدابوو، بەتایبەتیش بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. پێویستە ڕووداوەکانی عێراق بەدەر نەکرێن لەو ڕووداوە گشتییانەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ڕوودەدەن. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی

کوردیش بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی عەرەب و خەباتکردنیان دژی پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم و پاشکۆکانیان. هێزەکانی ئیمپریالیزم حەز دەکەن نەک هەر ڕووبارەکان، بگرە کۆی ژیانی سیاسیی ئەم ناوچە فراوانەش هەر بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی هەڵبقووڵێن و لەچوارچێوەی سیاسەتە تەقلیدییەکەی خۆیدا ‹‹پەرتکە و زاڵبە›› ئیمپریالیزم هەوڵی خاوکردنەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا دەدات و دواجار بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆیان بپارێزن.

ئەم تەقینەوەیەی ئەمدواییەی کوردستان کە ڕابەری کورد مستەفا بارزانیی تێدا کرابووە ئامانج و بە دەستی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم ئەنجامدرا، خەڵکانێک هەبوون لە ڕۆژئاوا، پێشبینییان دەکرد پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب بەرەو هەرەسهێنان دەچێت و ڕێککەوتننامەکە  لە پارچە کاغەزێک زیاتر هیچی تری لێ شین نابێت! بەڵام پێشبینییەکانیان وا دەرنەچوون و بەدینەهاتن، چونکە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ، شتە سەرەکییەکەیان لەبەرچاو نەگرتبوو: ئەو تۆوە متمانەیەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠چێنرا، ئێستا بە کردەنی شین بووە و سەرکردایەتیی کۆماری عێراق و ئەوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سیاسەتێکی حەکیمانەیان گرتەبەر و ژیرانە ڕووداوەکەیان شرۆڤەکرد و ڕێگرییان لە پەرەسەندنی دەرەنجامە نەرێنییەکاندا کرد.

ڕاستییەکی دیکە هەیە کە ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، ئەویش چڕکردنەوەی هێزەکانی ئیمپریالیزمە لە ناوچەی کەنداوی فارس. لە ڕۆژئاوا ماوەیەکی زۆر بەجۆرێک دەیانڕوانییە عێراق کە ‹‹گەورهەری نەوت›› بێت، چونکە یەدەکی ‹‹زێڕی ڕەش››ی دۆزراوە لە ناوچەکە هەموو پێشبینییەکانی تێپەڕاند. قۆرخکارییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکایی بەردەوام بوون لە ئیستغلال کردنی سامانە سرووشتییەکانی ناوچەکە و داهاتی نەوتەکەی دەکردە سەبیکەی زێڕ و دەفتەری چەک. بۆیە ئیمپریالیزم نایەوێت عێراق بە بەهێزی و سەربەخۆیی ببینێت و کاریگەرییەکی کارەستباری لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەبێت و ڕووبەڕووی ئیمپراتۆرە ڕۆژئاواییەکانی نەوت لە ڕۆژئاوا دەبێتەوە و هەمیشە دەیەوێ بەهۆی دووبەرەکی و ناکۆکییە ناوخۆییەکان و شەڕ، لاوازی بکەن تاکو توانای بەرهەڵستیکردنی پلانەکانی ئیمپریالیزمی نەمێنێ.

دواجار، هەر لە چوارچێوەی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، تەلئەبیب و پاشکۆکانی

ئیمپریالیـزم دەیانـەوێ عێـراق سـەرقاڵی شـتی دیکـەی لاوەکـی بکـەن بۆئـەوەی نەپەڕژێتـە بەرهەڵســتیکردنی ئیسرائیلــی داگیرکــەر، ئــەوان بەهەمــوو توانایەکیانــەوە دەیانــەوێ عێـراق لـە بـەرەی یەکگرتـووی گەلانـی عـەرەب دەربهێنـن و هەلـی شکسـتپێهێنانی پیلانـە توندڕەوەکانـی ئیسرائیـل و ئامانجـە نێودەوڵەتییەکانـی ئیمپریالیـزم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، لاواز بکـەن کـە گرنگترینیـان لەناوبردنـی ڕژێمـە پێشـکەوتنخوازەکانی عێراقـە.

هەمـوو عێراقییەکانیـش بـە باشـی لـەم ڕاسـتییە تێگەیشـتوون کـە لـە ئێسـتادا لـە قۆناغێکـی گرنگـی مێـژووی هاوچەرخـی خۆیـدا دەژێـت کـە بـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ دەسـتیپێکرد. لـە کەناراوەکانــی دیجلەشــدا بــە هۆشــیارییەوە چاودێریـی پیلانگێڕییەکانـی ئیمپریالیـزم و هێـزە کۆنەپەرسـتییەکان دەکـەن. وڵات سـوورە لەسـەر گرتنەبـەری ڕێبـازی پەرەسـەندنی سـەربەخۆ و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی.

**ل. کۆریافین، پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی ئیزڤستیا. بەغدا**

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٧٢/٣/١٤**

**لەسەر ڕێبازێکی دروستی پەرەسەندن**

**بەغـدا، ١١ی ئـاداری. (تـاس).** بەبۆنـەی دووەمیـن سـاڵیادی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد لـە عێـراق، پەیامنێرمـان چەنـد کەسـایەتییەکی سیاسـیی دیـاری عێراقـی دوانـدووە و پرسـیاری گرنگـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ی لێکـردوون کـە بەهۆیـەوە شـەڕی نێـوان کـورد و عەرەبـی بەکۆتاهێنـا.

عەبدولڕەحـمان سامەڕائی، ئەندامـی سـەرکردایەتیی قەومیـی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت دەڵـێ: ڕێککەوتنامەکـە سـەرەتای قۆناغێکـی نوێیـە لـە ژیانـی کـورد و عەرەبـی عێـراق کـە قۆناغـی پەرەسـەندنی دیموکراسـیی ئاشـتییانەیە لـە وڵات. ئێمـە پشـتگیری لـە پتەوکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب دەکەیـن.

محەمـەد مەحمـوود عەبدولڕەحـمان ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، متمانـەی خـۆی بـۆ ڕێککەوتنامەکـە دەربـڕی و گوتـی: جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ڕێککەوتنامەکـە بـۆ کـورد و تـەواوی گەلانـی عێراقیـش پرسـێکی گرنگـە.

سکرتێری یەکەمی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراقی عەزیز محەمەد پێیڕاگەیاندین: شیوعییەکانی عێراق هەمیشە بایەخێکی زۆری بە کێشەی کورد داوە و هەر حزبی شیوعیش بوو ڕایگەیاند، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، گونجاوترین چارەسەرە بۆ کێشەی گەلی کورد و فاکتەرێکیشە بۆ پتەوکردنی پێوەندییە دۆستانەکەی نێوان کورد و عەرەب.

**«پراڤدا» ١٩٧٢/٤/١٠**

**بە گیانێکی دۆستانە و هەماهەنگی کردن**

**بەغدا، ٩. (تاس).** ئەمڕۆ لە تەلاری ئەنجوومەنی نیشتمانی لە بەغدا، پەیماننامەی دۆستایەتی و هەماهەنگی کردنی نێوان یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت و کۆماری عێراق ئیمزاکرا.

ئەلیکسی نیکۆلایفیتش کۆسیگین سەرۆکی ئەنحوومەنی وەزیرانی یەکێتیی سۆڤیەت بە نوێنەرایەتی سۆڤیەت و ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، نوێنەرایەتیی عێراقی کرد بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەکە. دواتر کۆسیگین لەگەڵ شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبووەوە و لە کەشێکی هەڤاڵانەی گەرموگوڕدا دەستیان بە گفتوگۆکردن کرد.

**«ئیزڤستیا» ١٩٧٢/٨/٢٧**

**کۆبوونەوە لە لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی**

لە ٢٤ی ئاب، کۆبوونەوەیەک لە نێوان میخائیل ئەندریفتش سۆسلۆف، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمینداری لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕۆستیسلاڤ ئەلیکسەندەرۆفیتش ئۆلیانۆفسکی، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی نێودەوڵەتیی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی سۆڤیەت، لەگەڵ پارتی

دیموکراتــی کوردســتانی عێــراق کۆبوونــەوە کــە بــە بانگهێشــتنامەیەکی فەرمــی لەلایــەن لێژنــەی مەرکەزیــی حزبــی شــیوعیی ســۆڤیەت گەیشــتبوونە مۆســکۆ کــە لــە ئەندامــی مەکتەبــی سیاســیی لێژنــەی مەرکەزیــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و وەزیــری دەوڵــەت لــە کۆمــاری عێــراق محەمــەد مەحمــوود عەبدولڕەحــمان و دارا تۆفیــق ئەندامــی لێژنــەی مەرکەزیــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و سەرنووســەری ڕۆژنامــەی (التآخــی) پێکهاتبــوون.

لەچوارچێــوەی گفتوگۆیەکــی دۆســتانەدا، نوێنەرانــی ســۆڤیەت چالاکییەکانــی حزبــی شــیوعیی یەکێتیــی ســۆڤیەت و تــەواوی گەلانــی ســۆڤیەتیان لــە جێبەجێکردنــی بڕیــارەکان کۆنگــرەی ٢٤ی حزبیــان لــە کایــەی بیناکردنــی شــیوعییەت و جێبەجێکردنــی بەرنامــە ئاشــتەواییەکەی کۆنگــرە بــۆ شــاندی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان خســتەڕوو. هەروەهــا باســی یــادی داهاتــووی پەنجــا ســاڵەی یەکێتیــی کۆمــارە سۆشیالیســتییەکانی یەکێتیــی ســۆڤیەت و ڕاپەڕینــە کرێکارییەکــەی کــرا کــە ســەرجەم گەلانــی ســۆڤیەتی تێــدا بەشــدار بــوو.

لەبەرانبەریشــدا شــاندەکەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، چالاکییەکانــی حــزب و بەشــداریکردنیان لــە خەباتــی گەلانــی عێــراق دژی ئیمپریالیــزم و کۆنەپەرســتان لەپێنــاو پتەوکردنــی ســەربەخۆیی نیشــتمانیی کۆمــاری عێــراق خســتەڕوو. هەروەهــا باســیان لــە هەوڵەکانــی حــزب کــرد لــە جێبەجێکردنــی کردەنیــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ کــە بــەردی بناغــەی چارەســەرێکی دیموکراســی و ئاشــتییانەی کێشــەی کــورد لــە عێــراق دانــا.

هــەردوولاش گرنگیــی چارەســەرکردنێکی دیموکراســی و ئاشــتییانەی کێشــەی کوردیــان لەســەر بنەمــای ڕێککەوتننامەکــە دووپاتکــردەوە. هەروەهــا شــاندەکەی پارتــی، بــە شــاندی ســۆڤیەتیان ڕاگەیانــد، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ئامادەیــە بەشــداری لــە گفتوگۆکانــی پــڕۆژەی کارنامــە نیشــتمانییەکە بــکات کــە حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســت پێشــنیازیکردووە و دەبێتــە بنەمایــەک بــۆ یەکخســتنی هێــزە نیشــتمانییە پێشــکەوتنخوازەکانی وڵات. ئەوەشــیان بــە شــاندە ســۆڤیەتییەکە ڕاگەیانــد: پارتــی دیموکراتــی کوردســتان داوای دامەزراندنــی بەرەیەکــی نیشــتمانیی هاوبــەش

بـۆ هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق کـردووە و حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعیی عێـراق بەشـداریی تێـدا بکـەن.

هــەردوولاش بڕیـاری خۆماڵیکردنـی نەوتـی عێراقیـان بـەرز نرخانـد کـە لەلایـەن حکومەتــی عێراقــەوە دەرکــراوە و ئــەو گۆڕانکارییــە کۆمەڵایەتــی و ئابوورییــە پێشـکەوتنخوازانەیەی لـە عێراقـدا جێبەجێکـراون، خرانـەڕوو کـە بەرژەوەندییەکانـی گەلانــی عێـراق بەدیدێنێـت.

پرسـەکانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوینیـش تەوەرێکـی کۆبوونەوەکەبـوو و هـەردوولا شـەڕانگێزییە بەردەوامەکانـی ئیسرائیلیـان شـەرمەزار کـرد کـە بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ دامودەزگاکانـی ئیمپریالیزمـی ئەمەریکیـدا دژی گەلانـی عـەرەب جێبەجێـی دەکـەن و ڕایانگەیانـد، لـە توانادایـە ئاشـتەوایی دادپەروەرانـەی هەمیشـەیی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن لەچوارچێـوەی ئازادکردنـی تـەواوی خاکـی عـەرەب کـە ئیسرائیـل لە سـاڵی ١٩٦٧ داگیـری کردبـوو، بهێنرێتـە دی و مافـە ڕەواکانـی گەلـی فەلەستینیشـی تیـدا بێتـەدی.

هــەردوو شـاندی بەشـدار لـە کۆبوونەوەکـە، ئاماژەیـان بـە گرنگـی و پێویسـتیی بەردەوامبوونــی پتەوکردنــی دۆســتایەتی دا لەنێــوان وڵاتانــی پێشــکەوتنخوازی عەرەبـی و یەکێتیـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی دیکـەی کۆمەڵگـەی سۆشیالیسـتی لەپێنـاو پەرەپێدانــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانیی گەلانــی عــەرەب.

شـاندەکەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پێشـوازیی لـە پەیماننامـەی دۆسـتایەتی و هەماهەنگــی کردنــی نێــوان یەکێتیــی ســۆڤیەت و کۆمــاری عێــراق کــرد کــە بەرژەوەندییــە بنەڕەتییەکانــی هــەردوو دەوڵــەت و پرســی ئاشــتەوایی و ئاســاییش لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوینــدا بەدیدێنێــت.

نوێنەرانــی هــەردوولا گرنگیــی ئــەو پێوەندییــە دۆســتانەیەیان دووپاتکــردەوە کــە لــە نێــوان حزبــی شــیوعیی ســۆڤیەت و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و حزبــە پێشـکەوتنخوازەکانی دیکـەی عێـراق دامـەزراوە. هەروەهـا پێوەندیـی نێـوان گەلانـی سـۆڤیەت و گەلـی عێـراق بـە کـورد و عەرەبییـەوە و پەرەسـەندنی ئـەم پێوەندییانـە.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٢/٩/٢٠**

ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بڕیـاری دامەزراندنـی ‹‹دار التضامـن››ی دا لـە بەغـدا کـە چاپخانەیەکـی حکومییـە و چاپکـراوی کـوردی بڵاودەکاتـەوە و یەکێکـە لـە بڕگەکانــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی چارەســەرکردنی ئاشــتییانەی کێشــەی گەلـی کـورد و بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد.

**«ئیزڤستیا» ١٩٧٢/١٢/٢٦**

**گوتـاری هەڤـاڵ سـاڵح یوسـفی، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان**

هەڤاڵانـی خۆشەویسـت! بەوپـەڕی خۆشـی و شـانازییەوە هەسـت بەو شـەرەفە دەکەم کـە بـە نوێنەرایەتیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان  و مسـتەفا بارزانیـی سـەرۆکی حـزب و گەلـی کـورد لـە کۆماری عێراق و بەنـاوی خۆمەوە بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکانی یەکێتیـی سـۆڤیەت، گەرمتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی حکومەتـی سـۆڤیەت بکـەم و هیـوای پێشـکەوتن بـۆ گەلانـی سـۆڤیەت بخوازم.

یەکەمیـن دەوڵەتـی سۆشیالیسـتی لـە جیهانـدا دامـەزرا و دەسـتگەوتی مەزنـی بۆ گەلی سـۆڤیەت بەدیهێنـا و هاوکارێکـی کاریگـەر بـوو بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی لەپێنـاو خەباتـی ڕەوای گەلانـی چەوسـاوە بـۆ بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی و مافـی چـارەی خۆنووسـین و ناوەڕۆکێکـی نوێـی بـەو بزووتنەوەیە بەخشـی و ئاسـۆ فراوانەکانـی بەڕوویدا واڵاکـرد. لـە پێگـە نێودەوڵەتییەکەشـەوە، دەوڵەتی سـۆڤیەتی مـەزن بەشـدارییەکی گەورەی لـە پاراسـتنی ئاشـتەوایی جیهـان و پتەوکردنـی دۆسـتایەتی لەنێـوان گەلانـدا کـرد.

مێـژووی پێوەندییەکانـی نێـوان یەکێتیـی سـۆڤیەت و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، بـۆ بیسـتەکانی ئـەم سـەدەیەمان دەگەڕێتـەوە، کاتێـک شـێخ مەحمـوودی حەفیـد نامەیەکـی ئاراسـتەی دامەزرێنـەری دەوڵەتـی سـۆڤیەت، فلادیمێـر ئیلیتـش لینیـن کـرد.

پێوەندییـە سیاسـییەکانی نێـوان یەکێتیـی سـۆڤیەت و کۆمـاری عێـراق کـە لـە دوای شۆڕشـی تەمـووزی ١٩٥٨ بـەردەوام لـە بەرژەوەندیـی هـەردوو وڵاتـی دۆسـت بـەرەو پێـش

دەچێت و گەلی عێراق بە کورد و عەرەبییەوە هیوادارن دۆستایەتیی نێوان هەردوو وڵات ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی کێشە سەختەکاندا بگێڕێت کە لە کاروانی بەرەو سەربەخۆیی و پێشکەوتندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ڕێگەم پێبدەن دووبارە لە کانگای دڵەوە پیرۆزباییەکی گەرمتان بەو بۆنەیە ئاراستە بکەم.

دەبا دەوڵەتی سۆڤیەت بەهێزتر بێت!

بژی دۆستایەتیی نێوان گەل و حزبمان!

**«پراڤدا» ١٩٧٣/٣/١٠**

**بەهاری عێراق**

گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بنچینەی دروست بۆ ئەم گەشبینییە، لەچوارچێوەی پەیڕەوکردنی ئەو هەماهەنگییەی بە کردەنی لەنێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق دامەزراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژیارییەکان، بەتایبەتیش کێشەکانی نێو حکومەت کە لە نوێنەرانی ئەم حزبە سەرەکییانەدا پێکهاتووە.

سێ ساڵ لەمەوبەر و ڕێک لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، لە گەڵ کورددا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و بەپێی ڕێکەوتنەکە هاووڵاتیانی کوردستان مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ دەستەبەر دەکرێت. ڕێککەوتننامەکە گرنگییەکی مێژوویی هەیە بۆ وڵاتێک کە پێنجیەکی کۆی دانیشتوانەکەی پێکدێنێت. کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی عێراق و چارەسەرکردنەکەی، ساڵانێکی زۆری خایاند و تاکو ئێستاش کێشەکە بە یەکجاری یەکلانەبووەتەوە. لە هەمان کاتیشدا وێڕای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، هێشتا کەسانێک هەن نە بایەخ بەو ڕێککەوتننامەیە دەدەن و نە لەگەڵ ئامادەکردنی هەلومەرجی گونجاون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە عێراق کە هێندێکیان وابەستەی دەزگا بیانییەکانن و سوودمەند بوونە لە بەردەوامیی شەڕی کوردستان، کۆنەپەرستانی ناوخۆش هەوڵی بەکارهێنانی دووبەرەکیی نێوان کورد و عەرەب دەدەن بۆ

بەرژەوەندییەکانـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی نێـو پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق. هەڵبـەت ئـەم ئاراسـتانە چاوەڕوانـی شکسـتهێنانن.

لـە بەغـدا چـاوم بـە وەزیـری ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکانـی باکـوور کـەوت کـە محەمـەد مەحمـوود عەبدولڕەحـمان بـوو و یەکێکـە لـە کەسـە نزیکـەکان لـە مسـتەفا بارزانـی و ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، ئـەو پێیگوتیـن، جەمـاوەری کـورد پشـتگیرییەکی تـەواوی مەرجەکانـی ئاشـتەوایی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ دەکـەن، گوتـەی هاوشـێوەی ئـەم گوتەیەشـم لـە عەرەبەکانـی عێراقیـش بیسـت، لەوانـە عەبدولڕەحـمان سـامەڕائی کـە نوێنەرایەتیـی سـەرکردەکانی عێـراق دەکات لـە دانوسـتانەکانی لەگـەڵ کـورددا.

- کـەس ناتوانێـت نکۆڵـی لـەوە بـکات کـە ئاشـتەوایی دەسـتکەوتێکی گەورەیـە بـۆ هەموولایەکـمان، بارزانـی ئەمـەی پێگوتیـن، هەروەهـا گوتیشـی: ئێمـە بـە کـورد و عەرەبـەوە ڕۆڵـەی نیشـتمانێکین و هێندێـک کـەس هەوڵـی ئاوەژووکردنـەوەی ئامانجەکانمـان دەدەن و بـەوەی لێکدەدەنـەوە کـە ئێمـە خەباتمـان بـۆ جودابوونەوەیـە لـە عێـراق، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـم ئـەم پرسـەت بـۆ ڕوونبکەمـەوە و پێتانبڵێـم ئەمـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە، ئێمـە ئایندەمـان لـە ژیانێکـی کامەرانـدا دەبینینـەوە لەگـەڵ برایانـی عەرەبمـان لەسـەر خاکـی عێراقمانـدا.

دەرفەتمـان بۆڕەخسـا کـە لەگـەڵ ژمارەیـەک عەرەبـی بەغـدا و کـورد لـە کوردسـتان بدوێیـن سـەبارەت بـە هەڵوێسـتیان بەرانبـەر ئـەو ڕێککەوتننامەیـەی سـێ سـاڵ لەمەوبـەر ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە. هێندێکیـان باسـیا لـە جێبەجێکردنـی چەنـد بڕگەیەکـی ڕێککەوتننامەکـە دەکـرد و گلەییـان لـە بەرانبـەر دەکـرد، بـەڵام هیـچ کامێکیـان دژی خـودی ڕێککەوتننامەکـە قسـەیان نەکـردووە کـە یەکەمیـن جـارە لـە مێـژوودا مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا زامـن بکرێـت. ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دکتـۆر مەحمـوود عوسـمانیش دەڵێـت: «ڕێککەوتننامەکـە ڕۆڵێکـی ئەرێنیـی گێـڕاوە و لـە داهاتووشـدا ئـەو ڕۆڵـەی هـەر دەمێنـێ».

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٣/٣/٢١**

**گوتاری سەدام حوسێن**

**بەغـــدا، ٢٠ی ئـــادار. (تـــاس).** ســـەدام حوســـێن، لـــە گوتارێکیـــدا باســـی لـــە کێشـــەی کـــورد کـــرد و گوتـــی: هێشـــتا بەربەســـتی زۆرمـــان لەبەردەمـــدا مـــاوە بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکە، یـــادی ڕێککەوتننامـــەی ١١ی ئـــاداری ١٩٧٠ی کـــردەوە کـــە بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی گەلـــی کـــورد ڕێککەوتنـــی لەســـەر کـــراوە و دووپاتیکـــردەوە: «وێـــڕای ســـەختییەکانی بەردەمـــمان، ئێمـــە دەتوانیـــن ئاییندەمـــان وێنابکەیـــن هـــەروەک چـــۆن ســـێ ســـاڵ لەمەوبـــەر لـــە ١١ی ئـــاداری ١٩٧٠ وێنامـــان کردبـــوو. پێویســـتە خاڵەکانـــی ڕێککەوتننامەکـــە جێبەجـــێ بکرێـــت و مافـــی ئۆتۆنۆمـــی بـــۆ کوردســـتان لـــە مـــاوەی دیاریکـــراوی خۆیـــدا بەدیبهێنرێـــت».

**«فیگرنای تبلیسی» ١٩٧٣/٦/١٤**

**یەکەمین جار بە زمانی کوردی**

**بەغـــدا.** لـــە بەهـــاری ئەمســـاڵدا بـــۆ یەکەمیـــن جـــارە قوتابیـــی قوتابخانەکانـــی کوردســـتان تاقیکردنەوەکانیـــان بـــە زمانـــی کـــوردی ئەنجـــام بـــدەن. وەزیـــری ئاوەدانکردنـــەوەی ناوچەکانـــی باکـــوور محەمـــەد مەحمـــوود عەبدولڕەحـــمان لـــە دیمانەیەکیـــدا لەگـــەڵ ڕۆژنامـــەی ‹‹التآخـــی›› گوتبـــووی: ‹‹لـــەم چەنـــد ســـاڵەی ئەمدواییـــەدا شـــتی زۆرمـــان بەجێهێنـــاوە بـــۆ دانانـــی چەندیـــن بەرنامـــەی پەروەردەیـــی و وەرگێڕانیـــان بـــۆ ســـەر زمانـــی کـــوردی، جەختیشـــی کردووەتـــە کـــە ئـــەم شـــتانە نەدەکـــران ئەگـــەر ڕێککەوتننامـــەی ١١ی ئـــاداری ســـاڵی ١٩٧٠ نەبووایـــە کـــە ڕێگەچارەیەکـــی ئاشـــتییانەی کێشـــەی گەلـــی کـــورد بـــوو و کۆتایـــی بـــە شـــەڕی نێوانیـــان هێنـــا لـــە عێـــراق.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٣/٧/١٢**

**عێراق: ئاسۆیەکی نوێ**

بــۆ بەدیهێنانــی گۆڕانکاریــی هەنــگاو بــە هەنــگاو لەناوخــۆی وڵاتــدا، عێــراق پێویســتی بــە ســەقامگیریی ناوخۆیــی هەیــە و ئەمەیــان لەچوارچێــوەی یەکخســتنی تــەواوی هێــزە پێشــکەوتنخوازەکانی ناوخــۆی عێراقــدا بەدیدێــت. ئــەو ڕێبــازەی حزبــی بەعــس گرتۆتیەبــەر بــە هاوتەریــب لەگــەڵ هێــزە دیموکراتخوازەکانــی دیکــەی عێــراق، ڕەشنووســی پــڕۆژەی کارنامــە حکومییەکــەی لــێ هاتەبــەر کــە ئامانجــی دامەزراندنــی بەرەیەکــی نیشــتمانیی پێشــکەوتنخوازە. پێشــدەچێت عێــراق نزیکبووبێتــەوە لــە ڕاگەیاندنــی فەرمیــی ئــەو کارنامەیــە، چونکــە پڕۆژەکــە زادەی گوتوێــژی چەنــد مانگێکــی نێــوان حزبــی بەعــس و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و حزبــی شــیوعیی عێراقییــە.

فاکتــەری ســەرەکی بــۆ ســەقامگیریی ڕژێمــە پێشــکەوتنخوازەکە لــە عێــراق، ئاشــتەواییە لەگــەڵ کــورد، هــەروەک لــە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ دا هاتــووە ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان زامــن بکرێــت لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا بــۆ ئــەو نەتەوەیــەی پێنــج یەکــی کــۆی ژمــارەی دانیشــتوانی وڵات پێکدێنــێ.

بەوپــەڕی متمانــەوە دەتوانیــن بڵێیــن، جێبەجێکردنــی پرەنســیپە شۆڕشــگێڕییەکان لــە ڕابــردوودا تــا ڕادەیەکــی زۆر، بەهــۆی شــەڕی براکوژیــی نێــوان کــورد و عــەرەب بەربەســتی بــۆ دروســت بووبێــت، بــەڵام بەهــۆی بەرقەرابوونــی ئاشــتەوایی لەگــەڵ کــورددا، هەلومەرجێکــی گرنگــی بــۆ ســەرکەوتنەکانی ئەمدواییــەی عێــراق خوڵقانــدووە. بەردەوامبوونــی گۆڕانکارییــە کۆمەڵایەتــی و ئابوورییــەکان لــە عێــراق و تــەواوی ســەرکەوتنەکانی دیکــە لــە سیاســەتی ناوخــۆ و دەرەوەدا تــا ڕادەیەکــی زۆر بەنــدە بــە چارەســەرێکی یەکجارەکیــی کێشــەی گەلــی کــورد. لایەنــە نەیارەکانــی عێــراق و هێــزە دەرکییەکانــی ئیمپریالیــزم کــە دژی پێشــکەوتنی عێراقــن، بــە باشــی درکیــان بــەم ڕاســتییە کــردووە. لێــرەوە نەیارانــی ڕژێمــی پێشــکەوتنخوازیی عێــراق هەوڵــی خۆشــکردنی ئاگــری دووبەرەکییەکانــی نێــوان کــورد و عەرەبیــان دا و بەردەوامیشــن لــە هەوڵەکانیــان.

لــە بارودۆخــە هەنووکەییەکانــی عێراقــدا، ڕێــکارە خێراکانــی جێبەجێکردنــی تــەواوی

پرەنسیپەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا، لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراقی، شاندێکی بە سەرۆکایەتیی سکرتێری یەکەمی لێژنەی مەرکەزی، عەزیز محەمەد نارده بارەگای ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد مستەفا بارزانی، بۆ بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بە پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم دژی عێراق کە ئێستا لەئارادایە. ئەم بڕگەیەی خوارەوە کە بەشێکە لە نامەیەک سەبارەت بە سەردانیی شاندەکانی حزبی شیوعیی عێراقییە بۆ کوردستان، زۆر گرنگە:

‹‹هەردوولا کۆکبوون لەسەر ئەوەی ئەو فاکتەرە سەرەکییەی کە سەربەخۆیی و سەروەریی عێراق زامن دەکات، یەکێتیی نیشتمانیی کورد و عەرەبە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار کە ئۆتۆنۆمی و دیموکراسییەت بۆ کوردستان لەخۆدەگرێت، هەروەها لەسەر بنەمای بەرەی سێ حزبە سەرەکییەکە: حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق››.

هەفتەنامەی «الفكر الجديد»ی بەغدایی کۆمێنتێکی لەسەر ئەو دیدارە بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت: هەنگاوێکی نوێ بوو بەرەو دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی هێزە دیموکراتخوازەکان و بووە هۆی باشکردنی ژیانی سیاسی لە عێراق.

**یەفگینی بریماکۆڤ**

**«ئیزڤیستیا» ١٩٧٣/٧/١٩**

**هەڵسەنگاندنێکی باڵا**

ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، لە گوتارێکی تەلەفزیۆنیدا کە بە بۆنەی جەژنی نیشتمانی – یادی ١٥ ساڵەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و یادی پێنج ساڵەی ڕووداوەکانی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨- کە بەهۆیەوە حزبی بەعس دەسەڵاتی کەوتەدەست، پێشکەشی کردبوو، لە باسی دۆخی ناوخۆی وڵاتدا، سەرکۆمار ئاماژەی بەوە دابوو کە ساڵی نوێی شۆڕش دەبێتە ساڵی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

**«پراڤدا» ۱۹۷۳/۷/۱۹**

**کارێکی گرنگ**

**بەغـدا، ۱۸ی تەمـووز. (تـاس).** لـە ۱۷ی تەمـووزدا، ئەمینـداری گشـتیی سـەرکردایەتیی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت، ئەحمــەد حەســەن بەکـر و سـکرتێری یەکەمـی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی عێـراق، عەزیـز محەمـەد، بەیاننامەیەکـی هاوبەشـیان لەسـەر پرەنسـیپەکانی بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز، ئیمزاکـرد.

لە بەیاننامە هاوبەشـەکەدا هاتووە: حزبی بەعس و حزبی شـیوعیی عێراق، بەشداربوونی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە پێویسـت دەزانـن لە بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز و سـوورین لەسـەر بەردەوامبوونـی گفتوگۆی بنیاتنـەر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردسـتان.

لــە دوای ئیمزاکردنــی بەیاننامەکــە، ئەحمــەد حەســەن بەکــر، ئەمینــداری گشــتیی ســەرکردایەتیی حزبــی بەعــس ڕایگەیانــد: ئــەم ڕووداوە بــە کارێکــی مێژوویــی گرنــگ دادەنرێــت و خاڵــی وەرچەرخانــی پێوەندییەکانــی نێــوان هەردوولایــە و هەنگاوێکــی مەزنــە بــەرەو دامەزراندنــی بــەرەی نیشــتمانی، ئامــاژەی بــە پێویســتیی بەشــداربوونی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانیش کــرد لــە بەرەکــەدا.

ســکرتێری یەکەمــی لێژنــەی مەرکەزیــی حزبــی شــیوعیی عێــراق، عەزیــز محەمــەد داوای بەشــداربوونی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و هێــزە نیشــتمانییەکانی دیکــەی وڵاتــی کــرد لــە بــەرەی نیشــتمانیدا.

**«پراڤدا» ۱۹۷۳/۷/۲۱**

**یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت هاوڕێی دڵسۆزمانە**

**بەغدا، ۲۰ی تەمووز. (تاس).** لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش گوتی: ‹‹یەکێتیی سۆڤیەت هاوڕێیەکی بەوەفاتانە››.

سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی عێراقیش، سەدام حوسێن ڕایگەیاند، ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حزبی شیوعیی عێراق ئیمزاکراوە، سەبارەت

بە پرسی هەماهەنگی کردن لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا، بایەخێکی زۆری هەیە و هەموو لایەکیشمان هەوڵی ڕازیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین بۆ بەشداربوون لەو بەرە پێشکەوتنخوازە و سەرکردەکانی وڵاتیش مکوڕن لەسەر ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، لەپێش ئاداری ساڵی ١٩٧٤.

**«پراڤدا» ١٩٧٣/٨/١٥**

بۆ ئەمینداری گشتیی سەرکردایەتیی قوتریی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرۆکی کۆماری عێراق هەڤاڵ ئەحمەد حەسەن بەکر، لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی سۆڤیەت پیرۆزبایی لە سەرکردایەتیی قوتری و تەواوی ئەندامانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەکات بەبۆنەی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق سەبارەت بە هەماهەنگی کردن لەپێناو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە عێراق بەپێی ڕاگەیاندنی کارنامەی نیشتمانی.

ئەمەش هەنگاوێکی مەزنە بەرەو جێبەجێکردنی خواستەکانی گەلانی عێراق کە چەندین دەیەیە دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکات لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانی و پەرەپێدانی دیموکراسییەت. ئەو ڕێککەوتننامەیەی ئێوە پێیگەیشتوون، لەبەردەم بەشداریکردنی هێزە نیشتمانییەکانی دیکەی دژبەری ئیمپریالیزم، کراوەیە، پێش هەمووشیان پارتی دیموکراتی کوردستان کە قۆناغێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان دەنوێنێ کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لە ئاکامی گەیشتنی حزبی بەعس بە دەسەڵات، دەستپێکردووە و بەربەستی خستە بەردەم پیلانگێڕییەکانی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و دەرەوە.

هیوای سەرکەوتن بۆ حزبی بەعس و تەواوی هێزە دیموکراتخوازییەکەی دەخوازین لەسەر ئەو ڕێبازەی لەپێناو پەرەسەندنی بەربەرەیی و پتەوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانیی وڵات هەڵیبژاردووە.

بژی دۆستایەتی و هەماهەنگیی نێوان حزبی شیوعیی سۆڤیەت و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری عێراق لە خەباتی هاوبەشیان دژی ئیمپریالیزم لەپێناو ئازادی و ئاشتەوایی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی گەلان!

**لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت.**

**«پڕاڤدا» ۱۹۷۳/۸/۲۱**

**عێراق کلیلی سەرکەوتن لە یەکێتیدایە**

ڕێککەوتننامەکـەی نێـوان حزبـی بەعـس و حزبـی شـیوعیی عێـراق، بانگەوازێکـە بـۆ لەدایکبوونـی بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـی دیموکراتخوازیـش بـە پێشـهاتێکی زۆر گرنگـی دادەنێـت، نـەک هـەر بـۆ خـودی عێـراق، بگـرە بـۆ بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی نیشـتمانیی تـەواوی گەلانـی عەرەبیـش هـەر گرنگـە و لەبـەردەم بەشـداریکردنی هێـزە نیشـتمانییەکانی دیکـەی دژبـەری ئیمپریالیـزم لـە عێراقـدا کراوەیـە، لەپێـش هەمووشـیانەوە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

هــەردوولای ڕێککەوتــوو، بەشــداریکردنی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانیان لەبەرچاوگرتـووە و بـە پێویستیشـی دەزانـن بێتـە نێـو بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز بـەوەی کـە ئـەو «بەشـداربوویەکی سـەرەکی و کاریگـەرە».

هەڵوێسـتێکی بنیاتنەرانـەی لـەم شـێوەیەی هـەردوو لایەنـی بەشـداربوو، بەعـس و شـیوعی کـە لـە بەیاننامـە هاوبەشەکەشـیاندا ڕەنگیدابـووەوە، بـۆ عێـراق زۆر گرنگـە، چونکـە کـورد بەشـێکی زۆری دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن. لـە دەقـی ڕێککەوتننامـەی ۱۱ی ئـاداری سـاڵی ۱۹۷۰دا هاتـووە: مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەسـتەبەر بکرێـت کـە بـووە هـۆی ڕاگرتنـی ئـەو شـەڕە خوێناوییـە درێژخایەنـەی نێـوان کـورد و عـەرەب، سـەرکەوتنی گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی وڵاتیـش تـا مەودایەکـی زۆر بەنـدە بـە چارەسـەرکردنی یەکجارەکیـی کێشـەی کـورد و بەرقەرابوونـی ئاشـتەوایی لـە کوردسـتان، لـەم چەنـد ساڵانەی دواییـدا بـووە هـۆی بەدیهێنانـی ژمارەیـەک دەسـتکەوتی گرنـگ و ئاشکراشـە کـە بەشـداربوونی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و هەماهەنگـی کـردن لەگـەڵ هێـزە دیموکراتخوازەکانـی دیکـەی وڵات لـە چوارچێـوەی بەرەیەکـی یەکگرتـوودا، کاریگەریـی دەبێـت لـە چارەسـەرکردنی کێشـە پێشـکەوتنخوازەکانی بووژانـەوە کـە ڕووبـەڕووی گەلانـی عێـراق بووەتـەوە.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان یەکێکــە لــە ســێ حزبــە پێشــەواکانی عێــراق و لەپــاش ڕاگەیاندنــی بەیاننامــە هاوبەشــەکەی نێــوان حزبــی بەعــس و حزبــی شــیوعی، هــەردوولا لــە گفتوگــۆی بەردەوامــدان و دانوســتان لەگــەڵ پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا دەکــەن ســەبارەت بــە بەشــداریکردنی پارتــی لــە بــەرەی نیشــتمانی پێشــکەوتنخواز. بەرژەوەندییــە بنەڕەتییەکانــی گەلانــی عێــراق بــە کــورد و عەرەبــەوە، چارەســەرێکی ئەرێنیــی خێــرا بــۆ ئــەم کێشــەیە دەخوازێــت. هەماهەنگــی کــردن لــە چوارچێــوەی بــەرەی نیشــتمانی لــەم هەلومەرجــە نوێیــەدا بــۆ پەرەســەندنی ئــەم وڵاتــە، یەکێکــە لــە گرنگتریــن پێودانگەکانــی پێشــکەوتن و هاوڕێکــی و ڕاســتگۆیی هەڵوێســتەکانی هێــزە نیشــتمانییەکانە کــە داوای بەرنامەیەکــی دیموکراســیی دژ بــە ئیمپریالیــزم دەکــەن.

بایەخــی ئــەو ڕێکارانــەی لــە عێراقــدا دەگیرێنەبــەر بــۆ پتەوکردنــی یەکێتیــی نیشــتمانی، لەســەر بنەمایەکــی پێشــکەوتنخوازانەدا ڕوونــتر دەبێتــەوە لەژێــر ڕۆشــنایی ئــەو دۆخــە گشــتییە بــاوەی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوینــدا دەگوزەرێــت کــە هێزەکانــی کۆنەپەرســتان چڕیــان کردووەتــەوە و پشــتیوانیی ئیمپریالیزمــی نێودەوڵەتیشــیان لەگەڵدایــە. لەســایەی ئــەم بارودۆخەشــدا، هــەر هەنگاوێکــی نــوێ بــۆ یەکخســتنی هێــزە نیشــتمانییەکانی عێــراق و وڵاتانــی دیکــەی ڕۆژهەڵاتــی عەرەبیــدا دەنرێــت، گورزێکــی نوێیــە بــۆ پیلانگێڕییەکانــی کۆنەپەرســتان و ئیمپریالیــزم.

**ب. ئۆریخۆف**

**«پراڤدا» ١٩٧٤/٢/٢٧**

یەکەمیــن جــارە فیســتیڤاڵی کلتووریــی کــورد لــە کۆمــاری عێــراق، لــە گەورەتریــن شــارەکانی کوردســتاندا ســازدەکرێت و بەرهەمەکانــی شــاعیران و نووســەرانی نــاسراوی کــوردی تێــدا دەخوێنرێتــەوە، گۆرانیبێــژان و تیپەکانــی هونــەری میللیــش تێیــدا بەشــدارن.

**«زارتونک» ١٩٧٤/٣/١٥**

**ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**

لـە بڵاوکـراوەی پەیمانگـەی تۆژینـەوەی ڕۆژهەڵاتیـی ئەکادیمیای زانسـتە ئەرمەنییەکاندا هاتـووە: بەغـدا، ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردسـتان لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ کورد دەسـتەبەرکردووە. لـە کوردسـتاندا مومارەسـەی دەسـەڵاتی ئیـداری لەچوارچێـوەی دەسـتەیەکی جێبەجێـکاردا دەکرێـت کـە سـەرۆک و ئەندامانـی ئـەو دەسـتەیە پلـەی وەزیریـان هەیـە، سەرۆکەکەشـی مافـی بەشـداربوونی لـە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنـی وەزیرانی عێراقدا هەیـە. لەپاڵ زمانی عەرەبیـدا، زمانـی کوردیـش بـە زمانـی دووەمـی فەرمیـی وڵات دەناسـێنرێت لـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن، پرسـی پـەروەردە و فێرکـردن و ئابـووری و پلاندانانـی شارسـتانی و شـتی دیکـەش لـە دەسـەڵاتەکانی ئـەو دەسـتەیە دەبێت.

یاسـای دەسـتەمۆکردنی کوردسـتان هیـچ بڕگەیەکـی تێـدا نییـە ئیمتیـازات لەنێـو سـوپای عێـراق بـە کـورد بـدات کـە لـە بنەڕەتـدا سـەر بـە دەسـەڵاتدارانی بەغدایـە و یەکەکانـی هێـزی پێشـمەرگەش هەڵدەوەشـێنرێنەوە.

بـەڵام بەپێـی یاسـا نوێیەکـە، هێزەکانـی پۆلیـس و ئاسـایش دەخرێنـە سـەر وەزارەتـی ناوخـۆ . دەسـتەی ئیداریـی دەسـەڵاتە مەرکەزییـەکان مافێکـی ڕەهـای لـە ناوچەکانـی دەرەوەی دەسـەڵاتە کوردییەکـە دەبێـت و ئـەو وەزیـرەی لەلایـەن دەسـەڵاتی مەرکـەزەوە دامــەزراوە، مافــی چاودێریکردنــی دەســتەی جێبەجێــکاری هەرێمــی کوردســتان و بەشــداریکردنی لــە کۆبوونەوەکانیــان ببێــت. کوردســتان دەســتەیەکی یاسادانانیشــی دەبێــت و لێژنەیەکــی یاســاییش بەدواداچــوون بــۆ ڕەفتارەکانــی دەســەڵاتی ناوچــەی ئۆتۆنۆمــی دەکات، بــە شــێوەیەک کــە سیاســەتەکانی لەگــەڵ ڕەفتارەکانــی دەســەڵاتی ناوەنــد کــۆک بــن و مافەکانــی عــەرەب و تورکــمان و ئاشــوورییەکانیش دەســتەبەر بــکات کــە لــە کوردســتاندا دەژیــن. ســەرۆک کۆمــاری عێراقیــش مافــی ڤیتــۆی لەســەر بڕیارەکانــی دەســتەی جێبەجێــکار و دەســتەکانی یاســادانان لــە کوردســتاندا، دەبێــت . هەروەهــا مافــی بڕیاردانیشــی دەبێــت بەپێــی هەڵســەنگاندنی تایبەتــی خــۆی، ئەگــەر پێویســتی کــرد.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، کێشـە سـەرەکییەکە، لـە پرسـە دەسـتووری و ئیدارییەکانـدا نییـە، بگـرە کێشـەکە لـە پرسـە سـەربازی و سیاسـییەکاندایە و پێویسـتە پەلـە لـە چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بکرێـت لـەو ناوچانـەی کەوتوونەتـە ژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی بارزانـی. هێشـتا مسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتیـش بڕیـاری خـۆی ڕانەگەیانـدووە.

حکومەتـی بەغـدا تەنیـا ١٥ ڕۆژ مۆڵەتـی مەرجـداری بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـا نوێیەکـە دیاریکـردووە. دوای ئـەم پانـزە ڕۆژەش بارزانـی بۆی نییـە نوێنەرایەتیی کـوردی عێراق بکات و ڕێگـە بـە حکومەتـی بەغـدا دەدرێـت، بەپێـی هەڵسـەنگاندنی خـۆی، نوێنەرێک بـۆ کورد دابنێـت کـە ڕێپێـدراو بێـت و هەماهەنگـی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی مەرکـەزدا بکات.

ئێـران ڕۆڵێکـی کاریگـەر دەگێڕێـت لـە چەکدارکردنـی کوردسـتانی دراوسـێی. ڕووبەڕووبوونـەوە چەکدارییەکانـی نێـوان عێـراق و ئێرانیـش ئاماژەیەکـە بـۆ ئەو ڕاسـتییەی کـە ئێـران بایـەخ بـە ڕەوشـی کوردسـتان دەدات. هەڵبـەت هۆکارەکەشـی شـەتولعەرەب نییـە، بگـرە ململانـێ کوشـندەکەیە کـە لەسـەر کوردسـتاندا دەگوزەرێـت.

عێـراق پێویسـتی بـە بەرقەراربوونـی ئاشـتەوایی یەکجارەکییـە لـە کوردسـتان، بۆئـەوەی هێزەکانـی بپەرژێنـە کێشـە ناوخۆییـەکان و دۆخـی وڵات بـەرەو باشـکردن ببـات. هەتاکـو کـەی شـای ئێـران بـە بەکارهێنانـی کارتـی کـورد، دەیـەوێ ئارامیـی عێـراق شـێلوو بـکات؟ عێـراق لەپێنـاو ئاسایبوونەوەی دۆخـی وڵات، بڕیـاری دەسـتەبەرکردنی مافـی ئۆتۆنۆمیـی بـۆ کوردسـتان داوە، ئەگـەر لەچوارچێـوەی ئۆتۆنۆمیـدا نەتوانێـت ئاشـتەوایی بەرقـەرار بـکات، دوور نییـە ڕووبەڕووبونـەوەی سـەربازی نـەک هـەر لـە کوردسـتان، بگـرە بەدرێژایـی سـنووری ئێـران – عێراقیـش ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان دووبـارە ببنـەوە.

ڕێککەوتنێکـی سیاسـی و سـەربازیش لەنێـوان عێـراق و یەکێتیـی سـۆڤیەتدا هەیـە، لـە کاتێکـدا ئێـران ئەندامـی هاوپەیمانـی باکـووری ئەتڵەسـییە و ژمارەیەکـی بێشـوماری چەکـی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاوە پێـدەگات. ئەگـەر ئەوەشـی بخەینـە سـەر کـە هەریـەک لـە عێـراق و ئێـران، یەکێکـن لـە وڵاتـە پێشـەنگەکانی بەرهەمهێنانـی نـەوت، دەبـێ ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە لـە سایەی ئـەم هەلومەرجـەدا، دەسـتوەردانی نێودەوڵەتـی زۆر نەخایەنێـت.

ئەگەر حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی توندڕەوانە دژی خواستەکانی کورد بنوێنێ، ئەوکات هەوڵی ڕێککەوتننامەیەکی دیبلۆماسی لەگەڵ ئێراندا بدات. سەدام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق دەڵێت: ‹‹هێندێک لەو کوردەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا یەکناگرنەوە، ناڕازین، ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەم شێوازە مامەڵەکردنە، ئەوکات ئێمەش هیچمان لەگەڵ ئەواندا نامێنێت باسی بکەین ...››. هەڵبەت ناڕەزایی و نیگەرانییەکان لەلایەن مستەفا بارزانی و لایەنگرانیەوەن، ئەگەر لە پێگەکانیان دوورنەکەونەوە، لەمەودوا حکومەتی عێراق هەماهەنگی لەگەڵ هێزە کوردییە چەپڕەوەکاندا دەکات کە هەموویان لەژێر سایەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردیدا کۆبوونەتەوە و بەم نزیکانە ڕۆژنامەی ‹‹النور›› دەردەکات. لەمەڕ ئێرانیشەوە، سەدام حوسێن گوتی: ڕووداوەکانی ئەمدواییە کاریگەریی نابێت لەسەر پێوەندییەکانی ئەم دەوڵەتەدا ئەگەر بەڕاستی ئێران پێوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبدا لەلا گرنگ بێت.

**«نۆفۆیا فریمیا» ژمارە: ٥، ١٩٧٤/٢/١**

**دیالۆگی بەغدا**

گفتوگۆیەکی چڕ لەبارەی پڕۆژەی دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی بۆ کوردستانی عێراق لە بەغدا بەڕێوەدەچێت و شاندی پارتی دیمورکاتی کوردستان و نوێنەرانی لێژنەی باڵای بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیش کە ئەندامانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی دەسەڵاتدار و حزبی شیوعیی عێراقی بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئاڵۆزە درێژخایەنەی لە عێراقدا لەئارادایە. پێشتریش لەنێو ئەو بەرەیەدا ڕێککەوتن کراوە کە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەستەبەر بکرێت و پاش ڕەزامەندیی لێژنەی باڵا، لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا خرایە بەردەم سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چاوپێداخشاندنەوە.

دانوستانەکانی ئەمدواییە دەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی فراوانی لە وڵاتدا لێکەوتەوە. ڕۆژنامەی (الثورة) کە زمانحاڵی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە، نووسیویەتی: ‹‹ئێستا کاتی ئەوە هاتووە حزبە نیشتمانییەکان پێشنیارە کردەنییەکانی خۆیان بخەنەڕوو››. ڕۆژنامەی ‹‹طريق الشعب››ی حزبی شیوعیی عێراقیش بڵاویکردووەتەوە

‹›جێبەجێکردنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان، عێــراق لــە پیلانگێڕییەکانــی کۆنەپەرســتانی دەرەکــی و ناوەکییــە مەترســیدارەکان دەپارێزێــت‹››، هــاوکات ڕۆژنامــەی (التآخی)یــش کــە زمانحاڵــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانە، پێشــوازیی لــە گفتوگــۆکان کــردووە، ئامــاژەی بــەوە کــردووە، ‹›ئامانجــی ســەرەکیی دیــدارەکان گوزارشــتکردنە لــە خواســتەکانی گەلــی کــورد‹›.

بە گەڕانەوە بۆ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ڕێککەوتننامەکە کە دواتر بە ‹›بەیاننامەی ئادار‹› ناسرا، کۆتایی بە براکوژیی نێوان کورد و عەرەب هێنا کە ماوەی نۆ ساڵ بوو هێز و تواناکانی عێراقی بەفیڕۆ دەدا، لە کۆتاییشدا کێشەی کورد بە بەربەستی بەردەم پێشکەوتن و سەربەخۆیی عێراق هەژمار نەدەکرا، ئەگەرچی لەلایەن دامودەزگا کۆنەپەرستییەکانی نێودەوڵەتی و نێوخۆییەوە هەوڵی درێژەپێدانی دەدرا. سەرباری ئەوەی بە ڕوونی مافی دوو ملیۆن کوردی دانیشتووی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کە دەکەوێتە بەشی باکووری وڵات، لە ڕێککەوتننامەکەدا زامنکرا کە چواریەکی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن.

حکومەتــی ئێســتای عێــراق، بەپێــی پرەنســیپەکانی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار و کارنامــە نیشــتمانییەکە هەنــگاو دەنێــت و ســووربوونی خــۆی بــۆ جێبەجێکردنــی تــەواوی بڕگەکانــی ڕێککەوتننامەکــە دەردەبڕێــت، ئــەو پڕۆژەیــەی کــە بــەرەی نیشــتمانیی پێشــکەوتنخواز دایڕشــتووە و ڕەزامەندیــی لەســەر دەربڕیــوە و لــە بەغــدا گفتوگــۆی لەســەر کــراوە، پابەندبــوون و جێبەجێکردنــی تــەواوی خاڵەکانــی ڕێککەوتننامەکــەی ١١ی ئــاداری لەخۆگرتــووە. جەمــاوەری عێراقیــش وایدەبینێــت کــە ئــەم پڕۆژەیــە بناغەیەکــی پتــەو و لەبــار بــۆ گفتوگــۆی بەرهەمــدار بنیاتدەنێــت لەپێنــاو داڕشــتنی یاســایەکی هاوبــەش بــۆ ئۆتۆنۆمــی. تــا ڕادەیەکــی زۆریــش، نــەک هــەر چارەنووســی گەلــی کــورد، بگــرە شــێوازی پەرەســەندی کۆمــاری عێراقیــش پشــت بــە دەرەنجامــی گفتوگــۆکان دەبەســتێت.

جـا ئەگەر ئەم دەستپێشـخەرییە شـێوەی کۆتایی خۆی وەربگرێـت و بە تەواوی جێبەجێ بکرێـت، ئـەوکات کۆمـاری عێـراق دەتوانێـت بـە هەمـوو توانـا و داهاتەکانییـەوە جەخـت لەسـەر ئالینگارییەکانـی بووژانـەوەی ئابـووری بـکات و گۆڕانکارییـە پێشـکەوتنخوازییانەکە فـراوان بکاتـەوە. ئامانـج لـە جێبەجێکردنـی ئـەم یاسـایە، ئاسایشـی عێـراق زامـن دەکات، چونکـە لە کۆتاییـدا بەڕەکە لەژێر پێی دامودەزگا نەیارەکان دەردێنێت کە چارەسـەرنەکردنی کێشـەی کورد دەقۆزێتەوە و دەسـتدرێژی دەکاتە سـەر دەسـتکەوتە شۆڕشـگێڕانەکەی گەل.

دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و ئەو دیدار و گفتوگۆیانەی لەوپێناوەدا ئەنجامدەدرێن، ڕۆڵێکی گرنگ لە پتەوکردنی هێزە ناسیۆنالیست و نیشتمانییەکانی عێراق دەگێڕێت لەچوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا. دامەزراندنی بەرەکە لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ڕابردووەوە لەسەر دەستی ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەحمەد حەسەن بەکر و ئەمینداری یەکەمی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق عەزیز محەمەد دامەزراوە کە ئیمزایان لەسەر ڕێککەوتننامەی پرەنسیپە هاوبەشەکانی هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو حزبە لە بەرەی نیشتمانیی ناسیۆنالیستیی پێشکەوتنخواز کردووە. زەمانەش دەریخستووە کە هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە کۆمەڵگەدا توانیویەتی لەسەر ئاستی حکومەتدا، هەماهەنگییەک لەنێوان خۆیاندا بنیاتبنێن، هەروەها لە حکومەتە خۆجێییەکان و لە ئیدارەدانی ئابووری و ڕێکخراوە گشتییەکانیشدا. لە ٨ی کانوونی دووەمدا لێژنەی باڵای بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، پێکهێنانی لێژنەکانی بەرەی خۆجێیی لە تەواوی پارێزگاکانی وڵاتدا ڕاگەیاند و ئەمینداریێتییەکی گشتیش سەرۆکایەتیی لێژنەی پارێزگاکانی دەکرد کە هەیئەتێکی هەمیشەییە و ئەندامانی حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق نوێنەرایەتیی دەکەن. جا ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە بەرەی نیشتمانیی ناسیۆنالیزمی پێشکەوتنخوازدا بەشدار بوایە، هەڵبەت هێز و توانای لە بنیاتناندا زیاتر دەبوو و دەسەڵاتیشی فراوانتر دەبوو. لەمبارەیەشەوە ڕێککەوتننامەکەی تەمووز ئاماژەی بەوە داوە کە حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق «پێویستیی بەشداربوونی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە بەرەکەدا لەبەرچاوگرتووە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەردەوامبوونی دیالۆگی بنیاتنەریان لەگەڵیدا دووپاتکردووەتەوە».

شایانی گوتنە تاکو ئێستا پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەم هەلومەرجەی ئێستادا، ڕووبەڕووی ژمارەیەک بەربەست دەبنەوە، لەپێش هەموویانەوە داموەزگا کۆنەپەرستییەکانە، ئینجا توخمە توندڕەوەکانی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان. لە هەوڵێکیشدا بۆ وروژاندنی مشتومڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە مانگی تشرینی دووەمدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لە کوردستان، لەنێوان هێزەکانی پارتی و شیوعییەکاندا ڕوویدات کە بووە مایەی نیگەرانییەکی زۆر لەناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا. خودی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی نیگەران کرد.

دوژمنانی ئازادی، لە پەلکێشکردنی گەل بۆ لێواری شەڕێکی نوێی ناوخۆیی شکستیان هێنا و لە تشرینی دووەمدا، بەیاننامەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو حزب سەبارەت بە دانوستانەکانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق، نەیارانی بیئومێدتر کرد کە تێیدا هاتبوو ‹‹هەردوولا ڕێککەوتن کە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماری عێراق و خەباتی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حزبەکەن کە لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانی دیکەدا یەکیاندەخاتەوە››.

ڕێگەی بەردەم دانوستانی حزبە سیاسییەکان لە بەغدا هەرچەند سەخت بێت، بەڵام هەقیقەتی دانوستان و گفتوگۆی نێوانیان، ئاماژەیەکە بۆ ئەو نیازپاکییەی لەئارادایە و بەرەو تێگەیشتن لە پێویستی وڵات بۆ لێکنزیککردنەوەی تەواوی هێزە داهێنەرەکانی گەل ئاراستە دەکرێن.

بێگومان جێبەجێکردنی «بەیاننامەی ئادار» تەوژمێکی نوێ بە پەرەسەندنێکی پێشکەوتنخوازانە لە عێراق دەبەخشێت و گورزێکی نوێش ئاراستەی پیلانەکانی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا دەکات. هەروەها ڕێککەوتننامەکە پێشوازی لە دیالۆگی نێوان حزبەکان دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەواوی دۆستانی کۆماری عێراقی سەربەخۆ بە پێشهاتێکی بایەخداری هەژمار دەکەن. متمانەی خۆشیان لەئاست ئەوەدا دەربڕی کە لەچوارچێوەی کۆبوونەوەکاندا دەگەینە چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ کێشەی گەلی کورد کە بەپێی خواستەکانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵات و بەرژەوەندیی خەباتی دژی ئیمپریالیزم بێت.

**ف. شمارۆف**

**«زاریا فاستۆکا» ١٩٧٤/٤/٢٣**

**جێگرە نوێیەکەی سەرۆک کۆماری عێراق**

**بەغدا، ٢٢ی نیسان. (تاس).** ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی کۆماری عێراق، تەها محێدین مەعروفی بە جێگری سەرکۆماری عێراق دەستنیشان کرد، تەها محێدین مەعرووفیش کوردە و پێشتر ئەندامێک بووە لە حکومەتی عێراق و هەتاکو پێش ئەم پۆستە نوێیەی، باڵیۆزی عێراق بووە لە ئیتاڵیا.

**«پراڤدا» ١٩٧٤/٣/٢٨**

**بەیاننامەی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق**

**بەغدا، ٢٧ی ئادار. (تاس).** لێرە بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعیی عێراق، لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەیاننامەکەدا حزبی شیوعیی عێراق، پشتگیریی حزبەکەی بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق دەربڕی و داوای جێبەجێکردنی مافەکەی لەسەر بنەما دیموکراسییەکاندا کرد بەجۆرێک کە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراقی تێدا ڕەچاوبکرێت و داوای کۆکردنەوەی سەرجەم هەوڵەکانی کرد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

**تاس، ٥ی ئایار**

**لە کوردستاندا**

ئێزگەی دەنگی کوردستان بڵاویکردووەتەوە لە ١٢ی ئاداری ئەمساڵەوە لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا نزیکەی ٧٥٠-٨٠٠ کەس کوژراون و ١٠٠٠ سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراقیش بریندار کراون، ٢٠ تانک و ٩ فڕۆکە و ٣ کۆپتەر تێکشکێنراون و ٢٤ ئەفسەریش بەدیلگیراون. زیانەکانی کوردیش ٣٣٧ کوژراو و ٤٨٥ بریندارە لەگەڵ وێرانکردنی ٧٤ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان کە دەکاتە ٧٠٪ی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون.

ئێزگەکە داوای لە ڕای گشتیی جیهانیش کردووە، داوا لە حکومەتی عێراق بکەن چیدی بۆمبی ناپاڵم بەکارنەهێنێ لە بۆردومانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان.

**تاس، نیسانی ١٩٧٤**

**ڕەوشی کوردستان**

ئێزگەی دەنگی کوردستان هەواڵی لەسێدارەدانی ١١ ئەندامی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاوکردەوە کە بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی عێراق، لە بەغدا دەستگیر کرابوون و لە ١٧ی نیسان لە هەولێر لەسێدارەدران.

**«پراڤدا» ١٩٧٤/٣/١٥**

**ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق**

ڕووداوێکـی سیاسـی لـە عێـراق ڕوویـدا کـە بایەخێکـی ڕاسـتەقینەی مێژوویـی لـە وڵاتـدا هەیـە: لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠دا بـە فەرمـی لـە بەغـدا دەسـتەبەرکردنی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان ڕاگەیەنـرا کـە تاکـو ئـەم بـەرواره بـۆ مـاوەی چەنـد دەیەیـەک کوردسـتان ئارامیـی بەخـۆوە نەبینیبـوو، ئیمپریالیزمـی بەریتانـی وایدەبینـی وروژاندنـی دووبەرەکیـی نێـوان کـورد و عـەرەب، ئامرازێکـی گرنـگ بێـت بـۆ فراوانکردنـی هەژموونـی خـۆی لـە وڵاتـی میزۆپۆتامیـا، لەگـەڵ ئەوەشـدا تەنانـەت پـاش وەدەرنانـی داگیـرکاران و ڕووخاندنـی ڕژێمـی پاشـایەتیی لـە بەغـدا، حکومەتـە کۆمارییەکـە لـە بەدیهێنانـی یەکێتییەکـی بەردەوامـی نیشـتمانیدا سـەرکەوتوو نەبـوو.

لـە سـاڵی ١٩٦١، ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان دژی هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـتیپێکرد، ئـەم شـەڕە شـەڕی براکـوژی بـوو و لەلایـەن دامـودەزگا کۆنەپەرسـتانەکەی شـۆڤێنی و قۆرخکارانـی نـەوت پشـتیوانیی بەردەوامبوونـی دەکـرا کـە ئامانجیـان پەرتەوازەکردنـی نەتـەوە بـوو.

لـە هاوینـی ١٩٦٨لـە بەغـدا سـەرکردایەتیی ئێسـتای حزبـی بەعـس دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت و دیدگـەی عێـراق لـە ئاسـت کێشـەی کـورد گـۆڕا و لـە ئـاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەیـەک ڕاگەیەنـرا کـە بەپێـی ڕێککەوتننامەکـە تـەواوی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە کوردسـتان ڕاگیـرا و مافـە نەتەوەییـە بنەڕەتییەکانـی کـوردی کوردسـتانی عێـراق دەسـتەبەر کـران کـە چەندیـن سـاڵ بـوو لەپێناویـدا دەجەنـگان، لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا کـوردی ئـەو وڵاتـە کـە ژمارەیـان دەگاتـە نزیکـەی دوو ملیـۆن کـەس، دان بـە مافـی ئۆتۆنۆمییـان نـرا، ئێسـتاش لـە کاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا بەڵێنەکـەی خۆیـان بەجێهێنـا.

ئـەم پرسـە، لـە ئاکامـی ئـەو گۆڕانکارییـە ئەرێنییانـەدا بەدیهـات کـە لـە ژیانـی سیاسـیی عێراقـدا هاتبووەئـارا و لەمدواییـەدا بەرەیەکـی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز پێکهێـنرا کـە حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت و حزبـی شـیوعیی عێراقـی لەخۆگرتبـوو، ئـەم بەرەیـە بنەماکانـی گۆڕانکاریـی پێشـکەوتنخوازانەی عێراقـی پتەوکـرد و دەرگایـان بـۆ هێـزە

دیموکراتخوازەکانــی دیکــەش واڵاکــرد. لەگــەڵ ئەوەشــدا هێشــتا بەربەســت لەبــەردەم چارەسەرکردنی کێشــەی کــورد مابــوو و نەتوانــرا بەســەریدا زاڵ بن، دەســتوەردانی دەرەکیی بەکرێگیراوانــی بیانــی لــە کاروبــاری کــوردی عێراقیــش هێشــتا مابــوو و چالاکییەکانــی باڵــە ڕاســتڕەوەکانی نێــو بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد هەســتی پێدەکــرا کــە خۆیــان خزاندبــووە نێــو ڕیزەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و هەوڵــی وروژاندنــی جوداخوازییــان دەدا کــە لــەم قۆناغــەدا تەنیــا خزمــەت بــە نەیارانــی عێــراق دەگەیەنێــت. تاکــو ئێســتاش نەتوانــرا شرۆڤەیەکــی یەکگرتــوو بــۆ بەشــێک لــە بڕگەکانــی ڕێککەوتننامــەی ئــادار بکرێــت، بەتایبەتیــش ناســاندن و دیاریکردنــی ســنووری ناوچــە کوردنشــینەکان، ئــەو ڕاپۆرتانــەی لــە بەغــداوە گەیشــتوون، لــەو باوەڕەدابــوون بتوانرێــت لــە مــاوەی ١٥ ڕۆژدا ڕێککەوتــن لەســەر بڕگــە و وردەکارییەکانــدا بکرێــت کــە مشــتومڕی زۆری لەســەر بــوو.

ڕاگەیاندنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان هێمایەکــی گرنــگ بــوو لەســەر ڕێگــەی بووژانــەوەی بەرەبەرەیــی عێــراق.

**پاڤڵ دیمچینکۆ**

**«پراڤدا» ١٩٧٤/٣/٢٨**

**داڕشتنی یاسای نوێ**

**بەغــدا، ٢٧. (پەیامنێــری تایبەتــی پراڤــدا).** ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی شــۆڕش، یاســای دامەزراندنــی ئەنجوومەنــی یاســادانانی بــۆ هەرێمــە ئۆتۆنۆمییەکــەی کوردســتان دەرکــرد کــە لــە ٨٠ کــەس پێکدێــن.

لــە هەمــان کاتیشــدا بڕیــاری لێبوردنــی گشــتی بــۆ کــوردی ســەربازی و مەدەنــی دەرکــرد و بەپێــی ئــەم بڕیــارە دەســتبەجێ دەســتدەکرێتە ئازادکردنــی تــەواوی ئــەو کــوردەی پێشــێلکاریی یاســاکانی ســەربازییان کــردووە. بــۆ ئــەو کــوردەش کــە لــە دەرەوەی ســنووری ناوچــەی ئۆتۆنۆمییەکــە دەژیــن، بڕیــار درا قوتابخانــەی تایبەتیــان بــۆ بکرێتەوە کــە خوێندن تێیانــدا بــە زمانــی کــوردی بێــت.

**ب. ئۆریخۆف**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٤/٣/١٤**

**یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق**

**بەغـدا، ١٣ی ئـادار. (تـاس).** ئەحمـەد حەسـەن بەکـر سـەرۆک کۆمـاری عێـراق، یاسـای ئۆتۆنۆمـی لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی نیشـتمانیدا ڕاگەیانـد کـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش دەریکردبـوو. هـەر لـەو یاسـایەدا سـنووری ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی دیاریکرابـوو کـە زۆرینەیـان کـوردن، یاسـاکە دووپاتیشـی دەکاتـەوە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، بەشـێکە لـە عێـراق و لێـی جودانابێتـەوە.

زمانـی فەرمیـی ئـەو ناوچـە دیاریکـراوە، هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی دەبێـت و خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـدا ئارەزوومەندانـە دەبێـت، چ بـە کـوردی بێـت یاخـود عەرەبـی. بەپێـی یاسـا نوێیەکـە ئەنجوومەنێکـی هەڵبژێـردراوی یاسادانانیشـی تێـدا دادەمەزرێـت و سەرپەرشـتیی پرسـەکانی بووژانـەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کلتووریـی ناوچەکـە دەکات. کوردسـتانی عێـراق بودجەیەکـی تایبەتیشـی بـۆ تەرخـان دەکرێـت و لـە بودجـەی گشـتیی دەوڵەتـی عێراقـدا جێگـەی دەکرێتـەوە.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٤/٤/١٠**

**بەغدا: گۆڕانکاری لە حکومەتی عێراق**

ڕادیـۆی بەغـدا، چەنـد گۆڕانکارییەکـی نێـو کابینـەی حکومەتـی کۆمـاری عێراقـی بڵاوکـردەوە. گۆڕانکارییـەکان بریتـی بـوون لـە گۆڕینـی ئـەو پێنـج وەزیـرە کـوردەی کـە هەریـەک لـە وەزارەتەکانـی بووژانـەوەی باکـوور و ئەشـغالی گشـتی، ئەنـدازەی شارسـتانی، شـارەوانی و گونـدەکان، بێجگـە لـە دوو وەزیـری دیکـەی دەوڵەتیـان بەڕێوەدەبـرد، پێنـج وەزیـری دیکـەی کوردیـان دانـا، وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەی باکووریشـیان هەڵوەشـاندەوە و گۆڕییـان بـە وەزارەتـی دەوڵـەت.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٤/٤/٢٦**

**چالاکیی چەکداری لە کوردستانی عێراق**

ژمارەیەک لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسانی بیانی ڕایدەگەیەنن ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە کوردستان دەستپێکردووەتەوە و سەرکردایەتیی کورد یاسای ئۆتۆنۆمیی ڕەتکردووەتەوە کە حکومەتی بەغدا لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا ڕایگەیاندبوو، هەرچەندە یاساکە مافی دوو ملیۆن کورد لە مافە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەستەبەر دەکات. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەش دەدەن بڕیارەکەی سەرکردایەتیی کورد لە ڕەتکردنەوەی یاساکەدا، بەدەرنەبوو لە دەستوەردانەکانی هێزە ئیمپریالیزمەکان و کۆنەپەرستانی دەرەکی کە هەمیشە هەوڵ دەدەن دووبەرەکی لەنێوان کورد و عەرەبدا بخولقێنن و ئەو ڕژێمە پێشکەوتنخوازەی لە عێراقدا دامەزراوە، لاوازبکەن. جا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، کوردی توندڕەو پڕچەک و تەقەمەنی دەکەن و چەند سەرچاوەیەکی داراییشیان بۆ تەرخان دەکەن. سەرکردەکانی کوردیش لە دژی گۆڕانکارییە پێشکەوتنخوازانەکەی وڵات هان دەدەن.

جەماوەرە دیموکراتخوازەکەش، بە دامەزراوە پێشکەوتنخوازانە کوردییەکە و حزبی شیوعیی عێراقیشەوە نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ ئەم گۆڕانکارییە مەترسیدارە دەردەبڕن و دەڵێن: پەرەسەندنی ململانێکان مایەی قبووڵکردن نین و داوای گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی هێزە ئیمپریالیزمەکان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و پەنابردن بۆ چارەسەرکردنە ئاشتییانەکەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و یاسای ئۆتۆنۆمی لە عێراق.

**(زانیاریی تایبەت)**

**«پڕاڤدا» ١٩٧٤/٦/٢٥**

**بڕیاری گرنگەکان**

**بەغدا، ٢٤ی حوزەیران. (تاس)**: زمانحاڵی حزبی شیوعیی عێراق، ڕۆژنامەی (طریق الشعب) ڕاپۆرتێکی لەبارەی دانیشتنە گشتییەکەی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق بڵاوکردووەتەوە کە ڕاپۆرتە سیاسییەکە و ژمارەیەک بڕیاری پەسند کردووە، بەوانەی پێوەندیی بە ڕەوشی عێراقیشەوە هەیە. هەروەها ئەوانەش کە پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و هاودەنگی لەگەڵ گەلی چیلییشەوە هەیە. لەو دانیشتنە گشتییەدا داوای ئازادکردنی لویس کۆرفالان و ژمارەیەکی دیکەی نیشتمانپەروەرانی چیلی کرا کە بەمدواییە هاوکات لەگەڵ ر. ریسمندی سکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی ئۆرۆگوای دەستگیر کراون.

هەروەها لەم دانیشتنەدا بە بایەخەوە ئاوڕ لە کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق دراوەتەوە، بەتایبەتیش کێشەی کورد. ڕاپۆرتە سیاسییەکەش دووپاتیدەکاتەوە کە پەرەسەندنی دیموکراسییەت لە عێراق، فاکتەری سەرەکییە کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد زامن بکات و تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی بپارێزێت.

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدات سەرکردایەتیی ڕاستڕەوی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، هەڵوێستێکی بەجێیان نەنواندووە لەبارەی گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانە گرنگەکەی عێراق، بگرە بە پێچەوانەوە بە گومانەوە مامەڵەی لەتەکدا کردوون و خۆی دوورەپەرێز گرتووە لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق. ڕەوشە لەبارەکەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی پشتگوێخست، بەتایبەتیش هەبوونی سیستمێکی دژ بە ئیمپریالیزم و بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە عێراق. هەردوو گەلی عەرەب و کورد تێگەیشتنیان بۆ دەرەنجامە کارەستبارەکانی ڕەتکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد، هەبوو.

ڕاپۆرتەکە، ئەوەشی دووپاتکردووەتەوە حزبی شیوعیی عێراق هەمیشە هەوڵدەدات لەپێناو کۆکردنەوەی تەواوی تواناکان لەپێناو جێبەجێکردنێکی سەرکەوتووانە بۆ یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەکانی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

بەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکە تەرخانکرابوو بۆ ڕیسواکردنی پیلانەکانی هێزە ئیمپریالیستییەکان و کۆنەپەرستانی دژ بە عێراق. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «ئەم هێزانە هەوڵی بەرهەڵستیکردنی ڕژێمە نیشتمانییەکەی عێراق و ناچارکردنی دەدەن لە ڕێڕەوی سیاسییە ناوخۆ و دەرەکییە پێشکەوتنخوازانەکەی، ڕێڕەوی چاکسازییە ئابوورییەکان، پتەوکردنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کێشەی کورد لەسەر پرەنسیپی دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستییەکان، بەلارێیاندا ببەن. هێزەکانی کۆنەپەرستی ئیمپریالیزم بەردەوامە لەسەر فشار خستنەسەر عێراق بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێک بۆ هاتنەژوورەوەی قۆرخکارانی سەرمایەداری و داماڵینی ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕانەکەی بۆ ڕێکارەکانی خۆماڵیکردنی کەرەستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی بیانی و گێڕانەوەی هەژموونیان».

**«پراڤدا» ١٩٧٤/٧/١٧**

## گەلی عێراق دەجەنگێت و بنیاتدەنێ

هەرچەندە ئەو سەرکەوتنانەی لە وڵاتدا بەدیهاتوون، نکۆڵییان لێناکرێت، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک کێشە ماون و بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و بوونەتە کۆسپێکی بەردەم شۆڕشەکەی عێراق، ئێستا بە بەشداریکردنی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم، کێشەی کورد بووەتە یەکێک لە قەیرانە گەورەکانی عێراق، ئەگەرچی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کە لە ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە و بنەماکانی چارەسەرێکی دیموکراسییانەی بۆ کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بنیاتناوە کە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی گەلی کورد بەدیدێنێت. بەڵام ئەم جۆرە چارەسەرکردنەی کێشەی کورد هەرگیز لەگەڵ خواستەکانی نەیارانی کۆماری عێراقدا ناگونجێت.

ڕۆژنامەی (طريق الشعب) بڵاویکردووەتەوە «باڵە ڕاستڕەوەکەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ڕەتیکردەوە بەشداری لە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا بکات وەک هاوبەشێکی سەرەکی و بە ئاراستەیەکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی عێراق و هێزە نیشتمانییەکان و ئەو بزووتنەوە سەرکەوتووانەی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، هەنگاوی نا».

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەروەک لـە ڕاسـتییەکانی ئەمدواییـەدا دەردەکەوێـت، ئـەم ئاراسـتە پێچەوانەیـە، سەرکێشـییەکە و لەلایـەن زۆرینـەی گەلانـی عێراقـەوە ڕەتکراوەیـە و لـە کوردستانیشـدا بەرهەڵسـتییەکی زۆری لێدەکرێـت. توێژێکـی فراوانـی عێراقییـەکان بـە کـورد و عەرەبیشـەوە درکیـان بـەوە دەکـرد کـە ئـەو هێزانـەی بەردەوامـی دەدەنـە ململانێـی چەکدارانـەی کوردسـتان، هەوڵـی لەبەرچاونەگرتنـی دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی عێـراق و لاوازکردنــی سـەلامەتی و سـەروەریی وڵات دەدەن.

**کۆریۆنۆف، (پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی پراڤدا)، بەغدا**

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٠/٥/٩**

**کێ ئاگری شەڕی لە کوردستان هەڵدەگیرسێنێت؟**

لــەم چەنــد هەفتەیــەی ئەمدواییــەدا شــەڕی نێــوان کــورد و هێزەکانــی ســوپای حکومەتــی عێــراق دەســتیپێکردووە و هــۆکاری ســەرەکیی دووبــارە هەڵگیرســاندنەوەی شــەڕەکە، ڕەتکردنــەوەی ســەرکردایەتیی کــوردە بــۆ یاســای ئۆتۆنۆمیــی کوردســتان کــە حکومەتــی عێــراق لــە ١١ی ئــاداری ئەمســاڵدا دەریکردبــوو. ئــەم یاســایە لــە بەغــدا بەپێــی ئــەو ڕێککەوتنامەیــە دارێــژراوە کــە پێــش چــوار ســاڵ – ئــاداری ١٩٧٠- لەنێــوان حکومەتــی کۆمــاری عێــراق و ســەرکردایەتیی کــورد بــۆ کۆتاییهێنــان بــە خەباتــی چەکدارانــەی کوردســتان و چارەســەرکردنی ناکۆکییــەکان، ئیمزاکرابــوو. گەلانــی عێــراق و تــەواوی هێــزە ئاشــتیخواز و پێشــکەوتنخوازەکانی جیهــان، پێشــوازییان لــە ڕێککەوتنەکــە کــرد کــە ســنوورێکی بــۆ ئــەو شــەڕە درێژخایەنــە دانــا کــە کوردســتانی وێرانکردبــوو.

وێـڕای ئـەوەی بەشـێکی زۆری بەندەکانـی ڕێککەوتنامـەی ١٩٧٠ بـە کردەنـی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێـراق جێبەجێکـراوە، کەچـی لەچوارچێـوەی دانوسـتانەکانی هـەردوولا، هێشـتا چەنـد خاڵێـک مابـوون و بەبـێ چارەسـەرکردن مابوونـەوە، بەتایبەتیـش بڕگـەی دیاریکردنـی سـنووری ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی و چەنـد پرسـێکی دیکـەش.

سـووربوونی کـورد لەسـەر داواکارییەکانیـان، هەڵبـەت سـەرکردایەتیی کـورد، یاسـای ئۆتۆنۆمــی ڕەتدەکاتــەوە کــە بڕیاربــوو لەمــاوەی چوارســاڵ، لــە ١١ی ئــاداری ١٩٧٠وە

یاساکە ڕابگەیەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق لە چوارچێوەی کۆمارێکی یەکگرتوودا، هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد و ڕەزامەندیی هەردوو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حزبی شیوعیی عێراقیشی لەسەربوو کە بەشێکی سەرەکیی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز پێکدێنن.

ژمارەی دانیشتوانی کوردی عێراق دەگاتە نزیکەی دوو ملیۆن کەس و دوای نەتەوەی عەرەب بە گەورەترین نەتەوەی عێراق هەژمار دەکرێت. بەدرێژایی چەند دەیەیەک، کورد هاوشانی عەرەب دژی داگیرکاری و حوکمی ئیمپریالیزمی بەریتانی و هاوپەیمانانیان و ڕژێمی نۆکەری پاشایەتی جەنگاوە. شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ حوکمی داگیرکاری و پاشایەتیی لە وڵاتدا ڕووخاند و لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی سەربەخۆدا، برایەتیی کورد و عەرەب ڕاگەیەنرا.

نێوەندە ئاگادارەکانی عێراق، ئاماژە بەوەش دەدەن بڕیاری سەرکردایەتیی کورد لە ڕەتکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی، دەستوەردانی هێزە ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکانی دەرەکیشی لەگەڵدابوو.

جەماوەری فراوانی دیموکرتخوازی عێراق، بە پێشکەوتنخوازەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیشەوە نیگەرانن لەو پەرەسەندنە مەترسیدارانەی لە کوردستانی عێراقدا دەگوزەرێن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بڕوایان بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کوردە لەسەر بنەمای یاسای ئۆتۆنۆمی، لەچوارچێوەی هەماهەنگیی پتەوی نێوان سەرجەم هێزە دیموکراتخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزم لە کۆماری عێراقدا، بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز.

**(تاس).**

**«فیگرنای تبلیسی» ١٩٧٤/٦/١٢**

**حکومەت بنیاتدەنێتەوە**

بەغدا. حکومەتی عێراق زیاتر لە شەش ملیۆن دیناری بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک پڕۆژەی لە پارێزگای سلێمانیدا تەرخانکردووە و لە پلانی حکومەتدایە دوو نەخۆشخانە و چەند نۆڕینگە و بنکەیەکی خۆپارێزی بکاتەوە و ٣٥٠ کیلۆمەتری ڕێگەوبان ڕابکێشێت. هەروەها سەنتەرێکی گەورەی زانستیش لە سەنتەری شاری سلێمانی دابمەزرێنێت.

ڕەزامەندیش دەربڕاوە بۆ تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ کە دەگاتە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی. بڕیارە بەشێکی ئەم بودجە تایبەتە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و ڕێگەوبان و کارگەی دروستکردنی تەپەدۆر و چەند کەرتێکی دیکەی خزمەتگوزاری خەرج بکرێت.

**«پراڤدا» ١٩٧٤/١٠/٨**

**پەرلەمانی کورد لە هەولێر**

هەولێری پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان بە سەوزایی و دار و درەختێکی چڕ و گوڵ و گوڵزارێکی پاییزە پێشوازیی لێکردین کە شەقامەکانی بە لافیتە و ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازابوونەوە.

گۆڕەپان و دووڕیانەکانی ‹‹شاری چوار خوداکە›› کە تەرجەمەی ناوی ‹‹ئەربیل››ە جمەی دێت بە تیپەکانی دێدەوانی کە ئاڵا و لافیتەی هەمەجۆریان بەدەستەوەیە، لەولاشەوە کۆمەڵ کۆمەڵ پیاوانی بەساڵاچوو بە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیانەوە بەرەو تەلارێکی بەرز بەرێکەوتوون کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی مووسڵ. لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە ٥ی تشرینی یەکەمە، خولی یەکەمی ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردی عێراق کرایەوە.

با بەبیرخۆمانی بێنینەوە کە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا ڕێککەوتننامەیەک بڵاوکرایەوە و بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە کۆتایی بە شەڕی نێوان کورد و عەرەبی برا هێنرا کە نزیکەی نۆ ساڵی خایاند. کاتێک چوار ساڵەکەی لە ڕێککەوتننامەکەدا جێگیرکرابوو، بەسەرچوو، یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە بەغدا ڕاگەیەنرا و لەو ڕۆژەوە کوردستان بە یەکەیەکی ئیداریی سەربەخۆ

لەقەڵەمدرا. لە کوردستانیشدا هەیئەتەکانی ئەنجوومەنی یاسادان و لێژنەی جێبەجێکار پێکهێنرا کە دەسەڵات و بودجەی تایبەتیان هەیە. بەڵام بڕیارەکە لەلایەن باڵە ڕاسترەوەکەی سەرکردایەتیی کوردەوە ڕەتکرایەوە کە بژاردەی دەرەبەگە خێڵەکییەکانە و بە هاندانی دەرەکی و هێزەکانی ئیمپریالیزم و بە پشتبەستن بە کۆنەپەرستانی ناوخۆ، لە حکومەتی مەرکەزیی بەغدا جودابووەوە و دووبارە شەڕ دەستپێکردەوە. ئەم بڕیارەی باڵە ڕاسترەوەکە لەلایەن جەماوەرێکی فراوانی گەلانی عێراق و ڕای گشتیی پێشکەوتنخوازەکانی دەرەکییەوە ئیدانەکرا، بەوەی کە دژی خواستەکانی نەتەوەی کوردن و دژی چاکسازییە دیموکراسییەکان ئاراستەکراون کە حکومەتی عێراق جێبەجێی کردوون. هەر لە نێو خودی کوردیشدا، ناکۆکی پەیدا بوو و بەشێکیان لەو نوخبە خێڵەکییە دەرەبەگانەیە جودابوونەوە و هاتنە پاڵ حکومەتی بەغداوە و هاوشانی حکومەت داکۆکییان لە دەستکەوتە دیموکراسییەکانی عێراقی نوێدا دەکرد.

ئێستاش، دانیشتنی یەکەمی یەکەمین هەیئەتی یاسادانان لە مێژووی کورددا لە هەولێر دەستپێکرد. بێجگە لە نوێنەرانی ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕۆژنامەوانان، ژمارەیەکی زۆری میوانیش لە بەغدا و شارە گەورەکانی عێراق و نوێنەری حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و سەرۆکی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیش ئامادەی ئەم دانیشتنە ببوون. ژمارەی ئەندامانی ئەم خولەی ئەنجوومەنی یاسادانان ٧٢ ئەندامە و لە ئێستادا سەرقاڵی سوێندخواردنی یاساییین و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانی عێراق و سەرجەم پارتەکانی کوردستانیان تێدایە. بە نوێنەرایەتیی سەرکۆماری عێراق، تەها محێدین مەعرووف گوتەی سەرۆک کۆماری عێراقی خوێندەوە کە کوردێکی عێراقییە و لە گوتەکەیدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و باسی لەم ڕووداوە گرنگەی ئەمڕۆی سەبارەت بە چارەنووسی گەلی کورد لە عێراق و وڵات کرد کە ڕێبازێکی دیموکراسییانەیان بۆ بووژانەوە گرتووەتەبەر. سەرۆکی لێژنەی تەنفیزیی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، هاشم عەقراوی کە لەلایەن سەرکۆماری عێراقەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پۆستە دەست نیشانکراوە، لیستی ناوی ئەندامانی لێژنەکەی خوێندەوە تاکو ئەنجوومەنی یاسادانان پەسندی بکات. پاش ڕەزامەندی دەربرین لەسەر پێکهێنانی لێژنەکە، دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەنی یاسادانان کۆتایی پێهێنرا کە بڕیارە کارەکانی خولی ئەنجوومەنەکە کە نۆ مانگ بەردەوام بێت، پاش مانگێک لە دامەزراندنی هەیئەتی کارەکانی ئۆتۆنۆمی، دەست بەکارەکانی بکاتەوە.

**ب. ئۆریخۆف (پەیامنێری تایبەتی پڕاڤدا). هەولێر ٧ی تشرینی یەکەم.**

**«پڕاڤدا» ١٩٧٤/١٠/١٤**

لـە ئێسـتادا بەرنامەیەکـی فراوانـی بووژانـەوەی ئابـووری لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان چووەتـە واری جێبەجێکردنـەوە، کارگەکانـی بەرهەمهێنانـی شـەکر، جگـەرە، قوتووبەندکردنـی سـەوزەو میـوە، بەرهەمەکانـی شـیرەمەنی، کارگـەی چنیـن و مافـووری دەسـتکرد و کەرەسـتەی بیناسـازی دەکرێنـەوە.

**«ئیزفیستیا» ١٩٧٤/١١/٨**

کۆبوونـەوەی دووەمـی خولـی یەکەمـی ئەنجوومەنی یاسـادانان (پەرلەمـان)ی هەرێمی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان، لـە هەولێـر دەسـتیپێکرد کـە بەبڕیـاری ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی عێراقـی لـە ئـاداری ١٩٧٤دا بڕیار لەسـەر دامەزراندنـی ئەنجوومەنەکـە دراوە.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٤/١١/٢٦**

**پاییزی عێراق**

بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز کـە لـە تەمـووزی سـاڵی ڕابـردوودا پێکهێـنراوە و حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت، حزبـی شـیوعیی عێـراق، دیموکراتخـوازە سـەربەخۆکان و ناسیۆنالیسـتە پێشـکەوتنخوازەکانی تێـدا بەشـدارە و داوا لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش کرابـوو بەشـداریی بەرەکـە بـکات، بەهـۆی هەڵسـوکەوتی کۆنەپەرسـتانی نێـو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـوردەوە دووبـارە شـەڕ لـە کوردسـتان دەسـتیپێکردەوە کـە ژمارەیەکـی زۆری کـورد، بـە ئەندامانـی سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـەوە، ناچارکـرد لـە سـەرکردەکانیان جودابنـەوە و حزبەکـە نوێبکەنـەوە و داوای پتەوکردنـی پێوەندییەکانـی لەگـەڵ هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی وڵاتـدا کـرد، تاکـو ببێتـە پاڵپشـتییەک بـۆ چاکسـازییە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان کـە لـە ئێسـتادا لـە کوردسـتانی عێراقـدا بەڕێوەدەچێـت.

لـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتاندا، ژیـان بـەرەوە ئاسـاییبوونەوە دەچێـت و ئاشـتەوایی گەڕاوەتـەوە کوردسـتان، دەسـتەکانی ئۆتۆنۆمـی و کۆمپانیـاکان دەسـتیان

بـــەکاری خۆیـــان کـــردووە، هاووڵاتیانـــی کوردیـــش پێشـــوازییان لـــە ئاســـاییبوونەوەی پێوەندییـــە ئابوورییـــەکان لەنێـــوان بەشـــەکانی باشـــوور و باکـــووری وڵاتـــدا کـــرد و ڕووداوەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ڕێـڕەوی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی گەلـی کـورد، خواسـتەکانی تـەواوی گەلانـی عێـراق بەدیدێنێـت، ئـەم ڕێـڕەو و ئاڕاسـتەیەش ئەمــڕۆ نــا ســبەی، هــەر ســەردەکەوێت.

**ب. ئۆریخۆف. (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا). بەغدا، تشرینی دووەم.**

**«پراڤدا» ١٩٧٤/١٢/٩**

**پشتگیریی زیاتر**

**بەغـدا، ٨ی کانوونـی یەکـەم. (تـاس).** ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش گوژمەیەکی سـەرباری بـۆ بووژانـەوەی ناوچـە کوردنشـینەکانی وڵات تەرخانکـرد کـە ٤٠ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـوو، ئـەم پشـتگیرییە داراییـە بـەدەرە لـەو بودجـە تایبەتـە سـاڵانەیەی بـۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمـی تەرخانکـراوە کـە بڕەکـەی ٥٠ ملیـۆن دینارە.

بەرنامەکـــەی بوژانـــەوەی کوردســـتانی عێـــراق کـــە حکومەتـــی عێـــراق دایڕشـــتووە، چەنـد دامەزراوەیەکـی جیـاوازی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی و ئاودێـری و جێبەجێکردنـی ژمارەیـــەک لـــە پـــڕۆژە خزمەتگوزارییـــەکان لەخۆدەگرێـــت.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٥/١/٢٥**

**گفتوگۆی پلانەکانی پەرەپێدان**

**بەغـدا، ٢٤ی کانوونـی دووەم. (تـاس).** دانیشـتنێکی دیکـەی ئەنجوومەنـی یاسـادانان لە هەولێـر سـازدرا کـە سـەنتەری ئیداریی ناوچـەی ئۆتۆنۆمییە لە عێراق، لە دانیشـتنەکەدا باس لـەو ڕێـکارە ئابـووری و کلتـووری و کۆمەڵایەتییانـە کـرا بۆ بووژانـەوەی ناوچەکـە. بڕیاریش درا هەیئەتـی کارکـردن پێکبهێنرێـت کـە سـەر بـە ئەنجوومەنـی یاسـادانان بێـت – نـۆ لێژنـە پێکهێـنرا کە ڕووپێـوی چالاکییـە جۆربەجۆرەکانـی ناوچەکە دەکات.

هاشـــم عەقـــراوی ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی تەنفیزیـــی هەرێمـــی ئۆتۆنۆمیـــی کوردســـتان، لـــەو دانیشـــتنەدا دووپاتیکـــردەوە کـــە پێویســـتە پەلـــە بکرێـــت لـــە جێبەجێکردنـی پرۆژەکانـی بووژانـەوەی کوردسـتانی عێـراق و کۆسـپ و بەربەسـتەکانی بەردەمـــمان نەهێڵیـــن.

هـــەردوو ئەنجوومەنـــی تەنفیـــزی و تەشریعـــی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمیـــی کوردســـتان، لـــە تشرینـــی یەکەمـــی ســـاڵی ڕابـــردووەوە دەســـتی بـــە کارەکانـــی کـــردووە و کارەکانیـــان بریتـــی دەبێـــت لـــە ئامادەکردنـــی بەرنامەکانـــی بووژانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریـــی کوردسـتانی عێـراق، هەروەهـا هەماهەنـگ دەبـن لەگـەڵ حکومەتـی مەرکەزیـدا. بەنـدە سـەرەکییەکانی سیسـتمی دەسـەڵاتە خۆجێییـەکان ڕەنگدانـەوەی دەبێـت لـە ‹‹یاسـای هەیکەلـی ئیداریـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان›› کـە بەمدواییـە بڵاوکراوەتـەوە. ئـــەم بەڵگەنامەیـــە، ســـنووری مافـــەکان و بەرپرســـیارێتیی ئیـــدارەی خۆجێیـــی دیـــاری دەکات و پرســـەکانی هەماهەنگیـــی چالاکییەکانیـــان لەگـــەڵ دەســـەڵاتدارانی مەرکەزیـــی کۆمـاری عێـراق ڕووندەکاتـەوە.

**«زاریا فۆستۆکا» ۱۹۷۵/۲/۱٤**

**یەکخستنی جەماوەری گەل**

**بەغـدا، ۱۳ی شـوبات،** بـە ئامادەبوونـی جێگـری ئەمینـداری گشـتیی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـتی عێـراق سـەدام حوسـێن، کۆبوونـەوەی لێژنـەی بـاڵای بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز گرێـدرا. لـە ئایندەیەکـی نزیکیشـدا ئەندامانـی لێژنەکـە گفتوگـۆ لەسـەر ڕێکارەکانـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بوژانـەوە دەکـەن لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان.

بەپێـی بڕیـاری لێژنـەی بـاڵای نیشـتمانیی پێشـکەوتنخوازی عێـراق، نوێنەرێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێکـی حزبـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و ئەندامێکـی بزووتنـەوەی پێشـکەوتنخوازی کـورد بەشـداریی لـە بەرەکـەدا دەکـەن.

**«زارۆبژۆم» ژمارە: ١٢، ١٤-١٩٧٥/٣/٢٠**

**ئێران و عێراق هەنگاودەنێن بەرەو ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکانیان**

عێـــراق و ئێـــران لەســـەر وەلانانـــی هەمـــوو ناکۆکییەکانـــی نێوانیـــان و ئاســـاییکردنەوەی پێوەندییەکانیـــان ڕێککەوتـــوون، هـــەروەک لـــە بەیاننامـــە هاوبەشـــەکەی نێوانیـــان دەردەکەوێـــت کـــە لـــە جەزائیـــری پایتەخـــت لـــە ٧ی ئـــاداردا لـــە دەرەنجامـــی دانوســـتانەکانی نێـــوان محەمـــەد ڕەزا پەهلـــەوی شـــای ئێـــران و ســـەدام حوســـێن جێگـــری ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش لـــە عێـــراق ســـەدام حوســـێن، بەڕێوەچـــوو، ئیمزاکـــرا.

هـــەردوولا لەســـەر ئـــەوە ڕێککەوتـــن کـــە ســـنووری نێـــوان ئـــەم دوو وڵاتـــە بەشـــێوەیەک دیـــاری بکرێـــت کـــە لەگـــەڵ بەرژەوەندییەکانیانـــدا بگونجێـــت و پێوەندیـــی نێـــوان هـــەردوو وڵاتـــی دراوســـێش ئاســـایی بکرێتـــەوە.

**فڕانس پرێس، پاریس**

محەمـــەد ڕەزا پەهلـــەوی شـــای ئێـــران لەکاتـــی گەڕانەوەیـــدا لـــە فڕۆکەخانـــەی تـــاران، ســـەبارەت بـــە گفتوگۆکانیـــان لەگـــەڵ ســـەدام حوســـێندا بـــە ڕۆژنامەنووســـانی ڕاگەیانـــد، ‹‹ئێمـــە دوو وڵاتـــی موســـڵمانی دراوســـێین و پێویســـتمان بـــە ئاســـاییکردنەوەی پێوەندییـــەکان و نەهێشـــتنی ناکۆکییەکانـــە کـــە ببـــووە مایـــەی پەلکێشـــکردنی هـــەردوو دەوڵەتـــی دراوســـێ بـــۆ نزیکبوونـــەوە لـــە ڕووبەڕووبوونـــەوەی یەکـــدی››. هەروەهـــا گوتیشـــی «هەمیشـــە هەماهەنگیکـــردن لـــە ڕووبەڕووبوونـــەوە چێتـــرە».

ســـەدام حوســـێنیش لـــە کۆنگرەیەکـــی ڕۆژنامەوانیـــدا لـــە توونـــس بـــۆ ڕۆژنامەوانانـــی دووپاتکـــردەوە، عێـــراق، ئـــاوی شـــەتولعەرەب لەگـــەڵ ئێرانـــدا بـــەش دەکات و لەبەرانبـــەردا حکومەتـــی ئێـــران هەمـــوو جـــۆرە هاوکارییەکیـــان بـــۆ کـــورد ڕادەگرێـــت.

**«پراڤدا» ١٩٧٥/٤/١٦**

**سەردانێکی دۆستانە**

لە ١٤ی نیسان، لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی سۆڤیەت و حکومەتی سۆڤیەت ئێوارەخوانێکیان لەسەر شەرەفی سەدام حوسێن لە کۆشکی کرملین ئامادەکرد کە هەریەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت أ.ن. کۆسیجین و هەڤاڵان أ.أ. گرۆمیکۆ، ک.ت. مازۆرۆف، ب.ن بۆنۆماریف، م.س. سۆلۆمینتسیف و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئامادەی ئێوارە خوانەکە بوون.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت أ.ن کۆسیجین لە گوتەیەکیدا بە میوانانی ڕاگەیاند، ‹›گەلانی دەوڵەتەکەی ئێمە ڕەگەزنامەی جۆراوجۆریان هەیە و بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕواننە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد، هەڤاڵانی عێراقیشمان دەزانن، حزبی شیوعیمان ئەزموونێکی زۆریان لە بنیاتنانی ناسیۆنالیستیدا لەلا کەڵەکە بووە و لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی سیاسەتی ناسیۆنالیستانەی لینیندا، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خوڵقاوە کە بۆ بوژانەوەیەکی گشتگیری تەواوی کۆمارەکانی سۆڤیەت پێویستە کە لە سەرجەم نەتەوە و کەمەنەتەوایەتییەکانی دیکەی یەکێتیی سۆڤیەت پێکهاتوون. بۆیە یەکێتیی سۆڤیەت لەلای خۆیەوە تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ ئەو سیاسەتانە هەیە کە ئامانجیان دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراسییانەیە بۆ کێشەی نەتەوەکان، نەک تەنیا بۆ زامنکردنی یەکسانیی یاسایی، بگرە بۆ یەکسانیی کردەنیی نێوان نەتەوەکانیش.

ئێمە لەو بڕوایەداین یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق بایەخێکی گرنگی هەیە لە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتی و دیموکراسییانەی کێشەی کورد و جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە لەچوارچێوەی پتەوکردنی یەکێتیی نێوان سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکان و بەشداریکردنی بەردەوامی جەماوەرە فراوانەکە ئاسانتر دەکات لە جێبەجێکردنی بەرنامە ئاشتەواییەکەی بنیاتنان کە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی عێراق بەدیدێنێت.

هـەر لـەو شـوێنەدا سـەدام حوسـێنیش گوتەیەکـی پێشـکەش کـرد و گوتـی: ‹› ... ئەمـە ڕێککـەوت نییـە کە دوای تێپەڕبوونی سـاڵێک بەسـەر ڕاگەیاندنی یاسـای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کـورد، ئـەو گرووپـەی کـە بـە تێڕوانینـی ئێمـە نوێنەرایەتیـی بزووتنـەوەی دژ بـە خواسـتە ڕەواکانـی گەلـی کـورد و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانیی دەکـرد، وا ئێسـتا تووشـی شکسـتی یەکجارەکـی هـات››.

**تاس**

**«زارۆبژۆم» ژمارە ١١،١٦-١٩٧٥/٤/١٧**

**کوردستانی عێراق بۆ ژیانێکی ئاشتەوایی دەگەڕێتەوە**

لـە هەفتـەی ڕابـردوودا، هێزەکانـی سـوپای عێـراق، تـەواوی خاکـی کوردسـتانی کۆنتڕۆڵ کـرد کـە پێشـتر گرووپـە یاخیبـووەکان تێیـدا چـالاک بـوون، گەیشـتنی ئێـران و عێـراق بـە ڕیککەوتنێـک کـە گشـت کێشـە ناکۆکەکانـی نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی دراوسـێی پـێ چارەسـەرکرا، بـەڕەی لەبـن پێـی جوداخوازانـدا دەرهێنـا. دەیـان هـەزار کەسـیش کـە چەواشـەکرابوون یاخـود ناچارکرابـوون شـەڕی چەکـداری دژی سـوپای عێـراق بکـەن، سـوودیان لـە بڕیـاری لێبـووردن وەرگـرت کـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، لـە ئـادارادا دەریکـرد بـۆ گەڕانـەوە بـۆ مـاڵ و حاڵیـان.

**یونایتد پرێس ئینتەرناشیونال، نیویۆرک:**

ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق، بڕیاری لێبووردنەکەی تا ٣٠ی نیسان درێژکردەوە، تاکو دەرفەت بە زۆرترین کەس بدرێت لە سنوورەکانی ئێرانەوە بێنەوە دیوی سنووری عێراق. لە مانگی ئاداردا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق لە بەغدا، داوای لە چەکدارانی کورد کرد چەکەکانیان ڕادەستی هێزە عێراقییەکان بکەن و لە وڵاتدا بمێننەوە، یاخود عێراق بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ئێران. سەرەتای مانگی نیسانیش دواموڵەت بوو بۆ خۆڕادەستکردنەوەکە. ئاژانسەکە ئاماژە بەوەش دەدات کە درێژکردنەوەی ماوەی لێبوردنەکە دەرفەتی بۆ ژمارەیەکی زیاتری کوردی عێراق ڕەخساند لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان.

**فرانس پرێس، پاریس:**

هێزەکانی سوپای عێراق چوونە نێو شارۆچکەی گەڵاڵە کە وەکو سەنتەری سەرکردایەتیی یاخیبووانی کورد وابوو و دانیشتوانی شارۆچکەکە بە هوتافکێشانەوە پێشوازیی هێزە حکومییەکانیان دەکرد و بە هوتافی ‹›بژی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر و حزبی بەعس و شۆڕش کە ئاشتەوایی بۆ کوردستان گەڕاندەوە›› دەکێشا. خزمەتگوزارییە ئیدارییەکان لە ناوچەی هەڵەبجە، سەید سادق، شێروان، تەوێڵە، بیارە و خورماڵ لە پارێزگای سلێمانیدا دەستیان بە کارەکانیان کردەوە. دووبارە ئاو و کارەبا گەیەنرایەوە ئەم ناوچانە و تیمە تەندروستییەکان دەستیان بە گەڕان کردەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان و دابەشکردنی خۆراک بەسەر هاوواڵاتیانی ناوچەکە. لە چیای بەمۆشدا ژیان ئاسایی بووەوە کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران، بنکەکانی پۆلیس و پاسەوانی سنوور کرانەوە.

**«التآخی» بەغدا:**

گەڕانـەوەی یاخیبووەکانـی کـورد بـۆ سـەر ژیانـی ئاسـایی خۆیـان و چاکردنـی دۆخـی ژیـان و پلانـە کتوپـڕەکان بـۆ بووژانـەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتان، (هەمـوو ئـەم بابەتانـە پرسـی گەرمـی نێـو گفتوگـۆ فراوانەکانـی ناوەنـدی ئیداریـی ئۆتۆنۆمیـی ناوچـەی کوردسـتان)-  هەولێـر بـوو.

لـە سـاڵی نوێـی داراییـدا کـە لـە یەکـی نیسـان دەسـتپێکرد، وەزارەتـی شـارەوانییەکان و ناوچــە گوندنشــینەکان، بــڕی ٢٠ ملیــۆن دیــاری بــۆ جێبەجێکردنــی پێداویســتییەکانی بووژانـەوەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی تەرخانکـرد، بەتایبەتیش بـۆ ڕێگاوبان و هۆڵەکانی سـینەما و نەخۆشـخانە و شـوێنە گەشـتیارییەکاندا تەرخـان کرابـوو. هەروەهـا وەزارەتـی ناوبـراو نزیکـەی ٣ ملیـۆن دیناریشـی بـۆ نۆژەنکردنـەوەی ناوەنـدی ئیداریـی شـاری کەرکـووک دابینکـرد. بەپێویسـتیش زانـرا لەبـن و بۆتکـەوە پێکهاتـە خێڵەکـی و دەرەبەگییەکـەی گوندەکانــی کوردســتان لــە ڕیشــە هەڵبکێشرێــن و پەلــە بکرێــت لــە جێبەجێکردنــی چاکســازیی کشــتوکاڵی لــە کوردســتان و تۆڕێکــی فراوانــی کۆمەڵــە هەرەوەزییــەکان و چەنـد کێڵگەیەکـی حکومـی دابمەزرێـت.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٥/٥/٥**

**دیمانەی مستەفا بارزانی**

تـاران. لـە دیمانەکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی ‹‹کەیهـان››ی نێودەوڵەتیـی ئێرانـدا، ڕابـەری کـوردی عێـراق مسـتەفا بارزانـی دەڵێـت: ‹‹شـەڕ لـە کوردسـتان کۆتاییپێهاتـووە و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـەوێ دەسـتپێناکەنەوە. بەردەوامبوونـی شـەڕ قوربانـی و دەردەسـەریی گەلـی کـوردی لێدەبێتـەوە›› هەروەهـا بارزانـی هیـوای خواسـت ‹‹حکومەتی عێـراق سیاسـەتێکی دادپەروەرانـە و نیازپاکانـە لـە ئاسـت کـورددا پێـڕەو بـکات››.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٥/٥/٢٤**

**خورما و نەوت و سیاسەت**

ئێسـتا ئەرکێکـی گرنگـتر لـە عێـراق سـەریهەڵداوە کـە خـۆی لـە بنبڕکردنـی کارە کەڵەکەبـووەکان لـە چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتاندا دەبینێتـەوە، ئێمـە بـاس لـەو ناوچانـە دەکەیـن کـە ماوەیەکـی زۆر لەژێـر دەسـەڵاتی کاربەدەسـتانی عێراقـدا نەبـووە. بـا ئـەوەش بیـر خۆمـان بێنینـەوە کـە عێـراق وڵاتێکـی فـرە نەتەوەیـە و بێجگـە لـە عـەرەب، نزیکـەی دوو ملیـۆن کـورد لـە ناوچەکـەدا دەژیـن و زۆربەشـیان لـە پارێـزگا شـاخاوییەکاندا کۆبوونەتـەوە.

لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ڕابـردوودا و وەک وەفایـەک بـۆ ئـەو بەڵێنانـەی پێـش چـوار سـاڵ بـە کـورد درابـوون، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، مافـی ئۆتۆنۆمیـی بـۆ گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەسـتەبەر کـرد، یاسـاکە خواسـتە سـەرەکییەکانی کـوردی عێراقـی هێنایـەدی کـە سـاڵانێکی زۆر بـوو لەپێناویـدا خەباتیـان دەکـرد. ئـەوا ئێسـتا لـە دەرەنجامـی گۆڕانکارییـە سیاسـییە گرنگەکانـی وڵات بـەرەو دیموکراتیزەکردنـی ژیانـی گشـتی دابیـن کـرا و پێدەچێـت دۆخەکـەش هێنـدە لەبـار بێـت بـۆ بەدیهێنانـی یەکێتییەکـی ڕاسـتەقینەی نیشـتمانی بـۆ گەلانـی عێـراق، بـەڵام ڕووداوەکان وەرچەرخانێکـی تراژیدییـان وەرگـرت.

دابەشـبوونێک لەنێـو سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕوویـدا، بـە

جۆرێــک کــە باڵــە ڕاســتڕەوەکەی لایەنگــری دەرەبەگایەتــی بــوون و بــە دروشــمی جودابوونــەوە لــە عێــراق، یاســاکانی عێراقیــان ڕەتکــردەوە، بــە یاســای ئۆتۆنۆمیــی کوردستانیشــەوە و هێزەکانــی خۆیــان کۆکــردەوە و ئاڵینگارییەکــی کــراوەی بــۆ دەســەڵاتداران پێکهێنــا. ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لـە چیاکانـی کوردسـتان بـۆ مـاوەی ســاڵێکی دیکــە بەردەوامبــووەوە، هەتاکــو کۆتایــی مانگــی ئــاداری ئەمســاڵ درێــژەی هەبـوو. سـەرکردە ڕاسـتڕەوەکانی نێـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وڵاتیـان بەجیهێشـت و بڕوایـان بـەو سەرکێشـییە نەمـا کـە دەسـتیان پێکردبـووەوە، چەکدارانیـان چەکەکانیـان ڕادەســتی یەکەکانــی ســوپای عێــراق کــردەوە و دەســەڵاتدارانی عێــراق لێبوردنێکــی گشــتیی بــۆ دەرکــردن کــە بــووە دەرفەتێــک بــۆ گەڕانــەوەی ئەوانــەی لــە دەرەوەی وڵاتیــش بــوون، بگەڕێنــەوە شــوێنی پێشــووی خۆیــان.

بێگومـان ئـەو ناوچـە زیـان پێگەیشـتووانەی ناوجەرگـەی شـەڕەکە بـە ئەنقەسـت لـە پرۆســەی بووژانــەوەی ئابــووری کلتووریــدا دوورخرابوونــەوە و تووشــی دەردەســەریی شــەڕ و کوشــتار ببــوون، بۆیــە ئێســتا پێویســتە لەســەرمان ئــەم ناوچــە وێرانانــە ببووژێنینــەوە و پێداویســتییەکانی ژیانیکــی ئاســایی بــۆ دابیــن بکەیــن کــە هەڵبــەت ئــەم پرۆســەیە کات و گوژمەیەکــی زۆری پێویســتە.

سـکرتێری کاتیـی لیژنەی مەرکەزیـی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی نـوێ، عەزیز عەقراوی لـە لێدوانێکیـدا پێـی ڕاگەیاندیـن: ئێسـتا هەمـوو هەلومەرجێـک لەبـارە بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان و یەکێتیـی ڕاسـتەقینەی نیشـتمانی بۆ گـەل بەدیبێنین.

ئەزموونەکانــی مێــژووش دەریانخســتووە بــە دیاریکــراوی، ئەمجــۆرە یەکێتییــە زۆر پێویســتە بــۆ عێــراق بــۆ پتەوکردنــی ســەروەری و جێبەجێکردنــی پلانــە داهێنەرانــە مەزنەکانــی، بــە ســەرکەوتوویی.

**پاڤڵ دیمشتینکۆ، أ. لۆکۆفیتش (پەیامنێری تایبەتی پراڤدا)**

**«پڕاڤدا» ١٩٧٥/٦/١٧**

بڕی ٦٠٠هەزار دیناری عێراقی لە ساڵی دارایی ئەمساڵدا بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کێشەکانی کورد تەرخانکرا و بڕیاریشە چاپخانەیەکی نوێش لە شاری هەولێر بکرێتەوە کە کتیبە عەرەبی و کوردییەکانی پرۆگرامی خوێندنی تێدا چاپبکرێت.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٥/٧/٢٣**

بەغدا. ئەمساڵ ١٧٠ کیلۆمەتری ڕێگەوبان لە پارێزگاکانی باکووری عێراق ڕاکێشراون بە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشەوە. کۆی ئەو گوژمەیەی بۆ ڕێگەوبانی پارێزگاکانی سەرتاسەری عێراق ٦ ملیۆن دیناری عێراقیی بۆ تەخانکراوە.

**«پڕاڤدا» ١٩٧٥/٩/١١**

**بەڵێندەرایەتیی بیناسازی لە عێراق**

**بەغدا، ١٠ی ئەیلوول. (تاس).** بە مەبەستی نەهێشتنی موڵکییەتی گەورەی زەویوزارەکان، چاکسازییەکانی کشتوکاڵ بە کردەنی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان جیبەجێدەکرێت.

**«زارۆبژۆم» ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٥**

**ئەو ئاشتەواییەی ساڵانێکە چیاکانی کوردستان چاوەڕێیەتی**

پاش شەڕێکی درێژخایەن لەنێوان کورد و عەرەبی برا کە ساڵانێکی زۆری خایاند، دووبارە ئاشتی لە کوردستانی عێراقدا بەرقەرابووەوە. لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا کە بەمدواییە شەڕی تێدا کرابوو، لە ئێستادا کورد و عەرەب هاوشانی یەکدی حکومەتە خۆجێیەکان پێکدێنن و کارەکانی نۆژەنکردنەوە بەیەکەوە ئەنجام دەدەن. سیاسەتی واقیعبینانە و سیاسەتی بنیاتنەرانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد، بەریگرت کە هاوکارە لە جێبەجێکردنێکی فروانتر و خێراتر بۆ گۆڕانکارییە پێشکەوتنخوازانەکان و پتەوکردنی سەربەخۆیی تەواوی وڵات.

**فالفگانگ فینگ**

**«هۆریزۆنت» ، بەرلین**

قەرەباڵغییەکـی زۆر لەسـەر سـنووری عێـراق- ئێـران لـە نزیـک گونـدی حاجـی ئۆمـەران بەدیدەکرێـت. بەدرێژایـی ڕێگەکـە کاروانـی خێزانـە کـوردەکان دەبینرێـن کـە لـە گەرمـەی شـەڕدا هەڵاتبـوون بـۆ ئێـران و ئێسـتا وا دەگەڕێنـەوە نێـو خێزانەکانـی خۆیـان.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٤/٣/١٣**

**یاسای ئۆتۆنۆمی**

**بەغـدا، ١٢ی ئـادار. (تـاس).** لەسـەر ڕێنمایـی لیژنـەی بـاڵای بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز و دانیشـتنە نائاسـاییەکەی کۆنگـرەی هەشـتی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، یاسـای ئۆتۆنۆمیـی بـۆ کوردسـتان پەسـند کـرد.

ڕێککەوتنامـەی ئـادار کـە چـوار سـاڵ لەمەوبـەر ڕاگەیەنـرا، سـنوورێک بـۆ ئـەو شـەڕە درێژخایەنـەی نێـوان کـورد و عـەرەب دادەنێـت کـە نەیارانـی ناوخـۆ و دەرەوەی عێـراق بەردەوامییـان پێـدەدا. ئـەم بەڵگەنامەیـە، مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ دوو ملیـۆن کـوردی دانیشـتووانی پارێزگاکانـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی یەکگرتـوودا دەسـتەبەر دەکات.

ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانیـش ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە لـە ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتنامەکـەوە، گۆڕانکارییەکـی زۆر لـە کوردسـتان هاتووەتـەدی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی یاسـایی چالاکییەکانـی خـۆی ئەنجـام دەدات و نوێنەرانـی کـورد بەشـێکن لـە حکومەتـی مەرکەزیـی عێـراق. لـە کوردستانیشـدا ئیدارەیەکـی خۆجێیـی هەیـە و پـڕۆژە پیشەسـازی و کشـتوکاڵییەکان جێبەجێدەکرێـن و قوتابخانـە و نەخۆشـخانەکان بنیـات دەنرێـن.

**«زاریا فۆستۆکا» ١٩٧٦/٣/١٣**

**لە بەرژەوەندیی کوردی عێراقدا**

**بەغـدا، ١٢ی ئـادار. (تـاس).** گەلانـی عێـراق یـادی دوو مێـژووی گرنـگ دەکەنـەوە: یەکێکیـان یـادی شـەش سـاڵەی ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠یـە کـە دانـی بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی نـا بـۆ کـوردی عێـراق، یادەکـەی تـر، یـادی دوو سـاڵەی دەرکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمییـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش کـە تێـدا مافـە سـەرەکییە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقـدا دووپاتکرایـەوە.

حکومەتـی عێـراق لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا نزیکـەی ٣٠٠ ملیـۆن دینـاری عێراقیـی بـۆ بوژانـەوەی ئابـووری و پەرەپێدانـی ئابووریـی هـەر سـێ پارێزگاکانـی کوردسـتان تەرخانکـرد، لـە هەولێـر و سـلێمانی و دهۆکـدا بـە کردەنـی کارگەکانـی بەرهەمهێنانـی شـەکر و چیمەنتـۆ و کارگـەی ڕسـتن و چنیـن و کارگـەی جگـەرە و کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنانـی کەرەسـتەکانی بیناسـازی کەوتنـەکار.

بڕیـاری چاکسـازیی کشـتوکاڵیش سـەرکەوتووانە لـەم ناوچەیـەی عێراقـدا بەڕێوەدەچێـت و دەسـت بەسـەر ٥٥٥ هـەزار دۆنـم زەویـی گـەورە دەرەبـەگ و موڵکدارانـدا گیـرا و دەیـان هـەزار جوتیـار بوونـە خاوەنـی پارچـە زەویـی خۆیـان، کۆمەڵـەی هـەرەوەزی و کێڵگـەی نـوێ دامـەزران. لـە سـاڵی خوێندنـی ئەمساڵیشـدا، ١٢٠ قوتابخانـەی نـوێ کراونەتـەوە و ١٥٠ بنکـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری، بـۆ پرۆسـەی خوێندنـی گـەوران دامـەزراون، بیناسـازی و دروسـتکردنی کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجێبوون لـە هەڵکشـاندایە، ڕێکارەکانـی زامنکردنـی گوزەرانێکـی ئاسـایی بـۆ هاووڵاتیانـی کـورد لەلایـەن تـەواوی هێـزە دیموکراتخوازەکانـی وڵاتـدا پشـتگیری دەکرێـن.

ڕۆژنامـەی ‹‹طريق الشعب››ی زمانحاڵی حزبی شـیوعیی عێراق گرنگیـی بەردەوامبوونی جێبەجێکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی و قووڵبوونەوە لە ناوەڕۆکەکەی و ئەنجامدانی چاکسـازیی نوێـی کۆمەڵایەتـی لە بەرژەوەندیـی جەماوەری فراوانی کارگـەران، دووپاتدەکاتەوە.

کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجوومەنی یاسادانانی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کورد، تەرخانکرابوو بۆ دەرەنجامەکانی جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵ لە سێ پارێزگاکانی کوردستاندا.

بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە جەختیـان لەسـەر گرنگیـی بزووتنـەوەی هەماهەنگیـی و پێویسـتیی فراوانکردنـەوەی تـۆڕی کێڵگـە هەرەوەزییـەکان کـردەوە کـە لـە چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتاندا تـازە دامـەزراون. بەپێـی ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییەکانیـش بێـت، لەژێـر ڕۆشـنایی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵ لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتاندا کـە لـە هاوینـی ڕابـردوودا چۆتـە واری جێبەجێکردنـەوە، یـەک ملیـۆن دۆنـم زەوی بەسـەر جوتیارانـی سـێ پاریزگاکـەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدا دابەشـکراون، هەروەهـا لـە کۆبوونەوەکـەدا بـاس لـە پرسـەکانی پەیوەسـت بـە ڕەوشـی گوزەرانـی دانیشـتوان و پێداویسـتییەکانیان کـرا.

**«پراڤدا» ١٩٧٦/٥/٢١**

**ئەرکی هەنووکەیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەغدا، ٢٠ی ئایار. (تاس):** پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و لەچوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و کارنامەی نیشتمانی و یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق، داوای بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسیی سۆشیالیست دەکات کە تێیدا نەتەوەی کورد تەواوی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەمەش بەپێی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە کۆنگرەی نوێی حزبدا پەسند کراوە.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان خەبـات دەکات لەپێنـاو پتەوکردن و پەرەسـەندنی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـەی کوردسـتان و زامنکردنـی بووژانـەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کلتـووری لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا. هەروەهـا داوای پتەوکردنـی پێوەندییـەکان دەکات لەگـەڵ سـەرجەم گەلانـدا لەسـەر بنەمـای زامنکردنـی ئاشـتەوایی و کەمکردنـەوەی گرژییـە نێودەوڵەتییـەکان و لەگـەڵ داگیـرکار و ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و پیلانگێـڕی و بلۆکە شـەڕانگێزییە سـەربازییەکاندا دەجەنگێـت و پشـتگیری لـە خەباتـی گەلـی فەلەسـتینیش دەکات لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نیشـتمانییە ڕەواکانیان و هـەر مانۆڕێکیـش ئیدانە دەکات کـە ئامانجـی بەدیهێنانی هەر شـێوە چارەسـەرییەک بێت لەسـەر حسـێبی گەلی فەلەسـتین.

هەروەهـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان داوای پەرەپێدانـی پێوەندییـەکان لەگـەڵ وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان و هێزەکانـی دژی ئیمپریالیـزم دەکات بـۆ نەهێشـتنی تێـزە شـۆڤێنییە دواکەوتـووەکان.

**«پڕاڤدا» ۱۹۷٦/٥/۹**

**کۆنگرەکە کۆتایی هات**

**بەغـدا، ۸ی ئایـار. (تـاس):** لێـرە لـە بەغـدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆنگـرەی نـۆی لەژێـر دروشـمی ‹‹لەپێنـاو قووڵکردنەوەی چاکسـازییە کۆمەڵایەتییەکان و لەپێنـاو پتەوکردن و پەرەسـەندنی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتان›› بەسـت کـە سێ ڕۆژی خایاند.

ئەندامانـی بەشـداربووی کۆنگرەکـە ئاکامـی چالاکییەکانـی حزبـی لـە مـاوەی پێـش کۆنگـرەی دوودا خسـتەڕوو و بەرنامەیەکـی سـەرباریان دیاریکـرد بـۆ چالاکـی و هەیئەتـە ئیدارییـە هەڵبژێردراوەکانیـان.

کۆنگرە، دووبارە دووپاتیکردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری لە یەکێتیی نیشتمانی گەلی عێراق دەکات سەبارەت بە پشتگیریکردنی کاربەدەستانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

بەشـداربووان ئاماژەیـان بـۆ سروشـتی هاوپەیمانیـی نێـوان حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـرد و باسـیان لـە فراوانکردنـەوەی هەماهەنگیـی لـە چوارچێـوەی بـەرەی نیشـتمانیی نەتەوەیـی پێشـکەوتنخواز کـرد لەگـەڵ تـەواوی هێـزە نیشـتمانییەکانی وڵات لەسـەر بنەمـای کارنامـەی نیشـتمانیدا.

**«زاریا فۆستۆکا» ۱۹۷۷/۳/۱۳**

**عێراق: لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانەوە**

**بەغـدا، ۱۲ی ئـادار. (تـاس):** دوێنـێ عێراقییـەکان بەبۆنـەی یـادی حـەوت سـاڵەی ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتننامـەی ئـادار ئاهەنگیـان گێـڕا کـە مافـی نەتەوەیـی کـوردی عێراقـی تێـدا زامنکـراوە، ئاهەنگەکـە بەبۆنـەی یـادی سـێ سـاڵەی دەرچوونـی یاسـای

ئۆتۆنۆمییـــەوەش بـــوو کـــە بەپێـــی بەڵگەنامەکـــەی دووەم، مافـــە نەتەوەییەکانـــی گەلـــی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـی یەکگرتـوودا چەسـپا و لەژێـر ڕۆشـنایی یاسـاکەدا دەسـەڵاتە خۆجێییـەکان و ئەنجوومەنەکانـی یاسـادانان و جێبەجێکردنـی ناوچەکـە دامەزرا.

ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتننامەکـە و دەرکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان و ڕێکارەکانی داهاتـوو بـۆ پتەوکردنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ هەرسـێ پارێزگاکـەی باکـووری عێـراق – هەولێـر، سـلێمانی ، دهـۆک- کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان لـە نەتـەوەی کـوردن، بـە ڕووداوێکـی گرنـگ نـەک لـە ژیانـی کـورد، بگـرە بـۆ تـەواوی گەلانـی عێـراق هەژماردەکرێـت و دەســتکەوتێکی مەزنــە بــۆ کۆمــاری عێــراق و سەرکەوتنێکیشــە بــۆ ســەرجەم هێــزە نیشــتمانییە پێشــکەوتنخوازەکان و حکومەتەکــەی.

لـە مـاوەی ڕابردووشـدا سـەرکردایەتیی وڵات کارێکـی مەزنـی بـۆ ئاسـاییکردنەوە و چەسـپاندنی ژیانـی ئاشـتەوایی لـە کوردسـتان ئەنجامـداوە، بـڕی ٥٠٠ ملیـۆن دینـاری بـۆ پێداویسـتییەکانی بوژانـەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کلتووریـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی تەرخانکـردووە. چەندیـن دامـەزراوەی نـوێ لـەو سـێ پارێزگایـەدا کراونەتـەوە و ٢٦٠٠ کیلۆمەتـری ڕێگەوبانیـش ڕاکێـشراون و ژمارەیـەک قوتابخانـەی نـوێ کراونەتـەوە و چەندین قوتابخانەی سـەرەتایی و دواناوەندی باخچەکانی منداڵان و داینگە و بنکەکانی تەندروسـتی و نەخۆشـخانەکانیش نۆژەنکراونەتـەوە و بنیاتـنراون، هـەزاران خێزانیـش لـە گوندەکانـەوە گوێزراونەتـەوە و لـە کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوونی هاوچەرخـدا نیشـتەجێکراون.

ئەمساڵ، سەرباری دەرماڵە حکومییەکان لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی نیشتمانیدا، بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ بووژانەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە بڕی ٢١١،٥ ملیۆن دینار دابینکردووە.

لە گوندەکانیشدا گۆڕانکاریی گەورە کراوە و دەست بەسەر پتر لە یەک ملیۆن دۆنم زەویی دەرەبەگ و موڵکدارەکاندا گیراوە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیدا بەسەر دەیان هەزار جوتیاردا دابەشکراون و بەشێکی زۆریشیان لە کۆمەڵەی هەرەوەزیی جوتیاراندا بەشدارییان کردووە، بە کۆمەڵەی هەرەوەزیی ئاژەڵانیشەوە.

ئـەو گۆڕانکارییـە پێشـکەوتنخوازانەی لە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیی کوردسـتاندا جێبەجێکراون و لـە چوارچێوەیەکـی فراوانـی کۆماری عێراقـدا پشـتگیرییان لێدەکرێت.

**«ئیزڤیستیا» ١٩٧٩/٣/٤**

ئێوارەی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لە واشنتۆن، مستەفا بارزانی بە نەخۆشیی نۆرەی دڵ، لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئاژانسە بیانییەکان دووپاتی دەکەنەوە، بارزانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا نیشتەجێ بوو، دوو ڕۆژ پێش مردنی بڕیاربوو بگەڕێتەوە تاران.

**«کردستان الحرة» حوزەیرانی ٢٠٠٢**

**مێژووی بەڵگەنامەیەک**

دکتۆرا لە زانستە مێژووییەکانی نیکۆلای فیدورۆفیتش بۆگای

لە ‹‹دۆسیەی تایبەتی ستالینەوە›› ...

بەڵگەنامەکانی بەشی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت (کۆمیسیۆنی میللی بۆ کاروباری ناوخۆ لە کۆمارە سیۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت) باس لەوە دەکەن کۆمەڵە کوردێک کە لە ساڵی ١٩٤٩وە نیشتەجێکراون و کۆی ژمارەیان دەکاتە ٤٩٩ کەس و بۆ ماوەیەکی زۆر نیشتەجێکراون و نەزانراوە ئەم کوردە لە چ گرووپ و کۆمەڵێکن و بۆچی لەگەڵ ئەو کوردەدا ڕانەگوێزران کە لە ساڵی ١٩٤٤دا ڕاگوێزرابوون. ناتوانین دەستبەجێ وەڵامی ئەم کۆمەڵە پرسیارە بدەینەوە. بەڵام لێکۆڵینەوەکە بە سەرکەوتوویی لە دۆسیەی تایبەتی ستالیندا بەئاکام گەیشت کە بەڵگەنامە هەرە بە نرخ و گرنگەکانی تێدا پارێزراوە و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەن کە لە وڵاتدا دەگوزەرێن، بە ئەوانەی پەیوەستیشن بە ڕاگوێزانی دانیشتوان لە سییەکان و پەنجاکاندا و بەڵگەنامە پێویستەکە دۆزرایەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بۆ هەڤاڵ ستالین ی. ف**

وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەتدا ڕاپۆرتێکتان لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەو کەتیبە کوردییانەی لە ساڵی ١٩٤٧دا هاتوونەتە نێو خاکمان.

لە ماوەی نێوان ١٧ بۆ ١٨ی ئایاری ١٩٤٧، مەفرەزەیەکی کورد کە لە ٤٩٩ کەس پێکهاتبوون بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی، سنووری سۆڤیەت - ئێرانیان بە چەک و تەقەمەنی و ئەسپەکانیانەوە بڕیوە کە شەڕی لەگەڵ ئێرانییەکاندا دەکرد و ئەوانیش بەدوایدا دەگەڕان، لەنێو خاکی یەکێتیی سۆڤیەتدا، مەفرەزەکە دەستگیرکران و لە چەک داماڵران. مستەفا بارزانی دەڵێت: مەفرەزەکە لە عێراق پێکهێنراوە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بە شێوازی ژیانی کۆچەریان ژیاون و لەسەر حسێبی ئێرانییەکان خۆراک و چەکیان پەیدا دەکرد. مستەفا بارزانی لەو باوەڕەدا بوو کە لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ئەو کاتەی دەستدەکەوێت کە تێیدا بحەسێتەوە.

سکرتێری لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی ئازربایجان (بەلشەفییەکان) باقرۆف، پێشنیارێکی پێشکەش حکومەتی یەکێتیی سۆڤیەت کردووە کە مەفرەزەکە لە یەکێک لە سەربازگەکانی سەر کەناراوەکانی دەریای قەزویندا دابنرێن و خۆراکی پێویستیان پێبگەیەنرێت و ئەندامانی مەفرەزەکە مەشقی سەربازییان پێبکرێت. بەپێی بڕیارێکی حکومەت، سێ سریە لەم مەفرەزەیە پێکهێنران کە سریەی تفەنگ و پاتریی موشەکهاوێژ و فەسیلی ئەندازیاران و فەسیلی گەیاندن و فەسیلی تانک بوون. وەزارەتی هێزە چەکدارەکان لە یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، بیست ئەفسەری سوپای سۆڤیەتیان بۆ مەشقپێکردنی سەربازیی ئەندامانی مەفرەزەکە دەستنیشان کرد.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک، دەرکەوت کە مستەفا بارزانی کەسێکی نەخوێندەواری سیاسییە و بەنیازبووە میرنشینێک لە هۆزە کوردییەکان پێکبهێنێت و سەرکردایەتییان بکات. بارزانیش ماوەی نیشتەجێبوونی لە یەکێتیی سۆڤیەت بە دیاردەیەکی کاتی دانا و بەهیچ شتێکەوە پابەند نییە. ئەوەی پەیوەستیشە بەو میزاجەی بارزانییەوە، باقرۆف پرسی گواستنەوەی مەفرەزە کوردییەکەی وروژاند لە شوێنێکی دووری نێو خاکی کۆماری ئازربایجانی سۆشیالیستی سۆڤیەتەوە کە سنوور بوو لەگەڵ ئێران، بگوازێتەوە نێو حکومەت.

بەپێی مەرسوومێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، لە ٩ی ئابی ١٩٤٨ بە ژمارە ٢٩٤٣-١٢١ **SS** وەزارەتی کاروباری ناوخۆی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت، مەفرەزەکە لە ناوچەی باکۆوە گوازرایەوە بۆ کۆماری ئۆزبەکستانی سۆشیالیستی سۆڤیەت، لە سەربازگەی پێشووی وەزارەتی ناوخۆ (وێستگەی فیرخنی کۆمسۆمۆلسکایا)ی هێڵی شەمەندەفەری تەشقەند و لەوێ

جێگیرکـران و لـە مەشـقە سەربازییەکانیشـیاندا هـەر بـەردەوام بـوون. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٨، لەسـەر داوای بەپەلـەی خـۆی، مسـتەفا بارزانـی پێشـوازیی لـە سـکرتێری لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی ئۆزبەکـی کـرد، هەڤـاڵ یوسـوبۆف و ناڕەزایـی خـۆی سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی کەتیبەکـە دەربـڕی و داوای ڕێکخسـتنی دیدارێکـی لەگـەڵ هەڤـاڵ سـتالین کـرد بـۆ ڕوونکردنـەوەی هەڵوێسـت و پلانەکانـی.

هەروەهـا بارزانـی، داوای لـە یوسـوبۆف کـرد، پێنـج کـەس لـە مەفرەزەکەی بـۆ خوێندن بنێرێتـە خوێندنگـەی حزبـی لـە تەشـقەند و سـەرباز و ئەفسـەرانی کەتیبەکـەش، مەشـقی فڕۆکەوانـی و تاقمـی تانـک و پسـپۆڕانی تەقەمەنییـەکان بکـەن.

لـە کۆتایـی دیدارەکەشـدا، بارزانـی گوتـی: ئەگـەر ڕێگـەم پێنەدرێـت سـەردانی مۆسـکۆ بکـەم، ئـەوا گرووپـی سـەرکردایەتیی مەفرەزەکـە، بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانـی، لەمدواییـەدا ناڕەزایـی خۆی لە ڕەوشـەکە و بەتایبەتیـش ڕەفتارەکانی مەفرەزەکـە دەربڕیوە. تێچـووی پاراسـتنی مەفرەزەکـەی بارزانـی بـۆ سـاڵی ١٩٤٩ دەگاتـە ٦٦٦٢٤٦٧ ڕۆبـڵ.

بە ڕوانین بۆ بەردەوامیی پاراستنی مەفرەزەکەی بارزانی لەم هەلومەرجەدا، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی نەخوازراو لەلایەن ئەندامانی مەفرەزەکەوە، بۆیە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە یەکێتیی سۆڤیەت وایدەبینێت چێترە مەفرەزەکە هەڵبوەشێنرێتەوە و لە کۆمەڵی بچووک بچووکدا لە ناوچەکانی ناوجەرگەی کۆماری ئۆزبەگستانی سۆشیالیستی سۆڤیەتدا سەرلەنوێ جێگیربکرێنەوە، بەجۆرێک کە هیچ کۆمەڵێکیان نەتوانێت پێوەندی بە کۆمەڵەکەی دیکەوە بکات و مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بێبەش بکرێن لە دەرفەتی پێوەندیکردن بە کوردی نیشتەجێکراو و کاریگەریی ئەوان لەسەریان. دەسەڵاتدارانی خۆجێییش ئەم کوردە لە کاری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا دابمەزرێن. لە دەستەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەگیدا سەرپەرشتیی ئیداری بکرێن، ئەم پێشنیارە لەگەڵ هەڤاڵ یوسوبۆفدا لەسەری ڕێککەوتووین. هەڤاڵ ف. م. مۆلۆتۆڤیش ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت دەربڕیوە.

**تکایە ڕەزامەندیتان**

**وەزیری کاروباری ناوخۆی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت س. کرۆغلۆف.**

ستالینیش هەموو ئەو پێشنیارانەی لە نامەکەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەتدا هاتبوو، پەسند کرد.

بە هەر حاڵ، ژیانی ئەو کوردەی کە بەشێک بوون لە مەفرەزەکەی مستەفا بارزانی، تاوەکو نیوەی دووەمی پەنجاکان، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ژیانی نیشتەجێبووەکانی دیکە نەبووە.

بەپێی بەشی دووبارە نیشتەجێکردنەوەی تایبەت کە سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆیە لە یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٣، لەنێو نیشتەجێبووە تایبەتەکاندا لە لیستە گشتییەکەدا «٤٨٠ یان ئەو کوردە دەرکراوانە بوون کە لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئازربایجانی لە ساڵی ١٩٤٩دا گوزرابوونەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی ئۆزبەگی».

بەمشێوەیە، لە ساڵی ١٩٥٣دا، لەنێو ئەو کوردەی کە لە ساڵی ١٩٤٩دا هاتبوونە یەکێتیی سۆڤیەت، تەنیا ٤٨٠ یان مابوونەوە. لە حوزەیرانی ١٩٥٦دا بڕیارێک لە لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی دەرچوو کە تایبەت بوو بە پرسی هەڵوەشاندنەوەی تۆماری ئەو هاووڵاتییە بیانییانەی، هیچ ڕەگەزنامەیەکیان نییە و ئەو بیانیانەی پێشووش کە وەرگیراون لە ڕەگەزنامەی سۆڤیەت کە لە ساڵانی نێوان ١٩٤٢- ١٩٥١دا لە نیمچە دورگەی قرم، هەرێمی کراسنۆدار، ئازربایجان، ئەرمینیا، یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییەکانی جۆرجیا، ناوچەی ڕۆستۆڤ و کەناراوەکانی دەریای ڕەشەوە هاتوون.

ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەڕێوەدەچێت، لە سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وڵاتی خۆیان. لە هاوینی ١٩٥٨دا دوای دە ساڵ لە ئاوارەبوون لە یەکێتیی سۆڤیەت، مستەفا بارزانی گەڕایەوە عێراق.

لە سەرەتای نیسانی ١٩٥٨دا ٤٥٩ کەس لە کوردی عێراق لە ئۆدیساوە گەڕانەوە بەسرە، خێزان و منداڵەکانیشیان لەگەڵدا بوو کە ژمارەیان ٣٩٤ کەس دەبوو.

**«کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا» ١٩٩١/٤/١٠**

بارزان، پێگەیەکی ڕاستەقینەی خوداپەرستییە لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، جێگەی ڕێزی لایەنگرانی چەندین ڕێکخراوی دیکەی کوردین.

مەسعود بارزانی، داوای بەڕێوەچوونی گفتوگۆیەک دەکات کە ئامانج لێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە پاش ماوەی ڕاگوزەری لە ئۆتۆنۆمی و لەوباوەڕەدایە ‹‹ئامانجی ستراتیجیی کورد، دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەتە بە خۆیان››.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ‹‹هەر کوردێکی دەیگری، بە پلەی یەک، دڵسۆزە بۆ گەل و نەتەوەکەی، ئینجا بۆ ئەو وڵاتەی تێیدا دەژێت، ئەمڕۆش کورد بەسەر پێنج پارچەدا دابەشکراوە››.

بە ڕای ئەو «سیاسەتی داگیرکار کوردستانی دابەشکردووە و بەپێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٣٠ملیۆن کوردی نێوان عێراق، ئێران، تورکیا، یەکێتیی سۆڤیەت و سووریا، لە ئێستادا نەتەوەیەکی تاڵانکراون».

مەسعود بارزانی پێیوایە، پێویستە کورد یەکەم جار «خەبات لەپێناو مافە نەتەوەییەکانیدا بکات لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین» هەتاکو دەرفەتێکی دێتەپێش بۆ بەدیهێنانی یەکێتییەکی هەرێمی و یەکخستنی گەلی کورد لەچوارچێوەی دایەلۆگکردن لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ، بەڵام نەک بە بەکارهێنانی هێز».

ئەو ئۆتۆنۆمییەی مەسعود بارزانی بۆ گەلی کورد داوای دەکات، واتە حکومەتێکی خۆجێیی کاروباری نێوخۆی ناوچە کوردنشینەکان بەڕێوەببات، سیاسەتی بەرگری و دەرەوە و دارایی و سامانە سروشتییەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بێت.

بەڵام دووپاتیدەکاتەوە کە ‹‹ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەغدا بۆ کوردی دەستەبەرکرد، شکڵی بوو و لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ڕژێمی بەغدا ٤٠٠٠ گوند و ناوچە کشتوکاڵییەکانی وێرانکردووە››.

مەسعود بارزانی داوای لە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن کرد کە لە تاراوگەدا دەژین، دیراسەی پێکهێنانی حکومەتێکی ڕاگوزەری هاوبەش بکەن. «ئەو دەوڵەتە ڕادەگەیەنین ئەگەر توانیمان داننانی چەند دەوڵەتێک بەدەستبێنین، و دەسەڵاتەکانی

ئـەم حکومەتـە هەمـوو عێـراق بگرێتـەوە. لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـدا ڕێکیدەخەیـن و بەرژەوەندییەکانـی بەرخودانـی جەماریـش لـە باشـووری وڵاتـدا (شـیعەکان) و ئـەو ناوچـە کوردییانـەش بگرێتـەوە کـە دواتـر ئـازادی دەکەیـن».

**فرانس پرێس**

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.